حکومەتی هەرێمی کوردستان – عیراق

وەزارەتی پەروەردە

لیژنەی باڵای کۆنگرەی پەروەردەیی

لەژێر دروشمی

گۆڕینی دیدی فەلسەفیمان بۆ مرۆڤ بنەمای گۆڕانکارییەکانە لە سیستەمی پەروەردەو فێرکردندا

## راپۆرتی کۆتایی

# کۆنگرەی پەروەردەیی

٢٠٠٧

حکومەتی هەرێمی کوردستان – عیراق

وەزارەتی پەروەردە

لێژنەی باڵای کۆنگرەی پەروەردەیی

لەژێر دروشمی :-

گۆڕینی دیدی فەلسەفیمان بۆ مرۆڤ بنەمای گۆڕانکارییەکانە لە سیستەمی پەروەردەو فێرکردندا.

# ڕاپۆرتی کۆتایی

# کۆنگرەی پەروەردەیی

٢٠٠٧

- ناوی پەرتووك : راپۆرتەكانی كۆنگرەی پەروەردەیی
- ئامادەكردن وسەرپەرشتی كردن: لیژنەی باڵای كۆنگرەی پەروەردەیی
- دەرهێنانی هونەری : بەشی كۆمپیوتەری
  چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە
- ساڵ : ٢٠٠٧ ز
- چاپ : چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە - هەولێر

## تێبینی:

سەرنجتان رادەکێشین بۆ ئەو راستیەی کە ئەم بەلگەنامانەی لەم کتێبەدا چاپکراون راپۆرتی لیژنەکانی ئامادەکراوی کۆنگرەن، بێگومان دوای تەواو بوونی کۆنگرەو گفت وگۆی پسپۆرانی ئامادەبوو لەکۆنگرە گۆڕینی بەرچاو بەسەر ئەم بابەتانەدا هاتووە و زۆر بابەتی تر بونەڕاسپاردەی ئەندامانی کۆنگرە کە هەندێکیان ڕەنگە لەم بەلگەنامانەدا نەبن.

## ( پێشەکی )

لە پاش ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری (١٩٩١) و لە ئەنجامی پاشەکشەی هێزەکانی دوژمن و کێشانەوەی دام و دەزگا حکومییەکان لە کوردستاندا، بۆشاییەکی کارگێڕی ئیداری ئەوتۆ پەیدابوو، کە پێویستی دەکرد گەلی کوردستان چارەیەك بۆ ئەم بارودۆخە تازەیە بدۆزێتەوە و کاروباری خۆی و دام و دەزگا حکومییەکان ڕێك بخاتەوە، هەر بۆ ئەم مەبەستەش لە ١٩٩٢/٥/٢٠ دا لە کوردستاندا بەمەبەستی دانانی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان هەڵبژاردن ئەنجام درا بۆ ئەوەی ئەم ئەنجومەنە وەکو دەزگایەکی یاسادانان بکەوێتە کارکردن و لە ڕێگەی یاسا دانانەوە کاروبارەکانی وڵات ڕێك بخات . ئەوە بوو پاش ماوەیەك ئەنجومەنی وەزیران، کە لە چەند وەزارەتێك پێکهات هاتە دامەزراندن و یەکێك لە وەزارەتەکانی یەکەم کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەزارەتی پەروەردە بوو، کە بە یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ١٩٩٢ی پەرلەمانی کوردستان هاتە دامەزراندن.

هەر لە یەکەم ڕۆژی دەست بەکاربوونی وەزارەتی پەروەردە لە کابینەی یەکەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا وەزارەت کەوتە خۆئامادەکردن بەمەبەستی خزمەتکردن و بەرەودان بەلایەنی پەروەردەیی فێرکردن لەسەرتاسەری هەرێمی کوردستاندا لە پێناو پەرەپێدان و پێشخستنی باری کەسایەتی قوتابی و خوێندکارانی کوردستان لەلایەنی جەستەیی و بیری و ڕەوشتی و دەروونییەوە. جگە لەمە وەزارەتی پەروەردە تەمەن گەورەکانیشی فەرامۆش نەکرد، بەڵکو بە هەموو توانایەوە هەلی فێربوون و پەرەپێدانی کەسایەتی بۆ ئەوانیش ڕەخساندو گرنگیەکی زۆریشی بە بواری فێرکردنی تەمەن گەورەکان و بە پرۆژەی نەهێشتن و لە ناوبردنی نەخوێندەواری دا.

له بواری نەتەوەییدا ، وەزارەت گرنگی و بایەخێکی زۆری بە پێشخستن و پەرەپێدانی زمانی نەتەوەیی (زمانی کوردی) داو، خوێندنی لە هەموو قۆناغەکاندا کرد بە کوردی، هەروەها چەند بابەتێکی تازەی خستە ناو پرۆگرامەکانی خوێندنەوە، وەکو بابەتەکانی مافی مرۆڤ و دیموکراتی و رامیاری و پەروەردەی مەدەنی کە هەموو ئەمانە بیری نەتەوەیی و هزری نیشتمانی لای قوتابیان و خوێندکاران بەهێزتر و پتەوتر دەکەن ، سەرەڕای ئەمەش وەزارەت بایەخێکی زۆری بە خوێندنی مێژووی کورد و جوگرافیای کوردستان داوە. جگە لە مانەش وەزارەت دریغی نەکردووە لە گرنگیدان بە زمانی کەمە نەتەوەکانی تری کوردستان و هەر لەم بوارەدا دەیان قوتابخانەی سەرەتایی و دواناوەندی کردووەتەوە کە خوێندن تیایاندا بە تورکمانی و سریانی و ئەرمەنییە، لەلایەکی ترەوە گرنگییەکی زۆر درا بە خوێندنی ئایینە جۆر بە جۆرەکان و ئێستا هەموو کەمە ئایینییەکانی ناو کوردستان لە خوێندنی بنەماکانی ئایینی خۆیان بێبەش نین.

وەزارەتی پەروەردە هەرێمی کوردستان هەر لە ڕۆژی دامەزراندنییەوە ئاوڕی لە باخچەکانی ساوایان داوەتەوە و هەوڵیداوە بە پێی توانا ئەم باخچانە لە ڕووی چەندییەتی و چۆنیەتیەوە پەرە پێبدات ، بۆ ئەم مەبەستەش چەندین جار پسپۆڕ و شارەزای بیانی لە بواری باخچەی ساوایاندا بانگهێشت کردووە و سوودی لە تاقیکردنەوە و ئەزموونەکانیان وەرگرتووە. بە تایبەتی لە تاقیکردنەوەکانی وڵاتانی سوید و نەرویج.

لایەنێکی تری بەرچاو لە بایەخ پێدانەکانی وەزارەت، پرۆگرامەکانی خوێندن بووە ، کە هەر زوو لە دوای ڕاپەرینەوە پاکسازیی و چاکسازییەکی باشی لە پرۆگرامی وانەکانی کۆمەڵایەتی و زماندا کردو هەرچی پەیوەندی بە ڕژێمی فاشستی بەعسەوە هەبوو لایبردو پەرتووکەکانی لێ پاك کردنەوە، تا لە پاشان بە هۆی دەستی شارەزایانی پرۆگرامەوە گۆڕانکارییەکی باشی لە زۆربەی

بابەتەکانی خوێندندا کرد و ئێستاکە ئەو پرۆگرامانە تا ڕادەیەکی چاك لەگەڵ باروذۆخی هەنوکەیی کوردستاندا گونجاون.

لە بواری دابینکردنی شۆرشی گونجاو بۆ خوێندن، حکومەتی هەرێم لە ڕێگەی وەزارەتی پەروەردە وە سەدان هەزار دۆلاری بۆ دروستکردن و نۆژەن کردنەوەی قوتابخانە و خوێندنگە و مەڵبەندەکانی تری خوێندن تەرخان کردووە و. جێگای ئاماژە پێکردنیشە کە ڕێکخراوەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان ، وەکو یونسیف و یونسکۆ ڕێکخراوە خێرخوازییەکانی بیانی لەم لایەنەوە هاوکارییەکی باشی وەزارەتی پەروەردەیان کردوە، بایەخدانی حکومەتی هەرێم و وەزارەتی پەروەردە بە دروستکردنی قوتابخانە و خوێندنگە، گەیشتە ڕادەی ئەوەی کەلە دوورترین گوندی سەر سنوورەکانی هەرێمی کوردستاندا قوتابخانە و خوێندنگە بکرێنەوە و دروست بکرێن . وەزارەتی پەروەردە لە بواری ئامادەکردن و لە چاپدانی کتێبی خوێندن هەنگاوی گەورەی ناوە و ئێستا هەموو قوتابی و خوێندکارێك بەشی تەواوی خۆی لەو پەرتووکانە وەردەگرێت و سالانە ملیۆنەها پەرتووکی خوێندن لە چاپ دەدرێن و بەسەر قوتابیاندا دابەش دەکرێن ، بۆیە دەتوانین بڵێین گرفتی نەبوون و کەمیی پەرتووکی خوێندن تا ڕادەیەکی زۆر بنبڕ کراوە، ئەوە جگە لە دابینکردنی کۆمپیوتەر بۆ زۆربەی قوتابخانە و خوێندنگەکانی هەرێم، هەر لەم بیاقەدا وەزارەت بەمەبەستی ئامادەکردنی کادیری لێهاتوو سێ پەیمانگەی لە هەر سێ پارێزگەی هەرێمدا کردەوە و قوتابی و خوێندکارانی دەرچووی قۆناغی ناوەندی لەم پەیمانگانەدا وەرگیراوە بۆ ئەوەی ببن بە مامۆستای شارەزا لە کۆمپیوتەر و بەکارهێنانەکانی، جێی ئاماژە پێکردنیشە کە هەر ئەم ساڵ و لە ڕوانگەی بایەخدان بە وانەی وەرزش و بە بزاڤی وەرزشیی لە قوتابخانە و خوێندنگەکاندا وەزارەت سێ پەیمانگای وەرزشیی لە هەر سێ پارێزگای کوردستان کردەوە بۆ

ئـــەوەی مامۆســـتای پســـپۆری لـــە وەرزشـــدا بـــۆ قوتابخانـــە و خوێندنگـــە سەرەتاییەکان دەستە بەر بکات.

وەزارەتـی پـەروەردە گرنگییـەکی زۆری بـە بەرزکردنـەوی ئاسـتی زانسـتی مامۆستایان داوە و هەردەم هەوڵدەدات کە تازەترین زانیارییـان لـە بـارەی وانـە گوتنەوە و پێشهاتە تازەکانی بواری تەکنیکی وانەگوتنەوەیان پێ ڕابگەیـەنێت، بۆ ئەم مەبەستەش بە دەیان خولی بەهێزکردن و کـۆڕو کۆبوونـەوە و سـیمیناری بـۆ مامۆسـتایان سـازداوە، سـەرەڕای بایەخـدان بـە بەرزکردنـەوەی ئاسـتی سەرپەرشـتیارانی پـەروەردەیی و پسـپۆریی، تەنانـەت دەیـان مامۆسـتا و سەرپەرشـتیاری ڕەوانـەی دەرەوە کـردووە بـۆ سـوود وەرگـرتن لـە ئـەزموونی وڵاتانی تر لە بواری پەروەردەییدا.

هەر لە بواری ڕاگەیاندن، وەزارەت چەند گۆڤار و بڵاوکراوەیەکی پـەروەردەیی دەردەکات بەمەبەستی هاندانی خامە بە بڕشتەکانی مامۆستایان بۆ ئەوەی هـزر و بیرو بۆ چوونی خۆیان لە بابەتە جۆر بە جۆرەکانی پەروەردەییدا بخەنە گـەڕ، دیارترینی ئەم بڵاوکراوانەش گۆڤاری ئاسۆی پەروەردەیی و ئاسۆی منداڵانە کـە تایبەتە بە بەرهەمی منداڵان ، ئەمە سەرەڕای ئـەوەی کـە وەزارەتـی پـەروەردە یارمەتی لە چاپدان و بڵاوکردنەوەی دەیان کتێبی مامۆستایانی داوە بە تایبەتی ئەوانەی کـە پەیوەنـدیان بـەکاری پەروەردەییـەوە هەیـە. بـەڵام سـەرەڕای ئـەو کارانـەی کـە بـاس کـراون هێشـتا شـارو شارۆچـکەو گونـدەکانی کوردسـتان پێویستیان بەدروست کردنی زیاتر لە دوو هەزار قوتابخانـەو خوێنـدنگا هەیـە تـا بتـوانین ژینگـەی پـەروەردەو فێربـوونی سـەردەم بـۆ قوتـابی و خوێنـدکارانی کوردستان دەستە بەر بکەین.

هێشتا پرۆگرامەکانی خوێندن پێویستیان بە گۆڕین هەیە بە شێوەیەك لە گەڵ پێداویستیەکانی دنیای ئەمڕۆ بگونجێت دەیـان هـەزار مامۆسـتا پێویسـتیان بـە مەشق و ڕاهێنان هەیە لە سەر شێوازی وانە وتنەوەی نـوێ چۆنیەتی بنیاتنـانی

پەیوەندیەکی دروست لە نێوان مامۆستا و قوتابی و خوێندکاران ئەزموونەکان..
سیستەمی قوتابخانەو خوێندنگەکان.

بە کورتی سەرجەم ئەڵقەکانی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن پێویستیان بە گۆڕینی ریشەیی هەیە.. ئەنجامدانی ئەم کۆنگرەیە و قسەکردن و باسکردنی ئەولایانانە شەرعیەت دانە بەو گۆڕانانەی کە لە ئایندەدا دەکرێت پێشنیار دەکەین لە لایەن شارەزایان و پسپۆرانی ناوەوەو دەرەوەی کوردستان هاوکاریمان بکەن.

لە کۆتاییدا پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە وەزارەتی پەروەردە وەکو چۆن خۆی بە بەرپرس دەزانێت لە پێگەیاندنی نەوەیەکی هۆشمەندی رۆشنبیر و خوێندەوار هەر بەم جۆرەش ئاواتە خوازە کە دایکان و باوکان بە تایبەتی و کۆمەڵگەی کوردەواری بە گشتی پشتگیری لە کارەکانی بکەن و خۆیان بە بەرپرس بزانن بەرامبەر بە پێگەیاندنی رۆڵەکانیان، چونکە وەکو گووتراوە چەپڵە بە یەك دەست لێنادرێت.

**د. دڵشاد عبدالرحمن محمد**
**وەزیری پەروەردە**

بەشی یەکەم:

## ڕێو ڕەسمی کردنەوەی کۆنگرە

کاتژمێر(١٠,٣٠)ی بەیانی بە ئامادەبوونی بەڕێزان (عومەر فتاح) جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و د(فوئاد حوسێن) نوێنەری بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان و وەزیرەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کۆنگرەی پەروەردەیی وەزارەتی پەروەردە بەڕێوەچوو. سەرەتا خوولەکێك بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان وەستان، دواتر بەڕێز (د. دڵشاد عەبدولڕەحمان مەحەمەد) وەزیری پەروەردە وتارێکی پێشکەشکرد.

سەرەتا بەخێرهاتنی جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزیرە بەڕێزەکان و نوێنەری لایەنە سیاسییەکان و پەرلەمانتارانی عیراق و کوردستان.

ئاژانسەکانی UN و تیپی زەیتوون و ڕێکخراوە نا حکومییەکان و نێودەوڵەتییەکان کردو جەختی لەسەر ئەوەش کردەوە.

بەڕێزان....... کێشەکانی پەروەردە پەیوەندییەکی ئۆرگانی بەتەواوی ژیانی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی هەیە، کێشەیەکی گشتییە کە تەواوی کۆمەڵگە دەبێت قسەی لەسەر بکات.

ئەو ڕەخنانەی ڕووبەڕووی سیستەمی پەروەردەو فێرکردن دەبنەوە هەندێکیان لەلایەن مامۆستایان و قوتابیانەوەن و بەشەکەی دیکەشیان ڕەخنەی فەلسەفی و فیکرین.

لەم کۆنگرەیە فراوانترین بوارمان ڕەخساندوە بۆ بەشداریکردن زۆرترینی ئەوانەی قسەیەکیان هەیە لەسەر پەروەردە، ئامانجی گشتی ئەم کۆنگرەیە لێکۆڵینەوەی وردی گرفت و کێشەکان و دەستنیشانکردنی هۆکارەکان و

هەوڵدان بۆ دیاریکردن چارەسەری گونجاو بۆ ئەوەی بگەینە ئامانجی کۆتایی کە چاکسازییەکی ڕیشەیی سیستەمی پەروەردەیە. ئەمەش دەقی وتارەکەیە:

## وتارێکی تۆمارکراوی دەنگ و ڕەنگی بەڕێز (نێچیرڤان بارزانی) سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان



میوانە بەڕێزەکان ...........ئەم کاتەتان باش ..........هەموو لایەك بەخێربێن

هەرچەندە حەزم دەکرد ئەمڕۆ خۆم بەشداریم لەگەڵتاندا بکردبووایە ، بەڵام لەبەرهەندێك ئەرکی گرنگی تر نەمتوانی لە گەڵتان بەشداربم .

لەهەمان کاتدا زۆرم لامەبەست بوو کە بە پەیامێك پشتگیری خۆم بۆ ئەم هەوڵە پر بایەخەی ئێوە دەرببڕم.

بەشداری کردنی ئێوەی بەڕێز ئەمڕۆ لێرە پەیامێکی تری بەهێزە بۆ پشتیوانیتان لە هەوڵە جدیەکانمان بۆ دووبارە بونیادنانەوەی وڵات و کۆمەڵگاکەمان. کۆنفرانسی لەم جۆرە وەڵامی ئێمەیە بۆ هەوڵی تێکدەرانەی

ناحەزانمان . بۆیە دڵنیاتان دەکەمەوە کە تێرۆرستان هەرچیەك بکەن ناتووانن کاروانی بەرەو پێش چوونمان ڕابووەستێنن.

بۆ ئەوەی بتووانین هەرێمەکەمان بپارێزین دەبێ هەوڵی زیاتر بدەین بۆ پەرە پێدانی تواناکانمان لە هەموو بوارێك و بەتایبەتی لە بورای هەواڵگری پێویستیمان بە پشتگیری و هاوکاری تەواوی . ڵکی خۆمان هەیە.

هەروەها هانی هەموو لایەك دەدەین کە بەشداری بکەن بۆ ئەم مەبەستە چونکە بۆ سەلامەتی و ئاسایشی هەمووانە. دەرفەتی ڕاستەقینە لەدوای ڕوخانی ڕژێم بۆمان رەخسا . لەوکاتەوە تاکو ئێستا پێشکەوتنی باشمان بەدەست هێناوە لە زۆر بواردا ، نەك تەنها لە بواری ئاسایش . ئێمە سوورین لە سەر بەدی هێنانی پێشکەوتنی زیاتر لە هەموو بوارێکدا.

گەلی ئێمە شایستەی خزمەتی زیاترو پێشکەوتنی زیاترە . ئێمە بەردەوام دەبین لە هەوڵی جدیمان بۆ ئەو مەبەستە.

بەڵام گرنگیشە بزانین و تازە خەریکین دەست بەکاری جیدی دەکەین . دەبێ ئەوەشمان لەیاد بێت کە ڕێگایەکی درێژمان لە بەردەم دایە. ڕابردووی ئێمە وەکو گەلێك پڕە لە چیرۆك و مێژووی چەوساندنەوەو دابڕان و بەش خوران و بەرخۆدان.

ئەمڕۆ ئێمە لە قۆناغی گواستنەوە داین قۆناغی پەڕینەوە لە کارەساتەکانی ڕابردوو بەرەو ئومێدەکانی ئایندە.

ئەو ئایندەی باسی دەکەین دەبێت ژیانێك بێت کە سەروەری یاسا و بنەماکانی دیموکراسی و ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ ببێتە ستانداردی کارو کردەوەکانمان . ئێمە نامانەوێت هەڵوێستەکانمان لە چوارچێوەی قسەو

دروشمدا بمێنێتەوە. ئێمە پابەندین بە مسۆگەرکردنی ئەو ژیانە لە چوارچێوەی عێراقێکی دیموکراتی فیدراڵی فرە لایەنیدا.

ئێمە دەبێت لە قاڵبی رابردوو دەربچین و هەنگاو بهاوێین بۆ ئایندەمان. خەڵکی ئێمە لە رابردوو بەتەواوی پشتیان بە حکومەت دەبەست بۆ هەموو کارێك. تا وای لێهات خەڵك پێشبینی ئەوە بکات حکومەت پێویستە سەرەکیەکانی ژیانیان بۆ دابین بکات بەخۆڕایی. ئەو کەلتورە بەگران لەسەر گەلەکەمان وەستا ئەوەش دەرئەنجامی سیاسەتی رژێمی پێشوو بوو کە جگە لە وێرانکاری و کاولکاری، پێکهاتەو شیرازەی کۆمەڵگەکەشمانی تێدا بوو. ئەو دوا ڕۆژە پڕ لە هیواو ئومێدەی کە دەمانەوێت، لە خۆیەوە نایەتە دی. دەبێ کاری بۆ بکەین. پێشتریش گوتوومانە گەورەترین سەرچاوەی ئێمە گەلەکەمانە تەنها بە ئیرادەی بەهێزی گەلەکەمان و بە سووربوونیان لەسەر داهاتوویەکی باشتر دەتوانین ئەو ئامانجە بەدی بهێنین.

حکومەت بەتەنها قەت ناتوانێ ئایندەیەکی گەش بینا بکات.

ئێمە وەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان پابەندین و بەرپرسیارێتیمان لە سەرشانە کە گەش و هەوایەکی وا بهێنێنە کایەوە تاوەکو گەلەکەمان خۆی ئەو ئایندەیە بینا بکات ئێمە کە باس لە ئایندەیەك دەکەین کە گەلی ئێمە پێویستی و شایستەیەتی، مەبەستمان ئەوەیە کە دەبێ پەرە بە تواناکانی خۆمان بدەین. پەرە پێدانی تواناکان تەنها لە ڕێگەی خوێندن و فێربوون و مەشق و ڕاهێنان دەبێت. پێویستمان بە شارەزایی و ئەزموونی خەڵکی سەرکەوتوو هەیە. زۆر شت هەیە کە دەتوانین لە خەڵکی تر فێربین. نابێ دوو دڵ بین یان شەرم بکەین لە فێربوون.

سەرکەوتن هیچ سنورێکی بو نییەو بۆ ئەو مەبەستەش نابێت هیچ بەربەستێك لە بەردەممان بمێنێت.

لە دوای سالآنێکی زۆری دابران لە جیهان ، ئەمرۆ پێویستە خەڵکی ئێمە زیاتر لە گەڵ جیهانی دەرەوە ببەسترێنەوە.

دەبێت خەڵکی ئێمە دەرفەتی ئەوەیان هەبێت کە بچنە دەرەوە و سەردانی ولآتان بکەن و فێربن. هەروەها پێویستە لە سەرمان پسپۆر و شارەزایان لە ولآتی تر بهێنین بۆ ئەوەی لەگەڵمان بن لە کارکردنمان . لێ یان فێربین و مەشقمان پێ بدەن و تواناکانمان بەهێزتربکەن.

پێویستە زۆر جدی بین لە سەر ئەو بەرنامەیە و دەبوایە پێشتر دەستمان بەو بەرنامەیە بکردبووایە . ئێمە رابردوو و ئێستامان بەهۆی چەك و خەبات و قوربانی دان مسۆگەر کردووە، بەلآم دەستەبەرکردنی دوارۆژێکی باشتر و گەشتر تەنها بەچەك نابێت.

دەتوانین کاربکەین بۆ ئەو دوا رۆژە بە بیناکردنی تواناکانمان و بەهێز کردنی سیستەمی کارکردنمان. ئەوەش لە رێگەی پەروەردە و فێرکردن دەبێت. هەر بۆیەش دەڵێم پەروەردە کلیلی سەرکەوتنمانە بۆ ئایندە. پەروەردە ئەو چەکە یە بە دەستمانەوە کە دەتوانین ئایندەی پێ مسۆگەر بکەین و بیپارێزین .

پێویستە لە سەرمان ئامادەو کراوەبین بۆ فێربوون. لە رۆژ هەلآت و رۆژ ئاواش فێرببین.

جیهانی ئەمرۆ زۆری هەیە کە پێشکەشمانی بکات بۆ فێربوون . شەرم کردن لە فێربوون لە هەر بەشێکی جیهان لە دەست دانی دەرفەتێکە بۆ بەدی هێنانی ئەو ئامانجانەی کە خەباتی بۆ دەکەین. بە پێویستی دەزانم لەم کۆنفرانسە بەرنامەیەکی تایبەتی فێرکردن بگرنە ئەستۆ.

لەو بەرنامەیەدا جەخت بکەنەوە لەسەر پێویستی هەوڵدان بۆ زانیاری وەرگرتن بە شێوەیەکی بەرفراوان لە سەرانسەری جیهاندا . پێویستە پرۆگرامی پەروەردە زۆر بەئاشکرا تێروانینی حکومەت پێشان بدا کە بریتی یە لەم سیاسەتە :

نابێ هیچ کۆمەڵگایەکمان هەبێت کە خانەوادەیەکی نە خوێندەواری تێدابێت وە نابێ هیچ خێزانێکیش هەبێت تاکە کەسێکی نەخوێندەواری تێدابێت.

پەروەردە شێوازێکی بنەرەتیە بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و چاکسازی لە ناو کۆمەڵدا. لە رێگەی پەروەردەوە، کۆمەڵگا دەتوانێ مەبەستی خۆی دیاربکات و سەرچاوەکانی خۆی رێك بخات. بەم شێوەیە دەتوانێ بەروونی بەرنامەی خۆی دابرێژێت بەو ئاراستەی کە مەبەستیەتی.

گەلی ئێمەش جیاواز نییە لە گەلانی جیهان، چ لە رۆژئاوا یان رۆژهەلات. هەر بۆیەشە حکومەتی هەرێمی کوردستان بایەخی تەواو بە پەروەردە دەدات. جۆری فێرکردن و سیستەمی پەروەردە زۆر گرنگە بۆ هەموو لایەك ، گەورە و بچووك ، کورو کچ . بۆ باشترکردنی جۆری ژیان هیچ شتێك گرنگ ترنییە لە بوونی سیستەمێکی پەروەردەی سەردەمیانەی ئاست بەرز.

ئاستی پەروەردە راستەوخۆ بەستراوە بەگەشە سەندنی ئابووری و کۆمەلایەتییەوە. ناتوانین ئازادی و خۆش گوزەرانی راستەقینەمان هەبێت تاکو سیستەمیکی پەروەردەی باش و کاریگەرمان نەبێت لەسەر تاسەری هەرێمەکەمان. لەوانەیە ئێستا ئازاد بین لە چەوسانەوە .بەلام ناتوانین بەتەواوی ئازاد بین تا بەتەواوی فێرنەبین. هەریەك لە ئێمە دەتوانین رۆڵ بگێرین لە بواری

پەروەردە: حکومەت، کەرتی تایبەت ، دایك وباوك ، مامۆستاو فێرکار، قوتابی و خوێندکار.

ئەگەر بمانەوێت سەرکەوتوبین لەم هەوڵەدا، دەبێ ئەرك و لێپرسراوێتی سەرشانمان بە جێ بهێنین.

لێرەدا پێشنیاری ئەو خالانە دەکەم وەکو سیاسەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بواری پەروەردەو فێرکردن کە خۆی لە شەش تەوەردا دەگرێتەوە:

**یەکەم :** ئێمە پێویستمان بە قوتابخانەی زیاتر و باشتر هەیە.

کەش و هەوای فێربوون زۆر گرنگە بۆ پرۆسەی پەروەردە . پێویستە قوتابخانەی نموونەیی دروست بکەین. دەبێ هەوڵ بدەین پێویستیەکانی ناو قوتابخانەو خوێندنگاکان دابین بکەین . دەبێ هەوڵ بدەین قوتابخانەکانی ئێستاش لە ئاستێکی باش ڕابگرین لە رووی ئیدامە کردن و دابین کردنی پێویستیەکانیان. بۆ ئەم مەبەستەش پێویستیمان بە بودجەی زیاتر تاکو بتوانین پێویستییەکانی قوتابخانەکان دابین بکەین.

**دووەم:** پێویستە بە شێوازی فێرکردنماندا بچینەوە. دەبێ ڕاستگۆ بین لە گەڵ خۆمان . خەڵکی ئێمە لەکەش و هەوای ترو لە شوێنی تر باشترین شت فێربووینە . پێویستە لە سەرمان هەوڵ بدەین ئەو جۆرە ژینگەیە لە ناو وڵاتی خۆمان بهێنینە کایەوە بەداخەوە شێوازی فێرکردن و سیستەمی پەروەردەمان لێرە، زیاتر لە شێوازی ڕێنمایی سەربازییە وکەمتر جەخت لەسەر تواناکان دەکات بۆ پەرەپێدانی بیرکردنەوە و داهێنان.

پێویستە کاربکەین بۆ گۆرینی شێوازی وانە گوتنەوە لە ناو پۆلەکان و پرۆسەی فێرکردن بە گشتی، بە شێوەیەك کە دەرفەت بدات بە خوێندکار و

قوتابیان زیاتر متمانەیان بە خۆیان بێت ، وەکوگروپ کاربکەن و لە گفتگۆکانـدا بەشـداربن. پێویسـتە هـەوڵ بـدرێت زیـاتر شـارەزایی پەیـدا بکـەن دەربـارەی زانستەکان، ماتماتیك، هونەرو تەکنەلۆژیای زانیاری.

ئەو جیهانەی تێیدا دەژین لە گۆڕانی خێرادایە، ئێمـەش پێویسـتە سیسـتەمی پەروەردەمان لەسەر ئەو بنەمایە بگۆڕین.

**سـێ یـەم :** سیسـتەمی پـەروەردەییمان بەئەنـدازەی هـەوڵی مامۆسـتایان و بەڕێوەبەران باش دەبێت کـە سیسـتەمەکە بەڕێوەدەبـەن. ئێمـە لـەو ماوەیـەی رابردوو بە شێوەیەکی بەرچاو موچەی مامۆسـتایانمان زیـاد کـرد. پێویسـتە لـە سـەر مامۆسـتایان زیـاتر خۆیـان مانـدوو بکـەن بـۆ نـوێ کردنـەوەی شـێوازی چالاکیان بۆ پەرەپێدانی بەهرە پەروەردەییەکانیان.

پێویسـتە لەسـەر حکومـەت دەرفـەتی پێویسـتیان بـۆ دابـین بکـات بـۆ ئـەو مەبەستە. ئەویش لە رێگەی بەرنامەی راهێنان لەسەر ئینتـەرنێت و تـەواوکردنی خوێندن لە دەرەوە و هێنانی شارەزای جیهانی لە بواری پەروەردە بۆهەرێم .

**چوارەم :** پێویستە هەوڵی جیدی بدەین بۆ بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیاو شێوازی هاوچەرخ لە سیسـتەمی پـەروەردەییمان. تـەکنۆلۆژیای و شـارەزایی لـە بـواری بـەکارهێنانی زانیـاری مـەرجی سـەرکەوتنە لـە بـواری پـەروەدەدا . پێویسـتە شـێوازی تـازە بدۆزینـەوە بـۆ دابـین کردنـی بنـەما سـەرەکیەکانی راهێنـانی تەکنۆلۆژیای زانیاری لە هەموو قوتابخانەکان بەبێ جیاوازی .

**پێنجـەم:** پێویسـتە کـار بکـەین بـۆ ئـەوەی هـەنگاوەکانمان تـەواو کـەری هەوڵەکانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بێت لە بواری پەروەردەدا . ئەمڕۆ ئینتەرنێت بوارێکی زۆر گەورەمان بۆ دەرەخسێنێت کە بچینە ناو تۆڕێکی زۆر فراوانـی سەرچاوەی حکومی و نـاحکومی بـۆ باشـتر کردنـی سیسـتەمی پـەروەردەمان .

بەرنامەی فێرکردن و ڕاهێنان و سیمینار و توێژینەوەی زۆر لە سەر ئەم بابەتانە هەن کە ئەزموونی چەندین وڵات و کۆمەڵگای تێدایە.

من دڵنیام پرۆگرامی زۆر هەیە تایبەت بە بواری پەروەردە لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکان و بانکی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوی تری جیهانی . بۆیە لێرەدا داوا لە وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی خوێندنی باڵا دەکەم نوسینگەیەکی تایبەت بە بەرنامەی نێودەوڵەتی دابمەزرێنن. ئەرکی سەرەکی ئەو نوسینگەیە گەڕان بێت بەدوای ئەو سەرچاوە نێودەوڵەتیانە بۆ ئەوەی بە باشترین شێوە سوودیان لێ وەربگرین لە هەرێمی کوردستان.

**شەشەم :** بواری باش هەیە لە بەردەم کەرتی تایبەت کە ڕۆڵی خۆی بگێڕێت لەم قۆناغەدا . کەس هێندەی کەرتی تایبەت سوود مەند نابێت لە باشتر کردنی سیستەمی پەروەردەییمان. وەبەرهێنەر و کۆمپانیاکان لە کەرتی تایبەت پێویستیان بە کارمەندی لێهاتوو شارەزایە ، بۆیە ئێمەش دەمانەوێت سیستەمی پەروەردەمان بەشێوەیەك بەرەو پێش ببەین کە ئەوە لە دوای ئەوە بە باشترین شێوە پەروەردە و فێربکرێن.

هەربۆیەش پێویستە کەرتی تایبەتیش بەئەرکی سەرشانی خۆی هەڵبستێت بە وەبەرهێنان لەم بوارە بۆ پشگیری کردنی ئەو بەرنامەیەمان . لە هەرێمەکەماندا بەشداری دەستەو کۆمپانیاکان بەوشێوەیە بەهێز نەبووە لە هاوکاری کردنی ئەو جۆرە بەرنامانە. بۆیە داوا لە وەزارەتی دارایی دەکەم بۆ ئەوەی بزانن بەچ شێوەیەك دەتوانین هانی چالاکییکە بازرگانیەکان بدەین بۆ ئەوەی یارمەتیمان بدەن بۆ باشتر کردنی قوتابخانەکانمان ئەویش لە ڕێگەی بەخشینی کەل و پەل و هۆیەکانی فێرکردن.

حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر بە جیدی پشتگیری ئەو جۆرە هەوڵانە دەکات لە لایەن کەرتی تایبەتەوە بۆ دروست کردنی قوتابخانە کە ئەمڕۆ بۆتە پێویستیەکی گەورە و بەپەلە . دیارە پێشتریش لە عێراق قوتابخانەی تایبەت هەبوون . خەڵکێکی زۆر دەرچووی ئەو قوتابخانەن و ڕۆڵی بەرچاو دەگێرن لە ژیانی سیاسی ولاتەکەیان. بۆیە ئەمرۆش ئەو دەرفەتە کراوەیە بۆ کەرتی تایبەت بۆ پێشکەش کردنی خزمەت گوزاری پەروەردەیی بۆ مسۆگەرکردنی فێرکردنی باش.

بەلاَم لە هەمان کاتدا سووربوونی خۆمان دووپات دەکەینەوە بۆ باشتر کردنی سیستەمی پەروەردەی حکومی و دەبێ هەموو لایەکمان هەوڵی بۆ بدەین. ئێمە دەزانین ئەو بەرنامەیە کاری زۆری دەوێت . بەلاَم ئێمە جدین کە هەنگاوی پراکتیکی بهاوێین. پێویستە لەسەر حکومەتی هەرێم سەرچاوەی دارایی پێویست مسۆگەر بکات بۆ دروستکردنی قوتابخانەو تازەکردنەوەی پرۆگرامی خوێندن و پرکردنەوەی کەم و کوریەکان و ئەنجامدانی خولی راهێنان و دابین کردنی مووچەی شایستە بۆ مامۆستایان.

هەروەها پێویستە لەسەر دایك وباوك لە ناو خێزان بایەخی زیاتر بە فێرکردنی منداڵەکانیان بدەن، و ئەمە بکەن بە یەکێك لە ئەرکە هەرە سەرەکیەکانی خێزان. چونکە منداڵەکانمان سەرکردەکانی دوارۆژن . پێویستە مامۆستایان دەست پێشخەری بکەن بۆ هەوڵدان بۆ نوێ کردنەوەی شێوازی وانە گوتنەوەو فێرکردن و مامەڵەکردنیان لەگەڵ قوتابیان و خوێندکاران. پێویستە زانکۆ و پەیمانگاکان کاری پێویست بکەن بۆ دابین کردنی دەرفەتی ڕاهێنان ، پێویستە لەسەر سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی و مامۆستا و شارەزایان بە وردی بە سیستەمی پەروەردە بچنەوە و بزانن کەم و کورتیەکان لە کوێن. ئایا سێ

کوچکەی مامۆستا و قوتابی و پرۆگرام بە شێوەیەکی تەواو دامەزراوە؟ هەریەك لەو سێ لایەنە سەرەکیە بایەخی خۆی هەیە لە پرۆسەکە.

دەبێ پرۆگرامەکان ڕەنگدانەوەی ژیانی ئەمڕۆ و پێشکەوتنی جیهان بێت. بابەتەکان بە شێوەیەك بریاری لێ بدرێت کە رۆڵەکانمان لە دوای تەواوکردنی خوێندن هەمان ئاستی فێربوونیان هەبێت لەگەڵ وڵاتە پێشکەوتووەکانی جیهان. پێویستە لەسەر بەڕێوەبەرانی سیستەمی پەروەردە زۆر داهێنەرانە بیر بکەنەوە و ڕوو لە ئایندە بن لە تێڕوانینیان.

پێویستە هەوڵی جیدی بدەن بۆ دۆزینەوەی ڕێگەی باشتر بۆ مسۆگەر کردنی سەرچاوەی مرۆیی و دارایی بۆ دارشتنی نەخشەو پلانی پەروەردە بۆ ئایندە.

دیسانەوە پێویستە کەرتی تایبەت هاوکار و هاوبەشمان بێت لەم پرۆسەیەدا.

چونکە پەرەپێدانی سەرچاوەی مرۆیی و باشتر کردنی سیستەمی فێرکردن قازانجی بۆ تەواوی کۆمەڵگا و وڵات دەگەڕێتەوە و ئێمەش هەموو سوود مەند دەبین لە سەرکەوتنی ئەو پرۆسەیە. لە هەموو گرنگتر ئەوەیە خوێندکارو قوتابیەکانمان زۆر بەجیدی بیر لەو مەسەلەیە بکەنەوە.

دەبێ بە باشی تێ بگەن کە ئایندەی خۆیان و خانەوادەکانیان بەندە بەسەرکەوتنیان لە پرۆسەی خوێندن و فێربوون. بۆیە پێویستە شێوازی سەردەمیانە پەیڕەو بکەن وکاتی پێویست تەرخان بکەن بۆ خوێندن و فێربوون. بیناکردنی ئایندەیەکی گەش و ئاسوودە، کات و هەوڵ و سەرچاوەی زۆری دەوێت. بەبێ کارو ماندووبوون ئەم ئامانجە بەدی نایەت. لەوەتەی ١٩٩٢ حکومەتی هەرێم سەدەها قوتابخانەی دروستکردووە لە سەرەتاسەری کوردستان. بەپێی توانا خولی ڕاهێنانی کردۆتەوە بۆ پەرەپێدانی توانای مامۆستاکان.

بەلاّم ئەو هەولاّنە پچڕ پچڕ بوون و پێکەوە گرێدار و نەبوون لە چوارچێوەی ستراتیژیەت و سیاسەتی پەروەردەییمان . بۆیە لێرەدا بە پێویستی دەزانم کە بتوانین ئەو سیاسەتە پەروەردەییە دابڕێژین کە هەموو فاکتەر سەرەکییەکان رەچاو بکات. ئەویش بە بەرزکردنەوەی ئاستی سیستەمی پەروەردە و باشتر کردنی جۆری خوێندن و دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بۆ کێشە بنەڕەتیەکان.
حەز دەکەم لێرەدا هەموو لایەک دڵنیا بکەمەوە کەرتی پەروەردە جێگەی بایەخی تەواوی ئێمەیە . بە هەموو شێوەیەك ئامادەین کە پشتگیری لەو بوارە گرنگە بکەین.

حکومەتی هەرێم درێغی ناکات لەم ڕووەوە . هەر بۆیەشە هەوڵ دەدەین سەرچاوەی دارایی تەواومان هەبێت لە هەرێم تاکو بتوانین وەکو پێویست بایەخ بەو کەرتە گرنگانە بدەین .سیستەمی پەروەردەی باش واتە مسۆگەر کردنی ئاییندەیەکی باش. دەبێ جەخت لەسەر پەرەپێدانی تواناکانی ناوخۆمان بکەینەوە بۆ ئەوەی بتوانین هاوکار و کاریگەر بین لە دابین کردنی ئاسایشی ئابوری و کۆمەلاّیەتیمان . دەمانەوێت بەرهەممان زیاد بکەین بە بەراورد لە گەڵ خۆماندووکردنمان . ئەم کارە هەوڵی هەرەوەزی دەوێت . دەبێ بە یەکەوە بین لەو بەرنامەیەدا .

بۆیە لێرەدا سوپاسی وەزیری پەروەردە کاك دڵشاد عبد لرحمن و تەواوی کارمەندانی وەزارەتی پەروەردە و یەکە یەکەی رێکخەرانی ئەو کۆنفرانسە دەکەم. هیوادارم بتوانن بە گیانێکی سەردەمیانە مامەڵە لەگەڵ ئەو بابەتە بکەن.

نابێ دلگران بین کە ڕاستیەکان دەدرکێنین . ئامانجی ئێمە لەو ڕەخنە لە خۆگرتنە بونیاد نانە . بۆیە دەبێ سوود لەو دەرفەتە وەربگرین بۆ دارشتنی

سیاسەتێکی پەروەردەیی واقیعی کە ڕەنگدانەوەی تێکڕایی سیاسەت و ئاواتی حکومەتی هەرێم بێت.

لێرەدا داوای هەماهەنگی و هاوکاری تەواوی نێوان ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و لێژنەی پەروەردە لە پەرلەمانی کوردستان و وەزارەتە پەیوەندیدرەکان دەکەم بۆ زیاتر بایەخ دان بە پرۆسەی گۆڕینی سیستەمی پەروەردە و فێرکردن لە هەرێمی کوردستان . دووبارە دەست خۆشیتان لێ دەکەم . سوپاسی هەموو لایەکتان دەکەم . ئومێدی سەرکەوتن بۆ کۆنفرانسەکەتان دەخوازم.

هیوادارم لێرە بەدواوە راسپاردەو بڕیارەکان بکەونە قۆناغی پڕاکتیزەکردن و جێ بە جێ کردن

هەرشادو سەرکەوتووبن و هەموو لایەك بەخێربێن .

**زۆر سوپاس**

## وتاری بەڕێز (عومەر فەتاح) جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران

زۆر خۆشحاڵم ئەمڕۆ لە کۆنفرانسێکی ئاوا گرنگ بەشدارم لە گەڵتان کە




تایبەت بە گۆڕینی سیستەمی پەروەردە لە کوردستان دیارە ئەم کۆنفرانسە بە ماندووبوونی پسپۆران و شارەزایانی پەروەردەو هەڤاڵانی دیکە هاتۆتە کایەوە ئەم کارەیان ئەنجامداوە وە تێیدا ڕاپۆرتی باش و پێشنیاری باش پێشکەش بکەن.

من ئەمە بە بەشێکی گرنگ دەزانم بۆ گۆڕینی سیستەمی پەروەردە . دیارە ئێمە لە کوردستان بڕیارمان داوە و بەبڕیاری سەرکردایەتی سیاسی دەبێت پیادەی ڕژێمێکی فیدراڵی بکەین لەم وڵاتە، بەلاَم ڕژێمی دیموکڕاتی پێویستی بەوە هەیە کە کۆمەڵگە ئەساليبی دیموکراتی پیادەیکات کە بە داخەوە ئێمە میراتگری نیزامەکانی پێشووین کە نیزامی دیکتاتۆری فاشی و خۆسەپێنەرو سەربازین و هیچ جۆرە سیستەمێکی دیموکڕاتی تێدا پیادە نەکراوە ، لەبەر ئەوە گۆڕانی بنەڕەتی بکرێت بۆ ئەوەی بتوانین ڕژێمێکی دیموکراتی لەم وڵاتە پیادە بکەین.

فێرکردن و پەروەردە ئەو مرۆڤانە ئامادە دەکات کە بتوانن بەشداری بکەن لەو پرۆسەیەدا کە ئەوەش شتێکی گرنگ و بنەڕەتییە ، چونکە ئێمە ئەو فێرخوازانە بە زانستی نوێ و بە مومارەسەی کاری دیموکڕاتی پەروەردە

دەکەین، بەپێی تێگەیشتنی دیموکراتی ئەوانە دەتوانن دەوری کاریگەر بگێڕن لە گۆڕینی کۆمەڵگەکە بۆ کۆمەڵگەیەکی دیموکراتی.

دیارە بەڕاستی بۆ کوردستان پێویستیمان بە هەموو سیستەمەکانە، سیستەمی کارگێڕیمان سیستەمی حکومەتێکی کۆنە کە هەم سیستەمەکە کۆنەو هیچ گەشەکردنێکی بەخۆیەوە نەدیوە، وە نازانێت چۆن مامەڵە بکات و کاروبارەکان بەڕێوە ببات لە ماوەی ئەم چەند ساڵەدا پسپۆران و شارەزایان بەهۆی دۆستان و ڕێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان چەندین خول بۆ کادیرانی ئیداری بکەین بە شێوەیەکی هاوچەرخ بەلام بەراستی لە بنەڕەتدا نیزامە ئیدارییەکەمان نیزامێکی کۆنە کە لەگەڵ سیستەمی عەولەمەو ئێستا ناگونجێت.

تاکو ئێستا لە سیستەمە ئیدارییەکان پەیڕەوی ئەمە دەکرێت کە پێویستی بەگۆڕین هەیەو دەبێ ئەو گۆڕینە لە پەروەردە بکرێت کە ئێمە لە ڕژێمێکی دیموکراتی دەمانەوێت ئازادییەکان بۆ خەڵك بێت و مومارەسەی دیموکراتی بکەین و خوێندکارەکان فێری ئەم مومارەسەیە بکەین و داخوازی گۆڕان بکەین لە هەموو دامودەزگایەکان.

بەڕاستی هەموو دەزگایەکان پێویستیان بە گۆڕان هەیە ، دەزگای تەندروستیمان دەزگایەکی دواکەوتووە ساڵانی چل و پەنجایەکان لەم ناوچەیە هاتۆتە کایەوە ئەگەر چی پارەیەکی باش و دکتۆر و پسپۆری باشمان هەیە بەلام لەبەر ئەوەی سیستەمەکە سیستەمێك نییە لەگەڵ چەرخی ئێستادا بگونجێت لەبەر ئەوە دەبینین نەمانتوانیووە بە باشی تەندروستییەکان پێشکەش بکەین و هەمیشە دکتۆرەکانمان ئەوانەی کە لێهاتوو و دڵسۆزن و زۆریش خۆیان هیلاك کردووە و بوون بە جێگەی دڵخۆشی خەڵك بەرامبەر ئەم

هەموو خزمەت گوزارییانەی پێشکەش دەکەن نەخەڵك لێمان رازییە نە ئێمەش لە دەزگاکانی خۆمان رازیین نە ئەرك و ماندووبوونی دکتۆرو کارمەند ئەوانەش جێبەجێ کراوە.

جگە لەوە دەزگای بیناسازی و ئاوەدانکردنەوە هەمووی پێویستی بە گۆرین ، سیستەمی ئابووریمان دیارە ئەمە بەبڕیار گۆڕاوە و کردوومانە بە کەرتی تایبەت بەلاّم بەڕاست نە مومارەسەی ئەم سیستەمەمان هەیە نە خەڵکی شارەزامان لەو بوارەدا هەیەو نە ئەتوانین بەباشی جێبەجێی بکەین بۆیە هەر گیروگرفتێك دێتە پێشمان داوای شارەزایی خەڵك دەکەین شێوازی پێشوومان پێ دەڵێن لەبەر ئەوە بەراستی کە دەڵێن گۆرین لە سیستەمی ئابوورییدا دەبێ لە فێرکردن و خوێندنی بالاّ بخوێندرێت بۆ ئەوەی ببن بە عامیلی سەرکەوتنی ئەم سیستەمە .

دیارە ئێمە ولاّتێکی کشتوکاڵین لەرووی کشتوکاڵییەوە سەروەت و سامانێکی باشمان هەیە بەلاّم دیارە خۆتان دەزانن ئەم بنەمایە وێران کراوە لە سەردەمی ڕژێمەکانی پێشوو و ئەوە پێویستی بەچارەسەرکردن هەیە کە دەبێ لە سەرەتاوە دەست پێ بکەین و هەروەها دەبێ پلان دابنێین چۆن گوندەکانمان ئاوەدان بکەینەوە و چۆن کشتوکاڵمان بەشێوەیەك بێت لە گەڵ سەردەم بێت و بەرهەمەکەی مونافەسەی بازاری دونیای پێ بکات.

بۆیە دەبێ لەپەیڕەوێکی نوێوە دەست پێ بکەینەوە ئەگەر ئێمە پەروەردەمان بەشێوەیەك بێت مرۆڤەکانمان باش پەروەردە بکات ئەمانە کاریگەرییان هەبێت لەسەر گۆڕانکاری هەموو ئەم دامودەزگایانەو ولاّتەکەمان بەرەو ئاقاری پێشکەوتن بچێت.

ئومێدەوارم وەکو چۆن خۆتان ماندوو کردووە بەو زانیارییانەی کە هەتانەو بە ئەزموونی گەلان و لەرووی پەروەردەییەوە کە لەم کۆنفرانسە بتوانین گۆڕانی بنەڕەتی لە پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن بکەین، تاکو بتوانین وڵاتەکەمان پێش بخەین.

لە سیستەمی نوێدا دەبێ خوێندنگاکان شوێنێکی خۆش بن بۆ مامۆستاو قوتابییان شوێنێك بێت خەڵك تەشویق بکرێت، قوتابخانە بە شێوازێك نەبێت خەڵك وابزانێت بە زۆرەو ناموڕتاح بێت و بەناڕەحەتی ببرێتە قوتابخانە بەڵکو دەبێت بە شێوەیەك بێت لە قوتابخانەکانماندا خوێندکار حەزی لە خوێندن بێت. جگە لەوە کوردستان لە نەهێشتنی نەخوێندەواری خاڵی بکەین بۆ پەروەردە و فێرکردن دەبێ سوود لەو پێشکەوتنە گەورانەی دونیا ببینن.

هەروەها بۆ بواری مێژوو، ئێمە لە مێژوو هەم رابردووی خۆمان دەزانین و هەمیش سوود لە کەم وکوورییەکانی ڕابردوو وەردەگرین بۆ ئەوەی بتوانین بەرەوپێشەوە برۆین.

ئێوەش ئەرکێکی زۆر پیرۆز پێشکەش دەکەن لەم سەردەمە بەرەو پێشەوە برۆن.

دووبارە ئومێدی سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم .....

# وتاری بەرێز جەنابی وەزیری پەروەردە




لە سەرەتادا دەمەوێت بەخێر هاتنی گەرمی بەرێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرێز کاك (عومەر فەتاح) ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و نوێنەری لایەنە سیاسییەکان. وەزیرە بەرێزەکان، پارێزگارەکان،پەرلەمانتارانی عێراق وکوردستان سەرجەم میوانانی ئازیز بە تایبەت ئەوانەی لە ئەوروپاو لە شارەکانی دیکەی عێراق وکوردستانەوە هاتوون بکەم. هەروەها دەمەوێت بە خێرهاتن و سوپاسی هاوکارانمان بکەم لە ئاژانسەکانی تایبەت بە یونسێف، یونسکو، تیپی زەیتون،کوێکا،سیمیك نوێنەری سەفارەتی ئەمریکا و بەریتانیا و گشت ڕێکخراوە ناحکومییەکان و کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان. ئامادە بوونتان لێرە دڵنیامان دەکاتەوە و باوەڕی زیاترمان پێدە بەخشێ لە بەڵێنی بەدەوامبوونی پەیوەندی و پشتیوانیکردنمان بۆ پیشخستنی بواری پەروەردە لە حکومەتی هەرێمی کورستان......

بەریزان....کێشەکانی پەروەردە پەیوەندییەکی ئەندامی (ئۆرگانی) بە تەواوی ژیانی کۆمەلأیەتی و فەرهەنگی ئێمەوەهەیە، کێشەیەکی گشتیە کە تەواوی کۆمەڵگەدەبێت قسەی لە سەر بکات .... ئەو ڕەخنانەی ڕووبەڕوی سیستەمی پەروەردە وفێرکردن دەبنەوە هەندێکیان لەلایەن مامۆستایان

ئومێدەوارم وەکو چۆن خۆتان ماندوو کردووە بەو زانیارییانەی کە هەتانەو بە ئەزموونی گەلان و لەرووی پەروەردەییەوە کە لەم کۆنفرانسە بتوانین گۆڕانی بنەڕەتی لە پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن بکەین، تاکو بتوانین ولاتەکەمان پێش بخەین.

لە سیستەمی نوێدا دەبێ خوێندنگاکان شوێنێکی خۆش بن بۆ مامۆستاو قوتابییان شوێنێك بێت خەڵك تەشویق بکرێت، قوتابخانە بە شێوازێك نەبێت خەڵك وابزانێت بە زۆرەو نامورتاح بێت و بەناڕەحەتی ببرێتە قوتابخانە بەڵکو دەبێت بە شێوەیەك بێت لە قوتابخانەکانماندا خوێندکار حەزی لە خوێندن بێت. جگە لەوە کوردستان لە نەهێشتنی نەخوێندەواری خاڵی بکەین بۆ پەروەردە و فێرکردن دەبێ سوود لەو پێشکەوتنە گەورانەی دونیا ببینن.

هەروەها بۆ بواری مێژوو، ئێمە لە مێژوو هەم رابردووی خۆمان دەزانین و هەمیش سوود لە کەم وکوورییەکانی ڕابردوو وەردەگرین بۆ ئەوەی بتوانین بەرەوپێشەوە بڕۆین.

ئێوەش ئەرکێکی زۆر پیرۆز پێشکەش دەکەن لەم سەردەمە بەرەو پێشەوە بڕۆن.

دووبارە ئومێدی سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم .....

وقوتابیانەوەن وبەشەکەی دیکەشیان ڕەخنەی فەلسەفی هزرین وفیکرین.
ئەوەش ئەو ڕاستیە دەسەلمێنیٚ کە هەڵەکانی سیستەمی پەروەردە/ فێرکردنی بەتەنها ناگەڕێنەوە بۆ خودی سیستەمەکە بەڵکو دەگەڕێنەوە بۆ ناو کۆی کۆمەڵگەش. لەبەر ڕۆشنایی ئەوڕاستیەی سەرەوە ئێمە بۆ زیاتر لە دەمانگە لە خۆ ئامادە کردنداین بۆ سازکردنی ئەم کۆنگریە فراوانترین بوارمان ڕەخساندووە بۆ بەشداریکردنی زۆرترینی ئەوانەی قسەیەکیان هەیە لەسەر پەروەر... لە سەرجەم تویژە جیا جیا کانی کۆمەڵگەی ناوەو دەرەوەی کوردستان.
ئەو بەڵگە نامانەی لەبەر دەستدان لەم کۆنگرەیەدا بەرهەمی هزری هەموو ئەوانەیە .ئامانجی گشتی ئەم کۆنگریە لێکۆلینەوەی وردی گرفت و کێشەکان و دەستنیشانکردنی هۆکارەکان و هەولدان بۆ دیاریکردنی چارەسەری گونجاوە بۆ ئەوەی بگەینە ئامانجی کۆتایی کە چاکسازیێکی پیشەیی سیستەمی پەروەردەیە ئەمەش بەر لە هەر شتێك بە گۆڕینی دیدی فەلسەفیمان بۆ خودی مرۆڤ دێتە دی، تائیستا پەروەردە قوتابیان دابەش دەکات بۆ زیرەك وتەمەڵ..
لەسەر ئەو بنەمایەش سالآنە ژمارەیەکی زۆر ناچاری وازهێنان لە خوێندن دەهێنن، بۆیە دەبێت پەروەردەی نویٚ چەمکی سەرکەوتو، سەرنەکەوتوو لە فەرهەنگی خۆی بباتەدەریٚ، هەرمرۆڤێك لە بوارێکدابە توانایە بۆیە دەبیٚ ئیشی سیستەمی پەروەردە ئاراستەکردنی خوێند کاران بێت بۆ بوارەکانی خۆیان.
پەروەردە بە نرخترین دیارییە کە کۆمەڵگەیەك بتوانێت بە نەوەکانی ببەخشێت، پەروەردە دەبێت ژیانی خەڵك بگۆڕێت و دەرگای دەرفەتیان بۆ بکاتەوە و پەروەردە بنەمای کۆمەڵگەیەکی مەدەنی و سەربەخۆیە. گۆڕانکاری دەبێت لە سەرەتاوە دەست پێبکات بۆیە گرنگی بە پەروەردەی پێشوەختی

منداڵ دەدەین زۆر گرنگە ئەگەر ئێمە بمانەوێت باشترین دەستپێکردنیان لە ژیان پێببەخشین.

دەبێت پەروەردەی یەکسان بۆ سەرجەم منداڵان دابین بکەین لە گوندن یان لە شار نابێت ئاستی پەروەردەی پلە دوو بمێنێت.

سیستەمی پەروەردەی نوێ دەبێ زانستەکان هەموو وەك یەك بە گرنگ بناسێنێ، هیچ زانستێك لە زانستێکی دیکە بەرزتر نیە و هەڵاوێژی ناکەین لە یەکتری.

بەرزبوونەوەی هەندێ زانست و پیشە و بەلاوەخستنی هەندێکی دی ئاوێنەی دواکەوتنی کۆمەڵگەیە پەروەردەی نوێ دەبێ ئەو لاسەنگیە ڕاست بکاتەوە و بیخاتە توێی گۆڕینی کۆمەڵگە، نەك پاشکۆ و ئاوێنەی کۆمەڵگە ، هەر بۆیە زۆر ئاساییە گۆرانکارییەکانی بواری پەروەردە لەلای زۆرێك لەوانەی بە پەروەردەی باو ڕاهاتوون بە ئەستەم وەربگیرێت .

دەبێ هاوکات لەگەڵ گۆڕینی پڕۆگرامەکان ستراتیژی کاری خۆشمان بگۆڕین بە ئاقاری بینا کردنی نەوەی نوێ کە وێنەی مرۆڤەکانی ئەمڕۆ و دوێنێ نەبن .

کۆمەڵگەی کوردەواری هەنگاو بەرەو چەسپاندنی دیموکراسیەت دەنێت بۆ ئەم مەبەستەش پەروەردە دەبێت پەروەردەیەکی دیموکراسی بێت ئەوەش وامان لێ دەخوازێ گرنگی بدەین بە خوێندنی مێژووی ئایین و جیاوازییەکان وە گرنگیدان بەو بابەتە ئاینیانەی گیانی لێبوردەیی بەهێز دەکەن .

کوردستان دەیان ساڵە لە جیهان دابڕاوە، ئێستا ئێمە پێویستیمان بە پەیوەندی کردنی خێرایە بە جیهانەوە، باشترین ڕێگە بەکارهێنانی زمانی ئینگلیزی و بەکار هێنانی تەکنەلوژیای زانیاری و پەیوەندییەکانە

له سیستەمی  پەروەردەی نوێدا تەکنەلۆجیا ڕۆلێکی گرنگ دەبینێ بەڵام ئەمە تەنها لە ڕێگەی ژێر خانێکی چاکترو وەبەرهێنانێکی زیاتر.

لەم چەند ساڵەی دواییدا لە کوردستان ناوەندی ئینتەرنێت و بەکارهێنانی مۆبایل بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە بەتایبەتی لە نێو گەنجان بەڵام لێرەدا جیاوازیەکی گەورە هەیە لە نێوان بەکارهێنانی ئەو تەکنەلۆژیایە لەلایەن لاوانەوە و بەکار هێنانی هۆکارە کۆنەکانی فێربوون لە قوتابخانەکان پێنوس و کاغەز گەچ و تەختەی ڕەش زۆرگرنگە لە نیوان پۆلدا سوود لەو تەنکەلوجیایانە وەربگرێت پێویستە خوێندنی تیۆری ئاوێتەی فێربوونی پراکتیکی بکەین تاقیگەی زانستی نویێ و شێوازی وانە ووتنەوەی نوێ فەراهەم بکەین.

ئێمە دەستمان بە باشتر کردنی پرۆگرامەکانی خوێندن و سیستەمی تاقیکردنەوەکان کردووە بەڵام هەنگاوی زۆری ماوە گۆڕینی پرۆگرامی زمانی ئینگلیزی هەنگاوی باشی ناوە و لەم نزیکانەش پرۆژەی گۆڕینی پرۆگرامی بیرکاری و زانستەکان کە لەلایەن دەزگایەکی چاپەمەنی پەروەردەی بەناوبانگ ئامادەکراوە تەواو دەبێت کە بە سێ قۆناغی سەرەتایی دەستمان پێکردەوە لە گفتوگۆ داین بۆ گۆڕینی پرۆگرامی زمانی عەرەبی تا قۆتابی و خوێندکار فێری نووسین و قسەکردنی بە تەواوەتی دەبێت و لە میانی ساڵانی خوێندیندا .زمانی کوردی بەشێکی گرنگی لە کارەکانی ئێمە دا گرتووە هێشتا لە گفتوگۆ داین لەگەڵ چەندین شارەزا و پسپۆر بۆ چاو خشاندنەوەی بەو پرۆگرامانە چونکە دەبێ پەروەردەی نوێ گرنگی تەواو بە زمان بدات بەئاقارێکدا کە جگە لە فێربوونی زمانی پاراو.

توانای دەربڕینیش بەهێز بکات.

دەبێ قوتابخانە و خوێندنگە ببنە شوێنی بیرکردنەوەی ئازاد نەوەك شوێنی نوێکردنەوەی ترسەکان و گەورەکردنی شەرمەکان

مامۆستایەتی قورسترین پیشەیە هەروەها گرنگترینیانە دڵنیام کە هەموو کەسێك لەم هۆڵەدا دەتوانێ لایەنی کەم مامۆستایەك بەبیر خۆی بهێنێتەوە کە ڕۆژێك لە ڕۆژان هاندەر و یارمەتی دەربێب ببێتە ئەم کەسەی ئەمرۆ.

مامۆستا پێشەنگی پەروەردەن بۆیە شیاوی ڕێزی هەموو یەکێکن و پێویستە هەموو یارمەتیەکیان بدرێت بەداخەوە لە کۆمەڵگەی ئێمە مامۆستا خۆشی لە پیشەکەی خۆی نابینێت هەروەکو دکتۆر و ئەندازیار وە ئێمە دەبێ لێدوان لەسەر ئەم بابەتە بکەین پێویستە ڕاهێنانی بەردەوام بۆ مامۆستایان فەراهەم بکەین بۆ وەرگرتنی زانیاری نوێ و نوێکردنەوەی زانیاریەکانیان ئێمە ڕێژەیەکی زۆر لاریمان لە کۆی دانیشتوان هەیە بۆیە وە بەرهێنان لە پەروەردەی دەبێتە گەورەترین سەرمایەتی هیزی کاری کارامە تەنها لە ریگای پەرەپێدانی فێرکردنی پێشەیی دێتە ئارا بۆیە جەخت لەسەر خواستی پڕاکتێکی بەردەوام و گرنگی دان بەخویندنی پێشەیی دەدەین دەبێ بایەخی زیاترو دەرفەتی زیاتر بۆ پەروەردەو فێرکردنی کچان بدەین ئامانجامان یەکسانە لە ڕەخساندنی دەرفەتی خوێندن بۆ هەموان بۆ ئەو مندالانەی کە پێویستییان بە پەروەردەی تایبەتیشەوەیە ئیمە ڕو بەڕووی کەمی بینایەی قوتابخانە دەبینەوە ژمارەیەك لە خویندنگاکان سێ دەوامین بۆیە پێویستیمان بە وەبەرهێنانێکی گەورە هەیە لە بواری بینا سازی .تاوەکو ئەو ئامانجانە دێنە دی بەدوای یارمەتیدا دەگەڕێین بۆ دانانی پلانی ستراتیژی ونەتەوەیی بۆ پەروەردە پێویستمان بە شارەزاو ڕاویژکاری ناوە و دەرەوە ش هەیە تا لە هەنگاوەکانمان دلنیابین پەیڕەوکردنی سیستەمێکی پەروەردەیی ڕاست و دورست دەتوانی نەك تەنها ئومیدو پێداویستیەکانی تاك فەراهەم بکات بەلکو ئایندەی گەشی بۆ ولاتێك دیاری دەکات لە کۆتاییدا سوپاس بۆ ئامادە بوونتان هیوا دارین لە ڕۆژانی کۆنگرە دا گوێبیستی ڕاپۆرت و بیرو پۆ جونی شارەزایان بین با بەیەکەوە گوڕانکارییەکان بینندەی و هەرچەندە گەڕان سەختێش بێت بەلام ئێمە خاوەنی هیواو ئیرادەین هەر هیواو ئیرادەشە کۆمەڵگەکان دەگۆڕن.

## وتاری لیژنەی پەروەردە و خوێندنی بالا لە پەرلەمانی کوردستان




لە میانەی وتارەکاندا خاتوو (نازنازمحمد) ئەندامی پەرلەمان وتاری لیژنەی پەروەردە و خوێندنی بالای پێشکەش کرد ئەمەش دەقەکەیەتی:

بێگومان یەك لەخەمەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەکابینەکانی پێشوو، دابینکردنی بەلایەنی کەمی پێداویستییەکانی خوێندن بوو، لەبینایەی قوتابخانەو کولوپەلی خوێندن و نووسین و پەرتووکی پێویست، بەلام کابینەیپێنجەم، گۆڕانێك لەدیدو بۆ چوونی سەرۆکی حکومەت بیندرا، کە هەروەکو لەبەرنامەی کابینەی پێنجەم، لەچەندین شوێن، ئاماژەی پێدراوە، ئەویش بەهاوچەرخ کردن و باشترکردنی چۆنایەتی خوێندن بوو لەسیستەمی پەروەردەی ولاتدا.

لێژنەی پەروەردە لە پەرلەمانی کوردستان، کە لەناوەراستی ساڵی (٢٠٠٥) پێکهێندرا، دروشمی (ریفۆرم لە سیستمی پەروەردە) ی هەڵگرت و بەهاوکاری زانکۆکانی کوردستان پسپۆرانی خۆمالی و بیانی، (NGO) کانی پەیوەست بە پەروەردەو مندالْ چ لۆکالْ و چ ئەنتەرناشنالْ، گەیشتە کۆمەلێك ئەنجام و میکانیزمی گونجاو و دارشتنی پلان بۆ سەرکەوتنی بەرنامەکە، هەر بۆ ئەم مەبەستە سەرۆکایەتی لێژنە، لەگەلْ سەرۆکی حکومەتی و وەزیری پەروەردە تاووتوێی بابەتەکەیان کردووە.

ئامانجیان، گۆرینی کۆی سیستمی پەروەردەیە لە ولات، بۆ ئەوەی سوودمەند بین لەسەر مایەی مرۆیی وەکو بەشێك لە مرۆڤایەتی.

لێکۆلینەوەیەکی زۆر هەیە کە پشتگیری لەم بۆ چوونە دەکات، کە بێچگە لەسەروەتی سەر خاك و ژێر خاك و سەرمایەی ماددی و فیزیایی، سەرمایەی مرۆیی، گرنگترین فاکتەری بەرەوپێشەوە چوونی گەلانە، نموونە زۆرن لەو ولاتانەی کە نەهەلکەوتێکی جیوپولیتکی گرنگیان هەیە و نە نەوت و زێر و ئەلْماس و نە زەوییێکی زۆر بەپیت، بەلام بەکەمترین سەرمایەی ماددی و پیشەسازی و بازرگانی، توانیویانە، هەنگاو بنێن بۆ بەرەوپێشەوە چوون. ئەویش بەدارشتنی پلانی درێژخایەنی هەمەلایەنە لەگشت قۆناغەکانی خوێندن لە خوێندنی بالا تا باخچەی ساوایان، کە بەپێی دانانی سیستمی نوێی خوێندن، توانیویانە هەر مرۆڤێك لە مرۆڤەکانی ولاتەکەیان، بیکەن بەسەرچاوەی وزەو سەرمایە بەرهەمهێنان، چونکە لەراستیدا تایبەتمەندی لەرووی (چۆنایەتی) جۆرێکە لەسەرمایە، ئەم تایبەتمەندیانە لەژێر تیشکی پەروەردەیەکی دروست، توانایی مرۆڤ پەرەپێدەدات، ئەمە سەرمایەکی مرۆییە، چونکە بەشێکە لە مرۆڤ و لەگەلْ مرۆڤ گەشە دەکات و بەمردنی ئەویش کۆتایی پێدێت، بەلام بەهەرم

لەدوای خۆی بەجێ دەهێڵێ. بەهیوای کارکردن لەسەر سەرمایەی مرۆیی لەکوردستان، کە هەر کامەیانبتوانن لە ڕووی ماددی و مەعنەوی بەرهەم بەخش بن و قەرەبۆی هەموو ئەو نەزیفیە کۆمەلایەتی و ئابوورییە بکەنەوە کە لەژێر تیشکی ئەم بیروبۆچوونانەیە، حکومەت پێویستە زۆرترین بودجەی وڵات بۆ بەرەو پێشەوە بردنی ڕەوشی خوێندن و توێژینەوەی زانستی کوردستان تەرخان بکات لەتەك بایەخدان بە کۆی سیستمی پەروەردە لە کوردستان لەژێر سێبەرو ئیمکانیاتی حکومەت، پشتگیری لەکەرتی تایبەت بکرێت کە لەم بوارە ئەکتیڤ تر بێتە مەیدانی کار، لەژێر ئەو پرەنسیپانەی کە بۆ فەلسەفەی پەروەردە لە لیژنەی پەروەردەی پەرلەمانی کوردستان داڕێژراوە و پێشکەش بەکۆنگرە کراوە کە پرەنسیپە سەرەکییەکانی بریتییە لە یەکسانی ڕاستەقینە بەهەموو چین و توێژو ڕەگەزو ئایینەوە و هەروەها دابینکردنی کەشێکی دیموکراسی لەژینگەی خوێندن و برەو دان بەدروستکردنی هەستی نیشتمان پەروەری و مرۆڤایەتی.

## ووتاری بەڕێز سەرۆکی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان



مامۆستایانی خۆشەویست ...

بەناوی خۆم و جێگری سەرۆك و تەواوی ئەندامانی مەکتەبی سکرتاریەت و ئەنجوومەنی تەنفیزی و سەرجەم مامۆستایانی کوردستان ، پیرۆزبایی گەرم ئاراستەی سەرۆك و ئەندامانی کۆنگرەکەتان دەکەین و بەهەنگاوێکی پیرۆزی لە قەڵەم دەدین .. هیواو ئومێدمان زۆرە کە بەرنامەی ئەم کۆنگرەیە سەرکەوتووانە ئامانجەکانی خۆی بپێکێت و ببێتە وەرچەرخانێك بۆ ژیانێکی سەردەمیانەی گونجاو لە گەڵ ئەمرۆی پەروەردەو پێگەیاندنی نەوەو ڕۆڵەکانمان بەشێوەیەکی هاوچەرخ.

یەکێتی مامۆستایانی کوردستان وەکو ڕێکخراوێکی پیشەیی و نیشتمانی و سەربەخۆی کوردستانی هەر لە سەرەتای دامەزراندنی یەکێتی مامۆستایانی

کوردستانەوە ئامانجی پەروەردەیی بەشێك بووە لە ئامانجە سەرەکییەکانی (یێ.م.ك) و بەشێکی دانەبراون لە دامودەزگەکانی پەروەردەیی و بەڵکو تەواوکەری یەکترن . دوای یەکگرتنەوەی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان و ڕێکخستنەوەی ماڵی مامۆستایان کە هێزو توانایەکی تازەی بەخشیە هەنگاوەکانمان و کۆمەڵێك دەسکەوتی هێنایە بەرهەم ، دوا دەسکەوتیش دوا چاوپێکەوتنمان بوو لە رۆژی ٢٠٠٧/٥/١٦ لەگەڵ ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە لەو دانیشتنەدا بڕیاری دا بە نەبرینی ١٢٥٠٠٠ هەزار دینار دەرماڵەی پیشەیی مامۆستایانی کوردستان لە مانگەکانی (٧–٨) ی پشووی هاوین . وەك خەلآتێك بوو ، بە بۆنەی یەکگرتنەوەی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان و سەقامگیربوونی لایەنی دەروونی مامۆستایانی کوردستان و بۆ زیاتر بەرەوپێشەوەچوونی پرۆسەکەو پێشتگیری کردنی پەروەردەکارانی هەرێمی کوردستان .

بەم بۆنەیەوە بەناوی (ی.م.ك) و تەواوی پەروەردەکارانی کوردستان. سوپاسی ئەو پاڵپشتییەوە هەنگاوە بوێرانەی بەرێز سەرۆکی حکومەتی هەرێم و هەروەها سوپاسی بەرێز دکتۆر دڵشاد عبد الرحمن وەزیری پەروەردە دەکەین بۆ پشتیوانی بەردەوامیان لە یەکێتی مامۆستایان و ، هەڵگرتنی هەنگاوی گۆڕانکاری و چاکسازی بوارەکانی پەروەردەو فێرکردن لە هەرێمی کوردستان.

یەکێتی مامۆستایانی کوردستان دوای بەئەندامبوونی لە ڕێکخراوی (پەروەردەی جیهانی ) ، روون و ئاشکرایە کە سەردان و بەشداری لە چەندین کۆڕو کۆنفرانسی دەرەوەی ولآتدا کردووە و دوا بەشداریمان لە کۆنگرەی یەکێتی مامۆستایانی بەریتانیا بوو ، کە لە بێلفاست بەڕێوەچوو. کە چالاکترین ئەندامی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان بەرێز مامۆستا وشیار حەمەد حاجی لە

کۆنگرەی ناوبراودا نوێنەرایەتی مامۆستایانی هەرێمی کوردستان و عێراقی کرد و کاریگەرانە توانیویەتی پشتیوانی و هەماهەنگییەکی نێودەوڵەتی بۆ پەروەردە و فێرکردنەی هەرێمی کوردستان و عێراق بێنێتە بەرهەم، کە لەم نزیکانەدا بەرهەمەکانی لە کۆنگرەی پەروەردەی جیهانی لە بەرلین رەنگ دەداتەوە خراوەتە نێو بەرنامەی ئەم کۆنگرە جیهانییەوە.

وەکو دەزانن هەموو هەوڵ و تێکۆشانەکانمان بۆ خزمەتی مامۆستایان و پەروەردە و فێرکردن و بەشداری کردنە لە پرۆسەی بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی و بژێوی مامۆستایانی کوردستان لە هەمان کاتدا ، ناساندن و دەرخستنی هەرێمی کوردستانە وەك ولاتێکی پێشکەوتووی فیدراڵی و نموونەی دیموکراسیەت و ئازادی و پێکەوە ژیانی ئاشتیانەیە.

بەرێزان .. هەلومەرجی ئەمرۆی هەرێمی کوردستان و ئەو ئاشتی و سەربەستی و ئارامییەی کە باڵی بەسەر ولاتەکەماندا کێشاوە زەمینەیەکی لەبارە بۆ نواندنی هەڵوێستی نیشتیمانپەروەرانەو گەیاندنی پەیامی پیرۆزی مامۆستایان و پەروەردە و ئامانج و تێکۆشان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستەکان و هەوڵدان بۆ بەرەوپێشبردنی تا سنووری وەرچەرخان و گۆڕانکاری تازەگەری و سەردەمییانە.

بەم بۆنەیەوە ئومێدو هیواکانمان تازە دەکەینەوە و پەیمانیش دەدەین کە هەمیشە پارێزەری ئەم ئەزموونەی گەلەکەمان بین کە خۆی لە پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستاندا دەبینێتەوە ، بەڵێن دەدین کە هەوڵەکانمان بەردەوام بێت لەپێناوی پتر باشترکردنی ژیان و گوزەرانی مامۆستایان، هەروەها هەوڵدان بۆ داهێنانی فەلسەفەیەکی پەروەردەیی ئەوتۆ کە خزمەت بەنەوەکانی ئێستا و دوارۆژی گەلەکەمان بکات.

سەرخستنی بەرەنجامەکانی کۆنگرەی پەروەردەیی، بەرپرسییەتی هەموو لایەکمانە ، بەرەو چاکسازی و گۆڕانی پۆزەتیڤانە لە پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن ، هەروەها پێکهێنانی ئەنجومەنی هاوبەشی کۆمەڵایەتی (الشراکة الاجتماعیة) لە نێوانماندا بە گرنگ دەزانین، کە بە هاوبەشی پەرلەمان و وەزارەتی پەروەردەو ( ی.م.ك) و رێکخراوە مەدەنییەکان دابمەزرێت، کە بە هەماهەنگی یەکتر، دەتوانین سەرخستنی پلانی پەروەردەیی و زیاتر خزمەت کردنی مامۆستایان و قوتابیان و خوێندکاران مسۆگەر بکەین.

دووبارە پشتیوانی و هەڵوێستمان بۆ کۆنگرەکەتان ڕادەگەیەنین بۆ سەرخستنی ئەو ئەزموونە و بەرنامەی پێنجەمین کابینەی حکوومەتی هەرێم و تەواوی بەرنامەکانی وەزارەتی پەروەردە ، یەکێتی مامۆستایانی کوردستانیش بەشێکە لەو پەیامە پیرۆزە و هەڵگرتنی ئەو بەرپرسیارێتییە مێژووییە ...

پیرۆزبێت ئەم هەنگاوە زانستییە ...

نەمری بۆ مامۆستایانی شەهیدو سەرجەم شەهیدانی ڕێگەی ڕزگاری گەلی کوردستان ...

گەڵ سەردەمی ئێستا تادەرهەقی پێشکەوتنە خێراکان بێن و کۆمەڵگەمان و نەوەی نوێ دانەبرێت لە جیهانی پێشکەوتوو.

– ئەوەندەی بۆمان لوابێت پرۆژە و بەرنامەمان بۆ ئەم گۆڕانکارییە هەبووە و هەمیشە لە پرسە پێشینەکانی کاری رێکخراوەییمان بووە لە بچووکترین هەنگاوەوە دەستمان پێکردووە و هەماهەنگی و یەکدەنگیمان هەبووە لەسەر ئەم پرۆسەیە، (فیدراسیۆنی رێکخراوە) (قوتابی و خوێندکاری) یەکان بەهەموو رەنگەکانیەوە ، هەمیشە هاوبەش و هاوڕابوون لەسەر نۆیکردنەوەی ئەم پرۆسەیەی، کە پەیوەست و کاریگەرە بەسەر هەموو لایەن و بوارەکانی تری ژیان (ئەلف و بێ ی) بیناکردنی وڵات و کۆمەڵگە لەوێوە نیشان و دیاردەکرێت.

– بەرێزان ..........

جێگەی خۆیەتی سوپاس و پێزانینمان بگەیەنینە لایەنە پەیوەندارەکان کە بەبایەخەوە لەم پرۆسەیە دەڕوانن بۆ بەدەنگەوە هاتن و دەرگاکردنەوەیان لەسەر پێشنیارەکانمان و پێشوازی کردنی بەرنامە پڕگۆڕانکارییەکانمان بەتایبەتیش وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و لێژنەی پەروەردەیی لە پەرلەمانی کوردستان و ستایش و سوپاسی تایبەتیمان بۆ سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەتایبەتی جەنابی رێزدار (نێچیرڤان بارزانی) بۆ پاڵپشتی و دەست گرتنمان بۆ ئەم پرۆژانە کە پێشکەشی کردووین بۆ گەیاندنی خزمەتێك لەم بوارەدا.

– خۆشەویستان ....

ئاشکرایە کە فیدراسیۆنی رێکخراوە قوتابی و خوێندکارییەکان جگە لە هەنگاوە رۆژانەو بەردەوامەکانی ماوەیەك بەرلە ئێستا کۆنفرانسێکی پەروەردەیی گرینگی گرێدا بە هاوکاری چەندین پسپۆری بواری پەروەردەیی و مامۆستاو

ڕۆژنامەنووسان و خەمخۆرانی پرۆسەی پەروەردە ، کە بەهیمەت و کاری جدی هەموو لایەك کۆمەڵێك پێشنیار و بەرنامە بۆ ماوەی کورت و درێژی داهاتووی پەروەردە لە کوردستانی لێکەوتەوە کە بۆ بۆنەیەکی لەو شێوەیە جێگەی گرنگی و بایەخ دانە.

– بەشداربووانی هێژا :

لێرەوە فیدراسیۆن بەڵێن دووپات دەکاتەوە هاوکاروهەماهەنگی دەزگا پەروەردەییەکان بێت و داوامانە بەم خاڵە گرنگ و پربەهایانە دا بچینەوە بۆ پێشخستنی پرۆسەی پەروەردەو پێکانی ئامانجی هەموو لایەکمان لەم گۆرانکارییە لەوانەش:

١– بیناکردنی پەیوەندی نێوان مامۆستاو قوتابی لەسەر بنەمای کەسیەتی و زانستی و دروست کردنی ژیانی هاورێیەتی و خۆشەویستی لە نێوانیان بۆ ئەوەی قوتابی بە پەرۆشەوە بێت بۆ وەرگرتنی زانست و زانیاری.

٢– ئاواکردنەوەی کەسیەتی تاك لەباری پەروەردەوە، بۆ ئەوەی تاکێکی بەرهەمهێن و سوود بەخش بێت و پشت بەخۆبەستن ببێتە پرەنسیپی کۆششەکانی بۆ داهاتوو.

٣– لادان و گۆڕانکاری، پێداچوونەوە بەرێساو یاسا کۆن و پەککەوتووەکانی سەردەمانی پێشووتر کە ڕژێم ویستوویەتی تاکی کوردی کۆت و بەند بکات و لەزانست خوازی داببرێت

کە سستەمێکی ئاسانکار بوو بۆ روخانی و دوور کەوتنەوەی لە بەر پرسیارییەتی نەتەوەیی و نیشتمانی.

٤– لە سۆنگەی باوەر بوونی کۆمەڵگەی کوردی و سەرکردایەتی سیاسی کوردستان بە پێکەوە ژیان و ماف گەلانی دیکە کە لە کوردستان دەژین

داواکارین زمانی زگماکی هەر گەل و نەتەوەیەك بایەخی پێبدرێت و هەموو لایەك زەمینەی ئەوەیان بۆ بڕەخسێت بە زمانی زکماکی خۆیان بخوێنن هەروەها زمانە گرینگەکانی جیهان بایەخی پێ بدرێت بەپێی ئەو پڕنسیپەی کە هەر زمانێك مرۆڤێکە.

٥- لایەنی هونەری و چالاکیە وەرزشییەکان کەوزەیەکن لە (قوتابیان و خوێندکاران) دا هەیە پەرەی پێ بدرێت و ببێتە بەشێك لە پەروەردەو پێگەیاندن و ئامرازەکانی ئەم بوارە لە پرۆسەی خوێندن و پەروەردە دابین بکرێت.

٦- وانەکانی ئاینی بەیەکسانی بەیەك چاو سەیربکرێن و لە قۆناغەکانی خوێندن بۆ ژیان بخوێنرێن و بنەماکانی یەکتر قبول کردن و لێبوردەیی و یەکسانی تێدا بەرجەستە بکرێت مایەی دوور کەوتنەوەی تاکەکان بێت لە توندوتیژی و چەقبەستن.

٧- ئەزموونی قوتابخانە نموونەییەکان و هاورێیەکان، سەرکەوتوو بوو خوازیارین لەمەو دوا بایەخی زیاتری پێ بدرێت و پەرەبسێنێت هەموو شارو شارۆچکەو ناوچەکان، بەبێ جیاوازی بگەرێتەوە بەتایبەتی لە دابین کردنی کەرەستەی خوێندن و باڵەخانەو ژینگەی لەبارە گونجاو بۆسەر جەم قوتابخانەکانی کوردستان.

٨- (قوتابیان و خوێندکاران بەچەکی زانست و پەروەردەی نەتەوەیی و نیشتمانی و مەدەنی بە پێ ی بنەماکانی دیموراسیەت گوش بکرێن، بۆ ئەوەی سەرکردایەتی دوارۆژی ئەم وڵاتە بکەوێتە دەست خەمخۆران و نەوەیەك کە بەتەنگ کێشەو داخوازییەکانی گەلی کوردستانەوە بێت.

٩- میتۆدێکی نوێ دابنرێت بۆ وانە پراکتیکییەکان بۆ ئەوەی هزر و فکری (قوتابیان و خوێندکاران) کراوە ترو رۆشنتر بکرێت و شێوازی تاقی کردنەوەوئەزموونەکان لە ئاستی سەردەم بن.

١٠- خوێندنی پیشەیی بایەخی پێ بدرێت و دەرچووانی بوارە جیاجیا کانی پیشەیی بە پێی پسپۆریان سوودیان لێ وەربگیرێت.

١١- باخچەی ساوایان و خوێندنی سەرەتایی و بنیات بەهەند وەربگیرێت، بۆ ئەوەی کاری پەروەردە لە قۆناغەکانی دواتر ئاسان بکات.

١٢- پێداچوونەوە بە سستەمی وەرگرتنی ( قوتابیان و خوێندکاران ) لە (قبول مرکزی) و رەچاوکردنی ویست و خواستی قوتابیان و خوێندکاران لە هەڵبژاردنی پسپۆری چارەنووسی خۆیان لە ژیانی پەیمانگاو زانکۆییدا ، کە ئەمەش هەوێنێکە بۆ بەرهەمهێنانی خوێندنێکی بالای بەهێز کە دوا قۆناغی خوێندنە.

١٣- گرینگیدان بەنوێنەرو لێژنەی نوێنەرایەتی لەسەر ئاستی پۆل و بەش و قوتابخانە،بەشداریکردنیان لەسەر ئاستی پەروەردەیی قەزاو پارێزگایەکان و وەزارەت، بە مەبەستی راوەرگرتن و هەماهەنگی کردن و بەشداریکردن لەو بریارانەی کە پەیوەستن، بە چارەنووسی قوتابیان و خوێندکارانەوە، بەمەشیان هەستکردن بە ئیلتزام لەلایەن خودی قوتابیان و رێنمای و یاسایەکانی بەرپرسایەتی پەروەردەیی دروست دەبێت.

١٤- دوا خاڵ، داوای هەبوونی سیستەمێکی گشتگیرو سەرتاسەری بەپێ پرەنسیپەکانی دیموکراسیەت ئازادی بۆ هەڵبژاردنی نوێنەری پۆل دەکەین لە قۆناغە جیاجیایەکانی خوێندن، کەتیایدا ماك ی حزبایەتی کاڵ بکات و لایەنی

بەهرەو توانا و کەسایەتی ژیرو لێهاتوو تەندروست بۆ کۆمەڵگامان بەرهەم بهێنێت.

لە کۆتاییدا ، دووپاتی دەکەینەوە کە بە هەموو تواناmان هاوکار و پاڵپشتی دەرئەنجامەکانی کۆنگرە و دەزگا پەروەردەییەکان دەبین بۆ هەموو هەوڵ و پرۆژەیەکی لەم شێوەیە بە تایبەتی لەکارکردن بۆ دەست نیشان کردنی ڕێنوس و زمانی ستاندەری کوردی کە بە دڵنیاییەوە یەکێکە لە سیما نەتەوەییەکانی هەموو جیهانە کە بۆ ئەزموونی ئەمڕۆی کوردستان و ئایندەی نەتەوەییمان خاڵێکی زۆر گرنگ و پڕ بایەخە.

سەرکەوتووبێ کۆنگرەی پەروەردەیی و بەئومێدی پێگەیاندنی نەوەیەکی تەندروست بە سیستەمێکی مۆدرێن.

## وتاری لێژنەی ئامادەکردنی کۆنگرەی پەروەردەیی




**میوانانی بەڕێز:**

ئامادەبوون و بەشداریکردنتان لە کۆنگرەی پەروەردەیی نیشانەی هاوکاری بەردەوامتانە لەگەڵ وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پرۆگرامەکانی و کە بەرەوە چاکسازی سیستەمی پەروەردەیی دەڕوات.

بەناوی لێژنەی ئامادەکردنی کۆنگرە زۆر سوپاستان ئەکەین بۆ هاوکاریتان هیوادارین بەشداری کردنتان لەم کۆنگرەیە پاڵپشتێك بێت بۆ دەوڵەمەند کردنی کۆنگرەکە و بەدیهێنانی سەرکەوتن کە لە خزمەتی ڕەوشی پەروەردە و فێرکردن بێت.

وەزارەتی پەروەردە سوپاس و پێزانینی خۆی ئاراستەی ئەو هەوڵە جدیانەی وەزیرە بەڕێزەکان و لێپرسراوانی پێشوو لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات لە ڕۆژی دامەزراندنی هەروەها ئەوانەی هەوڵ و تەقەلایان داوە بۆ گەشەپێدانی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن.

## بیرۆکەی کۆنگرە:

١- بیرۆکەی بەستنی کۆنگرەی پەروەردەیی لە ئابی ساڵی ٢٠٠٦ هاتەکایەوە بۆیە وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاری دا چاو بە پرۆسەی پەروەردە بخشێنێتەوە.

لە کوردستان بۆئەوەی شان بەشانی ئەو پێشکەوتووانەی لە وڵاتانی دەرەوەو کۆمەڵگای مەدەنی بەدی دەکرێت بروات.

ئەو بڕیارەش لەسەر ڕۆشنای دیدی سەرکردایەتی سیاسی کورد بوو کە دەبێ بەرەو کۆمەڵگایەکی مەدەنی بڕۆین.

٢- بۆ جێبەجێکردنی ئەو فەلسەفەیە وەزارەت بیری لەوە کردەوە کە دەبێ پرۆگرامێکی چاکسازی و سیستەمی فێرکردن لەسەر بنەمای ئامادەکردن و گەشەپێدانی توانای قوتابی و خوێندکار بێت چونکە ئەوان هەوێنی بنەڕەتی کۆمەڵن.

٣- لیژنەی باڵای کۆنگرەو(١٦) لیژنەی تایبەت بە تەوەرەکان پێك هات بۆ ئامادەکردنی ڕاپۆرت و پێشنیار و چەندین کۆڕ و کۆبوونەوە لەسەر ئاستی پارێزگاکان و شار و شارۆچکەکان ئەنجام دران جگە لە کۆنفرانس لە پەروەردەی گشتی هەولێر - سلێمانی - دهۆك - ڕانیە - گەرمیان - هەڵبجە - کۆیە وە لەهەموو بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی قەزاکان لە پارێزگاکان ئەنجامدرا.

٤- لیژنەی باڵای کۆنگرەی پەروەردەیی هەموو ئەو ڕاپۆرت و پێشنیارانەی ئامادەکرابوون لە لایەن لیژنەی تەوەرەکان کردە یەك ڕاپۆرتی تێر و تەسەل ئەمەش لە ئەنجامی چەند کۆبوونەوە کە چەندین مامۆستا و شارەزایان و پسپۆران لە بواری پەروەردە و فێرکردن بە مامۆستایانی زانکۆکان و ڕێکخراوە

حکومیەکان و نا حکومیەکان و بەشداریان تێدا کردبوو. ئەو ڕاپۆرت و پێشنیارە خۆی لە (٣) کتێب گرتەوە.

## ئامادەبووانی بەڕێز:

گرنگی ئەو کۆنگرە لەوە دایە کە ژمارەیەکی زۆر لەپسپۆران و مامۆستایان و سەرپەرشتیاران و ڕۆشنبیران لە ناوەوەو دەرەوەی هەرێمی کوردستان بەشداریان کردوبیرو بۆچوونی زانستیان پێشکەش کرد، کە دەبێتە هۆکارێك بۆگۆڕینی باری فێرکردن لە کوردوستان کە زامینی گەشەپێدانی سیستەمی پەروەردە دەکات، بۆئەوەی بگاتە ریزی ولاتانی پێشکەوتوو.

برایان: ئەوانەی لەم کۆنگرەیە بەشدارن نوێنەرایەتی چینی کۆمەڵ دەکەن نزیکەی (٣٥٠) کەس لە شارەزایان لە بواری پەروەردە بەشداری لە گفتوگۆ کردن دەکەن بۆ گەڵاڵەکردنی (بەلورە) کردنی بیروبۆچوون و پێشنیارەکان.

داوەت نامە ئاراستەی ٢٥ کەسایەتی کورد و عەرەب و بیانی کرا بۆ ئامادەبوون لە دانیشتنی کردنەوەی کۆنگرەلەوانەی ئارەزووی بەشداریان هەبوو و کاتیان گونجاو بوو.

دانیشتنی ئێوارە تەرخان کراوە بۆ گفتوگۆکردن لەسەر لێکۆڵینەوەی میوانانی دەرەوەی هەرێم ئەوانەی لە ولاتانی ئەڵمانیا - سوید - هۆلندا - نەرویج هاتبوون بەیانی ڕۆژی دووەم تایبەت بوو بە گفتوگۆکردن لەلایەن سەرۆك و ئەندامانی لێژنەی تەوەرەکان بەشێوەی گروپ بۆ زیاتر وردبوونەوە لە تەوەرەکان ئەندامانی کۆنگرە دابەش کران بەسەر (١٠) گروپ بەم شێوەی خوارەوە.

**یەکەم: لێژنەی نەهێشتنی نەخوێندەواریو فێرکردنی تەوزیمی**

ئەم لیژنەیە لە سەر ئەم بابەتانەی خوارەوە گفتۆو ولێکۆ لینەوە دەکات وپێشنیاری هەر بابەتێك بە جیاواز ئامادە دەکات.

ا- **نەهێشتنی نەخوێندەواری:-**

- لێکولینەوەی بارودۆخی ئێستای نەهێشتنی نەخوێندەواری لە کوردستان، چڕکردنەوەی توانای خۆ ئامادەکردن بۆهەلمەتی بەدەست هێنانی توانای خوێندن ونووسینی ئەو کەسانەی کەلە دەرەوەی تەمەنی یاسایی خوێندنن.

**ب- باخچەی ساوایان:-**

- گرنگی گشتاندنی لە هەموو شوێنەکانی هەرێم

- دابین کردنی پێداویستییەکان بۆ باخچەکانی ساوایانی کوردستان و گەشەپێدانی

**ج-خوێندنی تەوزیمی:-**

- گفتوگۆکردن لەسەر باری ئیستای خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی بۆ بەستنی ئەو دوو قۆناغە بە یەکەوە دیاری کردنی کاتێك بۆ جێبەجێ کردنی خوێندنی تەوزیمی لە چینی تەمەن (٦-١٥) سالیدا -

**د- پەروەردەی تایبەت:-**

ئەم لیژنەیە لێکولینەوە لەسەر باری ئیستایی ئەو قوتابخانەی پۆلی پەروەردەیی تایبەتی تێدایە، هەولْ دان بۆ یەکخستنی وگەشە پێدانیان، پشنیار کردنی ئەو هۆیانەی پێویستی پێیە.

- گرنگی دان بەرۆلی زمانەکانی بێگانە بۆ دارشتنی پرۆگرامی نوێ:

بەتایبەتی زمانە بنەرەتییەکان وەکو ئینگلیزی- فەرەنسی- ئیسپانی

- پێشنیارکردنی هێلەکانی گشتی و چوارچیوەی پرۆگرامەکانی ئەو قۆناغە.

**دوودم : لیژنەی فێرکردنی ئامادەیی و پیشەیی**

**أ- خوێندنی ئامادەیی**

١- لێکۆڵینەوە لەسەر باری فێرکردنی ئامادەیی و توانای بەستانی ئەو قۆناغە بە قۆناغی فێرکردنی باڵا لەسەر ڕۆشنایی توانای وەرگرتنی زانکۆکان وە پێویستی هەرێم بە کارمەندی لێهاتوو بە توانا جەخت کردن لەسەر :-

١- دابەش کردنی قۆناغەکە بە گوێرەی پسپۆریەتی.

٢- ماوەی خوێندن .

٣- پێداویستی هەر قۆناغێك.

٤- ئەزموونەکانو هەڵسەنگاندنیان و بەستنی بە چۆنیەتی پێوانەی وەرگرتن لە زانکۆکان.

٥- دانانی پلان بۆ پرۆگرامەکانی ئەو قۆناغەو چوار چیوەی و گرنگی دان بە زمانی ئینگلیزی.

**ب- خوێندنی پیشەیی :**

لێکۆڵینەوە لەسەر باری خوێندنی پیشەیی و توانای دابین کردنی پێداویستییەکان بۆ گەشەپێدانی، تاوەکو بگونجێ لەگەڵ گەشە پێدانی باری ئابووری و کۆمەلایەتی لە کوردستان.

٢- لێکۆڵینەوە لەسەر بایەخ دان بە دەرچووانی سێی ناوەندی و توانای ئاراستەکردنیان بۆ پەیوەندی کردنیان بە خوێندنی پیشەیی .

٣. کارکردن بۆ گەڕانەوەی ئەوانەی لە قوتابخانەکانی خوێندن دابڕاون و وازیان هێناوە بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ بنکەکانی ڕاهێنانی پیشەیی .

**لیژنەی سێ یەم :- پێگەیاندنی مامۆستایان ( پەیمانگاکان – ڕاهێنان )**

**ئەم لیژنەیە هەڵدەستێ بە :**

١– لێکۆلینەوە لەسەر باری ئامادەکردن و ڕاهێنانی مامۆستایان لە هەموو قۆناغەکانی خوێندن و توانای گەشەپێدانیان، یان گۆڕانکاریان کە بگونجێ لەگەڵ دابین کردنی پێداویستی گۆرانکاری لەسەر سیستەمی فێرکردن لە کوردستان .

٢– دانانی پێشینار بۆ پرۆگرامی ئەم تەوەرە و چوار چێوەی

**لێژنەی چوارەم :- لێژنەی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی و پسپۆری**

ئەو لێژنەیە پەیڕەوی ئەو بڕگانەی خوارەوە دەکات لە کاتی ئامادە کردنی پێشنیارەکان:

١– لێکۆڵینەوە لە سەر باری دەزگای سەرپەرشتیاری پەروەردەیی و پسپۆڕی.

٢– پێشنیارکردن لەسەر سیستەم و چوار چیوەی هەڕەمی ڕێکخستن (هیکل تنظیمي) بۆ ئەو دەزگایە.

**لێژنەی پێنجەم :- لێژنەی کارگێری قوتابخانەکان**

ئەم لێژنەیە دەبێ پەیڕەوی ئەو خاڵانەی خوارەوە بکات لە کاتی ئامادەکردنی پێشنیارەکان:

١– لێکۆڵینەوە لە سەر باری کارگێڕی قوتابخانە/ خوێندنگا.

٢– ئامادەکردن و ڕاهێنانی پێشەنگی کارگێڕییەکان (القادة الاداریة) لەوانەی لێهاتوو بەتوانان بۆ هەڵسوڕاندنی کارو باری قوتابخانەکان بە بواری کارگێڕی – ژمێریاری – حاسیبەی ئەلیکترۆنی.

٣– لێکۆڵینەوە لەسەر چۆنیەتی دەست نیشان کردن و دامەزراندنیان بە گوێرەی مەرجەکانی پەروەردەیی.

٤– بیرکردنەوە لە چۆنیەتی پێدانی پاداشت کردنیان.

**شەشەم : لیژنەی ئەزموونەکان**

ئـەم لیژنەیـە پـەیڕەوی ئـەو بڕگانـەی خـوارەوە دەکـات لـەکاتی ئامـادەکردنی پێشنیارەکان:

١- گـەڕان بـەدوای بـەکارهێنانی شـێوازی تـازە بـۆ هەڵسـەنگاندنی ئـەدای خوێنـدکاران و قوتابیـان لـە هـەموو قۆناغـەکانی خوێنـدن کـە بگـونجێ لەگـەڵ تەمەنیان و ئاستی خوێندنیان.

٢- دانانی شێوازی تاقی کردنەوەی تـازە بـۆ هەڵسـەنگاندنی ئاسـتی فێرکردنـی مامۆستایانی قۆناغی سەرەتایی و دواناوەندی وە تا چ ڕادەیەك قوتابی سـوودی لێ وەرگرتووە.

**حەفتەم : لیژنەی زانیاری وانە (تەقەنیات ) وە هۆیەکانی فێرکردن**

ئەم لیژنەیە لێکۆلینەوە لەسەر بەکارهێنانی هۆیەکانی فێرکردنی تازە لەوانەی (کۆمپیوتەر – تەلەفزیون– هۆیانی بینین و بیستن).

**هەشتەم : لیژنەی چالاکی وەرزشی و هونەری**

ئـەم لیژنەیـە ڕەچـاوی ئـەم بڕگانـەی خـوارەوە دەکـات لـەکاتی ئامـادەکردنی ڕاپۆرتەکان

١- گفتوگۆ کردن لەسەر تێگەیشتنی پەروەردەی وەرزشی و گرنگیەکـەی و ڕۆڵی لە پێگەیاندنی نەوەیەکی ساغ بۆ ئـەوەی گەشـە بـە توانـای وەرزشـیان بـدرێت، هەروەها چاندنی تێگەیشـتنی مرۆیـی لـە وانـە لێ بـوردن –خوشەویسـتی – خـو ڕەوشت .

٢- گفتوگۆ کردن لەسەر ئەو هۆیانەی دووریان دەکاتەوە لە دیاردەی نابەجێ لە ناو کۆمەڵ و قوتابخانە بە تایبەتی – جگەرەکێشان – مادە بێ هۆش کەرەکان.

٣- گەران بەدوای ئەو هۆیانەی دەست نیشانی بەهرەداران لە بواری هونەری بە هەموو شێوەیەکانیەوە وەکو تەشکیلی - شانو - گۆرانی...هتد ·

٤- گەڕان بەدوای چۆنیەتی دابەش کردنی پێداویستییە تازەکان بۆ هاندانیان بەرەو هونەر و گەشەی پێ بدەن·

٥- هەولّ دان بە دۆزینەوەی بەهرەداران و توانایان لە بواری هونەری·

**نۆیەم : لیژنەی سیستەمی پەروەردەیی لە هەموو قۆناغەکانی خوێندن**

١- لێکۆلینەوە لەسەر باری سیستەمی پەروەردەیی لە هەموو قۆناغەکانی خوێندن و ئەو بڕگانەی کە گۆڕانکاری لەسەر دەکرێت دەبێ بە گوێرەی پێویستی هەرێم بێت و شان بە شانی ئەو گەشە پێدانەی ڕامیاری و ئابووری و کۆمەلاّیەتی شۆرشی تەکنۆلوژی بێت·

٢- لێکۆلینەوە لەسەر چوار چیوەی قۆناغەکانی بکرێت و توانای چاو پێ خشاندن دابەش بکرێت بە گوێرەی سالّەکانی خوێندن و پسپۆرایەتی·

**دەیەم / لیژنەی پەیوەندی نیوان قوتابخانە و مالّەوە و ڕابەرێتی پەروەردەیی و قوتابخانە بەبێ توندو تیژی**

**ئەم لیژنەیە :**

١- لێکۆلینەوە لەسەر توانای هاندانی باوکان ودایکان بە هاوکاری کردنی قوتابخانە و بەشداری کردن لە فێرکردنی منداڵەکان و گەشەپێدانیان ·

٢- توانای بەشداری کردنی باوکان و دایکان لە هەلّسوڕاندنی کاروباری قوتابخەکان و خوێندنگاکان بۆ چارەسەر کردنی گیروگرفتیان ·

٣- گەران بەدوای دۆزینەوەی هۆیەکانی تازە و بایەخ دان بەڕابەرێتی پەروەردەیی لە قوتابخانەکان بۆ ئەوەی قوتابی هان بدات پیشەیی گونجاو هەلبژێرێت لە دوا ڕۆژدا بەمەرجێك بگونجێ لەگەلّ توانایان ·

**بەڕێزان:-**

ڕێگا لە پێشمان زۆر گرانە و دوورو درێژە ناتوانین ئەوانەی باسمان کرد لەو کۆنگرەیە جێبەجێ بکەین بەلام ئەوە یەکەم هەنگاوە ئەگەر ئەمە ڕاستەو دەگەین بە ئامانجەکانمان.

دەبێ بە هەموو لایەکمان هەوڵ بدەین کۆمەڵگەکەمان فێر بکەین بۆ ئەوەی بەشدار بێت لە دروست کردنی ئابووریەکی گەشەپێدراو لە کوردستان.

**هەندێ تێگەیشتنی بنەڕەتی بۆ گەشە پێدانی کۆمەڵ وەکو:**

- خۆشەویستی وڵات.
- لێبوردەیی ئایینی و نەتەوەیی.
- چۆنیەتی پەیڕەوکردنی دیموکراتی و ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤ.
- ڕێزگرتن لە بیروڕای خەڵك.
- خۆشەویستی کارکردن و دڵسۆزی لە جێبەجێکردنی.
- ڕێزگرتن لە کات.
- لە کۆتایی هەموو کاتێك مافی هەیە و ئەرکی لەسەرشانە.

## کارەکانی کۆنگرە:

**ڕۆژی یەکەم ٢٠٠٧/٥/٢٢**

وە لە پێناو سوود وەرگرتن لە ئەزموونی وولاتانی پێشکەوتوو لە بواری پەروەردە و فێرکردن، ژمارەیەك لە شارەزایانی کوردی بیشتەجێ لە ولاتە جیاجیاکانی ئەوروپا بەشداریان لە کارەکانی کۆنگرە کرد، چەند سیمنارییان پێشکەش کرد و لە لایەن ئەندامانی کۆنگرە گفتوگۆی تیروتەسەلیان لە سەرکرا و بابەتی سیمنارەکان ئەمانە بوون:-

١- بنبڕ کردنی دیاردەی وازهێنان لە خوێندن ڕیفۆرمی سیستەمی فێرکاری
هومەر قەرەداغی
٢- سیستەمی پەروەردە لە سوید / موحسین جوامێر
٣- خۆ بەرپرسیاریەتی بۆ فێربوون / یوسف رشید
٤- ستراتیژی نوژەنکردنەوە / کوسار عزت ، پەروین محمد
٥- ڕۆڵە گیان بە کوردی بڵێ خوێندنی زمان و ئەدەبی کوردی لە قۆناغەکانی ناوەندی و دواناوەندی لە کوردستاندا. / فەرهاد شاکەل
٦- رۆلی تەکنولۆژیا و ئاڵوگۆرکەری لە بواری بەرەو پێشبردنی خوێندنی پەروەردەیی لە کوردستان / د. سەروەت عبدالله
٧- هەراسان کردنی منداڵ / فایق سعید
٨- فەلسەفە بۆ منداڵ / کەریم مستەفا

**لە رۆژی دووەم ٢٠٠٧/٥/٢٣**

لە سەرەتاوە لێژنەی دارشتن دەست نیشان کرا بۆ یەك کردنەوەی ئەو بیرو بۆ چوون و پێشنیارانەی کە لە لایەن لێژنەی تەوەرەکان و ئەو پسپۆرو شارەزایانەی لە دەرەوەی هەرێم بە شداریان لە کۆنگرەو جگە لە مامۆستایان لە بواری پەروەردە و فێرکردن لە پارێزگاکان گفتوگویەکی تێروتەسەل لەسەر پێشنیارو راسپاردەکانی لێژنەی تەوەرەکان بە دوورو درێژی کرا.
گفت و کۆکردنەکەش بە سیستەمی گروپ بەرێوە چوو پاشان پوختەی راپۆرتەکان لە لایەن لێژنەکان پێش کەش بە لێژنەی دارشتن کرا .

**رۆژی سێ یەم ٢٠٠٧/٥/٢٤**

**پێشنیارو راسپاردەکان لە لایەن سەرۆکی لێژنەکان خوێندرایەوە کە پێك هاتبوو لەم تەوەرانە:-**

١- تەوەری نەهێشتنی نەخوێندەواری و فێرکردنی تەوزیمی و باخچەی ساوایان.

٢- فێرکردنی پیشەیی و ئامادەیی.

٣- پێگەیاندنی مامۆستایان ( پەیمانگاکان ، ڕاهینان).

٤- سەرپەرشتیاری پەروەردەیی و پسپۆری.

٥- کارگێڕی قوتابخانەکان.

٦- ئەزموونەکان.

٧- زانیاری(تەقەنیات)و هۆیەکانی فێرکردن.

٨- چالاکی وەرزش و هونەری.

٩- سیستەمی پەروەردەیی لە هەموو قۆناغەکانی دەخوێندن

١٠- پەیوەندی نێوان قوتابخانەو ماڵەوە ڕابەرێتی پەروەردەیی و قوتابخانە بەبێ توندو تیژی.

**سوپاس و پێزانین جەنابی وەزیری پەروەردە د.(دلشاد عبدالرحمن محمد) بۆ میوانە بەڕێزەکان:-**

لە کۆتایی خوێندنەوەی پێشنیارو ڕاسپاردەکانی بەرێز وەزیری پەروەردە سوپاس و پێزانینی خۆی پێش کەش بە هەموو لایەنە حکومییەکان و رێکخراوە بیانیەکان و مامۆستایان و شارەزایان و ئەو بەرێزانەی کە لە دەرەوەی هەرێم بەشداریان بە بیرو بۆچوونی بە سوود پێش کەش بە کۆنگرە کرد هەروەها سوپاسی سەرۆك و ئەندامانی لێژنەی تەوەرەکان و ئەندامانی لێژنەی باڵای ئامادە کردنی کۆنگرە گشت ئەو فەرمانبەرانەی کاری پێویستیان ئەنجام دابوو بۆ سەرکەوتنی کۆنگرە و لە دوا رۆژی ٢٠٠٧/٥/٢٤ کۆنگرەکە بە سەر کەوتووی کۆتایی پێهات.

## ئەم وێنانەی خوارەوە چەند لایەنێکی کۆبوونەوەی لیژنەی تەوەرەکانە:







لیژنەی پلاندانان








لیژنەی راگەیاندن



لیژنەی سەرپەرشتیاریی


22 5 2007


22 5 2007



لیژنەی پەیمانگاكان



لیژنەی ئەزموونەكان







لێژنەی پەیوەندی نێوان قوتابخانەو ماڵەوە



لێژنەی فێرکردنی ناوەندی






لیژنەی فێرکردنی سەرەتایی




23 5 2007


23 5 2007

## بەشی دووەم:

### ئەو چالاکیانەی ئەنجام دراون دەربارەی کۆنگرەی پەروەردەیی

بە مەبەستی خۆ ئامادەکردن بۆ کۆنگرەی پەروەردەیی و سەرکەوتنی بۆ ئەوەی ئەنجامێکی باش بەدی بێنی ئەم چالاکیانەی خوارەوە ئەنجام دراوە .

١. پێك هێنانی لیژنەی بالای ئامادەکاری کۆنگرەی پەروەردەیی بە پێی فەرمانی وەزاری ژمارە (٢٥٢) لە ٢٠٠٦/٧/١٦ بە سەرۆکایەتی وەزیری پەروەردەو ئەندامیەتی بەڕێوەبەرە گشتییەکانی وەزارەت و بەڕێوەبەرە گشتییەکانی پەروەردەیی گشتی پارێزگاکان و نوێنەری یەکێتی مامۆستایانی کوردستان بۆ ئامادەکردنی تەوەری کۆنگرە.

٢. لە رۆژی ٢٠٠٦/٧/٢٥ و ٨/٩/ یەکەم و دووەم کۆبوونەوەی لیژنەی بالای کۆنگرە ئەنجامدرا بۆ دانانی میکانیزمێك بۆ خۆئامادەکردن بۆ کۆنگرەی پەروەردەیی پاشان چەندین ڕێنمایی و پێشنیار پێشکەش کرا بۆ ئەم مەبەستە.

٣. بەپێی فەرمانی وەزاری ژمارە (١٠٧٥٦) لە ٢٠٠٦/٧/٢٥ لیژنەی تەوەرەکان دەست نیشان کرا و بەگوێرەی ئەم تەوەرانەی خوارەوە :

أ- گەشەپێدان و پێداچوونەوەی پرۆگرامی خوێندن.

ب-دەستەی مامۆستایان لەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی زانستیان و بژێوی ژیانیان - ڕاهێنانیان).

ج- گەشەپێدانی دەزگای سەرپەرشتیاری پەروەردەیی و پسپۆری .

د- ئەزموونەکان.

هـ- میلاکات.

و- سیستەمی قوتابخانەکان.

ر- ڕاگەیاندنی پەروەردەیی.

ز- چالاکی وەرزش و دیدەوانی و هونەری.

س- پرۆگرامی زمانی عەرەبی - سریانی - تورکمانی.

ش- فێرکردنی سەرەتایی (باخچەی ساوایان - نەهێشتنی نەخوێندەواری).

ص- فێرکردنی دواناوەندی و پیشەیی.

ض- پەیمانگاکان.

ط- نەخشەکێشان و بیناسازی.

ظ- توێژینەوەو لێکۆڵینەوە.

ع- گەشەپێدانی کارگێڕی قوتابخانەکان.

٤. لە ٢٠٠٦/٨/١٦ لێژنەیەك پێك هێنرا بۆ سەرپەرشتی کردنی لێژنەی تەوەرەکان بە فەرمانی وەزاری ژمارە (١٢٠٤٢).

٥. بەپێی فەرمانی وەزاری ژمارە (١٢٨٩٢) لە ٢٠٠٦/٨/٣٠ داوا لە سەرۆك و ئەندامانی لێژنەکان کرا ڕاپۆرت ئامادە بکەن ، ئەوەی شایانی باسە (٦٠٤) ئەندام دەست نیشان کران بۆ ئامادەکردنی ڕاپۆرتەکان لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر/ سلێمانی/ کەرکوك/ دهۆك/ گەرمیان/ ڕانیە/ وبەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی کۆیەو چەمچەماڵ ، لە بەرواری ٢٠٠٦/٨/٣٠ هەتا ٢٠٠٦/٩/٢٠، (٤١٢) ئەندام ئامادەبوون لە یەکخستنیان کۆبوونەوەی یەکەم دەستیان بەکارکردن کرد و بۆ تاوتۆکردنی ڕاپۆرتەکان و کردنیان لە یەك ڕاپۆرت بەپێی ئەم خشتەیە.

# خشتەی ئامادەبوونی ئەندامان

| تەوەرەکان | دیوانی وەزارەت | هەولێر | سلێمانی | دهۆک | کەرکوک | گەرمیان | کۆیە | ڕانیە | هەڵەبجەی شەهید | کۆی ئەندامان |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارەی ئەو ئەندامانەی لە کۆبوونەوە ئامادە دەبن | | | | | | | | | |
| پرۆگرامەکان | ١٥ | ٦ | ٦ | ٤ | ١ | ١ | ٢ | ٢ | ٢ | ٤٠ |
| نەخشەکێشان | ٧ | ٣ | ٣ | ٣ | ١ | ١ | ٢ | ٢ | ٢ | ٢١ |

| تەوەرەکان | | دیوانی وەزارەت | هەولێر | سلێمانی | دهۆک | کەرکوک | گەرمیان | کۆیە | ڕانیە | ی | کۆی ئەندامان |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | ژمارەی ئەو ئەندامانەی لە کۆبوونەوە ئامادە دەبن | | | | | | | | | |
| سەرپەرشتیاری | | ٤ | ٤ | ٣ | ٢ | ١ | ١ | ٢ | ٢ | ٢ | ٢١ |
| ڕاگەیاندن | | ٤ | ٣ | ٢ | ١ | ١ | ١ | ٢ | ٢ | ٢ | ١٨ |
| چالاکی وەرزشی | | ١٠ | ٩ | ٤ | ٤ | ١ | ١ | ٢ | ٢ | ٢ | ٣٥ |
| ئەزموونەکان | | ٤ | ٤ | ٥ | ٢ | ١ | ١ | ٢ | ٢ | ٢ | ٢٣ |
| میلاکات | | ٣ | ٢ | ٣ | ٢ | ١ | ١ | ٢ | ٢ | ٢ | ١٨ |
| سیستەم | | ٤ | ٣ | ٣ | ٢ | ١ | ١ | ٢ | ٢ | ٢ | ٢٠ |
| کارگێری | | ٥ | ٥ | ٤ | ٣ | ١ | ١ | ٢ | ٢ | ٢ | ٢٥ |
| توێژو لێکۆڵینەوە | | ٤ | ٣ | ٣ | ١ | ١ | ١ | ٢ | ٢ | ٢ | ١٩ |
| دەستەی مامۆستایان | | ٥ | ٥ | ٤ | ٣ | ١ | ١ | ٢ | ٢ | ٢ | ٢٥ |
| فێرکردنی سەرەتایی | باخچە | ٣ | ١ | ١ | ١ | ١ | ١ | ١ | ١ | ١ | ١١ |
| | سەرەتایی | ٤ | ٣ | ٤ | ٢ | | | ٢ | ٢ | ٢ | ١٩ |
| | نەخوێندەواری | | ٢ | ٢ | ١ | ١ | | ١ | ١ | ١ | ١٠ |
| فێرکردنی ناوەندی | ناوەندی | ٤ | ٣ | ٣ | ٢ | ١ | ١ | ٢ | ٢ | ٢ | ٢٠ |
| | پیشەیی | ٢ | ٢ | ١ | ٢ | ٢ | | ٢ | ٢ | ٢ | ١٥ |

| تەوەرەکان | | دیوانی وەزارەت | هەولێر | سلێمانی | دهۆک | کەرکوک | گەرمیان | کۆیە | ڕانیە | هەڵەبجەی شەهید | کۆی ئەندامان |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | ژمارەی ئەو ئەندامانەی لە کۆبوونەوە ئامادە دەبن | | | | | | | | | |
| پرۆگرامی | عەرەبی | ١ | ١ | ١ | ١ | ١ | ١ | ١ | ١ | ١ | ١٢ |
| | سریانی | ١ | ٢ | ١ | ٢ | | | | | | ٦ |
| | تورکمانی | ٢ | ٢ | | | | | | | | ٤ |
| پەیمانگاکان | | ٣ | ٣ | ٣ | ٣ | ٢ | ١ | ٢ | ٢ | ٢ | ٢١ |
| پێداویستیەکان | | ٥ | ٥ | ٥ | ٥ | ٢ | ١ | ٢ | ٢ | ٢ | ٢٩ |
| کۆی گشتی | | ٤١٢ | | | | | | | | | |

٦. له ٢٠٠٦/٨/٨ داوا له سەرۆكایەتی زانكـۆی صـلاح الـدین كـرا كـه هاوكـاری وەزارەتـی پـەروەردە بكـات بـۆ پێـدانی هەنـدێ زانیـاری بـەپێی نووسـراوی ژمـارە (١١٥٩٩) لــه ٢٠٠٦/٨/٨ و هــەروەها بــه نووســراوی ژمــارە ١٢/٠٣٠ لــه ٢٠٠٦/٨/١٧ ئاراستەی زانكۆی كۆیە و دهۆك و سلێمانی كرا بۆ هاوكاری كردن.

٧. لێژنەی ڕاگەیاندن پێك هێنـرا بـۆ مەبەسـتی ئامـادەكردنی دروشـم و مانشـێتی پەروەردەیی بەپێ ی فەرمانی وەزاری ژمارە (١١٩٦٩) له ٢٠٠٦/٨/١٥ .

٨. داوا لەگشت وەزارەتەكان و ڕێكخراوە حكومی و نـاحكومی و جەماوەرییـەكان و میـدیاكان و گشـت دام و دەزگـا سـەربەخۆیەكان و كەرتـە تایبەتیـەكان و كەسـانی ڕۆشنبیر و پەروەردەیی كرا بەپێی نووسراوی ژمـارە (١٠٨٧٧) لـه ٢٠٠٦/٧/٢٦ بـه مەبەستی هەلسـەنگاندنی ڕەوشـی پـەروەردە و فێركـردن و نـاردنی بـیرو بۆچـوونیان دەربارەی پەروەردەو فێركردن بۆ هەریەك لـەم لایەنانـە چـەند كـارتێكی تایبـەت بـه ئامانجی كۆنگرە ڕەوانە كرا ئەمەش دەقی ناوەڕۆكی كارتەكەیە :

بەشداربوون لە چاكسازی پەروەردەییدا

ئەركێكی نیشتمانی و مرۆڤایەتی هەموو توێژەكانی كۆمەڵ

پێشكەشكردنی ڕاوبۆچوون و پێشنیارتان لە بارەی

چاكسازی پەروەردەییەوە دڵنیابوونە لە ئایندە

بەڕێز ................ ..... ........................

بەرەو كۆنگرەی پەروەردەیی لە كوردستان

بە مەبەستی پێش خستنی پرۆسەی پەروەردەو گۆڕانكاری لەم بوارەدا لەسەر بنەمایەكی زانستی . بە هاوبەشی بوونی هەموو توێژو چینەكانی كوردستان ، داوا لە بەڕێزتان دەكەین بەشداریمان بكەن وەكو ئەركێكی نیشتمانی پیرۆز لە دەستنیشانكردنی :

١. ئەو بوارە پەروەردەییانە چین كە پێویستە بگۆڕدرێن ؟

٢. بۆ پێویستە بگۆڕدرێن ؟

٣. چۆن بگۆڕدرێن ؟

د. دلشاد عبدالرحمن محمد

وەزیری پەروەردە

٩. داوا لـه دەزگاکـانی ڕاگەیانـدن کـرا بـە گرێـدانی مێزگـرد و کـۆڕو سـیمینار دەربـارەی تـاوتوێکردنی بوارەکـانی پـەروەردەو فێرکـردن وە دەسـت نیشـان کردنی گیروگرفتەکانی بەپێ ی نووسراوی ژمارە (١٨٦١٨) لە ٢٠٠٦/١١/١٣ .

١٠. لــە ٢٠٠٦/١٠/١١ کۆبوونــەوەی دووەمــی ئەنــدامانی لیژنــەی تــەوەرەکان ئەنجامـدرا بـە ئامـادەبوونی نزیکـەی (١٥٠) ئەنـدام بـەپێی نووسـراوی ژمـارە (١٦٦٣٥) لە ٢٠٠٦/١٠/١٥ .

لەوانەی لە کۆبوونەوەی یەکەم بەشدار نەبوون :

١١. داوا لــە گشــت بەڕێوەبەرایەتییــە گشــتییەکانی پــەروەردە لــە پارێزگــای هــەولێر–دهــۆك – ســلێمانی – گــەرمیان – ڕانیــە – کــەرکوك و پــەروەردەی قەزاکان کرا کە کۆنفرانسی خۆیان ببەستن بەپێی نووسراوی ژمارە (١٨٦١٩) لە ٢٠٠٦/١١/١٣ ئەم کۆنفرانسانە ئەنجام دران.

١٢. لێکۆلینەوەیەکی تێروتەسەل کرا لەسەر بیروڕای قوتابیان و خوێندکاران بـە مەبەسـتی دەسـت نیشـان کردنـی گیروگرفتیـان و چارەسـەر کردنـی ، بـۆ ئـەم مەبەستە فۆرمی تایبەت بەسەر (١٤٦٠) قوتابی – خوێنـدکار کـە (٣٥) پرسـیار لـەخۆی دەگرێـت لـە پـەروەردەی هـەولێر – دهـۆك – سـلێمانی – گـەرمیان – قەزای شەقلاوە – چۆمان – سیمێل – ئامێدی زاخۆ – دوکان کـرا بـەپێی ئـەم خشتەی خوارەوە.

خشتەی دابەش کردنی فۆرم لەسەر قوتابخانەکان

| ژ | پەروەردە | ژمارەی قوتابخانەو خوێندنگا | | ژمارەی قوتابی خوێندکار | | کــۆ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | کوڕان | کچان | نێر | مێ | |
| ١ | ب.گ.پ. هەولێر | ٢٥ | ١٠ | ١٦٨ | ١٤٩ | ٣١٧ |
| ٢ | ب.گ.پ. شەقلاوە | ٥ | ٢ | ٥٠ | ٢٠ | ٧٠ |
| ٣ | ب.گ.پ. چۆمان | ٥ | ٢ | ٤٨ | ٢٢ | ٧٠ |
| ٤ | ب.گ.پ. سلێمانی | ٢٥ | ١٠ | ٢٥٠ | ١٠٠ | ٣٥٠ |
| ٥ | ب.گ.پ.دۆکان | ٥ | ٢ | ٥٠ | ٢٠ | ٧٠ |
| ٦ | ب.گ.پ.دهۆك | ٢٥ | ١٠ | ١٣٥ | ٦٥ | ٢٠٠ |
| ٧ | ب.پ. زاخۆ | ٥ | ٢ | ٧٢ | ٥٠ | ١٢٢ |
| ٨ | ب.پ. ئامێدی | ٣ | ٢ | ٧٦ | ٣٢ | ١٠٨ |
| ٩ | ب.گ.پ. هەڵەبجە | ٢ | ٢ | ٨٨ | ٤٠ | ١٠٨ |
| ١٠ | ب.پ. سیمێل | ٢ | ٢ | ٢٢ | ٢٢ | ٤٤ |
| | کۆی گشتی | ١٠٢ | ٤٤ | ٩٣٩ | ٥٢٠ | ١٤٥٩ |

١٣.نووسراوێك ئاراستەی وەزارەتی خوێندنی بالاَ کرا بۆ هاوکاری کردن لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە بە دەوڵەمەندکردنی ڕاپۆرتەکان .

١٤.کۆبوونەوەیەکی فراوان ئەنجام درا لەگەڵ فیدڕاسیۆنی قوتابیان و خوێندکاران بۆ وەرگرتنی بیروڕای قوتابیان و خوێندکاران و چۆنیەتی بەشداربوونیان لە کۆنگرە.

١٥.لێژنەی بالاَی کۆنگرە کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ لێژنەی پەروەردەیی لە پەرلەمانی کوردستان ئەنجام دا بە مەبەستی دانانی ئالیەتی جێ بەجێ کردنی کۆنگرە.

١٦. دوایین کۆبوونەوە لەکاتژمێر (١٠)ی ڕۆژی ٢٠٠٧/٤/١ لە پاشکۆی وەزارەت ئەنجام درا بە ئامادەبوونی (٩١) ئەندام لەوانە :

| ژمارە | ناونیشان |
|---|---|
| ٤ | ئەندامی پەرلەمان . |
| ١٧ | بەڕێوەبەری گشتی . |
| ٢٣ | مامۆستایانی زانکۆی صلاح الدین . |
| ٨ | مامۆستایانی زانکۆی دهۆك . |
| ٣ | سەرپەرشتیاری پسپۆری . |
| ١٠ | شارەزاو ڕاوێژکار . |
| ٢٠ | بەڕێوەبەری بەشەکانی پەروەردە . |
| ٢ | بەڕێوەبەری قوتابخانە نموونەییەکان . |

بۆ یەکگرتنەوەی ئەو پێشنیارانەی لەلایەن کۆمەڵەی فیدراسیۆنی قوتابیان- خوێندکاران لە ئەنجامی کۆنفرانسەکەیان ئامادە کرابوو . بۆ ئەوەی لەیەك ڕاپۆرت پێشکەش بە کۆنگرە بکرێت.

**ئەو نامەو پێشنیارانەی گەیشتە لیژنەی باڵا لە لایەن کەسانی شارەزا و پسپۆر ئەمانەن :**

١. مانشێتی دامەزراندنی کۆمەڵەی مامۆستایانی زمانی ئینگلیزی.

٢. فێرکردن بە کۆمپیوتەر.

٣. یاداشتی کۆمەلەی کۆمەڵناسی کوردستان – لقی هەولێرو سلێمانی و سەنتەری توێژینەوەی کۆمەڵایەتی و تاوان – سلێمانی .

٤. راپۆرتێک دەربارەی زمانی عەرەبی لە قۆناغی سەرەتایی لەلایەن سەرپەرشتیار (سعید مولود حسن).

٥. هەندێ سەرنج و پێشنیار لە لایەن (د.سلام فەرەج كريم) كۆلێژی زمان.

٦. کەم و کورییەکانی بەردەم پرۆسەی خوێندن – مامۆستا (عبید خدر).

٧. بواری پەروەردە لە هەرێمەکان و چەند تێبینیەك (سۆران عزالدین فیضي) مامۆستای خانەنشین.

٨. پێشنیارو بیروبۆچوون (د.هەڤاڵ عبدالكريم) رێکخەری پرۆگرام و رێکخراوی هاریکار – دهۆك .

٩. پەروەردە ماڵی هەموان (د.نعمت عبدالله پیرداود) هەولێر دەربارەی پەروەردەو چارەسەری ئاستەنگەکان.

١٠. (٣٠) پێشنیار بۆ چاککردنی پەروەردەو فێرکردن لە کوردستاندا لەلایەن (ئازاد حمد شەریف) م.ی. راوێژکاری پەروەردەی رێکخراوی (UNESCO) .

١١. باری ئێستای کوردستان – چۆنیەتی زمانی عەرەبی– کێشەی مامۆستای زمانی عەرەبی لەلایەن (جلال محمد فرج) (بابا رسول اسماعيل) .

١٢. پلانی پەروەردە لەشاری کارلستاد – سوید لەلایەن _هناء جلال) .

١٣. راپۆرتێك لەلایەن (رێزان سعيد حمه شريف) بەشی یاسای هەلەبجە .

١٤. راپۆرتێك لەلایەن (فایەق سعید) لە ستۆكهۆلم – چەند پێشنیارێك بیروبۆ چونێك لە ٢٠٠٦/٧/٣١ .

١٥. نامەیەك لەلایەن (كایو الیاسی) لە سوید بۆ لێژنەی باڵای كۆنگرە .

١٦. ئالیەتی كۆنگرەی پەروەردەیی و چەند پێشنیارێك لەلایەن (صلاح حسن الجاف) .

١٧. راپۆرتێكی تێروتەسەل لە لایەن دەستەی بەڕێوەبردن و پلان دانانی پەیمانگەی نۆژەنكردنەوەو گەشەپێدانی پەروەردە و خزمەتگوزاری بەیارمەتی زانكۆكانی هۆلەندە لە لایەن (kezzat) .

١٨. (طارق هادي) لە نەرویج داوای بەشداری كۆنگرە دەكات .

١٩. نامەیەك لەلایەن (اسعد حمید اسماعیل) .

٢٠. چەند پێشنیارێك لەلایەن (احمد حامد قادر) نووسەرو ڕۆژنامەنووس / سلێمانی.

٢١. چەند پێشنیارێك لەلایەن (د.رضوان بادینی) دەربارەی پرۆگرامەكان .

٢٢. پرۆژەیەك لەلایەن (ابراهیم محمد عزیز) دەربارەی بطاقەی مدرسی .

٢٣. راپۆرتی پەروەردەیی تایبەت لەلایەن (پرشنگ حسین علی) سەرپەرشتیاری پەروەردە .

٢٤. باشكردنی سیستەمی خوێندن لەلایەن دكتۆر (سەپان) .

٢٥. كارخانەی دانانی پرۆگرامی خوێندن لەلایەن (شاهۆ فهمی جلال احمد) سوید .

٢٦. اقتراحات لتطویر المناهج التعلیمیة – اتحاد العلماء في كردستان العراق- دهۆك .

٢٧. پێشنیاری پەروەردەیی لەلایەن (یوسف عثمان عەوینەیی) .

٢٨. كۆبوونەوەی زمانی خوێندن – یەكێتی نووسەرانی كورد – دهۆك .

# ئەو رۆژنامانەی لەسەر بابەتی پەروەردەو کۆنگرە شتیان نووسیوە

| ژ | ناوی رۆژنامە | ژمارەی رۆژنامە | بەروار | بابەت | ناوی نووسەر |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | التآخي | | ٢٠٠٦/٨/١٤ | ممثلية تربية السويد تزور وزارة التربية | وزارە/ جمال هموندي |
| ٢ | خەبات | ٢٢٣٩ | ٢٠٠٦/٨/١٥ | شاندێکی بزووتنەوەی ئاشوری و نوێنەری پەروەردەی سوید سەردانی وەزارەتی پەروەدەی کوردستان دەکات | وەزارەتی پەروەردە |
| ٣ | ئاسۆی فێرخوازان | ٤٨ | ٢٠٠٦/٩ | رێژەی نەخوێندەواری لە هەرێمی کوردستان بەرەو کەم بوونەوە دەڕوات | نووسینی رۆژنامەکەیە |
| ٤ | خەبات | ٢٣٢٣ | /١١/١٣ ٢٠٠٦ | مامۆستایانی شۆرشی ئەیلول و بیرەوەری | عبدالواحد دیبەگەیی |
| ٥ | هەولێر پۆست | ٩٣ | /١١/١٢ ٢٠٠٦ | پرۆژەیەك بۆ رێکخستنەوەی سروودە نیشتمانییەکان لە قوتابخانەکاندا | هێمن مامەند |
| ٦ | ئاسۆی فێرخوازان | ٤٩ | ٢٠٠٦/١٠ | بەردەوام بوونی پرۆسەی فێرکردنی گەورە بەهێزکردنی گیانی نیشتمانپەروەریی و گۆرانکاری لە پەروەردەی منداڵ | نووسینی رۆژنامەکەیە |
| ٧ | خەبات | ٢٣٣١ | ٢٠٠٦/١١/٢ | رێکخستنی میلاك چارەسەری کێشەی کەمی مامۆستا لە کوردستاندا | بەکر کەریم حەسەن |
| ٨ | خەبات | ٢٣٣١ | ٢٠٠٦/١١/٢ | قوتابخانەی شەوێ لە کۆمەڵگەی تۆبزاوە کرایەوە | لاپەرەی پەروەردەو خوێندن |
| ٩ | خەبات | ٢٣٣٣ | /١١/٢٣ ٢٠٠٦ | گرنگی زمانی ستاندەردی کوردی لە سایەی ئازادیدا | جگەرسۆز |
| ١٠ | کوردستانی نوێ | ٤١٢٤ | /١١/١٩ ٢٠٠٦ | تا ئێستا گرتنی حیزبایەتی لە ناو ناوەندەکانی خوێندن هەر ماوە | مەریوان مەسعود |
| ١١ | کوردستانی نوێ | ٤١٢٥ | /١١/٢٠ ٢٠٠٦ | فرۆشتنی کتێبی قۆناغەکانی خوێندن | سەعید عبداللە |
| ١٢ | خەبات | ٢٣١٨ | /١١/٢٠ | خولێك بۆ وانەگوتنەوە بە کۆمپیوتەر | فریاد محەمەد |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | ٢٠٠٦ | | |
| ١٣ | خەبات | ٢٣١٨ | ٢٠٠٦/١١/٨ | یۆنیسێف و هاوکاری | پ. هەولێر |
| ١٤ | هاولاتی | ٢٩٨ | ٢٠٠٦/١١/١ | پۆلی یەکەمی سەرەتایی بە سیستمی کۆمپیوتەر دەخوێنن | پ. هەولێر |
| ١٥ | کوردستانی نوێ | ٦ | /١١/١٩ ٢٠٠٦ | بنووسە و ئینجا بخوێنە بە کۆمپیوتەر | سەعید هەولێر |
| ١٦ | کوردستانی نوێ | ٦ | /١١/١٩ ٢٠٠٦ | پێویستمان بە ١٢ بینا بۆ قوتابخانەی سەرەتایی و ١٨ بینا بۆ خوێندنگای ئامادەیی هەیە | کاروان یاروەیس |
| ١٧ | کوردستانی نوێ | ٦ | /١١/١٩ ٢٠٠٦ | چوار قوتابخانە بەم شێوەیە دەخوێنن | سکۆ چنارەیی |
| ١٨ | ئاسۆ | ٢٩٥ | /١١/١٤ ٢٠٠٦ | خوێندن لە رانیە بەپارەیە | هەواڵی ئاسۆ |
| ١٩ | ئاسۆ | ٢٩٥ | /١١/١٤ ٢٠٠٦ | مامۆستایانی ژن لە موسڵ بەردەوامن لە وانەوتنەوە | هەواڵی ئاسۆ |
| ٢٠ | ئاوێنە | ٤٦ | /١١/٢٨ ٢٠٠٦ | رەشبینی خۆمتان لە کۆنگرەی پەروەردەیی بۆ باسدەکەم | مەریوان سەلاح |
| ٢١ | ئاوێنە | ٤ | /١١/٢٨ ٢٠٠٦ | مەهزەلەی مەنحەکانی خوێندن (بابەت کۆمەلایەتیەکان)ی ناوەندەیی بە نموونە | ئارام عەلی سەعید |
| ٢٢ | ئاوێنە | ٤٦ | /١١/٢٨ ٢٠٠٦ | پەروەردە لە دولایەکان دەترسێ و خەمی منداڵەکانی نییە | یەحیا ئەحمەد |
| ٢٣ | کوردستانی نوێ پەروەردە | ٧ | /١١/٢٦ ٢٠٠٦ | ئەو مامۆستایانەی بە درێژایی پێنج وانە لەگەڵ قوتابییەکاندا لەسەر یەك رەحلە دادەنیشن | پەروەردەی نوێ سلێمانی |
| ٢٤ | کوردستانی نوێ پەروەردە | ٧ | /١١/٢٦ ٢٠٠٦ | لە قۆناغی دوای سەرەتایی لە ئەلمانیا جگە لە زمانی دایك جاری وا هەیە خوێندکار ێ زمانی تر فێر دەبێت | شەهاب عوسمان/ ئەلمانیا |
| ٢٥ | کوردستانی نوێ پەروەردە | ٧ | /١١/٢٦ ٢٠٠٦ | بەشی تایبەت هەیە بۆ پێگەیاندنی بەرێوەبەر تەنیا لەباری دەگمەندا مامۆستا بووتە بەرێوەبەر | نەوزاد عەلی عثمان/ سوید |
| ٢٦ | کوردستانی نوێ | ٧ | /١١/٢٦ | بۆ چۆنیەتی وتنەوەی وانەی ئینگلیزی | پەروەردەی نوێ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | پەروەردە | | ٢٠٠٦ | نوێنەری کۆمپانیای ماکمیلان دەگاتە هەرێمی کوردستان | |
| ٢٧ | کوردستانی نوێ | ٧ | /١١/٢٦ ٢٠٠٦ | ئەمجارەش خولێکی کۆمپیوتەر | سامان/ سلێمانی |
| ٢٨ | کوردستانی نوێ | ٧ | /١١/٢٦ ٢٠٠٦ | کۆنگرەیەکی گەرم و گوڕ بۆ تاقیکردنەوەی پەیمانگاکان | شەماڵ ئەحمەد |
| ٢٩ | کوردستانی نوێ | ٧ | /١١/٢٦ ٢٠٠٦ | هەشت مامۆستا ئەمە شوێنی پشوودانیانە لە دەربەندیخان ٩٦ مامۆستا دامەزراون | سیروان ژاژلەیی |
| ٣٠ | کوردستانی نوێ | ٧ | /١١/٢٦ ٢٠٠٦ | جگە لە یەکەی سەربەرشتیاری نابێت لە هیچ شوێنێکی دیکە دەوام بکەن | سەعید عبدالله |
| ٣١ | کوردستانی نوێ | ٧ | /١١/٢٦ ٢٠٠٦ | دەیانەوێت دیزاینی بینای خوێندنگا و قوتابخانەکان بدرێتە بەرێوەبەرایەتی بیناسازی | سارا حسێن |
| ٣٢ | هەولێر پۆست | ٩٨ | /١١/٢٩ ٢٠٠٦ | بەرێوەبەرایەتی پەروەردەی هەڵەبجەی شەهید سەلاحیاتی گرنگ لە دەست دەدات | ئاری عوسمان |
| ٣٣ | هەولێر پۆست | ٩٨ | /١١/٢٩ ٢٠٠٦ | تایبەتمەندییەکانی قوتابخانەی ئەلەکترۆنی | هەواڵ |
| ٣٤ | خەبات | ٢٣٣٧ | /١١/٢٧ ٢٠٠٦ | کۆڕیای باشوور بەرێوەچوونی توێژینەوەیەکی پەروەردەیی | هەواڵ |
| ٣٥ | خەبات | ٢٣٣٧ | /١١/٢٧ ٢٠٠٦ | چەند سەرنجێك دەربارەی پرسیارەکانی (مێژوو)ی پۆلی شەشەمی وێژەیی | ئاکۆ سابر عوسمان |
| ٣٦ | ئاسۆ | ٣٠٦ | /١١/٢٨ ٢٠٠٦ | رێکخراوەکانی قوتابیان باس لە هەڵبژاردن دەکەن | سۆران بالآنی |
| ٣٧ | الاتحاد | ١٤٣٨ | /١١/٢٩ ٢٠٠٦ | القيادات التربوية والمهارات المطلوبة | هادي الناصر |
| ٣٨ | الأتحاد | ١٤٣٨ | /١١/٢٩ ٢٠٠٦ | مؤتمر التعليم العالي الاول في كوردستان/ الايجابيات والسلبيات | د. فايق مصطفى |
| ٣٩ | الأتحاد | ١٤٣٨ | /١١/٢٩ ٢٠٠٦ | خصائص تربية الابداع في المؤسسة التربوية العراقية | وليد المسعودي |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٤٠ | الأتحاد | ١٤٣٨ | /١١/٢٩<br>٢٠٠٦ | من التاريخ التعليم في العراق | سيف الجبوري |
| ٤١ | التآخي | ٤٩٠٥ | /١١/٢٨<br>٢٠٠٦ | التربية الفنية وجماليات البيئة | د.عقيل مهدي |
| ٤٢ | التآخي | ٤٨٩٤ | /١١/١٢<br>٢٠٠٦ | وزارة التربية السورية تستوعب ١٤ الف تلميذ عراقي | وكالة التآخي |
| ٤٣ | كوردستاني نويّ | ٤١١٨ | /١١/١٢<br>٢٠٠٦ | وەزارەتی پەروەردە بە سیستەمی مامۆستایانی رابەری قوتابخانەکاندا دەچێتەوە | دڵدار حسن |
| ٤٤ | كوردستاني نويّ | ٥ | /١١/١٢<br>٢٠٠٦ | دانانی سەرپەرشتی بەپێی مەرجی تایبەت دەبێت | پەروەردە |
| ٤٥ | كوردستاني نويّ | ٥ | /١١/١٢<br>٢٠٠٦ | سیستەمی خوێندنیش گۆرانی دەوێت | لوقمان غفور |
| ٤٦ | كوردستاني نويّ | ٥ | /١١/١٢<br>٢٠٠٦ | کۆنگرەی چواری کارگێریی و داراییش دەگرێتەوە | سەعید عەبدوڵلا |
| ٤٧ | كوردستاني نويّ | ٥ | ٢٠٠٦/١١/١٢ | گەر کۆنگرە پەسەندی بکات زیاد کردنی وانەی وەرزش لە هەموو قۆناغەکاندا | پەروەردە نویّ |
| ٤٨ | كوردستاني نويّ | ٥ | ٢٠٠٦/١١/١٢ | لیژنەی خوێندن دواناوەندی و پیشەییەکان بۆ کۆنگرە : ئەوانەی دەرچووی کولێژی پەروەردە نین نابن بە مامۆستا | سارا موحین |
| ٤٩ | ئاسۆ | ٢٩٣ | ٢٠٠٦/١١/١٢ | بە شدارانی خولی هاوینەییەکان هیچ فێر نەبوو | قومریه صدیق/ سلێمانی |
| ٥٠ | هاولاتی | ٣٠٢ | ٢٠٠٦/١١/٢٩ | ئاکامی کۆنفرانسە پەروەردەییەکانی سلێمانی بەرەو کوێمان دەبات | ئۆمید کاکە رەش |
| ٥١ | الصباح | ١٤٢٧ | ٢٠٠٦/١١/٢٣ | كيف نصل بطلبتنا الى درس نموذجي | عماد الطيب |
| ٥٢ | الصباح | ١٤٢٧ | ٢٠٠٦/١١/٢٣ | المناهج الدراسية...هل ان اوان يغييرها بالكامل | |
| ٥٣ | الصباح | ١٤٢٧ | ٢٠٠٦/١١/٢٣ | غضب الاطفال وكيفية احتوائه نصائح وارشادات | عذرا جمعة |
| ٥٤ | الصباح | ١٤٢٧ | ٢٠٠٦/١١/٢٣ | قبل ان تفهم طفلك بالحياء والكسل | سوزان كريم ناصر |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٥٥ | الصباح | ١٤٢٧ | ٢٠٠٦/١١/٢٣ | العنف عند الاطفال .. سلوك مكتسب ام عوامل وراثية | حسين علي |
| ٥٦ | الصباح | ١٤٢٧ | ٢٠٠٦/١١/٢٣ | عمل الاطفال واثره في انحرافهم | ولي خليل الخفاجي |
| ٥٧ | جەماوەر | ٢٠٢ | ٢٠٠٦/١٢/٤ | ئەو مامۆستایانەی کە زمانی کوردی دەڵێنەوە ئەو هونەریەیان نیە کە بێن هاوکاری چالاکی هونەریەکان بکەن | مؤيد عبدالله |
| ٥٨ | التآخي | ٤٩٠٦ | ٢٠٠٦/١١/٢٩ | اكتئاب الاطفال ناتج عن شعورهم بعدم الامان | علي خضر الساعدي |
| ٥٩ | ئاسۆ | ٢٩٧ | ٢٠٠٦/١١/١٦ | بەشداری ڤیستڤاڵی پەروەردەیی وڵاتانی دەریای ناوەراست دەکەن | تایبەت بە ئاسۆ |
| ٦٠ | ئاسۆ | ٢٩٦ | ٢٠٠٦/١١/١٥ | وەزارەتی پەروەردە قردێلەی سەوز و زەرد قەدەغە دەکات | علي |
| ٦١ | کوردستانی نوێ | ٤١٢١ | ٢٠٠٦/١١/١٥ | هەزار هاوڵاتی چاورێی بریاری وەزارەتی پەروەردە دەکەن | هاوكار محمد |
| ٦٢ | هەولێر پوست | ٩٣ | ٢٠٠٦/١١/١٢ | زمانەوانی | تاریق صالح |
| ٦٣ | خەبات | ٢٣٢٦ | ٢٠٠٦/١١/١٦ | چارەسەرکردنی کێشەی قوتابیان لە کۆمەڵگاکان | عدنان گەردی |
| ٦٤ | التآخي | ٤٩٠٠ | ٢٠٠٦/١١/١٩ | المرتبات والحوافز تمثل حجر الاساس في حياة الهيئات التدريسية | مجيد الامي |
| ٦٥ | خەبات | ٢٣٨٤ | ٢٠٠٧/١/٢٠ | علي وەردی دامەزرێنەری قوتابخانەی زانستی کۆمەڵناس | و: سەمەد جەلال |
| ٦٦ | خەبات | ٢٣٨٤ | ٢٠٠٧/١/٢٠ | چاودێری نەهێنی لە ناو قوتابیان مانای چییە ؟ | ن: حمید مەتبەعی |
| ٦٧ | خەبات | ٢٣٨٣ | ٢٠٠٧/١/١٩ | شانۆی سویدی و خوێندنەوەی | ئاكۆ عبدالله |
| ٦٨ | خەبات | ٢٣٨٣ | ٢٠٠٧/١/١٩ | بەشداری کردنی هەردوو وەزارەتی پەروەردە خوێندنی باڵای حکومەتی کوردستان لە سیمناری Movin young meinds co . لەندەن بۆ وەزارەتەکانی پەروەردەی نیو دەوڵەتی | |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٦٩ | التاخي | ٤٩٤٣ | ٢٠٠٧/١/٢٢ | هل نجحت المدرسة الثانوية في اعداد الشباب لعالم العمل مبكراً في العراق | د. عبدالله سليم |
| ٧٠ | التاخي | ٤٩٤٣ | ٢٠٠٧/١/٢٢ | خصائص الاختبار الجيد | ضمياء حامد سهيل |
| ٧١ | التآخي | ٤٩٤٣ | ٢٠٠٧/١/٢٢ | التفاوت والتباين بين التعليم في الريف والتعليم في الحضر | فاضل طلال |
| ٧٢ | التآخي | ٤٩٤٣ | ٢٠٠٧/١/٢٢ | استخدام خدمات الاتصال في الانترنيت بفاعلية التعليم | حسام صباح |
| ٧٣ | التآخي | ٤٩٤٣ | ٢٠٠٧/١/٢٢ | امريكا تبحث اساليب تعليمية جديدة للتخلص من مدارسها الفاشلة | شبكة النبأ |
| ٧٤ | الاتحاد | ١٤٧٥ | ٢٠٠٧/١/٢٢ | المدارس العربية في كوردستان تشغيل من الطلاب والكادر التدريسي | خالد النجار |
| ٧٥ | شەفام | ٨٧ | ٢٠٠٧/١/٢٠ | بنوسە تینجا بخوێنە | نەرهاد |

# ڕاپۆرتی
# لیژنەی پەرەپیدان وپیداچوونەوەی  پرۆگرامەکان

# بەشی سێیەم:
# راپۆرتەکانی پێشکەش کراو بە کۆنگرە

## یەکەم / پەرە پێدان و پێداچوونەوەی پرۆگرامەکان

### پێشەکی

وەك ئاشکرایە پرۆگرام یەکێکە لە تەوەرە سەرەکییەکانی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن، بۆیە دەبێ بایەخێکی زۆری پێ بدرێ، چونکە مسۆگەر کردنی سەرکەوتنی پرۆسەی پەروەردە و خوێندن پەیوەستە بەئاستی سەرکەوتنی پرۆگرامەوە.

دەبێ ئەوەش فەرامۆش نەکەین کە پرۆگرام تەنها پەرتووکی خوێندن نییە، بەڵکو هەموو ئەو هۆ و فاکتەرانە دەگرێتە خۆی کە پێکهاتەی پرۆسەی پەروەردەن وەك مامۆستا و هۆیەکانی فێرکردن و دانانی پەرتووکی بابەتەکانی خوێندن.... هتد.

پرۆگرام لە کوردستان گەرچی پێشکەوتنی زۆری بەخۆوە نەبینیوە، بەهۆی ئەو بارودۆخەی کەلە کوردستان هەبوو، بەلاّم نکۆلی لەوە ناکرێ کە هەنگاوی باشی ناوە بۆ گۆڕین و پێش خستنی وەك زانراویشە، کەهەموو کاروانێك بەهەنگاوی یەکەم دەست پێ دەکا.

بەلاّم ئەم هەنگاوانە تا ئێستا لەئاستی مەبەست نەبوونەو و ئامانجی سەرەکییان بەدی نەهێناوە، هۆی ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ هۆکارێك کە ئەویش فەلسەفەی پەروەردەییە کە شێوازی کار دیاری دەکا، ئەم فەلسەفەیەش دەبێ دابرێژرێ لە پێناو دروست کردنی تاکێکی بەسوود و دروست لەکۆمەڵدا کەسایەتییەکی فێرخوازو باوەڕی بە دیموکراسی و مافی مرۆڤ هەبێ جگەلە ڕێزگرتنی لەهەموو بنەماسەرەکیەکانی نەتەوەکەی، فەلسەفەیەك بێت ڕەچاوی تایبەتمەندیەکانی پێکهاتەی کوردستان بکا، و ڕوحی هاونیشتمانی بوون و

ئینتیما لەلای تاك دروست بكا. دیار كردن و پەیرەو كردنی ئەم فەلسەفەیە ئامانجی پرۆسەی خوێندن و پەروەردە دیار دەكا، بەمەش دەبێتە ڕێ پێشاندەرو وفاكتەرێكی ئەكتیف بۆ پەرەپێدانی پرۆگرام و پێشخستنی، بەمەش هەموو ئەو گرفت و كۆسپانەی ڕێگرن لەبەردەم پرۆسەی خوێندن وەلادەچن، وە ڕێخۆشكەر دەبێت لەبەردەم پرۆسەی خوێندن و پەروەردە بۆ بەدیهێنانی ئامانجە تایبەتی و گشتییەكانی ، شاراوەش نییە كەتەنها داڕشتن و دانانی فەلسەفەی پەروەردەیی و لەئەنجام دا داڕشتنی پرۆگرام و جێ بەجێ كردنی بەس نییە بەڵكو پێویستی بەفاكتەری یاریدەدەر هەیە بۆ سەرخستنی ئەوەش بەتەرخان كردنی بوودجەیەكی شیاو بۆ كەرتی پەروەردەو خوێندن لە لایەن حكومەتەوە، چونكە وەك دەردەكەوێ و گومانیشی تێدانییە كە زۆربەی ئەو گرفتانەی دێنە ڕێ ڕێی ئەم پرۆسەیە، هۆی سەرەكی نەبوونی بوودجەی شیاوە بۆ وەزارەتی پەروەردە بە گشتی وبەشی پرۆگرام بە تایبەتیبۆ دابین كردنی هۆیەكانی فێركردن و تاقیگەو ئامرازەكانی و ئامێری پێشكەوتوو بۆ چاپخانەكان و دامەزراندنی تەلەفزیۆنی پەروەردەیی كەئەمانە هەر هەموویان پێكهاتەی ئەم پرۆسەیەن. بۆیە دەبێ هەموو لایەك بەیەك دەست كار بكەن بۆ سەرخستن و پێش خستنی پرۆسەی پەروەردە، چونكە ئامانجی ئەم پرۆسەیە پێكهێنانی كۆمەڵگایەكی مەدەنی و شارستانی و پێشكەوتوو و هاوچەرخە، كە لەتوانای دابێت بەجیهانی بێت و شان بەشانی گەلانی پێشكەوتوو لەڕێڕەوی پێشكەوتنی جیهاندا دوا نەكەوێ و كۆتایی هێنان بە دابەش كردنی كایە زانستیەكان لە بەرزەوە بۆ نزم و لابردنی كەلتووری پەروەردەی كۆن لە سەر دابەش كردنی تاك بۆ دوو جۆر سەركەوتوو و نا سەركەوتوو.

ئێمەش لە لیژنەی پەرەپێدانی پرۆگرام، ڕاپۆرتێكی تێروتەسەلمان نووسیوە لەسەر هەموو ئەو گرفتانەی كۆسپن لەڕێی پرۆسەی پەروەردە و چارەسەر و پێشنیارەكانمان دەست نیشان كردووە، بەهیوای ئەوەی لەم كۆنگرەیە بڕیاری شیاو وەربگیرێ بۆ چارەسەریان و بەدواداچوونی جێ بەجێ كردنی ئەو بڕیارانە.

ئەمەش هەمووی بێ گومان لەپێناو پێشخستن و سەرخستنی پرۆسەی پەروەردە وخوێندنە.

**پرۆگرامی خوێندن هۆی پەروەردە و فێرکردنە :**

لەبەر ئەوەی پرۆگرامی خوێندن هۆی پەروەردە و فێرکردنە واباشترە لەناو وەزارەتەوە دەست پێ بکەین بەگۆڕینی ناوی وەزارەتەکە لە وەزارەتی پەروەردە بۆ وەزارەتی پەروەردە و فێرکردن،لای هەمووشمان ئاشکرایە کە پرۆگرامی خوێندن بەهۆکار و ڕێگای پەروەردە و فێرکردن لە خامە دەدرێ لەگەڵ هەموو پێکهاتەکانیان بۆ بەئەنجام گەیاندنی ئامانجە داڕێژراوەکان لەگەشەپێدانی کەسایەتی فێرکار و بنیات نانی کۆمەڵگاو ئاراستەکردنی ، پرۆگرامیش تەنها بڕگە و دەستەواژەکانی فێربوون ناگرێتەوە، بەڵکو بایەخ بە لێهاتوویی و شارەزایی دەدات کە ئامادەکردن و پێگەیاندنی تاك پێویستیان پێیەتی، ئەم چەمکە فراوانەی پرۆگرام ئامانج و شێوازەکانی پەروەردە و فێرکردن و هەموو تەکنیکی پەروەردەیی وهۆیەکانی فێرکردن و چالاکی قوتابخانە لەخۆی دەگری و بۆ گەیشتن بە ئامانجە پەروەردەییەکان پێویستە ئامانجە گشتیەکانی پەروەردە لە فەلسەفەی پەروەردەیی ولات هەڵقولابێت.

فەلسفەی پەروەردە وا پێشنیاز کراوە کە لەسەر بنەمای چەسپاندنی بیری مرۆڤایەتی ونەتەوایەتی و نیشتیمانپەروەری و گەشەپێدان و بنیاد نانی کەسایەتیەکی لیبرالی ڕەخنە ئامێزی بڕیاردەر داڕێژرێ و بەرهەم بهێنێت بە شێوەیەك بیگوازێتەوە لەناوچەگەرییەوە بۆ جیهانیگیری بە ڕەچاوکردنی پێکهاتەی مۆزاییکی کوردستان و پابەندبوون بە دیموکراسی و بەهاو پێوەرە پەیوەستەکان و باوەڕبوون بە زانست و یەکسانی ڕاستەقینە و ڕەخساندنی هەلی فێربوون بۆ هەمووان بە ڕەچاوکردنی تایبەتمەندیەکانی کۆمەڵگای کوردستانی و هاندانی گیانی داهێنان.

بێ گومان ئامانجەگشتیەکانی پەروەردەش لەسەر بنچینە و بنەما سەرەکییەکانی فەلسەفەی پەروەردە دادرێژرێن کە ئامانجی هەر قوناغێك دیاری دەکات:

١- لە قوناغی سەرەتایی ئامانجی پەروەردە بایەخ دانە بە ئامادەکردنی لایەنی ڕەوشتی پەروەردەیی قوتابی و جەختکردنە لەسەر پەروەردەکردنی تاکێکی تەندروست و ڕێك وپێك چونکە قۆناغی دروست کردنی کەسێتی تاکە.

٢- قوناغی دواناوەندی ئامادەکردنی تاکە و دەوڵەمەند کردنیەتی بە زانست و زانیاری لە بواری مرۆیی و زانستیدا.

٣- ئامانجی خوێندنی پیشەییش وەگەرخستنی هەموو توانایەکی هونەری و ماددییە بۆ گەشەکردنی ولات لەرووی تەکنوۆلۆژیا و هەوڵ دانە بۆ گرتنەبەری تەکنیکی نوێ لەکارە جۆراوجۆرەکانیدا.

بێ گومان بەشی پرۆگرام لە وەزارەت بەبەردەوامی لەکاردابوو بۆ گۆڕانکاری لە پرۆگرامەکاندا ، ڕاستی پرۆگرامەکان ئەم چەند خاڵەی خوارەوە دەگرێتەخۆی:

١- وەك لە ڕاپۆرتی شارەزایان دەردەکەوێت، پرۆگرامەکان بەشێوەکی گشتی کەم و کورتیان هەیە ئەمەش ئەوە ناگەینێ کەخراپن بەڵکو پێویستە کاری پێویستی بۆ بکرێ.

٢- پرۆگرامەکانی بابەتە زانستیەکان تارادەیەك لە ئاستێکی باش دان بەلاَم بەهۆی بارودۆخی کوردستان و ئێراق دابڕاون لە ڕەوتی پێشکەوتن.

٣- پرۆگرامی بابەتە کۆمەلایەتیەکان گۆڕانکاری سەرتاسەری و بنەڕەتی بەسەر هەموو بابەتەکاندا هاتووە، بۆ نموونە لەبابەتی مێژوو و جوگرافیا هەوڵ دراوە زیاتر بایەخ بە مێژووی کورد و جوگرافیای کوردستان بدرێت لە هەموو قۆناغەکانی خوێندن.

٤- سەبارەت بەبابەتەکانی زمان ( کوردی، ئینگلیزی ،عەرەبی)، لە بابەتی زمانی کوردی قوناغی سەرەتایی سێ پەرتووکی ئەلف و بێ ی جیا دەخوێنرێت لە هەرێمی کوردستان، لە قوناغی دواناوەندیش گۆڕانکاری لە هەموو پەرتووکەکان کراوە. زمانی ئینگلیزیش گۆرانکاری بەخۆوە دیوە پرۆگرامی نوێ بۆ زمانی ئینگلیزی دارێژراوە، پارساڵ لە یەکەمی ناوەندی دەست پێکراوە و ساڵ بە ساڵ بەردەوام دەبێت لە گۆڕان ئەم ساڵیش لەیەکەمی سەرەتایی دەستپێکراوە.هەرچی زمانی عەرەبیشە گەرچی پرۆگرامێکی نوێی بۆ ئامادەکراوە و ئەم ساڵ دەخوێنرێت بەلاّم لەئاستی پێویستدا نییە چونکە بەهەمان شێوازی کۆنی پرۆگرامی پێشوو دانراوە و ڕەچاوی ئەوە نەکراوە کە رۆلەکانی کوردستان زمانی دایکیان کوردییە نەك عەرەبی.

٥- پرۆگرامی پەروەردەی ئیسلامی لە هەموو قۆناغەکانی خوێندن گۆڕانکاری بنەڕەتی بەخۆوەبینیوە، ئامانجیش لە گۆڕینی ئەم پرۆگرامە پێگەیاندنی تاکێکی ڕاست و ئایین پەروەری ڕەوشت بەرز،لەسەر بنەماکانی دلسۆزی وهاوکاری و هەبوونی گیانی لێبووردەیی.

٦- پرۆگرامەکانی فێرکردنی پیشەیی بە هەموو پسپۆریەکانی کە زیاتر لە سەد بابەت دەگرێتە خۆی،بۆ یەکەم جار لە کوردستان وەرگێرا بۆ زمانی کوردی ،بەلاّم پێویستی بە پێداچوونەوەی هەیە تاکو بگونجێت لەگەڵ ئەو پێشکەوتنانەی کە لە ولاّتان هەیە لە ڕووی تەکنولوژیای سەردەم.

٧- بابەتی پەروەردەی (شارستانی) بابەتێکی نوێی زۆر گرنگە لە قۆناغی سەرەتایی دەخوێندرێت بەلاّم بەپێی پێویست بایەخی پێنەدراوە و فەرامۆش کراوە.

٨- سەبارەت بە چاپخانەکان ڕۆلی خۆیان بەپێی پێویست نەگێراوە بەهۆی کەمی و کۆنی ئامێری چاپخانە و نەبوونی کارمەندی کارامە و لێهاتوو و نەبوونی پێداویستییە سەردەمییەکانی چاپخانە.

٩- کتێبخانە پێویستییەکی بنەڕەتی هەیە بە هۆل و کتێب وسەرچاوەی زانستی جۆراوجۆر بۆ دەولەمەندکردنیان، لەبەرئەوەی پێویستە لەهەر قوتابخانەیەك کتێبخانەیەك هەبێت.

١٠- کەمی هۆیەکانی فێرکردن و نەبوونی کادیری لێهاتوو لەم بەڕێوەبەرایـە تیـە و نەبوونی ئامێری تازە بۆ ئەم مەبەستە، گەورەترین گرفتە لە بەردەم پرۆسەی پـەروەردە و فێرکردن.

**گرفتە گشتییەکان :**

١- نـەبوونی فـەلسفەیـەکی پەروەردەیـی روون و ئاشکرا بـۆ کـارکردن لــە سـەر ڕووناکی ئەو فەلسفەیە لە پەروەردە و پرۆسەی خوێندن.

٢- لاوازی پرۆگرامی خـوێندن و دووبـارە بوونـەوە و چـڕی و زۆری بـابەتەکان لـە کتێبـەکان و نـەگـونـجانیان لـەگـەڵ پـێـداویـستـی خـوێنـدن هـەروەهـا فـەرامـۆش کـردنـی لایـەنە پسپـۆڕییەکانی خوێندنی پیشەیی.

٣- نەبوونی تەلەفزیونی پـەروەردەیی بەشـێوەیەکی گونجـاوی سـەردەمییانە کـە زۆر بایەخی هەیە.

٤- بەکـارنەهێنانی هێماو فۆنتی ئینگلیزی لـە بـابەتە زانسـتییە، گـەر چـی ئـەم هەنگاوە کاریگەری پۆزەتیڤی هەیە بۆفێربوونی زمانی ئینگلیزی.

٥- نـەبوونی ڕەنـگ و وێـنە و نـەخشە لـە کتێبـە زانـستییەکان و کـومـەلایـەتییەکان، کە زۆر گرنگە بۆ سەرنج ڕاکێشـانی قوتابیـان و ڕوونکردنـەوەی بابەتەکان لە گشت قۆناغـەکان .

٦- کەمی کتێب و کتێبخانە لـە قوتابخانـەکانی کوردسـتان بـە شـێوەکی گشـتی و بەتایبەتی لە شوێنە دوورەکان ، هەروەها نەبوونی هۆشیاری خوێندنەوە (مطالعة) لـە قوتابخانەکان

٧- نـەبوونی بەشـی وەرگێـڕان لـە بـەڕێوەبەرایـەتی گشـتی پرۆگـرام کـە هـەموو پسپورییەکان بگرێتە خـۆی ، ئەمـەش بۆتـە هـۆی هـەبوونی هەڵـەی زانسـتی لـە پەڕتووکەکانی خوێندن.

٨- پیادەکردنی شێوازی کلاسیکی لە وانەووتنەوە و کەمی بەکار هێنانی شێوازی تازە، وەکو شێوازی گفتوگۆ و شیکردنەوە و گروپ و ئەنجامدانی پرۆژە .

٩- بلاوبوونەوەی دیاردەی ملزەمە ومتمانە کردنی قوتابیان بە ( مەلزمە ) و دوورکەوتنەوە لە کتێب.

١٠-کەمی ڕابەری مامۆستا و سەرچاوەی زانستی و هۆیەکانی فێربوون بۆ هەموو قوتابیان٠

١١- لاوازی بابەتی پەروەردەی شارستانی و سەختی شێوازی خستنەڕووی بابەتەکانی و پێویستی بە زیادکردنی هەندێ بابەت هەیە وەك ( هاوولاتی بوون ، ژینگە پاراستن ، بنەماکانی دیموکراسی ، دوورکەوتن لە مادده بێهۆشکەرەکان ) .

١٢- نەبوونی ڕێنووسی یەکگرتوو لە بابەتەکانی خوێندن .

١٣- کەمی و کۆنی چاپخانەکان و کەمی توانای ئەم چاپخانانە لەڕووی هونەرییەوە.

١٤- کەمی هۆیەکانی فێربوون و نە بوونی تەلەفزیونی پەروەردەیی و پسپۆڕی لێهاتوو.

١٥- تێکەڵ بوونی باخچە و بەرایی لە باخچەی ساوایان لە یەك پۆلدا و نەبوونی پێداویستەکانی باخچەی ساوایان بەپێ پێویست.

١٦-نەبوونی لیژنەیەکی تایبەت لە سەر ئاستی وەزارەت و پەروەردە گشتییەکان بۆ بەدواداچوونی کەم و کورتییەکانی پەروەردە.

## چارەسەر و پێشنیاز:

١ - پەیڕەوکردنی فەلسەفە و سیاسەتێکی ڕوونی پەروەردەیی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە سەر ڕۆشنایی ئەم فەلسفەیە کار بۆ دارشتنی سیستەمی پەروەردەیی بکات، فەلسەفەکەش ئەم خالانە دەگرێتە خۆی: فەلسەفەی پەروەردە دەبێت لەسەر بنەمای چەسپاندنی بیری مرۆڤایەتی ونەتەوایەتیو نیشتیمانی دارێژرێ و گەشەپێدان و بنیاد نانی کەسایەتیەکی لیبرالی ڕەخنە ئامێزی بڕیاردەر بەرهەم بهێنێت بەشێوەیەك بیگوازێتەوە لەناوچە گەرییەوە بۆ جیهانگیری بە ڕەچاوکردنی پێکهاتەی مۆزایکی کوردستان و پابەندبوون بە دیموکراسی و بەهاو پێوەرە پەیوەستەکان و باوەڕبوون بە زانست و یەکسانی ڕاستەقینە و ڕەخساندنی هەلی فێربوون بۆ هەموان بە ڕەچاوکردنی تایبەتمەندییەکانی کومەڵگای کوردستانی و هاندانیگیانیداهێنان.

٢ - چاو خشانەوە بە پرۆگرامی خوێندن و کارا کردنی لایەنی پراکتیکی و کرداری و کار کردن لە سەر لا بردنی دووبارە بوونەوە و چری و پری بابەتەکانی ناو کتێبەکان و دارشتنیان بە شێوەیەك ڕەچاوی سروشتی ژیانی تاك بکات لە کوردستان و لە ئاستی گۆڕانکارییە زانستیەکاندا، بێت و هەروەها ڕەچاو کردنی یەکسانی جێندەری (ڕەگەزی) لە پرۆگرامەکانی خوێندن و فاکتەرێك بێت بۆ چەسپاندنی خۆشەویستی خاك و وڵات و کارو ڕێنووسی هەمووکتێبەکان ڕێك بخرێت و هاندانی کەرتی تایبەت بۆ بەشداری کردن لە هەموو چالاکییەکانی بواری پەروەردە .

٣-دانانی پرۆگرامی تایبەت بە بابەتەکانی (هونەر و وەرزش) لە قۆناغیدواناوەندی.

٤-کاراکردنی ڕۆڵی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرامەکان بە هەموو بەشەکانی لە بەشی دانان و وەرگێران و یەکەی کۆمپیوتەری تایبەت بەخۆی و چاپخانەو کۆگاکان ودانانی بەشێکی تایبەت بە نەخشەسازی (تصامیم) و هەروەها وبەهێز کردنی

پەیوەندی نێوان ئەم بەشانە و لە نێوان ئەم بەڕێوەبەرایەتیەو بەڕێوەبەرایەتیەکانی تری وەزارەت.

٥- پتەو کردنی پەیوەندی و زیاد کردنی ڕۆڵی (کۆڕی زانیاری کوردستان) لەیەك خستنی زاراوەی کتێبەکانی خوێندن .

٦- جەخت کردن لە سەر پەیوەندی پرۆگرامەکانی خوێندن لە هەموو قۆناغەکان.

٧- گرنگی دان بە گشت هۆیەکانی فێرکردن بە ئەنجامدانی گەشتی زانیاری و ئیش کردن بۆ پەرە پێدانی تەلەفزیونی پەروەردەیی ، هەروەها دابین کردنی گشت پێداویستیەکان وەك (نەخشە و تاقیگە و پێداویستیەکانی وەرزش و هونەر و مۆسیقا).

٨- فەرهەنگێکی کوردی-عەرەبی-ئینگلیزی بۆقوتابیان هەبێت بەپێی قۆناغەکانی خوێندن بە مەرجێك هەموو شێوەزارەکانی کوردی بگرێتە خۆی.

٩- کار کردن بۆ پیاچوونەوەو گۆڕینی پرۆگرامی پەیمانگای مەڵبەندی مامۆستایان بۆئەوەی لەگەڵ گۆڕانکاری سەردەم بگونجێت وبتوانێت مامۆستای لێهاتوو ئامادە بکات.

١٠- بابەتی زمانی ئینگلیزی مۆرکی کوردەواری ( کەلتوور،مێژوو، شارستانییەتی ) پێوە دیاربێت ، هەوڵبدرێت زاراوە زانستییەکان و هێما و فۆنتی ئینگلیزی لە بەشی زانستی و بابەتە زانستییەکان بەکاربێت .

١١- گرنگی دان بە چاپکردنی پەڕتووکی خوێندنی ڕەنگا و ڕەنگی پڕ لە وێنە و نەخشە و هێلکارییە زانستییەکان.

١٢- جەخت کردن لە سەر ڕۆڵی کتێبخانەی قوتابخانە بۆ پشتگیری کردنی پرۆگرامی خوێندن و دابین کردنی کتێب و بڵاوکراوەی بە سوود وسەرچاوەی زانستی جۆراو جۆر و هاندانی قوتابیان بۆ سوود لێ وەرگرتنی ، هەروەها زیاد کردنی وانەی(کتێب

خوێندنــەوە ) لــە پــۆلی چــوارەمی ســەرەتایی و بەمــەرج دانــان لەدروســت کردنــی هەرقوتابخانەیەك ژووری تایبەت بە کتێبخانە دروست بکرێت.

١٣- پەرەپێدانی بەشــی وەرگێڕانــی زمانــە ســەرەکییەکان لــە بەڕێوەبەرایەتیگشــتی پڕۆگــرام بــە دانــانی کەســانی پســپۆر و شــارەزا لــەم بــوارەو دابــین کردنــی هــەموو پێداویستیەکان بۆ ئەم بەشە.

١٤- پیادە کردنی شێوازی نوێ و جۆراوجۆر لــە وانــە وتنــەوە بــۆ پشــتگیری کردنــی ووتنەوەی پڕۆگرامەکان وەك : لێکۆڵینەوە ، گفتگۆ کــردن ، پرســیار کــردن و جــەخت کردن لە سەر بابەتی دەربڕین و قسە کردن و ئەنجام دانی پــرۆژە. واتــا قوتــابی ببێتــە تەوەری سەرەکی لە پۆل و زیاتر بایەخــدان بــە لایــەنی پڕاکتیکــی لــە پڕۆگرامــەکانی خوێندن.

١٥- کار کردن بۆ ئەنجام دانی لێکۆلینەوەیەك دەربارەی نەهێشتنی دیــاردەی دروســت کردنی (مەلزەمە ) کە بوّتە دیاردەیەکی نــامۆ و ناسروشــتی،ســنووردانانیش بــۆ ئــەم دیاردەیە دەکرێت بە ڕەچاو کردنی **ئەم خالآنەی خوارەوە:**

ا- گۆڕینی شێوازی پرسیاردانان و چاپ نە کردنی هیچ جۆرە مەلزەمەیەك .

ب- کەم کردنەوەی چڕو پڕی بابەتەکانی خوێندن.

١٦- ئامادەکردنی ڕابەری مامۆستا و کتێبیچالاکی بۆ گشت قوناغەکانی خوێندن لە گشت بابەتەکان وە هەروەها دابین کردنی هۆیەکانی فێرکردن.

١٧- زیاتر بایەخ بە بابەتی (پەروەردەی شارســتانی) بــدرێت بــە زیــادکردنی هەنــدێ بابــەت وەك (هــاوولاّتی بــوون، ژینگــە پارســتن ، بنــەماکانی دیموکراســی — مــاددە بێهۆشکەرەکان و پەروەردەی تەندروستی) و چڕکردنی خــوولی تایبــەت بــەم بابەتــە و کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتیەك لە(بەڕێوەبەرایەتی گشتی پڕۆگرام)تایبەت بەم بابەتــە بــۆ

پێشخستن و بە دوا داچوون و جەخت کردن لەسەر شێوەی نووسینەوەی ئەم کتێبانە بەشێوەکی ڕوونتر.

١٨- بایەخ دان بە لایەنی پسپۆری خوێندنی پیشەیی و دابەش کردنی بەشە وانەکان بە پێ ی لایەنی تیۆری و پراکتیکی ( واتا گرنگی دانی زیاتر بەو بابەتانەی پەیوەندی بە کشتوکاڵ و پیشەسازی و بازرگانی هەیە نە وەك بابەتەکانی تر) وە بە ئەکادیمی کردنی پیشە و کەلەپووری کوردی واتە بە پراکتیکی بخوێنرێ وەك (ڕستن، چنین، تەون..).

١٩- لەیەك جیاکردنەوەی منداڵانی تەمەن چوار ساڵ و پێنچ ساڵ لە باخچەی ساوایان و دابین کردنی هەموو کەل و پەلی ئەو باخچانەو مامۆستاکانیان خوولی تایبەت و بەردەوامیان بۆ بکرێتەوە و کردنەوەی بەشێکی تایبەت بە باخچەی ساوایان لە کولێژی پەروەردەی بنیات.

٢٠- مامەڵەکردن لەگەڵ زمانی عەرەبی لە پرۆگرامەکانی خوێندن لە پۆلی پێنجەمی سەرەتاییەوە لە هەرێمی کوردستان و دارشتنی پرۆگرامێکی نوێ بۆ قوناغەکانی خوێندن بە شێوەیەك بگونجێ لەگەڵ پێکهاتەی کومەڵگای کوردستان بە تایبەت لە خوێندنی کوردی .

٢١- کارا کردنی پەیوەندی نێوان دەزگاکانی راگەیاندن و بەرێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرامەکان بە شێوەك لە خزمەتکردنی پرۆسەی پەروەردە بێت ورۆلی راگەیاندن بنایاتنەربێت بۆ پێشخستن و پەرەپێدانی پرۆگرامەکان بە تایبەتی و پرۆسەی پەروەردە بە گشتی.

٢٢- پلانێك دابنرێ بۆ وتنەوەی وانەی کۆمپیوتەر لە پۆلی یەکەمی سەرەتایی و لەسەرجەم قۆناغەکانی خوێندن بە شێوەی پراکتیکی بەدابین کردنی کادیری شارەزا و

کردنەوەی یەکەی کۆمپیوتەر لە هەر قوتابخانەیەك بۆ ئەم مەبەستە چونکە کۆمپیوتەر بە ڕێگایەکی فێر کردنی سەردەمی گرنگ دادەنرێ.

٢٣- دانانی لێژنەکی پسپۆر لە شارەزایانی هەموو شێوە زارەکانی زمانی کوردی بۆ دروست کردنی زمانێکی ستاندەرد (زمانی یەکگرتووی کوردی) بۆ پاشەڕۆژی خەڵکی کوردستان.

٢٤- هەرشێوەزارێکی کوردی مافی بەکارهێنانی زاری خۆی هەبێت لەهەر شوێنێك لەهەموو قۆناغەکانی خوێندن کە لێی هەن.

٢٥ –دانانی بەرنامەیەکی تایبەت بە خوێندنی پیتی لاتینی لە هەموو پۆلەکان بە مەرجێك هەموو پێداویستیەکانی بۆ دابین بکرێت لە کردنەوەی خوولی تایبەت بۆ مامۆستایان و ئامادە کردنی کتێبی تایبەت بەم بابەتە.

٢٦- بایەخ دان بە پرۆسەی پەروەردەی تایبەت کە ئێستا بەردەوامە ودابین کردنی گشت پێداویستیەکانیچونکە لێکۆلینەوەکان وا دەردەخەن کە مێشکی منداڵ لە پێنج ساڵی یەکەمدا گەشە دەکات کە تا کۆتایی ژیانی پێویستی پێیەتی وپەروەردە کردن لە تەمەنی شەش سالیدا زۆر درەنگە.

٢٧- ڕێك خستن و یەکخستنی هەموو پرۆگرامی بابەتەکان لەسەر ئاستی هەرێم بەگشتی.

٢٨- گۆڕینی خشتەی وانەکانی هەفتە و دابەش کردنی سەرلەنوێ بەپێ ی پرۆگرامە بەکارهاتووە نوێیەکان.

٢٩-چالاك کردن وچاك کردنی ڕۆل و باری چاپخانەکانی وەزارەت لە هەموو بارێکەوە بە دابین کردنی ئامێری تازەی چاپکردن و دابین کردنی کادیری لێهاتوو و کارامە.

## راپۆرتی
## دەستەی مامۆستایان:
## ١- بەرزکردنەوەی ئاستی زانستییان
## ٢- بژێوی ژیانیان
## ٣- ڕاهێنانیان

## دووەم / دەستەی مامۆستایان

### پێشەکی :

شۆرشی هیچ گەل و نەتەوەیەك بە دەستکەوتنی دەسەلآت و فەرمانڕەوایی کۆتایی نەهاتووە ، بەڵکو شۆرشی ڕاستەقینە ئەوکاتە دەست پێ دەکات، کە ڕۆژانە بەردەوام بێت و ڕۆڵەکانی گەل لە کۆت و بەندی سیستەمە کۆنەکە ڕزگار بکات.

دیارە ڕادەی پێشکەوتنی گەلان بە ڕادەی خوێندەوارییان پێوانە دەکرێت ، خوێندەواری هەڵسەنگاندنی ڕاستەقینەی ڕۆشنبیری و پێشکەوتنە بەردی بناغەی شارستانیەت و پەروەردەو فێرکردنە.

قوتابخانەی نوێ لەسەر ئەو تێگەیشتنە لاساییکەرەوە تەقلیدیەی شێوازی رابردووی نەماوە، کە تەنیا گرنگی بە بەشی فێرکردن بدات و بەبێ ئەوەی بایەخ بە لایەنە پەروەردەیی و هزرییەکەی بدات.

بۆیە ئەم کارە پێویستی بە کرداری پەرە پێدانی فراوان هەیە لە هەموو بوارەکانی کۆمەڵگەدا لە نێوانیاندا کرداری پەروەردەو فێرکردن ، ئەویش بە پێ ی داڕێژراوێك کە هاوسەنگ بێت لەگەڵ بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگەی کوردستان گۆڕانکاری و پەرەپێدانی سیاسی و ئابووری و کۆمەلأیەتی هیچ ئاکامێکی نابێت بە بێ گۆڕانکاری و پەرەپێدانی پەروەرد و فێرکردن کە کوردستان بەرەو کۆمەڵگایەکی شارستانی بەرێت .

## ڕۆڵی مامۆستا لە ڕێرەوی پەروەردەدا ((المسيرة التربوية))

پەروەردە یەکێکە لە بوارە هەرە گرنگەکانی ژیانی خەڵکی ، کە پەیوەندی ڕاستە و خۆیان هەیە بەم بوارە، تەنها لایەنێکی بەستراو نییە بە لایەنەکانی ژیانەوە، بەڵکو هێزێکی کاریگەرە لە کرداری گۆڕانکاری کۆمەڵایەتیدا کە ڕەگی لە سەرتاسەری ژیانەوە داکوتاوە.

نرخاندنی ڕێرەوی پەروەردە بایەخی تایبەتی هەیە کە گرنگیەکەی لە بناغەدا لە خودی پەروەردەدایە ، وەکو زانا و فەیلەسووفەکانی دونیا باسی دەکەن .

بۆیە هەڵسەنگاندن و نرخاندنی پرۆسەی پەروەردە ئەرکی خێرا و هەرە گرنگی بەرپرسانی پەروەردەیە بۆ پێش خستن و پەرە پێدان و گونجاندنی و نزیك بوونەوەی لە دنیای سەردەم و ئەو گۆڕانکارییەی زانیاری کە ئەمڕۆ بەردەوام لە گەشەسەندندایە.

ئەمڕۆ مامۆستایان هەست بەو گرفتانە دەکەن کە بوونەتە زێگر لە بەردەم گەشەکردنی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن لە کوردستاندا و هەوڵی بێ وچانی بۆ ئەدەن بۆ دۆزینەوەی ڕێگە چارەی گونجاو بۆ کێشە ئاڵۆزەکان، چونکە بۆ نەهێشتنی کۆسپ و گرفتەکانی توانایەکی بەردەوام و کارێکی پسپۆرانە و وردبینانەو بەرهەمێکی زانستیانەی دەوێت بۆ هێنانە دی ئامانجەکانی فەلسەفەی پەروەردەیی، کە دەبێت لەسەر تیشکی فەلسەفەیەکی کۆمەڵایەتی بێتە دی چونکە:-

١- لە دروست بوونی دەوڵەتی عێراقەوە تا ئێستا فەلسەفەی پەروەردە بە هیچ شێوەیەك لە خزمەت پرۆسەی پەروەردەو مامۆستا دا نەبووە ، بۆیە دەبێت فەلسەفەیەك بێت، کە چەمگە نوێیەکانی دونیای ئەمڕۆ تیایدا ڕەنگ بداتەوەو لایەنێکی بایەخ دارو پەروردەیەکی نوێی سەردەم بێت و فەلسەفەیەك بێت، کە

مامۆستا فاکتەری کاریگەر بێت لە هێنانەدی ئامانجەکانی و باوەری بە (دیموکراسی و مافی مرۆڤ و ئازادی ) هەبێ و لەسەر ئەو بنەمایە بێت کە هیچ شتێك لەم دونیایەدا بە توکمەیی نامێنێتەوەو هەمیشە لە گۆڕان دایە.

١- فەلسەفەیەك کە ڕەخنەو شیکردنەوەو تێروانینی نوێ بنەمای پەرەپێدانی بێت لەسەر رێساو دروست کردنی نەوەیەکی هۆشیار دا بێت، کە هەست و لێپرسینەوەی بەرامبەر نەتەوەو نیشتمان هەبێت بەو شێوەیە بڕوانێتە قوتابی کە بوونەوەرێکی خاوەن هەستەو کەسێکە دەتوانێ بیر بکاتەوەو ببێتە داهێنەر، لەبەر ئەوە پەروەردە کردنیان بە ترس و تۆقان و دڵە ڕاوکێ تاوانێکی گەورەیە، پێشێل نەکردنی مافەکانیان و دابین کردنی پێداویستیەکانیان ئەرکی سەر شانی مامۆستایانە. ئێمە بڕوامان بەوە هەیە، کە گۆڕینی کۆمەڵگە دەبێت لە گۆڕینی سیستەمەکانی پەروەردەوە بێتە دی و پەروەردەیەکی دیموکراسی سەرتاسەریش لەم کۆمەڵگایە نایەتە دی، ئەگەر مامۆستا داینەمۆی بوونیات نەری نەبێت ، بۆیە دەبێت بەو پەڕی تواناوە هەوڵ بدرێت بۆ پێگەیاندن و ئامادەکردنی مامۆستایانی شیاوی ئەم سەردەمە.

٢- مامۆستای شارەزاو لێهاتوو پڕ چەك بە زانست و زانیاری سەردەم و گۆش کردنیان بە گیانی دیموکراسیانە بۆ کارکردن وەك شارەزا و کادر لەم بوارەدا و سەیرکردنی مامۆستا کە فاکتەری تازەگەری بەرنامەی پەروەردەیەو دەتوانێت بە هەموو شێوەیەك کار بکاتە سەر ئەو بەرنامەیەو ئەنجامەکەی بگۆڕێت ، بۆیە ئاوڕدانەوە لە باری ژیان و گوزەرانی مامۆستایان و بەرز کردنەوەی ئاستی زانیاریان بە ئەرکی پرۆسەکەی دەزانین بۆ مەبەستی زیاتر گەشە پێدان و بەرەو پێش بردنی پرۆسەی پەروەردە لە سەرجەم قۆناغەکانی خوێندن لە کوردستاندا.

(( هۆكارەكانی نزمی ئاسی زانستی و باری ژیانی مامۆستایان ))

١- وەرگرتنــی قوتابیــان و خوێنــدكاران لــە پــەیمانگا و زانكۆكــان دوور لــە ئارەزووی خۆیان ئەوانەی دەبن بە مامۆستا واتە هێنراون بۆ كاری مامۆستایی.

٢- نەشیاوی هەندێك لـە مامۆستایان لـە زانكۆ و پـەیمانگاكان ، كـە توانـای پێگەیاندنی مامۆستای شارەزا و لـێ هاتوویـان نییـە ئەمـەش كـار ئەكاتـە سـەر ڕادەی زانیاری مامۆستایان .

٣- دامەزرانــدنی هەنــدێ لــە دەرچــوانی كۆلێــژ و پــەیمانگا و ئامادەییــە پیشەییەكان كەلە بنەڕەتدا دەرچووەكانیان ئامادەنەكراون بۆ كاری مامۆستایی وەكو ( كۆلێژی گشتوكاڵی و كارگێڕی و ئاداب ... هتد) بۆ مامۆسـتای ناوەنـدی و ئامــادەیی و پیشــەییەكان و پــەیمانگا ی هونەرەجوانــەكان بــۆ مامۆســتای سەرەتایی .

٤- كەمی هەماهەنگی لە نێوان وەزارەتی پەروەردەو وەزارەتی خوێندنی بـالاَ بۆ یەكخسـتنی بابەتـەكانی خوێنـدن لـە گـەڵ ئەوەشـدا ئـەو زاراوانـە كـە بـەكار دەهێنرێن زۆر دوورن لەیەكتری

٥- كەمێ ژمـارەی مامۆسـتایانی پسـپۆر بـۆ هەنـدێ لـە بابەتـەكانی قۆنـاغی دواناوەندی كە بە ناچاری پەنا ئەبرێتەبەر مامۆستای وانە بێژكـە پسـپۆری ئـەم بابەتە نیە ئەمەش كار ئەكاتە سەرئاستی زانستی قوتابیان و خوێندكاران .

٦- هەسـت نـەكردن بـە بـەر پرسـیارێتی و ناودڵسـۆزی لـە لایـەن هەنـدێ مامۆستاوە، كە دامەزراندنیان تـەنها بـۆ دەسـت كـەوتی مـادی و وەزیفـەی نـەك پەرۆش بوون بۆ پێگەیاندنی نەوەی دواڕۆژی گەل.

٧- هەندێ مامۆسـتا لـە ئاسـتێك داماونەتـەوە، كـە لـە گـەڵ گۆڕانكاریـەكانی سەردەم نین لە بورای پەروەردەو زانست.

٨- نەبوونی سزاو پاداشت بەرامبەر بە مامۆستا لە کاتی پێویستدا

٩- نەبوونی پلانی پەروەردەیی لە نێوان وەزارەتی پەروەردەو وەزارەتی خوێندنی بالاّ، کە دەبێ بە پێی پلانێکی دیاری کراو قوتابیان و خوێندکاران وەربگیرێن لە کۆلێژەکاندا .

١٠- خراپی باری گوزەرانی مامۆستا و کەمی مووچە وای کردووە مامۆستا پەنابەرێتە بەرکارێکی تر، کەشیاو نەبێت لەگەڵ پیشەکەی و کەسایەتیەکەیدا.

١١- نەبونی دەرماڵەی گونجاو بۆ هاندانی مامۆستایان بۆ بەجێ هێنانی کارەکە یان بە تایبەت مامۆستای شوێنە دوورەکان.

## پێشنیاز بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی مامۆستایان

وەرگرتنی قوتابیـان و خوێنـدکاران لـە زانکـۆ و پـەیمانگاکان لەسـەر خواسـت و ئـارەزووی خۆیـان بـە دەستنیشـان کردنـی ئـەو بەشـەی پسـپۆری کـە توانـای بەدەسـتهێنانی هەیـە تیایـدا ، بۆئـەوەی ببێتـە کادیرێـك لـە ئاسـتێکی بـەرزدا، بەمەرجێ لێژنەیەکی پسپۆری لـێ هـاتوو هەڵبسـتێت بـەم کـارە ، واتـە گـۆڕینی سیستەمی وەرگرتنی قوتابی لە زانکۆکاندا .

١- دانانی کادیری شارەزاو بە توانا و بڕوانامەی بەرز بۆ کۆلێژی پـەروەردە و پەروەردەی بنیات و پەیمانگاکان بۆ پێگەیاندی مامۆستای شارەزاو ئاست بـەرز لە بواری کارەکەیدا ..

٢- هەوڵدان بۆ وەرگرتنی قوتابیان و خوێندکاران لە زانکۆکان بە پێی گرنگی پسپۆرییەکان بە تایبەتی بەشی ( ڕێنمایی پەروەردەی ) ئەویش لەسەر ئامـاری پلانی وەزارەتی پەروەردە بێت.

٣- لە ڕێگای ڕاگەیاندن و میدیا کانەوە هەوڵ بدرێت بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی مامۆستایان بۆ زیاتر بایەخدان بە ڕۆڵی مامۆسـتایان ، پێویسـتە سـاڵانە پاداشت و ڕێز لە مامۆستای کاراو ڕاهێنەر بنرێت و هـەوڵ بـدرێت بـۆ وەرگرتنـی ژمارەیەك مامۆستای چالاك لە کۆلێژەکاندا.

٤- هەوڵ بدرێت بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی رۆشنبیری کۆمەڵایەتی خـەڵکی لـە پێناو بەتین کردنی پەیوەندی نێوان خێزان و قوتابخانە و کۆمەڵ.

٥- درێژ کردنـەوەی مـاوەی چەسـپاندنی مامۆسـتایان بـۆ مـاوەی دوو سـاڵی تەواو خوێندن لە جیاتی ساڵێك بۆ دیاری کردنی ئاستی زانستی ولێهاتوویی.

٦- نەهێشتنی ئـەرکی قورسـی سەرشـانی مامۆسـتایان بەیەکـەم کردنـەوەی بەشەوانەکانی هەفتانە بەم شێوەیە ( سەرەتای (٢٤) وانە ، ناوەندی (٢٠) وانە، ئامادەیی (١٨) وانە ) لەگەڵ ڕەچاو کردنی تەمەندا.

٧- دانانی بەندێك لە دەسـتوری هـەرێمی کوردسـتان بـۆ دیـاری کردنـی مـاف مامۆستا وەکو ڕێز لێ گرتنی لە هەموو دام و دەزگا حکومی یـەکان وڕاپەڕانـدنی کاروبارەکانی .

٨- لـەکاتی وەرگـرتنی قوتابیـان بـۆ مامۆسـتایی، پێویسـتە ڕەچـاوی خاڵـە پەروەردەییەکان لە زانیاری وشیاری بە مامۆسـتا بکرێـت ، ڕەوشـت بـەرزبێت و گرفتی ئاخاوتنی نەبێت.

٩- پەیڕەوکردنی دادپەروەری لە خوێندندا بە وەرگرتنی قوتابیـانی ناوچـەکە لە قوتابخانە نموونەیی یەکاندا بەبێ جیاوازی.

١٠- ئەو مامۆسـتایانەی، کـە لاوازن لـە ڕووی پـەروەردەیی و زانسـتەوە، دوور بخرێتەوە لە پیشەی مامۆستایەتی لە ڕێگەی لێژنەی شارەزا و تایبەتەوە.

١١- دانانی پلەی وەزیفی بۆ مامۆستاو سەرپەرشتیارو بەڕێوەبەر (مامۆسـتایی یەکەم پێشکەوتوو لەسەر بنچینەی چالاکی ئاستی زانستی ، نەك لەسـەر ئاسـتی ساڵانەی خزمەت ، بەمەرجێ ببێتە هۆی گۆڕانی مووچە .

١٢- هەموو مامۆستایەك لە کۆتایی ساڵ ڕاپۆرتێك بنووسێت لەسەر بابەتەکەی دەربارەی گیروگرفتەکانی ، پێشکەوتنەکانی لەڕێگەی بەڕێوەبەری گشتی بگاتـە وەزارەت تاگشگیر بکرێت.

١٣- دەستێوەردانی دەرەکی لە پەروەردەو فێرکردندا دووربخرێتەوە .

١٤- قەدەغـەکردنی بـەکار هێنـانی هـەموو جـۆرە مەلزەمەیـەك لـەناو قوتابخانەکان و چارەسەر دۆزینەوە بۆ نەهێشتنی وانەی تایبەت .

١٥- پەیڕەو کردنی یاسای پەرلەمانی کوردستان ، واتە مامۆستا لە تەمەنی (٦٨) ساڵی خانەنیشین بکرێت و ئەگەر ماوەی خزمەتی خۆی لە (٣٠) ساڵ زیاتر بوو بە مووچەی تەواو خانەنشین بکرێت .

١٦- دانانی لێکۆڵەری کۆمەڵایەتی و دەروونزانی لە قوتابخانەکانی ناوەندی و ئامادەیی بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی قوتابیان .

١٧- ئەو کەسە دەبێت بە مامۆستا، پێویستە دەرونزانی و شێوازی وانەوتنەوەی وەرگرتبێ ، ئەگەر وەری نەگرتبووە، ئەوا پێویستە خولیان بۆ بکرێتەوە بە مەرجێ خولەکە درێژ خایەن بێت و لە (٣) مانگ کەمتر نەبێت.

## پێشنیاز بۆ چارەسەری باری ژیانی گوزەرانی مامۆستایان

١- ڕەخساندنی باری ئابووری گونجاو لە رێگەی بەگەر خستنەوەی دەرماڵەی کارگێری و پیشەیی و ژن و منداڵ و هاتووچۆ و دەرماڵەی مەترسی (خطورة) بۆ مامۆستایان و وەرشەی ئامادەییە پیشییەکان بۆ ئەوەی مامۆستایان سەرقاڵی کاری تر نەبن و مامۆستایەتی کاری سەرەکیان بێت .

٢- زیاد کردنی مووچەی دامەزراندن و تەرخان کردنی دەرماڵەی هاتوو چۆ و نیشتەجێ بە رێژەیەکی بەرز بۆ مامۆستایانی شوێنە دوورەکان وە دابین کردنی جێگای حەوانەوە.

٣- دانانی (هاندەر) بۆ مامۆستایانی ناوچە دوورەکان بە هەژمارکردنی سالأنی خزمەت بە دوو هێندو ڕەچاوکردنیان لە کاتی دابەشکردنی زەوی و لە کاتی گواستنەوەدا .

٤- زیاد کردنی نرخی وانە بێژی و خەرج کردنی لە کاتی خۆیدا بە ڕێژەیەکی بەرز.

٥- ڕەخساندی باری گونجاو بۆ مامۆستایان بە هاوکاری کردنیان لە دابەشکردنی زەوی و سلفەی عەقاری و ژن هێنان بۆ دروستکردنی خانوو بەرە بەبێ سوود بۆ چارە سەرکردنی کێشەی نیشتەجێ بوون بە دروستکردنی باڵە خانەو خانوو بە نرخێکی گونجاو.

٦- ڕەچاو کردنی دادپەروەری لە بەشدارکردنی مامۆستایان لە خولەکان و تاقیکردنەوە گشتیەکان و کۆنترۆڵ بە پێی لێ هاتووی و دانانی بوودجەیەکی شیاو بۆ لێژنە هەمیشە ییەکان و قوتابخانە و خوێندگاکان .

٧- دابین کردنی بازاڕێکی هەرەوەزی تایبەت بۆ مامۆستایان بۆ دابین کردنی کەل وپەل و پێداویستیە سەرەتاییەکان بە نرخێکی گونجاو .

٨- دۆزینەوەی میکانیزمیکی گونجاو بۆ مۆڵەتی دایکایەتی و بە شێوەیەك کارنەکاتە سەر میلاکی قوتابخانەکان .

٩- ناردنی مامۆستایان بۆ خولەکانی دەرەوەی وڵات بۆ کەڵك وەرگرتن لە ئەزموونی گەلانی پێشکەوتوو لەم بوارەدا .

١٠- دانانی بەشێك لە نەخۆشخانە حکوومییەکان بۆ مامۆستایان و خێزانیان لە کاتی نەخۆشی درێژ خایەن و کارەسات چارەسەری لە دەرەوەی وڵات بکرێت

١١- پێویستە دەرماڵەی پیشەیی، کە دەدرێت بە مامۆستایان لە پشووی هاویندا بەردەوام بێت.

## پێشنیاز بۆ ڕاهێنانی مامۆستایان

١- کردنەوەی پەیمانگایەکی ڕاهێنـان و پـەرە پێدان لـە پایتـەخت (هـەولێر) سـەر بـە وەزارەت بێت. بـۆ ئـەوەی پڕۆگرامـی ناوەنـدی ئامادەکـات لـە گـەڵ ئامادەکردنی کادیری بە توانا تـا لـە ڕێگـەی یەکـەی ڕاهێنـانی پەروەردەکانـەوە جێ بە جێ بکرێت .

٢- خـوولی پەرەپێدان بـە کارهێنـانی تاقیگـە و کۆمپیوتـەر بـەردەوام بێت ماوەکەی کەم نەبێت وە خوولەکان لە پشووی هاوین و نیوەی ساڵ دابێ .

٣- کادیری بە توانا و پسپۆر وانەکان بلێتەوە وشیاوین .

٤- لە کۆتای هـەموو خولێك تاقیکردنـەوە ئـەنجام بدرێت ، پاداشـت بـدرێت بەسەرکەوتووەکان .

٥- ئەو مامۆستایانەی بەشـداری خوولـەکان ئەکـەن تایبـەت بەوانـەی کـە لـە دەرەوە هاتووچۆ ئەکەن هاوکاری مادی باش بکرێن .

٦- دروسـت کردنـی هەماهـەنگی لـە نێوان وەزارەتـی پـەروەردەو وەزارەتـی تەندروستی بۆ کردنەوەی خوولی فریا کەوتنی سەرەتایی تایبـەت بـە مامۆسـتای لادێکان .

٧- بەگەر خستنەوەی تەلەفزیۆنی پـەروەردەیی فێرکـردن بـە بـەردەوامی وە بە کادیری شارەزاوە .

٨- کردنەوەی خوول دەربارەی ڕۆشـنبیری پـەروەردەی دیمـوکراتی لـە سـەر بنەماکانی دیموکراتی و مافی مرۆڤ وە بەشێك بێ لە پڕۆگرامەکانی خوێندن.

## ڕاپۆرتی :

١- ئەزموونەکان

٢- هەڵسەنگاندن

٣- بڕوانامەکان

## سێیەم / ئەزموونەکان / هەڵسەنگاندن / بڕوانامەکان

### ١- ئەزموونەکان

### پێشەکی:

ئەزموونەکان گرنگترین بەشە لە پرۆسەی پەروەردە، بەروو بووم و بەرهەمی سالأنەی هەموو لایەنە بەشدار بووەکانە، هەروەها تاکە پێوەرە بۆی، ئاشکرایە، کە هیچ خانەوادەیەك لە کۆمەلگادا نییە پەیوەندی بەو لایەنەوە نەبێت. هەر بۆیە شەونخونی دایك و باوکی قوتابی و خوێندکارو زەحمەتکێشانی خودی قوتابی وچۆنیەتی جێبەجێکردنی ئەرکەکانی ودڵسۆزی وکۆششی مامۆستاو، هەول و تەقەلای سەرپەرشتیاران و شارەزایانی پەروەردە و بەڕێوەبەرە گشتییەکان و فەرمانبەران بەگشتی، تاوەکو لووتکەی هەڕەمی وەزارەت هەر هەمووپێکەوە بەرپرسیارن لە پێناو دابینکردنی داهاتوویکی باش بۆ نەوەکانی دوا ڕۆژمان. دانانی هەر خشتێك لە بینای ئەزموونەکان، وەیاهەر گۆڕانکاریەك لە پروسەی تاقیکردنەوەکان پێویستی بە بیرکردنەوەیەکی زۆر هەیە، ئەگەر چی ئێمە وەك کۆمەڵگایەکی پێشکەوتنخواز دەبێت بیر لەوە بکەینەوە شان بە شانی وڵاتانی هاوسێ و ئەوانەی لەو بوارەدا پێشکەوتنییان بەدەست هێناوە پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن بە باشترین شێوە بەرەو پێش ببەین و بنەمایەکی باش دابین بکەین لەو بواردا، چونکە بەرەو پێشچوونی هەر میللەتێك لە فەلسەفە پەروەردەییەکەی خۆی بەرجەستە دەکات .

بۆیەئێمەش لە بواری تاقیکردنەوەکان ئەم خالأنەی خوارەوە دەخەینە بەرچاوی پەروەردیارانی خوشەویست لە کۆنگرەی پەروەردەیدا بەهیوای

ئەوەین بگەینە ئەنجامێکی باش لە پێناو باشکردنی باری پەروەردەو هێنانە دی هیواو ئاواتەکانی قوتابیانی وخوێندکارانی خوشەویست :

أ–بواری تاقیکردنەوەکان

١– أ–لێژنەی لقی پارێزگا بەم شێوەی خوارەوە پێك دێت :

**بەرێوەبەری گشتی پەروەردە سەرۆك وئەندامییەتی :**

– یاریدەدەری کاروباری ئەزموونەکان

– بەرێوەبەری تەکنیکی

– سێ ئەندامی تری شارەزا و بەتوانا لە بواری ئەزموونەکان.

ب– لێژنـەی تاقیکردنـەوەکانی قـەزاکان : بەرێوەبـەری پـەروەردە سـەرۆك و ئەندامییـەتی سەرپەرشـتیارێکی پسـپۆڕی و یـەکێکی پـەروەردەیی وبەرپرسـی هۆبەی ئەزموونەکان.

٢– پـەیرەوکردنی سیسـتەمی دووبارەبوونـەوە ( نظـام الاعـادة ) لـە هـەردوو پۆلەکانی یەکەم و دووەمی پەیمانگاکانی مەڵبەندی مامۆستایان وەئەوانـەی لـە پۆلی دووەمی ئەو پەیمانگایانە لە یـەك بابـەت دەمێنێنـەوە سـاڵی دووەم تـەنیا لەو بابەتە تاقیکردنەوە ئەنجام بدەن بێ ئەوەی دەوام بکەن.

٣– پـەیرەوکردنی سیسـتەمی دووبارەبوونـەوە لـە پـۆلی کۆتـایی پـەیمانگاکانی هونەرە جوانەکان وگەشت و گوزار.

٤– تاقیکردنەوەکانی قوتابی وخوێندکارانی پۆلەکانی یەکەم ودووەم و سێیەمی سەرەتایی بەم شێوەیە دەبێت:

أ– هەموو تاقیکردنەوەکانیان زارەکی دەبێت .

ب- لە تاقیکردنەوەکانی خولی یەکەمدا قوتابی و خوێندکار لە چەند بابەت دەرنەچوو لە خولی دووەمدا تاقیکردنەوە دەداتەوە و لە خولی دووەمدا (دەرچوون و دەرنەچوون) هەیە.

ج- نمرەکانی تاقیکردنەیان بەشێوەی(کەوتووە - پەسندە - باشە - نایابە) دائەنرێت و ئەنجام تەنیا بە (دەرچووە - دەرنەچووە ) ئەدرێتەوە .

د- لە بابەتی زمانی ئینگلیزی تەنیا هەردووپۆلی (یەکەم و دووەم ) تاقیکردنەوە زارەکی دەبێت دەرنەچوونی تیادا نابێت .

٥- لەبەر ئەوەی سالآنە ژمارەیەکی زۆر قوتابی دەرەکی داوای بەشداری کردن دەکەن لە ئەزموونە گشتییەکان وە پاش وەرگرتنی مافی بەشداری زۆربەی هەرە زۆریان ناچنە ئەزموونە گشتییەکان بەبێ بەلگە ئەمەش کاریگەرییەکی زۆری هەیە لەسەر دابەزینی رێژەی دەرچوون

بۆیەدەبێت:

أ-بایەخێکی باش بدرێت بە تاقیکردنەوە بەراییەکان (تمهیدی ) و چۆنییەتی بەڕێوەچوونی لە ڕووی رێکخستنی هۆل و دانانی چاودێر وکارکردنیان بە ڕێنماییەکان .و ئەو قوتابی و خوێندکارانەی مافی بەشداری لە ئەزموونە گشتییەکان وەردەگرن بەهۆی ئەو ئەزموونە بتوانن دوو سالّ تاقیکردنەوەی گشتی ئەنجام بدەن و ئەگەر لە سالّی دووەم هەر قوتابیەك دەرنەچوو ئەوا دەبێت جارێکی تر تاقیکردنەوەی بەرایی ئەنجام بدات .

ب- بە پێ ی ڕێنماییەکان قوتابی و خوێندکاری دەرەکی دەبێت لە مەلّبەندی پارێزگاکان **تاقیکردنەوە بەراییەکان و گشتییەکان ئەنجام بدەن ، جگە لە** قۆناغی سەرەتایی و ئەو قوتابی وخوێندکارانەی کە یەك بابەتی و دوو بابەتین لە قۆناغی ئامادەیی.

ج- قوتابی وخوێندکاری دەرەکی بەپێی ڕێنمایی پاش بڕینی هەر قۆناغێك بۆ بەشداری کردن لە تاقیکردنەوەی گشتی قۆناغەکەی تر ، ئەوانەی لە هیچ شوێنێك دەوامیان نەکردوەپێویستە دووسالّیان بەسەردا تێپەر بێت وبۆ سالّی سێ یەم مافی بەشداری دەبێت، وە بۆ ئەوانەی لە قوتابخانەو خوێندنگاکاندا

دەوامیـــان كــردووە بەهـــەمان شـــێوە بـــەڵام پـــاش لێـــدەركردنی ســـاڵەكانی دەرنەچوون٠
د- ئەو قوتابی وخوێندكارانەی لە قوتابخانەكانی ڕۆژ مـافی دەوامیـان نامێنیـت لەبەر دەرنەچوونیان دوو ساڵ لەسەر یەكتر لە پۆلـــە كۆتاییـەكان و لـە سـاڵی دووەمی دەوامیان ماڤی بەشداریان وەرگرتووە لە ئەزموونە گشتییەكان ، یەكـەم ساڵ ڕاسـتەوخۆ بەشـداری دەكـەن لـە تاقیكردنـەوە گشـتییەكان (وەك قوتـابی دەرەكی ) بێ ئەنجامدانی تاقیكردنەوە بەراییەكان ٠
هـ قوتـابی دەرەكـی شەشـەمی ئامـادەیی وسـێ یـەمی پیشـەیی وسـێ یـەمی ناوەندی لە ئەزموونە گشتییەكاندا بەسەر هۆڵـەكانی مەلبەنـدی شـاردا دابـەش بكرێن (هۆڵی تایبەتیان نەبێت )
و- قوتـــابی دەرەكـــی لـــە ئەزموونـــە بەراییـــەكان تـــەنیا لـــە پرۆگرامـــی پۆلـــە كۆتاییەكان بەرپرسیارە ٠
ز- دانـــانی ڕەسمێـــك بەرامبـــەر داواكردنـــی قوتـــابی وخوێنـــدكاری دەرەكـــی بۆبەشداری لەتاقیكردنـەوە گشـتییەكان بـۆ ئـەوەی قوتابییەكەپەیوەسـت بێـت پێی ئەو بڕە پارەیە دەچێتەخەزینەی حكومەت ، و بەم شێوەیە : بۆ خوێنـدنی سەرەتایی (١٥٠٠٠) دینار و بۆ ناوەندی (٢٠٠٠٠) دینـار و بـۆ قۆنـاغی ئامـادەیی (٢٥٠٠٠)دینار
ح-هـەموو سـاڵێك داواكاری بـۆ ئەزموونـەكانی دەرەكـی لـە ١٠/١٥ دەسـت پـێ دەكـات وەتـاوەكو١٢/٣١ بـەردەوام دەبێـت و پـاش ئـەو ڕۆژە هـیچ داواكاریـەك وەرناگیرێت٠
٦-ئـەو قوتـابی و خوێندكارانـەی سـاڵی یەكـەم لـە ئەزموونـە گشـتییەكانی ئامادەیی لە یەك بابەت وەیـان دوو بابـەت دەرناچـن بۆیـان هەیـە سـاڵی دووەم تەنها لـەو بابەتانـەی لێ دەرنەچـوون تاقیكردنـەوە ئـەنجام بـدەن و بـێ ئـەوەی دەوام بكەن وە بۆ ماوەی دوو ساڵ بتوانێت لەو بابەتـە تاقیكردنـەوە بكـات بـۆ ئەو كارەش قوتابی وخوێندكار دەبیت پـێش ١٠/١ هـەمو سـاڵێك بڕیـاری خـۆی بـدات ،ئەگـەر دووسـاڵ لەسـەر یـەكتر لـەو بابەتـە دەرنەچـوو ئـەبێ دووبـارە تاقیكردنەوەی دەرەكی لە هەموو بابەتەكان بەپێی ڕێنماییەكان ئەنجام بدات٠

٧-پێویستە هەوڵ بدرێت ئەزموونە گشتییەکانی ناوچە تازە ئازادکراوەکانی کوردستان ئەوانەی پرسیاریان لە وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی عیراقی فیدراڵ بۆ دێت بە هاوکاری هەردوو وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی پەروەردەی کۆماری عیراقی فیدراڵ ئەنجام بدرێت·

٨- هەوڵ بدرێت سیستەمی دەفتەری ئەلکترۆنی بەکار بێت لە هەردوو ئەزموونە گشتییەکانی ناوەندی و ئامادەیی وپارەی پێویست بۆ ئەم پرۆژەیە تەرخان بکرێت·

٩- گۆڕینی سیستەمی ئەزموونە گشتییەکانی سەرەتایی وەك هەنگاو نان بۆ قۆناغەکانی تریش، لە قۆناغی یەکەمدا وبەم شێوەی خوارەوە بێت ·

أ-ئەنجامدانی تاقیکردنەوە گشتییەکان لە دوو ڕۆژدا و بەم شێوەیە :

١- زمان (کوردی - عەرەبی - ئینگلیزی)

٢- بیرکاری وزانستە گشتییەکان ·

ب- شێوەی پرسیار بابەتی( موضوعی) دابێت لە جۆری توانستی زیرەکی (أسئلة اختبار ذکاء)·

ج- بۆ بابەتی زمان (٣٠٠نمرە ) و بابەتی بیرکاری زانست (٢٠٠) نمرە تەرخان دەکرێت واتە هەر بابەتێك (١٠٠) نمرەی خۆی بۆ تەرخان دەکرێت وە ئەگەر یەکێك بۆ نموونە لە بابەتێکی زمان لە خوولی یەکەم دەرنەچوو ئەوا لە خوولی دووەم لەو بابەتە تاقیکردنەوە دەدات·

د-خشتەی تاقیکردنەوەکان هەر سێ ڕۆژ وانەیەك بێت ·

هـ-پرسیارەکان لەلایەن لێژنەی لقی لە ب· گ پەروەردەوە دائەنرێت بەشێوەی توانستی زیرەکی (اختبار ذکاء) هەر لەلایەن خۆیانەوە چاپ و وردبینی بەرگ کردنیان بۆ ئەکرێت بە پێ ی ژمارەی قوتابیان و خویندکاران·

و- کۆنترۆلی سەرەتایی لە لایەن ب· گ پەروەردەوە لەمەڵبەندی پارێزگا ئەنجام دەدرێت لەگەڵ هەموو کارە پێویستەکان تاوەکو ڕاگەیاندنی ئەنجامەکانی ئەو ئەزموونە ·

ز- تاقی کردنەوەی بە نووسینێکی (تحریری ) لە قوناغی سەرەتایی بەگشتی لەسەر شیوازی نوێ جێبەجێ بکرێت·

ح- لابردنی تاقیکردنەوەکانی نیوەی ساڵ وسوود لەو کاتە بۆ خوێندن وەربگرێت ، تێکڕای هەردوو وەرز (فصل) بکرێت بە کۆششی ساڵانە کە تیکرای لەگەڵ ئەزموونەکانی کۆتایی ساڵ دەبیتە نمرەی کۆتایی.

ط-بۆ وەرگرتنی مافی بەشداری لە ئەزموونە گشتییەکان تێکڕای هەردوو وەرزی یەکەم و دووەم پاش پێدانی نمرەی بڕیار دەکرێت بە پێوەر.

ی-لە تاقیکردنەوەکانی وەرزەکاندا بچووکترین نمرەی دەرچوون٥٠ دەبێت گەورەترین نمرەی دەرچوون ١٠٠ دەبێت وسەری سالێش ١٠٠ نمرەی لەسەر ئەبێت .

ك- تێکڕای نمرەی کۆششیسالأنە ونمرەی سەری ساڵ ئەنجامی دەرچوونی خوێندکار ئەبێت پاش جێبەجێکردنی رێنماییەکان .

ل- بابەتاکانی تری شەشەمی سەرەتایی ئەوانەی ناچنە ئەزموونە گشتییەکان لە قوتابخانە لەگەڵ پۆلە ناکۆتاییەکان تاقیکردنەوەیان بۆ ئەنجام دەدرێت و نمرەکانیان ڕەوانەی کۆنترۆڵ دەکرێت بە پیٚی فۆرمی تایبەت بەو کارە.

١٠- بەرێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگا پێداچوونەوە بکات لە نزمی ئاستی زانستی قوتابی وخوێندکارانی پۆلی یەکەمی ناوەندی وە چارەسەری گونجاوی بۆ دابنیٚ .

١١- لە قوناغی دووەمدا گۆڕینی سیستەمی خوێندنی سەرەتایی لە هەرێمی کوردستان وبەم شێوەیەبێت :

أ- خوێندنی سەرەتایی بکرێت بە ( پێنج ) ساڵ لە پۆلی یەکەمەوە تاوەکو پۆلی پێنجەم.

ب- پۆلی شەشەمی سەرەتایی بخرێتە پاڵ خوێندنی ناوەندی بۆ ئەوەی ببێت بە چوار ساڵ.

ج- قۆناغی سەرەتایی بکرێت بە قۆناغی فێربوونی نووسین و خوێندنەوە و خەت خۆشی و فێربوونی زمانی دایك وگۆڕینی ڕەفتار لەگەڵ ناسینی ژینگە و سەرەتاکانی بیرکاری و زمانی ئینگلیزی وبەدیارخستنی ئارەزوو ، بۆیە پێویستە ئەو قۆناغە زیاتر گرنگی بەلایەنی منالٚ بدات .

د- زمانی عەرەبی لە دوو ساڵی کۆتایی قۆناغی سەرەتایی بخوێنرێت .

١٢– دابینکردنی بودجەی پێویست بۆ ئەزموونە گشتییەکان بۆ لێژنەی باڵاو لێژنە لقییەکان پێش مانگی ئاداری هەر ساڵێکی خوێندنا ٠

١٣–هوشیارکردنەوەی مامۆستایان و هاندانیان بۆ بەشداریکردن لە ئەرکەکانی ئەزموونە گشتییەکان وبەتایبەتی چاودێریکردنی هۆڵەکان و کرداری پشکنین و وردبینی تێنووسە ئەزموونییەکان ئەوەشیان ئەرکی سەرپەرشتیارانی پسپۆرییە لەبواری سەردانەکانیان بۆ قوتابخانەو خوێندنگاکان.

١٤–زیادکردنی پارەی پشکنین و وردبینی دەفتەرەکانی ئەزموونە گشتییەکانی ئامادەیی وناوەندی لە بابەتەکانی عەرەبی وکوردی ، قۆناغی ئامادەیی لە (٥٢٥)دینار بۆ هەر دەفتەرێك بۆ (٦٠٠) دینار وەناوەندی لە (٤٠٠)دینار بۆ دەفتەرێك بۆ (٤٧٥)دینار٠

١٥–رۆژانەی چاودێری لە ئەزموونە گشتییەکانی سەرەتایی بکرێت بە(٨٠٠٠ ) دینار وبۆ چاودێری

ناوەندی وئامادەیی بکرێت بە (١٠٠٠٠)دینار ،و بۆ بەڕێوەبەرو یاریدەدەریش لە هەموو قۆناغەکان بکرێت بە (١٢٠٠٠)دینار ٠

١٦– پێویستە لەکاتی پالاوتنی مامۆستا بۆ کارەکانی پشکنین و وردبینی لە هەرسێ قۆناغی سەرەتایی وناوەندی و ئامادەیی ئەم خاڵانەی خوارەوە رەچاو بکرێن:

أ–ڕاژەی خزمەتی لە(٥) ساڵ کەمتر نەبێت بۆ قۆناغی ئامادەیی و( ٣ )ساڵیش بۆ قۆناغی ناوەندیوسەرەتایی٠

ب– بەلایەنی کەمەوە دوو ساڵ وانەی وتوبێتەوە لە پرۆگرامی ئەو پۆلەی بۆی پالاوتراوە بە ساڵی پالاوتنەوەش •

ج– سزا نەدرابێت لە بواری تاقیکردنەوەکاندا٠

١٧– جێبەجێکردنی داواکارییەکانی سیستەمی چاککردنی تێکرا ( تحسين المعدل) بۆ ئەو قوتابی وخوێندکارانەی ئارەزوو دەکەن پاش ڕەچاوکردنی ئەو خاڵانەی خوارەوە:

أ– دەرچووی ساڵی یەکەم وخولی یەکەم بێت بە تێکرای ٨٠٪ و زیاتر ٠

ب– نابێت لە زانکۆ و پەیمانگاکاندا وەرگیرابێت٠

ج- تەنیابۆ یەك ساڵ بە شێوەی دەرەکی بەشداری دەکات لە ئەزموونە گشتییەکانی ئامادەیی٠

د- قوتابی و خوێندکار سەرپشك دەبێت لە هەڵبژاردنی نمرەکانی یەك لەو دوو ساڵە وە ئەگەر نمرەکانی ساڵی دووەمی هەڵبژارد ئەوا (٢١) نمرەی پێشبرکێ ی وەرگرتنی لە زانکۆ وپەیمانگاکان پێ نادرێت٠

١٨- لەبەر گرنگی تاقیکردنەوەکانی کۆتایی ساڵ بۆ قوتابیان وخوێندکاران،بۆیە بۆ بەخشین لەپۆلە ناکۆتاییەکان ئەمانەی‌خوارەوە پێویستە رەچاو بکرێن :

أ- بۆ بەخشینی گشتی پێویستەنمرەی کۆششی ساڵانەی قوتابی وخوێنکار لە بابەتەکاندا لە (٩٠) کەمتر نەبێت لە هەر بابەتێکدا٠

ب- بەخشین لە یەك بابەت وەکو خۆی دەمێنێتەوە واتە نابێت نمرەکەی لەو بابەتەی لێی دەبەخشرێت لە (٩٠)کەمتر بێت ٠

ج- نزیك کردنەوەی کەرتەکان لە نمرەی کۆششی ساڵانە دەکرێت بۆ بابەت (دەرس) لە بەخشینی گشتی وبەخشین لە تاك بابەت (تاك دەرس) ٠

١٩-هەوڵدان بۆ زیادکردنی پارەی ناردنی ئەو مامۆستایانەی بۆ پشکنین وردبینی تێنووسەکانی ئەزموونە گشتییەکان دێن لەبەر بەرزبوونەوەی بەهاکانی نووستن لە ئوتێلەکان٠ و پێشنیار دەکەین کە ناردنی ڕۆژانە بکرێت بە (٥٠٠٠٠) پەنجا هەزار دیناری براوە بۆهەر یەکێکیان،

هەروەها دەرماڵەی ڕۆژانەی پشکنەرانی ناو شار (ئەو شوێنانە بنکەی کۆنترۆڵیان تیادایە) بکرێت بە (١٠٠٠٠ ) دینار٠ بۆهەردوو قۆناغی ئامادەیی وناوەندی٠

٢٠- کردنەوەی چەندپۆلێك لە یەکێك لە قوتابخانەکانی هەرپارێزگایەك بۆئەو قوتابی و خوێندکارانەی لە دەرەوەی وڵات دێنەوەو زمانی‌دایك تەنیا بە ئاخافتن دەزانن بۆئەوەی تیایدا بۆ ماوەی ساڵێك فێری هەردوو زمانی کوردی وعەرەبی بکرێنەوە ئینجا دابەش بکرێن بەسەر قوتابخانەوخوێندنگاکاندا٠

٢١- ساڵانە ئەنجامەکانی ئەزموونە گشتییەکان بەهۆی ئینتەرنێتەوە ڕابگەینرێت وە بۆ ئەو کارە کادیری شیاو ئامادە بکرێت لە بواری ئینتەرنێتەوە٠

٢٢- قوتابی وخوێندکارانی هەردوو قوتابخانەی (نوهات) لە پارێزگای دهۆك و (گەشە) لە پارێزگای سلێمانی ئەزموونە گشتییەکانیان وەکو قوتابی وخوێندکارانی هەرێم دەبێت ولە هەمان پرۆگرامدا ٠

٢٣- دووبارە چاپکردنەوەی پەرتووکی سیستەم و ڕێنماییەکانی تایبەت بە ئەزموونەکان پاش ڕاستکردنەوەیان بە پێ ی بڕیارەکانی کونفرانس ٠

ب-کاروباری قوتابیان و خوێندکاران:

٢٤- دەستنیشانکردنی تەمەنی وەرگرتن لە قوتابخانەکان بەو شێوەی خوارەوە بێت :

أ- بەرزترین تەمەنی وەرگرتن لە پۆلی یەکەمی ناوەندی (١٦) سالْ بێت ٠

ب- بەرزترین تەمەنی وەرگرتن لە پۆلی چوارەمی ئامادەیی(٢٠) سالْ بێت ٠

ج- قوتابی وخوێندکارانی قۆناغی ئامادەیی پاش تەواوکردنی (٢٤) سالْ مافی دەوامیان نامینێت لەقوتابخانەو خوێندنگاکانی ڕۆژ٠

٢٥- ئەو قوتابی وخوێندکارانەی لە پۆلی یەکەمی قوتابخانە پیشەییەکان دوو سالْ لەسەر یەکتر دەرناچن بۆیان هەیە سالی سێیەم لە قوتابخانەوخوێندنگاکانی ئەکادیمی ئێواران بەردەوامی بە خوێندنیان بدەن٠

٢٦-ئەو قوتابی وخوێندکارانەی لە پۆلی چوارەمی وزانستی و وێژەیی یان لە پۆلی یەکەمی ئامادەییەپیشەییەکان دەرناچن بۆیان هەیە لقەکانی خۆیان بگۆڕن ٠

٢٧-ئەوقوتابی وخوێندکارانەی پۆلی یەکەمی سەرەتایی وەتاوەکو پۆلی چوارەمی سەرەتایی و بە خوێندنی تابەتیشەوە ئەوانەی لە دەرەوەی هەرێم دێنەوە وەیان خوێندنیان تایبەتییەو ناتوانن بڕوانامە لەگەلْ خۆیان بهێنن ، لێژنەیەکی تایبەتیان بۆ پێك بهێنرێت لە یەکەی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی بۆ دیاری کردنی ئاستی زانستیان ودەستنیشانکردنی ئەوپۆلانەی کە لێی دەوام دەکەن پاش ڕەچاو کردنی تەمەن وبەپێ ی بڕیاری ئەوان تۆمار بکرێن لەوقوتابخانەو خوێندنگایانەی لێ وەردەگیرێن بەمەرجێك ئەو کارە سالانە پێش ٣١/١٠ئەنجام بدرێت ٠ لە بوارە جیا جیاکان:

هەرچەندە ئەم خالانەی دێن ناچنە ژێر بالی ئەزموونەکان بەلام یارمەتی پێشخستنی بواری تاقیکردنەوەکان دەدات بۆیە ئەمانەش دەخەینە بەر چاو:

٢٨- لەبەر زۆری كێشەی نەبوونی نمرەی قوتابی ، پێویستە پەروەردەی قەزاكان و پەروەردە گشتییەكان نمرەی ساڵانەی قوتابیان و خوێندكاران بەرێكی لە ئەرشیفی تایبەت عەمبار بكەن وبخرێتە سەر C.D .

٢٩- هەوڵ دان بۆ كردنەوەی خولی بەهێزكردن بۆ قوتابی و خوێندكارانی قەزاو ناحیەكان و كۆمەڵگەكان لە ڕۆژانی هەینی بە درێژایی ساڵ و پشووی هاویندا بە هاوكاری كردن لەگەڵ ڕێكخراوەكانی قوتابیان وخوێندكاران ،هەروەها ڕیكخستنی وانەی تەلەفزیونی پەروەردەیی .

٣٠- بەرێوەبەرایەتێكی تایبەت بكرێتەوە لە ب.گشتی پرۆگرامەكان بۆ تۆماركردنی وانەی تەلەفزیۆنی پەروەردەیی لەسەر C.D تۆمار بكرێن بۆفرۆشتنەوەیان بە قوتابیان بە نرخێكی گونجاو بۆ سوود لێ وەرگرتن .

٣١- كردنەوەی‌خولی زانستی بۆماموستایانی تازە دامەزراو لە پرۆگرامەكانی خوێندنی پۆلە كۆتاییەكان بە مەبەست بەهێز كردن و ئامادەكردنیان بۆ وانە ووتنەوە لەو پۆلانە .وەبە گوێرەی قۆناغی سەرەتایی بكرێن بە خاوەنی پسپۆرییەك.

٣٢- هەوڵدان بۆ ئەنجامدانی چاكسازی لە بواری فێركردنی وەك :

أ- دەستەبەركردنی ماموستای خاوەن توانای بەرز وباش بۆ خوێندنی سەرەتایی (واتە چاوپێخشاندنەوە لە سیستەمی وەرگرتن لە پەیمانگاكانی مەڵبەندی)

ب- زیاتر بایەخدان بە بواری زانستی لە قۆناغی سەرەتایی .

ج-چاكسازیكردن لە بواری پرۆگرامی خوێندن لە پەیمانگاكانی مەلبەندی بە ئاراستەی بەزانستی كردنیان.

د- وانەی عەرەبی لە قۆناغی سەرەتایی وەك (sunrise) ئینگلیزی لێ بكرێت چونكە بەم پرۆگرامەی ئێستا فێری زمانی عەرەبی نابن وەئێستا ئەو منالأنەی تەنها گوێ لە فیلمی كارتون ڕائەگرن لە جوڵەی ئەكتەرە كان فێری قسەكردن ئەبن بەو زمانە .

٣٣- هەوڵدان لەگەڵ زانكۆكانی هەرێم بە تایبەتی كۆلێژەكانی پەروەردە بۆ چاكسازی‌كردنی

پرۆگرامەکانی خوێندنیان بە شێوەیەك کە یارمەتی ئەوە بدات دەرچووانی بەتواناوبەهێز دەستەبەربکەن بۆ دامەزراندنیان لەبواری فێرکردن لەهەردوو قۆناغی خوێندنی ناوەندی و ئامادەیی ٠
٣٤-کردنەوەی تەلەفزیونی پەروەردەیی، کەپرۆگرامەکانی بۆهەموو قۆناغەکانی خوێندن بگونجێت ٠
٣٥- تەواوکردنی پرۆگرامەکانی خوێندن لە پۆلە کۆتاییەکان و ناکۆتاییەکاندا بە نەخشەو پلانێکی رێك وبنبرکردنی دیاردەی دابرانی قوتابیان وخوێندکاران لە قوتابخانەو خوێندنگاکانیان پێش ١/٥/هەرساڵێك بۆ هەردووقۆناغی ناوەندی ئامادەیی ئەمەش ئەرکی سەرەکی بەڕێوەبەرو سەرپەرشتیاری پسپۆری پەروەردەییە٠
٣٦-دانانی بەڕێوەبەری قوتابخانەو خوێندنگاکان لەسەر بنەمای لێهاتوویی و شیاوی٠
٣٧- هەوڵدان بۆ بیناکردنی هۆڵی تاقیکردنەوەکان لە قوتابخانەو خوێندنگاکاندا بۆ بەکارهێنانیان لە بواری ئەزموونەکان وبۆنەکانی تری قوتابخانە ٠
٣٨- پەیرەوکردنی بیروڕای سزاو پاداشت بەگوێرەی ڕێژەی دەرچوون بۆ هەردوو قۆناغی سەرەتایی وناوەندی ٠
٣٩- بۆ قۆناغی ئامادەیی وابە باش دەزانین کە نمرەی پێوانەی لەگەڵ ڕێژەی دەرچوونی ٥٠٪ ڕەچاو بکرێت لەکاتی هەڵسەنگاندنی بەڕێوەبەرەکان٠
٤٠- هەوڵدان بۆ دووبارە دامەزراندنەوەی تاقیگەکانی قوتابخانەکان بۆ ئەوەی بتوانرێت کارە تیورییەکان بە کردارییەوە ببەسترێتەوە٠

# ڕاپۆرتی
# ٢- هەڵسەنگاندن

## ٢- هەڵسەنگاندن

## پێشەکی

ئەم ڕاپۆرتە دەخەینە بەردەستی مامۆستاو فەرمانبەران و سەرجەم لایەنە پەیوەندارەکانی پرۆسەی فێرکردن لە هەرێمدا بەمەبەستی ئاشناکردنی بەڕێزیان بە کارو ئەرك و چالاکیەکانی ئەم بەڕێوەبەرایەتیەو ئاگاداربوونیان لەگشت بریارو ڕێساکان و ئەنجامدانی هەڵسەنگاندنی ئاستی خوێندن بە دەرهێنانی نمرەی معیاری و دەرخستنی ڕێژەی ڕاستەقینەی دەرچوون.

ئومێدەوارین ئەم ڕاپۆرتە ئاوێنەیەکی ساف و بێگەرد بێت سەرجەم کارەکانمانی تێدا ڕەنگ بداتەوە ،داوا لە مامۆستا بەرێزەکان و کارمەندە ئازیزەکانی پەیوەندار بەم بوارەوە دەکەین بەوردی هەڵیبسەنگێنن و بەڕاشکاوی تێبینی و سەرنجەکانیان دەرببڕن و لەهەر کەم و کوڕیەك ئاگادارمان بکەنەوە بۆ ئەوەی بتوانین چارەسەری دروست بۆ هەر کارێکی نەگونجاو یان هەڵەیەکی بێدەستی بدۆزینەوە.

هیوادارین بەهاوکاری هەموو پسپۆران و خەمخۆرو مامۆستایانی لێهاتوو و دایکان و باوکانی ئازیز پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن بەگشتی و ئەزموونەکان بەتایبەتی هەنگاو هەنگاو بەرەو باشتر ببەین.

**ئەرکەکان**

١-دەرهێنانی نمرەی پێوانەیی(معیاری)بۆ هەڵسەنگاندنی ئاستی مامۆستاو بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانە.

٢- دەرهێنانی ڕێژەی دەرچوونی گشت قوتابخانەکانی قۆناغە کۆتاییەکانی هەرێمی کوردستان وە پاداشت کردن و سزادانیان.

٤- سزادانی مامۆستاو بەڕێوەبەرانی ئەو قوتابخانانەی نمرەی پێوانەیی لە(-١)کەمترە.

٥-پاداشت کردنی مامۆستاو بەڕێوەبەرانی ئەو قوتابخانانەی نمرەی پێوانەیی لە(+١)زیاترە.

٦- پاداشت کردنی دە یەکەمەکانی قوتابی و قوتابخانەکانی قۆناغە کۆتاییەکانی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی پارێزگاکانیان.

**ئەنجامدراوەکان**

١-ساڵانە دە یەکەمەکانی قوتابی و قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی پارێزگاکانیان پاداشت دەکرێن.

٢- دەرهێنانی نمرەی پێوانەیی (الدرجە المعیاریە)بۆ هەڵسەنگاندنی ئاستی مامۆستاو بەڕێوەبەری قوتابخانە.

٤- دیاری کردنی ڕێژەی دەرچوون لەگشت قۆناغەکانی خوێندن بۆ هەموو پارێزگاکان وە هەڵسەنگاندنی ئەنجامەکانی وە بەراورد کردن لەگەڵ ئەنجامەکانی ساڵانی رابردوو.

**تەگەرەکان**

١- کەمی پرۆگرام لە بەشی هەڵسەنگاندن کەوا پێویستمان پێی هەیە.

٢- نەبوونی هاوکاری پێویست بۆ بەڕێوەبەرایەتی هەڵسەنگاندن لەلایەن وەزارەتی پەروەردە.
٣- کەمی ئامێری کۆمپیوتەر چاپ لە بەشەکەمان کەوا زۆربەیان لەکار کەوتوون.
٤- نەبوونی تۆڕی ئەنتەرنیت بۆ بڵاوکردنەوەی ئەنجامەکانی ئەزموونەگشتییەکانی قۆناغە کۆتاییەکان.

## پێشنیارەکان

١- ساڵانە لیژنەی دەرهێنانی نمرەی پێوانەیی لە دیوانی وەزارەت پێك بێت بۆ ئەنجام دانی ئەم کارە وە جێبەجێ بکرێت بە گوێرەی ڕێنماییەکان وە پێش ١٠/١٥/هەموو ساڵێك.
٢- هەموو ساڵێك لیژنەی بەدواداچوونەوەی ئاستی زانستی پاش دەرچوونی ئەنجامەکانی خولی دووەم پێك بێت لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەکان وە بەگوێرەی ئەو کارە مامۆستایان پاداشت و سزای خۆیان وەربگرن نەوەك بەگوێرەی ئامارەکانی بنکەکانی پشکنین.
٣- پێویستە هەموو ساڵێك پرسیارەکانی نیوەی ساڵ و کۆتایی ساڵ بۆ هەموو قۆناغەکانی خوێندن بەدواداچوونەوەی بۆ بکرێت و هەڵسەنگێنرێت ولەلایەن لیژنەکانی بەدواداچونەووە لە پەروەردەی پارێزگاو ئەم هەڵسەنگاندنەش بە گوێرەی پەرە نامەیەکی تایبەت ئەنجام بدرێت کە وێنەیەکی لێ بدرێتەوە مامۆستای دانەر.
٤- کردنەوەی هۆبەی هەڵسەنگاندن لە بەڕێوەبەرایەتی تەکنیکی بەڕێوەبەرایەتییەگشتییەکانی پەروەردەی پارێزگاکان.
٥- دیاری کردنی ڕێژەی دەرچوون وە بەراورد کردنی بە ساڵانی پێشوو.
٦- دیاری کردنی ئەنجام و هۆی دواکەوتن یان بەرەو پێش چوونی ڕێژەی دەرچوون.

٤- سیستەمی هەڵسەنگاندنی مامۆستای پسپۆری لە بابەتەکەی خۆی لەسەر ڕێژەی دەرچوونی لە ٦٥٪ بکرێتە ٥٠٪ بۆ هەموو مامۆستایان .

٥- پێك هێنانی لێژنەیەك لە دیوانی وەزارەت بۆ بەدواداچوونەوەی کاری هەڵسەنگاندن .

٦- هەڵسەنگاندنی ئەو مامۆستایەی، کە جگە لە پسپۆری خۆی وانە دەڵێتەوە ڕەچاوی بۆ بکرێت.

٧- پێویستە هەموو قوتابخانەکان ساڵانە لەگەڵ ڕاپۆرتی کۆتایی ساڵ وێنەیەك لە بەدواداچونەوەی ئاستی زانستی ڕێژەکان بۆ پەروەردەکانیان ڕەوانە بکەن. پەروەردەکان بۆیان هەیە پوختەی ڕێژەکان ڕەوانەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بکەن.

٨- لەکاتی هەڵسەنگاندنی بەڕێوەبەرانی قوتابخانەومامۆستایانی دواناوەندی و ئامادەییەکان

ا- دەرهێنانی نمرەی پێوانەیی:

ب- پێویستە نمرەی پێوانەیی لەهەر بابەتێك و بۆ هەر بەڕێوەبەرایەتییەك لە (١-) کەمتر نەبێت.

ج- سزادانی مامۆستاو بەڕێوەبەرانی ئەو قوتابخانانەی نمرەی پێوانەیی لە (١-)کەمترە.

د- پاداشت کردنی مامۆستاو بەڕێوەبەرانی ئەو قوتابخانانەی نمرەی پێوانەیی لە(+١) زیاترە.

# ڕاپۆرتی
# ٣- بــــڕوانـامــەکـان

## ٣- بڕوانامەکان

### پێشەکی:

کاری تایبەت بە بڕوانامەکان بەشێکی هەرە گرنگی پرۆسەی کاری وەزارەتی پەروەردە دەنوێنێ چونکە ئەو بڕوانامەیەی بە خاوەنەکەی دەدرێت سەرجەم بەرهەم و کۆششی ئەو کەسەی تێدا ڕەنگ دەداتەوە و لایەنە پەیوەندارەکان کە خاوەنی ئەو بڕوانامە ڕوویان تێ دەکات جا چ بۆ مەبەستی درێژەدان بە خوێندن چ بۆ دامەزراندن یان هەر مەبەستێکی تر، پشت بەو بەڵگەنامەیە دەبەستن، واتا ماف و ئەرکەکانی کەسەکە لەسەر ئەو بەڵگەنامەیە بڕیار دەدرێت.

ئەوەی زیاتریش گرنگی بەو پرسە دەدات ئەو ڕاستیەیە کەوا بڕوانامەکان وەك هەموو دۆکیومێنێتکی تر ئەگەری ساختە تێکردن و دەستکاریان هەیە، ئەمە نەك تەنها لێرە و تەنها لەم سەردەمەدا، بەڵکو هەر لە دێر زەمانەوە و تەنانەت لە پێشکەوتووترین وڵاتانی دنیاشدا هەر هەبووە و هەیە.

لە ژێر ڕۆژشنایی ئەو راستیەدا پێمان وایە کە هەر چەند گرنگی بەم کەرتە بدرێ و وە هەر چەند ڕێنمایی و ڕێکخستنی پتری بۆ دابڕێژرێ شایستەیەتی و لە دوا جار دا بە قازانج دەگەڕێتەوە بۆ هەموو لایەك.

لەم روانگەیەوە لە میانەی کارکردنمان زۆر بە وردی پرسە و گرفتە تایبەتییەکانی ئەم کەرتە کەوا لە خوارەوەیە یەکە بە کە دەخرێنە ڕوو لەگەڵ پوختەی بۆچوون و پێشنیارەکانمان سەبارەت بە هەر خاڵێکیان بە هیوای ئەوەی کە لە ئایندەیەکی نزیك جێبەجێ بکرێت و ئومێدەوارین بەم کارە

سادەیەمان توانیبێتمان خزمەتێك بە نەوەی تازەی کورد و کوردستان بگەیەنین لە پێناو پەرەپێدان بە ئەزموونی هەرێمی کوردستان.

**ئەرکەکان:**

١- چاودێری کردنی هۆبەی بڕوانامەکان لە پەروەردەکانی هەرێمی کوردستان لە پەیڕەوکردنی کۆمەڵی سیستەمی ڕێنماییەکانی تایبەت بە بڕوانامەکان.

٢- باوەڕ دان لەلایەن بەشەکەمان بە هەموو ئەو بەڵگەنامانەی کە ڕێگا بە خاوەنەکانیان دەدەن بۆ تەواوکردنی خوێندن لە دەرەوەی عێراق.

٣- سەرپەرشتی کردن و وورد بینی گشت بڕوانامەکانی دەرچوونی ناوەندی و ئامادەیی.

٤- بەدوا داچوونی گشت لێژنەکانی لێکۆڵینەوەی پەروەردەکان دەربارەی ساختەکردنی بڕوانامە و بڕیار دان لەسەر کێشەکە بەپێی ڕێنمایی و سیستەمی پەسندکراوی بڕوانامەکان.

٥- دانی ساختە و تەزویرچییەکان بە دادگا پاش دڵنیابوون لە کاری ساختە لە ڕێگای هۆبەی یاسا لە دیوانی وەزارەت.

٦- بەخشینی (بڕوانامەی دیواری) بە قوتابی و خوێندکارانی دەرچووی ئامادەیی بە لقە جیاوازەکانییەوە، کە بە سەرکەوتووی تاقیکردنەوە گشتییەکان دەبڕن لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگاکان و دەرچووانی گشت پەیمانگاکان لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەیمانگاکانی سەر بە وەزارەت.

٧- باوەڕپێدان و واژۆ کردنی بڕوانامەی دیواری (تەنها بۆ پۆلی شەشەمی ئامادەیی) لە لایەن وەزارەت پاش کۆتایی هاتنی ڕێکخستنی بڕوانامەکان لە پەروەردە گشتییەکان.

٨- وەرگێرانی بڕوانامەی قوتابیان و خوێندکارانی هەرێم کە نیازی تەواوکردنی خوێندیان هەیە لە دەرەوەی عێراق بۆ زمانی ئینگلیزی.

٩- وەرگێران و یەکسان کردنی بڕوانامەی ئەو قوتابی و خوێندکارانەی کە لە دەرەوەی عێراق دێن بۆ تەواوکردنی خوێندن لە هەرێم.

١٠- وردبینی کردنی ئەو بڕوانامانەی کە لە زانکۆکانی کوردستان و بەشێك لە دەزگاکانی میری دەنێررێن بۆمان بە مەبەستی دڵنیا بوون لە ڕاستی و دروستیان.

١١- هاوکاری کردنی ناوەندی وەرگرتنی قوتابیان لە زانکۆ بۆ ئاسانکاری کارو باری وەرگرتنی قوتابیان و خوێندکارانی گەڕاوە لە دەرەوەی عێراق بۆ درێژە دانیان بە خوێندن لە زانکۆکانی کوردستان.

١٢- دەرچوواندنی هەر ڕێنماییەك بۆ ئاسانکردنی کاری قوتابی و خوێندکار لە ڕووی بڕوانامەکان و لادانی ڕۆتین.

١٣- هەماهەنگی و هاوکاری لەگەڵ وەزارەتی پەروەردەی عێراق لە بەغدا لە ڕووی کار و باری بڕوانامەکان.

١٤- بەرگکردنی ئەنجامی ئەزموونە گشتییەکان بە گشت ئاستەکانی و گشت قوتابخانەکانی کوردستان و پاراستنی لە ئەرشیفێکی تایبەت لە وەزارەت.

١٥- ئیدخال کردنی گشت بڕوانامەکانی قوتابی و خوێندکاری گەڕاوە لە دەرەوەی عێراق لە کۆمپیوتەر، و پاراستنی لە سیدی بە سکانەر، و ڕێکخستنی ئەرشیفێکی تایبەت بە بڕوانامەکان.

١٦- بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەکان (گەنجینە) بەرپرسیارە لە وون بوونی بڕوانامەی بەکارنەهاتوو کە لە وەزارەتەوە وەری ئەگرن.

**ئەنجامدراوەکان:**

١- دەست بەسەر داگرتنی چەندەها بڕوانامەی تەزویر هی هەرێم و عێراق و دەوڵەتە بیانییەکان.

٢- دانی ئەو بڕوانامەی تەزویر و تەزویرچییەکان بە دادگا بەپێی نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٧٢٠) ڕێکەوتی ٢٢/٢/٢٠٠٠.

٣- ڕێکخستن و چاپکردنی وەرگێڕانی بڕوانامەی قوتابیان و خوێندکاران بۆ دەرەوەی وڵات لە زمانی کوردییەوە بۆ سەر زمانی ئینگلیزی بە سیستەمێکی نوێ و بەو شێوەی کە لە شێوە ژمارە (١) بە دیار دەکەوێت.

٤- بەرابەر کردنی بڕوانامەی وڵاتانی بێگانە بە ئاستی قوتابخانەکانی هەرێم پاش وەرگێڕانی بۆ سەر زمانی کوردی و ئەمەش لەلایەن لیژنەیەکی پسپۆر بەڕێوەدەچێ و ئەم لیژنەیە ڕێنمایی تایبەت بە ئاست و سیستەمی هەر وڵاتێك بە ڕەچاو دەگرێت، و بەو جۆرەی کە لە شێوەی ژمارە (٢) و (٣) و (٤) بەدیار دەکەوێت.

٥- بەردەوامبوونی هاوکاری لە نێوان سەرۆکایەتی زانکۆکان و کۆلێژی پۆلیس و ئەکادیمییەی سەربازی و وەزارەتی پەروەردەی بەغدا و بەشێك لە دەزگاکانی میری بە وردبینی ئەو بڕوانامانەی کە دەنێرێن بۆمان بۆ وردبینی کردنیان و دڵنیا بوونیان لە ڕاستی و دروستیان.

٦- گواستنەوەی بەشەکەمان بۆ باڵەخانەیەکی تازە و ڕێککردنی بەشەکان بەپێی پێویست.

٧- ئەنجامدانی پرۆژەی یەکگردنی شێوەی هەرسێ بڕوانامەی دەرچوون و گواستنەوە و پشتگیری لە یەك شێوە کە هەر سێ مەبەست بە ئەنجام دەگەیەنن و چاپکردنی و دابەش کردنی لەسەر گشت قوتابخانەکان.

**تەگەرەکان:**

١- کەمی کارمەند لە بەشەکانی بڕوانامەکان بۆ ڕاپەراندنی کاری ڕۆژانە.

٢- نزمی و نەبوونی هاوکاری لەلایەن وەزارەتی داد بە وەرگرتنی ئیجرائات دژی بەو کەسانەی کە هەڵدەستن بە تەزویر کردنی بڕوانامە و نووسراوی بڕیاری وەزارەتی پەروەردە کە دەدرێنە دادگا.

٣- نزمی ئاستی هاوکاری لەلایەن دەزگاکانی میری بۆ ڕەوانە کردنی بڕونامەی ئەو کەسانەی کە لایان دادەمەزرێن بۆ وردبینی کردنی ئەو بڕوانامانە و دڵنیا بوون لە ڕاستی و دروستیان بە مەبەستی بنبڕکردنی تەزویر کاری.

٤- بوونی هەندێك بڕگە لە سیستەمی ڕێنماییەکانی بڕوانامەکان کە دەبێتە ئاستەنگێك لەبەردەم جێبەجێکردنی ئیش و کاری قوتابی و خوێندکار.

٥- پێویستی بەشەکەمان بە هەندێك ئامێری چاپ بۆ ڕاپەراندنی کارەکان بە ڕێك و پێکی.

٦- لیژنەکانی لێکۆلینەوە لە پەروەردەکان کە پێك دێن بۆ لێکۆلینەوە لە کێشەکانی تەزویر و ونبوونی بڕوانامەی بەکارنەهاتوو لە قوتابخانەکان ناگاتە ئەنجامێکی کۆتایی و ڕای خۆیان بە ڕاشکاوی نادەن و ڕەوانەی وەزارەتی ناکەن بەپێی ڕێنماییەکان تا بڕیاری گونجاو و کۆتایی لەسەر بدرێت.

٧. نەبوونی هیچ هاوکاری و پشتگیری مادی بۆ ئەو کەسانەی، کە لە بەشی بڕوانامەکان کار دەکەن، لەبەر مەترسی وردی و گرنگی کارکردنیان.

٨. سەرپەرشتیاری پسپۆری پەروەردەی بە وردی سەیری تۆمارگای گشتی و ئەو بڕوانامانەی قوتابیان و خوێندکارانی هاتووی بۆ قوتابخانەکان ناکات بۆیە ساڵانە چەندەها گیروگفتمان تووش دەبێ.

## پێشنیارەکان

١. دابینکردن و دامەزراندنی کارمەندان لە بەشی بڕوانامەکان بە مەبەستی ڕاپەراندنی ئیش و کارەکان بە شێوەیەکی گونجاو:ـ

- دەرچووی کۆلێژی ئاداب یان پەروەردە بەشی ئینگلیزی — (١).
- دەرچووی کۆلێژی زانست یان پەروەردە بەشی ماتماتیك — (١).
- دەرچووی پەیمانگا بۆ بەشی ئەرشیف — (١).
- دەرچووی ئامادەیی — (٢)

٢. گشتاندنی نووسراوێك لە لایەن سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران بۆ گشت دامو دەزگاکانی هەرێم بۆ ناردنی بڕوانامەی ئەو کەسانەی دادەمەزرێن، بۆ وەزارەتی پەروەردە بۆ وردبینی کردنیان ودڵنیابوون لە ڕاستی و دروستیان، ئەمەش دەبێتە هۆیەك بۆ بنبڕکردنی تەزویر.

٣. پێك هێنانی لێژنەیەکی پسپۆری بۆ بە دواچوونو گۆڕینی ڕێنماییەکانی تایبەت بە بڕوانامەکان بە مەبەستی کەم کردنەوەی ڕۆتین لە کاری بڕوانامەکان.

٤. لەبەر ئەوەی هەماهەنگیمان هەیە لەگەڵ دەوڵەتانی دەرەوە و ئەوروپا کە لە ئاستێکی بەرزن لە سیستەمی پەروەردەیی بۆیە پێویستمان بەم ئامێرانەی خوارەوە هەیە:ـ

- ئامێری لاپ تۆپ (٣) دانە.
- سکانەر (٦) دانە.
- ئامێری فۆتۆ کۆپی (٢).
- ئامێری فۆتۆکۆپی ڕەنگاوڕەنگ (١).

- ئـامێری فـاکس، بـۆ پەیوەنـدی کردنـی بـە قوتابخانـەی قوتابیـان و خوێندکارانی دەرچووی ئامادەیی وڵاتانی ئەورووپا بۆ دڵنیابوون لە ڕاستی و دروستی بڕوانامەکان و نمرەکانیان.
- هێڵی ئەنتەرنێت.

٥- لەبەر بوونی گیروگرفت لە سیستەمی بڕوانامەکانی وڵاتانی دەرەوە بە تایبەتی وڵاتانی ئەورووپا و بۆ ئاشنا بوون لەسەر سیستەم و ڕێنماییەکانی بڕوانامەی ئەو وڵاتانە پێویستە فەرمانبەرانی بەشی بڕوانامەکان بنێردرێن بۆ ئەو وڵاتانە.

٦- دوپاتکردنەوە لەسەر وەزارەتی داد و ئاگاداری دادگاکانی سەر بە وەزارەتی داد بکات بە جوڵاندنەوەی ئەو داواکاریانەی کە لەلایەن وەزارەتی پەروەردە کراوە بە لێکولینەوە و دادگا کردنی تەزویرچییەکان.

٧- پێویستە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەکان و پەروەردەی قەزاکان لەگەڵ سەرپەرشتیارانی پسپۆری و پەروەردەیی وکارگێری گرنگی زیاتر بدەن بە وردبینی کردن و پشکنینی تۆمارگەی گشتی و ئەو بڕوانامانەی کە بۆ قوتابخانەکان هاتووە بۆ بنبرکردنی ساختە و تەزویر و ئاشکراکردنی هەر دەستکارییەکی نایاسایی لە نمرەکان و بڕوانامەکان.

٨- لەبەر مەترسی و وردی وگرنگی کارکردن لە بەشی بڕوانامەکان پێشنیار دەکەین کە ئەو خوێندکارانەی لە دەرەوەی وڵات دێنەوە و یا ئەچن بۆ دەرەوەی وڵات بری (١٥٠٠٠) دینار وەربگیرێت بۆ ڕێکخستنی بڕوانامەکانیان و ئەم برە پارەیە بە وصولات بکرێت بە ئیراد (١٥٪) بۆ پاداشتی فەرمانبەرانی بڕوانامەکان و هەڵسەنگاندن بەکار بێت.

٩- ئەو قوتابی و خوێندکارانەی لە دەرەوە دێن و ناتوانن بڕوانامە بهێنن لەبەر ئەوەی بارودۆخی شارەکانی عێراق نائارامە، هەروەها ئەوانەی ئاوارەی دەوڵەتانی ئەوروپا و ئەگەر هاتوو ئەو قوتابی و خوێندکارە وەرگیرا لە قوتابخانە و خوێندنگا بە پێی تەمەن و قۆناغی تاقیکردنەوەی وەزاری بڕی ئەوە تۆمار بکرێ لە قوتابخانەو بڕوانامەی پێ بدرێ.

١٠- دەرچووانی پەیمانگاکان ئەگەر هاتوو بڕوانامە ببەن بۆ دەرەوەی وڵات و دانەمەزرابن لەسەر میلاکی پەروەردە پێویستە کەفالەتی تەنها (١/٥٠٠٠٠٠) دینار بدەن وەیان بۆ هەر شوێنێکی تر مەبەستیان بێت بڕوانامە ببەن.

وەرگێرانی بڕوانامەی کوردی بۆ سەر زمانی ئینگلیزی بۆ دەرەوەی  وڵات بەم شێوەیە بوو
کە ژمارەیان دەگاتە ٢٧١٧ لە ١٩٩٦ تاکو ٢٠٠٦



شێوە ژمارە ( ١ )

بەراورد کردنی بڕوانامەی قوتابیان و خوێندکارانی گەڕاوەی ئێران و وڵاتانی دەرەوە بە هەموو پۆلەکانیانەوە بەم شێوەیە بوو کە کۆی گشتی دەکاتە ١٢٥٨٢ لە ١٩٩٦ تاوکو ٢٠٠٦




شێوە ژمارە ( ٢ )

بەرابەر کردنی بڕوانامەی دبلۆمی ئێرانی بۆ زانکۆکانی هەرێم بەم شێوەیە بوو کە کۆی گشتی ٢٧١٦ بوو لە ١٩٩٦ تاوکو ٢٠٠٦




شێوە ژمارە ( ٣ )

**بڕوانامەی ولاَتە بیانییەکان کە بەرابەر کراون بە بڕوانامەی عێراقی جگە لە بڕوانامەی ئێرانی**



**شێوە ژمارە ( ٤ )**

# چەند نموونەیەك لە كلیشەی بڕوانامەكان :





TO : Whom It May Concern
Sub: Support







بڕوانامەی دەرچوون


شهادة تخرج









# ڕاپۆرتی
# پێداچوونەوەی سیستەمی قوتابخانەکان

## چوارەم / سیستەمی قوتابخانەکان

### پێشەکی

پێشەکی، دەبێت دان بەوە بنێین کە لە کوردستان تەنها خوێندن هەیە نەوەك پەروەردە، دەبێت ئەوە بزانین، کە پەروەردە وفێرکردن یەك لە بنەما سەرەکیەکانی ئاسایشی نەتەوەییە(ئەمنی قەومییە) لە ولاتە پێشکەوتووەکان و بەمە ئاست و پایەی ولات لە نێو دەولەتان دیاری دەکرێت، و پێشکەوتن لە سیستەمی پەروەردە پێشکەوتنە لە هەموو بوارەکانی ژیان، هەر بۆیەش دەولەتان گەورەترین رێژە لە داهاتی نەتەوەیی ولات بۆ بواری پەروەردە تەرخان دەکەن چونکە دەزانن بە دیموکراسی کردنی پەروەردە هەنگاوێکی سەرەکیە بۆ بە دیموکراسی کردنی کۆمەڵ.

لە هەرێمی کوردستان هەرچەندە بودجەی تەرخانکراو وەك پێویست نییە، وە ئەوەی تەرخان کراویش ئەگەر لە شوین خۆی خەرج بکرابایە دەبوایە بەرامبەر ئەم بودجەیە بەرهەمی پەروەردە و فێرکردن لە ئامادە کردنی مرۆڤی بەتوانا وبەرهەمهێن تا رادیەك بەرچاو بێت، کەچی ئەوەی بەدی دەکرێت نزمی ئاستی دەرچووانی بواری پەروەردەیە لەرووی زانست وتوانست و تەکنەلۆژیا لە پەرەپێدانی ژیان وباری کۆمەلایەتی یە.

دەزگاکانی پەروەردە لە پاش ئەو هەموو سالانەی دامەزراندنی حکومەت لە هەرێمی کوردستان کە پترە لە ١٠ ساڵ نەیتوانیووە وەك پێویست خۆی ئامادە بکات بۆ سوود وەرگرتن بە مەبەستی ئەنجامدانی گۆرانکاری و پێشخستنی کۆمەڵ لە بوارە جیاجیاکانی ژیاندا.

شەپرزەیی و نارێکی و ئالۆزی لە نێو دامو دەزگاکانی پەروەردە ئەمڕۆ بە تایبەتی (پاش تێکەڵ بوونی هەردوو ئیدارە) لە هەموو کاتێك زیاتر هەستی

پێدەکرێت. ئەو هەموو دیاردە ناهەموارانەی کە ئێستا لە دەزگاکانی پەروەردە و بە تایبەتی لە قوتابخانە و خوێندنگاکان بەرچاو دەکەوێت، زۆربەی دەگەڕێتەوەی سەر ئەو سیستەمە کۆنەی پەروەردە کە زۆربەی بەرپرسانی حکومەت بە مێشکێکی کۆن و دواکەوتووانە و خۆپەرستی و نادیموکراسیانە کارو مامەڵە لەگەڵ پەروەردەدا دەکەن، لێکترازان و بزربوونی سنووری دەسەڵات و ململانێی نێوان دەزگاکانی پەروەردە بۆتە مایەی نیگەرانی خەڵکانی ڕۆشنبیر و پەروەردگار لە نێو کۆمەڵ و ڕەنگدانەوەیەکی خراپی هەیە لەسەر پەروەردەکردنی نەوەکانمان و مەترسی دەخاتە دوارۆژی کۆمەڵگای کوردەواری.

ئەو دیاردە ترسناکانەی ناو دام و دەزگاکانی پەروەردە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە پەرەسەندن دایە پرۆسەی پەروەردەی خستۆتە مەترسی و بەرەو دواوە دەڕوات، بۆیە دەبێت ستراتیژیەتی حکومەت و سەرکردایەتی سیاسی زۆر بە پەلە و بوێرانە ئەم کێشانە چارەسەر بکەن کە پەروەردە تێك دەدەن وکاری پاکسازی لە نێو کارمەندە بێتواناکاندا ئەنجام بدەن.

زۆر گوناهە نەوەی کوردستان ببێتە قۆچی قوربانی ململانێی حزبایەتی و دەستێوەردانی خەڵکانی ناپەروەردەیی بۆ ناو کاری پەروەردە بە مەبەستی جێبەجێ کردنی ئارەزووی تایبەت.

## گیروگرفتەکان

١- نزمی ئاستی هوشیاری و زانستی لە نێو قوتابی و خوێندکاراندا.

٢- بەرزی ڕێژەی دەرنەچوون لە تاقی کردنەوەکان و بەرزبوونەوەی ڕێژەی خۆدزینەوە(التسرب).

٣- بێهێزی پەیوەندی نێوان کۆمەڵگا و دام ودەزگاکانی پەروەردە (بە تایبەتی قوتابخانەکان).

٤- نزمی هەستی نەتەوایی و نەبوونی هەستی بەرپرسیارێتی لە نێو کارمەندان وقوتابی و خوێندکاران.

٥- دەستێوەردانی هەندێ لە بەرپرسانی حکومی و حزبی لەکاری پەروەردە بۆ هەندێ مەبەستی تایبەت.

٦- تێکەڵ بوون و ئاڵۆزی دەسەڵات و ئەرك لە نێو دام ودەزگاکانی پەروەردە.

٧- بێ هێزی ڕەوش وبواری کارگێڕی وسستی ڕاپەڕاندنی کاری ئیداری.

٨- خڕبوونەوەی دەسەڵات لە دەست هەندێ کەس یان گروپ دەبێتە ڕێگر لە ئەنجامدان و جێبەجێ کردنی کاری پەروەردەیی وە هەروەها دەبێتە هۆی بێ توانایی بڕیاردان لە ئاستەکانی خوارەوە.

٩- دانانی خەڵکانی بێ توانا و ناشایستە لە شوێنە ئیداریە پەروەردەییەکان.

١٠- نەبوونی بودجەیەکی پێویست بۆ ڕاپەڕاندنی کارە پەروەردەییەکان.

١١- کارپێنەکردن و سوود وەرنەگرتن لە زانست و تەکنەلۆژیای نوێ لە ڕاپەراندنی کارە پەروەردەییەکان.

## گۆڕانكاری له قۆناغەكانی سیستەمی خوێندن

پێشنیار دەكەین قۆناغی خوێندن له هەرێمی كوردستان بەم شێوەیەی خوارەوە بێت:

### یەكەم : قۆناغی پێش سەرەتایی

واته (باخچەی ساوایان) بۆ مندالآنی تەمەن (٤ – ٥ سالّ) وه بۆ ماوەی دوو سالّ دەبێت.

### دووەم : قۆناغی سەرەتایی

خوێندن تیایدا بۆماوەی پێنج سالّ بێت واته دابەش دەكرێت بۆ پۆلی یەكەم – پۆلی دووەم – پۆلی سێیەم – پۆلی چوارەم – پۆلی پێنجەم.

وه هەلّسەنگاندن یان تاقی كردنەوه بۆ قۆناغەكانی (پۆلی یەكەم – پۆلی دووەم – پۆلی سێیەم – پۆلی چوارەم) به شێوەی زارەكی دەبێت وه لەم قۆناغانەدا تاقی كردنەوەی نیوەی سالّ نەمێنێت وه كۆششی كۆتایی سالّ به نمره نەبێت واته لەسەر شێوەی (باشه ، زۆرباشه، ....) یان بەپێی ئەو سیستەمەی كه پسپۆران له بەشی ئەزموونەكان به پەسەندی دەزانن. بەلاّم له (پۆلی پێنجەم) تاقی كردنەوەی نیوەی سالّ و كۆتای سالّ بەشێوەی ئاسایی خۆیی ئەنجام دەدرێت.

### سێیەم : قۆناغی ناوەندی

ئەم قۆناغه ماوەی خوێندن تیایدا چوار سالّه وه ئەم پۆلانه لەخۆ دەگرێتەوه (پۆلی شەشەم – پۆلی حەفتەم – پۆلی هەشتەم – پۆلی نۆیەم) وه لەم قۆناغەدا سیستەمی خوێندن شێوەی كۆرس لەخۆ دەگرێت بۆ پۆله ناكۆتایی یەكان كه ((پۆلی شەش و پۆلی حەفت و پۆلی هەشت لەخۆدەگرێت بەم

شێوەیەی خوارەوە دەبێت، وە ساڵی خوێندن دابەش دەکرێت بۆ ٢ کۆرسی خوێندن.

أ) کۆرسی یەکەم کە خوێندن تیایدا ماوەی چوار مانگ دەخایەنێت (لە ناوەڕاستی مانگی ئەیلول دەست پێدەکات تا ناوەڕاستی مانگی کانونی دووەم) وە تاقی کردنەوەی کۆرسی یەکەم لە ٢٠/ کانوونی دووەم ئەنجام دەدرێت.

ب) وە پشووی نیوەی ساڵ لە سەرەتای مانگی شوبات دەست پێدەکات بۆ ماوەی ١٥ ڕۆژ.

ت) پشووەکانی مانگی ئادار قوتابخانەکان نەگرێتەوە جگە لە جەژنی نەورۆز، وە بۆنەکانی مانگی ئادار ببێتە ڕۆژی ئەنجامدانی چالاکی قوتابخانەکان.

پ) کۆرسی دووەم دوای ١٥ شوبات دەست پێدەکات کە خوێندن تیایدا ماوەی چوار مانگە (واتە لە ناوەڕاستی مانگی شوبات تا ناوەڕاستی مانگی مایس) وە تاقی کردنەوەی کۆرسی دووەم دوای ١٥ی مایس دەست پێدەکات تا سەرەتای مانگی حوزەیران.

ج) پرۆگرامەکانی هەردوو کۆرس سەربەخۆن لە ئەنجامدانی ئەزموونەکان (واتە ئەو پرۆگرامانەی کە لە کۆرسی یەکەم دەخوێندرێن لە کۆرسی دووەم دووبارە ناکرێتەوە.

ح) نمرەی تاقی کردنەوە لە کۆرسەکاندا لەسەر ٥٠٪ دەبێت.

خ) هەر قوتابییێك کە لە کۆرسێك دەرنەچوو ئەوا لە مانگی ئاب تەنها ئەم کۆرسە دووبارە دەکاتەوە.

د) ئەنجامی تاقی کردنەوەی مانگی ئاب لەگەڵ کۆرسەکەی کە لێی دەرچووە کۆدەکرێتەوە و ئەنجامی کۆتایی دەردەچێت.

ژ) وە لە قۆناغی کۆتایی (واتە پۆلی نۆیەم) تاقی کردنەوەی گشتی (واتە تاقی کردنەوەی بەکەلۆریا) ئەنجام دەدرێت لەسەرانسەری هەرێمی کوردستان، کە تیایدا قوتابی پاش دەرچوونی دەگوازرێتەوە بۆ قۆناغی ئامادەیی یاخود پەیمانگا پیشەییەکان.

**چوارەم: خوێندنی ئامادەیی**

خوێندن لەم قۆناغەدا بۆ ماوەی ٣ساڵ و دابەش دەکرێت بۆ (وێژەیی – زانستی – پیشەیی) وە سیستەمی خوێندن تیایدا بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

* بەشی وێژەیی : ماوەی خوێندن تیایدا ٣ ساڵە دابەش دەبێتە (پۆلی دەیەم – پۆلی یازدەهەم – پۆلی دوازدەهەم) وە بەم شێوەیەی خوارەوە:

١) ساڵی یەکەم واتە پۆلی دەیەمی وێژەیی خوێندن تێدا گشتی دەبێت (هەموو بابەتەکانی وێژەیی دەگرێتەوە)

٢) ساڵی دووەم و سێیەم واتە (پۆلی یازدەهەم و پۆلی دوازدەهەم) بۆ دوو لق دابەش دەکرێت (زانستی مرۆیی – زانستی زمان و ئاداب).

* بەشی زانستی: ماوەی خوێندن تیایدا ٣ ساڵە دابەش دەبێتە (پۆلی دەیەم – پۆلی یازدەهەم – پۆلی دوازدەهەم) وە بەم شێوەیەی خوارەوە:

١) ساڵی یەکەم واتە پۆلی دەیەمی زانستی خوێندن تێدا گشتی دەبێت (هەموو بابەتەکانی زانستی دەگرێتەوە)

٢) ساڵی دووەم و سێیەم واتە (پۆلی یازدەهەم و پۆلی دوازدەهەم) بۆ دوو لق دابەش دەکرێت (زانستی ئەندازیاری – زانستی سروشتی).

٣) بابەتەکانی زمان لە بەشی زانستی بەشێوەیەکی ئاسایی دەخوێنرێت.

* سیستەمی خوێندن و ئەزموونەکان لە قۆناغی ئامادەیی بەهەمان شێوەی سیستەمی کۆرسی قۆناغی ناوەندی دەبێت لە بۆ پۆلی ناکۆتایی یەکان کە ((پۆلی دەیەم و پۆلی یازدەهەم لەخۆدەگرێت)، وە لە قۆناغی کۆتایی (واتە پۆلی دوازدەهەم) تاقی کردنەوەی گشتی (واتە تاقی کردنەوەی بەکەلۆریا) ئەنجام دەدرێت لەسەرانسەری هەرێمی کوردستان، کە تیایدا قوتابی پاش دەرچوونی دەگوازرێتەوە بۆ زانکۆ و پەیمانگاکان.

* **خوێندنی پیشەیی:**

ئامادەییە پیشەییەکان (پیشەسازی بەهەرسێ بەشەوە – کشتوکاڵ – پیشەسازی– بازرگانی) بکرێن بە پەیمانگا پیشەییەکان وە ماوەی خوێندن تێیدا ٥ ساڵ بێت بۆ قوتابیە دەرچووەکانی قۆناغی ناوەندی بەم شێوەیەی خوارەوە:

- قۆناغی خوێندنی پیشەیی دەکرێت بە پێنچ پۆل (پۆلی یەکەم – پۆلی دووەم – پۆلی سێیەم – پۆلی چوارەم – پۆلی پێنجەم)

سیستەمی خوێندن لە پەیمانگا پیشەییەکاندا بە هەمان شێوەی کۆرس قۆناغی ناوەندی و ئامادەیی دەبێت واتە لە پۆلی ناکۆتاییەکان کە ((پۆلی یەکەم و پۆلی دووەم و پۆلی سێیەم و پۆلی چوارەم لەخۆدەگرێت)، وە لە قۆناغی کۆتایی (واتە پۆلی پێنجەم) تاقی کردنەوەی گشتی (واتە تاقی کردنەوەی بەکەلۆریا) ئەنجام دەدرێت لەسەرانسەری هەرێمی کوردستان، کە تیایدا قوتابی پاش دەرچوونی دەگوازرێتەوە بۆ زانکۆ و پەیمانگاکان.

* پێشنیار دەکەین هەر پەیمانگایێك سەر بە وەزارەتی پسپۆری خۆی بێت بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری پەیمانگاکان.

*** پەیمانگای پێگەیاندنی مامۆستایان:**

– خوێندن تیایدا بۆ ماوەی ٤ ساڵ دەبێت بۆ دەرچووانی پاش قۆناغی ئامادەیی وە ناوی بگۆڕدرێت بۆ (پەیمانگای باڵای پێگەیاندنی مامۆستایان).

– سێ ساڵی خوێندن (قۆناغی یەکەم – قۆناغی دووەم – قۆناغی سێیەم) لە پەیمانگادا تایبەت دەبێ بە خوێندنی پسپۆری لە بابەتە زانستیەکان و وێژەییەکان و زمانەکان.

– ساڵی چوارەم تایبەت دەبێ بە خوێندنی بابەتە پەروەردەییەکان تایبەت بە قۆناغی باخچەی ساوایان و قۆناغی سەرەتایی.

– دەرچووانی پەیمانگای پێگەیاندنی مامۆستایان بڕوانامەی (دبلوم عالی) پێ دەبەخشرێت.

## گۆڕانكارییەكانی پەیڕەوی ناوەخۆی قوتابخانە سەرەتاییەكان

## بەشی یەكەم

ئەنجامە گشتییەكان

**بەندی دووەم /**

## بەشی دووەم

## وەرگرتنی قوتابیان

**بەندی شازدەم /**

بڕگەی یەكەم:

ئەو منداڵانەی كە شەش ساڵ تەمەنیان تەواو كردووە لە (٩/١) ساڵی خوێندن لە پۆلی یەكەمی سەرەتایی وەردەگیرێن وە هەروەها ئەوانەی كە تەمەنیان لە (٩) ساڵ تێپەڕ نەبووە لەم مێژووەدا.

بڕگەی چوارەم زیاد دەكرێت بەم شێوەیەی خوارەوە:

ئەو قوتابیانەی كە تازە وەردەگیرێن لە پۆلی یەكەم پێویستە لە سەرەتای ساڵی خوێندندا ڕۆژێكیان بۆ دیاری بكرێت بە مەبەستی سازدانی (ئاهەنگی یەكتر ناسین) بۆ پێشوازی لێكردنیان.

## بەشی سێیەم

## دەستەی مامۆستایان

**بەندی سی و پێنج /**

وە بەم شێوەیە دەگۆڕدرێت:

ژمارەی وانەكانی مامۆستا حەفتانە لە (٢٤) وانە زیاتر نەبێت وە (٤) وانە حەفتانە لە ژمارەی وانەكانی كەم دەكرێت ئەگەر تەمەنی گەیشتە (٥٠) ساڵ وە

یا وانەکانی پۆلی یەکەمی لە ئەستۆدا بوو وە یا هاتوچۆی لەنێوان قوتابخانەیێك زیاتر بێت............(ئەوانی تر وەك خۆی).

وە ئەم بڕگەیە زیاد دەکرێت: (لە هەر قوتابخانەیێك ڕابەرێکی پەروەردەیی (مرشد تربوي) دابنرێت وە مەرج و ئەرك و مافەکانی بەپێی ڕێنمایی تایبەت لە وەزارەتی پەروەردەوە دیاری دەکرێت. وە مەرجە لە وانە ووتنەوە ببەخشرێت).

## بەشی چوارەم

## بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانە

**بەندی سی و هەشت /**

بڕگەی یەکەم:

ئەم دەستەواژەیە زیاد بکرێت (ئەگەر قوتابخانە بوو بە دوو دەوام دەکرێ ژمارەی یاریدەدەر بکرێت بە چوار، هەر دوو یاریدەدەر لە دەوامێك).

بڕگەی چوارەم:

(بە مەبەستی هەڵبژاردنی یاریدەدەر پێویستە لەلایەن یەکەی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی و بەڕێوەبەری قوتابخانە هەڵبـژێردرابێت وە لیژنەی پەروەردە پەسندی کردبێت).

**بەندی سی و نۆ /**

بڕگەی چوارەم زیاد دەکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە:

(لە هەر قوتابخانەیێك ئەنجومەنی پەروەردەیی دادەمەزرێت، جگە لە دەستەی مامۆستایان و سەرپەرشتیاران نوێنەری پارێزگا و تەندروستی و شارەوانی و ژمارەیێك لە دایك و باوکان و نوێنەری یەکێتی مامۆستایان و قوتابیان خوێندکارانی تێدا بەشدار دەبن وە لەماوەی ساڵێکدا دووجار کۆدەبێتەوە. وەزارەتی پەروەردە ڕێنمایی تایبەت بە شێوازی کۆبوونەوە و چالاکیەکانی ئەم ئەنجومەنە دیاری دەکات).

## بەشی پێنجەم

## ڕێکخستنی چالاکی یە پەروەردەییەکان

**بەندی چل /**

بڕگەی نۆیەم زیاد بکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە:

(پەروەردەکردنی منداڵ لەسەر بنەماکانی مافی مرۆڤ و مافی منداڵ وە یەکتر قبوڵکردن و خۆشەویستی گەل و نیشتمان و ڕەت کردنی کاری توند و تیژی وە چەسپاندنی ئاشتی و پاراستنی ژینگە و لەش ساغی).

**بەندی چل و پێنج /**

ئەمانەی خوارەوەی بۆ زیاد بکرێت:

(وە هەروەها لە هەر قوتابخانەیێکی سەرەتایی دەبێت (فرۆشگای قوتابخانە) بە ڕێگای هاریکاری بێت واتە (تعاوني)، وە مامۆستا و قوتابیان بەشداری بکەن لە بەڕێوەبردن و دابین کردنی سەرمایەی ئەم فرۆشگایە وە قازانجەکەی بەپێی بڕی ئەو پارەیەی کە هەر کەسێك تێیدا بەشداری کردیە دابەش دەکرێت).

تێبینی // وەزارەتی پەروەردە بەرپرسە لە دابین کردنی خەرجی (نثرية) بۆ هەر قوتابخانەیێك بەپێی ژمارەی پۆل و قوتابیان. وە بۆ ئەم مەبەستە ڕێنمایی تایبەت دیاری دەکرێت بە چۆنیەتی خەرج کردنی ئەم پارەیە.

## بەشی شەشەم

## ئاراستەکردن و ڕاگرتن – (بەرزەفتەکردن) (التوجيه و الانضباط)

**بەندی پەنجا و سێ /**

بڕگەی یەکەم / لقی (د): وشەی لۆمە (تەوبیخ) بگۆڕدرێت بۆ (بێ بەش کردن لە چالاکیەکانی قوتابخانە بۆ ماوەیەکی کاتی).

بڕگەی حەوتەم و هەشتەم و نۆیەم لابردرێت.

وه له هـهموو برگـهکان وشـهی (ڕهوشـت) بگۆڕدرێـت بـۆ (هـهڵس وکـهوت) یـان (ڕهفتار).

## بەشی حەفتەم

## ڕێکخستنی چالاکییە کۆمەڵایەتیەکان

**بەندی پەنجا و شەش /**

برگەی یەکەم: ووشەی (البطاقة المدرسية) بگۆڕدرێت بۆ (بانکی زانیـاری) واتـه (بنـك المعلومـات) وه هـهروهها کـار بکرێـت بـه (دفـتر الارتبـاط) کـه تایبهتـه بـه هـهر قوتابییێك. وه بۆ هەر قوتابییێك ناسنامەیەکی تایبەت دروست بکرێت.

## بەشی هەشتەم

## هەڵسەنگاندن و تاقی کردنەوەکان

**بەندی شەست و یەك /**

برگەی یەکەم: بگۆڕدرێت بەم شێوەیەی خوارەوە:

أ) تاقی کردنەوەکانی پۆلی یەکەم تا چوارەم هەموو بە زارەکی دەبێت وە بـه شێوازی هەڵسەنگاندن جگە لە وانەکانی زمان و بیرکـاری پـۆلی چـوارەم کـه بـه زارەکی و نووسین دەبێت.

ب) له پۆلی یەکەم تا چـوارەم لـه تـاقی کردنـەوەکانی کۆتـای سـاڵ قوتابیـانی دەرنەچوو بە (ئیکمال) دادەنرێت.

ت) هەموو قوتابیانی (ئیکمال) لە پۆلی یەکەم تـا چـوارەم لـه پشـووی هاوینـدا خوولی بەهێزکردنیان بۆ دەکرێتەوە بۆ ماوەی یەك مانگ.

پ) له تاقی کردنەوەی خوولی دووەم تەنها قوتابیانی پۆلی دووەم و سێیەم و چوارەم تاقی دەکرێنەوە ئەگەر لە وانەکانی ئیکمال کەوتن ئەوا بە دەرنەچوو دەژمێردرێن واتە (راسب).

ج) پۆلی یەکەم تاقی کردنەوەی خوولی دووەم ئەنجام نادات واتە هەموویان بە دەرچوو دادەنرێن.

برگەی چوارەم بەم شێوەیەی خوارەوە زیاد دەکرێت: (وانەکانی پەروەردەی ئاینی — پەروەردەی مەدەنی تاقی کردنەوەیان تێدا ناکرێت بۆ هەموو قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی).

**بەندی شەست و دوو /**

بەم شێوەیەی خوارەوە دەگۆڕدرێت:

(تاقی کردنەوەی نیوەی ساڵ تەنها بۆ پۆلی پێنجەم و شەشەم ئەنجام دەدرێت).

**بەندی شەست و سێ /**

بەم شێوەیەی خوارەوە دەگۆڕدرێت:

(نمرەی تەواو لە پۆلەکانی پێنجەم و شەشەم لە تاقی کردنەوەکان (١٠٠) نمرە دەبێت). برگەی سێیەم لابردرێت.

**بەندی شەست و چوار /**

بەم شێوەیەی خوارەوە دەگۆڕدرێت:

(هەر قوتابییێك قۆپیە (غش)ی کرد یان هەوڵی دا لە تاقی کردنەوەکاندا بیکات ئەوا تەنها لەم وانەیەدا (سفر)ی بۆ دادەنرێت).

## سیستەمی مامۆستای یەکەم ( المدرس / المعلم الاول )

مەبەست لە سیستەمی مامۆستای یەکەم بۆ هەموو بابەتەکانی پسپۆری خوێندن لە هەموو قۆناغەکانی قوتابخانەدا، دەستنیشان کردنی چەند مامۆستایەکی بەهرەمەند و زیرەك و بەتوانا وەك پێشەنگ یان ڕابەر ( القادة) لەنێوان هەر گروپێکی مامۆستا لە پسپۆری بابەتێکی تایبەتدا وە بۆ ماوەیەکی کورتخایەن وەك نموونەیێکی دیاری کراو بۆ ئەوەی ئەم سیستەمە ببێتە هاندەرێك بۆ گشت مامۆستایان تا پێشبڕکێیەکی ( منافسة ) بێ وچان بکەن وە هەوڵ بدەن توانست و زانستی خۆیان بخەنەگڕ بۆ ئەوەی ئەم پلەیە بەدەست بهێنن.

هەڵبژاردنی (پاڵێوراو) بۆ کارکردن وەك مامۆستای یەکەم تەنها بۆ ماوەی دوو ساڵ دەخایەنێت تا بوار و ماوە بڕەخسێت بۆ هەموو مامۆستایان تا بتوانن خۆیان ئامادە بکەن بۆ ئەم پێشبڕکێیە، وە لە ئەنجامی ئەم پێشبڕکێیە بێ گومان ئاستی هوشیاری و زانستی مامۆستایان بەرزدەبێتەوە وە ئەمەش لە ئەنجامدا سوودمەند دەبێت بۆ قوتابیان/خوێندکاران.

بەرنامە و ڕێنماییەکانی جێبەجێ کردنی ئەم سیستەمە بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

١) هەر پارێزگاییێك یان قەزاییێك بەپێی قەبارە و فراوانی دابەش دەکرێتە سەر چەند (کەرت یان گەڕەك) واتە چەند قاتعێك.

٢) هەر کەرتێك دەبێ چەند قوتابخانەیێك لەخۆبگرێتەوە بۆ ئەوەی ژمارەیێکی تەواو لە مامۆستایانی پسپۆری لە هەربابەتێك بەشداربن لە هەڵبژاردن.

٣) بە مەبەستی هەڵبژاردنی مامۆستایانی دواناوەندی دەبێ ژمارەیان لەنێوان (٧ — ١٥) بێت وە ژمارەی مامۆستایانی سەرەتایی لەنێوان (١٠ — ٢٠) بێت بۆ هەر پسپۆرییێك.

٤) ئەگەر ژمارەی مامۆستایانی پسپۆری بابەتێك لە ژمارەی دیاری کراو زیاتربێت ئەوا ٢ مامۆستای یەکەم هەڵدەبژێردرێت لە سنوری کەرتەکە.

٥) ئەگەر لە کەرتێك یاخود لە گەڕکێك ژمارەی پێویست لە مامۆستایانی پسپۆر نەبوو ئەوا پەنا دەبردرێتە گەڕەکی نزیك خۆی بەپێی گونجان بۆ تەواوکردنی ژمارەی پێویست لە مامۆستایان.

٦) مامۆستایانی وانە بێژ (محاضر) لە هەڵبژاردنی گەڕەك بەشدار نابن چونکە (لە کەرتی خۆیان بەشداری دەکەن).

٧) مەرجە ئەو مامۆستایەی کە خۆی (دەپاڵێوێت) دەبێ ساڵی خزمەتی لە ٧ ساڵ کەمتر نەبێت لە پیشەی مامۆستا.

٨) مامۆستای پاڵێوراو نابێ هیچ سزایەکی ئاراستە کرابێت لەلایەن لیژنەیێکی لێکۆڵینەوە تایبەت بە کێشەیەکی پەروەردەیی یان بەدڕەوشتی.

٩) مامۆستای پاڵێوراو دەبێت لەنێو مامۆستایان بە ڕەوشت بەرزی و لێهاتوویی و بەتوانا و زیرەکی ناسرابێت.

١٠) ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکە بە ئامادەبوونی سەرپەرشتیاری پسپۆری و بەلایەنی کەمەوە ٢ بەڕێوەبەری قوتابخانەکانی سنوری گەڕەك دەبێت.

١١) شێوازی هەڵبژاردنەکە بە دەنگدانی (نهێنی) دەبێت.

١٢) ماوەی دەست بەکاربوونی مامۆستای یەکەم لە سنوری گەڕەك یاخود کەرت تەنها بۆ ماوەی ٢ ساڵ دەبێت وە بۆی هەیە پاش تەواو بوونی ماوەکە دووبارە خۆی بپاڵێوێت.

## ئەرکەکانی مامۆستای یەکەم

١) لە ماوەی مانگێکدا جارێك لەگەڵ گشت مامۆستایانی پسپۆری بابەتەکەی خۆی کۆبوونەوە ئەنجام دەدات وە باشتر وایە بە ئامادەبوونی سەرپەرشتیاری پسپۆری بابەتەکە بێت بۆ تاوتویێ کردن و ئاڵوگۆڕکردنی بیرورا لە:

- دەستنیشان کردنی گیروگرفتەکانی وانە وتنەوەی ئەو بابەتە لە ڕووی زانستیەوە.
- هەڵسەنگاندنی پرۆگرامی خوێندن لە بابەتەکەدا.
- هەڵسەنگاندنی ئاستی قوتابیان.
- هەڵبژاردنی باشترین و گونجاوترین شێوازی وانە ووتنەوە بۆ هەر قۆناغێك.
- خستنە ڕووی ئەو گرفت و کۆسپانەی کارگێڕی کە دەبنە کۆسپ لە بەردەم وانە وتنەوە لە هەر قوتابخانەیێك.
- دەستنیشان کردنی کەم و کوڕی و ناتەواوی هۆیەکانی فێرکردن لە قوتابخانەدا.
- شێواز و دانانی پرسیاری گونجاوی تاقی کردنەوە و ئەنجامدانی ئەزموونەکان.
- دیاری کردنی ئاستی هاوکاری کردن و ئاسانکاری دەستەی بەڕێوەبرایەتی بۆ وانە وتنەوە.
- ڕادەی بەشداری کردنی مامۆستای پسپۆر جگە لە کاری زانستی لە چالاکیە پەروەردەییەکان و چارەسەرکردنی کێشەی قوتابیان بە هاوکاری کردن لەگەڵ ڕابەری پەروەردەیی و خێزانی قوتابی.
- ڕادەی بەشداری کردنی لە چالاکیە زانستیەکانی ناو قوتابخانە.
- ڕادەی بەدواداچوون و گفتوگۆ و ئاڵوگۆرکردنی زانیاری لەگەڵ مامۆستایان بۆ دەوڵەمەندکرنی بابەتەکەی.

٢) بۆ باشترکردنی ڕێگاکانی وانە ووتنەوە دەبێ چەند وانەیەکی نموونەیی ئەنجام بدات بە ئامادەبوونی گشت مامۆستایانی گروپەکەی لە یەکێك لە قوتابخانەکان.

٣) ئاڵوگۆڕکردنی مامۆستایان و تەکلیف کردنیان بە ووتنەوەی وانەی هاوبەش لە قوتابخانەکانیان بە مەبەستی زیاتر لە یەکتر شارەزابوون و بەرزکردنی ئاست و توانا و مامۆستایان و قوتابیان.

٤) ئاڵوگۆڕکردنی قوتابیانی پۆل لەنێوان قوتابخانەکاندا.

٥) دەستنیشان کردنی مامۆستایانی لاواز لە ڕووی پسپۆری بۆ بەشداری کردنیان لە خولی بەهێزکردنی مامۆستایان.

٦) پێشنیارکردن بۆ ئەنجامدانی خولی بەهێزکردن بۆ مامۆستایان و قوتابیان.

٧) ئەنجامدانی گەشتی زانستی بۆ قوتابیان و مامۆستایانی پسپۆری بابەتەکە لە سنوری گەڕەکەکە.

٨) هەوڵدان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هوشیاری و زانیاری مامۆستایان بەڕێگای بەکارهێنانی کۆمپیوتەر و ئەنتەرنێت.

٩) بەشداربوونیان لە پێشانگای چالاکیە زانستیەکانی ساڵانەی قوتابیان لەسەر ئاستی پەروەردە.

١٠) بەدواداچوونی گۆڕانکارییەکان و پێشکەووتنی پرۆگرامی خوێندن لە ولاتانی دەوروبەر بەڕێگای ئەنتەرنێتەوە.

١١) بەشداری کردن و ئامادەبوون لە پۆلی وانە وتنەوەی هەر مامۆستایێك بۆئەوەی لە نزیکەوە خاڵ لاوازەکانیان بتوانێت دەستنیشان بکات بەمەبەستی چارەسەرکردنی.

١٢) ئەنجامدانی تاقیکردنەوەیەکی وەرزی (موحد) واتە یەك پرسیار بۆ هەموو قوتابیانی سنوری کەرتەکە بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی ئاستی زانستی قوتابیان و دەستنیشان کردنی خاڵە لاوازەکانیان و زانینی ڕێژەی دەرچوونی قوتابیان لە هەر قۆناغێك.

١٣) سوود وەرگرتن و بەکارهێنانی تاقیگە و کتێبخانەکانی سنوری قوتابخانەکانی کەرتەکەی خۆی.

## مافەکانی (ئیمتیازاتەکان) مامۆستای یەکەم

١) بەشە وانەی مامۆستای یەکەم لە قۆناغی ناوەندی کەم دەکرێتەوە بۆ (١٤) بەشە وانە لە هەفتەیەك دا، وە لە قۆناغی ئامادەیی ژمارەی بەشەوانەکان کەم دەکرێتەوە بۆ (١٠) وانە لە هەفتەییێکدا وە لە قۆناغی سەرەتایی بەشەوانەکانی مامۆستای یەکەم کەم دەکرێتەوە بۆ (١٦) وانە لە هەفتەییێك دا.

٢) سەرپشك دەبێت لە هەڵبژاردنی بە پلەی سەرپەرشتیاری پسپۆری.

٣) سەرپشك دەبێت لە ووتنەوەی وانەی (محاضرات) لە هەموو خولە زانستیەکان کە ئەنجام دەدرێت بۆ بەهێزکردنی مامۆستایان و قوتابیان.

٤) بەشداری کردن لە کۆنفرانس و کۆبوونەوە زانستیەکانی کە ئەنجام دەدرێت لە دەرەوە و ناوەوەی هەرێم.

٥) پێشەنگ دەبێت لە دەستنیشان کردنی وەك بەڕێوەبەر و یاریدەدەری قوتابخانە.

٦) بەپێی هەڵسەنگاندنی چالاکیەکانی ساڵانەی کە لەلایەن سەرپەرشتیارانی پسپۆری و بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە ئەنجام دەدرێت، بۆ پاداشت کردنی لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە.

٧) مافی پێدانی ڕێز و سوپاس لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەوە ئەگەر هاتوو چالاکیەکانی پێشەنگ بوو لە پسپۆریەکەیدا.

٨) سەرپشك دەبێت لە دانانی پرسیارەکانی (ئەزموونە گشتیەکان).

٩) سەرپشك دەبێت بۆ هەڵبژاردنی وەك ئەندامی کۆنترۆڵ و پشکنین و ووردبینی لە ئەزموونە گشتیەکان.

١٠) بەشداری کردنی لە هەر لیژنەییەکی پەیوەندار بە پسپۆری بابەتەکەی وەك پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندنی پرۆگرامەکانی خوێندن کە لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە ئەنجام دەدرێت.

## پێشنیارە گشتییەکان

١) هەموو ماف و دەرماڵەکانی امتیازات و مخصصاتی (معلم جامعی) یەکسان بێت بە مامۆستایانی دواناوەندی.

٢) گەڕانەوەی سیستەمی (کرێی چالاکی قوتابخانەکان) بە بڕی ٥ هەزار دینار بۆ قۆناغی سەرەتایی و ١٠٠٠٠دینار بۆ قۆناغی ناوەندی و لێ بووردنی بە ڕێژەی ٢٠٪ بۆ قوتابیانی هەژار وە لە خێزانێك تەنها یەك قوتابی دەگرێتەوە.

٣) حساب کردنی خزمەتی ئەو ماوەی ئەو مامۆستایانەی کە لە ناوچە هەرە دووەرەکان دادەمەزرێن — هەر ساڵی بە دوو ساڵ — بەمەبەستی بەرزکردنەوە و خانەنشین کردن.

٤) قەدەغەکردنی هەموو جۆرە چالاکیەکان کە پەیوەندی بە پەروەردە نەبێت لەناو قوتابخانەکان. (کۆڕ و کۆبوونەوە و ئاهەنگەکان) واتە پاراستنی سەربەخۆیی و پیرۆزی قوتابخانە.

٥) بنبڕکردنی دەست تێوەردان لە کاروباری دامودەزگاکانی پەروەردە.

٦) دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتیەکی گشتی تایبەت بە (قوتابخانە ئەهلیەکان — تایبەت) و قوتابخانەکانی ئێواران.

٧) خوێندن لە قوتابخانەکانی ئێواران بە رامبەر پارەیەکی گونجاوبێت یان بکرێت بە کەرتی تایبەت جگە لە قۆناغی سەرەتایی.

٨) بەشداری کردن لە ئەزمونە دەرەکییەکان بەرامبەر بە پارەیەکی گونجاوبێت.

٩) پەلپ کردن واتە (الاعتراض) لەسەر ئەنجامی نمرەکانی تاقی کردنەوەکانی وەزاری بەرامبەر پارەیەکی گونجاوبێت. وە ئەزموندەر (الممتحن) بۆی هەبێت دەفتەرەکەی خۆی ببینێت و لیژنەیەکی تایبەت لە دەرەوەی کۆنترۆڵ پێك بهێنرێت بۆ ئەم مەبەستە وە بە بەرامبەر پارەیەکی گونجاو.

١٠) چاوپێخشاندنەوە بە یاسای (اجازه الامومه) – (مۆڵەتی دایکایەتی) (منداڵی یەکەم و دووەم بە موچەی تەواو – منداڵی سێیەم بە نیو موچە – منداڵی چوارەم ......هتد بێ موچە) .

١١) دامەزراندنی (لیژنەیەکی بەدواداچوون) – (لجنة المتابعة) لە وەزارەتی پەروەردە – لە چەند راوێژکار و بەڕێوەبەرە گشتییەکان.

١٢) هەموو قوتابخانەکان بەپێی ژمارەی قوتابیان و ژوورەکان (خەرجیەکی گونجاوی بۆ دابنرێت (نثرية).

١٣) گۆڕینی ناونیشانی (ئامادەییە پیشەییەکان) بۆ (پەیمانگە) وە ماوەی خوێندن ٥ ساڵ بێت وە بگوازرێتەوە بۆ سەر وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی.

١٤) قوتابخانە نموونەییەکان نەمێنێن.

١٥) پلان دانان بۆ خوێندنەوەی کوردی بە پیتی لاتینی بەتایبەتی لە پەیمانگاکان و کۆلێژی پەروەردە و بنیات.

١٦) وەزارەتی پەروەردە بەرپرسە لە چارەسەرکردنی هەموو جۆرە نەخۆشییەکانی قوتابیان (دەرونی و جەستەیی) وە بەپێی راپۆرتی پزیشکی پەسندکراو لەلایەن وەزارەتی تەندروستی.

١٧) هەر بەڕێوەبەرایەتیەکی گشتی پەروەردەی پارێزگاکان پێویستە چەند ئۆتۆمبێلی تانکەری ئاو و ئۆتۆمبێلی سحبی هەبێت.

١٨) هەڵسەنگاندنی مامۆستایان لەلایەن بەڕێوەبەر و سەرپەرشتیاران تەنها لەسەر بنەمای ژمارەی دەرچووانی قوتابیان نەبێت بەڵکو دەبێ لایەنی چالاکی پەروەردەیی مامۆستایان ڕەچاوبکرێت.

١٩) بەکارهێنانی سیستەمی جووت مامۆستا لەناو پۆلدا بۆ وانە ووتنەوە لە قوتابخانەکانی سەرەتایی بۆ پۆلی (یەکەم — دووەم — سێیەم).

٢٠) یەك بەشە وانەی (پەروەردەی مەدەنی) بکرێت بە دوو بەشە وانە، هەروەها ووتنەوەی وانەکانی پەروەردەی مەدەنی بۆ هەر چوار پۆلی سەرەتایی بخرێتە ئەستۆی یەك مامۆستا لەبەر ئەوەی بابەتەکان هەموویان پێکەوە گرێ دراون.

٢١) بۆ ئەنجامدانی تاقی کردنەوەی وەزاری دەرەکی بۆ پۆلی شەشەمی سەرەتایی و سێی ناوەندی و شەشەمی ئامادەیی ئەگەر تەمەنی ئەو کەسە گەیشتبێتە ٢٠ساڵ یان زیاتر یان گونجاوبێت لەگەڵ قۆناغەکانی خوێندن مافی ئەوەی هەبێت کە هەر سێ قۆناغ یەك لەدوای یەك تاقی کردنەوەکان ئەنجام بدات.

٢٢) کرێی وانە ووتنەوە لە قوتابخانەکان زیاد بکرێت، واتە (اجور المحاضرات) وە بەم شێوەی خوارەوە:

أ) بۆ سەرەتایی ٢٠٠٠ دینار

ب) بۆ ناوەندی ٣٥٠٠ دینار

ت) بۆ ئامادەیی ٥٠٠٠ دینار

٢٣) نەمانی پلەی (یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی لە بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی پارێزگاکان چونکە بەڕێوەبەری بەشەکان هەمان کار ئەنجام دەدەن.

٢٤) دامەزرانـدنی دەرچـووانی ئامـادەیی کشـتوکاڵ بەناونیشـانی (بەرپرسـی باخچەکان) لەو قوتابخانانەی کـە باخچـەیان هەیـە بۆئـەوەی بـەرپرس بێـت لـە سەرپەرشتی و ڕێکخستنی باخچەی قوتابخانەکان.

٢٥) بەشی (نەمامگە) لە بەڕێوەبەرایەتیە گشتییەکانی پارێزگـا بـەرپرس بێـت لە سەرپەرشتی کردن و ڕێکخستنی باخچەی قوتابخانـەکان بـە هاوکـاری لەگـەڵ (بەرپرسی باخچەی قوتابخانە) بۆ هەر چەند قوتابخانەیێك.

٢٦) دامەزراندنی فەرمانبەران لە قوتابخانەکاندا بەم شێوەیەی خوارەوە بێت:

أ) بۆ قوتابخانەکانی دواناوەندی ٣ فەرمانبەر بۆ هەر دەوامێك.

ب) بۆ قوتابخانەکانی سەرەتایی ٢ فەرمانبەر بۆ هەر دەوامێك.

٢٧) دامەزراندنی خزمەت گوزار بەپێی ژمارەی ژووری قوتابخانەکان دەبێت وە باشتروایە بۆ هەر (٥) ژوورێـك (١) خزمـەت گـوزار دیـاری بکرێـت وە بـۆ بەشـی کارگێڕی قوتابخانە واتە بەڕێوەبەر و دەستەی مامۆسـتایان (٢) خزمـەت گـوزار هەبێت.

**٢٨**) دامەزرانـدنی پاسـەوان بـەپێی فراوانـی و گـەورەیی بینایـەی قوتابخانەکـە بێت، بۆ قوتابخانـە گـەورەکان (٤) پاسـەوان واتـە بـۆ هـەر وەجبـەی شـەو (٢) پاسەوان، وە بۆ قوتابخانە بچوکەکان (٢) پاسەوان واتە بۆ هـەر وەجبـەی شـەو (١) پاسەوان. ڕەچاوی ئەوە بکرێت کە ماڵ و خێزانی پاسەوان لـە نـاو بینایـەی قوتابخانە نەبێت چونکە زۆرجار بەشێوەیەکی نارێـك و ناشـیاو بـەکاردەهێنرێت وە دیمەن و پاك و خاوێنی قوتابخانە دەشێوێنێت.

٢٩) سـروودی ((ئـەی ڕەقیـب)) وەك دروشمێکـی نەتـەوەیی تـەنیا لـە ڕۆژی هەڵدانی ئاڵای کوردستان لە نێو قوتابخانەکاندا بگوترێتەوە.

٣٠) جل و بەرگی خزمەت گوزەرانی (بەردەست) لـەناو قوتابخانـەدا یـەك پـۆش بێت وە لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە بۆیان دابین بکرێت.

٣١) هەر قوتابییێك ناسنامەی تایبەت لە قوتابخانەکەی خۆی بۆ دروست بکرێت.

# السياسة التربوية التعليمية لحكومة اقليم كردستان

اولا: توفير فرص تعليمية متكافئة لجميع اطفال كردستان وذلك بدعم مهارات التعلم مدى الحياة لدى الطلاب من خلال تشجيع البحث وتطوير المناهج والامتحانات وطرق التدريس لتنمية قدرة التلاميذ على المشاركة في بناء المجتمع وتنمية قيم الديمقراطية والمواطنة والقدرة على الحوار وبناء المهارات العملية الاساسية التي تساعد المتعلم على التعامل مع مستجدات الحياة العملية في المجتمع واعداد كوادر فنية عالية المستوى من التخصص ومهارة عالية متوافقة مع المعايير القومية للمهارات وتقوية انتمائها للوطن وللمهنة ومدرك لقيم اتقان العمل والاخلاص والامانة وذلك بالتاكيد على تطبيق نظام التعليم الالزامي وذلك من خلال:

أ. دعم المدارس

ب. الاهتمام بذوي الاحتياجات الخاصة وذلك بتزويد المدارس بتكنلوجيا المعلومات الملائمة الداعمة للعملية التعليمية بها. للتعاون التربوي السليم مع هذه الفئة بادخال نظام الدمج الشامل وتوفير الشروط الاساسية لنجاح هذا النظام.

ج. زيادة الفرص لتعليم البنات وذلك بالتعاون مع مختلف الهيئات و المنظمات للقضاء على الفجوة النوعية خاصة في المناطق التي تزيد بها نسبة تسرب الفتيات (القرى و الارياف).

د. دعم الطفولة المبكرة وذلك في التوسع في انشاء رياض الاطفال بمشاركة الجمعيات الاهلية ومنظمات المجتمع المدني و القطاع الخاص، وتوفير الهيئات التعليمية الخاصة بتعليم الاطفال والتنمية المهنية لمعلمات رياض الاطفال والتركيز على تدريبهن.

هـ. محو الامية على ان تكون الاولوية لفئات الاصغر سنا والمراءة وسكان الريف والمناطق الفقيرة وخاصة في القرى والارياف، ويتم العمل من خلال ستراتيجية متكاملة تتظافر فيها كل الجهود الوطنية وتتعاون فيها مختلف الهيئات والجهات الحكومية والخاصة والاهلية لتبني احسن الطرق للقضاء على الامية، وترتكز الخطة القومية لمحو الامية على ثلاثة محاور اساسية هي:

١. التعامل مع الاعداد الحالية من الاميين من خلال التعاون مع كل الوزارات وهيئات الحكومية وغير الحكومية للوصول للاميين في مواقعهم.

٢. مكافحة التسرب وتنمية المهارات مابعد محو الامية عن طريق الحاق صغار السن بالتعليم النظامي واكساب متوسطي السن بالمهارات المهنية لدمجهم في سوق العمل وتوفير انشطة ثقافية مختلفة لكبار السن.

٣. سد منابع الامية من خلال الخدمة التعليمية الى اقرب نقطة للدارسين وتقليل نسبة التسرب ومعالجة المتسربين عن طريق انشاء وحدة للتدخل الاجتماعي بكل قرية.

ثانيا: الاصلاح وتحسين المستمر للعملية التعليمية وفقا لمعاير الوطنية للتعليم وتطويرها من خلال:

أ. الاصلاح المتمركز على المدرسة وتاهيل المدارس للاعتماد التربوي ويعمل هذا المدخل على بناء القدرة الذاتية للمدرسة بصفتها الوحدة الاولى في خط الانتاج التعليمي، وتمكين المدرسة من تطوير ادائها وتخطيط والعمل على تطويره تمهيدا لمرحلة الاعتماد التربوي.

ب. تنمية القدرات البشرية وتحسين احوال المعلمين، اذ تعمل الوزارة على دعم النظم واعداد برنامج متكامل يهدف الى توفير الفرص لتنمية قدرات جميع العاملين في العملية التربوية التعليمية بتفعيل الادارات والوحدات التدريبية وعلى جميع

المستويات وتطوير البرامج التدريبية الخاصة بجميع عناصر العملية التعليمية، وتنمية المهارات التكنلوجية للمعلم واتاحة فرص التدريب للمعلمين على مهارات اللغة الانجليزية والكومبيوتر والانترنت وذلك بالتعاون مع الجامعات الموجودة في اقليم كردستان، والاستمرار على ارسال المعلمين في البعثات التدريبية في الخارج.

ومن اجل تحسين احوال ومستوى المعلمين وذلك بزيادة اجورهم من خلال مشروع قانون انشاء كادر خاص للمعلمين بمايحقق ربط الترقيات بالاداء وتحسين المستوى الادبي والمادي للمعلم، ووضع نظام حوافز الاضافية للمعلمين في المناطق البعيدة والنائية.

ثالثا: تشجيع الابداع وتعظيم استخدام التكنلوجيا للارتقاء بالتعليم، وذلك بالتوسع التدريجي في نشر اجهزة الكومبيوتر في جميع المدارس وتوصيل خدمة الانترنت وتنمية المهارات التكنلوجيا لذا التلاميذ بجعلها منهجا دراسيا سنويا لجميع مراحل التعليمية في الكتاب المدرسي.

رابعا: رعاية التفوق وبناء مراكز والمدارس للمتميزين وذلك بالعمل على توفير مناخ مشجع للابداع داخل الصفوف الدراسية مع وضع خطة وطنية تنفذ على مستوى المدارس وفي جميع المراحل لرصد ومتابعة المتفوقين والموهوبين في المختلف المجالات لرعايتهم وتنمية تفوقهم ومواهبهم وابداعاتهم وبناء قاعدة البيانات لهذا الهدف. ويتم بناء عدد من مراكز التميز من خلال توفير مباني وتجهيزات المدارس الملائمة، وئعداد هيئة التدريس مؤهلة للتحقيق عملية تعليمية وفقا للمعاير العالمية وذلك لرعاية المتفوقين واصحاب المواهب في مجالات التكنلوجيا والعلوم والفنون والاداب.

خامسا: واجب الحكومة في تطبيق حق كل طفل بالتعليم و على اساس الاعتراف بالمبدء الساوات و طموح نحو الاعتراف التعليم للجميع و بلورته و تطويره.

سادسا: جهاز التربية و التعليم هو النسؤل باتربية الطفل على حب الانسان و شعبه و بلده وان يكون مواطنا مخلصا لحكومته ويحترم والديه وعائلته ويتعرف على لغته وتراثه وهويته الثقافية وتراث و حقوق القوميات التي تعيش في كردستان وتحترمها، وان يتصف بالقيم الديمقراطية والحفاظ والالتزام بالقانون والسعي للسلام العالمي والتسامح بين ابناء جنسه و الابتعاد عن جميع اشكال التعصب القومي و الديني و المذهبي و الطائفي وان ينبذ الارهاب و العنف.

سابعا: يقوم جوهر الاسس المشتركة في التربية والتعليم للقوميات و الاديان و المذاهب المختلفة على منح الفرص المتساوية للتعليم والضرورية للتحقيق قدرة كل انسان للعيش بكرامة في المجتمع الكردستاني الحديث و المشاركة بشكل فاعل في الحياة الاجتماعية.

ثامنا: في ضل سياسة ديمقراطية التربية والتعليم تكون مسؤلية التعليم مشتركة بين عائلة الطفل والحكومة. حيث يحق للعائلة تربية اولادهم على تراثهم القومي ، الديني، اللغوي، ولا يحق للحكومة الحيلولة دون ذلك.

تاسعا: تطبيق المبدء اللبرالي للتعددية في التعليم، الى جانب التعليم الرسمي الاعتراف بالتعليم الديني الرسمي المنفصل، والتعليم الرسمي الخاص للقوميات المتاخية في كردستان على اساس حقوق الانسان والمواطنة الفعالة وحق التعبير الذاتي عن المواقف وعن اساليب الحياة.

عاشرا: اللغة الكردية ركن اساسي في وجود الامة الكردية، و عامل من عوامل وحدتها ونهضتها، والشعور القومي رابطة تجمع بين الامة الكردية الواحدة ثقافيا و اجتماعيا وسياسيا وحضاريا.

الحادية عشر: اقليم كردستان ذات هوية وطنية وثقافية ذاتية، تعمل على اعداد اجيال واعية قادرة على المشاركة الفاعلة في بناء المجتمع.

الثانية عشر: ربط التربية والتعليم في جميع مراحلها بخطة التنمية العامة للدولة.

الثالثة عشر: الاصل هو ان اللغة الكردية لغة التعليم في كافة مواده وجميع مراحله الا ما اقتضة الضرورة التعليمية باللغة الاخرى.

## فلسفة التربية ونظريتها في المنهج

يذهب المفكرون الى تعريف فلسفة التربية (بانها تنشاة الفرد او رعايته وتعويده على حب المعارف وتبصير في الامور والحكم السوي عليها لصالح الفرد نفسه ومجتمعه، ففلسفة التربية يتبناه المجتمع لناشئته المدرسية من خلال مناهجه الدراسية.

والغرض الاساسي للتربية في نظر الفلسفة الواقعية هو تزويد المتعلم بالمعرفة والمهارات التي يحتاج اليها في حياته، ويجب ان يكون للتربية محور رئيسي من المادة الدراسية يسمح بوقوف التلميذ على البنيان المادي والاجتماعي للعالم الذي يعيش فيه.

وان الفلسفة تدعو الى تنظيم المنهج الدراسي تنظيما كاملا بهدف استيعاب خبرة الجنس البشري كله وتقديمها للطالب، وهي بذلك تخص الطالب ان يصبح خلاقا مبدعا وان يعمل على تطوير شخصية الطفل ونموه، ويصمم المنهاج لتحقيق الابداع وزيادة النمو الفكري والامور الجيدة وتحقيق الفرد الحكيم المفكر نظريا والنموذجي في سلوكه وخلقه و يجب ان يعكس المنهج الدراسي المعرفة و الحقيقة وتوسيع فهم الطفل للكون والانسان نفسه، وان المنهاج التربوي الشامل هو الذي يحتوي على كل اصناف المعرفة المفيدة وان وظيفة المنهج ليس مجرد نقل

الحقائق بل العمل على فهمه للواقع فهما مباشرا وتعمقه في دراسة الاساسيات العلمية وذلك بتحصيل العلوم التي يتضمنها المنهج.

وان الاهداف العامة للمنهج ترمي لانتاج افراد قادرين على معايشة و ادراك حقائق الواقع الذي يتواجدون فيه بسلوك و اخلاقيات واقعية غير متناقضة مع قوانين الحياة المحسوسة حولهم، اي ترمي لتحقيق افراد واقعيين في فكرهم وشخصياتهم و سلوكهم غير مثاليين او خياليين.

وتعتبر المواطنة الفعالة و الالتزام تجاه المجتمع من اهم الاهداف التربوية التي يجب شملها ضمن البرامج التعليمية و تكون ملزما لجميع المدارس.

تعمل التربية علي تحرير العقل واعلاء مكانته والحث على العلم و البحث و الاكتشاف ورفع قدر العلماء لكونها اساس النظام المعرفي والعلمي في المجتمع.

احترام حقوق الانسان وتنظيم مسؤلياته وواجباته ونبذ العنف والتطرف والارهاب، واحترام الحريات والديمقراطية، وحقوق القوميات وتعايش الاخوي في كردستان هي من اولى الفلسفات التربوية.

تقوم الفلسفة التربوية على اساس الاسرة هي نواة المجتمع، قوامها الدين والاخلاق وحب الوطن وهذه نقاط ارتكازية لاي خطط تربوية وتعليمية تعمل على تاكيدها وغرسها في نفوس الاجيال.

تماسك المجتمع و بقائه مصلحة و ضرورة لكل فرد من افراده و دعائمه الاساسية العدل الاجتماعي و اقامة التوازن بين حاجات الفرد و حاجات المجتمع وتعاون افراده بما يحقق الصالح العام وتحمل المسؤلية الفردية و الاجتماعية.

التربية و التعليم ضرورة اجتماعية وحضارية، والتعليم حق للجميع، كل وفق قابليته و قدراته الذاتية. و الدولة مسؤولة عن توفير التعليم المناسب لكل مواطن على اساس المساوات.

استنادا الى قانون وزارة التربية رقم (٤) لسنة ١٩٩٢ المعدل و وفق المادة رقم (١٩) اصدرنا (التعليمات) التالية:

تعليمات المؤسسات التربوية التعليمية والتدريبية الخاصة:

١) المؤسسات التربوية التعليمية والتدريبية الخاصة وتشمل:

أ. جميع المعاهد او المدارس او المراكز التعليمية او رياض الاطفال التي تنشؤها ويمولها اشخاص طبيعيون او اعتباريون (معنويون) من مواطني كردستان او بالشتراك مع اشخاص طبعيين او اعتباريين غير كردستانيين بقصد التربية والتعليم والتثقيف وفقا للمناهج الوطنية او استنادا الى المناهج التي تجزها الوزارة وتخدم بالدرجة الاولى طلبة الكردستان.

ب. جميع المعاهد او المراكز التعليمية او رياض الاطفال التي ينشؤها ويمولها اشخاص او مؤسسة من المؤسسات الاجنبية الموجودة في كردستان او بالاشتراك مع اشخاص طبيعيين او معنويين كردستانيين بقصد التربية والتعليم والتثقيف وفقا للمناهج و الاشراف تربوي اجنبي وتمنح شهادات بلد المنشأ التي هي امتداد له و تخدم بالدرجة الاولى الطلبة الاجانب.

ت. جميع المدارس او رياض الاطفال التي تنشؤها و تمولها الجاليات الاجنبية في كردستان بقصد تعليم ابنائها فقط.

٢) يجب ان تتضمن اهداف المؤؤسسات التعليمية و التدريبية الخاصة ما يلي:

أ. اسهام المؤسسات التعليمية في نشر التربية و التعليم في كردستان والتوسع فيهاو تحسين نوعيتها وتكون الطالب تكوينا تربويا وعلميا ومهنيا وثقافيا واحتماعيا مع تاكد على هوية الوطنية للطالب الكردي.

ب. كما تسهم المؤسسات التدريبية في نشر التدريب وتوفير امكانية اعداد المتدربين في كردستان والتوسع فيها وتحسين نوعيتها لممارسة وتطوير مهن محددة مع مراعات الهوية الوطنية.

٣) ربط سيساسة التربية والتعليم والتدريب بالسياسات الدولة في مجال التعليم والتدريب وتنمية الموارد البشرية.

٤) رفع انتاجية الطالب او المتدرب وزيادة مهاراته وحسين قدراته على الاداء.

٥) تطوير وسائل وطرق التعليم والتدريب وبرامجه.

٦) لايجوز انشاء مؤسسة تربوية تعليمية او تدريبية الخاصة الا بع الحصول على ترخيص بذلك من الوزارة طبقا للشروط والتعليمات المنصوص عليها في هذا القانون.

٧) يشترط في الطالب الترخيص لمؤسسة تعليمية او تدريبية خاصة ما يلي:

أ. اذا كان شخصا طبيعيا:

١) الا يقل سنة عن ٢٥ سنة.

٢) ان يكون كامل الاهلية حسن السيرة و السلوك ولم تصدر ضده احكام نهائية في جناية او جنحة مخلة بالشرف او الامانة او الاداب العامة.

٣) ان يكون حاصلا على شهادة الثانوية (الاعدادية او ما يعادلها) على الاقل.

٤) ان يكون قادرا على تمويل انشاء واتمرار المؤسسة وفقا للمعايير وضمانات المقررة من قبل الوزارة.

٥) الى يكون موظفا في الحكومة او الهيئات او المؤسسات العامة او الخاصة.

ب. اذا كان شخصا اعتباريا (معنويا):

فيشترط فيمن يمثله ان تتوافر فيه الشروط السابقة باستثناء ما نص عليه في البند (٤) على ان يبين في الطلب مصدر تمويل المؤسسة والقدرة على هذا التمويل.

٨) تشكل في الوزارة لجنة خاصة لبحث طلبات الترخيص (الاجازة) لانشاء المؤسسات التعليمية والتدريبية الخاصة ويجوز للجنة ان تستعين بمن تراه من المتخصصين والتربويين.

٩) تقدم طلبات الحصول على الترخيص (الاجازة) لانشاء المؤسسات التعليمية والتدريبية الخاصة الى اللجنة لتقوم ببحثها وذلك بفحص المناهج والبرامج والوسائل العملية والنظرية الخاصة بالمؤسسة التعليمية او التدريبية والتاكد من توافر الشروط والمواصفات المحددة في هذه التعليمات وتحيل اللجنة الطلبت الى الوزارة المتخصصة نصحوبة بتقرير يتضمن رايها في اجابة الطلب او رفضه والاسباب المبررة لذلك.

١٠) تبلغ الوزارة التربية المختصة طالب الترخيص بقبول او رفض طلبه بكتاب مسجل بعلم الوصول خلال ستين يوما من تاريخ تقديمه ويعتبر فوات هذا الميعاد دون تبليغ الطالب بما في طلبه بمثابة رفضه.

ويجب ان يكوت القرار الصادر برفض الترخيص مسببا، ولمن رفض طلبه صراحة او ضمنابعدم الاجابة عنه ان يتظلم الى الوزير خلال ثلاثين يوما من تاريخ ابلاغه بقرار رفض او من تاريخ طلبه مرفوضا، ويكون قرار الوزير بالبت في التظلم خلال ثلاثين يوما من تاريخ تقديمه، ويعتبر فوات ثلاثين يوما على التظلم دون تبليغ المتظلم بما تم في تظلمه بمثابة رفضه.

ولمن رفض تظلمه صراحة او ضمنا بعدم الاجابة عنه الطعن في القرار الصادر بالرفض امام المحمكمة الكبرى المدنية في ميعاد اقصاه خمسة واربعين يوما من تاريخ ابلاغه بقرار الرفض او من تاريخ اعتبار تظلمه مرفوضا.

١١) في حالة الموافقة على طلب الترخيص يصدر الوزير قرار الترخيص بانشاء المؤسسة التعليمية او التدريبية.

١٢) أ. الترخيص الصادر بانشاء المؤسسات التعليمية او التدريبية الخاصة شخصي ولايجوز التنازل عنه للغير الا بعد موافقة الوزارة المختصة ويجب تجيده كل ثلاث سنوات.

ت. اذا توفي صاحب المؤسسة التعليمية او التدريبية للوزارة نقل الترخيص للورثة واذا كان الورثة او بعضهم غير مستوفين للشروط المذكورة في هذا القانون جاز للوزارة اعفائهم منها، بشرط ان يعين الورثة او الاوصياء عليهم وكيلا عنهم يكون مستوفيا للشروط.

١٣) يفرض رسم على اصدار الترخيص بانشاء المؤسسة التعليمية والتدريبية الخاصة، وعلى تجديد هذا الترخيص، ويصدر بتحديد هذا الرسم قرار من الوزير بعد موافقة مجلس الوزراء.

## تعديلات نظام المدارس الثانوية المرقمة (٢)

## لسنة ١٩٧٧

### الفصل الاول / الاحكام العامة

المادة/٢/ اضافة مايلي في نهاية البراكراف – السطر السادس و كما يلي:

(وترسيخ ما تم تعليمهم في المرحلة الابتدائية من القيم المبادىء الاخلاقية و المواطنة الصالحة).

المادة/٥/ يتم تغير كلمة (القطر) الى (الاقليم) حيثما وجدت في هذا النظام.

الفقرة = ب = استقلال مدارس البنين عن مدارس البنات ويجوز الجمع بين الجنسين حيثما اقتضت الضرورة وسمحت الاحوال الاجتماعية بذلك.

وتكون كما يلي: (تكون المدارس الثانوية مختلطة و يجوز فصل مدارس البنين عن مدارس البنات حيثما اقتضت الضرورة)

يضاف الفقرة – رابعا: وكما يلي: لوزارة التربية و بتعليمات خاصة فتح مدارس اهلية.

المادة/٧/ اضافة الفقرة = خامسا = وكما يلي: المدارس الثانوية العامة تنقسم الى مرحلتين:

١. المرحلة المتوسطة: وتكون مدة الدراسة فيها ثلاث سنوات. و تشمل الصفوف (الاول – الثاني – الثالث) من مدارس الثانوية.

٢. المرحلة الاعدادية: وتكون الدراسة فيها ثلاث سنوات وتشمل الصفوف (الرابع – الخامس – السادس) من المدارس الثانوية.

٣. تنقسم المرحلة الاعدادية الى:

أ)الفرع العلمي و تنتظم الطلبة فيها على قناتين للتخصص – الاول قناة دراسة العلوم الطبيعية و الثانية قناة دراسة العلوم الهندسية.

ب) الفرع الادبي و تنتظم الطلبة فيها على قناتين للتخصص – الاول قناة دراسة علوم الانسانية و تشمل (التاريخ – الجغرافية – الاقتصاد – الفلسفة – علم النفس....الخ). والثانية دراسة علوم اللغات والاداب (الكردية – العربية – الانكليزية – علم النفس – الفلسفة.....الخ).

المادة/٨/ الفقرة = رابعا = يفضل في معاون المدرسة ان يكون مؤهلا للتدريس ويشترط ان تكون له خبرة فيه لاتقل عن ثلاث سنوات كشف فيها عن الكفاية العلمية والتربوية وعن القابلية لادارة والتنظيم.

اضافة ما يلي: (و يفضل ان يساهم مدير المدرسة في ترشيحه)

الفقرة = خامسا = يفضل في المدير المدرسة ان تكون له خبرة لاتقل عن خمس سنوات في التدريس كشف فيها عن الكفاية العلمية والتربوية وعن القابلية لادارة والتنظيم و يفضل من عمل معاونا.

يبدل و كما يلي (يفضل في مدير المدرسة ان تكون له خبرة لاتقل عن ثمان سنوات في مركز المحافظة وخمس سنوات في مراكز الاقضية كشف فيها عن الكفاية العلمية والتربوية وعن القابلية لادارة والتنظيم و يفضل من عمل معاونا وان يجتاز الدورات التاهيلية الخاصة بالادارة و التي تنتظمها وزارة التربية او كان من خريجي كلية الادارة و الاقتصاد و مرشحا من قبل وحدة الاشراف الاختصاصي.

المادة/٩/ تتكون الهيئة التدريسية من مدير المدرسة والمعاونين والمدرسين (اضافة المرشدين التربويين) الى هيئة التدريسية.

أ) اضافة ٩ أ : تطبيق اللامركزية في المدارس في المجالات التربوية، الادارية، والمالية، بقيادة المدراء الذين يقودون العملية التربوية، لتمكن من تحقيق التزاماتها لتطوير عملية تربوية نوعية. وتتحكم المدرسة بالميزانية وبالعملية التربوية وفي اختيار العاملين، وعليها تحمل مسؤلية تطبيق السياسة التربوية

وملزمة بتحقيق الاهداف و الغايات التي تم تحديدها من قبل وزارة التربية والتي تحددها المدرسة لنفسها.

ب) اضافة ٩ **ب:** ان تركيز الصلاحيات و المسؤليات عن العملية التربوية في المدرسة، تلقي بالمسؤلية الكبرى على المدير الذي يتحمل مسؤلية كاملة عن عمل المدرسة تجاه الطلاب و العائلة والمجتمع.

## الفصل الثاني / تسجيل الطلاب

المادة/١١/ الفقرة ثانيا: لايجوز تسجيل من تجاوز السادسة عشرة من العمر للبنين والثامنة عشرة للبنات في نهاية السنة الميلادية عند التحاقه في الصف الاول المتوسط.

وتعدل و كما يلي (لايجوز تسجيل من تجاوز السابعة عشرة من العمر للبنين و البنات في نهاية السنة الميلادية عند التحاقه في الصف الاول المتوسط).

الفقرة/ خامسا: لايجوز تسجيل من اكمل الحادية والعشرين من العمر للبنين و الثالثة العشرين للبنات في نهاية السنة الميلادية.

وتعدل وكما يلي (لايجوز تسجيل من تجاوز الحادية والعشرين من العمر للبنين و البنات عند التحاقهم في الصف الرابع الاعدادي).

الفقرة/ ثامنا: يجوز انتقال الطالب من فرع الى اخر في الصف الثاني الاعدادي (الخامس الثانوي).

وتعدل كما يلي: (يجوز انتقال الطالب من فرع الى اخر في الصف الرابع الاعدادي بقرار من مجلس المدرسين على ان يقع ذلك قبل اليوم الاول من تشرين الثاني من السنة الدراسية).

## الفصل الثالث / الدوام و العطل

المادة/١٣/ يتم تعديلها حسب الاتفاق في المؤتمر على جعل السنة الدراسية نظام كورسات او فصول الدراسية مستقلة.

المادة/ ١٩/ اضافة مايلي الى نهاية الفقرة: (ويمنع جميع مظاهر التبرج بالسنة للمدرسات وان يلتزم المدرسين بمظهر الاناقة و اللياقة في الهندام و الملبس لكي يكونوا قدوة للطلاب على الالتزام بالنظافة و اللياقة).

المادة/٢٢/ اضافة الفقرة: سابعا: وكما يلي (تشكل في كل مدرسة – المجلس التربوي للمدرسة – وتتكون اعضاءها اضافة الى الهيئة التدريسية ممثلين عن – اتحاد معلمي كردستان – اتحاد الطلبة – الاشراف الاختصاصي – الوحدة الادارية – الصحة المدرسية – مديرية او القسم البلدي للمنطقة – مديرية التربية – الهيئة المنتخبة من مجلس الاباء و الامهات. و يجتمع المجلس مرتين في السنة على الاقل – النصف الاول – النصف الثاني – لدراسة جميع المشاكل و المعوقات التي تواجه المدرسة من النواحي الاجتماعية و التربوية و الادارية و المالية – و العمل على ايجاد الحلول و المقترحات المناسبة. وان يساهم كل المؤسسات المشاركة في الاجتماع في العملية التربوية و يرسل نسخة من محضر الاجتماع الى الجهات المشاركة.

المادة/ ٢٣ / اضافة الفقرة: سادسا: وكمايلي: (يجوز تعين مرشد تربوي واحد لكل مدرسة و يضاف مرشد ثاني اذا ازدوجت المدرسة على نفسها، ويفضل في التعيين خريجوا قسم علم النفس او علم الاجتماع او ممن لهم صفات تربوية وكفايات اجتماعية تؤهلهم للقيام بمهام المرشد التربوي. ويقوم بمعاونة مدير المدرسة فيما يعهد اليه باوامر مدرسية خاصة بالمشكلات التربوية و الاجتماعية

للطلاب، ويعفى المرشد التربوي من تدريس الحصص الدراسية. وبتعليمات خاصة تصدرها وزارة التربية يحدد مهمات و حقوق المرشد التربوي).

المادة/ ٢٤ / اضافة الفقرة = ى = الى = ثالثا = وكما يلي: (يخول وزير التربية بعضا من الصلاحيات الادارية و المالية لمدير المدرسة وذلك لضمان سير العمل و انتظامهما في المدرسة).

المادة/ ٢٥ / "ب" تغيرها وكما يلي: (لاختيار المدرس الاول تنتظم عدد من المدارس الثانوية – المتوسطة او الاعدادية – المتقارنة وفي رقعة جغرافية واحدة على ان لاتقل عدد المدارس عن ثلاثة ولاتقل عدد المدرسين الذين يؤلفون وحدة دراسية لتحقيق الغرض المشار اليه من الفقرة "أ" عن خمسة مدرسين ويجوز ان تقل هذا العدد في الاقضة و النواحي.

المادة / ٣١ / تقسيمها الى: أ.....

واضافة فقرة "ب" وكما يلي (يكون لكل مدرسة حانوت مدرسي تعاوني يساهم الطلاب في تامين راسمالها وارادتها و باشراف الهيئة التدريسية. وتصدر وزارة التربية تعليمات خاصة لتنظيم ذلك).

المادة/ ٣٤ / اولا: يضاف الفقرة: ن : وكمايلي: (لجنة الحانوت المدرسي).

المادة / ٣٧ / تقسيمها الى: أ.....

واضافة الفقرة "ب" وكما يلي:(للهيئة التدريسية تشكيل لجنة خاصة وتقوم بمهام تكليف اولياءْ امور الطلبة بالمساهمة ماديا في دعم المدرسة لتسيير بعضا من امورها المالي لسد احتياجاتها الانية).

المادة / ٤٣ / الفقرة "٣" يضاف كلمة (المرشد التربوي) الى هيئة لجنة الانضباط.

المادة / ٤٧ / وتكون كما يلي: اذا غش الطالب في الامتحانات الصفية او الشهرية او في امتحان نصف السنة و الامتحان النهائي بدوره الاول او الثاني يعد راسبا في الموضوع الذي حصل الغش في امتحانه.

المادة / ٥٠ / اضافة الفقرة : سادسا: وكمايلي:

ب- في الامتحان الوزاري العام (البكالوريا) للمرحلة الاعدادية. لاتدخل درجة النجاح النهائية للمادتين – اللغة الكردية و اللغة العربية – كنتيجة جمع المعدل النهائي للمنافسة للطلبة الممتحنين في الفروع العلمية، اما اذا كانت الدرجة النجاح النهائية للمادتين المذكورتين في صالح الطالب ويرفع من معدلها العام فيجوز ذلك.

ت- اما بالنسبة للطلاب الفرع الادبي، كذا لا تدخل درجة النجاح النهائي لمادة الرياضيات – في نتيجة جمع المعدل النهائي، الا اذا كانت ذلك في صالح الطالب لرفع المعدل النهائي.

المادة / ٥١ / الغاء نظام العفو (الغاء = الفقرتين رابعا و خامسا).

# ڕاپۆرتی

## ١- فێرکردنی سەرەتایی

## ٢- باخچەی ساوایان

## ٣- نەهێشتنی نەخوێندەواری

# پێنجەم فێرکردنی سەرەتایی – باخچەی ساوایان – نەهێشتنی نەخوێندەواری

**فێرکردنی سەرەتایی:-**

**پێك هاتیە لەم بەشانەی خوارەوە:-**

١- بەڕێوبەرایەتی باخچەی ساوایان.

٢- بەڕێوەبەرایەتی فێرکردنی سەرەتایی.

٣- بەڕێوەبەرایەتی نەهێشتنی نەخوێندەواری.

وهەر یەك لەم بەڕێوەبەرایەتیانە بەرپرسە لە ئەنجام دانی گشت ئەرك وچالاکی وجێ بە جێ کردنی ڕێنمایی وسەرپەرشتی کردن وبەدواداچون ودابین کردنی پێداویستییەکانی باخچەکانی ساوایان وقوتابخانەکانی سەرەتایی وبنکەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواری وە هەر یەك بە گوێرەی بەشەکەی، بە تایبەت لەم بوارانەی خوارەوە:-

١. دامەزراندنی مامۆستایان.

٢. گواستنەوەی مامۆستایان لە نێوان پارێزگاکاندا.

٣. گەڕانەوەی مامۆستایان بۆ سەر کار.

٤. پێدانی مووڵەتی بێ مووچە.

٥. خانەنشین کردنی مامۆستایان بە پێی ڕێنماییەکان.

٦. گۆڕینی ناونیشانی = = = =.

٧. کردنەوەی دەوامی هاوینە لە چەند (ق/خ) ، باخچەی ساوایان.

٨. دابین کردنی کەل وپەلی پێویست (کەل وپەلی یاری کردن،اپاپ،هۆیەکانی فێرکردن ....هتد) بۆ باخچەکانی ساوایان.

٩. کردنەوەی بنکەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواری ودابین کردنی بوودجەی پێویست.

وهەروەها چەندین کاری تر جۆراوجۆر ئەنجام دەدەین.

## زانیاری لە سەر باخچەکانی ساوایان لە (هەولێر- سلێمانی - دهۆك) بۆ ساڵی(٢٠٠٦-٢٠٠٧)

| پارێزگا | ژ.باخچەکان | ژ.مندالآن | ژ.مامۆستایان |
|---|---|---|---|
| هەولێر | ٦٩ | ٩٦٠٨ | ٥١٧ |
| سلێمانی | ٦١ | ١٠٠٠٩ | ٩٠٩ |
| دهۆك | ١٩ | ٥٠٧١ | ٤١٥ |
| کۆی گشتی | ١٤٩ | ٢٤٦٨٨ | ١٨٤١ |

## زانیاری لە سەر ق/خ سەرەتاییەکانی(هەولێر- سلێمانی- دهۆك) بۆ ساڵی(٢٠٠٦- ٢٠٠٧)

| پارێزگا | ژ.ق/خ | ژ.قوتابیان/خوێنکاران | ژ.مامۆستایان |
|---|---|---|---|
| هەولێر | ١٣٨٨ | ٢٦٤٦٨٦ | ١٥٧٣٢ |
| سلێمانی | ١٥٦٥ | ٢٨٠٤٢٨ | ١٨١٠٨ |
| دهۆك | ٨٤٣ | ١٩٧٤٠٠ | ١٠٣٣٦ |
| کۆی گشتی | ٣٧٩٤ | ٧٤٢٥١٤ | ٤٤١٧٦ |

## زانیاری لە سەر ق/ نەوجوانان لە(هەولێر- سلێمانی- دهۆك) بۆ ساڵی (٢٠٠٦- ٢٠٠٧)

| پارێزگا | ژ. ق/خ | ژ.قوتابیان/خوێندکاران | ژ.مامۆستایان |
|---|---|---|---|
| هەولێر | ٢١ | ٢٠٢٠ | ٢١٩ |
| سلێمانی | ١٣ | ١٤٣٣ | ١٩٠ |
| دهۆك | ١٠ | ١٥١٨ | ١٢٠ |
| کۆی گشتی | ٤٤ | ٤٩٧١ | ٥٢٩ |

## زانیاری لە سەر پڕۆژەکانی خوێندنی خێرا ( التعلیم المسرع )

## بۆ ساڵی( ٢٠٠٥- ٢٠٠٦ )

| پارێزگا | ژ. بنکە | ژ. ق/خ |
|---|---|---|
| هەولێر | ٥ | ٦٥٦ |
| سلێمانی | ٦ | ٨٣٥ |
| دهۆك | — | — |
| کۆی گشتی | ١١ | ١٤٩١ |

## زانیاری لە سەر پڕۆژەکانی خوێندنی خێرا( التعلیم المسرع )

## بۆ ساڵی( ٢٠٠٦ - ٢٠٠٧ )

| پارێزگا | ژ. بنکە | ژ. ق/خ |
|---|---|---|
| هەولێر | ٨ | ٤٦٧ |
| سلێمانی | ٧ | ٨٠٧ |
| دهۆك | ١ | ١٥ |
| کۆی گشتی | ١٦ | ١٢٨٩ |

## زانیاری لە سەر پڕۆژەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواری

## کە بەردەوامن لە ساڵی( ٢٠٠٠ تاکوو ٢٠٠٧ )

| پارێزگا | ژ. بنکە | ژ. فێرخواز |
|---|---|---|
| هەولێر | ٢٨٢٢ | ٩٨٧٦٥ |
| سلێمانی | ٣٠٤٢ | ٩٥٦٤٩ |
| دهۆك | ١٩٤٢ | ٦٩٥٦٦ |
| کۆی گشتی | ٧٨٠٦ | ٢٦٣٩٨٠ |

**پڕۆژەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواری ئەم ساڵ( ٢٠٠٦- ٢٠٠٧ )**

| پارێزگا | ژ. بنکە | ژ. فێرخواز |
|---|---|---|
| هەولێر | ١٣٢ | ٤٦٢٣ |
| سلێمانی | ٣٧١ | ١٤٥٦٢ |
| دهۆك | ٩٧ | ٢٧٢٨ |
| کۆی گشتی | ٦٠٠ | ٢١٩١٣ |

أ- **باخچەی ساوایان**

**پێشنیارەکان :-**

١- زیادکردن ونۆژەنکردنی باخچەکان وبیناکردنی لە سەر شێوازی هاوچەرخ.

٢- کردنەوەی بەشی باخچەی ساوایان لە پەیمانگاکانی مەڵبەندی پێگەیاندنی مامۆستایان لە (دهۆك) وچاوخشاندن بە پڕۆگرامی خوێندنی پەیمانگاکانی(هەولێر وسلێمانی) کە تیایدا مامۆستای باخچەی ساوایان ئامادە دەکرێت لە سەر شێوازێکی نوێ و هاوچەرخانە.

٣- دابین کردنی جەمێکی خواردن بۆ منداڵانی باخچەکان و دانانی بودجەیەکی دیاری کراو ساڵانە لە لایەنی ب.گ.پەروەردەکان .

٤- دابین کردنی کەل وپەلی پێویست وەکوو (کتێبخانەو پێداویستیەکانی، هۆیەکانی فێرکردن، یاری، پەڕاوگەی هەمەجۆر (بۆ منداڵان)، ....هتد) بە لێژنەیەکی تایبەت لە (ب.باخچەی ساوایان و ب.گ.پەروەردەکان) بۆ کڕینی (بە گرێ بەست) لە گەڵ کۆمپانیاکان پاش دەست نیشان کردنی جۆر وژمارەی پێویست (وکوو پڕۆژەیەك) و هەژمار کردنی پارەکەی بۆ سەرجەم باخچەکانی هەرێم .

٥- دابین کردنی ژووری حەسانەوە ونوستنی منداڵان بۆسەرجەم باخچەکانی ساوایان لە گەڵ کەل ویەلی پێویست بە تایبەتی بۆ ئەو باخچانە(کە دەوامیان درێژ خایەنە)

٦- دابین کردنی جێگای تایبەت بە حەوانەوەی منداڵانی مامۆستایان کە لە تەمەنی (٤) ساڵ کەمترە لە ناو باخچە وقوتابخانەکاندا.

**٧- دەوامی باخچەکان بەم شێوە بێت :-**

أ- دەوامی (دووشفت/ وەجبە)

- دەوام لە ٨ بەیانی تاکوو ١٢ نیوەڕۆ (دەوامی وەجبەی یەکەم)
- دەوام لە ١٢ نیوەڕۆ تاکوو ٤ عەسر (دەوامی وەجبەی دووەم)

**ئەم دوو وەجبە دەوامە بۆ ئەو باخچانەیە کە ژمارەی منداڵانیان زۆرە .**

لە وەجبەی دەوامی بەیانیان ئەولەویەت دەدرێت بە منداڵی فەرمانبەرانی حکوومی لە کاتی وەرگرتنیان لە باخچەکاندا.

**ب- دەوامی درێژ خایەن :-**

- دەوام لە ٨ بەیانی تاکوو ٤ عەسر بە مەرجێك لە سەعات ١٢ تاکوو سەعات ٤ عەسر(مامۆستاو وچاودێر وبەردەست) بە خشتە سەرپەرشتی منداڵان بکەن لە گەڵ جەمێکی خواردن وجێگای حەسانەوە بۆ منداڵان دابین بکرێت ( ئەم دەوامە بۆ ئەو باخچانەیە کە منداڵی فەرمانبەرانی حکوومی لێیە).

٨- دەبێت لە هەر (ژوورێك ) یان هۆلێك دوو مامۆستا هەبێت یەك مامۆستا ئەساسیە و ئەوی تر بۆ سەرپەرشتی کردنی منداڵان(**لە کاتی هەبوونی میلاکی پێویست لە مامۆستایان**) .

٩- زیاتر هاوکاری کردن وهاندان و پشتگیری باخچەکانی ئەهلی/ تایبەت بکرێت لە لایەنی وەزارەت و بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەکان وە سالآنە خەلآت وبڕوانامەی رێز لێنان بۆ باشترین( باخچە / قوتابخانە) بکەن .

١٠- کردنەوەی خوولی بە هێز کردن بۆ (مامۆستایان) وخولەکانی مافی مندالآن وچاودێری تەندروستی (بۆ چاودێران).

١١- دابین کردنی دەرماڵەیەکی تایبەت بۆ مامۆستایانی باخچەی ساوایان خرجی (نثرية) بۆ ئیدارەکان .

١٢- کردنەوەی بەشی باخچەی ساوایان لە کۆلیژی بنیات یان دامەزراندنی کۆلیژێك لە زانکۆکانی هەرێمدا بە پیێ توانا..

١٣- دانانی ڕابەرێکی (پراکتیکی) بۆ مامۆستایان لە سەر شێوازی سویدی/ ویستگەکان وە بە سوود وەرگرتن لە شێوازی یەکەی شارەزایی (وحدة الخبرة) لە لایەنی لێژنەیەکی تایبەت لە وەزارەت وب.گ.پەروەردەکان.

١٤- دابین کردنی ژمارەی پێویستی لە(باص)ی هاتووچۆ بۆ مندالآن بە مەرجێك بەکار نەهێنرێت لە لایەنی پەروەردەکان وبمێنیێ لە باخچەکان.

١٥- زیاتر بایەخ بدرێت بە (**سەنتەری گەشەسەندنی پێش وەختی مندالّیەتی**) وەکوو سەرچاوەیەکی گرنك بۆ توێژ ولێکولینەوە وە بۆ دانانی پرۆگرام وسیستەمی نوی وەکردنەوەی خولی پێویست بۆ سەرجەم کارمەندانی باخچەکانی ساوایان.

١٦- بە هەماهەنگی وەزارەتی تەندروستی دابین کردنی تیمێکی پزیشکی (گەرۆك یان جێگیر ثابت ) بۆ پشکنینی مندالآن.

١٧- دابین کردنی ئامێری کۆمپیوتر بۆ سەرجەم باخچەکانی ساوایان.

١٨– ناردنی سەرپەشتیاران وماموٚستایانی باخچەکان بوٚ دەرەوەی ولاٌت بوٚ زیاتر سوود وەرگرتن وئاشنا بوون لە ئەزموونی پێشکەوتووانەی ئەو ولاٌتانە بە تایبەتی (سوید)یان هێنانی شارەزا لە ولاٌتە پێشکەوتووەکان وە کردنەوەی خولی پێویست .

١٩– چاپ کردنی پەرتووکی ڕاهێنان (سەیرکردن، گوێگرتن، نووسین) کە بەڕێزان (شەوکەت وگولٌنیشان ئامێدی) ئامەدەیان کردووە، لە بەر سوودی وگرنگی لە رووی زانیاری بە شێوەیەکی نویٚ وهاوچەرخانە.

٢٠– دامەزراندنی دەرچووانی بەشی هونەرەجوانەکان وەکو ماموٚستای هونەر لە باخچەکانی ساوایان.

٢١– وەرگێرانی یاسای باخچەی ساوایان ژمارە (١١) لە سالٌی ١٩٧٨ لە زمانی عەرەبی بوٚ سەر زمانی کوردی و گوٚڕینی چەند برگەیەك کە بەم شێوەی خوارەوەیە:–

## ب/.ب.**فێرکردنی سەرەتایی :**

ئەم بەڕێوەبەراتیە سەرپەرشتی فێرکردن دەکات لە قوٚناغی خوێندنی سەرەتایی لە هەموو ڕووێکەوە.

## پێشنیارەکان:-

أ– **سەبارەت بە دامەزراندن** – وەرگرتنی پلە پێش ٨/١ لە ئەنجومەنی وەزیران تا بتوانین پێش ٩/١ هەموو کاری دامەزراندنی ماموٚستایان بوٚ ب/گشتییەکان جیٚ بەجیٚ بکرێت بەمەرجیٚ پێش ٨/١٥ داواکاری دامەزراندن بگاتە وەزارەت لای ب.گشتییەکانی پەروەردە بە پیٚ خشتەو زانیاری پێویستەکان.

ب- گەڕانەوە:-

دەکرێت بە گوێرەی پێویستی پەروەدەکان بەپێی ڕێنماییەکان بە مەرجێ تەمەن لە (٥٨) ساڵ زیاتر نەبێت پەیمان بدات لە لای نووسەری داد(کاتب عدل) تا (٥) ساڵ داوای خانەنشین کردنی نەکات وە پاش تێپەربوونی ساڵێك لە سەر فەرمانی لادان.

ج- گواستنەوە:-

١- پێویستە هەموو داواکاری بگاتە وەزارەت پێش ٨/١٥ سەبارەت بە گواستنەوەی نێوان پارێزگاکان بە مەرجێك خزمەتیان تەواو کردوو بێت :

- دەرچووی خوولی شیاندن - (٥) ساڵ.
- = پ/مامۆستایان وهونەرەجوانەکان - (٣) ساڵ.
- = کۆلیژی مامۆستایان /بنیات - (١) ساڵ.
- = کۆلیژەکانی تر(معلم جامعي) - (٢) ساڵ.

٢- ئەوانەی مۆڵەتی تەواوکردنی خوێندن(اجازه دراسيه)داوا دەکەن پێویستە بە لای کەمەوە بۆ ماوەی (٤) ساڵ بە ژمارەی ساڵەکانی خوێندنی لە زانکۆ خزمەت بکات لە ق/خ سەرەتایی ،ئینجا داوای گواستنەوە بکات بۆ دواناوەندی یەکان.

٣- دەرماڵەیەکی دیاری کراو بۆ ئەوانەی لە شوێنە دوورەکان دادەمەزرێن لە دەرچووانی (پ.مامۆستایان) بە خشینی (٧٥ - ١٠٠) هەزار دینار یان پێبدرێت جگە لە دەرماڵەکانی تر،وەکو هاندان بۆ خزمەت کردن لەم شوێنانە کە زۆر پێویستی بە مامۆستا هەیە پاش دەست نیشانی ئەو شوێنانە بکرێت لای لێژنەیەکی تایبەت.

**د- مووڵەتی بێ مووچە :-**

دەدرێتە ئەو مامۆستایانە کە خزمەتیان لە (٢) ساڵ کەمتر نەبێت:

١- بۆ جاری یەکەم (یەك ساڵ) لە دەستەڵاتی بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەیە.

٢- بۆ جاری دووەم وزیاتر( استثناء ) لەدەستەلاتی وەزیر دەبێت .

٣- هەڵوەشاندنی ئەو مووڵەتە قەدەغەیە.

**ه- خانەنشین کردن :-**

بەپێ ڕێنماییەکانی نوێ ئەنجومەنی وەزیران ژمارە(٩٦٤٨) لە ٢٠٠٦/٨/٣٠ دەبێت کە خزمەتیان لە(١٥) ساڵ کەمتر نەبێت.

**و- سیستەم :-**

١- جەخت تاکید لە سەر سیستەمی گروب بە تایبەت لەو قوتابخانانەی کە ژمارەی قوتابی لە پۆل کەمە، وە کورسی ومێزیان هەیە.

٢- مامۆستای پۆلاو وپۆل لەپۆلی (١) تا پۆلی (٣) هەمان مامۆستا بەردەوام دەبێت لە گەڵ قوتابیان .

٣- (٢) دوو مامۆستا لە یەك پۆل ئەگەر ژمارەی مامۆستایان ڕێگە بدات لە پۆلەکان (١-٢-٣).

٤- بەردەوام بوونی خوێندنی زمانی ئینگلیزی لە پۆلی یەکەم لە هەموو قوتابخانەکاندا.

٥- زیاتر پەرپێدان بە پەروەردەی مەدەنی وقەدەغەکردنی توندووتیژی ودۆزینەوەی ڕێگا چارەی باشتر بۆ مامەڵە کردنی پەروەردەیی وەکوو پاداشت کردن....هتد.

٦- دانانی رابەری پەروەردەیی لە هەموو قوتابخانەکاندا بە پێ ڕێنماییەکان بە مەرجێك لە دەرچوانی کۆلیجی دەروون زانی و پەیمانگای مامۆستایان بن.

٧- زیاتر پەرەپێدان بە ئەزموونی خوێندی خێرا (التعلیم المسرّع) بە ڕێگای (هاندەر).

٨- بایەخ دان زیاتر بە دەوامی هاوینە بە تایبەتی لە بواری (وەرزش وهونەر) وەهەڵسەنگاندنی ئەم ئەزموونە ساڵانە.

٩- کردنەوەی قوتابخانەی نەوجەوانان لە هەر قەزایەك بەکەمی.

١٠- بەردەوام بونی (خوولی بە هێز کردن)ی مامۆستایان وبەرێوەبەران وسەرپەرشتیاران وڕابەرانی پەروەردەیی (تایبەت نوێ دامەزراون).

١١-پارەی حانووت بۆ قوتابخانەکە بێت وەزارەت وپەروەردەکان هیچ بەشێك وەرنەگرن.

١٢- خوێندنی سەرەتایی بکرێت بە شێوازی ڤیدیوی وسیناریۆ ونواندن بۆ ئەوەی قوتابی ئاسانتر بتوانێ فێری بێت.

١٣- بینا کردنی سەدان قوتابخانەی نوێ بە زیاد کردنی نهۆمی دووەم بە تایبەتی لەو جێگایانەی کە ڕێژەی دانیشتوانی زۆرن، لە سەر شێوازێکی هاوچەرخ وە دابین کردنی شوێنی حەوانەوەی مامۆستایان بە تایبەت لە گوندو شاروچکەکان.

١٤- دامەزراندنی مامۆستایان بە گوێرەی پێویستی فعلی وبە پێ ڕێنماییەکان و لە سەر ڕۆشنایی رای سەرپەرشتیاران.

١٥- زیاد کردنی دەرماڵەی مامۆستایان وکریی وانە بێژی (اجورالمحاضرة).

١٦- دەرچووانی پەیمانگای هونەرە جونەکان وەکو دەرچوانی پەیمانگاکانی تر لە لادێکان دابمەزرێن و جیاوازی نەکرێت.

١٦- زیاد کردنی ژمارەی کورسی خوێندن بۆ مامۆستایان لە زانکۆکان بە تایبەت لە پسپۆریە پێویستەکان.

١٧- زیاتر پەرە پێدان وپشتگیری کردنی قوتابخانەکانی تایبەت/ئەهلی.
١٨- کاراکردنی یاسای پاداشت و سزا بۆ مامۆستایان.
١٩- کاراکردنی کۆبونەوەی باوکان ودایکان وئەنجومەنی قوتابخانە.
٢٠- گەڕانەوەی بە کار هێنانی البطاقة المدرسية بە ناوی (بطاقة السيرة الذاتية والتعليمية) و دروست کردنی بە شێوەیەکی نوێ وگونجاو لە گەڵ سیستەمی پەروەردەیی نوێ.
٢١- دابین کردنی جەمی خۆراك بۆ قوتابیان .
٢٢-پێداچوونەوە سەر لەنوێ بە هەموو بەرنامە وپرۆگرامەکانی فێرکردنی سەرەتایی.
٢٣- زیاتر بایەخ بدرێت بە وانەی وەرزش وهونەر لە سەر شێوازی نوێ هاوچەرخ.
٢٤- کردنەوەی خولی تایبەت بە کاری دەستی بۆ قوتابیانی نەوجەوانان.
٢٥- ئامارێك (أحصائيه ) بکرێت لە هەرێم بۆ زانینی ژمارەی تەواوی ئەو کەسانەی دابراون (متسرب)لە قوتابخانەکان ودانانی بودجەیەکی تایبەت بۆ ئەم مەبەستە .
٢٦- بەرز کردنەوەی ئاستی هۆشیاری وروناکبیری دایکان وباوکان وڕاگەیاندن رۆڵی خۆی زیاتر ببینێت.
٢٧- کار ئاسانی بۆ دەرچووانی پرۆژەی خوێندنی خێرا بکرێت تا لە ناوەندی وەریان بگرن وە بەردەوام بن لە خوێندن، یان کردنەوەی ناوەندیەکی تایبەت بۆ ئەوانەی تەمەنیان گەورەیە.
٢٨- دامەزراندنی مامۆستایان تەنها بۆ دەرچووانی پەیمانگای مامۆستایان وکۆلیژی بنیات وپەیمانگای هونەرە جوانەکان بێت ولەمەودوا دامەزراندنی نوێ بۆ دەرچوانی خولەکانی شیاندن نەمێنێت وە قەدەغە بکرێت.
٢٩- ژمارەی قوتابیان لە هەرپۆلێك لە(٣٥) قوتابی تێپەر نەکات.

سەرپەرشتیکردنی کاروباری دارایی پرۆژەکان وبودجە تەرخانکراوەکانی ئەم بوارە.

٤- بەنیشتیمانی کردنی پرۆسەکە و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران (گشتاندن) ێك دەربكات سەرجەم وەزارەت ودامودەزگاکان ئاگادار بکاتەوە بۆ ئاسانکاری وپاڵپشتیکردنی ئەم پرۆسەیە لەهەرێمی کوردستان وبۆ هەماهەنگی کردنی وەزارەتی پەروەردە بۆ سەرخستنی ئەم پرۆسە نیشتیمانی ونەتەوەییە پیرۆزە.

٥- دانان وگۆڕینی قۆناغەکانی خوێندن بۆ (٣) قۆناغ.(قۆناغی یەکەم) (١-٢-٣) سەرەتایی دەکرێت بەساڵێکی خوێندن تەواو دەکرێت بەرامبەر (یقرأ ویکتب)،(قۆناغی دووەم) ی فێرکردنی گەورە پرۆگرامی تایبەتی بەرامبەری(٤-٥)سەرەتایی وە بەساڵێکی خوێندن تەواو دەکرێت،(قۆناغی سێیەم) بەساڵێکی خوێندن تەواو دەکرێت وهەمان پرۆگرامی خوێندنی شەشەمی سەرەتاییە وئەزموونی بەکالۆریای وەزاری تێدا ئەنجام دەدرێت.

٦- یەکەیەکی سەرپەرشتیاری تایبەت بەبەڕێوەبەرایەتی فێرکردنی گەورە لە بەڕێوەبەرایەتییە گشتیەکانی پەروەردەی پارێزگاکان بکرێتەوە بۆ سەرپەرشتیکردن و بەدواداچوون وکاروباری سەرپەرشتی بنکەو قوتابخانەو پرۆژەکان .

٧- پێشنیار دەکەین ئێستا کاروباری (بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی تەوزیمی) کە سەربەبەڕێوەبەرایەتی نەهێشتنی نەخوێندەوارییە(فێرکردنی گەورە) لەدیوانی وەزارەت، لەبەر ئەوەی لەپەروەردەکان لەبەشی نەخشەی پەروەردەیی ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە بەڕێوەبەرایەتی فێرکردنی سەرەتاییەوە دەکەن ، بۆیە داواکارین کاروباری ئەم بەڕێوەبەرایەتییە بخرێتە سەر بەڕێوەبەرایەتی فێرکردنی سەرەتایی.

٨- پێشنیاردەکەین هەرچی پرۆژەیەکی فێرکردنی گەورە کەلە تەمەنی سەرەتایی وسیستەمی سەرەتایی بەدەر جێبەجێ دەکرێت وئەو کەسانەی کە

دابڕاون لەخوێندن لەهەر تەمەنێكدا بێت بخرێتەوە سەر كاروباری فێركردنی گەورە. وەك ( فێركردنی خێرا...هتد).

٩- پرۆسەو هەڵمەتی فێركردنی گەورە پرۆسەیەكی ئارەزوومەندانەیە(اختياريه)، پێشنیار دەكەین بۆ سەرجەم كارمەندانی وەزارەت ودامودەزگاكانی حكومی وهێزی پێشمەرگەو ناوەخۆ بكرێتە ئیجباری ومەرج ورێنمایی تایبەتیان بۆدابنرێت.

١٠- بۆ دەوڵەمەندكردنی ئەم ئەزموونە ناردنی بەڕێوەبەروكادیرانی ئەم پرۆسەیە بۆ دەرەوەی وڵات وبینینی ئەزموونی وڵاتان لەم بوارانەدا. هەروەها كردنەوەی خولی مەشق وڕاهێنان وبەهێزكردنی مامۆستاو سەرپەرشتیارو كادیرانی پرۆسەی فێركردنی گەورە و هەوڵدان بۆهێنانی شارەزاو پسپۆران .

١١- دانانی ئالیەتێك بۆ نەخشەكێشان ولێكۆڵینەوە دابینكردنی پێداویستیەكانی بنكەكانی لەپەروەردەكاندا ، جگە لەو نەخشەو پێداویستیانەی كە بۆ قوتابخانەكان دابین دەكرێت ( كارەبا یا موەلیدە، گاز، بەنزین ، نەوت ، ئامێرەكانی فێنك كەرەوەو سۆباو ... هتد). چونكە پەروەردەكان هاوكاری بنكەو قوتابخانەكانی فێركردنی گەورە ناكەن لەم ڕووەوە.

١٢- پێشنیاردەكەین ڕووپێوی پەروەردەیی سەرتاسەری ئەنجام بدرێت و لەگەڵ ئاماری گشتی ساڵانەی وەزارەت ئاماژە بەخشتەی ڕووپێو وئاماری ساڵانەی فێركردنی گەورە بكرێت لە بەشەكانی بەڕێوەبەرایەتی ئامار .

١٣- دانانی بودجەیەكی تایبەت بۆهەڵمەتی ڕاگەیاندن وپڕوپاگەندە بۆ ئەم پرۆسەیە لەهەرێمی كوردستان لەبەڕێوەبەرایەتی فێركردنی گەورە لەدیوانی وەزارەت بۆ هۆشیاركردنەوە وهاندانی هاووڵاتیان و چاپەمەنیەكان.

١٤- پاداشتكردن وخەرجكردنی مانگانەی ئەندامانی ئەنجومەنی باڵای فێركردنی گەورە( بەناوی كرێی سەرەڕایی) بەبڕی (١٥٠٠٠٠) سەدو پەنجا هەزار دینار .

١٥-زیادكردنی دەرماڵـە وكرێـی ماموٚستاوبەڕێوەبەر و وانەبێـژانی بنكـەو قوتابخانەكانی فێركردنی گەورە بۆ (١٠٠٠٠٠) سەد هەزار دینار مانگانە، كرێی بەردەست بەرزبكرێتەوە بۆ ٤٠٠٠٠ دینـار ، ئەندامانی لیژنـەی لقی و خۆجێیی ١٢٥٠٠٠ دینارلەبەر ئەوەی ماموٚستایان بەو پارە كەمە وانە ناڵێنەوە.

١٦- دانانی پاداشتێك یا دەرماڵەیەكی رەمزی بۆ فێرخـوازان وداهێنـەرانی ئـەم بوارە.هەروەها دابەشكردنی دیاری وخەڵات وپێدانی جل وبەرگ بـۆ هانـدان و بەشداریكردنی فێرخوازان لەو پرۆسەیە.

١٧- پرۆسـەكەی ئێمـە نـەمانی كەسـانی نەخوێنـدەوارە ، بـەلاّم ئـەمڕۆی پێشـكەوتنی سـەردەم هـانی ئـەو خەڵكـەی داوە كـە ئـارەزووی تـەواوكردنی خوێنـدن و وەدەسـتهێنانی بڕوانامـە بوٚتـە مەبەسـت بەتایبـەتیش ئـەو گـەنج ولاوانەی كە تەمـەنیان گونجـاوە دوای تـەواوكردنی قۆنـاغی فێركردنـی گـەورە، لەقۆناغـەكانی ناوەنـدی شـوێنیان بـۆ ناكرێتـەوە ، بۆیـە پێشـنیار دەكـەین بەڕێوەبەرایەتی گشتی فێركردنـی دواناوەنـدی لەشـارو شارۆچـكەكاندا هۆبـە یـا پاشكۆ بۆ ئەو فێرخوازانە بكاتەوە بۆ درێژەپێدانی خوێندیان و وەرگرتنیـان لـە ناوەندییەكانی خوێندنی ئاسایی ڕۆژ یا ئێواران.

١٨- پرۆگرامەكانی خوێندن لەقۆناغی یەكەم ئێستا وەكـو خـۆی دەمێنێتـەوە، بەپێی تایبەتمەندی ناوچەو دەڤـەرەكان دەخوێنرێـت لەهەربەڕێوەبەرایەتیـەكی گشتی پەروەردەی پارێزگاكـان ولەداهاتووشـدا بـەپێی داواكـاری پـەروەردەكان پێداچـوونەوەو گۆڕانكـاری لەپرۆگرامـەكانی خوێندنـدا بكرێـت و یـەك بخرێـت و پرۆگرامێكی تازەی بۆ دابنرێت.

١٩- هەوڵبـدرێت بـۆ چارەسـەركردنی دابڕاوەكـان( متسـرب) لەهـەموو قوتابخانەیەكـدا (٢) دوو هۆبـەی سـەرەكی تایبـەت دابنرێـت وماموٚسـتای بـۆ تەرخان بكرێت تایبەت بێت بە ( فێركردنی گەورە) یەك بۆ ئافرەتان ویەكێكیش بۆ پیاوان.

٢٠- وەك ئەرك وكارێكی پیرۆزی هەماهەنگی هەموو بەڕێوەبەرو دەستەی بەڕێوەبردنی قوتابخانەكان بەرپرسیاربن لەئەنجامدانی رووپێوی پەروەردەیی و ئامارکردنی دابڕاوان و نەخوێندەواران لەسنووری قوتابخانەو گەڕەك وناوچەو دەڤەرەكانیاندا، وسالآنە بەرلە٩/١٥ ی سالّی خوێندن ئەنجامی بدەن ، كەبۆ ئەم مەبەستەش فۆرمێكی تایبەت ئامادە بكرێت بۆ سەرژمێركردنی (دابڕاوەكان، نەخوێندەواران) ، دانەیەكی ئەو ناوو ژمارانە بۆ وەزارەتی پەروەردە بەرزبكرێتەوە.

٢١- كردنەوەی قوتابخانەیەكی شەش پۆلی بۆ فێركردنی گەورە لەو شوێنانەی كە زۆربەی قوتابخانەكانی دیكە تیایدا سێ دەوامین و ناكرێت ئافرەتان و ژنان لەو قوتابخانانە دەوام بكەن یاخود زۆربەی كاتی دەوامیان دوای ئێوارانە.

٢٢- لەبەر كەمی مامۆستای پسپۆرو لێهاتوو و تایبەت بەم پرۆسەیە كە لەشێوازی هەڵسوكەوت كردن لەگەڵ تەمەنی گەورەكاندا كارامە بن ، داواكارین لەپەیمانگاو كۆلیژەكانی مامۆستایان و پەروەردە شتێك بخوێنرێت وەك بابەت یا مەلزەمە یا سیستەمی فێركردنی گەورە لەهەرێمی كوردستان بۆ ئاشنابوونی قوتابیانیان و وەرگرتنی زانیاری لەسەر شێوازی وانەوتنەوەی گەوران كەجیایە لەفێركردنی منداڵ.

٢٣- بنكەوقوتابخانەكانی فێركردنی گەورە لەلایەن بەرپرسان وبەڕێوەبەری قوتابخانەكاندا بەكارێكی لاوەكی دانەنرێت، چونكە هەمان ڕێنمایی وسیستەمی قوتابخانەی سەرەتاییان بەسەردا جێبەجێ دەكرێت ودەبێت گرنگی پێبدرێت.

٢٤- لەسنووری هەرپەروەردەیەكدا ئامارو ژمارەی نەخوێندەواران لەهەردوو رەگەزدا دیاری بكرێت ولەخشتەیەكدا ناوی ئەوگوندانە بنووسرێت لەگەڵ ژمارەی فێرخوازان كە بنكەی لێكراوەتەوەو نەخوێندەواری تێدا نەماوە. هەروەها ناوی ئەوشوێن وگوندانەش لەخشتەیەكدا بنووسرێت كەبنكەی تێدانەكراوەتەوە وژمارەی نەخوێندەوارانی تێدادیاری بكرێت.وەكو سەرژمێرییەك سالآنە پێداچوونەوەی تێدا بكرێت.

٢٥- خولى مەشق وڕاهێنانی تایبەت بەم بوارە بکرێتەوە، لەبەرئەوەی وانەبێژی بنکەکان هەمان مامۆستایانی سەرەتایین و وانە بەمندالآن دەلێنەوەوهەمان ستافی قۆناغی سەرەتایین، بۆیە بۆتایبەتمەندی ئەم بوارە پێویستە خولی تایبەتی فێرکردنی گەورە ببینن لەسەر( شێوازی وانەوتنەوەی گەوران، دەروونزانی مەزنان وگشتی،هونەری بەڕێوەبردنی بنکە،ئیجابیاتی مامەڵەی کۆمەلآیەتی و..هتد) یاخود هێنانی بەرنامەی تازە.

٢٦-هەماهەنگی وەزارەتەکان وڕێکخراوەکان بۆ کردنەوەی خولی زیاتری هۆشیاری لەرووی( تەندروستی وکۆمەلآیەتی ولایەنەپەیوەستدارەکانی هۆشیاری وڕۆشنبیری) وپێکهێنانی تیمی تایبەت بۆ ئەم مەبەستە.

٢٧- سالآنە ڕاپرس بکرێت لە سەر پرۆژەکان وفێرخوازان بۆ هەلسەنگاندن لێکۆلینەوە ودیراسەتکردنی دەرەنجامەکان لەبەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکان وپەروەردەی قەزاکان ویەکەکانی سەرپەرشتیاری وداوتر یەکخستنی لەبەڕێوەبەرایەتی فێرکردنی گەورە لەدیوانی وەزارەت..

٢٨- دانان وچاپکردنی هۆیەکانی فێرکردن و ڕوونکردنەوەی تایبەت بە قۆناغ وپرۆگرامەکانی فێرکردنی گەورە وئەوهۆیانەی کەزیاتر بۆیان گونجاوەوبەکاردێت لەکاتی وانەوتنەوەدا.

٢٩- هەولبدرێت سوود لەمامۆستایانی زیادە لەسەر میلاکی قوتابخانەکانی سەرەتایی وەربگیرێت بۆ وانەوتنەوە لە بنکەو قوتابخانەکانی فێرکردنی گەورە لەبری ئەوەی کەدەوام لەقوتابخانەکانیان بکەن ولەجیاتی ئەودەوامە تەنیا لەبنکەکان دەوام بکەن و وانە بلێنەوە وەکو دەوامی ڕەسمی خۆیان.

٣٠-دەرمالەی ئیدارە بدرێت بەبەڕێوەبەری بنکەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواری و فێرکردنی گەورە.

٣١- کردنەوەی خولی بەردەوام لەچەند سەنتەرێك بەناوی بنکەکانی فێرکردنی گەورە لەهەر پارێزگایەك وشارو شارۆچکەیەك بۆ فێربوونی فێرخوازان لەسەر کارەدەستیەکان و(دوورمان ، دارتاشی ، ڕستن وچنین ،..هتد).

٣٢- چـاپکردن وبلاَوکردنـەوەی ڕابـەر وپۆسـتەری ڕەنگـاوڕنگی تایبـەت بەپرۆسـەی فێرکردنـی گـەورە وەك پڕوپاگەنـدە بـۆ هۆشـیاری و هانـدان وخۆناونووسکردنی خەڵك.

٣٣- گرنگـی بەبڕوانامـەی دەرچـوونی قۆناغـەکانی نەهێشـتنی نەخوێنـدەواری بدرێت وهەموو کەسێکی نەخوێندەوار دانەمـەزرێت ئەگـەر بڕوانامـەی فێرکردنـی گەورەی نـەبێت. وهەرکەسـێکیش کەئـەو بڕوانامەیـەی هـەبوو هاوکـاری بکرێـت لەدامەزرانـدن وموچـەکەی جیـاوازی پێبکرێـت بەبـەراوردی خـەڵکانی دیکـەی نەخوێندەوار. بەهەمان شـێوە لەکـەرتی تایبـەت ڕێپێـدانی کـار نـەدرێت ئەگـەر نەخوێندەوار بێت.

٣٤- نەبوونی شوێنی حەوانەوەی مامۆسـتایان لەشارۆچـکەو لادێکانـدا کێشـەی بۆمامۆسـتایان دروسـتکردووەو هۆکارێکـە کـە بنکـە لـەو شـوێنانە نەکرێتـەوەو زەرەر بەو خەڵکە دەگـات. هـەروەها ئەگـەر ئیمکـان بێـت کابینـەیان بـۆ دابـین بکرێت.

٣٥-وەك هانـدانێك دەرچـوانی سـێیەمی ناوەنـدی قوتابخانـەکانی فێرکردنـی گەورە دابمەزرێن وە پلەی نووسەریان پێبدرێت .

٣٦- چـاپکردنی کتێبـی ڕۆشـنبیری و ڕۆژنامـەی (ئاسـۆی فێرخـوازان ) وچـاپەمەنیەکانی فێرکردنـی گـەورە بـەردەوام بلاَوبکرێتـەوەو بگاتـە دەسـتی فێرخوازان و بایـەخی زیـاتری پێبـدرێت لەپـەروەردەکان و بەشـداربوونیان لـەم پرۆسەیە ئەکتیف بکرێت .

٣٧- هەماهەنگی وهاوکـاری وەزارەتـەکان زیـاتر بکرێـت بەتایبـەتی ڕۆشـنبیری وکەناڵ ودەزگاکانی ڕاگەیانـدن بەجیـدی وەربگیرێـت وئـەم ئەرکـە نیشـتیمانییە بگرنە ئەستۆ و بەبەرنامەی تایبەتی وکۆڕو سیمینار بگوێزنەوە بۆ خەڵك.

# ڕاپۆرتی
# فێرکردنی دواناوەندی
# پیشەیی

## شەشەم/ فێرکردنی دواناوەندی و پیشەیی

**پیشەکی:**

پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن له کاره گرنگەکانی هەموو حکومەتێکە لە جیهان لەبەر ئەوەی تایبەتە بە بەرفراوانترین و کاریگەرترین چینەکانی کۆمەڵ، وە ئەو ئەرکە گرانتر دەبێت له وڵاتێك پێشتر پەیڕەوی سیستەمی سۆشیالستی کردبێت و زیاتر له سی ساڵ لە ژێر حوکمی ڕژێمێکی دیکتاتۆری فاشیدا بووبێت، بۆیە ئەمڕۆ دووچاری ئاریشە دەبینەوە لەم بوارە، چارەسەر کردنیشی ئەبێ بەدەستی خۆمان بێت وە هەماهەنگی زۆریش بکرێت .

بەڕێوەبەرایەتییەکەمان به لایەنێکی گرنگ دادەنرێت له وەزارەتی پەروەردە لەڕووی کێشەکان و چارەکردنیان ، بۆیە هەستاین بە ئەنجام دانی کۆنفرانسی پەروەردەیی له هەندێك له پەروەردەکانی کوردستان ، پاشان ڕاو بۆچوونەکانمان یەك خستن لەم ڕاپۆرتەدا . وە بۆمان دەرکەوت کە کێشەکان هاوبەشن لە نێوانیان بەڵام چارەسەرەکان جیاوازن وە پێویست دەکات ئەو بیر و بۆچوونانە گەڵاڵە بکەین بە شارەزایی خۆمان و پاڵپشتی ئەزموونی دەرەوە.

## کێشەکـــــــان

### أ- دواناوەندییەکان

١- نەبوونی بینای گونجاو

٢- کەمی مامۆستا لەهەندێ پسپۆریدا .

٣- نزمی ئاستی زانستی مامۆستایان

٤- کەمی مووچەی مامۆستایان

٥- کەمی کرێ ی وانەبێژی

٦- چەندی و چۆنیەتی پرۆ گرامەکانی خوێندن

٧- کەم و کوڕی تاقیگەکان

٨- چۆنیەتی وەرگرتن لە کۆلێژو پەیمانگاکان

٩- کەمی خول و مەشقی بەردەوام

١٠- کەمی مامۆستایانی پسپۆری بواری کۆمەڵناسی و دەروونزانی

١١- بوونی ململانێ ی حزبێ لە بواری پەروەردە .

١٢- زۆری وانەی تایبەتیو مەلزەمە .

### ب- ئامادەییە پیشەییەکان

١- نەبوونی بینای گونجاو .

٢- نەبوونی بودجەی تایبەتی ساڵانە بە ئامادەییە پیشەییەکان و بەشەکانی پەروەردەی پیشەیی

٣- کۆنی و نە گونجانی پڕۆگرامەکانی خوێندن ی پیشەیی لەگەڵ پێشکەوتنی سەردەم .

٤- کەمی وەرگرتنی ڕێژەی قوتابیان و خوێندکاران لە کۆلێژ و پەیمانگاکان

٥- کەمی دەرفەتی دامەزراندن

٦- کەمی و کۆنی ئامێری مەشق کردن و هۆیەکانی فێرکردن و هۆڵەکانی کرداری .

٧- لاوازی ئاستی کارگێڕی هەندێك لە بەڕێوەبەرو یاریدەدەرەکان.

٨- نەبوونی تەزووی کارەبا لە ئامادەییە پیشەییەکان .

٩- نەبوونی خولی پسپۆری بەردەوام و خولی شیاندن بۆ مامۆستایانی پیشەیی .

١٠- کەمی بەشەکانی پەروەردەی پیشەیی لە قوتابخانە و خوێندنگە ناوەندییەکان .

١١- کەمی دەرماڵەی ترسناکی بۆ مامۆستایانی پیشەیی .

١٢- کەمی کاتی مانەوەی قوتابیان و خوێندکاران لەناو قوتابخانەو خوێندنگەکان .

١٣- تێکەڵ کردنی ئامادەییە پیشەییەکان لەگەڵ قوتابخانە ئەکادمیەکان .

١٤- زۆری مامۆستای پیشەیی و کەمی مامۆستای ئەکادیمی

١٥- نەبوونی بەشە ناوخۆییەکان .

١٦- کەمی دەرماڵەی قوتابیان و خوێندکاران .

١٧- کەمی سەرپەرشتیاری پسپۆری پیشەیی .

١٨ - زۆری بەشە وانەی بابەتەکانی کوردی و بیرکاری و ئینگلیزی .

١٩- فەرامۆش کردنی خوێندنی وانەکانی ( هونەر ) و ( دیموکراسی ) .

٢٠- کەمی هۆیەکانی گواستنەوەی قوتابیان و خوێندکاران .

٢١– نەبوونی ڤیستیڤاڵی ساڵانەی ئامادەییە پیشەییەکان .

٢٢– نـــەبوونی بەڕێوەبەرایەتییـــەکی تایبـــەت بـــە ئامـــادەیی و بەشـــەکانی پەروەردەی پیشەیی لەناو دیوانی بەڕێوەبەرایەتیـە گشتیەکانی پـەروەردەی پارێزگاکان .

**ج _ دواناوەندییەکانی ئێواران /**

١– کەمی میلاکی مامۆستایان

٢– کەم کردنەوەی کاتی وانەکان

٣– نەبوونی تاقیگە

٤– زۆر پابەند نەبوونی قوتابیان بە دەوام کردن بە تایبەتی لەڕۆژانی پێنج شەممە .

٥– زیاد بوونی ژمارەی خوێندنگەکانی ئێواران .

٦– بوونیان لەگەڵ قوتابخانەی سەرەتایی یان پیشەیی

٧– دابین نەکردنی کەم و کوڕییەکانیان

**د - دواناوەندییە نموونەیی و ئەهلییەکان /**

١– لێ تێ نەگەیشتنیان لەلایەن پەروەردەکان

٢– هەوڵ نەدان لە لایەن پەروەردەکان بۆ زیاد کردنی ژمارەکانیان

# چارەسەر و پێشنیازەکان

## أ- دواناوەندییەکان

١- لقی زانستی بکرێت بە دوو بەش :-

ا- پزیشکی- ئەم وانانە بخوێنن ( کوردی - ئینگلیزی - زیندەوەرزانی - کیمیا - کۆمومپیوتەر)

ب- ئەندازەیی - ئەم وانانە بخوێنن (کوردی-ئینگلیزی- فیزیا- بیرکاری- کۆمپیوتەر)

٢- لقی وێژەیی بکرێت بە سێ بەش :-

ا- زمانەوانی- ئەم وانانە بخوێنن(کوردی- ئینگلیزی-عەربی-ئایین -لاتینی- کۆمپیوتەر)

ب- یاسا - ئەم وانانە بخوێنن (کوردی- ئینگلیزی- عەرەبی - کۆمەلایەتی- یاسا -کۆمپیوتەر)

ج- ئابووری - ئەم وانانە بخوێنن ( کوردی - ئینگلیزی- ئابووری -بیرکاری - کۆمپیوتەر ).

٣- فراوان کردنی وەرگرتنی ژمارەی قوتابی و خوێندکاران لە پەیمانگاکانی ( کومپیوتەر- وەرزش- هونەرە جوانەکان ) بەمەرجێ ئەزموونی پۆلی سێیەمیان گشتی بێت بۆ ئەوەی ئەو قوتابی و خوێندکارانەی تێکڕای نمرەکانیان لە ٧٠٪ کەمتر بوو مافی وەر گرتنی بڕوانامەی ( دبلوم) یان نابێ و تەنها بڕوانامەی ئامادەییان پێ دەبەخشرێت .

٤- وانەی ( لاتینی ) لەسەرەتای پۆلی یەکەمی ناوەندی بخوێندرێت .

٥- وانەی کۆمەلایەتی بەشێوەی (CD) بخوێنرێت

٦- پرۆگرامی وانەکان لە ڕووی چەندێتی کەم بکرێنەوە

٧- وانەی (ڕێنمایی پەروەردەیی) لە قۆناغی ناوەندی بووترێتەوە

٨- نووسینەوەی پرۆگرامەکان بە جۆرێك بێت قوتابی تێی بگات واتا بۆئەو نووسرابێتەوە نەوەك بۆ مامۆستا .

٩- دانانی وانەی (پەروەردەی ئایینی نەك پەروەردەی ئیسلامی ) لە قۆناغی ناوەندی .

١٠- کردنەوەی تەلەفزیونی پەروەردەیی لە هەموو شارەکانی کوردستان

١١- ڕێژەی ٣٠٪ نمرەکان لەسەر ئارەزووی خوێندکار بێت و ٧٠٪ لەسەر نمرەی وەزاری بێت بەمەبەستی وەرگرتن لە زانکۆ و پەیمانگاکان.

١٢- کولێژ و بەشەکانی تایبەت بن بە لقێکی دیاری کراو ، بۆ نموونە (بەشی زمانەکان) لە هەموو کۆلێجەکان تەنها قوتابی دەرچوو لە بەشی (وێژەیی - زمانەوانی) وەربگرێت و بەشەکانی تر مافی وەرگرتنیان لەو پسپۆریە نەبێت (وەك ئێستا نەریتە)

١٣- لە هەموو قەزاکان کۆلێجی پەروەردە و پەروەردەی بنیات بکرێتەوە.

١٤- تەرخان کردنی کورسی خوێندن بۆ مامۆستایان بە ژمارەیەکی زیاتر.

١٥- چاو بخشێنرێتەوە بە مووچەی مامۆستایان بە گوێرەی ئاستی بژێوی چونکە مامۆستا هەموو چینەکانی کۆمەڵ پێ دەگەیەنێت ( بە دکتۆر و ئەندازیار و مامۆستاو فەرمانبەر و ئەفسەر )

١٦- بەشە وانەکانی هەفتانە کەم بکرێتەوە بۆ ( ١٦ وانە لە ئامادەی ) و (١٨ وانە لە ناوەندی)

١٧- مامۆستا جگە لە پسپۆری خۆی وانەی تر نەڵێتەوە لەکاتی زۆر پێویست نەبێت .

١٨- جەخت لە مامۆستا نەکرێت بۆ وتنەوەی وانەی زیاتر لە بەشەوانەی خۆی

١٩- چاودێری کردنی ئەزموونەکانی نیوەی ساڵ و کۆتایی ساڵ بە پارە بێت (وەك زانکۆکان)

٢٠- پلەی مامۆستایان بە کردار ( فعلی ) دیاری بکریٚ و کاریشی پێبکرێت (بە پێی بڕوانامە و تەمەن و ساڵانی خزمەت )

٢١- دەرماڵەیەك دیاری بکرێت بۆ ئەو مامۆستایانەی پۆلی شەشەمی ئامادەیی دەڵێنەوە بۆ کەمکردنەوەی دیاردەی وانەی تایبەتی ( دروس خصوصیە )

٢٢- بەردەوام خولی فێربوونی زمانی ئینگلیزی و کۆمپیوتەر بۆ مامۆستایان بکرێتەوە

٢٣ - مامۆستا لە کۆتایی هەموو ساڵێك پێویستە ڕاپۆرتێك بنووسێت سەبارەت بە ڕەوشی خوێندن

٢٤- بەردەوام خولی مەشق کاری بۆ مامۆستایان بکرێتەوە لە ناوەوە و دەرەوەی هەرێم .

٢٥-لەکاتی گواستنەوە یان دانانی بەڕێوەبەری قوتابخانەکان پێویستە لە بەرواری ٨/١ ی هەموو ساڵێك بێت.

٢٦- بەڕێوەبەر پێویستە خولێکی چڕو پڕی ( ٧٠ ڕۆژ ی ) ببینێت پێش ئەوەی ببێتە بەڕێوەبەر.

٢٧- باشتر وایە بەڕێوەبەرەکان دەرچووی بەشی کارگێڕی بن

٢٨- مامۆستایانی یاریدەدەر پاش بەشداری کردن لە خولێکی کارگێڕی ببنە یاریدەدەر

٢٩- ساڵانە بەڕێوەبەرەکان سەردانی بەڕێوەبەرە سەرکەوتووەکان بکەن ئەگەر لە دەرەوەی شاری خۆی بێت یان لەدەرەوەی هەرێم

٣٠- دەست تێوەر نەدانی حزبی لە پرۆسەی خوێندن .

٣١- پەیڕەوی کردنی سیاسەتی پاداشت و بەدواچوونەوە

٣٢- هەر قوتابیەك بە سێ ساڵ پۆلێکی نەبڕی خوێندنەکەی بەرامبەر پارە بێت

٣٣- ئەنجومەنی بەخێوکارانی قوتابخانە و خوێندنگاکان :-
ا-پێویستە لە هەفتەی یەکەمی دەوام ئەو ئەنجومەنە هەڵبژێردرێت
ب- ئەنجوومەن ڕۆڵی هەبێت لە دانان و لادانی بەڕێوەبەر و یاریدەدەرەکان
ج- ئەنجوومەن بۆی هەبێت سەندووقێکی دارایی بکاتەوە بۆ یارمەتی دانی قوتابخانە.
د- ئەنجوومەن ژووری تایبەتیان بۆ دابین بکرێ لە قوتابخانەو مانگی جارێك بەلای کەم کۆ ببنەوە .بۆ چارەسەر کردنی کێشەکان .
ه- ئەنجوومەن سیفەتێکی نیمچە فەرمیان بدرێتێ.
٣٤- دابین کردنی مولیدەی کارەبا لە هەموو قوتابخانەکان
٣٥- گرنگی دان بە تاقیگەکان ، ئەویش بە هێنانی تاقیگەی گشتی .
٣٦- گەڕانەوەی بینای ئەو قوتابخانانەی لە لایەن دام و دەزگا میرییەکان بەکار دێن.
٣٧- فرۆشگای قوتابخانەکان بە ڕێگای ( هەرەوەزی ) بە ڕێوە بچێت.
٣٨- ئەو بینایانەی لەمەو دوا دروست دەکرێن با ( ٣٠ ) پۆلی بێت بۆ خوێندنگای شامل.
٣٩- تاقیگەکان هاوبەش بن لە نێوان ئەو قوتابخانانەی لەیەك بینا دەوام دەکەن
٤٠- قوتابخانەکان ساڵانە بودجەی تایبەتیان بۆ تەرخان بکرێت بە پێی ژمارەی قوتابیانیان .
٤١- دامەزراندنی دەرچووانی ( کۆمەڵناسی - دەروونزانی ) لە دواناوەندییەکان وەك توێژەرەوەی کۆمەڵایەتی .
٤٢- کەم کردنەوە و دیاری کردنی ڕۆژانی پشوو لە مانگی ئادار .

## ب- ئامادەییە پیشەییەکان

١- دروست کردنی کومەڵکاری تایبەت بە ئامادەییە پیشەییەکان .
٢- دابین کردنی بودجەی ساڵانەی تایبەت بە ئامادەییە پیشەییەکان و بەشەکانی پەروەردەی پیشەیی .
٣- وەرگرتنی دەرچووانی ئامادەییە پیشەیەکان لە زانکۆ و پەیمانگاکان بەم جۆرەی خوارەوە :-
ا - سێ یەکەمەکانی هەربەشێك لە ئامادەییەکانی ( کشتوکاڵ - پیشەسازی - بازرگانی) لە سەر ئاستی پارێزگا لە کۆلێجەکان وەربگیرێن
ب - ئەوانەی تێکرای نمرەکانیان لە ٦٠٪ زیاترە لە پەیمانگاکان وەربگیرێن .
٤- داوا لە وەزارەتەکان بکرێت کە مۆڵەت بە خاوەن پیشە نەدرێت ئەگەر دەرچووی ئامادەیی پیشەیی نەبێت، وەیان دەرچویەکی ئامادەیی پیشەیی لەگەڵی کارنەکات .
٥- داوا لە ئەنجوومەنی وەزیران بکرێت، کە برە پاریەك وەك پێشینە (سلفە) بدرێت بە دەرچووانیئامادەیە پیشەییەکان بۆ کردنەوەی دەزگایەکی پیشەیی تایبەتی .
٦- کردنەوەی خولی کارگێری بۆ بەڕێوەبەرەکانی ئامادەییە پیشەییەکان لەناوەوە یان دەرەوەی هەرێم .
٧- کردنەوەی خولی پسپۆری و شیاندن بۆ مامۆستایانی پیشەیی لە ناوەوەو دەرەوەی هەرێم .
٨- دابین کردنی تەزووی کارەبا به هەر شێوەیەك بێت .
٩- زیاد کردنی بەشەکانی پەروەردەی پیشەیی لە ناوەندییەکان .
١٠- زیاد کردنی دەرماڵەی ترسناکی بۆ مامۆستایانی پیشەیی .
١١- جیاکردنەوەی قوتابخانە ئەکادیمیەکان لە پیشەییەکان .
١٢- دابین کردنی بەشی ناوخۆیی بۆ قوتابی و خوێندکاران .
١٣- زیاد کردنی دەرماڵەی قوتابیان و خوێندکاران بەم شێوەیەی خوارەوە:-
ا - لە ( ٠٠٠ ٢٥ دینار )زیاد بکرێ بۆ ( ٠٠٠ ٥٠ دینار ) بۆ ناوەوەی شار.

ب – له ( ٣٥ ٠٠٠ دینار ) زیاد بکرێت بۆ ( ٧٠ ٠٠٠ دینار )بۆ دەرەوەی شار .

١٤– دانانی سەرپەرشتیاری پسپۆری پیشەیی بە پێی پسپۆرییەکان .

١٥– کەم کردنەوەی بەشە وانەکانی ئەکادیمیی ( کوردی– بیرکاری )

١٦– دابین کردنی هۆیەکانی گواستنەوە ی قوتابی خوێندکاران .

١٧– کردنەوەی ڤیستیڤاڵی پیشەیی سێ ساڵ جارێك .

١٨– بەرز کردنەوەی پلەی ئامادەییە پیشەییەکان بۆ ( پەیمانگای پیشەیی ) واتا خوێندن تیایاندا بۆ ماوەی پێنج ساڵ بێت لە بری سێ ساڵ .

١٩–زیاد کردنی کرێ ی وانەبێژی لە ( ١٨٠٠ دینار ) بۆ ( ٤٠٠٠ دینار ) .

٢٠– دابین کردنی کورسی خوێندن بۆ مامۆستایانی پیشەیی .

٢٢– دانانی بەڕێوەبەرایەتییەك لە دیوانی بەڕێوەبەرایەتییە گشتیەکانی پەروەردەی پارێزگاکان تایبەت بە خوێندنی پیشەیی .

٢٣– کردنەوەی ئامادەیی پیشەیی ئێواران .

٢٤– ناردنە دەرەوەی قوتابییە یەکەمەکانی ئامادەییە پیشەییەکان بۆ دەرەوەی وڵات بەمەبەستی زیاتر شارەزابوون یان بەمەبەستی تەواو کردنی خوێندن.

٢٥– دابین کردنی دەرماڵەی تایبەت بە یاریدەدەرە هونەرییەکان و سەرۆك بەشەکان.

ج- دواناوەندییەکانی ئێواران

١- ڕۆژانی پێنج شەممەیان بۆ بکرێتە پشووی فەرمی.

٢- خشتەی ئەزموونەکانی نیوەی ساڵ و کۆتایی ساڵیان ببێتە ڕۆژێک نا ڕۆژێک .

٣- کرێ ی وانەبێژیان زیاد بکرێت .

٤- کرێ ی چاودێری ئەزموونەکانی نیوەی ساڵ و کۆتایی ساڵیان بکرێتە (٥٠٠٠ دینار ) بۆ قۆناغی ناوەندی و ( ٧٠٠٠ دینار ) بۆ قۆناغی ئامادەیی.

٥- دابین کردنی وزەی کارەبا بۆیان بەهەر شێوەیەك بێت .

٦- بۆ هەر (٢٠٠) قوتابی و خوێندکار یەك ڕابەری پەروەردەیی دابین بکرێت .

٧- دابین کردنی پۆلیس بۆیان .

٨- بە نووسراوێك هەموو فەرمانگەکان ئاگادار بکرێنەوە کە هاریکاری فەرمانبەرەکانیان بکەن ئەوانەی بەشەوان دەخوێنن بەتایبەتی لەکاتی ئەزموونەکان .

٩- بودجەی تایبەتیان بۆ تەرخان بکرێت ساڵانە .

١٠- ئامێرەکانی ( کۆمپیوتە – کۆپی – پرنتەر ) بۆ هەموو خوێندنگەیەك دابین بکرێت .

**د- دواناوەندییە نموونەییەکان**

١- ساڵانە ژمارەیان زیاد بکرێت تاوەکو لە دواڕۆژ خوێندنگەکانمان هەمووی دەبنە نموونەیی بێ فەرامۆش کردنی قوتابخانە ئاساییەکان ..

٢- لە هەرسێ شارەکەی کوردستان خوێندنگەیەکی تایبەت بە (بەهرەداران) بکرێتەوە .

٣- دابین کردنی پێداویستیەکانیان، ناوەندی بێت لەلایەن ( بەڕێوەبەرایەتی دواناوەندی نموونەیی و ئەهلی و ئێواران ) لە دیوانی وەزارەتی پەروەردە .

٤-پرۆگرامی خوێندنی تایبەتیان هەبێت جگە لەپۆلەکانی سێیەمی ناوەندی وشەشەمی ئامادەیی

٥- خوێندنیان بە زمانی ئینگلیزی بێت بۆئەوەی جیا بکرێنەوە لە قوتابخانە ئاساییەکان .

٦- مامۆستاو قوتابیانیان بەردەوام بنێرێنە دەرەوەی وڵات بۆ زیاتر شارەزابوون .

# ڕاپۆرتی
# پەیمانگەکان

## حەفتەم / پە یمانگەکان

### پێشەکی

وەزارەتـی پـەروەردە، کۆڵەگـەی پێشـکەوتنخوازی هـەموو وڵات وحکومەتێکـە هەمیشە بە هۆی بڵاوکردنەوەی زانست وپەروەردە،کۆمەڵگە لـە تـاریکی دەباتـە ڕووناکی ولێرەشەوە دەتوانرێت لـە ئاینـدەی وڵات بڕوانرێت ، بـەوەی کـە ئایا بـەرەو ئاقـارێکی بـاش، یـان خـراپ ڕۆیشـتووە، ئەگـەر پـەروەردە بیـەوێت سەرکەوتوو وبێ کێشە بێت، ئەوادەبێت هەوڵ بدات پەیمانگـەکان، بـە باشـترین تەکنـەلۆجیای بـەرزو هۆیـەکانی ڕوون کردنـەوەو ئینتـەرنێت وکۆمپیوتـەر وپێداویستی دیکەی وەك بینا ، بەپێیێ پێشکەوتنەکان دابین بکات جگە لەمەش دەستکراوە بێت بەرامبەریان ، بۆ ئـەوەی ژینگەیـەکی لـە بـاری زانسـتی بۆیـان وکۆمەڵایەتی و هونەری وپیشەیی بۆ قوتابیـان/خوێنـدکارانی ئـەم پەیمانگایانـە بڕەخسێنیێ، لێرەشەوە ئەوان، کە دەبنـە مامۆسـتا، ڕاسـتەوخۆ تێکـەڵی هـەموو ژینگە جیاوازو کەسە جیاوازەکـان دەبـن و دەتـوانن شۆرشـێکی پێشـکەوتنخواز بەرپا بکەن وشان بەشانی گەلان هەنگاو بنێن ولەگەڵ ئاستی سەردەم دابن.

بە هیوایین لەم کۆنگرەیەدا هەوڵ بدەین پاڵێکی تر بەرەو پـێش خسـتنی زیـاتری پەیمانگەکان بنێین بۆ ئەوەی لە هـەموو ڕوویەکـەوە مامۆسـتایانی سـەرەتایمان کـە بنچـینەی وڵاتـن پـێش بخـەین وپشـتگیری بکـرێن و هیلاکـی و شـەونخونی کارمەندانی پەیمانگەکان بە فیڕۆ نەڕوات ،وە بەسیستەمی نوێ بیر و هزری نـوێ وبابەتی نوێ کۆنگرە کۆتایی بە کارەکانی بهێنێت وە لە ئایندەیەکی نزیکدا ئـەو بڕیارانەی دراون جێبەجێ بکرێن...........

## (( باری ئێستای پەیمانگەکانی هەرێم ))

١- لە کۆی (٣٠)پەیمانگە تەنها چوار پەیمانگە بینایی تایبەت بە خۆیان هەیە وئەو بینایانەی پەیمانگەکانی تیایدا دەوام دەکەن بینای قوتابخانە و خوێندنگاکانە کە ناتوانرێت بەپێی پێویست بەشی کافتریا و کتێبخانەو وتاقیگەی زانستیەکانی کیمیا وفیزیا وزیندەوەرزانی وتاقیگەی دەنگی تیا دابمەزرێت ،لەگەڵ ئەوەشدا هۆڵەکانی خوێندن زۆر قەربالغە وەك دەزانن کە بابەتی ڕاهێنانمان هەیە وە پێویستە قوتابی/ خوێندکار وانە پێش کەش بکات، بەلأم فریاناکەوێت تا سەری ساڵی خوێندنەکە وانەیەك پێش کەش بکات لە پۆلەکەیدا .

٢- ماوەی خوێندن دوو ساڵە و زۆر کەمە چونکە لە ناوەندی وەرگرتنی قوتابی و/خوێندکارمان بۆ دێت هەتا ئێستا لە کاتی دەوامدا ئەو ناوانە دەرنەچوونە بەڵکو سالأنە دوای مانگێك یان زیاتر لە دەوام . ناوەکان دەردەچێت جگە لەوەی هەندێ جار بە دوو یان سێ وەجبە ناوەکان رادەگەێنرێت، کەکاتی وا هەیە دەگاتە مانگی کانوونی دووەم جگە لەوەش لە ساڵی دووهەمدا وە لە وەرزی دووەم لە بەرواری ٣/١ تا ٤/١٥ ماوەی ڕاهێنانیان هەیە ، واتە بەگشتی ساڵێك قوتابی /خوێندکار دەوام ناکات؟ کە ماوەکەی زۆر کەمە بۆ پێگەیاندنی مامۆستا.

٣- لەبەر ئەوەی لە ناوەندی وەرگرتن قوتابی / خوێندکار وەردەگیرێت ئەمەش کۆمەڵێك کێشەی دروست کردووە وەك:

١- زۆری ژمارەی قوتابی /خوێندکاری وەرگیراو کە بەویستی وەزارەتی پەروەردە نی‌یەو لە توانای وەرگرتنی پەیمانگەکان زیاترە . ئەمەش لە زۆری

ژمارەی قوتابی و/ خوێندکارانی پۆلە کۆتاییەکانی ئامادەیی وکەمی کەناڵەکانی وەرگرتن لە زانکۆ وپەیمانگە تەکنیکیەکانەوە هاتووە.

٢- کەمی نمرەی دەرچوونی ئەو قوتابی/خوێندکارانەی کە وەردەگیرێن.

٣- زۆر ینەی قوتابیان /خوێندکاران دەرچووی بەشی وێژەیین.

٤-زۆر جار قوتابی /خوێندکاری وای تێدایە کە لە ڕووی جەستەیی وبینین وبیستن وعەقڵەوە بۆ پیشەی مامۆستایەتی ناگونجێت.

٤- ئەو قوتابی/خوێندکارانەی کەوەردەگیرێن زۆرینەیان ئارەزووی پیشەی مامۆستایەتیان نی‌یە لە بەر ئەوەی بۆتە هۆی:-

أ- زۆر بەی دەرچووانی پەیمانگەکانمان پاش دەرچوونیان بە پیشەی مامۆستا دانامەزرێن.

ب- خۆدزینەوەیان زۆرە لە دەوام.

ج- کێشە دروست دەکەن بۆ پەیمانگە وکەس وکاریان.

د- گرنگی بە خوێندن نادەن وبە کەمترین نمرە دەردەچن.

هـ- ساڵانە کێشەیەکی زۆرمان بۆ دروست دەبێت لە بەر ئەوەی قوتابی / خۆیندکار لە شوێنی جوگرافی خۆی وەرناگیرێت ئەمەش دەبێتە هۆی پابەند نەبوونیان بە دەوام ودابەزینی ئاستی زانستیان، جگە لە ڕوودانی کارەساتی هاتوو وچۆ.

و- کیشەی بەشی ناوەخۆیی و خەرجی ساڵانەیان، کە بارێکی دارایی گران دەخاتە سەر ئەستۆی حکومەتی هەرێم، جگە لە جیاوازی دەرماڵەی دەرکی و ناوەوە کە ئەمەش کێشەکە زیاتر دەکات .

بۆ نموونە تەنها کرێ ی بەشی ناوخۆیی پەیمانگەی مەڵبەندی مامۆستایانی هەولێر بۆ سالی ٢٠٠٦-٢٠٠٧ دەکاتە ٢٦٩٠٠٠٠٠ ملێون دینار هەروەها جیاوازی

دەرماڵەی دەرکی قوتابی/ خۆیندکار ناو لەگەل قوتابی شار ١٢٥٠٠ دینارە بۆ یەك قوتابی لە مانگێکدا.

٥- نەبوونی قوتابخانەیەکی نموونەیی لە هەر پەیمانگەیەکدا بە مەبەستی بینینی وانە بۆ قوتابیان / خۆیندکاران بە پێی پسپۆری بەشەکانیان.

٦- نەبوونی بنکەی تەندروستی تایبەت بە هەر پەیمانگەیەك بۆ ئەوەی بتوانرێت سوودی لێ ببینین بۆ چارەسەر کردنی گشت کارمەندان وقوتابی / خۆیندکاران لە گەل سود لێ وەرگرتنی بۆ فێربوونی فریاکەوتنی سەرەتایی وکردنەوەی خولی تەندروستی بۆ قوتابیان وخوێندکاران.

٧- دابەزینی ئاستی زانست ورێژەی دەرچوون لە دامەزراندنی دەرچووانی ئامادەیی وئامادەییە پیشەییەکان و پەیمانگە تەکنیکیەکانەوە هاتووە کە لە رێگەی خولی شیاندنەوە دەکرێنە مامۆستا نەك دەرچووانی پەیمانگەکانی مەڵبەندی مامۆستایان.

## ((چارەسەری گیروگرفتەکان و پێشنیارەکان))

١.    دروست کردنی بینای تایبەت بە پەیمانگەکان لە گەل بەشی ناوخۆیی تایبەت بە هەموو پێداویستیەکانیانەوە، گۆڕینی دیزاینی (تصمیم) بیناکان، کە بە شێوەی بەربلاٚون وە ڕووبەرێکی زۆر داگیر دەکەن بۆ بینای بەرزی ستوونی، کە زۆر کێشەی ئاو وکارەبا وسەرپەرشتی کردن و گۆرەپانی وەرزشی چارەسەر دەکات ،لە هەر بنایەك دا بنکەیەکی تەندروستی وقوتابخانەیەکی نموونەی دابنرێت.

٢-    خۆیندن لە پەیمانگەکانی مەڵبەندی مامۆستایاندا بکرێتە سێ ساڵ.

٣-    وەرزی دووەم لە ساڵی خۆیندنی سێ هەم دا بکرێتە ڕاهێنان لە قوتابخانەکاندا ئەگەر خۆیندن کرایە (٣) ساڵ.

٤-    وەرگرتنی قوتابی و / خۆیندکاران بە پێ ی فۆرمێك بێت کە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەیمانگەکان ومەشق کردن ئامادە کرابێت ، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە:

أ-    ئەو قوتابی / خۆیندکارانەی وەردەگیرێن ئارەزوویان لە پیشەی مامۆستایەتی هەبێت.

ب-    دەتوانرێت پلانێك دابنرێت بۆ وەرگرتنی قوتابی / خۆیندکاران بە پێی داواکاری بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەکان لە سەر بنەمای نمرەو شوێنی جوگرافی و پێویستی ناوچەکان.

ج- ئەو قوتابی وخوێندکارانەی وەردەگیرێن پێویستە دەرماڵەکانیان زیاتر بێت لە خوێندکارانی زانکۆ وپەیمانگەکانی تەکنیکیبۆ زیاد بوونی ئارەزووی خوێندن لە پەیمانگەکان و بەرز نرخاندنی پیشەی مامۆستای سەرەتایی.

٥-    دەرچووانی پەیمانگەکانی سەر بە وەزارەت هەوڵ بدرێت لە کاتی وەرگرتنیان لە کۆلیژەکان بەرامبەر بەشەکانیان بەم شێوەیە بێت:-

أ- دەرچووانی پەیمانگەی هونەرە جوانەکان و پێگەیاندن لە قۆناغی دووەمی کۆلیژەکان وەربگیرێن بە پیٚی بەشەکانیان .

ب- دەرچووانی پەیمانگەکانی مەڵبەندی لە قۆناغی سێیەم وەربگیرێن ئەگەر خۆیندیان کرا بە ٣ سال وە ئەگەر نەکرا لە قۆناغی دووەمی کۆلیژەکان وەربگیرێن.

ج- قوتابیانی دەرچووی قۆناغی سییەمی هونەرە جوانەکان لە یەکەمی سەر هەر بەشێك لە کۆلیژی هونەرە جوانەکان وەربگیرێن بەرامبەر بەشەکانیان هەروەك دەرچووی ئامادەیی (وێژەیی- زانستی) حیسابیان بۆ بکرێت.

٦- بۆ ئەو کەنالانەی مامۆستا پیٚ دەگەیەنن هەوڵ بدرێت دەرچووانیان لە کاتی دامەزراندن مووچەیان زیاتر بێت لە پیشەکانی تر .

٧- هەوڵ بدرێت بە پیٚ ی بەرنامەیەکی درێژ خایەن ئەو قوتابی / خۆیندکارانەی کە خوولی شیاندنیان بینیوە بۆ ئەوەی بکرێنە مامۆستا وە ماوەی خوولەکە لە شەش مانگ کەمتر بووە ناونیشانی مامۆستایەتیان پێدراوە لە داهاتوو دا خولی بە هێزبوونیان بۆ بکرێتەوە بۆ ئەوەی ماوەی یاساییان تەواو بکرێت وشیاوی مامۆستایەتی ببن.

٨- خولی شیاندنی مامۆستایان نەمێنیت لە شوێنی ئەوان گرنگی زیاتر بدرێتە گشت پەیمانگەکانی سەر بە وەزارەتمان.

٩- گۆڕینی ناونیشانی بەڕێوەبەری پەیمانگەکان بۆ ڕاگری پەیمانگە.

١٠- بەو هیوایەی بە هەمووان بتوانین هاوکاری یەکتر بین بۆ بەرەپێش بردنی پڕۆسەی پەروەردە و فێرکردن وە پشتیوانی یەکتر بین لە گۆڕانکارییەکان وبە گیانی هاوکاری وپەروەردەکارانە ڕوو بە ڕووی کێشەو گیروگرفتەکان ببینەوە.

# ڕاپۆرتی پلاندانان

## هەشتەم / پــلاندانــان

## پێشەکی:

هیچ گومان لەوەدا نییـە کـە پـەروەردە هۆکـارێکی کاریگـەرە بۆ دروسـتکردنی دوارۆژی نەتەوەو دارشـتنی ئـەم دوارۆژە، چـونکە فێرکـردن بـە پلـەی یەکـەمی پەیژەی گەشەکردن و پێشکەوتن دادەنرێت و ئاسانترین رێگاشە بۆ گەشەکردنی گشتی.

ئەگەر ئێمە دوارۆژ بەچاوی تاقیکردنـەوەکانی پێشـترو بەرووبوومـەکانی ئێسـتاو نیشانە دیارەکانی ئایندە تەماشا بکەین دەبینین ئەم کردارە زانستییانە لەسـەر بنەمای پلاندانان دامەزراون و ئامانجیش سـوود وەرگرتنـە لـەوزەو توانسـتەکان بەمەبەسـتی بـەکارهێنانیان بـەرێکی بـۆ رووبەرووبوونـەوەی ئـەرك و کارەکـانی دوارۆژ و هێنانەدی ئامانجە چاوەروانکراوەکان.

پلانـدانان لــەبواری پــەروەردەدا کــارێکی زۆر پێویســتە لــەپێناو ئاینــدەو رەخساندنی هەل و مەرجی تایبەت بـە دووبـارە رێکخسـتنەوەی سیسـتەمەکانی فێرکردن و دانانی بنەمای بنـەرەتی و پەرەسـەندنە پێویسـتەکان لـە پرۆگـرام و بەرنامـەکانی خوێنـدن بـەجۆرێك کـە لەگـەڵ پێشـکەوتن و داهێنانـە تازەکانـدا بگونجێـت کـە لـەدوارۆژدا روو دەدەن. پلانـدانانی پـەروەردەیی کاریگـەر، ئـەو جۆرەیە کە هەموو گۆرانکاری و گریمانەیەك بۆ دوارۆژ بخاتە بەرچاو، بەتایبـەتی مەسەلەی زیادبوونی خێرای دانیشـتوان و پێویسـتەکانی گەشـەکردن لـە هـەموو بوارەکانی کۆمەلایەتی و رۆشنبیری و تەندروستی و پەروەردەییەوە، کە ناکرێت ئەمانە لەکرداری پەروەردەیی جیا بکرێتەوە.

**پێناسەی پلان:**

چالاکیێکی مرۆیی ڕێك و پێك و فراوان و بەردەوامە بۆ گەیشتن یاخود بەدەستهێنانی چەند ئامانجێکی دیاریکراو لە چوارچێوەی توانای ماددی و مرۆیی.

بۆ دانانی پلان پێویستە ئامارێکی تەواومان هەبێت کە ئەویش بریتییە لەو زانستەی کە شێوازی زانستی بەکاردەهێنی لە کۆکردنەوەی زانیاری دەربارەی دیاردەیەك یان فەرەزیەك ولەگەڵ دارشتن وکورت کردنەوە. وە نیشاندانی بەشێوەیەکی چڕوپڕ وشیکردنەوەی زانیارییەکان بە مەبەستی گەیشتن بە بریاری گونجاو.

**پلانی پەروەردەیی:**

کردارێکی بەردەوامی پێکەوە بەستراوە، شێوازی کۆمەلآیەتی و بنەما و شێوازی پەروەردەیی و زانستی کارگێڕی و ئابووری لە خۆدەگرێت، بەمەبەستی ئەوەی کە هەر قوتابیەك / خوێندکارێك پێویستی خۆی لە فێرکردنێکی تەواو و گرنگ و ڕوون دەستەبەربکات و بەچەند قۆناغێکی دیاریکراو، و هەر مرۆڤێك یاخود تاکێکی کۆمەلگا بتوانێت هەلی فێرکردن یان خوێندن بەدەست بهێنێت بۆ بەهێزکردنی توانای خۆی، تاوەکو بتوانێت بەشداری کاریگەرانە بکات لە خزمەت کردنی ولآت بۆ پێشکەوتنی لە بوارەکانی کۆمەلآیەتی و ئابوری و رۆشنبیری.

**گرنگی پلانی پەروەردەیی لە پرۆسەی پەروەردە:**

- دەستنیشان کردنی باری ئێستای فێرکردن و پەروەردە، هەڵسەنگاندنی پەیکەری فێرکردن و لێکۆلینەوە لێی تاوەکو بزانین تا چەند گونجان تەنیسق و پەیوەندی لەنێوان بەشەکانی دا هەیە.
- دانانی سیاسەتێکی پەروەردەیی بەوردی و پوختی بۆ رووبەڕووبونەوەی پێداویستیەکانی گەشەسەندنی وڵات.
- تێڕوانینێکی دوور بۆ داهاتوو و دانانی پلان بۆ ماوەیەکی درێژ خایەن.
- چاکسازی هونەری لە پرۆسەی پەروەردە و دەستنیشانکردن و پەرەسەندنی.
- هەوڵدان بۆ لێك نزیك کردنەوەی پرۆسەی فێرکردن و کۆمەڵگا.

**قۆناغەکانی پلانی پەروەردەیی:**

ئایا ئەو قۆناغانە چین کە پلاندانانی پەروەردەیی پێیاندا دەڕوات؟ ئایا پێکهاتەکانی هەر قۆناغێك چییە؟

- پلاندانانی پەروەردەیی بەچەند قۆناغێك دا دەڕوات:

**یەکەم: دەستنیشانکردنی باری ئێستا ئەویش :-**

○ دیاری کردنی هێزی کار.

○ دیاری کردنی بینایەی قوتابخانە / خوێندنگا و پێکهاتەکانی.

○ زیادبوونی داهاتووی ژمارەی دانیشتوان لە هەردوو رەگەز بەپێی تەمەنی جیاواز لەسەر ئاستی هەرێم.

○ دیاری کردنی ژمارەی قوتابیان لە هەر قۆناغێك.

○ شیکردنەوەی زانیاری (داتا) بۆ زانینی رێژەی پەیوەندی کردن و وەرگرتن بە قوتابخانە / خوێندنگا.

**دووەم: دەستنیشانکردنی ئەو ئامانجانەی کە پلانی پەروەردەیی بەدەستی دەهێنین:**

- هەندێ ئامانج پەیوەندیان بە چەندێتی هەیە:
- فراوانی لە بڵاوبوونەوەی فێرکردن لە ناوچە دوورەکان.
- لەخۆگرتنی ئەو فراوانیە گەشەسەندنە لە ژمارەی قوتابیان / خوێندکاران.

- هەندێ ئامانج کە پەیوەندیان بە چۆنیەتی هەیە، ئەویش:
- سنووردانان بۆ ڕێژەی دابڕان و گەڕانەوە لە خوێندن.
- بەرزکردنەوەی ڕێژەی پەیوەندی کردن و وەرگرتن لە قوتابخانە / خوێندنگا.
- بەرزکردنەوەی ڕێژەی توانستی ناوخۆیی پرۆسەی فێرکردن.
- بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیای سەردەم لە هەموو بوارەکان.
- پەرەپێدانی پرۆگرامەکانی خوێندن کەوا بگونجێن لەگەڵ ئەو گۆرانکاریانەی سەردەم.
- بەرزکردنەوەی هێزی کار لەرێگای (ڕاهێنان – بەرزکردنەوەی ئاستی خۆ ئامادەکردن).

## چۆن وەزارەت پێداویستی ساڵانەی دیاری دەکات لە دەرچووانی نوێ لە گشت پسپۆرییەکانی خوێندن؟

أ / چۆنیەتی جێبەجێکردنی ئەم خاڵە بەم شێوەیە دەبێت:

– دیاری کردنی ژمارەی قوتابیان / خوێندکاران لەهەر پۆلێك و هەر قوتابخانەیەك / خوێندنگایەك لەم ساڵەدا.

– خەملاندنی ژمارەی قوتابیان / خوێندکاران کە پێشبینی دەکرێت بێن بۆ قوتابخانە / خوێندنگا لە هەر پۆلێك لە سالّی دادێت، ئەویش بەبەکارهێنانی ڕێژەی فراوان بوون لەپۆلی یەکەم و ڕێژەی گواستنەوەی بۆ پۆلێکی تر.

– خەملاندنی ژمارەی پۆلەکان کە پێویستن بۆ لەخۆگرتنی قوتابیان / خوێندکاران لە هەرپۆلێك بەجۆرێك ڕەچاوی ئەم خالآنەی خوارەوە بکرێت: ٣٠/ قوتابی / خوێندکار لە هەر پۆلێك.

– هەژمارکردنی تێکڕای ژمارەی مامۆستایانی پێویست لەهەر قوتابخانە / خوێندنگا بەگوێرەی ڕێژەی پۆل و قوتابی / خوێندکار لە مامۆستایان:
٢/ مامۆستا لەهەر پۆلێك واتە ١:٢٠ مامۆستا بۆ هەر قوتابی / خوێندکار.

– چەند چەمکێك هەن کە پشتیان پێدەبەسترێت بۆ دۆزینەوەی ئەم ڕێژانەی سەرەوە:

تێکرای چری هۆبە = ژ. قوتابی / خوێندکار بەردەوام لە قۆناغێکی دیاری کراو ÷ ژ. هۆبەی تایبەت بە هەمان قۆناغ.

تێکرای ژ. قوتابیان / خوێندکاران بۆ هەر مامۆستایەك = ژ. قوتابی / خوێندکار بەردەوام لە قۆناغێکی دیاری کراو ÷ ژ. مامۆستایانی هەمان قۆناغ.

ڕێژەی وازهێنان = (ژ. قوتابی / خوێندکار وازهێنەر لە سالّیکی دیاریکراو * ١٠٠) ÷ ژ. قوتابی / خوێندکار بەردەوام لە هەمان سالّ

**بنەما سەرەکییەکانی پلاندانانی پەروەردەیی:**

١- **ڕاستییەتی:** گونجانی توانستەکان لەگەڵ ئامانجە هەوڵ بۆدراوەکان.

٢- **گشتگرییەتی:** پلانەکە پێویستە دەسەڵات و ئاراستەکردنی بەسەر هەموو داهاتەکاندا هەبێت.

٣- **نەرمی و نیانی:** پێویستە پلانەکە توانای ڕووبەڕووبوونەوەی هەموو بارودۆخێکی لەناکاوی هەبێت.

٤- **بەردەوامی:** بەستنەوەی ئۆرگانی لە نێوان کردارە جۆراوجۆرەکانی هێلکاری، لەگەڵ پلانەکانی پێشووتر.

٥- **پابەندییەتی:** بەجۆرێك کە دەبێ پلانەکە بەپێی ئەو خشتە کاتییەی بۆ دانراوە جێبەجێ بکرێت.

٦- **بەشداری پێکردن:** واتە بەشداری پێکردنی هەموو تاك و دامەزراوەکان لە جێبەجێکردنی پلانەکە.

٧- **هەماهەنگی:** واتە هەماهەنگی کردن و جێبەجێکارییەکان و هۆیەکان.

٨- **ئاسانی لە جێبەجێکردن و بەدواداچوون:** بەجۆرێك پلانەکە بکرێتە کاری جێبەجێکاری و پلانی درێژ ئینجا بدرێتە ستافێکی کارگێری بەتوانا.

٩- **ناوەندییەتی پلاندانان و ناناوەندییەتی جێبەجێکردن:** مەبەست ئەوەیە کە دەزگای ناوەندی پلاندانان بڕیاری پلانەکە بدات و هەروەها بڕیارە بنەڕەتییەکان بدات بۆ جێبەجێکردنیش سیستەمی ناوەندییەتی بەکاربێت، کە مەبەست پێی ئەوەیە لایەنە جێبەجێکارەکە پلانەکە بهێنێتە دی، بەپێی ئامانج و کاتی دیاریکراو.

**جۆرەکانی پلاندانانی پەروەردەیی:**

سێ جۆر پلاندانانی پەروەردەیی هەیە:

١- **پلانی درێژ خایەن:** کە ماوەکەی لە نێوان (١٠) ساڵ بۆ (٢٠) ساڵ دایە و ئەم جۆرەیان زیاتر ئاڵۆزە و زەحمەت ترە بۆ جێبەجێکردن، پێی دەڵێن "پلانی ستراتیژی".

٢- **پلانی مام ناوەند:** ماوەکەی لە نێوان ساڵێك بۆ (٥) پێنج ساڵە.

٣- **پلانی کورت خایەن:** لە ماوەی ساڵێکە پێی دەڵێن "پلانی تەکتیکی".

لەبەر ئەوەی بارودۆخی کوردستان پەیوەستە بە عێراق و وڵاتە دراوسێکانی، بۆیە ئێمە دەتوانین پلانی مام ناوەند جێبەجێبکەین کە بۆ ماوەی پێنج ساڵ بەم شێوەیەی خووارەوە:

١- پلانی ئێمە بۆ پێنج ساڵی داهاتوو: لە ڕوی بینایەی قوتابخانە / خوێندنگا بۆ ئەوەی قوتابخانە / خوێندنگای سێ دەوامی و دوو دەوامی و بەکرێ و میوان و ئەو قوتابخانانەی کە چوار ژووینە نەهێڵین پێویستمان بە دروستکردنی (٢٧٥٦) قوتابخانە / خوێندنگا هەیە. ئەم ژمارەیە زۆرە ناتوانرێت دروست بکرێت لە بەر چەند هۆکارێك وەکو:

- ماوەی پلانەکە کە پێنج ساڵە ناتوانرێت ئەم ژمارە زۆرەیە دروست بکرێت.
- تواناییێکی دارایی زۆری دەوێت، کە نزیکەی (١,٥٤٩,٦٥٣,٨٤٦) دۆلاری دەوێت.
- کارمەند واتە ئەوانەی پرۆژەکە جێبەجێ دەکەن.
- شوێنی دروست کردنیان.

٢- پێویستە لە قوتابخانە / خوێندنگا سێ دەوامیەکان دەست پێبکەین وە بەگوێرەی ژمارەی قوتابیان / خوێندکارانی ئەو قوتابخانە / خوێندنگایە بینایەیان بۆ دروست بکرێت، بۆ ئەوەی هیچ قوتابخانە / خوێندنگایەکی سێ دەوامی نەمێنێت، وە دوو دەوامیەکان و بەکرێ و چوار ژوورەکان بەهەمان شێوە بەگوێرەی زۆری ژمارەی قوتابیان / خوێندکاران دەست پێبکەین.

٣- لە ڕووی قوتابی / خوێندکار، بتوانین ساڵانە بەپێی ئامار ڕێژەی زیاد بوونی قوتابیان / خوێندکاران بزانین، بۆ ئەوەی بەپێی ئەم ڕێژەیە پێداویستەیەکانیان لە بینایە و کەل و پەلی خوێندن، دابین بکەین.

٤- پێویستە بەدواداچوون هەبێت لە پرۆژەکان و ساڵانە ڕێژەی جێبەجێکردن لەگەڵ ڕێژەی کە پلانی بۆ دانراوە بەراورد بکرێت. بەم پێیە بتوانین هەڵبسەنگێنین و هۆکاری دواکەوتنی پلانەکە بزانرێت.

**ڕێگاکانی ئاماری پەیرەو کراو:**

١. دەست نیشان کردنی دیاردەکە.

٢. کۆکردنەوەی زانیاری.

٣. پۆلین کردنی (تصنیف) کردنی زانیارییەکان.

٤. شیکردنەوەی زانیارییەکان.

٥. دانانی بریاری گونجاو.

**ئەو چالاکییانەی کە تایبەتن بە بەڕێوەبەرایەتی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت:**

بەڕێوەبەرایەتی کومپیوتەر و ئەنتەرنێت ئەم چالاکیانەی خوارەوەی ئەنجام داوە :-

١. دانانی پرۆگرامی ئامار بۆ داخل کردنی زانیاری هەموو قوتابخانەکان لەرووی بینا ولەرووی پیداویستی کەل وپەل وهەروەها ژمارەی قوتابیان

وخويندكاران ومامۆستايان وژمارەی قوتابخانە وخويندنگاكان وشيكردنەوەی هەموو ئەم زانيارانە .

٢. دانانی پڕۆگرامی ( پلەی پێوانەيی ) و ڕێژەی دەرچوون بۆ قوتابيان وخوێندكاران .

٣. كردنەوەی خولی كۆمپيوتەر بۆ زياتر لە ٥٠٠٠ فەرمانبەر لە ديوانی وەزارەت وپەروەردەكان .

٤. كردنەوەی خولی كۆمپيوتەر لەگەڵ ڕێكخراوی يونسكۆ بۆ هەموو مامۆستايانی فيزيا وبيركاری .

٥. بەستنی تۆڕی كۆمپيوتەر لە ديوانی وەزارەت وپەروەردە گشتييەكان ولە هەموو پەروەردەی قەزاكان لە پارێزگای هەولێر ودهۆك لەگەل كۆمپانيای B-plan ی بەريتانی بە بەهای دوو مليون دۆلار .

٦. دانانی پرۆگرامی ملاكات ( زانياری فەرمانبەران ) بەسيستەمی Oracle وبە ڕێگای (ويب سايت) لەگەل هەمان كۆمپانيا .

٧. كردنەوەو وسەرپەرشتی كردنی پەيمانگای كۆمپيوتەر لە پارێزگای هەولێر ودهۆك وسلێمانی لەگەل كۆمپانيای Bit media ی نەمساوی بۆ ئەوەی ٢٢٥ قوتابی وخويندكار تەنها كۆمپيوتەر بخوينن .

٨. كردنەوەی خۆلی كۆمپيوتەر بۆ مامۆستايانی وانە زانستيەكان بۆ وانە وتنەوە بە كۆمپيوتەر بە هاوكاری ڕێكخراوی USID ئەمريكی .

٩. ناردنی ( ٣٠ ) فەرمانبەر بۆ دەرەوەی هەرێمی كوردستان بۆ خولی فێربوونی زانستە جياجياكانی كۆمپيوتەر.

### ٦. بارودۆخی پلان له هەرێم:

بارودۆخی پەروەردە لە هەرێم شاراوەنییە لە هیچ کەسێك، چونکە ئەو پێشکەوتنەی بەخۆیەوە بینیوە لە بواری پەروەردە و فێرکردن لە هەرێم زۆر بەرچاوە، ژمارەی قوتابخانە / خوێندنگا و پەیمانگا ڕوو لە زیاد بوونە پێشکەوتنێکی جۆری و چەندی بەخۆوە بینیووە هیچ شوێنێك نییە لە هەرێم قوتابخانە / خوێندنگای لێ نەبێت، گەر چی ئەم پێشکەوتنە کۆتایی کارەکان نییە، چونکە ئاواتەکانی داهاتوومان وا دەخوازێ بەردەوام بین لە پێشخستن و نوێکردنەوە بە شێوەیەك بگونجێت لەگەڵ ڕاستییەکان و پێشهاتە و گوڕانکارییەکانی هاوچەرخ و پەروەردە لە دوا ڕۆژ چیمان لێ دەخوازێت، دەبێت بە پێی ئەوە کار بکەین.

### بەشی ئامار:

سیستەمی پرۆسەی ئاماری پەروەردەیی لە هەرێمی کوردستان هەروەك ئەو سیستەمەیە که لە عیراق پەیرەو دەکرێت کە بریتیە لە:-

١. ئەنجام دانی ئاماری پەروەردەیی ساڵانە لە هەرێمی کوردستان.
٢. ڕێکەوتی (١١/١٥) هەموو ساڵێك بە ڕۆژی ئاماری پەروەردەیی دادەنرێت.
٣. ئامادە کردن وچاپکردنی فۆرمی ئاماری پەروەردەیی بۆ گشت قۆناغەکان.
٤. ئەنجام دانی سیمینار لە گشت بەڕێوەبەرانی قوتابخانەکان – خوێندنگاکان بۆ گشت قۆناغی خوێندن.
٥. دانانی بەرنامەی تایبەت بە ئیدخال کردنی زانیارییەکان .

٦. ناردنی زانیارییەکان پاش ئیدخال کردنیان لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکان لەسەر(CD) بۆ وەزارەتی پەروەردە.

٧. ئامادە کردنی پوختەی کۆتایی زانیارییەکانی ئاماری پەروەردەیی .

٨. ئامادە کردنی پەرتوکی ئاماری پەروەردەیی.

٩. سالانە پاش دەرچوونی ئەنجامی ئاماری پەروەردەیی پێداچونەوەی فۆرمەکانی ئامار دەکرێت بۆ گشت قۆناغەکانی خوێندن به بەشدار بوونی بەرپرسانی نەخشە کێشان و ئامار لە دیوانی وەزارەت وبەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی پەروەردە لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بە مەبەستی دەست نیشان کردنی خاڵە (ئەرێنی) و نەرێنییەکان لە فۆرمەکان ، چ برگە پێویستە لابرێت و چ برگەیەك پێویستە زیاد بکرێت.

١٠. وەرگرتنی ئەحداسییەی گشت قوتابخانەکانی–خوێندنگاکانی هەرێمی کوردستان بە هۆی ئامێری (GPS).

١١. دانانی نەخشەی قوتابخانەکان –خوێندنگاکان هەروەك لە ساڵی خوێندنی ٢٠٠٢–٢٠٠٣ ئەنجام درا .

١٢. ئەنجامدانی ئاماری خوێندنی تورکمانی و سریانی.

١٣. (گوشینی و قەتیسکردن) هێزی کاری وەزارەتی پەروەردە .

## باری پەروەردە لە هەرێم:

لێرەدا بەکورتی باسێك دەخەینە ڕوو دەربارەی بارودۆخی پەروەردەو فێردن لە هەرێمدا، لە هەردوو ڕووی چۆنی و چەندی، بۆ ئەوەی ببێتە پێگەیەك بۆ باسکردنی گرنگترین خاڵە ئامارەپێکەراوکان دەربارەی دوارۆژی پەروەردەیی لە هەرێمدا:

شێوەی گشتی بارودۆخی پلان لە هەرێمدا بە ژمارە لە ساڵی خوێندنی ٢٠٠٦-٢٠٠٧:

یەكەم: ژمارەی قوتابیان / خوێندكاران بەگشتی قۆناغەكانی خوێندن گەیشتۆتە : ١،١٩٣،٩٦٨ قوتابی / خوێندكار، بە پێی پارێزگا : هەولێر (٤٢٨٨٩٩)، سلێمانی (٤٦٠٢٩٨)، دهۆك (٣٠٧٧٧١) قوتابی / خوێندكار.

پۆلین كردنیان بەپێی قۆناغەكانی خوێندن:

- قۆناغی باخچەی ساوایان: ٢٧٣٩٣ قوتابی / خوێندكار.
- قۆناغی سەرەتایی: ٧١٣٤١٠ قوتابی / خوێندكار.
- قۆناغی ناوەندی: ١٨٥١٧٤ قوتابی / خوێندكار.
- قۆناغی دواناوەندی: ١٨٤٨٠٩ قوتابی / خوێندكار.
- قۆناغی ئامادەیی: ٧١١٨٤ قوتابی / خوێندكار.
- قۆناغی پیشەیی: ١٢١٦٢ قوتابی / خوێندكار.
- قۆناغی پەیمانگا: ١٣١٧٤ قوتابی / خوێندكار.
- نەوجەوانان: ٤٤٨٣ قوتابی / خوێندكار.



دووەم: ژمارەی قوتابخانە / خوێندنگا: هەڵمەتی دروستکردنی قوتابخانە لەسالی ٢٠٠٦ – ٢٠٠٧) ) لە سەرتاسەری هەرێم گەیشتووە (٥٠٦٦) قوتابخانە / خوێندنگا، کە هەندێکیان هێشتا لە قۆناغی دروستکردان و زۆربەیان لەسەر بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دروستکراون، بەڵام لێرەدا بە پێویستیش دەزانین کە ئاماژە بە رۆڵی ڕێکخراوەکانی سەر بە UN کە تایبەتمەندن بە پرۆسەی پەروەردەوە ( یونیسێف، یونسکۆ، هابیتات) و هەروەها ڕێکخراوە ناحکومییەکان (NGO) کە لەم بارەیەوە دەورێکی هاریکارو چاکیان هەبوو بەتایبەتی تاسەرەتای ساڵی (٢٠٠٣) و، دوای ئازادکردنی عیراقیش ڕێکخراوەکانی ئەمریکی و کۆریای باشوور ڕۆڵێکیان هەبووە لە ئاوەدانکردنەوەو نۆژەنکردنەوەی هەندێ قوتابخانەو بینایە پەروەردەییەکان.

لە کۆی گشتی ژمارەی قوتابخانەکان کە (٥٠٦٩) قوتابخانە / خوێندنگا. پۆلێن دەکرێن بەم شێوەیەی خوارەوە:-

- قۆناغی باخچەی ساوایان: ١٤٦ باخچە.
- قۆناغی سەرەتایی: ٣٦٧٤ قوتابخانە / خوێندنگە.
- قۆناغی ناوەندی: ٥٦٤ قوتابخانە / خوێندنگە.
- قۆناغی دواناوەندی: ٤٥٧ قوتابخانە / خوێندنگە.
- قۆناغی ئامادەیی: ١٢٦ قوتابخانە / خوێندنگە.
- قۆناغی پیشەیی: ٣٠ قوتابخانە / خوێندنگە.
- پەیمانگا: ٢٧ پەیمانگە.
- نەوجەوانان: ٤٥ قوتابخانە / خوێندنگە.




لەکۆی (٥٠٦٩) قوتابخانە / خوێندنگە، تەنها ( ٣٥٧٨) قوتابخانە / خوێندنگە یەك دەوامی یە. کە رێژەکەی (٪٧٠).

- ( ١٢٠٤) قوتابخانە / خوێندنگای دوو دەوامی، کە رێژەکەی (٪٢٥).
- (٢٨٧) قوتابخانە / خوێندنگای سێ دەوامی، کە رێژەکەی (٪٥).




- ئەم رێژەیە زیاتر لە قۆناغی سەرەتایی هەیە.






- سەبارەت بە ئەم قوتابخانانە / خوێندنگایانەی کە خاوەن بینان لە کۆی (٥٠٦٩) قوتابخانە / خوێندنگە.
- ( ٣٥٧١) قوتابخانە / خوێندنگە خاوەن بینا.
- (٩٦٩) قوتابخانە / خوێندنگە میوان.
- (٥٢٩) قوتابخانە / خوێندنگە بەکرێ.



- ڕێژەی (٦٧٪) قوتابخانە / خوێندنگە میوانەکان بریتین لە قۆناغی دواناوەندی.




- ڕێژەی (٩٤٪) بەکرێیەکان بریتین لە قۆناغی سەرەتایی.



**سێ یەم:** ژمارەی مامۆستایان: ژمارەی مامۆستایان لە هەرێم دا (٧٣٣٩٩) مامۆستایە.

- باخچەی ساوایان: ١٩٧٦
- سەرەتایی: ٤٩٩٢٢
- ناوەندی: ٧٥٠٩
- دواناوەندی: ٨٣٥١
- ئامادەیی: ٢٨٨٣
- پیشەیی: ١٣٥٤
- پەیمانگا: ٨٤٢
- نەوجەوانان: ٥٦٢



- ئەگەر بێتو مامۆستایانی سەرەتایی وەربگرین و بەراوردی بڕوانامەکانیان بکەین، تەنها رێژەی (٪١) مامۆستای سەرەتایی بڕوانامەی بەکالۆریۆسیان هەیە.




- ئەگەر بێت و مامۆستایانی دواناوەندی وەربگرین و بەراوردی بڕوانامەکانیان بکەین:



بەپێی پسپۆڕی ئەگەر بێت و پۆلینیان بکەین:




- ئەگەر بێت و ڕێژەی ساڵانە دەربهێنین بەگوێرەی هەریەك لە قوتابی / خوێندكار، قوتابخانە / خوێندنگا و مامۆستا، بە پێش ئەم خشتەیەی خووارەوە:

سالآنی خوێندن و ژمارەی (قوتابی / خوێندكار، مامۆستا، قوتابخانە / خوێندنگا)

| ژ. قوتابخانە / خوێندنگا | ژ. مامۆستایان | ژ. قوتابی / خوێندكار | سالی خوێندن |
|---|---|---|---|
| 2093 | 27939 | 509884 | 1996-1995 |
| 2458 | 31388 | 627717 | 1997-1996 |
| 2563 | 33882 | 674205 | 1998-1997 |
| 2964 | 36628 | 734138 | 1999-1998 |
| 3333 | 39337 | 815304 | 2000-1999 |
| 3671 | 44976 | 852465 | 2001-2000 |
| 3755 | 46157 | 891426 | 2002-2001 |
| 4151 | 47697 | 960019 | 2003-2002 |
| 4372 | 52950 | 998980 | 2004-2003 |
| 4481 | 58722 | 1037941 | 2005-2004 |
| 4724 | 69452 | 1126783 | 2006-2005 |
| 5069 | 73399 | 1193968 | 2007-2006 |

بۆمان دەردەكەوێت لەماوەی.(١٢) ئەو قوتابخانە / خوێندنگايانەی كەدروست كراون دەكاتە (٢٩٧٣) قوتابخانە / خوێندنگا واتە بە ڕێژەی زیاد بوونی ساڵانە (٤,١٢٪) بە تێكرای نزیكی (٢٤٨) قوتابخانە / خوێندنگا بۆ هەر ساڵێك.

– لەماوەی (١٢) ساڵدا بڕی (٦٩٨٦٦٠) قوتابی / خوێندكار زیاد بووە، بە ڕێژەی زیاد بوونی ساڵانەی (٤,٠٢٪) واتە ژمارەی قوتابیان / خوێندكاران تێكرای (٥٨٢١١) قوتابی / خوێندكار لە هەر ساڵێك دا زیاد بووە.

– هەر لەم ماوەیەدا كە (١٢) ساڵە بڕی (٤٦٢٩٢) مامۆستا زیاد بووە بەڕێژەی ساڵانەی (٤,٥٦٪) واتە ژمارەی مامۆستایان تێكڕای (٣٨٥٧) مامۆستا لە هەر ساڵێك دامەزراوە.




ژ. قوتابی / خوێندکار
2007-2006
11%
1996-1995
5%
1997-1996
6%
1998-1997
6%
1999-1998
7%
2000-1999
8%
2001-2000
8%
2002-2001
9%
2003-2002
9%
2004-2003
10%
2005-2004
10%
2006-2005
11%
1996-1995
1997-1996
1998-1997
1999-1998
2000-1999
2001-2000
2002-2001
2003-2002
2004-2003
2005-2004
2006-2005
2007-2006


ژ. مامۆستایان
2007-2006
14%
1996-1995
5%
1997-1996
6%
1998-1997
6%
1999-1998
7%
2000-1999
7%
2001-2000
8%
2002-2001
8%
2003-2002
8%
2004-2003
9%
2005-2004
10%
2006-2005
12%
1996-1995
1997-1996
1998-1997
1999-1998
2000-1999
2001-2000
2002-2001
2003-2002
2004-2003
2005-2004
2006-2005
2007-2006


ژ. قوتابخانە / خوێندنگە
2007-2006
11%
1996-1995
5%
1997-1996
6%
1998-1997
6%
1999-1998
7%
2000-1999
8%
2001-2000
8%
2002-2001
9%
2003-2002
10%
2004-2003
10%
2005-2004
10%
2006-2005
10%
1996-1995
1997-1996
1998-1997
1999-1998
2000-1999
2001-2000
2002-2001
2003-2002
2004-2003
2005-2004
2006-2005
2007-2006

له پووختەی ئەم ئامارانەی کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێکرد دەتوانین ڕێژەیەك دەربهێنین لەنێوان (مامۆستا / قوتابی / خوێندکار)، ( مامۆستا / هۆبە).

- له قۆناغی سەرەتایی:

- ڕێژەی مامۆستا بۆ قوتابی / خوێندکار = ١٣,٩:١ ( واتە هەر مامۆستاییك نزیکەی ١٤ قوتابی/خوێندکاری بەردەکەوێت)
- ڕێژەی مامۆستا بۆ هۆبە = ١,٧:١ ( واتە هەر مامۆستاییك نزیکەی ٢ هۆبەی بەردەکەوێت)

- **له قۆناغی دواناوەندی:**

- ڕێژەی مامۆستا بۆ قوتابی / خوێندکار = ٢٣,١:١ ( واتە هەر مامۆستاییك نزیکەی ٢٤ قوتابی / خوێندکاری بەردەکەوێت)
- ڕێژەی مامۆستا بۆ هۆبە = ١,٣:١ ( واتە هەر دوو مامۆستا نزیکەی ٢ هۆبەیان بەردەکەوێت)

سەرەڕای ئەوەی کە ڕێژەی مامۆستا بۆ قوتابی / خوێندکار زۆر کەمترە لەو ڕێژە نێودەوڵەتیەی کە دەبێت وابێت ئەویش کە لە پێشەوە ئاماژەمان پێکردووە، بەڵام بەپێی ژمارەی قوتابخانە / خوێندنگا دەگۆرێت بۆیە دەتوانین بە پێی ژمارەی هۆبە دەربهێنین ئەویش تێبینی دەکەین کە زۆربەی پاڵەپەستۆیەکە لەسەر قۆناغی سەرەتاییە ، بۆ ئەمساڵ ژمارەی (١٣٢٣١) مامۆستا داواکراوە بۆ دامەزراندن، ئەمەش بۆ چەند هۆیەك دەگەڕێتەوە وەکو:

- هاوسەنگێك نییە لە دابەش کردنی مامۆستایان ( ناوچە هەیە مامۆستای وەکو پێویست نیە وە ناوچە هەیە مامۆستای زیادە).
- وتنەوەی وانەکان بەپێی پسپۆری نییە.

دەتوانین ئەو مامۆستایانەی کە بۆ ئەمساڵ داواکراون بە پێی ئەم هێلکاریەی خوارەوە رون بکەینەوە:




## گیروگرفتەکانی پلانی پەروەردەیی:

- نەبوونی پلانی جۆراوجۆر بەگوێرەی پێویست.
- کەمی داتا ( زانیاری) و ئامار یان ناتەواوی ئامار ( داتاکان).
- نەبوونی کادیرانی شارەزا لە پلان، ئامار بەتایبەتی شارەزایی لە کۆمپیوتەر.
- لاوازی گونجان تەنسیق و تەواوکاری چالاکییەکان.
- نەبوونی هەڵسەنگاندنی پەروەردەیی.
- فراوانبوونی بواری پەروەردە.
- نەبوونی بودجەیەکی تەواو بۆ جێبەجێکردنی پلان.
- جێبەجێ نەکردنی پرۆژەکانی پەروەردە لەکاتی دیاری کراوی خۆی.
- نەبوونی دەستەیەك بۆ جێبەجێکردن و بەدواداچوونی پلان و پرۆژە پەروەردەییەکان.
- نەبوونی سیستەمەکی پێشکەوتوو لە قوتابخانەکان -خوێندنگاکان وەك ئیدخال کردنی زانیارییەکانی تایبەت بە قوتابخانە -خوێندنگا لە کۆمپیوتەر.

- زۆربەی بەڕێوەبەرانی و یاریدەدەرەکانی قوتابخانەکان –خوێندنگاکان لە بواری ئامار زانیارییان کەمە یان هەر نیانە بۆیە فۆرمەکانی ئاماری پەروەردەیی پاش گەڕانەوەیان بە هەڵە پڕکراونەتەوە سەرەڕای ئەوەی کە سیمیناریان بۆ ساڵانە بۆ دەکرێتەوە.

- کەمی کارمەندانی ئامار لە دیوانی وەزارەتی پەروەردە و پەروەردەی گشتی پارێزگاکان وپەروەردەی قەزاکان.

- زۆربەی کارمەندانی بەشی ئامار پسپۆری نینە لە ئامار.

- نەبوونی خولی تایبەت لە بواری ئامار بۆ کارمەندانی ئامار لە دیوانی وەزارەت و پەروەردە گشتییەکان وپەروەردەی قەزاکان لە ناوەوە ودەرەوەی هەرێم بۆ مەبەستی زیاد کردنی زانیارییان لە بواری ئامار.

- تاکو ئیستا کارمەندانی ئامار لە دیوانی وەزارەت وپەروەردە گشتییەکان وپەروەردەی قەزاکان شارەزاییان کەمە لە بواری کۆمپیوتەر وە بەتایبەتی لە سەر بەرنامەی (ئەکسل و ئەکسس وSPSS) .

- نەبوونی بودجەیەکی تایبەت بە بەڕێوەبەرایەتی ئامار بۆ ڕاپەراندنی ئیش وکارەکانیان.

- نەبوونی هۆیەکانی هات وچۆی تایبەت بە بەڕێوەبەرایەتی ئامار بە مەبەستی سەردانی کردنیان بۆ پەروەردەکان وقوتابخانەکان –خوێندنگاکان.

- نەبوونی هیچ جۆرە دەرماڵەیەك یان هاندەرێك بۆ کارمەندانی ئامار کە ئەمەش بوەتە هۆی ئەوەی زۆربەی دەرچوانی بەشی ئامار لە کۆلیژەکان دانەمەزرێن .

- نەگەیشتنی فۆرمەکانی ئاماری پەروەردەیی لە لایەن بەڕێوەبەری قوتابخانەکان –خوێندنگاکان لە کاتی دیاری کراو بۆ پەروەردەکان، کە ئەمەش دەبێتە هۆیەکی سەرەکی بۆ دواکەوتن لە ڕاگەیاندنی ئەنجامی ئاماری پەروەردەیی.

- نـەبوونی تـەزووی کارەبـا بۆتـە بەربەسـت بـۆ ئـەوەی کۆمپیوتـەر وانـەی کۆمپیوتەر لە قوتابخانەکان وخویندنگەکان بە ڕێك وپیکی نەخوێنرێت .

- کەم بوونی ژمـارەی کۆمپیوتـەر لـە قوتابخانـەکان وای کـردەوە کـە قوتابیـان وخوینکاران شارەزایان نەبێت لەم زانستە

- وئەمەش بەم شێوەیەی خوارەویە :-

| ژ | پارێزگا | ژمارەی قوتابخانە وخوینـــــدکاکانی (داوناوەندیەکان) | ژمارەی کومپیوتەر | ژمارەی قوتابخانەکان وخویندکاکان کە هۆلی کۆمپیوتەریان هەیە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | هەولێر | ٤١٨ | ١٨١٤ | ١٤٠ |
| ٢ | سلیمانی | ٤٨٥ | ٣٦١٤ | ١٦٤ |
| ٣ | دهۆك | ٢٨٠ | ١٧٢٦ | ١٢٥ |
| کۆ | | ١١٨٣ | ٧١٥٤ | ٤٢٩ |

- کەمی مووچەی مامۆستایان وفەرمانبەرانی کۆمپیوتەر وای کردەوە کە زۆربەی دەرچووانی بەشی کۆمپیوتەری کولێـژەکان وپـەیمانگاکان لـە بـواری پـەروەردە کارنەکەن .

- نەبوونی تۆری کۆمپیوتەر وئەنتەرنێت لە پەروەردەکانی پارێزگای سلیمانی بە گشتی بە شـێوەیەکی زانسـتی وڕاسـت وەك دانـانی سـیرڤەر و فـایر وول وزیـاتر فراوان کردنی تورەکە ئەگەر هەبێت.

- کەم بوونی خولەکانی کۆمپیوتەر بۆ سەرپەرشتیارانەی پسپۆری وگارکێری وماموستایان وفەرمانبەران .

- نەبوونی سەرپەرشتیاری پسپۆری لە بواری کۆمپیوتەر لە زوربەی پەروەردەکان .

**پێشنیارەکان:**

١- یەکخستنەوەی (هەرەمی) بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگا و پەروەردەی قەزاکان.

٢- دیاری کردنی بڕوانامەی و پسپۆڕی بۆ بەرپرسانی پلان دانان وئامار لەگشت پەروەدەکان.

٣- کردنەوەی یەکەیەکی سەربەخۆ تایبەت بە پلاندانان لە پەروەردەکان و کردنەوەی خول بۆیان، بەتایبەتی خولی کۆمبپیوتەر.

٤- جێبەجێکردنی نەخشەی قوتابخانەکان (الخارطة المدرسية) بۆ ئەوی پلانێکی ڕاست وڕێك وپێك دابنێت.

٥- گرنگی دان بەهۆیەکانی فێرکردن وتاقیگەکان(کیمیا وفیزیا وبایۆلۆژی وکۆمپیوتەر و دەنگ) وپەرتووکخانەی قوتابخانەکان.

٦- زیاترگرنگی دان بە سیستەمی کۆمپیوتەر لە بەڕێوەچوونی کارەکانی کارگێری.

٧- دیاری کردنی ڕێنماییەکانی تایبەت بەبوونی ماموستای سەرەتایی بە ڕابەری پەروەردەیی.

٨- چارەسەرکردنێکی خێرا بۆ قوتابخانە دوو پۆلییەکان وبەکرێیەکان.

٩- بینای قوتابخانە وخوێندنگاکان سیستەمی پەروەردە .وفێرکردنی هاوچەرخ ڕەت دەکاتەوە،سەرەڕای کەمی ئەو بینایانەش.

١٠- بەرزکردنـەوەی ئاسـتی زانسـتی مامۆسـتایان، بـە کردنـەوەی خـوولی بـەهێزکردن بۆ چـەند مامۆسـتایەك و ڕەوانـەکردنی هەنـدێکی تـر بۆ زانکـۆ بـۆ وەرگرتنی بڕوانامەی بەکالۆریۆس بەلایەنی کـەم بـەگوێرەی تەمـەنی مامۆسـتا و ماوەی خزمـەت کەلـە پێـنج سـاڵ کـەمتر نـەبێت. ، بـۆ ئەمـەش پێویستمان بـە پلانێکی مام ناوەند هەیە کە زیاتر لە (٥).

١١- پێویستە تەکنۆلۆژیای سیستەمی زانیارییـە جوگرافییـەکان GIS بخرێتـە نـاو پرۆسـەکانی پـلان دانـانی پـەروەردەیی بەمەبەسـتی تـەواوکاری لەگـەڵ سیستەمی EMIS.

١٢- دۆزینەوەی هاوسەنگی لە نێوان هەردوو خوێنـدنی ئامـادەیی ئـەکادیمی و ئامادەیی پیشەیی، لە ڕێگەی پێدانی چەند ئیمتیازاتێك بـۆ خوێنـدنی پیشـەیی، پەرەپێدانی پرۆگرامەکانی (تیۆری و پراکتیکی)، ئامێرەکـانی بـەکاری دەهێـنن، لەڕووی بیناوە دەبێت تایبەت بە پیشەیی دروست بکرێت.

١٣- کردنەوەی چەند کۆمەڵگایەکی خوێندن کە بەلای کەم جێگای (٢٠٠٠) دوو هەزار قوتابی / خوێندکار بگرێت و هەموو هۆکارەکانی خوێندنی تێـدابێت وەکـو تاقیگەی (کۆمپیوتـەر، فیزیا، کیمیا، زیندەوەرزانی، زمانی ئینگلیـزی، هتـد...)، یاریگا.

١٤- لـەکاتی دروسـت کردنـی قوتابخانـە / خوێندنگـە لەگونـدەکان پێویسـتە ڕەچاوی باری گوندەکانی دەوروبەری بکرێت، لەبەر ئەوەی هەندێك گوند ژمارەی قوتابیان / خوێندکارانی تەواو نییە بۆ بینایە، دەبێت لە گوندێك دروسـت بکرێـت ئەوانەی دەوروبەری بەیەکەوە ببەستێتەوە یاخود نزیکترین گوند لەوانەی تـر، وە لەگەڕەکەکانی شار بەهەمان شێوە، بۆیە پێویستمان بـە ئەتلەسـی پـەروەردەیی هەیە.

١٥- فێرکردنی نەوجەوانان و فێرکردنی خێرا بکرێتە یەك پڕۆگرام و ماوەی خوێندن بکرێتە سێ (٣) ساڵ.

١٦- دانانی ئەتلەسی پەروەردەیی (اطلسي تربوي) بۆ سوود وەرگرتن لە ڕێژەی دانیشتوان و دوور و نزیکی بۆ دیارکردنی شوێنی قوتابخانە / خوێندنگا.

١٧- لەکاتی دانانی پلانێکی نوێ لەلایەن هەر وەزارەتێك وەکو وەزارەتی شارەوانی یان وەزارەتی پلاندانان پێویستە هەماهەنگی هەبێت لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە بۆ دەستنیشانکردنی شوێنی قوتابخانە/خوێندنگا.

١٨- دەستنیشانکردنی ئەو قوتابخانانە/ خوێندنگایانەی کە شوێنیان ستراتیژییە، وە دۆزینەوەی جێگرەوە بدیل لە هەمان شوێن یان شوێنی نزیك بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی شارەوانی.

١٩- دانانی سیستەمەکی نوێ لە قوتابخانەکان -خوێندگاکان بۆ ئیدخال کردنی زانیارییەکانی تایبەت بە قوتابخانەکانیان-خوێندنگاکانیان لە کۆمپیوتەر وە بەستنی بەهێلی ئەنتەرنێتەوە لەگەڵ وەزارەت و پەروەردە گشتیەکان و پەروەردەی قەزاکان .

٢٠- دابین کردنی ئامێری کومپیوتەر بۆ گشت قوتابخانەکان -خوێندنگاکان.

٢١- کردنەوەی خولی تایبەت لە بواری ئامار بۆ گشت بەڕێوەبەران ویاریدەدەری بەڕێوەبەران لە پشووی سەری سال بە مەبەستی زیاد کردنی زانیارییان لە بواری ئامار.

٢٢- کردنەوەی خولی پێشکەوتوو لە بواری ئامار بۆ کارمەندانی ئامار لە دیوانی وەزارەت وپەروەردە گشتییەکان و پەروەردەی قەزاکان لە ناوەوە ی هەرێم یان لە دەرەوەی هەرێم.

٢٣- دابین کردنی دەرماڵەو هاندەر بۆ کارمەندانی ئامار و کۆمپیوتەر.

٢٤- كردنـەوەی خـولی پێشـكەوتوو لەسـەر بەرنامـەی (ئەكسـل وئەكسـس وSPSS) بۆ كارمەندانی ئامـار لـە دیوانی وەزارەت و پـەروەردە گشـتییەكان وپەروەردەی قەزاكان.

٢٥- دابین كردنی بودجەیەكی تایبەت بۆ بەڕێوەبەرایەتی ئامار بـۆ ڕاپەڕانـدنی ئیش وكارەكانیان.

٢٦- بەڕێوەبەرایـەتی كۆمپیوتـەر وئەنتـەرنێت زۆر بـە گرنگـی دەزانـێ كـە وەزارەتی پەروەردە بە هەموو دامودەزگاكانی بەكۆمپیوتـەر بكرێـت بـۆ ئـەوەی سیستەمێكی مودرینی ئەلكترۆنی پێتە كایەوە وەك وڵاتانی پیشكەوتی سەردەم ئەویش بە پراكتیزەكردنی سیستەمی EMIS كە زیاتر لە یەك ساڵ لـە وڵاتـی ئـوردن ٤ فەرمانبـەری وەزارەتـی پـەروەردە كـاری لەسـەر كـرد بـە هاوكـاری ڕێكخـراوی USID ولەگـەڵ كۆمپانیـای PRIMES ئـوردنی كـە زیـاتر لـە ٣٠ شارەزا كاریان بۆ كردوە .

٢٧- زیاد كردنـی ژمـارەی كۆمپیوتـەر لـە قوتابخانـەكان وخویندگـەكان لەبـەر ئـەوەی ئێمـە ئەگـەر ژمـارەی كۆمپیوتـەرەكان بـەراورد بكـەین لەگـەل ژمـارەی قوتابخانەكانی ئامادەیی وناوەندی ودواناوەندییەكان ئەوە لە پارێزگـای هـەولێر تەنها ٣٣,٤٩٪ قوتابخانـەكان كۆمپیوتـەریان هەیە ولـە پارێزگـای سـلیمانی لـە كـۆی قوتابخانـەكان ٣٣,٨١ ٪ ، لـە پارێزگـای دهـۆك تـەنها ٤٤,٦٤ ٪ ، بـەڵام ئەگەر بێت ئیمە ژمارەی ئـەم قوتابخانانـەی كـەوا كۆمپیوتـەریان هەیـە بـەراورد بكـەین لەگـەل ژمـارەی هـەموو قوتابخانـەكان كـە قوتابخانـە وخویندگـەكانی سەرەتایش بكرێت ئەوە ڕێژەكان بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت :-

٢٨- پارێزگای هەولێر تەنها ڕێژەی ٨ ٪ لە قوتابخانەكان كۆمپیوتەریان هەیە.

٢٩- پارێزگـای سـلیمانی تـەنها ڕێـژەی ٨ ٪ لـە قوتابخانـەكان كۆمپیوتـەریان هەیە.

٣٠- پارێزگای دهۆك تەنها ڕێژەی ١١ ٪ لە قوتابخانەكان كۆمپیوتەریان هەیە .

٣١- وئەگەر بێت ژمارەی كۆمپیوتەركان دابەش بكەینە سەر قوتابیان وخوێندكارانی هەرێمی كوردستان كە ژمارەیان ١,٢٠٥,٤٣٥ ئەوە ڕێژەكە دەبێتە ( ١:١٦٩ ) قوتابی وخویندكاریەك بۆ بە كارهێنانی یەك :كۆمپیوتەر.

ئێمە ئەگەر ئەم ڕێژانە بەراورد بكەین لەگەڵ ولاتانی جیهانی پیشكەوتوو وەك بەریتانیا وسوید وئەمریكا هیتر ئەوە ئەم ڕێژەیە زۆركەمە بەلكو ئەگەر ئەم ڕێژانە بەروارد بكرێت لەگەل ولاتانی دراوسێ هەرێمی كوردستان وەك ئوردن كە ژمارەی قوتابخانەكان وە خویندگاكانی ٥٣٤٨ قوتابخانەیە وزیاتر لە ٦٠،٠٠٠ كۆمپیوتەری هەیە ونزیكەی ١,٥٣١,٣٣١ قوتابیان هەیە ئەوە ڕێژەكە دەبێتە (١:٢٥ ) قوتابی وخویندكاریەك بۆ بە كارهێنانی یەك كۆمپیوتەر. وئەم چارتەی خوارەوە ئەو ڕاستیە نیشان دەدات :-




٣٢- پێویستە هەوڵ و تەقەلایەكی زۆر بدرێت بۆ گۆڕینی ئەم ڕێژانە وئەوەش بە زیاد كردنی ژمارەی كۆمپیوتەرەكان دەكرێت پێشنیار دەكەین لە سەرەتاوە هەموو قوتابخانە وخویندنگا ئامادەیی وناوەندی ودواناوەندی كۆمپیوتەریان بۆ دابین بكرێت بەم شێوەیە خوارەوە :-

| ژمارەی کۆمپیوتەری پیویست | | | |
|---|---|---|---|
| پارێزگا | ژمارەی قوتابخانەکان کە کۆمپیوتەریان نییە | ژمارەی کۆمپیوتەری پیویست | بری پارە بە دۆلار |
| هەولێر | ٢٦١ | ٥٢٢٠ | ٣,٦٥٤,٠٠٠ |
| سلیمانی | ٣٢١ | ١١٥٠٠ | ٣,٦٩١,٥٠٠ |
| دهۆك | ١٥٥ | ٣١٠٠ | ٢,١٧٠,٠٠٠ |
| کۆی گشتی | | | ٩,٥١٥,٥٠٠ |

٣٣- زیاد کردنی مووچەی مامۆستایانی پسپۆری کۆمپیوتەر بە شێوەیەکی گونجاو بۆ ئەوەی هانی دەرچووانی کۆمپیوتەر بدات کە دابمەزرێین لە قوتابخانە وخویندگاکان و دانانی تۆری کۆمپیوتەر وئەنتەرنێت لە گشت پەروەردەکانی سلێمانی بۆ ئەوەی بتوانین زانیاری ئالۆگۆر بکەین لە نێوان قوتابخانە وخویندگە وپەروەردەکان وهەروەها لە گەل وەزارەتی پەروەردە.




٣٤- وئەمەش بکرێت بە شێوەیەکی رێك وپێك بە دانانی چەندین سێرڤەر لە ناو پەروەردەی گشتی سلێمانی وپەروەردەی قەزاکانی سلیمانی .

٣٥- دابین کردنی هیلی ئەنتەرنێت بۆ گشت قوتابخانە وخویندگەکانی ئامادەیی وناوەندی ودواناوەندی لە هەرێمی کوردستان لەبەر ئەوەی ئەمە زۆر سوودی هەیە بۆ قوتابیان وخویندکاران وماموستایان لە وەرگرتنی زانیاری لە هێلی ئەنتەرنێت وئەوەش بەم شێوەیەی خوارەوە دەکرێت:-

| پارێزگا | ژمارەی قوتابخانەکان کە ئەنتەرنێتیان نییە | بری پارە بە دۆلار |
|---|---|---|
| هەولێر | 261 | 522,000 |
| سلیمانی | 561 | 122,1,000 |
| دهۆك | 155 | 310,000 |
| کۆی گشتی | | 1,954,000 |

٣٦- زیـــاد کردنـــی خـــولی کۆمپیوتـــەر بـــۆ مامۆســـتایان وفەرمانبـــەران وسەرپەرشتیاران وهەروەها هیچ سەرپەرشتیارێك نەبێتە سەرپەرشتیار بە بـی ئەوەی تاقیکردنەوەی کۆمپیوتەری بۆ نەکرێت ، وە بۆ زیاد کردنـی خـول بـەم شێوەیەی خـوارەوە دەبێـت کـە بـۆ هـەر مامۆسـتایەك ٤٠ دۆلار دابنرێـت وەك ستاندەر بۆ بەشداری کردن لە خول:-

| پارێزگا | ژمارەی مامۆستایان | بری پارە بە دۆلار |
|---|---|---|
| هەولێر | ٥٠٠٠ | ٢٠٠,٠٠٠ |
| سلێمانی | ٥٠٠٠ | ٢٠٠,٠٠٠ |
| دهۆك | ٥٠٠٠ | ٢٠٠,٠٠٠ |
| کۆی گشتی | | ٦٠٠,٠٠٠ |

٣٧- هانـدانی مامۆسـتایانی وانـە زانسـتییەکان کـە وانـەکانیان بـە کۆمپیوتـەر بلێنـەوە بـە بـەکار هێنـانی بەرنامـەی Power point و Date Show وکردنەوەی خول بۆیان بۆ ئەم مەبەستە.

٣٨- بـــۆ بەدواداچـــوونەوەی وانـــەی کۆمپیوتـــەر وسەرپەرشـــتی کردنـــی پێداویستەیکانیان ئەوە زۆر گرنگە کە وەك هەر بابـەتێکی تـر سەرپەرشـتیاری بۆ دابنرێت .

٣٩- نـاردنی فەرمانبـەرانی شـارەزا لـە وەزارەت و پـەروەردەکان بـۆ خـولی پیشکەوتوو بۆ زیاتر شارەزا بوونیـان لـە زانسـتی سـەردەم بـۆ ئـەوەی لەگـەڵ پیشکەوتنی زانستی سەردەم بکونجین.

**تێبینی:**

- مەبەست لە خاڵی (١٥) لە پێشنیارەکان ئەمەی خوارەوەیە:

## تەکنۆلۆژیای سیستەمی زانیارییە جوگرافیەکان GIS

**ژمارەی قوتابی و توانستی قوتابخانە ئامادەییەکان**

**لە شاری هەولێر بۆ ساڵی خوێندنی** 2005 - 2006



## نۆیەم/ راپۆرتی بیناسازی

## پێشەکی

بەڕێوەبەرایەتیەکەمان شان بە شان لەگەڵ هەموو بەڕێوبەرایەتیە گشتیەکانی وەزارەتی پەروەردە لە خزمەتی قوتابیان و خوێندکارانی خۆشەویست دایە وە بۆ ئەوەی بەهەموو لایەکیشمان بتوانین پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن لە کوردستاندا بەرەو پێش ببەین، چونکە لای هەموومان ئاشکرایە، کە میللەتان بە زانست و زانیاری و بە پەروەردەی هاوچەرخ پێش دەکەون وە بەڕێوەبەرایەتیەکەی ئێمەش لەم بوارەدا ڕۆلێکی گرنگ و بایەخ دار دەگێڕێت وە یەکێکە لە کۆڵەگە بنەرەتییەکانی بەرەو پێش بردنی پرۆسەی پەروەردە، چونکە ئامادە کردنی بینایەی گونجاو بۆ قوتابخانە و خوێندنگەکانمان ئەرکی سەرەکی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بیناسازییە . بەلام لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵێك گیروگرفتمان دێتە پێش و ژمارەیەك پێشنیازمان دەخەینە ڕوو بەمەبەستی چاکتر بەڕێوەبردنی کارەکانمان .

## گیرو گرفتە پەروەردەییەکان لەبواری بیناسازیدا

١- کەمی ژمارەی قوتابخانەکان بەتایبەتی لە قۆناغی سەرەتایی و دواناوەندییەکان ئەمەش وای کردووە کە :-

ا- سیستەمی دوو دەوامی و سێ دەوامی هەبێ .

ب- ژمارەی خوێندکاری پۆلێك لە سەروو ( ٥٠ ) زیاترە کە لەگەڵ ستاندەراتی خوێندن ناگونجێت.

ج- ماوەی پشووی قوتابیان کەمە وە سوودی لێ وەرناگیرێت .

د- زۆر بینای قوتابخانە هەیە، زۆر کۆنن بە کەڵکی ئەوە نایەن دەوامیان تێدا بکرێت بەڵام لە بەر کەمی ونەبوونی قوتابخانە لەم شوێنە بەناچاری دەوامی تێدا دەکرێت.

٢- کەمی بینای باخچەی ساوایان ئەمەش وای کردووە، کە زۆربەی منالّی گەڕەکەکان بێ بەش بن لە باخچەی ساوایان - ئەو مندالآنەی، کە دەچنە قوتابخانە ژمارەیەکی کەمیان لەباخچەی ساوایانەوە هاتوون بۆ قوتابخانە کە ئەمەش دەبێتە گرفتی گەورە بۆ قوتابی و خوێندکار کە ترسێکی لێ پەیدا دەبێت لە چوونە ناو قوتابخان، زۆر جار باوکی خوێندکار یان دایکی یان خوشکی وا دەکات کە لە گەڵیا دەوام بکات لەبەر ئەوەی نامۆیە بەم شوێنەوارە وە پێشتر کاری بۆ نەکراوە.

٣- کەم و کوڕی زۆر لەقوتابخانەکانی ئێستادا هەیە لە بەر نەبوونی :-

ا- کەمی ژمارەی پۆلەکان کە بۆتە هەڵئاوسانی خویندکار لە پۆلەکان .

ب- نەخشە سازی بیناکان بە شێوەیەکن کە هەموو چالاکییەکانی قوتابی و خوێندکار لە خۆ ناگرێت.

ج- بەشێکی زۆری لەم قوتابخانانە کە پێویستیان بە نۆژەن کردنەوە هەیە نۆژەن نەکراوەتەوە .

د- کەمی ژمارەی پێویست لە (W.C)  لە قوتابخانەکان وای کردووە  کە هەر دەم بە پیسی بمێنێنەوە یا خود  زوو لە کار بکەون وە ئەوەی کە هەشە لە قوتابخانەکان زوربەیان لە کار کەوتوون.

هـ- شوێنی ئاو خواردنەوە ( مشرب ) وەك پێویست نییە یاخود خراپە و لەکار کەوتوە وەنزیك ( W.C ) یە .

و- نەبوونی ئۆتۆمبێلی  (صاروخی) کە تایبەتە بە خاوێن کردنەوەی ئاوەڕۆکان و  گواستنەوەی پاشەڕۆکە .

٤- شوێنی خوێندنگاکانی تایبەت بە  سەرەتایی پێویستە دووربێت لەشەقامی سەرەکی و هەروەها نابێت دووربێت لەشوێن نیشتەجێ ی قوتابی و  خوێندکار.

٥- کەمی  دەستەی پێویست و شارەزا لەبواری بیناسازیدا.

٦- لەسەردەمی ڕژێم دا یەك نەخشەی یەکگرتوو جێبەجێ دەکرا لەسەرتاسەری عێراقدا بەبێ ڕەچاوکردنی جیاوازی شوێنی  جوگرافی و  کەش و هەوا .ئەمەش وا دەکات  کە پلان و دیزاینی تایبەت بە شوێنەکە نەبێت  .

٧- شێوەی فێنك کردنەوەو گەرم کردن لەبیناکان نییە.

٨- کەمی بەشی ناوخۆیی .

٩- گرنگی نەدان بەمندالآنی کەم ئەندام .

١٠- بینای هەندێ لەقوتابخانەکان کۆنن و بەکەڵکی نۆژەن کردنەوە نایەت .

١١-داگیرکردنی بینای قوتابخانەکان لەلایەن هەندێك لە دام و دەزگا حکومیەکان .

١٢- هەروەها نەبوونی نەخشەی پەروەردەیی (school  mapping) کە تیایدا شوێنی قوتابخانەکان دیاری دەکات و دووری ونزیکی یان لەیەکەوە.

١٣- دروست کردنی قوتابخانەکان بەشێوەیەکی بەرنامە ڕێژ نەبووە.

## پێشنیارەکان

١- هەروەك ئاشکرایە سیستەمی ئێستای خوێندن بەم ڕەوشەی ئێستای لەکێشەیەکی گەورە دایە لەگەڵ ئەو ژینگەیەی کە خوێندنی تیایدا بەردەوامە هەر لەکەمی ژمارەی قوتابخانەکان و نەبوونی پێداویستی یە سەرەکیەکان بۆ ئەنجام گەیاندنی چالاکییەکانی خوێندکار لە (هۆڵی وەرزشی ،کۆمپیوتەر، هونەر، تاقیگە) وەدەیەها کێشەی تر کە هەموومان ڕۆژانە تووشی دەبین. وەئەنجامی ئەم کۆنگرەیەش گۆڕانکارییە لە سیستەمی خوێندن وە ئەم گۆڕانکاری یە بەرجەستە نابێت بەبێ گۆرانکاری لە ژینگەیی خوێندن بۆیە ئەنجامەکانی ئەم گۆڕانکاریانەی کەدەکرێت لەسیستەمی پەروەردە ئەبێت ژینگەیە کی نوێی بۆ ئامادەبکرێ .

٢- بوونی ماستەر پلان بۆ شارۆچکەکان واتە نەخشەی بنەرەتی شار کە تیایدا گەشەکردنی شار بۆماوەی بەلایەنی کەم بۆ (٢٠ساڵ)دیاری دەکرێت بەهۆی نەخشەی بنەڕەتییەوە شوێن و ژمارەی قوتابخانەی پێویست دیاری دەکرێت بۆ ئەو ناوچەیە و لەمەترسی نەبوونی جێگە ڕزگارمان دەکات بۆ قوتابخانە (سەرەتایی ،ناوەندی ،دواناوەندی).کار خزمەتگوزاری یەکانی تریش .

٣- بوونی پلانێکی ساڵانە بۆ دیاری کردنی ژمارەی ئەو پرۆژانەی کەپێویستن بە پێی ئەوەلیاتی پرۆژەکان بۆ ئەوەی بودجەی بۆ دیاری بکرێت و بێتە جێبەجێکردن .وەئەم پلانەش لەگەڵ بوونی ماستەر پلان کارەکە باشتر بە ئەنجام ئەگەیەنێت و پێویستمان بە ئامارێکی ورد دەبێت بۆ بڕیاردان لەسەر ئەوەلیاتی پرۆژەکان .لەگەڵ نۆژەن کردنەوەی قوتابخانەکان .

٤- بوونی نەخشەسازی مۆدێرن لەبواری :

أ- نەخشە سازی تەلار سازی (التصمیم المعماری)کە تیایدا شێوەی گونجاو پلانێکی دروست دادەنرێت کە لەگەڵ ئەرکی نویێ سیستەمی پەروەردە دا بگونجێت بەشێوەیەك :-

١- هۆڵی پێویست هەبێت بۆتاقیگەی فیزیا، کیمیا ، هتد وەتایبەتمەندی خۆی هەبێت.

٢- ڕەچاوی بەشی کارگێری بکرێت وەك بەشێکی سەربەخۆو تایبەت .

٣- هۆڵی پێویست هەبێت بۆ (کۆمپیوتەر، دەنگ، وەرزشی، وێنە، ئەزموونەکان، چالاکییەکان، مەلتی میدیا، مۆسیقا، مرسم ..کتێبخانە) .

٤- بایەخێکی تەواو بدرێت بە ناوچەی سەوزایی لەقوتابخانەکان .

٥- گرنگی تەواو بدرێت بە ڕووناکی Ordination .

٦- ڕەچاوی شوێنی تایبەت بکرێت بۆ کەم ئەندامان .

٧- بەرزی پۆلەکان لە ٦٠ر٣م کەمتر نەبێت .

**ب- نەخشەسازی دروستکردن:**

١- باشتر وایە بینایەکە هەیکەلی بێت بۆ ئەوەی زیاتر بواری گۆڕانکاری بدرێت لە ئاییندەدا .

٢- بەکارهێنانی کەرستە کەتوانایەکی باشی هەبێت بۆ نەگەیاندنی (گەرمی، ساردی، دەنگ)بۆ ئەوەی ژینگەی قوتابخانە پارێزراو بێت لەوەرزە جیاوازەکاندا.

٣- لە کونەکانی بینایەکە دا بەتایبەتی لەپەنجەرەکان بە (PVC)و شووشەی دەبل گلاس بەکاربێت .

٤- دانانی ڕەنگی پێویست بەشێوەیەك لەگەڵ قۆناغی خوێندندا بگونجێت و کاریگەری دەروونی باشی هەبێت .

٥- دانانی کەلوپەلی گونجاو لەگەڵ داواکارییەکانی قوتابی بیتەوە .

٦- بەکارهێنانی کەرستەی باش بە جۆرێك پاك و خاوێنی و پێداویستی تاقیگەکان دابین بکات.

**ج- نەخشەسازی (گەرم کەرەوە و فێنك کەرەو ناوبرکاری دەنگ و تەندروستی)**

١- پێویستە باشترین سیستەم دابنرێت بۆ ساردکردنەوە و گەرم کردنی ژوورەکان بەپێ‌ی پێویست و باشتر وایە سیستەمی MPS بەکاربێت .

٤- پێگەیاندنی کادیری هونەری :-

ا- بە مەبەستی پاراستنی پرۆژەکە و بەردەوامبوونی لەکاردا بەشێوەیەکی باش پێویستە گرنگی تەواو بدرێت بە تەمەن درێژی پارێزگاری کردنی (ادامە و صیانە)پرۆژەکە بۆ ئەم مەبەستەش پێویست بەکادیری هونەری بەهێز دەکات کەشارەزایی باشی هەبێت لەو تەکنەلۆژیانەی کە بەکارهاتووە لە پرۆژەکەدا .

ب- ناردنی کادیری پێویست بۆ و Training لەناوەوە و دەرەوەی وولات کردنەوەی خولی فێربوونی پێویست بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هونەری و کارگێری.

ج- هوشیار کردنەوەی گشتی بەتایبەتی خوێندکار کە قوتابخانەو کەرەسەکانی ناوی بۆ خزمەتی ئەو دانراوە و فێری پاراستن و خۆشەویستی قوتابخانەکە بکرێت بەبەشێکی لەمولکی خۆی بزانێت .

٥-جێبەجێکردنی پرۆژەکە :-

لەلایەن بەڵێندەری تایبەتمەند بەکارەکە بێت و کاری تەندەرین بدرێتە وەزارەتی پەیوەندیداروە وجێبەجێکردنی لەکاتی پشوودا بێت بۆ ئەوەی کار لە پرۆسەی خوێندن نەکات .

٦-پەیوەندی کردن بە رێکخراوەکانی (UN) بە تایبەتی یونسکۆ بۆ هاوکاری کردن لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە.

٧- دروست کردنی کۆمەڵگای قوتابخانەکان (مجمعات مدرسیە) لەناوچە تازە ئیفرازەکان (دروست کراوەکان).

## ئالیەتی جێ بەجێ کردنی ئەو پێشنیارانە

١- بەهێزکردنی ب.گ بیناسازی بە شێوەیەك ئەو ئەرکەی لەسەر شانێتی جێ بەجێ بکات بە :-

ا- بەهێزکردنی ستافی ب.گ بیناسازی.

ب- بەهێزکردنی ستافی ب.بیناسازی پارێزگاکان.

ج- یارمەتی دانی هونەری مادی .واتایی ستافەکان.

٢- پێدانی بودجەیەکی جیا استنثائی بەشێوەیەك کەچارەسەری کێشەکان بکات و حاڵەتی سروشتی دروست بکات لەسیستەمی پەروەردەیی.

٣- هێنانی کۆمپانیای ئەوروپی کەشۆرشێك بەرپابکەین لەنەخشەسازی نوێ لەبەکارهێنانی نوێ لەجێبەجێکردنی نوێ لەبەکارهێنانی تەکنو لۆژیای نوێ.










Designed By :-




Kindergarten


Kindergarten

# ڕاپۆرتی مـــــلاکات

## دەیەم / راپۆرتی میلاکات

### پێشەکی:

ڕوون و ئاشکرایە بەگشتی میلاك توخمێکی گرنگ و کارای پرۆسەی پەروەردە و فێرکردنە، چونکە ئەم پرۆسەیە لە سەر سێ بنەمای سەرەکی بەندە کە بریتین لە قوتابی و خوێندکار، مامۆستا، بیناو پێداویستییەکان.

بەڵام پەروەردە تەنها لە یەکەمیان دەوڵەمەندەو لە دووانەکەی تر هەژارە، بۆیە دەبێ بایەخی تەواو و گرنگی بدرێت بە بەهێز کردنی میلاك، کە هەڵسوڕێنەری داینەمۆی کارەکانە بە مەبەستی زیاتر بەرەو پێشوە چوون و خزمەت کردن بە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن وە گونجاندنی لە گەڵ واقیعی کۆمەڵگەو سەردەمی ئێستا.

دوای تاوتوێ کردنی ئەم بەشە لەلایەن کۆمەڵێك سەرپەرشتیاری پسپۆری و پەروەردەیی و بەڕێوەبەر و مامۆستایانی بەخەمی خوێندنگا و قوتابخانەکان لەگەڵ ڕاگۆڕینەوە لەگەڵ کەسانی شارەزا و بە پەرۆش لە دەرەوەی پەروەردەش. ئەم سەرنج و تێبینیانەمان لا گەڵاڵەبوو کە خاڵ بەخاڵ تیشك دەخەینەسەر هەریەك لە کێشەو گرفتەکان وە پێشنیار و چارەسەریان دەخەینە ڕوو.

**باری ئێستای میلاکات:**

میلاك بە شێوەیەکی گشتی پێك دێت لە سێ بەشی جیاواز لەوانە: بەشی میلاکاتی سەرەتایی و بەشی میلاکاتی ناوەندی و دواناوەندیەکان لەگەڵ میلاکاتی فەرمانبەران.

ئەمانە هەریەکەیان لە رووی چەندایەتیوچۆنایەتی جیاوازیان هەیە، هەریەکەیان بە پێی بوارەکەی خۆی وەك لە خوارەوە یەکە یەکە دەست نیشانیان دەکەین.

**یەکەم: میلاکاتی سەرەتایی.**

**أ- گرفتەکان.**

١- لە رووی چۆنایەتیەوە میلاکەکە پێك هاتووە لە جۆرەها دەرچووی بڕوانامەی جیاواز کە ئەمانە ئامادەنەکراون بۆ کاری مامۆستایەتی، بەلام بە هۆی بارودۆخە نالەبارەکانی کە ناوچەکەمان پێیدا تێپەڕیووە بەکارهێنراون بۆ ئەو بوارە، بۆنموونە: دەرچوانی ئامادەییەکانی بازرگانی و کشتوکاڵی و پیشەسازی و پیشەسازی سەربازی و پەیمانگەکانی تەکنیکی.

٢- بوونی ژمارەیەکی بەرچاو لە مامۆستایانی کەم ئەندام و کەم توانا و نەخۆشی درێژخایان و مامۆستای بەتەمەن.

٣- هەڵاوسانی ژمارەی میلاکی مامۆستایان لە هەندێك قوتابخانەی ناوشارو کەمی لە دەورووبەر و گوندەکان.

٤- ئامادەنەکردنی دەرچووانی پەیمانگای مەڵبەندی مامۆستایان بەباشی لە پسپۆریەکانی خۆیاندا، کە هەندێك لەو دەرچووانە کە دادەمەزرێن لە پسپۆریەکەی خۆیان ڕادەکەن بە بیانوی جیاجیا.

٥- نەبوونی ئارەزوومەندی بۆ کاری مامۆستایی لەلایەن کۆمەڵێك لەو خوێندکارانەی، کە دەردەچن لە پەیمانگاکانی مامۆستایان .

٦- بوونی گرفتی کەم و کورِی جەستەیی و باری دەروونی و تەندروستی لە ناو هەندێك لە دەرچووانی پەیمانگای مامۆستایان.

٧- زۆر لە دەرچووانی پەیمانگای مەڵبەندی مامۆستایان خۆیان دانامەزرێنن بە مامۆستا و رِوودەکەنە بووارەجیاجیاکانی تر.

٨- کێشەی دروست بوونی بۆشایی لە قوتابخانەکان بە هۆی زۆری مۆڵەتی دایکایەتی.

٩- نایەکسانی پسپۆری بابەتەکان لە دەرچووانی پەیمانگاکانی مامۆستایان.

١٠- کەمی گرنگی دان بە رۆشنبیری خۆیی(التشقیف الذاتی) لەلایەن زۆر لە مامۆستایان.

١١- کێشەی دەست تێوەردان لە کاری دامەزراندن و گواستنەوەی مامۆستایان.

١٢- نەبوونی لیژنەیەکی هەمیشەیی رێکخستنی میلاك.

**پێشنیارەکان:**

١- تەنها ئەومامۆستایانە دابمەزرێن، کە ئامادەکراون بۆ کاری مامۆستایەتی لە پەیمانگاو زانکۆکان نەك بروانامەکانی تر.

٢- خانەنشین کردنی ئەو مامۆستایانەی، کە ناتوانری سوودیان لێ وەربگیرێت بۆ کاری مامۆستایەتی بە هۆی کەم توانایی و نەخۆشی درێژخایەن و تەمەنەوە، بە مووچەیەکی گونجاو کە بژێوی ژیانیان دابین بکات و لە مووچەی ئێستایان زیاتر بێت.

٣- دانانی مامۆستایانی خاوەن ئەزموون و بەتوانا لە پەیمانگاکانی مەڵبەندی مامۆستایان نەك دامەزراندنی دەرچووانی تازە لەو پەیمانگایانە.

٤- وەرگرتنـــی خوێنـــدکاران لـــە پـــەیمانگاکانی مەڵبەنـــدی مامۆســـتایان ئارەزوومەندانەبێت نەك لە رێگەی وەرگرتنی ناوەندی قبول مەرکەزی.

٥- ڕەچاوکردنی هەموو مەرجەکانی جەستەیی و دەروونی و تەندروستییەکان لە کاتی وەرگرتنی خوێنـدکاران لـە پـەیمانگای مەڵبەنـدی مامۆسـتایان لەلایـەن لیژنەیەکی پسپۆڕ.

٦- أ/ رێگەنـەدان بـە وەزارەتـەکانی تـر جگـە لـەوەزارەتی پـەروەردە بـە دامەزرانـدنی دەرچـووانی پـەیمانگای مەڵبەنـدی مامۆسـتایان لـە فەرمانگـەکانی خۆیان.

ب/ وەرگرتنی بەڵێننامە لـە خوێنـدکاران لەلایـەن بەرێوەبەرایـەتی پـەیمانگاکان کەدەبێ دەرچووانی ئەوپەیمانگایـە بـەلانی کـەم پێـنج سـاڵ خزمـەت بکـەن لـە بواری مامۆستایەتیدا

جـ/ بـژێوی ژیـانی مامۆسـتا چـاك بکرێـت بـۆ ئـەوەی ببێتـە هانـدەرێك بـۆ خۆدامەزراندنی دەرچووانی پەیمانگاکانی مامۆستایان.

٧- کردنەوەی دایەنگەی تایبەت بـۆ منـداڵی مامۆسـتایان بـە مەبەسـتی کـەم کردنەوەی مۆڵەتی دایکایەتی .

٨- هەماهـــەنگی( تەنسـیق) بکرێـت لـــە نێـوان کـارگێڕی پەیمانگـــەکانی مامۆستایان و بەرێوەبەرێتی گشتییەکانی پەروەردە بۆ کردنـەوەی ئـەو بـەش و پسپۆڕیانەی کە قوتابخانەکان و ناوچەکە پێویستی یانە.

٩- بەمەبەستی هاندانی مامۆسـتایان بـۆ رۆشـنبیرکرنی خـودی ، کتێبخانـەی قوتابخانەکان دەوڵەمەندبکرێن بە پەرتووك و گۆڤار و سەرچاوە پـەروەردەیی و

زانستە دەروونی و کۆمەڵایەتیەکان ، لەگەڵ کردنەوەی کتێبخانە بۆ ئەو قوتابخانانەی کە کتێبخانەیان نییە.

١٠-پێك هێنانی لێژنەیەکی هەمیشەیی بۆ رێکخستنی میلاك لە بەرێوەبەریتی یەکانی پەروەردە بەمەبەستی دیاری کردنی شاغیرەکان و پێداویستییەکانی میلاکی قوتابخانەکان ساڵانە و دانانی پلان بۆ چارەسەرکردنیان.

١١-کردنەوەی کۆلیژی مامۆستایان لە جیاتی پەیمانگای مەڵبەندی مامۆستایان، بەمەبەستی ئامادەکردنی کادری بە تواناتر و پسپۆرتر لە کاری مامۆستایەتی دا.

**دووەم : میلاکی ناوەندی و دواناوەنیەکان.**

**گرفتەکان :**

١- کەمی میلاك لە ناوەندی و دواناوەندییەکان بە تایبەتی بابەتە زانستییەکان.

٢- پەنابردن بۆ دەرچووانی پەیمانگاکەی مەڵبەندی مامۆستایان و تەنسیب کردنیان لە ناوەندیەکان.

٣- خۆ دانەمەزراندی کۆمەڵێکی زۆر لە دەرچووانی بابەتە زانستی یەکان لە بواری پەروەردە دا و رووکردنە کۆمپانیاو رێکخراوەبیانیەکان و کارگەکان وەك دەرچووانی کیمیا ء، فیزیا ، زیندەوەرزانی.

٤- باش ئامادەنەکردنی دەرچووانی کولیچەکان بۆ کاری مامۆستایەتی.

٥- نەبوونی لیژنەیەکی باڵای دامەزراندن و دابەش کردنی دەرچووانی کۆلیژەکان بە پێی پێویست بەسەر ناوچە جیا جیاکاندا.

٦- دامەزراندنی دەرچووانی کۆلیژە جیاجیاکان لە بواری پەروەردەدا، کە ئەمانە زۆرینەیان ئامادەنەکراون بۆ کاری مامۆستایەتی.

٧- کەمی تاقیگە لە خوێندنگاکان بە هۆی کەمی میلاك و زۆری خوێندکاران.

**پێشنیارەکان:**

١- کردنەوەی کۆلیژی پەروەردە بەگشت بەشەکانیەوە لەگەڵ لە بەرچاوگرتنی تایبەت مەندی و پێویستی ناوچەکان.

٢- دانانی کۆرسی تایبەت بۆ وەرگرتنی دەرچووانی بەشی زانستی سنوورەکەمان لە زانکۆکانی سلێمانی و کۆیەو صلاح الدین.

٣- رێگەنەدان بەدامەزراندنی دەرچووانی کۆلیژی پەروەردە کە ئامادەکراون بۆ کاری مامۆستایەتی کە دابمەزرێن لە وەزارەتەکانی تر.

٤- دابەش کردنی مامۆستایانی ناوەندی و دواناوەندی لە وەزارەتەوە بەسەر ناوچەکاندا بە پێی پێویستی و تایبەت مەندیەتی ئەوناوچە لەگەڵ خەرج کردنی دەرماڵە و شوێنی حەوانەوە کە هاندەر بێت بۆ هاتنی ئەو مامۆستایانە بۆ شوێنەکانی تر.

٥- بوونی هاوکاری تەواو لە نێوان هەردوو وەزارەتی پەروەردەو خوێندنی باڵا بۆ دەست نیشان کردنی کورسییەکانی خوێندکاران بە پێی پێویست و پسپۆری ناوچە جیاجیاکان.

٦- کردنەوەی کۆمەڵگەی پەروەردەیی ( المجتمع التربوی) ئەویش بە کۆ کردنەوەی ژمارە یەك لە خوێندگا لە ناوچە نزیك یەکەکاندا لە خوێندنگەیەکی گەورەی فرە پۆل لەو ناوچەیە دا کە مامۆستایانی هەموو خوێندنگاکانی ئەو ناوچەیە لە خۆ بگرێت و هەموو پسپۆرییەکانی تێدابێت و هۆی گواستنەوە و هاتوچۆیان بۆ تەرخان بکرێت.

**سێیەم: میلاکی فەرمانبەران.**

**گرفتەکان:**

١- نەبوونی شارەزای فەرمانبەران لەوکارانەی کە بۆی دادەمەزرێن.

٢- کێشەی تەمەنی کارگوزاران و فەرمانبەران لە قوتابخانەکان وایکردووە کە بە شەرمەوە داوایان لێبکرێت بۆ کارکردن.

٣- بوونی ژمارەیەکی زۆر لە کارگوزاری کەم ئەندام و نەخۆشییە درێژخایەنەکان.

٤- دابەش کردنی ژمارەیەك لە کرێکارە کەم تەرخەم و زیادەکانی وەزارەتەکانی تر لە رێگەی ئەنجومەنی کار.

٥- دامەزراندنی کارگوزار، هەندێ جار لەسەرووی دەستەڵات و داواکاری بەڕێوەبەرایەتیە گشتییەکان.

**پێشنیارەکان:**

١- کردنەوەی خولی تایبەت بۆ کارگوزارو فەرمانبەران بەمەبەستی شارەزاکردنیان لەو کارانەی کە پێیان دەسپێردرێت.

٢- خانەنشین کردنی ئەو فەرمانبەر و کارگوزارانەی کە تەمەنیان گەیشتۆتە سالانێك بە مووچەیەکی گونجا و کە زیاتر بێت لە مووچەی ئێستایان.

٣- تەرخان کردنی فەرمانبەری تایبەت بۆ کتێبخانەو تاقیگەکانی قوتابخانەکان و شارەزاکردنیان.

٤- پاك کردنەوەی قوتابخانەکان لە رێگەی کۆمپانیایەك بێت، لە دامەزراندن باشترە.

٥- کردنەوەی بە شێك لە وەزارەتی ناوخۆ بە ناوی پاسەوانی فەرمانگە مەدەنیەکان و قوتابخانەکانیش لەو بەشانەبن کە پاسەوانی وەزارەتی ناوخۆیان بۆ دابنرێت.

٦- لە وەزارەتی پەروەردە سیستەم و یاسا و رێساکان سەروەربێت لە دانانی فەرمانبەر لە قوتابخانەکان و دابەش کردنیان.

٧- گێڕانەوە وپێدانی دەرماڵەی ( بدل عدوی) بۆ کارگوزارەکان.

٨- پێشنیار دەکەین کە فەرمانبەرێکی تەندروست هەبێت لەهەر قوتابخانە و خوێندنگایەك کە لە ٢٠٠ قوتابی زیاتری هەبێت.

# ڕاپۆرتی
# پێداویستی کارگێڕی و دارایی قوتابخانەکان

## یازدەهەم/ پێداویستی کارگێڕی و دارایی قوتابخانەکان

**پێشەکی :**

دوابەدوای چەندین کۆبوونەوە ودانیشتن و بیرورا گۆڕینەوە لەگەڵ بەڕێوەبەرو نوێنەرانی دەزگاکانی پەروەردە بۆ ئەوەی گرفت وکێشە وپێشنیارو ڕاسپاردەکان ئامادە بکرێن بۆ کۆنگرەی پەروەردەیی، تا ئەوەی گرنگ و پێویست بێ گفتوگۆی لەسەردا بکرێت و بڕیاری لەسەر وەربگیرێ.

بەردەوامبوونی پرۆسەی پەروەردە وبەرەو پێش بردنی پێویستی بە دابین کردنی کەرەسەکانە، لە مامۆستاو بالاخانە وپێداویستییەکانی خوێندن لە پرۆگرام و کەلوپەل لەگەڵ سیستەم وکارگێری گومانیش لەوەدا نییە تا کەرەسەکانیش رێك و لێوەشاوە بن دیارە بەرهەمەکەش باشتر دەبی بۆیە ئومێدمان وایە، کە کۆنگرە گشت توانایەك بخاتە گەر بۆ دابین کردنی باشترین و بە سوودترین کەرەسەکانی خوێندن.

**گرفت و کێشەکان :-**

١- نەبوونی دەسەلاتی کارکردن واتە دەسەلاتەکان سنووردارن ودانە بەزیوون بۆ خوارەوە ئەنجام دانی هەرکارێك پێویستی بە وەرگرتنی ڕەزامەندی هەیە، ئەمەش ماوەیەکی دەوێ تا ئەو ڕەزامەندییە بە دەست دێن.

٢- زۆر لە فەرمانگەکانی وەزارەت یان بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەکان بە پلانێکی ڕێکی سالانەی دارێژراو کار ناکەن.

٣- نەبوونی شارەزایی و پارچەی یەدەگ بۆ ئەو ئامێرو کەرەستانەی لەکاتی کارکردن لەکار دەکەون نەبوونی کەسانی پسپۆر وشارەزا بۆ چاك کردنەوە ونۆژەن کردنەوەیان.

٤- دانانی کەسانێك کە پەیوەندی پسپۆری لەو کارەدا نییە بۆ نموونە دانانی مامۆستای سەرەتایی یان دواناوەندی بە ژمێریار یان بە بەرپرسی یاسایی یان تەکنیکی.

٥- نەبوونی بودجەی تەرخان کراو بۆ فەرمانگەکان.

٦- نەبوونی شوێنی گونجاو بۆ سەرجەم بەرێوەبەرایەتییەکان ودام و دەزگاکان. چونکە ئەو شوێنانەی بۆیان تەرخان کراوە. لە سالآنی هەفتاکانە لەگەڵ فراوان بوونی ئەو دەزگایانە ناگونجی.

٧- کۆنی و لەکار کەوتنی ئەو ئامێرانەی بەرهەم هێنەرن وەك ئامێرەکانی چاپخانە وهۆبەکانی فێرکردن و بنکەی کارە دەستیەکان و کارگەی دارتاش و....... هتد.

٨- نەبوونی کارەبای بەردەوام لە دەزگاکانی بەرهەم هێنەر.

٩- نەبوونی پرۆگرامی تایبەتی لە ئامادەییە پێشەییەکان بۆ خوێندنی هونەری چاپەمەنی و بەکار هێنانی ئامێرەکان.

١٠- پشتگوێ خستن وفەراموش کردنی زۆر لە بوارە پەروەردەیی و زانستییەکان وەك:-

أ- تەلەفزیونی پەروەردەیی

ب - تاقیگەکانی دەنگ

ج- فەرامۆش کردنی کارگە بەرهەم هێنەرەکان وەك کارگەی گەچ و تەباشیر کارگەی کاس و مەدالیا وکارگەی دارتاشی. هونەرییەکانی هۆبەکانی فێرکردن.

١١- نەبوونی ئۆتۆمبێلکی بارهەلگر لەسەرجەم دەزگاکان.

## پێداویستی کارگێری و دارایی قوتابخانەکان

**پێشنیارەکان :-**

١- سوود وەرگرتن لە تەکنۆلوژیای سەردەم بە گۆڕینی تەختەی ڕەش و گەچ تەباشیر بە WHTE BOARD و قەڵەم ماجیك، کە مامۆستا لە مەترسی بەکارهێنانی گەچ تەباشیر دەپارێزێ .

٢- مۆر کردنی گرێبەند لە گەڵ کۆمپانیا و دەزگای پێویست بۆ خاوێن کردنەوەی ئاودەست و ئاوەڕۆ و قوتابخانەکان لە بەر ئەوەی کارەکان لە لایەن خزمەت گوزارییەکان بەرێکی ئەنجام نادرێن.

٣- پێشنیار دەکەین لە نەخشەی نوێی قوتابخانەدا بەشی پیشەیی لەگەڵ دروست بکرێت.

٤- دامەزراندنی دەرچووانی ئامادەیی کشتوکاڵ بە چاودێری گشت و کاڵ لە باخچەی قوتابخانەکاندا بە بایەخ دان بە باخچەی قوتابخانەکان و ئامادەکردنی یان دابین کردنی کەل و پەلی پێویست .

٥- هەوڵ بدرێت بۆ بە دەست هێنانی پارچەی تەواو کەر بۆ ئەو ئامێرانەی کە لە کاتی خۆی لە ڕێگەی UNICEFو UNESCO بە بۆند هاتبوون بە ناتەواوی.

٦- لە کاتی مۆر کردنی گرێبەست بۆ دروست کردنی قوتابخانە لە گەڵ بەڵێندەر سەرجەم پێداویستییەکانی قوتابخانە ئامادە بکرێت لە کەل و پەلی کارگێری و پەرتوکخانەو تاقیگەو فرۆشگاو تەختەی رەش و رەحلە .

٧- پێشنیار دەکەین لە کاتی دامەزراندن خشتەی وەسفکردنی پۆست بە هەموو لایەنەکانیەوە بڵاوبکرێتەوە کە پێ ی دەوترێ سیستەم ( نظام ) وصف النظام .

٨- بایەخ دان بە بەڕێوبەرێتی هۆیەکانی فێرکردن و دانانی بودجەیەکی گونجاو بۆ بەگەڕ خستنەوە و پەرەپێدانی بە دابین کردنی .

أ- تەلەفزێۆنی پەروەردەیی

ب- سینەما و ڤیدیۆی پەروەردەیی

ت- تۆمارگەی دەنگ

پ- ستۆدیۆی دەنگ

ج- ستۆدیۆی وێنە گرتن

٩- دانانی ڕێنمایی تازە بۆ لە کار کەوتنی کەل و پەلی بەکار هاتوو لە سەرجەم قوتابخانەو فەرمانگەکان بە دیارکردنی کاتی دیاریکراو بۆ کەل و پەلی بەکار هاتوو .

١٠- بەرێوەبردنی سیستەمی ناناوەندی لامەرکەزی لە بەرامبەر نواندن و کارەکان لە سەر پێوەری ژمێریاری یەکگرتوو ( الحسابات الموحد ) .

١١- تەرخان کردنی بودجەیەك بۆ پێدانی پێشینە بە فەرمانبەر و مامۆستایان لە کاتی نەخۆشی و چارەسەر کردندا .

١٢- سیستەمی یەك بەرگی لە قوتابخانەکان پەیرەو بکرێ و بەپێی قۆناغەکانی خوێندن و دابین کردنی بکەوێتە ئەستۆی حکومەت .

١٣- بایەخ دان بە گەشە پێدانی هزرو هەستی نە تەوەیی کوردستان تەنانەت فەرمانبەرانی ب. پەروەردەی مەدەنی و وروژاندنەوەی دامەزراندنی کۆمەلگایەکی مەدەنی دەولەمەند کراو بەراسپاردەکانی کۆمەلگەیەکی مەدەنی و هەموار کردنی مانەکانی مرۆڤ و ماف تاکەکەس و سیستەمی دیموکراسی و هەموار کردنیان لە فەرمانگەکانی پەروەردەیی هەرێم بە گشتی .

١٤- دانانی پێناسەیەك ( تعریفەیەك )، کە لە لایەن کەسانی شارەزا لە بواری دارایی پێك هاتبێت بۆ دیاری کردنی، کەبە پێ ی ڕۆژانە ی بەشدار بووانی هەر خولێك و وانە بێژان و سەرپەرشتی خولەکان بە گوێرەی بڕوانامەیان کە لە گەلّ دابەزین و بەرز بوونەوەی نرخی کالاّ و هۆیەکانی گواستنەوە بگونجێ .

١٥- گەڕانەوەی سیستەمی کارکردن بە بەڕێوەچوونی خولەکانی درێژ خایەن (٣ مانگ و٦ مانگ ) بۆ مامۆستایانی هونەر بۆ شارەزایی پەیدا کردن لە هەموو بوارەکانی پیشە دەستییەکان .

١٦- مانەوەی بەڕێوەبەرێتی ئامادەو مەشق لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان وەبەستنەوەی هەموویان بە پەیمانگای ڕاهێنان و پەرەپێدانی مامۆستایان لە هەرێمی کوردستان .

١٧- دابین کردنی ئامێری چاپەمەنی و ئامێری دارتاشی و دابین کردنی و کرینی ئامێری نوێ لە گەڵ دامەزراندنی کەسانی شارەزا لە بنکەی هۆیەکانی فێرکردن بۆ بەرهەم هێنانی ئەو هۆیانەی کە خۆیان ساڵانە ئامادەکاری بۆ ئەنجام دەدەن و دابەش کردنی بەسەر قوتابخانەکان بۆ ئەوەی ئەرکی چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە کەم بکاتەوە کە دەکرێ تۆمارگاکانی خوێندکا کانیش لەخۆوە بگرێت.

١٨- دانانی پلانی ساڵانەی ڕێك و پێك و داڕێژراو بۆ فەرمانگەکانی سەر بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان بۆ هەر کارێك تا کارەکان بەڕێکی و لە کاتی خۆیاندا ئەنجام بدرێت .

١٩- بەڕێوەبەرێتییەکی تایبەت لە وەزارەت دابنرێت بە ناوی بەڕێوەبەرێتی بەدواداچوون بۆ بەدوادا چوونی کارەکان و بەشی لە پەروەردە گشتییەکاندا هەبێ بۆ ئەوەی کارەکان لە کاتی خۆی و بەرێکی ئەنجام بدرێن .

٢٠- بایەخ دان بە گەنجینەکان بە دروست کردنی بنایەی گونجاو دامەزراندنی کەسانی شیاو خاوەن بروانامە لە بوارەکانی کۆگاو کارگێری . وەهەروەها دابین کردنی ئۆتۆمبیلی بارهەلگر بۆ گەنجینەکان و کردنەوەی بەشێك یان وەرشەیەك لە گەنجینەکان بۆ چاك کردنەوەی کەل و پەل.

# ڕاپۆرتی
# گەشەپێدانی کارگێڕی قوتابخانەکان و خوێندنگاکان

# دوانزدەهەم/ کارگێڕی قوتابخانەکان و خوێندنگاکان

**پێشەکی :**

کارگێڕی چالاکییەکانی مرۆڤایەتییە ئامانجی گۆڕینی سامانی مرۆیی بۆ سامانی بیرو هۆشە، بریتیە لە زانست و هونەر و پیشە. پشت بە پەیڕەو و بەرنامەیەکی دارێژراو دەبەستێت لە ژینگەیەکی دروستدا . کردارێکە هەوڵ دەدات بۆ هێنانە دی ئاوات و ئامانجی دەزگای پەروەردەو ، رێکخستنی توانا و زانیارییەکانە بەمەرجێك ببێتە هێزی کاریگەری چالاکی کۆمەڵ . بنچینەی زانست و فێربوون و چاندنی خۆشەویستی و هاوکاری لەسەر زانیارییەکان و ئامادەکردنی تواناکانیان و نەخشەکێشان و ، نەشونمای ئابووری و گەشەکردنی کۆمەڵگاو دابین کردنی ژیانێکی ئاسوودە و ئازاد ، کردارێکە دەبێت بە خۆگونجاندن و هاوبەشی لەگەڵ دەستەی مامۆستایان و کارمەندان و دایکان و باوکان و لایەنەکانی دەزگا پەروەردەییەکان بە پێی فەلسەفەی سەردەم ئەنجام بدرێت .

**باری ئێستای بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانەکان (کارگێڕی قوتابخانەکان):**

دەڵێن (قوتابخانە / خوێندنگا) ژمارەیەکی بن نەهاتووی توخم و فاکتەرو پێکهێنەر دەگرێتەوە، بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕی یەکێکە لەوانە و لەگەڵ ئەوانی تردا ئەم لێکدراوە پێکدێنێ و لێك جیانابنەوە .

لەگەڵ ئەو هەموو بارە ئاڵۆزو سەختانەی بەسەر گشت لایەنەکانی ژیانماندا هاتووە کە قوتابخانەکانی گرتۆتەوە و سەرەڕای ژمارەی زۆری خوێندکارانی خوێندنگاکان و کەمی ژمارەو پسپۆری مامۆستایان و دەیان هۆکاری تر قوتابخانەی باشمان هەیە، کە ڕێژەی دەرچوونی بەرزەو نمرەی بەرزیشی زۆرەکە ماندووبوونەکەی یەکەمجار دەگەڕێتەوە بۆ دەستەی کارگێڕی و لە سەرووی هەموویان خودی بەڕێوەبەر .

بەلاَم بە گشتی قوتابخانەکانمان لە ئاستی ئاوات خوازی خۆماندا نین و بەڕێوەبەر پێشی هاوکارەکانی خۆی ئەلقەی لاوازی زنجیرەی کرداری پەروەردە پێکدێنێت ، چونکە ساڵانە ژمارەیەکی زۆری بەڕێوەبەر و دەستەی بەڕێوەبردنی قوتابخانەکان دەدرێنە لێکۆڵینەوە و سزا دەدرێن . هەرچەندە دواتر بە دوورو درێژی کێشەکانمان دەخەینە روو .. بەلاَم جێگای خۆیەتی ئەگەر بڵێین : بوونی بەڕێوەبەری لاواز دەگەڕێتەوە بۆ ڕێگای دەستنیشان کردنەکەی بۆ ئەم شوێنە گرنگە و ناسکە کەوا دیارە بەپێی مەرج و خەسڵەت و ڕێنماکان دانەنراوە ، کەواتە لەمەودوا با کەسی گونجاو لە شوێنی گونجاو دابنێین .

## کێشەکان :

١. کەمی یان نەبوونی خولی گەشەکردن و پەرەپێدانی کارگێڕی .

٢. زۆر دەست تێوەردانی لە ئیش و کاری کارگێڕی .

٣. کزی کەسایەتی بەڕێوەبەر .

٤. نەبوونی بوودجەی تایبەتی ژێر دەستی بەڕێوەبەر بۆ راپەڕاندنی کاری رۆژانە .

٥. پابەند نەبوونی بەڕێوەبەر بە ڕێنماییە پەروەردەییەکان و لەوانە :

أ. پێکهێنانی لێژنەی هەمە جۆری ڕاپەڕاندنی کاروباری قوتابخانە .

ب. بەدواداچوونی کاروباری ئەم لیژنانە .

ت. گرنگی دان بە ڕۆڵی یاریدەدەرەکان .

پ. ڕێکخستنی تۆمارەکان .

ج. کۆبوونەوەی دایکان و باوکان .

ح. ئەنجوومەنی مامۆستایان .

خ. وەلامدانەوی نووسراوە فەرمییەکان .

د. زانیاری تەواو بە سەرپەرشتیارەکان بدات .

ژ. بایەخدان بە چالاکییە هەمە جۆرەکانی دەرەوەی پۆل .

ر. سەردانی مامۆستایان لە کاتی وانە گوتنەوەدا .

٦. لاوازی رۆشنبیری بەڕێوەبەرو ئاگادار نەبوونی بە رەورەوەی پێشکەوتن .

٧. زۆری ژمارەی قوتابیان لە یەك پۆلدا .

٨. کەمی و درەنگ گەیشتنی پەرتووك و نەبوونی هۆیەکانی پێویستی فێرکردن

٩. نەبوونی سزا بۆ سەرپێچی و کەمتەرخەمی و دابەزینی ڕێژەی دەرچوون .

١٠. بوونی دوو بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی هەولێر /١ و ٢ ئالۆزیەکی پەیدا کردووە لە ڕووی وەرگرتن و گواستنەوەی قوتابیان و خوێندکاران و مامۆستایان.

١١. سەردانی سەرپەرشتیاران بە کۆمەڵ بۆ قوتابخانە و خوێندنگاکان .

**پێشنیارەکان :**

١. کردنەوەی خولی گەشەپێدانی کارگێڕی بەردەوام و ، لە لایەن کەسانی پسپۆرو لێهاتووی مەیدانی پەروەردە بەڕێوەبچێت و وانەکانیش لە لایەن ئەوانەوە بگوترێتەوە ، باشتریش وایە لەکاتی پشووکاندا بێت .

٢. بۆ دەستنیشان کردنی بەڕێوەبەری سەرکەوتوو ، پێویستە کەسانی پسپۆر و زانا لە بواری پەروەردەدا بڕیاری لەسەر بدەن و بێ دەست تێوەردانی دەرەکی .

٣. بەڕێوەبەر بەپێی مەرج و ڕێنما دەستنیشان بکرێت کە پێویستە کەسایەتیەکی دیارو بەرچاوبێت ڕێزی لەناو کۆمەڵگادا هەبێت و هیچ لێکۆلینەوەیەکی سزایی لەسەر نەبێت و نیشتمان پەروەربێت و خزمەتی لە مامۆستایەتیدا لە (٦) ساڵ کەمتر نەبێت و لەوانە (٢) ساڵ یاریدەدەرایەتی کردبێت .

٤. بەڕێوەبەر دەبێ خاوەن دەسەڵات بێت لە چوارچێوەی قوتابخانەی خۆیدا بۆ بنبڕ کردنی کێشەو گرفتەکان بەپەلە و بە ئاگادار بوونی بەرپرسانی پەروەردەیی و بۆ بەهێز کردنی ئەم دەسەڵاتە پلەیەکی وەزیفی پێ بدرێت .

٥. تەرخانکردنی داهاتی فرۆشگای قوتابخانەکان بۆ خەرجکردن لە پێداویستیەکانی قوتابخانەو پاداشت کردنی قوتابیەکان و دیاریکردنی پارەیەکی

گونجاو بەپێی ژمارەی قوتابیان لەژێر دەستی لیژنەیەکی ژمێریاری ناو قوتابخانە .

٦. پێویستە بەڕێوەبەر ڕۆشنبیر و خاوەن هزری ڕوون و دووربین بێت لەو بوارەی کە ئەرکی خۆیەتی لەوانە ڕێنماییە پەروەردەییەکان .

٧. ڕێکخستنی میلاك لە سەرەتایی دەست پێکردنی خوێندندا، کە دامەزراندن و گواستنەوە دەگرێتەوە وە بۆ کەم کردنەوەی کێشەی کارگێڕی .

٨. گەیاندنی پەرتووك بۆ قوتابخانە پێش دەست پێکردنی خوێندن و بەپێی ژمارەی قوتابیان .

٩. یەککردنی تۆمارەکانی قوتابخانە لە ڕووی زنجیرەی بابەتەکان و کردنی بە کوردی (تۆماری گشتی لەگەڵ بۆرد و کارت و تۆماری نمرەی مامۆستایان...).

١٠. پابەند بوونی بەڕێوەبەر بە ڕێنماییە پەروەردەییەکان و بەدواداچوونی سەرپەرشتیاران و بەو پابەندبوونەیان و پاداشت کردنی بەڕێوەبەری سەرکەوتوو سزادانی سەرپێچی کردن بەپێی یاسا .

١١. پێویستە بەڕێوەبەر ڕەچاوی ئەم خالانەی خوارەوە بکات :

أ. بڕوای بە گۆڕانکاری و گەشەکردن هەبێت .

ب. هەست بە بەرپرسیاریەتی بکات و لەکاری خۆیدا دڵسۆز بێت .

ت. توانای نەخشەکێشانی هەبێت و پڕۆگرامی تایبەتی بۆ دابنێت .

پ. توانای هەبێت پەیوەندی لەگەڵ دەوروبەرو کۆمەڵگادا بکات .

ج. توانای هەبێت بەپێی کێشەکان خۆی بگونجێنێت ، نەرم و نیان بێت لە هەڵس و کەوتدا پشوودرێژ بێت و هەڵنەچێت.

ح. توانای بەدواداچوونی هەبێت و ئەوەی پەیوەندی بە کارمەندانی قوتابخانەکەی هەبێت ئامادە بکات .

خ. گرنگی بە پلانی ساڵانەی کارگێڕی بدات و خاڵەکانی لەکاتی خۆیدا جێبەجێبکرێت و بەدواداچوونی لەگەڵ سەرپەرشتیاراندا .

د. ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕا لەگەڵ بەڕێوەبەرەکانی دەوروپشتی خۆی بەرێگەی سەردانیان بۆ سوود گەیاندن و سوود وەرگرتن .

ژ. راستگۆ و دادپەروەردو دەست پاك و دڵسۆز و ئارام بێت و، قوتابخانە بە ماڵی خۆی بزانێت .

١٢. دوو بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە بکرێتەوە ، یەکێکیان بۆ خوێندنی دواناوەندی و ئەوی تریان بۆ خوێندنی سەرەتایی ، لە شوێنی بەرێوەبەرایەتی گشتی ئێستا لەگەڵ هەردوو بەرێوەبەرایەتی پەروەردەی ١ و ٢ لە هەولێری پایتەخت .

١٣. دیاری کردنی فەلسەفەیەکی پەروەردەیی کە لەگەڵ بارودۆخی هەرێمدا بگونجێت.

١٤. سەردانی سەرپەرشتیاران بۆ قوتابخانەو خوێندنگەکان بە بەرنامە بێت .

١٥. گرنگیدان بە خوێندنگاکانی ئێواران لە رووی بینایە و کارەباوە .

# ڕاپۆرتی لیژنەی
# پەرەپێدانی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی

## سێزدەهەم/ پەرەپێدانی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی

**پێشەکی :**

ڕاگەیاندن لەنێو زنجیرەکانی دەسەلاتی ولات بەدەسەلاتی چوارەم دادەنرێت بەلام ڕاگەیاندنی پەروەردەیی دوای قوتابخانەو خێزان بە تەوەری سێیەمی پرۆسەی خوێندن دادەنرێت، چونکە لەم سەردەمەدا هۆیەکانی گەیاندن لە (بینراو و بیستراوو نووسراو) وەکو هۆکارێکی دەروونی و هزری و جەستەیی لەگەڵ کەسایەتی قوتابیدا گەشەدەکەن و کار لەهەموو جوولانەوەو ڕەفتاری ڕۆژانەی دەکەن و دەبنە بەربەستێکی بەهێز بۆ ڕێگرتن لە هەموو کارێکی نابەجێی دوور لەپەروەردەو فێرکردنی دروست.

لێرەدا مەبەستی ئێمە لەپەرەپێدانی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی، ئەوەیە کە ببێتە هێزێکی بزوێنەر بۆ هۆشیارکردنەوەو دروستکردنی کەسایەتییەکی تەواو بۆ قوتابی و خوێندکارو دۆزینەوەی بەهرە شاراوەکانیان و گەشەپێدانی حەزو ئارەزووەکانیان و ئاوێتەکردنیان لەگەڵ بنەمای تەکنەلۆژی و زانستییەکانی سەردەمدا لەلایەکەوە و هاوسەنگی کردنیان لەگەڵ بەها کۆمەلایەتییەکاندا لەلایەکی دیکەوە.

بەپێی فەرمانی وەزاری ژمارە (٣٧٩١) لە (٢٠٠٧/٣/٢٦) لێژنەی پەرەپێدانی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی لە ڕۆژی (٢٠٠٧/٤/١) کۆبووەو ئەو ڕاپۆرتەی تایبەت بە تەوەری ڕاگەیاندنەوە کە لەلایەن کۆمەڵی فیدراسیۆنی قوتابیان و خوێندکارانەوە ئامادەکرابوو تاوتوێ کردو خاڵە پێشنیارکراوەکانیان لەگەڵ ڕاپۆرتی لێژنەی پەرەپێدانی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی لەوەزارەت بەراورد کراو هەردووکیان لەم ڕاپۆرتەی خوارەوەدا ڕێکخرا:

## ئەمڕۆی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی

لەهەر کارێکی تەکنیکیدا بەتایبەت لەپڕۆسەیەکی وەکو پەروەردەو فێرکردندا، ڕاگەیاندن کۆڵەگەیەکی سەرەکییە، کە لەزنجیرە پڕۆژەیەکی ئاوێتەیی هەمەجۆر لەئامارو پلاندانان و بەرنامەڕێژی پرۆگرامەکانی خوێندن و ئامادەکردنی مامۆستایان و پەروەردەکردنی منداڵ لەڕووی جەستەیی و دەروونی و عەقڵییەوە پێکهاتووە تا دەگاتە داڕشتنی فەلسەفەیەکی هەڵقوڵاوی باری ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و ڕۆشنبیری کۆمەڵ، کە هەموویان پێکەوە، توانای گەشەکردن و خۆگونجاندنیان لەگەڵ پێشکەوتنە تەکنەلۆژییەکانی سەردەمدا تێدا بێت، چونکە ئەمڕۆ ڕاگەیاندن تەواوکەری ژیانی سەردەمە و خاڵی پێکەوەبەستن و لێك تێگەیشتنی دەسەڵات و یاسا و جەماوەرە. فەرمانی کۆکردنەوە و نمایشکردنی بەرهەمی ئەقڵی سەدان و هەزاران کەسی ناو چین و توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵە، پێشانگای نمایشی تواناکانی گۆڕانکاری خەڵکە بەرەو وڵاتێکی ئارام و کراوە و پێشکەوتوو.

هاوتەریببوونی ڕاگەیاندن لەنێو پرۆسەیەکی وا تیۆر ئاڵۆز لەڕووی پراکتیزەکردنیشەوە هەمەجۆر بێت. بزاڤێکی زانستی ڕۆژنامەنووسییە بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی لەنێوان سەرجەم لایەنەکانی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردنداو، لەمیانی ئەم هەستپێکردنەدا تاکو ئێستا ئەم هەوڵانە دراون:

**لەڕووی ڕۆژنامەنووسییەوە:** تاڕادەیەکی باش بایەخی پێدراوەو، ئەم گۆڤارو کتێب و ڕۆژنامانە دەرچوونە:

أ ـ گۆڤاری ئاسۆی پەروەردەیی: گۆڤارێکی مانگانەی پەروەردەیی ڕۆشنبیرییەو لە (١٢٨) لاپەڕەی قەوارە گەورە پێکهاتووەو چەندین بابەت و گۆشەو

ڕیپۆرتاژو هەواڵ و چالاکییەکان و ئەرشیفکردنی کارو ئەرکەکانی وەزارەت لەخۆ دەگرێت، بەگشتی بایەخ بەهەموو لایەنەکانی خوێندن دەدات لەبابەتە زانستی و مرۆییەکان و ئەزموونەکانی دەرەوەو ناوەوەی کوردستان و (٥) لاپەڕەی کۆتایی بەڕێنووسی کوردی لاتینییە. بەتیراژی (١٠٠٠٠) دانە تائێستا (٧٥) ژمارەی لێ دەرچووە.

ب ـ گۆڤاری (آفاق تربوية): گۆڤارێکی وەرزی ڕۆشنبیری پەروەردەییەو بەزمانی عەرەبی دەردەچێت لەگەڵ پاشکۆیەکی پوختەکراوی بابەتەکانی ژمارەکە بەزمانی ئینگلیزی. گۆڤارەکە وەرزییەو لە (١٦٠) لاپەڕەی قەوارە گەورە پێکدێت و تائێستا (١٣) ژمارەی لێ دەرچووە بەتیراژی (١٥٠٠) دانە چاپ دەکرێت.

ج ـ ئاسۆی منداڵان: گۆڤارێکی منداڵانەیەو لە (٤٤) لاپەڕەی قەوارە گەورەی ڕەنگاوڕەنگ پێکهاتووەو مانگانە بەتیراژی (٦٠٠٠) دانە دەردەچێت و تائێستا (٢٤) ژمارەی لێ دەرچووە.

د ـ **ئاسۆی فێرخوازان:** ڕۆژنامەیەکی مانگانەیە لە (٤) لاپەڕەی قەوارە گەورەی ڕەنگاوڕەنگ پێکهاتووەو بەتیراژی (٨٠٠٠) دانە دەردەچێت و بەسەر بنکەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواریدا بڵاودەکرێتەوەو تائێستا (٥١) ژمارەی لێ دەرچووە.

هـ ـ زنجیرە کتێبێکی پەروەردەیی کە لەبڵاوکراوەکانی گۆڤاری ئاسۆی پەروەردەیینە، تائێستا (٤٦) کتێبی هەمەجۆریان لێ دەرچووە، بۆئەوەی کتێبخانەی قوتابخانەکان و دەزگە پەروەردەییەکانی پێ دەوڵەمەند بکرێت.

و ـ دەرکردنی چەندین پۆستەرو ڤۆڵدەری تایبەت بە مێژووی کوردو کوردستان و مافی منداڵ و بۆنە پەروەردەییەکان و نەهێشتنی توندوتیژی لەنێو قوتابخانەکانداو ئەنجامی ڕاپرسی لەبارەی بیروبۆچوونی مامۆستاو کارمەندانی

پەروەردەیی لەسەر ڕاگەیاندنی پەروەردەیی. سەرەڕای کاری بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەنووسی پەروەردەیی، هەوڵدراوە کە بەرنامەیەکی گشتگیرو هەماهەنگی لەنێوان دەزگە پەروەردەییەکاندا دروست بکات، کە دەتوانین هەندێکیان لەم چەند خاڵەدا کۆبکەینەوە:

١ـ پەیوەندیکردن لەگەڵ مامۆستایانی زانکۆ، بۆ سازدانی سیمیناری پەروەردەیی و هەروەها نووسین لەگۆڤارەکاندا بەتایبەتی مامۆستایانی کۆلێژەکانی پەروەردەو پەروەردەی بنیات و ئاداب و زانست لەزانکۆی سەلاحەددین و کۆلێژی ئاداب و پەروەردەی بنیات لەزانکۆی دهۆک، ئەوەش بووەتە هۆی بەشداریکردنی مامۆستایانی زانکۆ لە لێژنەکانی پرۆگرامی خوێندن لەوەزارەتی پەروەردە، هەروەها وانەگوتنەوە لەخولەکانی شیاندن و مەشق و ڕاهێناندا.

٢ـ داواکردن لەمامۆستایان و پسپۆڕانی پەروەردەیی بۆ هەڵسەنگاندنی پرۆگرامەکانی خوێندن بەتایبەتی لەچاپە نوێیەکان و بڵاوکردنەوەیان لەگۆڤاری ئاسۆی پەروەردەییدا، بۆئەوەی مامۆستایان ڕاستەوخۆ بەشداری لەدانان و هەڵسەنگاندن و ڕاستکردنەوەی بابەتەکان بکەن.

٣ـ تائێستا پتر لە(١٥٠٠) مامۆستاو سەرپەرشتیاری پەروەردەیی و پسپۆری بە بابەت و ڕاوبۆچوونیان بەشدارییان لەنێو ئاسۆی پەروەردەییدا کردووە جگە لە ڕێژەیەکی زۆر لەقوتابیان و دایکان و باوکان ...

٤ـ هاندانی فێرخوازانی بنکەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواری کە بتوانن گوزارشت لەڕاوبۆچوون و دەروونیان بکەن، جگە لەفێربوون و ڕاهاتن لەسەر

خوێندنەوەی ڕۆژنامە، کە ئەرکێکی شارستانییەو پێویستە هەر تاکێکی کۆمەڵ لەسەری ڕابهێنرێت و بەشدارییەکی ئەرێنیشی هەبێت.

٥- ئەرشیفکردنی هەموو چالاکییەکانی وەزارەت و بەدواداچوونی بەردەوام لەبارەی جێبەجێکردنی یاساو بڕیارەکانی پەروەردەیی، چ بەڕیپۆرتاژ یان بابەت یان گوتاری جیا جیا بەتایبەت لەلایەن مامۆستاو سەرپەرشتیارانەوە.

٦- نووسین و گواستنەوەی ئەزموونی پەروەردەو فێرکردنی وڵاتانی بیانی لەهەموو کیشوەران و، هەڵسەنگاندن و سوود وەرگرتن لەخاڵە ئەرێنییەکان، بۆئەوەی ئەزموونی پەروەردەیی لەهەرێمدا پتر دەوڵەمەندو مۆدێرن بکرێت.

**لەڕووی ڕاگەیاندنی بینراوو بیستراویش** چەند هەوڵ تەقەلا درابوو بەلام لەئاستی پێویست نەبوون وەکو:

١- تەلەفزیۆنی پەروەردەیی لۆکال (ناوخۆیی) لەسلێمانی کە پەخشەکەی لەسنووری شارەکە تێپەڕی نەدەکرد.

٢- بەرنامەی تەلەفزیۆنی پەروەردەیی کە دوو هەفتە جارێك لەکەناڵەکانی تەلەفزیۆنی هەرێم لە هەولێر و تەلەفزیۆنی خەبات لە دهۆك پێشکەشکراوە کە پتر ڕاگەیاندنی هەواڵ و چالاکییە پەروەردەییەکان بووە.

٣- هەروەها بەرنامەی پەروەردەیی هەمەجۆر جاروبارو بەپێی دەرفەت لەڕادیۆیەکانەوە پەخش کراوە کە ئەمیش لەئاستی پێویستدا نەبووە.

* * *

## دەستنیشانکردنی کەم و کوڕییەکان

١ـ نەبوونی پەیکەربەندێکی تایبەت بە بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندن و بەشەکانی لەدیوانی وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی پەروەردە لە پارێزگاکان و بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی قەزاکان  کە بەپێی سیستەمێکی گشتگیر ئیش وکاریان دەستنیشان کرابێت.

٢ـ نەبوونی کادری ئەکادیمی لەبواری ڕاگەیاندنی پەروەردەیی بەتایبەتی لەستافی گۆڤاری ئاسۆی منداڵاندا.

٣ـ شارەزایی کادری ڕاگەیاندنی پەروەردەیی سنوردارە ، چونکە تا ئێستا بەشدارییان لە خولی شیاندن و بەهێزکردنیان نەکردووە بەتایبەتی لە دەرەوەی هەرێمدا.

٤ـ لاوازی پەیوەندی لەنێوان ناوەندەکانی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی و قوتابخانەکان و کەمی بەشداربوونی قوتابی و مامۆستایان لە چالاکییە ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنەکاندا.

٥ـ ئەو گۆڤارانەی ئێستا لەلایەن وەزارەتەوە دەردەچن ( ئاسۆی پەروەردەیی، ئاسۆی منداڵان، أفاق تربویە، ئاسۆی فێرخوازان) تیراژیان کەمە و بەشی هەموو قوتابخانەو دەزگە پەروەردەییەکان ناکات.

٦ـ نەبوونی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی بە زمانی نەتەوەکانی دیکە لەهەرێمدا وەکو (تورکمانی، سریانی، عەرەبی)، هەروەها نەبوونی بڵاوکراوە پەروەردەییەکان بەزمانی ئینگلیزی کە زمانێکی سەرەکییە لە پرۆگرامەکانی خوێندندا و هەروەها زمانی گفتوگۆکردنە لە نێوان هەرێم و جیهانی دەرەوەدا.

٧- دابڕانی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی لەگەڵ ناوەندەکانی دیکەی ڕاگەیاندن لەهەرێمدا بەتایبەتی لەگەڵ ڕاگەیاندنی وەزارەتەکانی دیکەی حکومەت کە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە هەندێك لایەنی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردنەوە هەیە.

٨- لاوازی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی لەبواری زانیارییە تەکنۆلۆژییەکاندا، بەهۆی نەبوونی ماڵپەرێکی ئەلکترۆنی و کەناڵێکی تەلەفزیۆنی و ئێستگەیەکی رادیۆیی سەرانسەری.

٩- لاوازی ڕۆڵی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی لەبواری بەستنەوەی خێزان و قوتابخانە بەیەکەوە بۆ ئەوەی کەناڵێکی هاوکاری هاوبەش لەنێوانیاندا دروست بکرێت و پەروەردەی منداڵ بکرێتە ئامانجی هەردوو لایەن.

١٠- پەرت و بڵاوی بەهرەی مامۆستایان و قوتابیان و نەبوونی شێوازێکی هاندان بۆ لە باوەش گرتنی بەرهەمەکانیان و چاپ و بڵاوکردنەوەیان.

١١- سستی پەیوەندی لەنێوان ناوەندەکانی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی هەرێم و ناوچە نوێ ئازادکراوەکانی دیکە بەتایبەتی لەڕووی چاپەمەنییەکانەوە لە گۆڤارو ڕۆژنامەوە.

## چارەسەرکردن

لەپێناو بەرەوپێشبردنی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی و ئامادەکردنی ڕاپۆرتی لێژنەی پەرەپێدانی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی، لەکۆبونەوەیەکی فراواندا ڕۆژی ٢٠و٢١-٩ - ٢٠٠٦ نوێنەرانی پەروەردەکانی هەرێمی کوردستان لە هەولێر کۆبوونەوەو ڕاپۆرتەکانی خۆیان خوێندەوەو چۆنیەتی ڕاپەڕاندنی کارەکانیان خستەڕوو، سەرنج و ڕاو پێشنیارەکانیان باس کردو لەلایەن سەرجەم ئامادەبووانەوە گفتوگۆیان لەسەر کراو دواتر لەڕۆژی ٢٠٠٦/١٠/١١ لێژنەیەکی دەستنیشانکراو لە ڕاگەیاندنی دیوانی وەزارەت و هەرسێ بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی هەولێرو سلێمانی و دهۆك لە دیوانی وەزارەت کۆبووەو ناوەڕۆکی ئەم ڕاپۆرتەی تاوتوێکردو دوای گفتوگۆکردن بەپێی کۆنووسی کۆبووەنەوەکە لەلایەن ئامادەبووان لەئەنجامدا ئەو خاڵانەی کەلە کۆبوونەوەی پێشتر دەستنیشان کرابوون، پەسەندکران:

### لەڕووی کارگێڕییەوە:

١- میکانیزمی ڕاستەوخۆ و ئەرێنی لە ڕاپەڕاندنی ئیش و کاری ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن لە نێوان بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندنی دیوانی وەزارەت و بەشەکانی دیکەی ڕاگەیاندن لە پەروەردەکانی پارێزگا و قەزاکاندا نییە، بۆیە پێشنیاز دەکەین کە پەیکەربەندی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی لەدیوانی وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی پەروەردە لەپارێزگەکان و بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی قەزاکان بەم شێوەی خوارەوە بێت:

أ - دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتی گشتیی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی و پەیوەندییە ڕۆشنبیرییەکان لەدیوانی وەزارەت کە لەم بەڕێوەبەرایەتیانە پێکبێت:

- بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی.

- بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندییە ڕۆشنبیرییەکان.

- بەڕێوەبەرایەتی وەرگێڕان و زانیارییە تەکنەلۆژییەکان.

- بەڕێوەبەرایەتی چاپەمەنی و بڵاوکراوەکان.

- بەڕێوەبەرایەتی تەلەفزیۆنی پەروەردەیی.

- بەڕێوەبەرایەتی سینەماو شانۆو کتێبخانەی منداڵان.

ب - لەدیوانی بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی پەرەوەردە لە پارێزگەکان (بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی) دابمەزرێت و هەروەها لەدیوانی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی قەزاکان بەشی ڕاگەیاندن هەبێت.

جـ - دەرکردنی ڕێنمایی تایبەت بۆ ڕێکخستنی کارو ئەرکەکانی پێکهاتەکانی پەیکەربەندی ناوبراو.

٢- کردنەوەی خولی شیاندن و ڕاهێنان بۆ کارمەندانی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی کە لە حەفتەیەك کەمتر نەبێت بەهەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی مەشق و ڕاهێناندا.

٣- تەرخانکردنی کورسی خوێندن لەکۆلێژەکانی زانکۆکان - بەشی ڕاگەیاندن بۆ کارمەندانی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی مۆڵەتپێدراو لەسەر ئەرکی وەزارەتی پەروەردە.

٤- لەهەر شاندێکی پەروەردەیی تەکنیکی کە ڕەوانەی دەرەوەی هەرێم دەکرێت کارمەندێکی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی تێدا ئەندام بێت، بە تایبەتی ئەگەر ژمارەی ئەندامەکانی لە (٥) کەس زیاتر بێت.

٥- كردنەوەی بەشی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی لەپەیمانگەی هونەرەجوانەکان بۆ ئەوەی کادری پسپۆر بۆ بەشەکانی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی و ڕۆشنبیری دابین بکرێت.

٦- دەستنیشانکردنی مامۆستایەك لەهەر قوتابخانەیەك بۆ کارەکانی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی و سەرپەرشتیکردنی (یانەی داهێنان) کە پێویستە لەهەر قوتابخانەیەك دابمەزرێت و دەرکردنی ڕێنمایی تایبەت بۆ ڕاپەراندنی کاروباری ئەم یانەیە.

٧- بەهێزکردن و گەشەپێدانی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی لەناوچە تازە ئازادکراوەکانی کوردستان.

٨- بایەخدانێکی تایبەت بەبەشی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی لەبەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی هەڵەبجەی شەهید و دەوروبەری لەبواری ڕۆشنبیری ڕاگەیاندنی پەروەردەییدا.

٩- دەرکردنی پاشکۆی گۆڤارەکان بەزمانی (عەرەبیو سریانیو تورکمانیو ئینگلیزی...هتد) هەروەها ئامادەکردنی بەرنامەی تایبەت بەم زمانانە لەتەلەفزیۆن و ڕادیۆ پەروەردەییەکاندا.

١٠- بایەخدان بە ستافی نووسین و هونەری گۆڤارەکان و زیادکردنی ژمارەی ئەو کەسانەی کە شارەزایی ئەکادیمیان لەو بوارەدا هەیە.

١١- پێکهێنانی لیژنەیەکی باڵای ڕاگەیاندنی پەروەردەیی کە ئەندامانی لە نوێنەرانی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتەکانی پەروەردە و ڕۆشنبیری و کاروباری کۆمەڵایەتی و داد پێك بێت، بۆ لێتۆژینەوەی حاڵەتە ناپەروەردەییەکان لەناو دەزگەکانی ڕاگەیاندن لەهەرێمدا.

**لەڕووی تەکنیکییەوە**

١ـ هەندێك بابەتی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی بەسوود بخرێتە ناو پرۆگرامەکانی خوێندن لەقۆناغی پەیمانگەی مامۆستایان.

٢ـ دامەزراندنی کەناڵێکی تەلەفزیۆنی ئاسمانی پەروەردەیی لەگەڵ دابینکردنی میلاك و پێداویستییەکانیدا، لەم ڕووەوە پێشنیار دەکەین کە نیوەی ماوەی پەخشی کەناڵی ئاسمانی تەلەفزیۆنی (نەورۆز)، کە بڕیارە وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان بیکاتەوە، بەشێوەیەکی کاتی بۆ پەخش کردنەوەی بەرنامە پەروەردەییەکانی وەزارەتی پەروەردە تەرخان بکرێت.

٣ـ فراوانکردنی پەخش و ماوەو مەوداو کاری تەلەفزیۆنی پەروەردەیی سلێمانی.

٤ـ دامەزراندنی ئێزگەیەکی ڕادیۆی پەروەردەیی کە پەخشەکەی سەرتاسەری بێت.

٥ـ زیادکردنی تیراژی گۆڤارو ڕۆژنامەی پەروردەیی (ئاسۆی پەروەردەیی، ئاسۆی منداڵان،ئاسۆی فێرخوازان، آفاق تربوية) بەتایبەتی گۆڤاری ئاسۆی منداڵان کە بەڕێژەی (٧٥٪) بگاتە باخچەی ساوایان و قوتابخانە سەرەتاییەکان و تەرخانکردنی بودجەیەکی هەمیشەیی بۆ ئەم مەبەستە.

٦ـ دەرکردنی زنجیرەی بڵاوکراوەکانی گۆڤاری ئاسۆی پەروەردەیی لەکتێب و نامیلکەی زانستی و پەروەردەیی وبایەخدان بەوەرگێڕانی کتێبە پەروەردەییە بیانییەکان کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە دوا گۆڕانکارییەکانەوە هەیە، بەتیراژێکی زۆر چاپ بکرێن کە کتێبخانەی گشت قوتابخانەکانی هەرێم سوودیان لێوەربگرن.

٧ـ کردنەوەی ماڵپەڕێکی پەروەردەیی گشتی.

٨ـ چاپکردنی بەرهەمی پەروەردەیی مامۆستایان هەروەها پاداشتکردنی خاوەن بەرهەمەکان.

٩ـ سازدانی فیستیڤاڵی ساڵانەی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی لەپێناو دەرخستنی تواناو بەهرە شاراوەکان.

١٠ـ پێکهێنانی لیژنەیەکی گەڵاڵە کردنی عەقڵ و هزرە پەروەردەییەکان، بەمەبەستی کۆکردنەوەی ناوی ئەو ئەدیب و نووسەرە پسپۆرە پەروەردەییانەی لە بواری ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن پەروەردەییدا کاردەکەن و پێشنیاریان هەیە. ئەو کەسانە بە ڕەسمی بانگهێشت دەکرێن و لە ڤیستیڤاڵەکانیشدا بەشدار دەبن.

١١ـ کاراکردنی کتێبخانەی قوتابخانەکان و کتێبخانەی منداڵ لەپێناو گەشەپێدان و خزمەتکردنی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی.

١٢ـ هەماهەنگی لەگەڵ ناوەندەکانی ڕاگەیاندنی هەرێم بۆ ئامادەکردن و پەخشکردنی بەرنامە پەروەردەییەکان.

هەندێك لەو پێشنیازانەی سەرەوە ئاماژەیان پێدراوە، لە کاتی پەسەندکردنیاندا پێویستیمان بە دەرکردنی ڕێنمایی تایبەتییە کە لەلایەن لێژنەیەکی پسپۆری تەکنیکییەوە ئامادەبکرێن، بۆیە لەم ڕاپۆرتەدا بە پێویست نەزانرا ئەو وردەکارییانە باس بکرێن.

# ڕاپۆرتی
# وەرزش و دیدەوانی

# چواردەهەم/ وەرزش و دیدەوانی و چالاکی هونەری

## ١- وەرزش و دێدەوانی

### پێشەکی

وەرزش ئەمرۆ پێویستییەکی ژیانە بۆیە بەو شێوەیە بایەخی پێدراوە لە ڕووی چۆنیەتی و پەرەی سەندوە و جیهانی سەرسام کردووە، بەڵام لە کوردستانی ئازیزدا بەداخەوە لاوازە بەپێی پێویست نییە بەتایبەتی لە قوتابخانە و خوێندنگاکاندا ئەمەش بێگومان دەکەوێتە ئەستۆی کادیرانی وەرزش و پەروەردەیی و وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، چونکە ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی چالاکی وەرزشییەکان دەکات لە هەموو (قوتابخانە و خوێندنگاکانی کوڕان و کچاندا) بۆ یە پێویستە هەوڵی جدی بۆ بدرێت و فەرامۆش نەکرێت وە هەموو بارێکی بۆ بگونجێت لە پێناو خزمەت کردنی بواری وەرزش چونکە گەشە کردنی وەرزش ئاوێنەی شارستانیەتە و ڕووی ڕەو شانەوەی گەلانە .

بواری وەرزش بێگومان وەکو بوارەکانی تر لەکەم و کوڕی و گرفتەکان بەدەرنییە بەتایبەتی پەرەوردەی وەرزش لە قۆناغەکانی خوێندنی( باخچەی ساوایان – قۆناغی سەرەتایی – قۆناغی ناوەندی – ئامادەیی و پیشەیی ) . کەم و کوڕییەکی بەرچاو لە وانەی پەروەردەی وەرزشی قوتابخانەو خوێندگاکان بەدی دەکرێ ، بەدامەزراندی دەزگا فێرکارییەکان لە عێراق تا ئەمرۆ گۆڕان کارییەکی ئەو تۆ بەسەر ئەم وانەیە نە هاتووە وێڕای فراوانی پانتایی جیهانی وەرزش و ئەو گۆڕانکارییانەی کە بەسەر وەرزش هاتووە لە وڵاتانی دەرەوەی کوردستان و عێراقی فیدراڵ ، دیارە ئەم کەم و کوڕیانە زیاتر بەهۆی بێ پاکی ڕژێمە داگیر کراوەکانی یەك لە دوای یەکی کوردستاندا . و بایەخ نەدانی بە

پەروەردەی وەرزشی ڕاستە قینە و گۆڕینی ئەم بزافە بە پەروەردە کردنی پێشەنگ و لاوان(طلائع و فتوة ) لە قوتابخانەکانە و خوێندگاکانەوە و مەڵبەندەکانی لاوان و هەندێ دەزگا وەرزشیەکانی تر هەبوو.

وەرزش هەر لە کۆنەوە ڕۆڵی بەرچاو و کاریگەی هەبووە لە پێناساندنی کۆمەڵ و ئاشتی نێوان گەلان بۆ یە پیتۆلەکان لە سەردەمی ئەگریکەکان بە پێویستیان داناوە گشت مرۆڤێك وەرزش بکات . بە هەمان وتەی (سوقرات) دەڵێت ((دەبێت هەموو هاولاتیەك وەرزش بکات تاببێتە مرۆڤێکی بە سوود بۆ خزمەت کردنی گەلەکەی ))

بۆ پارێزگاری جوانی جەستەو بەهێز بوون وەرزش بووە بە ناسنامەی نەتەوەیی و ناساندنی بە جیهانەوە. ژیانی بێ وەرزش تەمەنی کورتە . بێ گومان پەروەردەی نوێ و سەردەم (قوتابیان وخوێنکاران) پێگەیاندنیان تەنها لەزانیاری و زانست نییە، کەوابوو ڕاهێنانی جەستەیی بە شێوەیەکی یاسایی وەرزش و ئەکادیمی. هاوسەنگی دروست دەکات لە نێوان جەستەیی و عەقڵ و هۆش بۆیە گرنگی و گەشە پێدانی وانەی پەروەردەی وەرزش لە عەقلیەتی سەردەم لە دایە نگەوە دەست پێ دەکات تا بەرزترین ئاستی خوێندن و بەردەوام . بۆیە لەم کۆنگرەیە دەبێ بە بوێرانە بتوانین بڕیاری سوود بەخش بدەین بۆ گەشە پەرەپێدانی وانەی پەروەردەی وەرزشە لەسەرجەم قۆناغەکانی خوێندن و گۆڕینی سیستەمی کۆنی حەفتا ساڵی پێش ئیستا بۆ تازە گەری سەردەمانە کە بگوبجێن لەگەڵ عەقلیەتی گەنج و یاسا و بەزانینێکی هاوچەرخانە کە خزمەتی جگەر گۆشەکانمان بکات لەروی عەقلیەت و جەستەیی. نەتەوەیەکی بیر ڕۆناك و هۆشیار و بەهێزی جەستەیی بێتە گۆڕەپانی ژیانەوە بۆ خزمەتی نەتەوە ونیشتیمانەکەمان هەروەها ، پەروەردەی

دیدەوانی چالاکیەکانی بالێکی گرنگی کۆمەلایەتیە بۆ یە وەرزش و دیدەوانی مانای خۆشەویستی نیشتیمان و دەست پاکی و ڕێزگرتن و پێکەوە ژیان و هەست کردن بەیاسایە، بۆیە ئەم خالانەی دەیخەینە ڕوو بۆ بڕیار دان و پەسندکردنی چونکە دەگونجێ لەگەڵ سیستەمی کۆمەلگایی کوردەواریدا لە کۆنگرە.

پێویستە ئەو کێشە وەرزشییە خوارەوە لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت دەست نیشانی خالە لاوازەکان و گرفتەکان بکرێت .

أ . تەوەری قوتابیان و خوێندکاران .

ب. تەوەری مامۆستایان .

ج. پرۆگرام و نەخشەدانان .

د. بینا و کەرستەی وەرزشی .

کە چوار بازنەی پێکەوە گرێ دراون کەم تەرخەمی لەهەر یەکەیان کار دەکاتە سەر بزوتنەوەی وەرزش چونکە پەروەردەی وەرزش دابڕاو نیە لەبەر نامەی پەروەردە بەڵکو تەواو کەری یەکترن بۆیە دەبێت گرفتەکانی چارە سەر بکرێت لە هەموو قۆناغەکانی خوێندن.

**کورتە باسێك لەسەر باری ئیستا و قۆناغەکانی خوێندن .**

**أ – قۆناغی باخچەی ساوایان .**

١ . **منالآن** : منالّ لەم تەمەنەدا لەسەرەتای گەشەکردن دایە وەکو دەلّێن (کاغەزی سپییە) چی لەسەر دەنووسی ئەوت پێشان دەدات لە هەموو قۆناغێك زیاتر پێویستی بە چاودێری هەیە بۆیە دەبێت هەولّ بدرێت بەچاندنی حەزوو خۆشەویستی بۆ چالاکی و جولّەی وەرزشی لە ناخی دارێژریّ بۆ ئەوەی لەگەلّ گەورە بوونی جەستەییدا ئەو حەزەش چرۆ بکات گەورەبێت بەمەرجێك ئەو چالاکیانە بگونجیّ لەگەلّ توانای جەستەیی و دەروونی لەسەر بنەمایەکی زانستی و پەروەردەیی رۆشنبیری و کۆمەلآیەتیدا.

٢. **مامۆستا** :. دابین کردنی مامۆستای پێویستە بۆئەم قۆناغە هەستیارە تیایدا رۆلّی دایك و باوك دەبینیّ چونکە دەبیّ ئاشنا بێت بە شێوازی مامەلّە کردن لەگەلّ منالآندا، بۆیە پێشنیاز دەکەین دەرچووانی بەشی وەرزشی ( پەیمانگاکان و کۆلیژی پەروەردەی بنەڕەتی بەتایبەتی کچان لەم قۆناغەدا دابمەزرێن لەگەلّ دابین کردنی کەرستەی پێویست لە ژێر چاودێری پەروەردەیی رێك و پێکدا .

٣. **پرۆگرام** :. لەم قۆناغە دەبێت زیاتر بایەخ بە چالاکی و جولّەی وەرزشی بدرێت و بگونجێت لەگەلّ توانای جەستەیی و دەرونی مندالّ و ئەو کەرەسەییانە کەلە باچخەکاندا هەیە بۆ ئەوەی زیاتر سەرنج ڕاکێش بێت بۆ منالآن و حەزو ئارەزوویان دابرێژرێت ئەگەر بکرێت پرۆگرامێکی گشتی سەرتاسەری دابرێژریّ و بۆ باخچەی ساوایانی کوردستان.

٤. **یاریگا** :. پێویستە یاریگایەکی تایبەت بۆ ئەم قۆناغە دروست بکرێت لەگەلّ دەستە بەرکردنی هەموو پێداویستیەکانی کەرستەی یاری منالآن بەمەرجێك

بگونجێت لەگەڵ تەمەنیان دا وە زیاتر چاودێری و ئاراستە بکرێن بۆ یاری سەلامەتی و ئازادی جوڵەیان لەسەر ئامێرەکان .

**ب . قۆناغی سەرەتایی :.**

١. گومان لەوەدانییە قوتابیان کەرستەی بنەڕەتی پەرەسەندنی بزووتنەوەی وەرزشن. وەکو دەڵێن بۆ بڕینی میلێك بەیەکەم هەنگا و دەست پێ دەکات، بۆیە زۆر پێویستە بایەخ بە وەرزشی لەم قۆناغە بدرێت چونکە حەزوو ئارەزووەکانیان دابەش دەکرێتە سەر جۆرەکانی وەرزشدا پێویستە ئەو جوڵەیە بە شێوەیەکی زانستیانە و گونجاو دابندرێت و ئەنجامی وەرزشی لە قوتابخانەو خوێندنگەکان دابەش بکرێت بۆ هاندانیان.

٢. **مامۆستا** :. مامۆستا ڕۆڵی کاریگەری هەیە لەم قۆناغەدا لەسەر قوتابی و خوێندکاران بەمەرجێ ئەو مامۆستایە دڵسۆز شارەزا و لێهاتوو بێت بە مامەڵەکردنی لەگەڵ قوتابی و خوێندکاراندا وە ئاراستە کردنی وەرزشیان لەگەڵ چاودێری کردنی باری دەروونی و پەروەردەیی و ڕۆشنبیری و بیر و هۆشیان بکات، بۆیە پێویستە لەم قۆناغەدا چاودێری مامۆستا بکرێت بە پێدانی ماف و دەستکەوتی مادی و بابەتی مەعنەوی هەتا بتوانێت ئەرکەکانی سەرشانی بە ڕێك و پێکی ئەنجام بدات هەروەها پێشنیاز دەکین بەدانانی دەرچووانی کۆلیجی پەروەردیی وەرزشی لەم لە قوتابخانەکاندا چونکە زیاتر پێویستیان بەزانست هەیە ، وەکردنەوەی خولی جۆراو جۆر وە ڕێکخستنی چالاکی وەرزشی لە نێوان هەموو قوتابیان و خوێندکاراندا لە هەموو جۆرەکانی وەرزش بە درێژایی ساڵ لەگەڵ خەڵات کردنی مامۆستای چالاك و دڵسۆز لە ڤێستڤاڵێکی تایبەتدا.

٣. **پڕۆگرام** :. باشتر وایە پڕۆگرامێکی سەرتاسەری بۆ قۆناغە سەرەتاییەکان دابڕێژرێت هەرچەندە ئەرکێکی قورسە چونکە ئەو پڕۆگرامە دەگۆڕێت بە گۆڕینی یاریگا و گۆڕەپان و مامۆستا لە قواتابخانە و خوێندنگایەکەوە بۆ

قواتابخانـه و خوێندنگایـەکی تـر جیـاوازە ، بێگومـان ئەمـەش کاردەکاتـە سـەر چەسپاندنی ئەو پرۆگرامە لەگـەڵ ئەوەشـدا کاریگـەری باشـی دەبێـت بۆ سـەر قوتابیان.

دانـانی ئـەو پرۆگرامـە دەبێـت لەلایـەن پسـپۆڕو شـارەزاوە بێـت بەمـەرجێك بگونجێت لەگەڵ توانا و ئەو کەرستانەی لە قوتابخانەکانی کوردستاندا هەیـە بـە گشتی . بۆ ئەوەی مامۆستا بزانی بە درێژایی ساڵ چی ئەڵێتەوە و رزگاری بێـت لە شێوازی پەرش و بڵاویەی کە هەریەکە بە شێوازێکی جیاواز وانە ئەڵێتەوە.

٤. **یاریگا** :. ئەمە گرفتێکی گەورەیە لەبەر دەم بزووتنـەوەی وەرزشـدا، چـونکە گومانی تێدانییە، کە گۆڕەپان وەك سی وەرزش وایـە کـە هەناسـەی پـێ دەدات لەبەر ئەوەی بینایەی زۆری قوتابخانەکان لە کوردستاندا لەبارێکی شیاودا نییـە بۆ وتنەوەی وانەی وەرزش هەروەها نەبوونی هۆڵی سـەر داخـراو ئەگـەر هـەبێت نزیکی پۆلـەکان و کاردەکاتـە سـەر وتنـەوی وانـەکانی تـر جگەلـە لـەوەی زۆری قوتابخانەکان سێ دەوامە و زیاتر لە پێویستی قوتابی لە خۆدەگرتووە ئەمەش دەبێتـە هـۆی لابردنـی وانـەی وەرزش لـە خشـتەی پۆلەکانـدا جگـە لەکـەمی کەرەستەی وەرزش کەبەشی وانەوتنەوە ناکات لۆ هەموو جۆرە وەرزشەکان .

## قۆناغی ناوەندی - ئامادەیی - پیشەیی

١. خوێندکاران : خوێندکاران لەم قۆناغەدا زیاتر وریاترن دەتوانن شتە وەرزشییەکان هەڵسەنگێنی وەخاوەنی وزەیەکی زۆرن پێویستە ئاراستە بکرێن بە شێوازی حەز و ئارەزووی خۆیان کە بگونجێ لەگەڵ توانای جەستەیی ( أنثر و مومتری ) لە شیاندا هەروەها.

بەهرەمەندی وەرزشیان زیاتر دەردەکەوێت لەم قۆناغەدا وە پێویستیان بە چاودێری تایبەتی هەیە لە ڕووی وەرزشیەوە دەبێ ئەرکی خوێندن و خوێندنەوەیان هاوسەنگی بکرێت لە نێوان ئەرکە سەرەکییەکەی کە خوێندنە ، وە ئەرکە حەز و ئارەزوەکەی وەرزش بۆ ئەوەی گرێ کوێرە دروست نەکات لە نێوان ( وەرزش و خوێندکار و بەڕێوەبەر و خێزاندا ).

٢. مامۆستا : لەبەر زۆر بوونی خوێندکارانی خوێندگاکانی کوردستان ئەرکی مامۆستای وەرزش زیاتر کردووە، لە زۆر بوونی بەشەوانەکان و ئەرکی ئەنجامدانی چالاکی وەرزشی لە ناوەو دەرەوەی خوێندنگا بۆیە پێویستە یەکەیەکی وەرزشی لەهەر خوێندنگایەك دابنرێت لەیەك مامۆستا زیاتر بۆ ئەنجامدانی چالاکیە وەرزشییەکان و وتنەوەی وانەی وەرزش هەروەها پێویستە هەمیشە خولی بەردەوامیان بۆ بکرێتەوەدەربارەی زانیارییە تازەکان بەدابینکردنی سەرچاوە زانستییەکانی وەرزش ، وە پێدانی ئیمتیازاتی بە ڕاهێنانی تازە بۆ ئەوەی هاندەرێك بێت بۆ مامۆستای وەرزش بۆ خزمەتی ئەم وولاتە .

٣. پرۆگرام : دەست نیشان کردنی پرۆگرامێکی تایبەت بۆ ئەم قۆناغە لەلایەن پسپۆڕان و شارەزایانی وەرزشییەوە تابتوانن سەرجەم خوێندگاکانی کوردستان لەسەر یەك شێوەی وانە وتنەوە بەپرۆگرامێکی یەکگرتوو وانە بلێنەوە لەگەڵ چاودێریکردنی بارودۆخ و کەرەستەی پێویستی خوێندنگاکان بۆ ئەوەی لەم ڕای

هەریـەکێ بۆخـۆی لـەخۆی شـێوازێ وتنـەوەی وانـەی وەرزش ڕزگاریـان بێـت بێگومان دانانی پرۆگرام خۆی لەخۆیدا ڕێکخستنی ماڵی وەرزشـی پەروەردەییـە بەشـێوازێکی ڕێـك و پێـك دەبەخشـێت بـەبواری وەرزش هـەروەها خوێنـدکار و مامۆستا هەسـت بـە وانـەی وەرزش دەکـەن کـە بەشێکی تەواوکـەری پرۆسـەی پەروەردەییە دەبێتە خاوەنی ڕێز و خۆشەویستی لەلایەن بەڕێوەبەری سـەرجەم خوێندنگاکانەوە.

٤. بینایەو کەرەستەی وەرزشی: گرفتەکانی کێشـەی قوتابخانـە سـەرەتاییەکان هـەمان کێشـەی خوێنـدنگاکانی ناوەنـدی و ئامـادەیی و پیشـەیی بگـرە پتریـش چونکە بەڕاستی خوێندنگاکان زیاتر پێویستیان بە یاریگا و هـۆڵی داخـراو هەیـە بۆ هەموو وەرزشێك لەبەر ئەوەی نەبوونی ئەو کەرستانە ئەبێتە هـۆی جێبـەجێ نـەکردنی بەرنامـە وەرزشـییەکان بەدرێـژایی سـاڵ بەتایبـەت لـەوەرزی زسـتاندا کەهەمیشە بەفر و بارانە ئەگەر بتوانرێت چارەسەری کێشەی یاریگاو گۆڕەپـانی قوتابخانـە و خوێنـدنگاکان بگرێـت ئـەوە لەخزمـەتی بـواری وەرزشـدایە یـا لـەم مـاوەدا پەیوەندیبەهـەردوو وەزارەتـی دارایـی و پلانـدانان بکرێـت، هەرچـی قوتابخانـەی تـازە کەدەکرێتـەوە ڕەچـاوی بـواری وەرزش بکرێـت هـەروەها دابینکردنـی پێداویسـتییە وەرزشـیەکان کـە زۆر پێویسـتن بـۆ وانـە ووتنـەوەی هـەموو جۆرەکـانی وەرزش سـاڵانە لەلایـەن وەزاەتـی پـەروەردەوە یـان دابـین کردنی بودجەیەکی تایبـەت بـۆ هـەر قوتابخانـە و خوێندنگایـەك بـۆ دابینکردنـی پێداویستییەکان لەوەرزشدا.

**گرفتەکان :.**

١. کەی ڕێژەی وانەکانی وەرزش لەسەرجەم قۆناغەکانی خوێندن بە بەردەوامی لەگەڵ وانەکانی تر .

٢. دەستکاری کردنی وانەکانی وەرزش لەلایەن هەندێ لە بەڕێوەبەری قوتابخانەکان بەکەم کردنەوەی وانەکان یان لابردنی .

٣. وانەکانی دەرەوەی پۆل (لاصفی ) بگەڕێتەوە بۆ مامۆستایانی پەروەردەی وەرزش .

٤. نەبوونی وانەی وەرزش لە دەوامی سیانی .

٥. دانانی وانەی وەرزش زۆرجار لەوانەی شەشەم یان وەرگرتنی بۆ وانەکانی تر.

٦. دەست کاری نەکردنی نمرەی وانەی پەروەردەی وەرزش بۆ هاوسەنگ و یەکسانی ئەنجامی کۆتایی خوێندکاران و قوتابیان .

٧. گرێدانی سەرجەم بەڕێوەبەرایەتییەکانی چالاکی وەرزش و دیدەوانی به بەڕێوەبەرایەتی گشتی چالاکی وەرزش و دیدەوانی و هونەر .

٨. کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی ژینگە و تەندروستی قوتابخانە و خوێندگاکان.

٩. دانانی ئەرك و دەسەڵات بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی چالاکی وەرزش و دیدەوانی و هونەر .

١٠. دیاری کردنی بودجە بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی چالاکی وەرزش دیدەوانی و هونەر / سەرجەم بەڕێوەبەرایەتیە چالاکی وەرزش ودیدەوانیەکانی پەروەردەکان .

## پێشنیار:

١- دانانی پرۆگرامی سەرجەم قۆناغەکان لەبواری پەروەردەی وەرزشدا بەشێوەی و پراکتیکی .

٢- پێداچوونەوەی پرۆگرامی خوێندنی بەشی پەروەردەیی وەرزشی و پەیمانگاکان.

٣- کردنەوەی خولی بەردەوام لەوەرزی هاویندا بۆ سەرجەم مامۆستایان بۆ زانیاری نوێ و ئەکادیمی لەرووی یاسای یارییەکان و دادوەری ڕاهێنەران.

٤- تەرخانکردنی (١٥) دۆنم زەوی بۆ سەرجەم بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەکان بۆ دروستکردنی کۆمەڵگای وەرزشی.

٥- دروستکردن ودابینکردنی یاریگا و هۆڵی داخرراو بۆ قوتابخانە و خوێندنگاکان کە بگونجێت لەگەڵ سیستەمی وەرزشی.

٦- دەستنیشانکردنی سروودی نیشتمانی بۆ سەرتاپای هەرێم بەشێوازی یەکگرتوو لەسەرجەم قوتابخانە و خوێندنگاکان و پەیمانگاکان بووترێتەوە.

٧- کەمکردنەوەی بەشە وانەی پەروەردەی وەرزشی بۆ ووتنەوەی وانەی وەرزش بەمەرجێك چالاکییە دەرەکییەکان وەکو بەشە وانە هەژمار بکرێت

ا- بۆ سەرەتایی ببێت بە (٢٠) وانە

ب- ناوەندی (١٨) وانە

ج- دواناوەندی و پیشەیی (١٦) وانە

٨- دیاریکردنی بودجەی سەرجەم چالاکییە وەرزشی بۆ بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان پێش ساڵی خوێندن لە مانگی کانوونی دووەم تێپەڕ نەبێت.

٩- پێکهێنانی لێژنەیەك لەشارەزاکانی وەرزشی لە دیوانی وەزارەت بۆ پەیوەندی کردن لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ بۆ گەشە پێدانی بواری وەرزشی و دیدەوانی.

١٠- دابینکردنی بینایەیەك بۆ بەڕێوەبەرایەتی چالاکی وەرزشی کە لەئاستی ئەم بەڕێوەبەرایەتییەدا بێت.

١١- پێکهێنانی لێژنەی هاوبەش بۆ دامەزراندن و گواستنەوەی ڕێکخستنی میلاکی مامۆستایان لەبواری وەرزش لەسەر ئاستی پەروەردەکان بەم شێوەیەی خوارەوە.

أ- بەڕێوەبەرایەتی چالاکی وەرزشی و دیدەوانی.

ب- سەرپەرشتیاری پسپۆری وەرزشی.

ج- سەرپەرشتیاری پەروەردەی وەرزشی.

١٢- دامەزراندنی ئەنجوومەنی باڵای دیدەوانی لەسەر ئاستی وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان.

١- دارشتنی پڕۆگرامی هاوچەرخ و پێشکەوتوو بێت ساکاری ڕوونی شەفافیەتی تیادا بێت، ڕەچاوی قۆناغە تەمەنەکانیانی تیادا بکرێت، زیاتر لەقۆناغی سەرەتاییدا فێرکردنی تەعلیمی بێت و بایەخ بدات بەیارییە بچووکەکان و جموجۆڵی ئاسایی و ساکار و بەپێی ڕێنمایی (ئیقاعی مۆسیقا بێت) بەپلە پلە لە ئاسان بۆ قورسترو بنەما سەرەکییەکانی یارییەکان فێربێت.

١٣- ڕێژەی وانەکانی پەروەردەی وەرزش لەقۆناغان زیاتر بکرێت بەم شێوەی خوارەوە بەهەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی گشتی پڕۆگرامەکان.

أ- لەپۆلی (یەك دوو سێ) بکرێت بەسێ وانە لەهەفتەیەکدا.

ب- لەپۆلی (چوار پێنج شەش) بکرێت بە دوو وانە لە هەفتەیەکدا.

ج- له دەوامی سیانی لەپۆلی (یەك - دوو - سێ) بکرێت بەدوو وانە لەپۆلی (چوار پێنج شەش) بە یەك وانە.

د- بۆ هەمان مەبەست خوێندنگاکا ناوەندییەکان پۆلی (یەك دوو سێ) بکرێت بەسێ وانە لەپۆلی (چوار پێنج شەش)ی ئامادەیی بکرێت بە دوو وانە.

١٤- یەکەی ووتنەوەی وانەکان (الوحدات التعلیمیة) بەپێی پرۆگرامی نوێ دارێژرابیت ساکار و دووربێت لە دووبارە بوونەوە بەپێی قۆناغ تەمەنەکانی تیا رەچاو بکرێت حەز و ئارەزووی قوتابیان لەبەرچاو بگیرێت لەکاتی وتنەوەی وانەکان.

١٥- بەهیچ شێوەیەك رێگە نەدرێت بە دەسکاریکردنی رێژەی وانەکانی وەرزش باشتر وایە وانەکانی وەرزش لەیەکەم و دووا وانە دانەنرێت وە بەچاوێکی پڕ بایەخ تەماشای وانەی وەرزش بکرێت.

١٦- باشتر وایە چالاکی راهێنانی تیپە وەرزشییەکان و ئامادەکردنیان بۆ خوول و ململانێی یارییەکانی قوتابخانە و خوێندنگاکان لەدەرەوەی دەوامی مامۆستا و قوتابی و خوێندکار مامۆستای وەرزشی ئەنجام بدرێت بەمەرجێك بڕی پارەی دیاریکراو بەرامبەر کارەکەی لەمانگێك بۆ دەستنیشان بکرێت بۆ ئەرکی ماندوو بوونی لە دەرەوەی دەوامی خۆی بەتایبەت لە ڕۆژانی هەینی و پشوو.

١٧- خەرجکردنی پارەیەکی گونجاو بۆ هاتووچووی مامۆستایانی پەروەردەی وەرزش لەکاتی هێنانی تیپە وەرزشییەکانیان بۆ یاریی و داوەریکردنی ڕۆژانە لەیارییەکان.

١٨- چاککردنەوەی یاریگە و کەرەستەی لەکەڵك کەوتووی وەرزشی قوتابخانە و خوێندنگاکان لەپشووی هاوین و نوێکردنەوەو ئامادەکردنیان بۆ چالاکییەکان و دانانی بودجەیەکی تایبەت بۆ ئەم مەبەستە.

١٩- دروستكردنی هۆڵێكی داخراوی وەرزشی یاریگایەك بۆ هەر بینایەی قوتابخانە و خوێندنگایەكی نوێ دروست بكرێت.
٢٠- دانانی ڕێژەی (٣٠٪) لە بەشی فرۆشگای قوتابخانە و خوێندنگاكان بۆچالاكی وەرزشی و دیدەوانی و خەرج بكرێت بۆ ئەم مەبەستە لەرێگای لێژنەیەكی تایبەت.
٢١- دابینكردنی بڕی پارەی دیاریكراوی ساڵانە بۆ هەر قوتابخانە و خوێندنگەیەك بۆ چالاكییە وەرزشییەكان و دیدەوانی بەتایبەت بۆ ئەو قوتابخانە و خوێندنگەیانەی كە فرۆشگایان نییە، ئەگەر ئەمە دەستەبەر نەكرێت ئیشی گەڕانەوەی بۆ شێوازی كۆن وەك بودجەیەك بۆ چالاكی وەرزش و دیدەوانی قوتابخانە و خوێندنگاكان لەگەڵ ڕەچاوكردنی بێ درامەت قوتابی و خوێندكاران دانانی ڕێژەیەك بۆ بەخشینی نەداران.
٢٢- ئاسانكردنی گواستنەوە و دامەزراندنی مامۆستایانی وەرزش و بەدەر كردنیان لەیاسای پلەداری (تدرج) ژمارە (١٠٣٤) لە ساڵی ١٩٧٥.
٢٣- پێدانی دەسەڵاتێك بەفەرمی بەسەر پەرشتیارانی پەروەردەیی و پسپۆری وەرزشی بۆ سەردانی ئەو خوێندنگایانەی مامۆستای وەرزشییان نییە.
٢٤- مۆڵەت بدرێت بەو مامۆستایانەی كە هەڵگری شەهادەی خانەی مامۆستایانن و پەیمانگەی پێگەیاندنی مامۆستایان بەمەرجێك دەرچووی بەشی وەرزش بن بۆ وەرگرتنیان لەكۆلێژی وەرزشی بۆ تەواو كردنی خوێندن.
٢٥- هەبوونی نوێنەرێكی وەرزشی لە (بەڕێوەبەرایەتی گشتی چالاكی وەرزش و دیدەوانی هونەر) بۆ كاروباری وەرزش لە دەزگا حكوومییەكاندا و لە ئاستی وەزارەت و پارێزگاكان بۆ پەروەردە گشتییەكان و پەروەردەكان.

٢٦- دياريكردنی ماوەی گۆڕينی ناونيشانی مامۆستای وەرزشی قوتابخانەی سەرەتايی بۆ (بەڕێوەبەر) ی قوتابخانە بەمەرجێك خزمەتی لە (١٥) ساڵ کەمتر نەبێت بۆ مامۆستايانی پياو (١٠) ساڵ بۆمامۆستايانی (ژن) ئافرەت.

٢٧- ئەنجامدانی کۆنفرانسێکی وەرزشی ساڵانە تايبەت بەڕەوتی چالاکی وەرزشی ديدەوانی قوتابخانەو خوێندنگاکان و پەيمانگاکان.

٢٨- دانانی بەشی چالاکی وەرزشی و ديدەوانی لەپەروەردەکانی قەزاکان بەشێوەيەکی ياسايی بێت و ميلاکی هەربەشێك لەسێ ئەندام کەمتر نەبێت و دەرچووی بەشی وەرزشی بێت.

٢٩- داوا لەکۆلێژی پەروەردەی وەرزشی زانکۆکان بکرێت بەزيادکردنی ژمارەی قوتابيان و خوێندکاران بۆ وەرگرتنيان .

٣٠- هەما هەنگی بۆ گەشەپێدانی وەرزش لەنێوان وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی وەرزش و لاوان و ئەنجوومەنی ئۆلۆمپی کوردستان.

٣١- بەشداری کردنی ئەو مامۆستايانەی کە ساڵانە چالاکی لە بواری ديدەوانی لە هەرپارێزگايەك ئەنجام دەدات ڕەوانەی وولاتانی پێشکەوتوو بکرێن لە کوڕ و کچ بۆ زياتر پێشکەوتن.

٣٢- بەشداری کردنی تيپی ديدەوانی لەگەڵ چەند ولاتێکی کە ساڵانە بەرنامەی خۆيان هەيە بەناوی وەزارەتی پەروەردە هەڵبژاردەی پەروەردەکانی هەرێمی کوردستان بن ، وەك ئەنجوومەنەی باڵای (ديدەوانی) .

٣٣ – دروست کردنی باڵەخانەيەك بۆ بەڕێوەبەرايەتی گشتی پەروەردەی چالاکی وەرزش و ديدەوانی و هونەر و باڵەخانەيکی خەوتنی تيابێ چونکە ساڵانە بە پارەيەکی يەکجار زۆر خەرج دەکرێت لەسەر ئەم بابەتە.

**چارەسەرکردن:**

ئەو تەوەرانەی کە لەبواری پەروەردەی وەرزش پێویستە:

١. قوتابیان وخوێندکاران .

٢. مامۆستایانی پەروەردەی وەرزش .

٣. پرۆگرام و نەخشە کێشان .

٤. بینا و کەرستە و پێداویستی وەرزشی .

-----------

**١. قوتابیان و خوێندکاران .**

**أ . باخچەی ساوایان :**

١. لەم قۆناغە پێویستە سەرپەرشتیاری پەروەردەی وەرزشی تایبەتی بۆ دانرێت بۆ بایەخ دان بە

( پەروەردەی جوولەی ) یاریەبچووکەکان و جوولەی نواندن

٢. مامۆستای پسپۆری وەرزشی بۆ دابندرێت بۆ پەیڕەو کردنی پرۆگرام.

٣. پێویستە خولێکی تایبەت بە وەرزش بکرێتەوە بۆ مامۆستایانی ئەم قۆناغە.

**ب. قۆناغی سەرەتایی :**

١. ئەو قوتابیانەی لە قۆناغی سەرەتایی لەوانەی بەشداری لە چالاکی دەرەکی دەکەن نابی تەمەنیان لە (١٥) سال کەمتر بێت.

**ج . قۆناغی دواناوەندی :**

١. لە قۆناغی دواناوەندی تەمەنی قوتابیان لە (١٨) سالْ زیاتر نەبێت و لە قۆناغی ئامادەیی لە (٢١) سالْ زیاتر نەبێت بۆ بەشداری کردنیان لە چالاکیەدەرەکیەکان.

٢. ئەو قوتابیانەی کەتەنها یەك یا دووبابەت ئەزموون دەکەنەوە لە قۆناغی کۆتایی پێشنیازدەکەن کەبەشداری نەکەن لە چالاکیەکانی دەرەکی لەبەر ئەوەی دەبنە قۆتابی دەرەکی .

٢. مامۆستایان :.

أ – قۆناغی باخچەی ساوایان :.

١. دابین کردنی مامۆستای پسپۆر لە وەرزش.

**ب– قۆناغی سەرەتایی :.**

١. دابین کردنی ژمارەی تەواو لە مامۆستایان بۆ ئەمە قۆناغە بەکردنەوەی خولی پسپۆڕی وەرزشی تایبەت بۆ ماوەی (٦) مانگ بۆ دەرچوانی ئامادەییە پیشەیەکان و پەیمانگەکان .

٢. کردنەوەی خولی شیاندنی و بەهێزکردن بۆ مامۆستایان بە بەردەوامی .

٣. هاندانی مامۆستایان بە تایبەتی ئەوانەی ئەنجامی سەرکەوتوو وە دەست دێنن لە چالاکیەکان .

**ج – قۆناغی دواناوەندی :.**

١. دابین کردنی مامۆستایانی پسپۆڕ بۆ ئەم قۆناغە لە دەرچوانی کۆلیژی پەروەردەی وەرزشی .

٢. کردنەوەی خولی بەهێزکردنی مامۆستایان .

٣. هاندانی مامۆستایانی بەهرە داران و چالاکەکان .

## ٣- پرۆگرامەکان:

پێویستە لێژنەیەکی پسپۆری پێك بێت لە پسپۆران و شارەزایان لە بواری وەرزشی لە هەموو قۆناغەکانی خوێندن بە هەماهەنگی لەگەل وەزارەتی وەرزش و لاوان یانە وەرزشیەکان و ئەنجومەنی ئولومپی کوردستان.

## ٤- یاریگە:

دابین کردنی یاریگەو هۆلی وەرزشی و گۆرەپانی تایبەت بە وەرزش لە هەموو قۆناغەکاندا دابین کردنی گشت پێداویستی لە ئامێرە وەرزشیەکانی هاوچەرخ کەل و پەلی وەزرشی و جل و بەرگ و کەل و پەلی جمناستیکی ئوتومبیل – بۆ هەموو قۆناغەکان.

# ڕاپۆرتی
# چالاکی هونەری

## ٢- چالاكی هونەری

بەمەبەستی زیاتر بەرەو پێشچوونی ڕەوتی پەروەردە لەسەرانسەری کوردستان و چەسپاندنی سیستەمەکان لەسەر بنەمایەکی بەتین و جێبەجێ کردنی ئامانجە گشتییەکان و دانانی ڕاپۆرتێکی تێرو تەسەل و تۆکمەی هونەری بۆ ئەم مەبەستە لیژنەی ناوبراو کۆبوونەوەی خۆی ساز کرد لەبەرواری ٢٠-٢١/٩/٢٠٠٦ لەگەل هاوپێچی تەواوی گفتوگۆوکان بەچەند خالێك بۆ بەڕێزتان ڕەوانە دەکەین .

پەروەردە وەك بوارێکی کاریگەرو زیندوو هەردەم ڕۆڵی بەرچاوی گێراوە لەوشیارکردنەوی تاك و خێزان و کۆمەلگە ، دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە سالّی (١٩٩٢) وەك دەسکەتێکی مەزنی مێژوویی وایکرد بواری پەروەردە شان بەشانی بوارەکانی ژیان لە ڕێگەی دام و دەزگاکانیەوە بایەخی تەواو بەزانست و خوێندن و فێرکردن بدات هەرلەدەستپێکی خوێندنی باخچەی ساوایان تا دوا قۆناغی خوێندن کە قۆناغی زانکۆ و زانستگەکان ، هەر لەم سۆنگەیە داو بەمەبەستی پێ گەیاندنی نەوەیەکی هونەریی بەهرەمەند لەبواری هونەرە جوانەکاندا لیژنەی چالاکی قوتابخانەو خوێندنگەکان (چالاکی هونەری) لەرەوتی کارو چالاکیەکاندا بەردەوام لەبزاڤ و جموجۆڵدایە بەسەرجەم بەشە چالاکەکانی تری کەلەشار و قەزاکاندا ن... بۆیە لێرەدا لەدوو تۆی ی ئەم ڕاپۆرتەدا ئەم سەرنج و پێشنیازانە دەخەینە ڕوو ... لەگەل ڕێزدا

## کێشەکان

١. نەبوونی مامۆستای پسپۆڕ لە زۆبەی زۆری قوتابخانە و خوێندنگاکاندا.

٢. دابەش کردنی مامۆستایانی پسپۆڕی هونەری بۆ شوێنە دوورەکان.

٣. لەکاتی دامەزراندن و دابەش کردنی مامۆستایانی پسپۆڕی هونەری هیچ شارەزایەك تائێستا لە لێژنەکە بەفەر می دانەنراوە بۆ یە هەموو مامۆستاکان دەنێرن بۆ شوێنە دوورەکان. بەپێی نەخشەیەکی هونەری نییە.

٤. کەمی کەرەستە و پێداویستیەکانی هونەری لە ئامێری مۆزیك و پێداویستیکانی شێوەکاری و چالاکیەکانی شانۆیی .

٥.نەبوونی هۆل و وێنکە ( مرسم، ستۆدیۆ ، شانۆ) لەزۆربەی زۆری قوتابخانەکان .

٦.نەبوونی سەرچاوە هونەرییەکان تایبەت بەمندالآن و سەرچاوەی هونەری تایبەت بە قوتابی و(خوێندکاران) و مامۆستایان وەك گۆڤار و کتێب و سیدی و فلیم ............ هتد.

٧.نەبوونی بودجەی تایبەت بۆ ئەنجامدانی چالاکی هونەری لەقوتابخانەکاندا

٨.نەبوونی پرۆگرامێك (منهج ) تایبەت بە پەروەردەی هونەریی لەقوتابخانەکاندا وەکو کتێب بۆ هەموو قوناغەکانی خوێندن .

٩.نەبوونی وانەی مۆزیك و گۆرانی لە قوناغەکانی ناوەندی و دواناوەندی وە هەروەها وانەی شانۆش .

١٠.دەوامی دووقولی و سێ قۆلی نەبێتە هۆی لابردنی وانەکانی هونەری.

١١.لاوازی رۆلی راگەیاندنی پەروەردەیی ( رادیۆ – تەلەفزیۆن – گۆڤار ) هتد...

۱۲.کەمی ژمارەی سەرپەرشتیارانی پسپۆری و پەروەردەیی لەبواری هونەریدا کە ئەبێتە هۆی لاوازی و بەدوا داچوون .

۱۳.نەدانی سوپاس و پێ زانین بۆ مامۆستایانی سەرکەوتوو لەچالاکی قوتابخانەکاندا

۱۵.نەبوونی خولی هونەریی بۆ مامۆستایانی هونەر.

۱٦.نەبوونی گەشتی زانستی هونەری لەنێوان هەموو پەروەردەکان

۱۷.نەبوونی وانەی سروود لە پۆلی ٥ و ٦ ی سەرەتایی.

۱۸.نەبوونی ئامێری مۆزیکی تایبەت لە باخچەی ساوایان.

۱۹.نەبوونی سەرچاوە هونەرییەکانی تایبەت بە مندالان و لەگۆڤارو بڵاو کراوە هونەرییەکان.

۲۰.نەبوونی هۆڵێکی نیگار کێشان و ستۆدیوی هونەریی لەقوتابخانەکان گرفتێکی تری چالاکی هونەرییە .

۲۱.تەرخان نەکردنی بودجەی تێرو تەسەل دەبێتە هۆی کەم کردنەوەی چالاکی جموجۆلی هونەری لەسەرجەم قوتابخانە و (خوێنگاکاندا ) .

۲۲.نەبونی ( میتود) پرۆگرامەیەکی تایبەت بەهونەرە جوانەکان لەسەر جەم قوتابخانە و (خوێنگاکاندا )

۲۳.نەبونی وانەی مۆزیکو گۆرانی لەقوتابخانەکانی ناوەندی و دواناوەندی.

۲٤.نەبوونی هۆڵێکی گونجاو بۆ کاری هونەری کەشیاوبێ بۆ نمایشکردنی شانۆی و پێشکەش کردنی کاری مۆزیکی بەردەوام و وە بەکاربێت بۆ کاری تۆمارکردن لەبەر ئەوەی کارە هونەریەکانی وەزارەتی پەروەردە کەم ترنییە لە کارە هونەریەکانی تر .

۲٥. نەبوونی گەلەرییەکی شێوەکاری بۆ پێشانگای بەردەوام وە بۆ چالاکیەکانی قوتابیان و (خوێندکاران ) لە هەموو قۆناغەکانی خوێندن .

## پێشنیار و ڕاسپێراوەکان

١. هێنانەوەی ئەو مامۆستایانەی کە لە دوو ساڵ خزمەتیان زیاترە پسپۆڕن لە بابەتە هونەرییەکان وە دەرچوویی پەیمانگەی هونەرەجوانەکانن بۆ ناوەوەی شار.

٢.دارشتنی پلانی سالآنە لە سەرەتای ساڵەوە وەدیاری کردنی کاتی چالاکیەکان و گشتاندنی لە قوتابخانە و خوێندگاکان.

٢.دابین کردنی پێداویستیەکان بۆ بەشەجیاوازەکانی هونەر شانۆ شێوەکاری مۆزیك .

٣.دابین کردنی جێگەو شێونی تابیەت بۆ چالاکی هونەرییەکان لە هۆڵی شانۆ و مۆزیك لەگەڵ ژوری نیگار کێشان .

٤.دابین کردنی سەرچاوەی زانستی هونەری بۆ ئەوەی مامۆستا و قوتابی (خوێنکار ) لەگەشت قۆناغەکان سوودی لێوەر گرن (( سیدی ، گۆڤار ، ڕۆژنامە، کتێب ، نامەیلکە ))

٥.تەرخان کردنی بودجەی گونجاو بۆ ئەنجامدانی کارە هونەریەکان پێشنیار دەکەین کە بودجەکە بەپێی ژمارەی قوتابان و (خوێنکاران) بێت .

٦.دانانی وانەکانی هونەری ( شانۆ و مۆزیك ) بۆ قۆناغەکانی پێنج و شەشەمی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی .

٧.هەوڵ بدرێت بە نەمانی دەوامی دوو قۆڵی و سێ قۆڵ .

٨.بەهێز کردنی ڕۆڵی ڕاگەیاندن .

٩.کردنەوەی بەشێکی تایبەت بە مامۆستایانی پەروەردەی هونەری کەهەرسێ بوارەکان ((شانۆ شێوەکاری ، مۆزیك ، )) لەخۆوە بگرێت لە پەیمانگاو کۆلیژی هونەرەجوانەکان .

١٠.دامەزراندنی سەرپەرشتیارانی پەروەردەی و پسپۆری بەدوا داچوون و ئاراستەکردن .

١١.بەخشینی سوپاس و پێزانین بۆ مامۆستا سەرکەوتووەکان لە چالاکی قوتابخانەکان و (خوێندگەکان ) .

١٢.کردنەوەی خولی هونەری بۆ مامۆستایان بەبەردەوامی بۆ بەهێزکردنیان .

١٣.رێکخستنی گەشتی هونەری لە نێوان پەروەردەکان و گواستنەوەی چالاکیەکانی هەر ساڵ بۆ شیوێنێکی کوردستان .

١٤.دابین کردنی رادیۆی قوتابخانە و خوێندنگەکان .

١٥.پەرتووکخانە دابین بکرێت لە هەموو قوتابخانە و (خوێندگەکان)

١٦.دارشتنی کارنامەی چالاکیە هونەریەکان لەسەرەتای ساڵی خوێندندا و ئەنجامدانی

چالاکیەکان لەرۆژ و بەرواری دیاریکراو .

١٧. دابینکردنی سەرجەم پێداویستیەکان بۆ بەشە چالاکیەکان..

١٨. جێگاو شوێنی تایبەت بۆ چالاکیە هونەریەکان

١٩. لەبەر ئەوەی ئامێری پیانۆ ئامێرەکی جێگرە و زۆر پێویستە لە هەموو باخچەکانی ساوایان و دابین بکرێت .

٢٠. دابینکردنی ئامێرە کانی دەنگ .

٢١.دابینکردنی ئامێرەکانی نمایشی سینەمایی ( سکرین وپێداویستیەکانی )

٢٢. دابینکردنی سەرچاوەی هونەریی تایبەت بەمندالآن لەپەرتووك وناميلكە و گۆڤارو بەلاڤۆك .

٢٣. دانانی دەرچوانی پەیمانگای هونەرە جوانەکان لەبەشەکانی چالاکی قەزاکاندا .

٢٤. دانانی چەند سەرپەرشتیارێکی پسپۆری هونەریی لەپەروەردەی قەزاکان وەك یەکەیەك یان لیژنەیەك بەمەبەست سەرپەرشتیکردن و هاوکاریکردنی بەشی چالاکی هونەریی

٢٥. بوار خۆشکردن و متمانە دان بە مامۆستای پسپۆری گەنج .

٢٦. سازدان و ئەنجامدانی فیستیڤالی هونەریی لەقەزاکان هەنگاوێکی چاکە بۆ هاندان و برەودان بەرەوتی چالاکیەهونەرییەکان .

٢٧. دابینکردنی کتێبخانەیەکی بچووکی تایبەت بەسەرچاوە هونەرییەکان (شانۆ – شێوەکار – موزیك و سرودو گۆرانی منداڵان ) بۆ مامۆستای چالاکی بەمەبەستی خۆ رۆشنبیرکردن و شارەزایی و سوود وەرگرتن لەپەروەردەی قەزاو بەرێوەبەرایەتی چالاکی قوتابخانەو (خوێندنگا)ی پارێزگا .

٢٨. زۆر گرنکە کار بۆ ئەوە بکرێت هەربەشە چالاکیەك تیپی مۆزیکی تایبەت بەخۆی هەبێت بەتەواوی ئامێرەکانی مۆزیکەوە ....

٢٩. ئەندامانی تیپی مۆزیك لەسەرچەم بەشە چالاکیەکانی تێکەلاو بێت لە کور و کچ .

٣٠.جگە لەئەندامانی تیپی مۆزیك .. دەستەی کورِ و کچ هەبێت لەسەرجەم بەشە چالاکیەکان و دابین کردنی کەرستە و پێداویستی بۆ ئەو تیپ و گروپە هونەریانە.

٣١. کردنەوەی پێشانگایەکی هونەری شێوەکاری سەرانسەری لەسەرەتای دەستپێکردنەوەی وەرزی خوێندنی هەموو ساڵێکی نوێ بۆ قوتابیان و (خوێنکاران )ی بەهرەدار وە خۆلی هاوینە بۆ سەرجەم بەشە چالاکیەکان .

٣٢. تیشك خستنەسەر سەرجەم بەشە چالاکیەکان لەرووی راگەیاندنی وەزارەتی پەروەردە بەتایبەتی گۆڤاری ( ئاسۆی پەروەردەیی) و تەلەفزیۆن .

٣٣. بۆ دانانی سروودو ئاوازی نوێ ی منداڵان گوزارشت بکات لەرێز و خۆشەویستی و پەروەردە و فێرکردن و خێزان و دایك وباوك ومامۆستا وە گوێرایەڵی کردنیان ....هتد..

٣٤. بوونی هۆڵی تایبەت بەنمایشی ئاهەنگ و شانۆ و ئۆپەرێت لەبەشی چالاکی قەزاکان.

٣٥. کردنەوەی ژوورێکی ستۆدیۆ و نیگار کێشانی بەردەوام لەبەشی چالاکیەکاندا ...

٣٦.سەرلەنوێ تۆمارکردنی سروود و گۆرانیە نیشتیمانیەکان بەپێ ی پۆلین کردنی تەمەن و قۆناغەکانی خوێندن .

٣٧. دانانی بودجەیەکی تێرو تەسەل بۆ هەریەك لەبەشە چالاکیە کانی دەڤەرەکانی کوردستان . بۆ چالاکی و جموجوڵی هونەری .

٣٨.وەك ئاشکرایە هونەر بەشێکی گرنگی کۆمەلگەی مەدەنی یە بۆیە پێویستە لەهەموو قۆناغەکانی خوێندن بابەتی هونەرە جوانەکان هەبێت کە هەرسێ بەشە هونەریەکەی موزیك و شانۆ و شێوەکاری لە خۆ دەگرێ .

٣٩. ڕەچاو کردنی تواناو بەهرەی قوتابیان و (خوێندکاران) وە گرنگی دان بەو بەهرەمەندانەی کە لە ناو یان دەردەکەون وە بەتایبەتی لەقۆناغی سەرەتایی زیاتر هەستیان پێدەکرێت .

٤٠. کرنەوەی ناوەندو سەنتەری هونەری تایبەت بەقوتابی و (خوێندکار) و منداڵانی کەم ئەندام بۆ ئەم مەبەستەش پسپۆڕ لەبواری دەروونی و مامۆستای تایبەت بەهونەر ئامادە بکرێت بۆ ئەوەی ئەم چینەش پشت گوێ نەخرێن .

٤١.بەئەرشیف کردنی چالاکی منداڵان و گرنگی دان بە بەرهەمەکانیا ن.

٤٢. وانەی مۆزیك ببیتە وانەیەکی فەرمی لەقۆناغەکانی ناوەندی و دواناوەندی وپۆلی ٥ و ٦ ی سەرەتایی

٤٣.بۆ کردنەوەی هەرخولێکی هونەری پێویستە پەوروەردە ڕاستەوخۆ هەڵسێت بەدابینکردنی کەم و کورییەکان و بەفەرمی پێش دەست پێکردنی پشووی هاوین بەنوسراوێکی تایبەت ئاگاداری گشت قوتابخانەو (خوێندگاکان ) بکاتەوە

٤٤.گرینگی دان بەوانەی سروود و گۆشە کردنی قوتابیانی سەرەتایی و ئاشناکردنیان بەریتم و ئاواز و مەقامات .

٤٥.دانانی یەکەیەکی ژمێریاری سەربەخۆ (وحدە حسابیە) لە بەڕێوەبەرایەتی چالاکی قوتابخانەکان

٤٦.دانانی میتۆدێکی هونەری راستەقینە بۆ سەرجەم قۆناغەکانی خوێندن .

٤٧.ناردنی مامۆستایانی هونەری و پسپۆری شارەزا بۆ دەرەوەی هەرێم بۆ زیاتر ئاشناکردنیان بەزانستی نوێی هونەری هەروەها لەنێوان پەروەردەکانی هەرێم .

٤٨.خەرج کردنی دەرماڵەی مامۆستایانی چالاکی قوتابخانە و (خوێنگاکان) وەك دەرمالەی پیشەیی .

٤٩.دیاریکردنی ڕۆژێك بەناوی ( ڕۆژی قوتابخانە) خوندنگا بۆ چالاکی و جموجۆڵی هونەری لەسەرجەم قوتابخانە و (خوێنگاکاندا) .

٥٠. زۆر پێویستە چەند (پاسێك) تەرخان بکرێت بۆ بەڕێوەبەرایەتی چالاکی هونەری بۆ گواستنەوەی منداڵان لە پرۆڤە و ڤیستیڤاڵەکاندا .

٥١. هەوڵدان بۆ دابین کردنی (بینا ) یەکی تایبەت بە بەڕێوەبەرایەتی چالاکی هونەری کەپێداویستی یەکانی هونەری تێدابێت وەك هۆڵ و شانۆ وستۆدیۆی دەنگ و ڕەنگ و بەشەکانی تر

٥٢. هەوڵ دان لەداهاتوودا بەکردنەوەی قوتابخانەو(خوێنگە) ی (مۆزیك و بالیە ) و دابین کردنی بینایەی تایبەت و مامۆستای پسپۆڕ لەم بوارەدا.. هتد ......

٥٣. گرنگی دان بەتەلەفیزیۆنی پەروەردەیی، کەزۆر گرنگە وە هاوکاری کردن و کاری بەردەوامیشی لەگەڵ چالاکی هونەری بێت.

٥٤. زۆر گرنگە کار کردن لەچالاکی هونەری هەبێت لە داهاتوودا .. بەپێی یاسای پلە گۆڕین، واتە با لەسەرەتای ئەزموون مامۆستای مۆزیك هەبێت لە قوتابخانە و(خوێنگاکان) بۆ ماوەی چەند ساڵێك ی دیاری کراوپاشان پلەی بگۆڕێت بە ڕاهێنەری هونەری (مدرب فنی ) ئەویش بۆ ماوەی چەند ساڵێکی دیاری کراوپاشان پلەی سەرپەرشتیاری هونەری (مشریف فنی ) یان سەرپەرشتیاری پەروەردەیی هونەری پێ بدرێت دوای ئەزموونێکی تەواو وبەهیچ شێوەیەك ڕێ نەدرێت بەئارەزوو و بە بێ وەرگرتنی بیروڕای چالاکی هونەری .

٥٥.گۆرینی وانەی سروود لە قوتابخانەو (خوێندنگەکان) بۆ وانەی (مۆزیك ) کەهەموو بابەتە کانی ئەم هونەرە دەکرێتەوە .

٥٦.بەپێویستی دەزانین کەوانەی (مۆزیك ) لەقوتابخانەو (خوێندنگەکان) دا زیاد بکرێت لەیەك وانە لەهەفتەیەك دا بۆ دوو وانە بەلای کەمەوە .. لەبەر گرنگی وانەکە لە پەروەردەی نوێدا .

٥٧.وای بەپێویست دەزانین . کەوانەی (مۆزیك ) لە ناوەندی و دواناوەندی هەبێت لەسەرەتا یەك وانە لە هەفتەیەك دا بخوێنرێت تا

قوتابی و (خوێندکاران) پەیوەندی بەردەوامیان هەبێت لەگەل هونەر دا لەژیانی ڕۆژانەیاندا .

٥٨.زۆر گرنگە لە قوتابخانە وخویندنگەکاندا بایەخ بدرێت بەوانەی (مۆزیك) کەچەند کاریگەری هەیە لە سەر پەروەردەی منداڵ، بۆیە بە پێویستی دەزانین کەهەر قوتابخانە و (خوێنگەیەك) ژووری تایبەتی هەبێت بە (مۆزیك ) کەئامێری مۆزیك ی و پێداویستی تری تێدابێت (ڤیدیۆ ، TV، کاسیت ، D.V.D، ڕیکوردەر ) تەختەی رەشی تایبەت بە وانەی مۆیسقا .

٥٩.زۆر گرنگە پرۆگرامی وانەی (مۆزیك ) لە قوتابخانەو (خوێندنگەکان ) پرۆگرامی تایبەتی هەبێت کەسەرتاسەری بێت لە هەموو قوتابخانەو (خوێندنگەکان) .. بۆ ئەم مەبەستە پێشنیاز دەکەین لێژنەیەکی پسپۆڕ بەم کارە هەڵسێت .. بۆ دانانی پرۆگرام بۆ قۆناغەکانی سەرەتایی ، ناوەندی ، دواناوندی.

٦٠.پرۆگرامەکە بەباشی دەزانین بەم شێوەیەی لای خوارەوە بێت :

أ – گۆرانی قوتابخانە و (خوێنگەکان) پەروەردەیی و سروودی نیشتمانی .

ب– تیۆری مۆزیك ،

ج– سۆلفیج ی (گۆرانی ) ریتم بە شێوەیەکی ئاسان .

د – یارییە مۆزیکی یەکان

ھ – ژەنینی ئامێرە مۆزیکییەکان چ بەتاك چ بە کۆمەڵ .

٤٧. گرنگ دان و بایەخ دان بەبزواندنی هەستی جوانی منداڵ وە ڕاهێنـانی گـوێ ی منداڵ .. بە گوێ گرتن لە مۆزیکی هەڵبژاردەی جیهانی یا میللـی کـوردەواری کە لەگەڵ تەمەن و تێگەیشتنی منداڵ دابێت ..

٦١.سازدانی ڤسیتیڤاڵی گۆرانی مـۆزیکی منـدالآن ( ئۆپـەرێت ، کۆراڵ،شـانۆ، پێشـانگا ) کەسـالآنەبێت و لـەوەرزێکی دیـاری کـراو دابێـت و هەڵبـژاردنی بەرهەمەجوانەکان لە ڤیسـتیڤاڵی کوردسـتان و دەرەوەی کوردسـتان و خـەلآت کردنـی بەرهەمەجوانـەکان و هەڵسـەنگاندنیان لەلایـەن لیژنەیـەکی پسـپۆڕ وە خەلآت کردنی توانا و بەهرەی منداڵان.

٦٢. گرنگی دان بۆدروست کردنی چـەند گرووپێـك بـۆ ژەنینـی ئـامێرە مـۆزیکی یەکان لە منداڵدا .. بە کردنـەوەی خـولی تایبـەت و بـەردەوام بەسـەر پـەرشـتی مامۆستایی پسپۆڕ.

٦٣. گرنگی دان بەدروست کردنی چەندین گرووپ لە منداڵان وەك (کـۆڕاڵ ) لـە هەڵبـژاردەی منـداڵ کـەتوانای دەنگـی باشـیان هـەبێت و لـەژێر چـاودێری مامۆستایی پسپۆڕ و پرۆگرامی تایبەت ڕاهێنانیان لەسـەر بکرێـت . و باشـترین گـرووپ ئامادەبکرێـت بـۆ ڤیسـتیڤاڵەکانی دەرەوەی شـارو وڵات دە توانرێـت بەشداریان هەبێت لەگەڵ گروپی مۆزیکی منداڵاندا.

٦٤.نـاردنی سەرپەرشـتیاری هونـەری و مۆزیـك و مامۆسـتایانی مۆزیـك بـۆ دەرەوەی وولآت و بەشداریان لەخولی تایبەت . بۆ وەرگرتنی ئەزموونی هونـەری وە هونەری ئەو وڵاتانە سوودی لێ وەر گرێ بۆ قوتابخانـەو( خوێنـدگا ) کـانی کوردستـان .

٦٥. زۆر پێویستە دەرچووانی پەیمانگەی هونەرەجوانەکان کە ئامادەکراون بـۆ وانـەکانی شـانۆ شـێوەکاری مۆزیـك وەك مامۆسـتای پسـپۆڕ لـە قوتابخانـە و(خوێنگەکان) بەلای کەمەوە بۆ ماوەی (٥) ساڵ خزمەتی پەروەردەبکات .

٦٦. زۆر گرنگە چالاکی هونەری .. پرۆگرامی نوێ ئامادەبکات لەگەڵ ڕێرەوی پەروەردەی ئێستادا بگونجێت .. کەکاری سەرپەرشتیاران و ڕاهێنەران دەست نیشان بکات چۆن مامەڵە دەکەن لەگەڵ مامۆستایانی هونەر .

٦٧.بە گرنگی دەزانین .. هەموو پشووی هاوینێك پرۆگرامی تایبەت و خولی فێرکردنی هونەری بکرێتەوە بەهەر سێ بەشەوە لەچالاکی هونەری بۆ مندالآنی سەرەتایی و دواناوەندنی و مامۆستایانی پەیمانگای هونەرە جوانەکان .

٦٨.چار سەرکردنی کێشەی خەرجی فرۆشگای قوتابخانە و (خوێندگەکان ) وە دابەشکردنی بەشێوەیەکی یەکسان بۆ ئەوەی بەشی چالاکی هونەری سوودی لێوەرگرێ بۆ چالاکی سەری ساڵ .

٦٩.دروست کردنی ناوەندێك بۆ خزمەتکردنی کاری مندالآن و هەمو جموجۆڵەکانی پەروەردە و فێرکردن وە ئەم ناوەندە پێکهاتبێت لەم بەشانە

أ- هۆڵێکی گەورە بەشێوەی مۆدرێن بۆ نمایشکردنی کاری مۆزیکی و شانۆیی وە ئەو گروپانەی کەسەر بەچالاکی هونەرین.

ب- کردنەوەی هۆڵێکی تایبەت بۆ پێشانگای شێوەکاری و کاری بەردەوامی شێوەکاری .

ج- کافتریایەکی گەورەی ڕۆژانە بۆ ئەو هونەر خوازانەی کە ئامادەن لەوێ.

د- کردنەوەی باخچەیەکی گونجاو کەتایبەت بێ و وە هەموو یارییەکی مندالآنی تێدابێت و ولە هەفتەی جارێك تادوو جاریش ببێ بە خێزانی مامۆستاو پسپۆڕانی هونەری لە ناوەندەکە .

هـ- کردنەوەی ستۆدیۆیەکی هونەری کە بەکاربێت بۆ تۆمار کردنی گۆرانی و سروودی نیشتمانی و شانۆ ئۆپەرێت لە گەڵ پاشکۆکانی .

# تقرير
# دراسة اللغة العربية

## پازدەهەم / خوێندنی زمانی عەرەبی سریانی و تورکمانی

### ١- الدراسة العربية

### المقدمة

كان للغة العربية دور ثقافي وفكري في اقليم كوردستان العراق ولايزال لانها تاتي في الاهمية بعد اللغة الكوردية باعتبارها سبيلا من سبل التحاور السياسي والتعايش الاجتماعي بين شعب اقليم كوردستان من جهة والشعب العربي في العراق والاقطار العربية من جهة اخرى بالاضافة الى دورها الكبير باعتبار لغة القران وفهم الشريعة الاسلامية السمحة.

بعد انتفاضة اذار المجيدة اصبح من الضرورى تغير مناهج التربية والتعليم عامة واللغة العربية خاصة تلبية لمتطلبات الواقع الراهن للأقليم فبدأت الخطوة الاولى بتنقيح واختيار مناهجها من قبل لجان في وزارة التربية غير ان تلك العملية لم تحقق الهدف المنشود فجات الخطوة الثانية بتاليف الكتب المنهجية للغة العربية لتشمل مناهج المراحل الابتدائية و المتوسطة والاعدادية ومعاهد الفنون الجميلة باستثناء مناهج الدراسة المهنية والدراسات الاسلامية والمعاهد الاخرى.

وقد انجز طبع مناهج المراحل الابتدائية والمتوسطة والاعدادية في كتاب واحد لكل صف دراسي يضم جميع فروع العربية واصبحت متداولة في مدارس الاقليم.

هذا ونطمح في ان تكون عملية التطوير والتنقيح مستمرة على الدوام في هذه المناهج لتصبح مناهج تعليمية سهلة هادفة ومن الله التوفيق.

**المعوقات والمشاكل :-**

١- تدني المستوى اللغوي للطلبةالوافدين من الابتدائية الى المتوسطة وذلك لان التلاميذ يدرسون اللغة العربية في المناهج غير ملائمة لاقليم كوردستان مما ينعكس ذلك سلبا على مستواهم اللغوي.

٢- بقاء الكتب المنهجية لهذه اللغة على حالها من غير تغير او تاليف جديد وذلك في المدارس المهنية والثانويات الاسلامية والمعاهد عدا معاهد الفنون الجميلة.

٣- قلة الكادر التدريسي لهذه اللغة بسبب عدم تعيين العدد الكافي من الخريجين.

٤- اناطة تدريس هذه اللغة لغير المختصين وسد شواغرها من قبل محاضرين ومعلمين في المرحلتين المتوسطة والاعدادية.

٥- عدم اعداد مدرسي اللغة العربية من قبل الكليات اعدادا علميا وعمليا لتدريس اللغة العربية من حيث دراسة علم النفس وطرائق التدريس واجراء التطبيقات اللازمة لهذه المهمة.

٦- النقص الحاصل في عدد الكتب المنهجية في كل سنة دراسية وزيادة حاجة الطلبة اليها سنويا .

٧- عدم تنظيم الملاكات في في وقت مبكر بسبب تاخير التعيينات.

٨- افتقار اغلب المدارس الى الكتبات المدرسية والكتب الخارجية التي من شانها تعزيز دراسة اللغة العربية واللغات الاخرى والمطالعة فيها.

٩- عدم اطلاع المشرفين والمدرسين والمعلمين على ما استجد من تطور في مجالات تدريس اللغة العربية كطرائق التدريس والاساليب الجديدة المتعبة في حقل التربية والتعليم لدى الدول الاخرى.

**المعالجات والمقترحات :-**

١- اعادة النظر في كتب اللغة العربية للصفوف الرابعة والخامسة والساسة من المرحلة الابتدائية بغية تطويرها وتاليفها من جديد بحيث تلائم الدراسة الاسلامية الكوردية.

٢- اعادة النظر في مناهج الدراسة المهنية والدراسات الاسلامية والمعاهد وتاليفها من جديد بحيث تتناسب مع الواقع الراهن للاقليم في اطار منهج موحد لجميع الفروع المهنية.

٣- تدريس مناهج اللغة العربية في ثانويات الدراسة الاسلامية اسوة ببقية الثانويات في منهج موحد بحيث تكون اسئلة الامتحانات العامة للمرحلتين المتوسطة والاعدادية موحدة ايضا.

٤- عدم تدريس اللغة العربية من قبل غير المختصين بها والمعلمين ولاسيما في المرحلتين المتوسطة والاعدادية ومعالجة هذه المشكلة بتعيين العدد الكافي من المدرسين المختصين باللغة العربية.

٥- تنظيم ملاكات المدارس قبل بدء العام الدراسي الجديد والاستعانة بالسادة المشرفين التربويين الاختصاصين في ذلك .

٦- تامين العدد الكافي من الكتب المنهجية لجميع الطلبة قبل بدء العام الدراسي الجديد واعلام المدارس باي تغيير او تنقيح من هذه الكتب المنهجية في الوقت المناسب .

٧- فتح دورات تاهيلية وتقوية لمدرسي اللغة العربية والتربية الاسلامية بعد تعينهم وقبل مباشرتهم بالوظيفة في المدارس.

٨- فتح مكتبات مدرسية وتعزيزها بالكتب الضرورية التي تدعم العملية التربوية و التعليمية خاصة الكتب اللغوية والمصادر الادبية المتنوعة والقصص والمجلات الهادفة و المصورة والتي تنسجم مع روحالعصر واعمار الطلبة.

٩- عدم حصر مسؤولية المكتبة المدرسية في مدرسي اللغة العربية الا في الحالات الضرورية .

١٠- ايلاء الاهتمام الجاد لجميع فروع العربية كالقواعد والقراءة والمحفوظات و الاملاء و الخط في المرحلة الابتدائية على حد سواء.

١١- اعادة توزيع كراس الخط العربي على طلبة المرحلة الابتدائية من اجل التمرن على الخطوط العربية وتحسين خطهم.

١٢- تحديد نصاب المعلمين والمدرسين بحيث يكون (٢٢) حصة في الابتدائية (٢٠) في المتوسطة و(١٨) في الاعدادية.

١٣- زيادة اجور المحاضرات الى الفي دينار للابتدائية وثلاثة الاف للمتوسطة واربعة الاف للاعدادية.

١٤- ايفادالسادة المشرفين والمدرسين والمعلمين المتميزين الى الخارج بغية الاستفادة من الخبرات والتطورات الحاصلة هناك اسوة ببقية الاختصاصات الاخرى والاطلاع على ما استجد من تطور في مجالات تدريس اللغة العربية من طراق التدريس والاساليب الجديدة المتبعة في حقل التربية والتعليم عامة لدى الدول الموفد اليها.

١٥- مكافاءة المدرسين والمعلمين المتميزين في حقل عملهم معنويا وماديا.

١٦- تفعيل مهمة المدرس الاول في ميدان تدريس اللغة العربية.

١٧- نطمح في اعادة النظر في مناهج اللغة العربية وتاليفها مستقبلا بالاعتماد على

طريقة الحوار والمناقشة والاستعانة بالسادة المشرفين والمدرسين والمعلمين من ذوي الخبرات الواسعة في التدريس هذه اللغة. وهذا يتطلب توفير الامكانيات المادية والمعنوية اللازمة لانجاز هذه المهمة.

١٨- اضافة ملحق الكتاب المنهجي يضم عددا من المفردات اللغوية من الاسماء والافعال ومترجمة الى اللغة الكوردية والزام الطلبة في جميع المراحل الدراسية التي تدرس فيها مادة الغة العربية بالاستفادة منها واستخدامها في المحاورة والمناقشة .

١٩- وضع منهج جديد للغة الكوردية في المراحل الدراسية التي تكون الدراسة فيها باللغة العربية داخل الاقليم.

# ڕاپۆرتی خوێندنی زمانی عەرەبی

## پێشەکی

زمانی عەرەبی ڕۆڵێکی ڕۆشنبیری و هـزری هـەبووە لـە هـەریمی کوردستانی عێراق و کاریگەرییەکەی هێشتا هەر بەردەوامە لەبەر ئەوەی پاش زمانی کوردی خۆمـان .. زمـانی عـەرەبی بـە گـرنگترین زمـان دادەنرێـت وە بـە یـەکێك لـە ڕێگایـەکانی و توێـژی رامیـاری و پێکـەوە ژیـانی کۆمەلأیـەتی نێـوان گـەلی کوردستان لە لایەك و نەتەوەی عەرەب لە عێراق و ولأتە عەرەبیەکان لە لایەکی تـرەوە ، سـەرەرای ئـەویش ئـەو ڕۆڵـە گـەورەی قورئـانی پـیرۆز و تێگەیشتنی شەریعەتی ئیسلامی بەخشـندە گـەش و دیـارە ، لـە دوای راپـەرینـە مەزنەکـەی ئازار بواری پێویست ڕەخسا بۆ گۆرینی پڕۆگرامەکانی پەروەردە و فێرکردن بـە گشتی و زمـانی عـەرەبی بـە تایبـەتی لـە بـەر ڕۆشـنایی و پێویستی ئـەو سـای هەرێمـەوە هـەنگاوی یەکـەم بـە هەڵەچـنی و پێـدا چـوونەوە و بـژار کـردن و هەڵبژاردنی بابەتەکان لە لایەن لیژنەیەك لـە وەزارەتـی پـەروەردەوە بـەلأم ئـەم کارە هەموو ئامانجەکانی بە دەسـت نـەهێنا ، بۆیـە هـەنگاوی دووەم پڕۆگرامـی نـوێی دانـرا بـۆ زمـانی عـەرەبی کـە قۆناغـەکانی سـەرەتایی و ناوەنـدی و ئامادەییەکان و پەیمانگەکان و پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی گرتەوە بێجگە لە پڕۆگرامەکانی خوێندنە پیشەییەکان و خوێندنی ئیسلامی و پەیمانگـەکانی تـر . وە لە چاپدانی پڕۆگرامەکانی قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی ئـەنجام درا بە شێوەی یەك کتێب بۆ هەر پۆلێکی خوێندن کە هەمو بەشەکانی عـەرەبی دەگرێتە خۆی ئەوەش لە هەموو قوتابخانەکانی هەرێم دەستە بەرکرا ..

ئەوەی ئاواتە خوازین کـە کـاری گەشـە پێـدان و پاکسـازی بـەردەوام بێـت لـەو پڕۆگرامانە ..بۆ بەرەو پڕۆگرامی پـەروەردەیی ئاسـان و مەبەسـتدار ..... ئیتر سەرکەوتن لە خودا داوا کارین.

**بەربەست و گرفتەكان :-**

١- نزمی ئاستی زمانەوانی ئەو قوتابیانەی كە لە سەرەتایی بۆ ناوەندی بەرێ دەكرێن، چونكە ئەو پرۆگرامەی كە لە سەرەتایی بۆ زمانی عەرەبی دەخوێنرێ گونجاو نییە بۆ قوتابیانی هەرێمی كوردستان ئەویش كاریگەر بیەكەی بە پێچەوانە دەگەڕێتەوە سەر ئاستی زمانەوانی.

٢- مانەوەی پرۆگرام و كتێبەكانی ئەو زمانە وەكو خۆی بێ گۆرانكاری و دانانی نوێ لە قوتابخانە پیشەییەكان و ئامادەییە ئیسلامیەكان جگە لە پەیمانگەی هونەرەجوانەكان.

٣- كەمی مامۆستایانی پسپۆر لەم زمانە بە هۆی دا نەمەزراندنی دەرچووانی نوێ مامۆستایان .

٤- سەپاندنی وانە وتنەوەی زمانی عەرەبی بەسەر مامۆستایانی نا پسپۆرو نەشارەزا لەم بوارە بۆ پركردنەوەی وانە بەتاڵەكان (شاغیرەكان) لەلایەن مامۆستایان لە هەردوو قۆناغی ناوەندی و ئامادەیی .

٥- ئامادەنەكردنی مامۆستای زمانی عەرەبی لە لایەن كۆلێژەكان بە ئامادە كردنێكی زانستی و كرداری بۆ وانە وتنەوەی زمانی عەرەبی لە لایەنی خوێندی زانستی دەروونی و رێگاكانی وانە وتنەوەو بە بە جێهێنان و گونجاندنی ئەم كارە راسپاردەیە

٦- نەبوونی و كەمی كتێبی پرۆگرامی زمانی عەرەبی لە سەرەتای هەموو ساڵێكی نۆێی خوێندن كەچی قوتابیان زیاتر پێویستیان پێیەتی .

٧- رێك خستنی میلاكات لە كاتی پێویست بە هۆی دوا كەوتنی دامەزراندن .

٨- كەم و كوڕی پەرتوكخانەكانی قوتابخانەكان و نەبوونی كتێبی دەرەكی و سەرچاوەكانی تر كە دەبێتە هۆی پاڵپشتی خوێندنی زمانی عەرەبی و زمانەكانی تر .

٩- ئاگادار كردنەوەی سەرپەرشتیاران و مامۆستایان لەو گۆڕانكارییە نوێیانە و پێشكەوتنانەی لە بواری وانە وتنەوەی زمانی عەرەبی پەیدا بووە وەك ڕێگەی وانە وتنەوەو ئەو شێوازانە نوێیانەی كە پەیرەو دەكرێ لە پەروەردەو فێركردن لە وڵاتی تر.

## چارەسەر و پێشنیارەکان

١- چاو پێدا خشاندنەوە لە کتێبی زمانی عەرەبی پۆلەکانی چوارەم و پێنجەم و شەشەمی قۆناغی سەرەتایی بۆ گۆڕین و گەشە پێدان و دانانی سەر لە نوێ بۆ گونجاندنی لە گەڵ خوێندنی کوردی ..

٢- چاو پێدا خشاندنەوە لە پڕۆگرامەکانی خوێندنە پیشەییەکان و خوێندنی ئیسلامی و پەیمانگەکان و دانانی پڕۆگرامی نوێ کە لە گەڵ ئێستا بگونجێ لە هەرێم .. وەیەك پڕۆگرامی یەکگرتوو بۆ هەموو بەشە پیشەییەکان .

٣- خوێندنی پڕۆگرامی زمانی عەرەبی لە ئامادەییەکانی خوێندنی ئیسلامی وەك ئامادەییەکانی تر بەیەك پڕۆگرامی یەکگرتوو بەشێوەیەك پرسیاری ئەزموونە گشتیەکانی هەموو قۆناغی ناوەندی و ئامادەییەکان یەك جۆرە پرسیار بێت .

٤- ماوەنەدان بە وانە وتنەوەی زمانی عەرەبی بەو مامۆستایانەی پسپۆر شارەزا نین لەم بوارەدا بە تایبەتی لە ناوەندی و ئامادەیی ئەوەش بە دابین کردنی مامۆستایانی پسپۆر و دامەزراندن بە پێی پێویست بۆ چارەسەری ئەم گرفتە .

٥- رێکخستنی میلاکی قوتابخانەکان پێش دەست پێکردنی خوێندنی ساڵی نوێ .. بە پشت بەستن بە بەرێزان سەر پەرشتیارانی پەروەردە پسپۆرییەکان.

٦- دابینکردنی ژمارەی تەواو لە کتێب بۆ هەموو بابەتەکان و بۆ سەرجەم قوتابیان پێش دەست پێکردنی ساڵی خوێندنی تازە وە ئاگادارکردنەوەی مامۆستایان لە هەر گۆڕانکاری و دەستکارییەك کە لەم کتێبانە دا کراوە لە کاتی گونجاو .

٧- کردنەوەی خولی شیاندن و بەهێزکردن بۆ مامۆستایانی زمانی عەرەبی و ئاین پێش یان پاش دامەزراندن .

٨- کردنەوەی پەڕتووکخانەی پەیوەند بە خوێندن و گەشە پێدان بە کتێبی پێویست کە پاڵپشتی کاری پەروەردەیی و فێرکاری دەکات بە تایبەتی کتێبی زمانەوانی و سەرچاوە ئەدەبییەکان بە هەموو جۆرەکانی و چیرۆك و ئەو گۆڤارانەی مەبەست وە دەست دەهێنێ و بۆ قوتابیان دەشێ .

٩- بەر پرسیارییەتی پەڕتووکخانەکان نەخرێنە ئەستۆی مامۆستای زمانی عەرەبی تەنها لە کاتی زۆر پێویست و ناچاری نەبێت .

١٠- بەشێوەی یەکسانی بایەخ بدرێ بە هەموو بەشەکانی زمانی عەرەبی وەك: ڕێزمان ، خوێندنەوە ، لەبەر کردن ، نووسین وەخەت لە قۆناغی سەرەتایی.

١١- گەڕاندنەوەی دابەشکردنی پەڕاوی جوان و نووسی عەرەبی (كراس الخط العربي ) بەسەر قوتابیانی قۆناغی سەرەتایی بۆ ڕاهێنان و چاککردنی خەت .

١٢- جێگیرکردنی بەشەوانەی مامۆستایان بەو شێوەیە بێت

(٢٢) وانە بۆ مامۆستای سەرەتایی

(٢٠) وانە بۆ مامۆستای ناوەندی

(١٨) وانە بۆ مامۆستای ئامادەیی

١٣- زیاد کردنی بڕە پارەی وانە بێژی بۆ

(٢) هەزار لە سەرەتایی

(٣) هەزار لە ناوەندی

(٤) هەزار لەئامادەیی

١٤- ناردنی سەر پەرشتیارانی پەروەردەیی و مامۆستا لێهاتووەکان بۆ دەرەوەی وڵات بۆ سوود وەرگرتن لەو شارەزایی و کارامەیی و ئەو گۆڕانکاریانەی لە ئارادایە .. وەئاگادار بوون لەو گۆڕانکاری و نوێ

خوازیانەی لە بواری وانە وتنەوەی زمانی عەرەبی و ڕێگاکانی وتنەوەی نویێ لە بواری پەروەردە و فێرکردنی گشتی لەو وولآتانەی ڕەوانەدەکرێ .

١٥– خەلآتکردنی مامۆستای لێهاتوو بالآ دەست لە کاری خۆی بە ماددی و واتایی.

١٦– وەکار خستنی ( مامۆستا ی یەکەم ) لە مەیدانی وانە وتنەوەی زمانی عەرەبی .

١٧– ئاواتە خوازین چاوپێدا خشانەوەیەك لە پڕۆگرامی زمانی عەرەبی ودانانی تازە بکرێت لە دوا رۆژ بە پشت بەستن بەرێگای وتو وێژ و گفتوگۆکردن بە پشتگیری و یارمەتی سەر پەرشتیارانی پسپۆری و مامۆستایانی لێهاتوو، کە شارەزایی و کارامەیی بەر بلآویان هەیە لەوانە وتنەوەی ئەو بابەتە هەڵبەتە ئەوەش پێویستی بە تەرخانکردنی توانای ماددی و واتایی هەیە بۆ ئەنجامدانی ئەم راسپاردەیە.

١٨– زیادکردنی پاشکۆیەك بۆ پەرتووکی خوێندن کە ژمارەیەك بابەت (مفردات) وشەی عەرەبی لە ناو ، کار (اسم و فعل) وە

وەرگێردرا بێتەوە سەر زمانی کوردی وە پابەند بوونی قوتابیان و خوێندکاران لە گشت قۆناغەکانی خوێندندا، کە زمانی عەرەبی تیایدا دەخوێنرێت بە کەڵك لێوەرگرتنی وە بە کارهێنانی لە کاتی دایەلۆك وتووێژدا .

١٩– دانانی پڕۆگرامی نویێ بۆ (زمانی کوردی ) لە قۆناغە کانی خوێندا . لەو قوتابخانەو خوێندتگەیانەی کە خوێندن تێدایە بە زمانی ( عەرەبی ) لە سنووری هەرێمی کوردستان.

# ڕاپۆرتی
# خوێندنی سریانی

## ٢- خوێندنی سریانی

### پێشەکی

پرۆسەی خوێندنی سریانی لە هەرێمی کوردستان لەدوای ڕاپەڕینە پیرۆزەکەی ئادار دەستی پێ کرد، لە ئاکامی ئەنجامدانی یەکەم هەڵبژاردنی دیموکراتی وهاتنەکایەی یەکەم حکومەت بۆ هەرێمی کوردستان وپەسەند کردنی یاسای وەزارەتی پەروەردە ، کە مادەی (٤) بۆ ساڵی ١٩٩٢ تایبەت بە مافی خوێندنی بە زمانی دایك بۆنەتەوەکانی تر لە خۆ دەگرێت ، ئەم بریارە کاریگەریەکی گەورەی کردە سەر ڕۆڵەی ستەمدیدەی گەلەکەمان ، کە سەردەمێکی درێژ بەدەستی ستەمکاران زوڵم و زۆر داریان چەشتووە . بەپێی ئەمە دەست کرا بەپێکهێنانی لێژنەکانی پرۆگرام وئامادەکردن و شیاندنی کادیرو خولەکانی پەروەردە دروست کردنی قوتابخانە لە پارێزگاکانی هەولێرو دهۆك ، بەری ئەم ماندووبوونەش بە دەرچوونێکی سەرکەوتووانەی کۆمەڵەی یەکەمی قۆناغی سەرەتایی لە ساڵی ١٩٩٨ دەستی پێ کرد ، ولە ساڵی ٢٠٠١ بەهەمان شێوە قۆناغی ناوەندی تەواو کرد ، وەلە ساڵی ٢٠٠٤ کاتێك، کە یەکەم دەستە لە قۆناغی دواناوەندی دەرچوون ، نیشانەی سەرکەوتنی هەموو ئەو هەوڵ وتیکۆشانە بوو لە پێناو ئەم پرۆسەیە ئەمرۆش وەك زمانێکی دێرین وخاوەن میراتێکی نیشتمانی، پێی ناوەتە ناو قۆناغەکانی زانکۆوە، پاراستنیشی بەشێکە لە ئەرك و بەرپرسایەتیمان.

## پێشنیارەکان

### کارگێری

١- کردنەوەی بەشەکانی خوێندنی سریانی لە پەروەردەی ئەو قەزایانەی کە قوتابخانەی سریانی تیایە.

٢- کردنەوەی کۆگای تایبەت بە خوێندنی سریانی لە پاریزگاکانی هەولێر و دهۆك.

٣- چارەسەر کردنی بارودۆخی قوتابخانە سریانییەکان، لە رێگای دابین کردنی بینایە یاخود دروستکردن وبنیاد نانی بینایەی تایبەت.

٤- کردنەوەو گرتنەوەی وەرزەشی مندالآن بە بەرنامەی سریانی لە دهۆك و هەولێر ، واتا ئەو ناوچانەی کە رۆلەی نەتەوەکەمانی لێیە .

٥- فۆرم وتۆمارگەکان وگشت دێکومێنت وبروانامەی قوتابخانەکان بۆ قۆناغەکانی سەرەتایی و دواناوەندی:

أ- گۆرینی بڕگەی پەروەردەی ئیسلامی بۆ پەروەردەی ئاینی، چونکە ئەمە گشتگیر (شمولی) ترەو هەموو ئاینەکانی هەرێمی کوردستان دەگرێتەوە .

ب- زیاد کردنی خانەی زمانی سریانی .. وبەهەمان شێوە لە فۆرمەگانی وەرگرتنی ناوەندی (القبول المركزي) بۆ زانکۆ وپەیمانگەکان.

٦- دابین کردنی و چاپکردنی هۆیەکانی فێرکردن بۆ بەرنامە سریانییەکان بۆ هەر دوو قۆناغی سەرەتایی ئامادەیی.

٧- بەرنامەی گواستنەوەی قوتابیان و خوێنکاران، خوێندکارانی سریانیش بگرێتەوە.

٨- کردنەوەی خولەکانی بە هێز کردنی سالآنە، بۆ کادیرە مامۆستاو وانەبێژانی خوێندنی سریانی.

٩- بەرز کردنەوەی پلەی بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی سریانی لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگاکان، بۆ پلەی یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی، بە مەبەستی کاراکردنی ڕۆڵەکەی، لەگەڵ تەواو کردنی ئەو پەیکەرەی کە پێویستە بۆ بەڕێوەبردنی خوێندنی سریانی لە پارێزگە .

١٠- کردنەوەی بەشی خوێندنی سریانی لە کۆلێجی ئاداب / زانکۆی دهۆك .

**ئەزموونەکان**

١- دانانی نوێنەری خوێندنی سریانی لە لێژنەی باڵای ئەزموونەکان و لقەکانیەوە .

٢- جوداکرنەوەی مادەی پەروەردەی مەسیحی لە مادەی زمانی سریانی لە ئەزموونەگشتیەکان و یەکخستنەوەی لەگەل زمانی عەرەبی . هەروەك زمانی کوردی .

**پڕۆگرامەکانی خوێندن**

١- دیارکردنی کاتی ئەنجامدانی گۆڕانکارییەکان لە پڕۆگرامەکانی خوێندن، لە ماوەی پشووی هاویندا .

٢- زیاد کردنی بەشێك لە مێژووی گەلی سریانیمان بۆ سەر پڕۆگرامەکانی کۆمەلأیەتی .

٣- ڕەچاو کردنی بنەماکانی پێکەوە ژیانێکی برایانەو هاو چارەنووس لە نێو نەتەوەو ئایینەکانی کوردستان ، لە گێڕانەوەی باسی هەندی کەسایەتی و رووداوە مێژوویەکان .

٤- دانانی پڕۆگرامێکی تایبەت بۆ مادەی زمانی کوردی بۆ ئەو قوتابخانانەی کە گشت وانەکانیان بە خوێندی سریانییە / لە سەرەتایی و دواناوەندی .

## پێشنیاری تر

١- پێشنیار دەکەین پلەی هەڵسەنگاندن لە پۆلە بەراییکان ( یەکەم ، دووەم ، سێیەم )ی سەرەتایی لە (١ - ٢٠) پلەبێت ، بۆ ئەوەی هەلسەنگاندنەکە وردتر بێت .

٢- پیاچوونەوە بە باری بەشەوانەکانی خوێندن ، نەخاسمە مادەی زمانەکان ، بە جۆریك ڕۆژانە لە یەك بەشە وانە زیاتر نەبێت .

٣- پشووی دوو ڕۆژ لە هەفتە دا، قوتابخانەو خوێندنکانیش بگرێتەوە ... چونکە دیاردەیەکی شارستانیەو جیهان پەیڕەوی دەکات.

کردنەوەی کەناڵێکی ئاسمانی بۆ زانست تایبەت بیّ بە وەزارەتی پەروەردە

# ڕاپۆرتی
# خوێندنی تورکمانی

## ٣- خوێندنی تورکمانی

## پیشەکی

لە ژێر سایەی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەلە چوار چێوەی دیموکراسیەت قوتابخانەی تورکمانی کرایەوە، هەر وەکو مافێکی زانستی و رۆشنبیری بۆ گەلی تورکمان هاتەکایەوە، ئەمەش دیمکراسیەتێ هەریمی کوردستان دووپات دەکاتەوە . ئێمەش وەك گەلی تورکمان هەستمان بەتەبایی و ئارامی نەتەوەی تورکمان کرد لە سایەی کەش و هەوایەکی دیموکراتی مسۆگەر کرد بۆ وە ئاییندەیەکی گەشی بۆ گشت نەتەوەکانی هەرێمی کوردستانی عیراق وە بۆ جێبەجێکردنی ئامانجەکانی گەلێ و مسۆگەر کردنی دوا رۆژێکی گەش بۆ رۆلەکانمان بۆ ئەوەی ببنە ئەندامێکی سودبەخشی کۆمەل و هاریکاریەکی تەواو ئەنجام بدەن بۆ بنیات نانی کۆمەلێکی پێش کەوتوو لەرێگای پەروەردە و فێرکردن.

خوێندنی تورکمانی لە سالی خوێندنی ١٩٩٣—١٩٩٤ وەك قوناغی سەرەتایی دەستی پیێ کرد وەئەم قۆناغە گەیشتە تەواو بوونی لە سالی خوێندنی ١٩٩٨—١٩٩٩ وە درێژەی پێدا بۆ پۆلی سێەمی ناوەندی لە سالی ٢٠٠٠ — ٢٠٠١ وەشەشەمی ئامادەیی سالی خوێندنی ٢٠٠٤—٢٠٠٥ وە ژمارەی قوتابخانەکان لە شاری هەولێر گەیشتە (١٥) قوتابخانە بەم شێوەیەی خوارەوە.

أ— (٩) قوتابخانەی سەرەتایی تێکەلاو .

ب— (٤) دواناوەندی دوانیان بۆ کوڕان دوانیش بۆ کچان .

ج— (٢) باخچەی ساوایان.

د— لە قەزای کفری (٢) قوتابخانە کرایەوە (١) قوتابخانەی سەرەتایی وە (١) دواناوەندی .

ه) یەك قوتابخانەی سەرەتایی ( بارش ) ویەك باخچەی ساوایانی لە پاریزگای سلیمانی.

لەسەرەتادا بەڕێوەبەری فێرکردنی تورکمانی لە وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان سەرپەرشتی خوێندنی تورکمانی دەکرد بەڵام لە ساڵی ١٩٩٦ بەڕێوەبەرایەتی گشتی فێرکردنی تورکمانی دامەزرا بۆ سەرپەرشتی کردنی قوتابخانەکانی تورکمانی لە گشت ڕوویێکەوە بەتایبەتی لە پرۆگرامەکان و وەرگێرانی بۆ زمانی تورکمانی و دابین کردنی کەل و پەل و نۆژەن کردنەوەی هەندی بینایەی قوتابخانەکان هەربۆیەش وەلە سایەی بەردەوام بوونی گشت خزمەتگوزارییەکان بەردەوام ڕێڕەوی پەروەردەیی ڕاستەقینە وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان ڕۆلێکی گرنگی هەیە لە پێش خستنی ڕێرەوی خوێندن لە قوتابخانەکانی تورکمانی وەهەر بۆ نموونە گەڵێ شت بۆ خوێندنی تورکمانی ئەنجام دراوە لە مانە:-

١- دانانی ڕاویژکاری فیرکردنی تورکمانی.

٢- دانانی شارەزای فێرکردنی تورکمانی .

٣- چاپ کردنی گشت کتێیبەکانی زمانی تورکمانی وەبۆ هەرسێ قۆناغ .

٤ کردنەوەی بەشی تورکمانی لە پەیمانگای مەلبەندی مامۆستایان لە هەولێر .

٥- دامەزراندنی دەرچووانی بەشی تورکمانی لە پەیمانگە وەدامەزراندنیان لە قوتابخانەکانی تورکمانی .

٦-ئامادە کردنی مامۆستایان سەرەتایی بۆ وتنەوەی بابەتەکان بەپیتی لاتینی وە بەشداری کردنیان لە خولی بەهێزکردن .

٧-دابین کردنی گشت پێداویستیەکان بۆ ئەنجام دانی ئەزمونەکان وەبۆ هەرسێ قۆناغ بەزمانی تورکمانی.

## پێشنیارەکانی لیژنەی خوێندنی تورکمانی

١- دانانی پرۆگرامی تازە لە بابەتی خوێندنی کوردی لە گشت قوتابخانەکان کە بگونجی لەگەڵ سسیتەمی تازەی خوێندنی تورکمانی بەتایبەتیش لە پۆلی یەکەمی سەرەتایی.

٢- ئەو منداڵانەی لە باخچەی ساوایانی تورکمانی وەردەگیرێن بەڵێن نامە بدەن کەوا دوای تەواوکردنی قۆناغی باخچەی ساوایان بەردەوام بن لە قوناغەکانی تر خوێندنی تورکمانی.

٣- کردنەوەی بەشی زمانی تورکی لە کولێژی زمان زانکوی سەلاحەددین / هەولێر .

٤- دابین کردنی مامۆستای پسپۆر لە بابەتە زانستییەکانی (فیزیا، کیمیا، زیندەوەرزانی) بەپێی گرێ بەست لەگەڵ کومپانیای فەزالەری تورکی بۆ پەروەردەی فێرکردن تاوەکو ئامادەکردنی مامۆستایانی خۆمان لەم بوارە.

٥- پیشنیازی ئەو دەکەین، کەوا جۆری خوێندن لە گشت قوناغەکانی خوێندنی تورکمانی بەو شێوەیە بێت، کە بابەتە زانستیەکان بخوێنرێت بەزمانی کوردی وەبابەتە کومەڵایەتییەکانیش بەزمانی لاتینی .هەتا ئەو کاتەی مامۆستایانی تایبەت دابین دەکریت.

٦- (أ)مانەوەی دوو قوتابخانەی سەرەتایی یەکیان لە گەڕەکی ڕاپەرین ئەوی تریان لەگەرکی ئیسکان کەجۆری خوێندنی تیایدا بەزمانی تورکی وە بەپیتی لاتینی بێت بۆ ئەوانەی کەوا ئارەزووی ئەم جورە خوێندنیان هەیە ، لەگەڵ بابەتی خوێندنی کوردی بۆ گشت قوتابخانەکان .

(ب) هێشتنەوەی دوو دواناوەندی یەکیان بۆ کوران ئەوی تریان بۆ کچان بەهەمان مەبەستی سەرەتایی و بەهەمان شوین و گەڕەك وە کارکردن بە بڕگەی شەشەم لەکاتی جێبەجێکردنی بڕگەی پێنچەم دەبێت.

٧- دروست كردنی باڵەخانەی تازە بۆ قوتابخانە توركمانییەكان بە ڕەچاوكردنی ئەو شوێنانەی كەوا زۆرینەی توركمانی تێدا نیشتەجێ بوونە ئەگەر بۆ ئەم قۆناغەش نەكرا پێویستە ئەو باڵەخانەیەی كەوا ئێستا هەیە نۆژەن بكرێتەوە بەشێوەیەكی سەردەمیانە.

٨- دابین كردنی پێداویستیەكانی قوتابخانەكانی توركمانی لەڕووی تاقیكەی زانستی بۆ دواناوندەییەكان.

٩- دابین كردنی هۆلێكی تایبەت بۆ تاقیگەی فێركردنی كومپیوتر .

١٠- بەشداربوونی مامۆستایان و كارمەندانی قوتابخانەكانمان لە هەموو خولەكانی دەرەوە وناوەوەی هەرێم هەروەكو قوتابخانەكانی تر .

١١- كردنەوەی هۆبەی توركمانی لە پەروەردی كفری بۆ ڕاپەراندنی قوتابخانەكانی توركمانی.

١٢- پیشنیازی زیاد كردنی بڕگەیەكی تایبەت بۆ خوێندنی توركمانی سەبارەت بە فۆرم و تۆمارگەكان وە بڕوانامەكان ، وە هەروەها دروست كردنی بڕگەیەك لە فورمی وەرگرتنی مەڵبەندی (قبول مركزی) .

١٣- پیشنیاز دەكەین بابەتە كۆمەڵایەتییەكان پێداچوونەوەی بەسەر دابكرێت وە دەوڵەمەند بكرێت لە هزری تەبایی و برایەتی و پێكەوە ژیان لە نێوان گەلی كوردو توركمان و گەلانی تر .

# ڕاپۆرتی
# توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی پەروەردەیی

## شازدەهەم / تویژینەوە و لێکۆڵینەوەی پەروەردەیی

### روونکردنەوەیەك:

هەرچەند بەڕێوەبەرایەتی توێژینەوە ولێکۆڵینەوە هەیە بەلام ئەم بەڕێوەبەرایەتیە پێویستی بە گەشە پێدان و دابینکردنی کادیری لێهاتوو هەیەو ئەم ڕاپۆرتە بیرۆکەی پڕۆژەیەك لەبەردەم کۆنگرەی پەروەردەیی دادەنێت بۆ کردنەوەی سەنتەرێك یان بەڕێوەبەرایەتییەك لە ناو پەیکەری وەزارەتی پەروەردەدا بە مەبەستی بەهێزکردنی بڕیارە پەروەردەییەکان و پاڵپشتی کردنیان بە شێوەیەك زیاتر لە ڕاستی نزیك بن و ئەنجامەکانیان تا ڕادەیەکی زۆر مسۆگەر بکرێت لە بەرژەوەندی پێشخستنی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردندا . لە ناوەرۆکی ڕاپۆرتەکەدا باس لە ئامانج، مەرج، بوار، پێداویستی، جۆر، گرنگی، ئەرك، ئامراز، بنچینە و ڕێساکانی توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی پەروەردەیی کراوە. لە کۆتایشدا ڕاسپاردە و پێشنیازی پێویستی خستووەتە ڕوو بۆ سەرخستنی کار لە بواری توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی پەروەردەییدا

## پێشەکی

توێژینەوەی پەروەردەیی بنەمایەکی سەرەکییە لە بنەماکانی پێشخستنی سەرکەوتوو کە هەر سیستەمێکی پەروەردە و فێرکردن پشتی پێ دەبەستێ ، ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە پێشخستنی پێکهاتەی هەر سیستەمێك کە بە شێوازێکی پرۆگرامی دروست کاری بۆ دەکرێت . لەبەر ئەوە پێویستە وەزارەتی پەروەردە پلانی گونجاوی هەبێت بۆ توێژینەوەکانی پەروەردەیی بە شێوەیەك کە بگونجێت لەگەل پێویستییەکانی وەزارەت و ئەو پرۆژانەی کە پێی هەڵدەستێت بە ئامانجی ڕێکخستنی کارەکان و سوود وەرگرتن لە توانا و شارەزاییەکانی بەردەست لە هەندێك لە دەزگاکانی زانستی لە وڵاتدا . دەبێ توێژینەوەکانی شێوازی مەیدانی و پراکتیکی بگرنە بەر بە شێوەیەك یارمەتی بدەن لە دەست نیشانکردنی کێشەکانی بواری پەروەردە و فێرکردن و ڕێگە چارەی گونجاویشیان بۆ بدۆزێتەوە . کە لە کۆتاییدا بەژداری دەکات لە پشتگیری و بەهێزکردنی بڕیارەکانی پێشخستنی پەروەردەیی ، کە لەگەڵ گیانی سەردەمی نوێدا بگونجێت .

## پێناسەی توێژینەوە ی پەروەردەیی

پرۆسەیەکی بیری ڕێکخراوە کە لە لایەن کەسێکەوە (یان کۆمەلە کەسێك ) جێبەجێ دەکرێت کە پێی دەوترێت توێژەر لە پێناو دەرخستنی ڕاستی یەکان لە پێناو پرسێك یاخود گرفتێکی دیاری کراو کە پێی دەگوترێت ( بابەتی توێژینەوە ) بە گرتنە بەری ڕێگایەکی زانستی ڕێکخراو پێی دەوترێت (پەیرەوەی توێژینەوە) بۆ گەیشتن بە چارەسەری گونجاو یاخود دەرئەنجامی گونجاو لە پێناو بە گشتی کردنی لەسەر هەموو کێشە هاوشێوەکانی تر کە پێی دەوترێت ( دەرئەنجامی توێژینەوە) ئەو پێناسەیە چەخت لەسەر چەند

ڕەهەندێك دەكاتەوە وەكو پێویستی توێژینەوەی پەروەردەیی بۆ بیركردنەوەی زانستی ڕێكخراو لە لایەن توێژەرەوە و دیاری كردنی بابەتی توێژینەوە و پەیرەو كردنی دەقی زانستی و چارەسەر كردنی گرفتەكان وەكو دەرئەنجامی كۆتایی.

* بریتییە لە پشكنین و گەڕانێكی ڕێكخراو بە گرتنە بەری شێواز و پەیڕەوی جۆراو جۆری زانستی بە مەبەستی دەركەوتنی ڕاستی و ڕاستكردنەوەی زانیارییەكان و زیاد بوونی زانیاری نوێ.

* ئەو ڕێگەو پەیڕەوە دیاریكراوەیە بۆ پشكنینی ڕاستی زانستی، كە لەسەر زنجیرەیەك پێودانگ و پێوەر كارەكەی دەكات بۆ هاوكاری كردنی گەشەی زانیاری كە هەموو لێكۆلینەوەیەك مل كەچی ڕاستی زانستی دەبێت.

لە كۆی ئەو پێناسانە توێژینەوەی پەروەردە بریتیە لە كۆمەڵێك هەنگاو كە بریتییە لە هەست كردن بە كێشە لە بەرامبەر توێژەر كە چەند ئەگەرێكی بەرجەستە دەدۆزێتەوە بۆ ئەوەی باشترین ئەگەر هەڵبژێرێت تاوەكو دەگاتە دەرئەنجامێكی دیاریكراو ، ئەم هەنگاوە چەند كردارێكی پراكتیكی پێویستە وەكو دیاریكردنی گرفت ، كۆكردنەوەی زانیاری پێویست لەسەر گرفتەكان كە هاوكاری توێژەر دەكات بۆ دیاری كردنی باشترین ئەگەر ، و بە گشتی كردن و ئەو هەنگاوە بە كردەوە جێبەجێ بكرێت ، هەموو توێژینەوەیەك بە پێی جۆری كێشەكە شێوازی چارەسەر كردنی دەگۆرێت هەر توێژینەوەیەك ڕێگایەكی تایبەتی هەیە.

**ئامانجەكانی توێژینەوەی پەروەردەیی:**

ئامانجی سەرەكی لە بنكەی توێژینەوەی پەروەردەیی ئەوەیە كە چۆن وەزارەتی پەروەردە هەوڵ دەدات لە ڕێگای ئەو بنكەیە كێشە و گرفتەكانی

پـەروەردەیی بـە شـێوەیەکی زانسـتی و لـۆژیکی چارەسـەر بکـات ئەمـەش دەوەستێتە سـەر لێکۆلینـەوە و توێژینـەوەی پێویسـت لـە کـاتی پێویسـتدا بـۆ هەڵوێستی فێربوون و بەرەوپێش چوونی پرۆسەی پـەروەردە بـە پشـت بەسـتن بەو توێژینەوانەی کە دەکرێت بە هەماهەنگی لـە نێـوان هـەموو بوارەکـانی تـری زانسـتی و بنکـەکانی زانیـاری ئـەوەی لـە نـاو پرۆسـەی وەزارەتـی پـەروەردەن یاخود ئەوانەی لە دەرەوەی ئەو دەزگایە کاردەکەن و شـارەزاییان هەیـە وەکـو وەزارەتـی خوێنـدنی بـالاَّ و وەزارەتـی ژینگـە و سـەنتەرەکانی تەکنـەلۆژیای زانیاری و دەستەی ئامـار و دەزگـا جـۆراو جۆرەکـانی مـەدەنی و حکـومی ، وە ئامانجەکانیش وەکو:-

١/ دەرخسـتنێکی پێشـینە بـە مەبەسـتی زانیـاری نـوێ بـۆ پشـتگیری کردنـی چارەسەری کێشەکان و ئەلتەرناتیڤی ( بدیل ) دەرئەنجامـەکان کـە یارمـەتیمان دەدات بۆ تێگەیشتن لە ڕەهەندە جیاوازەکانی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن و چـۆنیەتی گەشـەکردن و بـەرەو پـێش بردنـی بـە مـۆدێلێکی نـوێ لەگـەڵ داخوازییەکانی سەردەم بگونجێ.

٢/ لێکۆلینەوەی باری ئێستای سیستەمی پەروەردە و دەرخستنی تایبەتمەندی لایەنی بەهێز و لاواز لەم سیستەمە بە مەبەسـتی ناسـینی شـێواز و حالەتـەکانی پەروەردە و دیاریکردنی گرفت و کێشە بەرچاو و دیارەکان بۆ کـارکردن لەسـەر چارەسەرکردنیاندا.

٣/ پێشخستنی سیستەمی پەروەردە و نوێکردنەوەی ئەو سیستەمە و کـارکردن بـۆ زیـاتر کردنـی کارامـەیی نـاوخۆ و دەرەکـی ئـەو پرۆسـە و سیسـتەمە پەروەردەییە.

٤/ هاوکاری کردن بۆ دیار کردنی چالاکی و ڕێگە و شێوازە بەکارهاتووەکانی لە ژووری خوێندندا و پێشخستنی کرداری پەروەردەیی.

٥/ ئامانجی ئەو بنکەی توێژینەوەی پەروەردە دەبێتە هاوکارییەك بۆ گەیشتن بە باشترین و چاکترین ڕێگە کە دەکرێ ببێتە هۆی پێشخستنی هەردوو لایەنی چەندایەتی و چۆنایەتی بۆ دەرکەوتووەکان ( دەرهاوێشتەکان ) (مخرجات) ی فێربوون.

٦/ بەرز کردنەوەی ئاستی کارامەیی و کاریگەری پرۆسەی پەروەردەیی لە ڕێگەی لێکۆلینەوە و توێژینەوەی پێویست و کارکردن لەسەر سیستەمێکی تەواوی زانیارییەکان.

٧/ کارکردن لەسەر هەلسەنگاندنی پرۆگرام و کتێبەکانی هەموو قۆناغەکانی خوێندن.

٨/ پەیوەندی کردنی زانستی و هاوکاری کردن لە نێوان هەموو سەنتەرەکانی توێژینەوەی جیهانی و سوود وەرگرتن لە تواناو شارەزاییان.

٩/ گەشەکردن و بەرەو پێشبردنی توانا و لێهاتوویی پیشەیی و ئەکادیمی و کارگێری بۆ هەموو ئەو کەسانەی لە بواری پەروەردە کار دەکەن.

١٠/ پێشکەش کردنی ڕاوێژی زانستی و پیشەیی و دەروونی و کۆمەلایەتی بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکانی بواری پەروەردە.

١١/ وەرگێڕانی سەرچاوە و پەڕتووکی بەسوود کە دەبنە مایەی دەولەمەند کردنی لایەنی مەعریفی مامۆستایان و قوتابیان .

١٢/ کارکردن بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی قوتابیان لە قۆناغە جیاوازەکاندا و دۆزینەوەی بەهرەداران و خاوەن توانا زانستییە بەرزەکان .

١٣/بەشداری پـێ کردنـی ڕای کۆمـەڵ لـە بڕیارەکـانی پـەروەردەیی کـە دەبێتـە مایـەی بـەهێزکردنیبڕیارەکانی پـەروەردەیی و هۆشـیارکردنەوەی کۆمـەڵ لـە بواری پەروەردە و بەهێزبوونی پەیوەندی نێوان دەزگاکانی پەروەردەیی و خزان.

**مەرجەکانی توێژەری پەروەردەیی:**

ئەو کەسانەی لە بواری توێژینەوەی پـەروەردە کـار دەکـەن، بـە پـێی شـارەزا بوون بۆ ئەکتیڤ کردنی ئەو بنکەیە پێویستە ئەو کەسانە بەم شێوەیە بن:

١/ دەبێ شارەزایی هەبێت لـە بـواری توێژینـەوەی پـەروەردەیی و توێژینـەوەی کردبێت بە پێ ی پەیرەو پرۆگرامی زانستی لە بواری توێژینەوە.

٢/ دەبێ شارەزایی لە بوارەکانی دەروونزانی و نەخشە و پـلان دانـان و ئامـاری پەروەردەییدا هـەبێ و باشـتر وایـە هـەڵگری بڕوانامـەی بـەرز بـن لـەو بوارانـەی پێشەوە.

٣/ دەبێ شارەزایی هەبێت لە شیکردنەوەی بەیانەکان و بەکارهێنانی هۆیەکانی ئاماری گونجاو بۆ هەموو بابەتێك.

٤/ دەبـێ شـارەزایی هـەبێت لـە بـەکارهێنانی کۆمپیوتـەر و ئینتـەرنێت و بەرکارهێنانی بەرنامەی ئاماریی زانستە مرۆییەکان وەکو ( SPSS ).

٥/ دەبێ شارەزایی هەبێت لە ئامادە کـردن و جێبـەجێکردنی فـۆرمی زانیـاری و ڕاپرسی و پێوەرەکان و تاقیکردنەوەکانی پەروەردەیی و دەروونناسی .

٦/ پاکی و دڵسۆزی لە کارکردن لە ڕووی ووردەکاری و توانای بەردەوام بوون و بە دواداچوونی قۆناغەکانی بە جیٚگەیاندنی توێژینەوە.

**٧/ توانا و شارەزایی لە بواری ئیدارە و بەڕێوەبردنی گرفتەکان هەبێت بـۆ ئـەوەی کارەکان سەرکەوتووبن و دەرئەنجامی ئابووری و زانستی هەبێت.**

٨ / باشتر وایە زمانێکی زیندووی بێگانە بزانێت .

٩ / سەرەرای ئەوەی لە خاڵەکانی پێشەو ئامارژەیان پێکراوە ( کە راستەوخۆ هەڵدەستن بە ئەنجامدانی توێژینەوەکان ) دەکرێ لە هەمان کاتدا بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ بەو کارە هەڵبستن لە رێگەی سەرپەرشتی کردنی توێژینەوەکان کە خەڵکانی تر پێی هەلدەستن وەك ( سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی و پسپۆری ، بەرێوەبەرانی قوتابخانەکان ، مامۆستایان ، فەرمانبەرانی کارگێری بواری پەروەردەیی ) دوای ئەوەی رادەهێنرێن لەو بوارەدا.

## بوارەکانی کارکردنی توێژینەوەی پەروەردەیی :

مەبەست ئەوەیە ئەو بوارە و رەهەندانەی کە توێژینەوەی پەروەردەیی کاری تێدەکات ، باشتروایە ئەو بوارانە دابەش بکرێنە سەر یەکە و بەشی تایبەتمەند و کارمەندان بە پیێ پسپۆریان تیایاندا کار بکەن :—

١/ یەکەی پێشخستنی پرۆسەی وانە وتنەوە و رێگەکانی وبەرێوەبردنی پۆل .

٢/ یەکەی پێشخستنی پرۆگرام و مادده بریار لەسەر دراوەکانی خوێندن بە هەموو پسپۆرییەکان .

٣/ یەکەی پێوانە و هەڵسەنگاندن (تاقیکردنەوەکان و پێوەرەکانیان).

٤/ یەکەی تەکنەلۆژیا و هۆیەکانی فێرکردن و روونکردنەوە.

٥/ یەکەی توێژینەوە و دانان و وەرگێران.

٦/ یەکەی رێکخستنی کۆر و کۆنگرەی زانستی.

٧/ یەکەی پێشخستنی کاری کارگێری و بەرزکردنەوەی توانای کارمەندانی بوارەکە .

٨ / یەکـەی پەیوەنـدی و هەماهـەنگی لەگـەڵ لایـەن و بنکـەکانی تایبـەت بـە توێژینەوە هاوشێوەکان لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات .

٩ / یەکەی توێژینەوەکانی پەروەردەی تایبەت .

١٠/یەکەی توێژینەوەی سیاسەتی مامۆستایان.

١١/ یەکەی خوێندنی نافەرمی و ئەهلی.

**پێداویستییەکانی بنکەی توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی پەروەردەیی :**

کە بە شێوەیەکی سەرەکی دەکرێنە دوو بەش :-

**یەکەم** : توانا مرۆیی یەکان :

١. شـارەزاییان لـە بـواری پـەروەردەیی و دەروونزانـی و کۆمەڵناسـی و ڕێساکانی توێژینەوە و ئامار.......هتد .

٢. توێـژەری مەیـدانی بـە ژمارەیـەکی زۆرتـر لـەو پسـپۆڕییانەی سـەرەوە و دەکرێ خـەڵکی تـریش بۆ ئـەو مەبەسـتە ڕابهێنرێـت لـە سەرپەرشـتیار و فەرمانبەری پەروەردە و مامۆستا .........هتد .

**دووەم** : پێداویستییە ماددییەکان :

١. بینـای گونجـاو : کـە ژووری پێویسـت و گونجـاو و هـۆڵی کۆبوونـەوە و کۆنفرانسی تێدا بێت لەگەڵ کەل و پەلی پێویست .

٢. ئامێری پێویست : لە کومپیۆتەر و فوتوکۆپی و پرێنتەرو ئامێرەکانی وەك (Data show ,Projector, Overhead) ......هتد .

٣. هۆیەکانی گواستنەوە وگەیاندن :

أ- ئوتومبێل بە ژمارەی پێویست بۆ سەردانە مەیدانییەکان .

ب- تەلەفون و هێلی ئەنتەرنێت .

٤. کتێبخانەیەکی پێشکەوتوو و دەوڵەمەند بە جۆرەها پەڕتووك و گۆڤار و بەستنەوەی بە سەرچاوەکانی زانیاری ئەلیکترۆنی.

٥. بودجەی پێویست بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە و پاداشتی توێژەران و کارمەندان ......هتد .

## جۆرەکانی توێژینەوەی پەروەردەیی:

١- <u>توێژینەوەی مێژوویی</u> : کە تیایدا باسی پرۆسەی پەروەردە دەکرێت لە ماوەی مێژوویی جیاوازدا یاخود توێژینەوە دەربارەی ئەو گۆڕانکاریانەی بەسەر دەزگاکانی پەروەردەدا هاتووە یان دەزگایەکی دیاری کراوی پەروەردە.

٢- <u>توێژینەوەی وەسفی</u> : تیایدا پشت دەبەسترێت بە دانانی گریمان بۆ ئەو دیاردەیەی ڕووئەدات وەکو کۆکردنەوەی ئەنجامەکانی و وەسف کردنیان.

٣- <u>توێژینەوەی ئەزموونی (تجريبي)</u>: ناسینی کێشەکە و شیکردنەوەی وردەکارییەکانی تاقیکردنەوەکە.

## گرنگی بوونی توێژینەوەی پەروەردەیی:

دەکرێ گرینگی توێژینەوەی پەروەردەیی بەم شێوەیە بخەینە روو :

توێژینەوەی پەروەردەیی پاڵپشتێکی بنەرەتییە بۆ پێشکەش کردنی خزمەتێکی پەروەردەیی باشتر بۆ نەوەکان ئەویش لە رێگەی :

أ- توێژینەوەکان دەبنە مایەی دەوڵەمەند کردن و پوختەکردنی کاری پەروەردەیی.

ب- دۆزینەوەی شتی نوێ و بە سوود لە بواری پەروەردەدا و گشتاندنی بەسەر لایەنە پەروەردەییە پەیوەندیدارەکان و لە ئەنجامدا دەبنە مایەی چالاککردنی بزووتنەوەی پەروەردەیی.

ج- دۆزینەوەی توێژەری پەروەردەیی سەرکەوتوو و بە توانا و پێشکەشکردنیان بە کومەڵگەی پەروەردەیی و هانیان دەدات و ورەیان بەرز دەکاتەوە بۆ پێشکەش کردنی خزمەت و داهێنانی زیاتر. .

**ئەرکەکانی بنکەی توێژینەوەی پەروەردەیی:**

١/ دیار کردن و دەرخستن و گەمارۆ کردنی(حصر) گرفتە زانستی و پەروەردەییەکان کە بە شێوەیەکی دیار و ئاشکرا لە مەیدانی پەروەردە دەردەکەوێت و هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پەیوەندیدار بەو گرفتە و چارەسەر کردنی.

٢/ ئاسانکاری ئەرکی توێژەر لە دەرەوەی وەزارەتی پەروەردە بە پێی رێنمایی دیاریکراو وە ئاگادارکردنەوەی لایەنی بەرپرس لە هەنگاوەکانی چارەسەر کردنی گرفتەکان.

٤/ کردنەوەی خوولی مەشقی و وەرشەی کار بۆ بەڕێوەبردنی فێرکردن بۆ سەرپەرشتیارانی پسپۆری و پەروەردەیی و لەسەر هەموو شتێکی نوێ و مۆدرێن لە بواری توێژینەوەی پەروەردەیی ئاگادار بکرێنەوە.

٥/ دانانی بەرنامەی هۆشیارکردنەوە و چالاکی بۆ هاندانی مامۆستا و قوتابی لەسەر ئەنجامدانی توێژینەوە و لێکولینەوەی پەروەردەیی و زانستی.

٦/ ئامادەکردنی راپۆرتی وەرزی لەسەر توێژینەوەکان بۆ وەزارەت و تاوەکو کار بە دەرئەنجامی توێژینەوەکە بکرێت.

٧/ دانانی پلانی سالانە بۆ جێبەجێ کردنی ئەو ئەرکانە بە پێی بەرنامەیەکی زەمەنی و بەرزکردنەوەی بۆ بەڕێوەبەردنی گشتی توێژینەوەی پەروەردەیی لە سەرەتای دەست پێکردنی خوێندن.

**ئامرازەکانی توێژینەوە :**

پێویستە ئەو کەسەی توێژینەوە ئەنجام دەدات یەکێك یان زیاتر ئامرازەکانی توێژینەوە بەکاربهێنێت وەکو:-

١/ ڕاپرسی ( استفتاء ) : کە چەند جۆرێکی هەیە وەك:

أ ) ڕاپرسی دیاریکراو : کە کەسی وەرگیراو یەکێك لە وەڵامە دیاریکراوەکان هەڵدەبژێردرێت.

ب ) ڕاپرسی کراوە : کەسی وەلامدەر ڕای خۆی دەربارەی پرسیارەکە دەنووسێت و دیاری کردنی تێدا نییە.

ج ) ڕاپرسی دیاریکراوی کراوە : پرسیارەکانی چەندین وەڵامی تیادایە و کەسی وەڵامدەر ئەو کاتە وەڵامی دەداتەوە و ڕای خۆشی دەربارەی وەڵامەکە کە هەڵی بژاردووە دەنووسێت.

٢/ چاوپێکەوتن : کە ئەویش لەگەڵ ئەو کەسانەدا دەکرێت کە:

أ ) بابەتی توێژینەوەکە دەیانگرێتەوە.

ب ) کەسانی شارەزا و پسپۆر لەم بوارەدا بۆ ڕا وەرگرتنیان.

٣/ **دانانی گریمان و تاقی کردنەوەیان لەسەر بابەتەکە** ، واتە ئەویش کەسی ئەنجامدەری توێژینەوەکە چەند گریمانێك دیاری دەکات و ئەگەری ڕاستگۆیی هەریەکێکیان دەرئەنجامەکان دەری دەخات.

**بنچینە و ڕێسایەکانی توێژینەوە و لێکۆڵینەوە پەروەردەیی:**

١/ ئەوەی بڵاو دەکرێتەوە دەبێ ڕاستەو خۆ پەیوەندی بە لایەنی پەروەردە و دەروونی و نەخشە و پلانی پەروەردەیی هەبێت.

٢/ دەبێ توێژینەوەکان نوێ بن هیچ کاتێك لەمەو پێش بڵاونەکرابنەوە یاخود لە شوێنێکی تر وەرنەگیرابن.

٣/ نابێ هیچ توێژینەوە و لێکۆڵینەوەیەك بلاوبکرێتەوە یاخود کاری پـێ بکرێـت ئەگەر لە لایەن پسپۆرانی ئەو بوارە هەڵنەسەنگێندرێت .

٤/ پابەنـدبوونی توێـژەر بـە مـەرج و رێسـایەکانی هـەبوو لـە هـەنگاوەکانی توێژینەوە کە بنکـەی توێژینـەوە لێکۆڵینـەوەی پـەروەردەیی دەری دەکـات یـا بڕیاری لەسەر دەدات لە چۆنیەتی رێکخستنی سەرچـاوەکان و جـۆر و قـەبارەی خەت و ژمـارەی(دێـر و لاپـەرە و وشـەکان) و زمـانی نووسـینی توێژینەوەکـە و .......هتد . ئەمانەش بە پێی یاسای تایبەت رێك دەخرێن.

**بۆ هاندانی سەرخستنی توێژینەوەکانی پەروەردەیی پێویستە ئەم خاڵانەی خوارەوە جێبەجێبکرێن :**

**یەکەم/ڕاسپاردەکان:-**

١. کردنەوەی پەڕتووکخانەی تایبەت بە توێژینەوەکان بە شێوەیەکی گشتی و هی پەروەردەیی بە شێوەیەکی تایبەتی و دەڵەمەند کردنیـان بـە هـەموو جـۆرە پـەڕتووکێك لـە پسـپۆرییە جـۆراو جۆرەکـان و گۆڤـار و دەوریـات و نامـەکانی ماستەر و دکتۆرا و .......هتد .

٢. دابین کردنـی بودجەیـەکی گونجـاوی سـالأنە بـۆ جێبـەجێکردنی توێژینـەوە پەروەردەییەکان بەپێ ی ستاندەرەکانی جیهانی .

٣. دابینکردنی هاندەری ماددی بۆ ئەوانەی توێژینەوە دەکـەن (هـەروەك چـۆن لە بواری ڕاهێناندا دەکرێت ).

٤. بەخشینی مۆڵـەتی سنووردار یـان کـەم کردنـەوەی کارەکـانی ئەوانـەی بـە توێژینەوەی پەروەردەیی هەڵدەستن لە ماوەی ئامادە کـردن بـۆ توێژینـەوەکان بۆ ئەوەی بتوانن بە شێوەیەکی باش بەکارەکانیان هەڵبسنێنن .

٥. بەخشینی هەلی زیاتر بۆ پلەی فەرمانبەریتی(بە پۆستە کارگێڕییەکانیشەوە) بەوانەی بە توێژینەوە هەڵدەستن لە بواری کارەکانیاندا .

٦. بڵاوکردنەوەی توێژینەوە باشەکان لە گۆڤار یان بڵاوکراوەیەکی تایبەت بە توێژنەوەی پەروەردەیی و ڕێکخستنی کۆنفرانسێکی ساڵانە بۆ خستنە ڕووی توێژینەوەکان .

٧. کردنەوەی خولی فراوان بۆ سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی و پسپۆری لەسەر مەنهەجی زانستی توێژینەوەی پەروەردەیی .

٨. بەخشینی سەرمووچەی بەدەر (استثنائي) بەوانەی هەڵدەستن بە ژمارەیەکی دیاریکراو توێژینەوەی بەرچاو .

٩. هۆشیار کردنەوەی کارمەندانی بواری پەروەردە و مامۆستایان و تەنانەت قوتابیانیش لە بارەی گرنگی و پێویستی توێژینەوەی پەروەردەیی لە ڕێی کۆڕ و سمینار و وانە و دەزگاکانی ڕاگەیاندن .

١٠. ئەنجامدانی توێژینەوە و لێکوڵینەوە لە بواری تایبەتمەندی بە ئەرکێك لە ئەرکەکانی ڕاژە دابنرێت .

١١. تەرخانکردنی دیاری ماددی و مەعنەوی بۆ باشترین توێژینەوە لەسەر ئاستی ناوچە و پارێزگا و هەرێم و بەشداری پێ کردنی خاوەنی لە دیدار و کۆنگرەکانی پەروەردەیی لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات.

١٢. پابەند بوون بە جێبەجێکردنی ڕاسپاردە و ئەنجامەکانی توێژینەوە باشەکان و ئەوانەی مەرجە زانستییەکانی تێدایە لە بواری پەروەردەدا .

١٣. دۆزینەوەی کەناڵی بەیەك گەیشتن لە نێوان بەشەکانی توێژینەوەی پەروەردەیی و بنکەکانی زانیاری و بەشەکانی پەیوەندیدار کە زانکۆ

پەیمانگاکان و بنکەکانی توێژینەوەی پەروەردەیی و ئەو سەنتەرانەی تایبەتن بە توێژینەوەی پەروەردەیی و کومەلأیەتی لە دەرەوە و ناوەوەی وولأت .

١٤. دەستەبەرکردنی خزمەتی ڕاوێژ کردنی ئاماری و شی کردنەوەی بەیاناتی ئاماری لە بەشەکانی توێژینەوەی پەروەردەیی بۆ ئەو توێژەرانەی پێویستیان پێیەتی و دروست کردنی بانکی زانیارییەکان .

١٥. دانانی کتێبیکی ڕابەر (دلیل ) بۆ توێژەر بۆ ئەوەی بە تەواوی ئاشنا بێت بە ڕێگاکانی توێژینەوە .

١٦. زیاد کردنی ( بەڵکو دروست کردنی ) هاوکاری و هەماهەنگی لە نێوان کۆلێژەکانی پەروەردە و پەروەردەی بنیات و پەیمانگاکانی مامۆستایان لە لایەك و بەشەکانی توێژینەوەی پەروەردەیی لە لایەکی ترەوە .

١٧. پێکهێنانی لیژنەیەکی توێژینەوەکان لەوانەی شیاون بۆ هەڵسەنگاندنی ڕاپرسی یەکان و توێژینەوەکان و هەروەها بۆ پێشکەش کردنی ڕاوێژ و ئامۆژگاری بە توێژەران .

١٨. هەڵسان بە توێژینەوەی هاوبەش لەسەر ئاستی یەك ناوچە و یان چەند ناوچەیەك بە پێی سروشتی بابەتەکە .

١٩. شکاندنی بەربەستی دەروونی لەلایەن ئەوانەی وا باوەڕ دەکەن کە هەڵسان بە توێژینەوە کارێکی قورس و گرانە .

٢٠. کردنەوەی (Website)ێکی تایبەت بە توێژینەوەکانی پەروەردەیی .

٢١. ئاسانکاری بکرێت بۆ توێژەرەکان لە کاتی ئەنجامدانی کارەکانیان (وەزارەت نووسراوی پشتگیری بکات بۆ ئەم مەبەستە بۆ سەرجەم لایەنە پەیوەندیدارەکان ) .

٢٢. مسۆگەرکردنی سەربەخۆی سەنتەری توێژینەوەی پەروەردەیی و دوور ڕاگرتنی لە هەموو جۆرە کارتێکرن و دەست تێوەردانێك.

**پێشنیارەکان بۆ کردنەوەی بەشێك لە ژێر ناونیشانی ( توێژینەوەی پەروەردەیی ) لەناو هەیکەلی وەزارەتی پەوورەردەدا :**

دووەم/پێشنیازەکان:—

یەکەم// کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتییەکی گشتی لە ناو دیوانی وەزارەتی پەروەردەدا بە شێوەیەك کەڕەنگدانەوەی هەبێت بە ئاستێکی نزمتر لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە لە پاریزگاکاندا بە ناونیشانی بەڕێوەبەرایەتی توێژینەوە و لێکۆلینەوەی پەروەردەیی و لە پەروەردەی قەزاکانیشدا هۆبەیەك بە هەمان ناونیشان هەبێت.

دووەم// کردنەوەی بەریبۆەبەرایەتییەك بە ناونیشانی ( توێژینەوە و لێکۆلینەوەی پەروەردەیی ) سەر بە ب.گ.نەخشەکێشانی پەروەردەیی لە ناودیوانی وەزارەت وە لە ب.گ.پ. پارێزگاکاندا هۆبەیەك بە هەمان ناونیشان لە ب. نەخشەکێشان هەبێت.

سێیەم// بنکەیەك بە ناونیشانی ( بنکەی توێژینەوە و لێکۆلینەوەی پەروەردەیی ) ڕاستەوخۆ سەر بە نووسینگەی تایبەتی وەزیری پەروەردە بێت.

**حەڤدەم / پێشنیارەکانی دەزگای سەرپەرشتیاریو پسپۆڕی و پەروەردەیی**

١- پێکهێنانی لیژنەیەکی تایبەت بۆ دانانی پەیکەری ڕێکخستن و سیستەمی ناوخۆی بەڕێوەبەرایەتی گشتی سەرپەرشتیاری وەك پێناسەی سەرپەرشتیاری، ئامانجەکانی پلان و چالاکی ساڵانە، ئەرك و مافەکانی، پلەوپایەو مووچە لە بواری دارایی، دانانی فەرمانگەکانی پێویست لە دەزگاکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی سەرپەرشتیاری سەر بە دیوانی وەزارەت، وە لە پارێزگاکان و پەروەردەی قەزاکان.

**٢- پسپۆری کردنی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی لە گشت پارێزگاکانی هەرێم.**

٣/ یەکخستنی سەرپەرشتیارانی هەردوو پەروەردەی / هەولێری (١)ی وە هەولێری (٢).

٤- جێبەجێکردنی گشت ڕێنمایەکانی تایبەت بە دانانی سەرپەرشتیارانی پسپۆڕیو پەروەردەیی بەپێ ئەم مەرجانەی خوارەوە.

أ- دەبێ پالێوراو خاوەن ئەزموون و خزمەتێکی ڕێکوپێکی بێتوە لەسەر بنەماییکی کۆمەڵایەتی و زانستی و دڵسۆزی بەرچاو بێت.

ب-خزمەتی لە ١٥ساڵ بەڕاستی (فعلی) کەمتر نەبێت وە بۆ بواری کارگێری لە ٣ساڵ کەمتر نەبێت کە کاری کردبێت وەك (بەڕێوەبەر یان یاریدەدەر لە قوتابخانەکان).

ج- بەڵام لەبواری پسپۆری پێویستە ئەم مامۆستایە لە پسپۆرییەکەی خۆی وانەی پۆلی (٣)ی ناوەندیو (٦)ی ئامادەیی بەسەرکەوتوویی وانەکانی گوتبێتەوە بەڵام بە نسبت پەروەردەیی ئەویش بویتە پسپۆری هەر کەسێك نیازی سەرپەرشتیاری هەبێت ئەبی پشگیری بینی کە ئەم بابەتە دەلێتەوە ئەزموونی سەرپەرشتیاری دەدات.

بۆسەرپەرشـتیاری پـەروەردەیی دەبـێ دەرچـووی یـەك لـەم پەیمانگایانـەی خوارەوە بێت:

١- پ. مەڵبەندی مامۆستایان.

٢- پ. پێگەیاندنی مامۆستایان.

٣- خانەی مامۆستایان.

٤- دەبـێ پلـەی هەلسـەنگاندنی مامۆسـتای داواكـار بـۆ سەرپەرشـتیاری پەروەردەیی و پسپۆری و كارگێری بـەڵای كەمـەوە (٣-٥) سوپاسـنامە و پێـی زانینی هەبێ.

٥- هیچ سزاییكی و لێكۆڵینەوەی لەسـەر نـەبێ لـە مـاوەی هەشـت سـاڵ پـێش داواكردنی پلـەی سەرپەرشـتیاری و تەمـەنی لـە (٥٠) سـاڵ زیـاتر نـەبێت وە لـە (٣٥) ساڵ كەمتر نەبێت لەگەڵ ڕەچاوكردنی باری تەندروستی و جەستەیی.

٦- دەرچوون لە تاقیكردنەوەی سەرپەرشتیاری و نمرەی لە (٦٠) كەمتر نەبێت وە لە چاوپێكەوتن لەگەڵ لێژنەی كە پێك دێت لـە دیـوانی وەزارەت سـەركەوتن بەدەست بێنێت.

٧- پێویستە داواكار داواكەی لەگەڵ ڕاژەی خزمـەتی لەیەكـەی سەرپەرشـتیاری خۆی وە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەكەی بەرز بكاتەوە رای خۆیان نیشـان بـدەن بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشـتی پـەروەردەی پارێزگـای خـۆی ئینجـا بـە شـێوەیەكی فـەرمی بەرزبكرێتـەوە بـۆ بەڕێوەبەرایـەتی سەرپەرشـتیاری گشـتی لـە دیـوانی وەزارەت.

٨- پالێوراو دەبێ بە فەرمانی وەزاری پلەی سەرپەرشتیاری پـێ بـدرێت پـاش بەرزكردنـەوەی نـاوی دەرچـووان لــە ئــەزموون چـاو پێكـەوتن لــە لایــەن

بەڕێوەبەرایەتی گشتی سەرپەرشتیارییەوە بەهەمان شێوە پاش تێپەڕبوونی ساڵێك لەسەر كارەكەی بە سەركەوتوویی جێگیر بكرێت.

٩- سەرپەرشتیاری بە شێوەی كاتی لە هیچ فەرمانگەیەك جگە لە یەكەی سەرپەرشتیاری نابێت كار بكات چونكە پلەی سەرپەرشتیاری پسپۆری و پەروەردەیی تەنها بۆ كاری سەرپەرشتیارییە و پلەیەكی تایبەتە.

١٠- تاقیكردنەوەی سەرپەرشتیاری لە مانگی تەمووز ئەنجام بدرێت لەگەڵ چاوپێكەوتن وە لە ٨/١ بەشداری خولی شیاندن بكات بۆ ماوەی یەك مانگ وە لە ٩/٢٠ دەست بەكاربێت ساڵانە.

١١- یەكخستنی پلەوپایە و دەرماڵە و مووچەی سەرپەرشتیاران لە هەرێمی كوردستان. بەمەرجێك جیاوازێكی بەرچاوی هەبێت لەگەڵ (بەڕێوەبەرو یاریدەدەر و مامۆستایانی قوتابخانەكان).

١٢- لە دانانی سەرپەرشتیاری یەكەم وەیاریدەدەركەی رەچاوی چەند مەرجێك بكرێت وەك:

أ- خزمەتی لە سەرپەرشتیاری لە ٦ ساڵ كەمتر نەبێت.

ب-كەسایەتێكی بەرچاوی هەبێت.

ج- بۆ سەرپەرشتیاری پەروەردەیی یەكەم پسپۆری كارگێری بێت.

د- یاریدەدەر نابێت لە (٥) ساڵ خزمەتی لە سەرپەرشتیاری كەمتر بێت و كارگێری بێت.

١٣- گۆرینی ناونیشانی (یاریدەدەری سەرپەرشتیازی لە پەروەردەی قەزاكان) بۆ سەرپەرشتیاری یەكەمی قەزا.

١٤- له ئاكامى كۆبوونەوەى لێژنەكەمان و پاش گفتووگۆيەكى تێرو تەسەل بڕياردرا بە زۆربەى زۆرى دەنگ بە نەمانى ناونيشانى (هاريكارى سەرپەرشتيارى يەكەمى گشتى كە بەرژەوەندى پرۆسەى پەروەردەى تێدانييە.

١٥- كردنەوەى يەكەى ژمێريارى و گشت هۆبەكانى ترى پێويست لە بەڕێوەبەرايەتى گشتى سەرپەرشتيارى.

١٦- جێبەجێكردنى سەردانى سەرپەرشتياران بۆ قوتابخانەكان بەپێى پلانى سالانە پاش دابەشكردنى قوتابخانەكان بەسەر سەرپەرشتياران بە شێوەى تەوەر (محاور) وە دەبێ پەيوەندى بە قوتابخانەكەى خۆى دەمێنيتەوە تاكو دانانى پلانى نوێ (نەپچرێتەوە).

١٧- دەرماڵەى سەرپەرشتياران بكرێت بەم شێوەى خوارەوە:

أ- سەرپەرشتيارى پەروەردەيى و پسپۆرى يەكەم لە بەڕێوەبەرايەتى گشتى پەروەردەكان ٢٠٠٠٠٠ هەزار دينار.

ب-سەرپەرشتيارى پەروەردەيى يەكەم لە قەزاكان جگە لە مەڵبەندى پارێزگاكان ١٧٥٠٠٠ دينار.

ج- ١٥٠٠٠٠ دينار بۆ ئەو سەرپەرشتيارانەى كە ليستى سەفەريان نييە لە گشت پەروەردەكان.

١٨- ئەنجامدانى هەڵسەنگاندنى سەرپەرشتياران بەپێ فۆرمى تايبەت بێت لە ئايندە ئامادە بكرێت.

١٩- كەمكردنەوەى بەشەوانەى (نصاب)ى سەرپەرشتياران بۆ سەردانى سەرەتاييو ناوەندى و ئامادەيى بەم شێوەى خوارەوە بێت:

١/ بۆ پسپۆرى زمان و كۆمەڵايەتى (٦٠) مامۆستا بۆيەك سەرپەرشتيار.

٢/بــۆ پســـپۆری زانســـتەکان و هونـــەر و وەرزش (٥٥) مامۆســـتا بۆیـــەك سەرپەرشتیار.

٣/ بـۆ پسـپۆری کـارگێری (بەرێوەبـەر یاریـدەدەر) (٤٥) مامۆسـتا بـۆ یـەك سەرپەرشتیار.

٤/ بۆ سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی / کارگێری / ئینگلیزی / کوردی / بیرکاری (٥٠) مامۆستا وە بۆ پسپۆرەکانی تر (٤٠) مامۆستا بێت.

٢٠- جێبەجێکردنی سیستەمی (معایشە) پێکـەوە ژیـان بـۆ سەرپەرشـتیارانی کارگێری‌و پسپۆری بـەپێی پێویسـت بـۆ بەرێوەبـەرو یاریـدەدەرو مامۆسـتایانی تازە دامەزراو.

٢١- جێبەجێکردنی سیستەمی سەردانی گروپ (فئات) بـەم شـێوەی خـوارەوە بێت:

أ- لە (١) ساڵ تا (١٠) ساڵ سێ جار کەمتر نەبێت.

ب-لە (١٠) ساڵ تا (٢٠) ساڵ دووجار کەمتر نەبێت.

ج- مامۆستایانی کـە خزمـەتیان لـە (٢٠) سـاڵ زیـاتر تـەنها لـە کـاتی پێویسـت سەردان بکرێ.

٢٢- دابینکردنی شوێنی حەسانەوەی بۆ سەرپەرشـتیاران لـەو دەڤەرانـەی کـە ئوتێلی تێدا نییە.

٢٣- هەر سەرپەرشتیارێك لەسەر داوای خۆی تەنسیب کـرا بـۆ ئـەو شـوێنانەی کە پێویستیان پێی هەیە بۆ ماوەی پێنج ساڵ خزمەت بکات بە پێدانی بەلێن.

٢٤- ئامادەکردنی ( بحث ) تۆژینەوە یـەك لەلایـەن سەرپەرشـتیاران لـە مـاوەی (٥) ساڵ جارێك لەسەر تەوەری کارو چالاکیەکانی پەروەردە.

٢٥- ڕێکخستنی (لیستی سەفەر) بۆ سەرپەرشتیاران لە گشت پارێزگاکانی هەرێم بەیەکسانی وبێ جیاوازی.

٢٦- ئەنجامدانی کۆنفرانسی پەروەردەیی ساڵانە تایبەت بەسەرپەرشتیاران.

٢٧- بەباش دەزانرێت وە لە بەرژەوەندی پەروەردەییو کەسایەتی سەرپەرشتیاران پێشنیار کرا کە سەرپەرشتیاران دووربن لە وانە وتنەوەی تایبەت دوای دەوام.

٢٨- دانان و ڕێکخستنی پلانی کارەکانی سەرپەرشتیاران بۆ گشت پارێزگاکانی هەرێم بە شێوەی نامیلکە دابەش بکرێت بەسەر سەرپەرشتیاران لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی سەرپەرشتیاری بە پێکهێنانی لیژنەیەکی تایبەت.

٢٩- بۆنەهێشتنی گرفتە پەروەردەییەکان پێویستە سەرپەرشتیاران ڕاستەوخۆ ئەندام بن لە هەموو ئەو لێژنانەی کە تایبەتە بە کارە پەروەردەییەکان کە پێك دەهێنرێت ساڵانە.

٣٠- گەشەپێدانی کۆڕو کۆبوونەوەکانی (دایکان و باوکان و مامۆستایان) بۆ زیاتر بایەخدان بە ڕۆڵی خێزان لە پرۆسەی خوێندن و هەماهەنگی باوکان و دایکان زیاتر بێت.

٣١- جێبەجێکردنی یاداشتەکانی سەرپەرشتیاران لەلایەن داموو دەزگاکانی پەروەردەیی بێ دواخستن وەلامیان بدرێتەوە.

٣٢- پتەوکردنی پەیوەندی نێوان داموو دەزگاکانی پەروەردە لەگەڵ یەکەی سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی و پسپۆری بۆ جێبەجێکردنی ڕێنماییەکانی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن وە فەلسەفەی وەزارەت.

٣٣- ناردنی سەرپەرشتیاران بۆ دەرەوەی وڵات بۆ ئاشنا بوون لە شێوازی سیستەمی سەرپەرشتیاری لە وڵاتانی دەرەوە بە وەرگرتنی رای بەڕێوەبەرایەتی گشتی سەرپەرشتیاری.

٣٤- وەرگرتنی بیروڕای سەرپەرشتیاران لە کاتی نۆژنکردنەوەو دەستنیشانکردنو دروستکردنی بالآخانەی قوتابخانەکان لە ئایندەدا.

٣٥- دانانی بەڕێوەبەرایەتی تایبەت بە سەرپەرشتیاری پیشەیی.

٣٦- پەیرەوکردنی سیستەمی پسپۆریتی لە ئیشوکاری سەرپەرشتیاری پەروەردەیی. چونکە سەرپەرشتیاری ئەرکێکی قورسە و ئامانجەکانی بە ووردی نایەتەدی.

٣٧- دەستنیشان کردنی سەرپەرشتیاری کارگێری لەو سەرپەرشتیارانەی کە شارەزان لە بواری کارگێری.

٣٨- رێکخستنەوەی نرخی کیلۆمەتری هاتووچۆ بە پێی جۆری رێگەو ناوچەی شاخاوی و دەشت بەلەبەرچاو گرتنی زیادو کەمی بەنزین و کاریگەری لەسەر کرێی هاتووچۆ.

٤٢- سەرپەرشتیاری پسپۆڕی پێویستە شارەزایی هەموو ئەو ڕێگەیانە بێت کە بابەتەکانی خوێندنی پێ دەگوترێتەوە.

٤٣- سەرپەرشتیاری پسپۆڕی پێویستە دانەبڕاو بێت لە هەموو ئەو سەرچاوانەی کە پێوەندیان هەیە بە پسپۆڕییەکەیەوە.

٤٤- یەکەی سەرپەرشتیاری پسپۆڕی و پەروەردەیی بگۆڕدرێت بۆ بەڕێوەبەرایەتی.

٤٥- یەکەی سەرپەرشتیاری پسپۆڕی و پەروەردەیی مانگانە خەرجیەکی نثریةکی هەبێت.

٤٦- بۆ جێگیربوونی سەرپەرشتیاران (فۆرمێ هەڵسەنگاندنی ڕاپۆرتی) سەرپەرشتیاری یەکەم لەبەرچاو بگرێت وە کاری پێ بکرێت.

٤٧- قەدەغەکردنی گۆڕینی پسپۆڕی بەهەموو شێوەیەك.

٤٨- ڕێگا نەدانی ئەوانەی کە لە ئەزموونی سەرپەرشتیاری کەوتوون بۆ ماوەی سێ ساڵ.

٤٩- دانانی سەرپەرشتیاری بۆ تاقیگەکانی زانست و پەرتووکخانە.

٥٠- کردنەوەی خولی بەهێزکردن لە بواری سەرپەرشتیاری بەپێی پێویست و بەڵکو بەشێوەی سەپاندن بێت.

٥١- دارشتنی پەیڕەوی ناوخۆی تایبەت بە سەرپەرشتیاری پسپۆڕی و پەروەردەیی لە ڕوانگەی فەلسەفەی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

٥٢- دیارکردنی دەسەلاتی سەرپەرشتیارانی پسپۆڕی و پەروەردەیی بەپێی سیستەم و پرۆگرامی ناوخۆ بۆئەوەی ببێتە پاڵ پشتی وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە بەمەبەستی کارکردن لەپێناو ڕێکخستن و سەرخستنی پرۆسەی کارگێڕی (٣) سەردان بێت لە ساڵی خوێندن (ئاراستە کردن / بەدواداچوون / هەڵسەنگاندن).

٥٣- دروستکردنی ئەنکێتیکی تایبەت بە کەسایەتی مامۆستا وە لە هەلگرتنی لەلایەن سەرپەرشتیار و ئالوگۆڕکردنی لەنێوان سەرپەرشتیاران لەکاتی پێویست.

٥٤- زیاد کردنی سەردانی سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی بۆ قوتابخانەکان لە (٣) سەردان بکرێت بۆ (٤) سەردان لە ساڵی خوێندن (٢) سەردان پێش نیوەی

ساڵ وە (٢) سەردان پاش نیوەی ساڵ / ١- سەردانی یەکەم: ئاراستەکردن. ٢- سەردانی دووەم و سێیەم: پێداچوونەوە. ٣- سەردانی چوارەم: هەڵسەنگاندن.

٥٥- بۆ نەهێشتنی گرفتە پەروەردەییەکان وە بەرەوپێش بردنی پرۆسەی پەروەردە پێویستە سەرپەرشتیاران بەپێی پسپۆڕی خۆیان ڕاستەخۆ ئەندام بن لە هەموو ئەو لیژنانەی کە تایبەتە بە کارە پەروەردەییەکان. وەك گۆڕین و بەدواداچوونی پرۆگرامەکان، وە دەستنیشانکردنی شوێنی پێویست بۆ بینانیەی قوتابخانەکان و خانووی مامۆستایان لە وەرگرتن و جێبەجێکردن.

٥٦- دانانی لیژنەیەکی هەمیشەیی لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی سەرپەرشتیاران بۆ بەداوداچوونەوەی کاروباری پەروەردەکان و بەپێچەوانە.

٥٧- ڕێکخستنی سەردانەکانی سەرپەرشتیاران بەشێوەی گشتی بۆ قوتابخانەکان واتە لە دوو سەرپەرشتیار زیاتر سەردانی یەك قوتابخانە نەکەن لەیەك ڕۆژ یا یەك دەوام واتە خشتەی سەردانەکان هەبێت پێشینە.

٥٨- هەر سەرپەرشتیارێك كاری نارێكی كرد و سزا درا پاشان سزایەکەی هەڵنەوەشێتەوە.

٥٩- خولی تایبەت هەبێت بۆ سەرپەرشتیارانی کارگێڕی بۆ ڕاهێنانیان لەسەر تۆمارگاکان و نمرەی مانگانە وە بڕوانامە وە تۆمارگەی گشتی.

٦٠- دابین کردنی کورسی خوێندن بۆ سەرپەرشتیاران (بەکالوریۆس، ماجستێر).

٦١- پەروەردەی مەدەنی سەرپەرشتیاری تایبەتی خۆی هەبێ.

# بەشی چوارەم:-

# توێژینەوەو لێکۆڵینەوەو راپۆرتەکانی پێشکەش بە کۆنگرە کران

## ١- راپۆرتی پەروەردەی تایبەت

### پێشەکی

پەروەردەی تایبەت :- کۆمەڵێك پرۆگرامـی پـەروەردەیی تایبەتـە پـێش کـەش بـەو کەسانە دەکرێت کەکەم توانان یان پێویستیان بە پێداویستی تایبەت هەیە بە عـەرەبی پێیان دەوترێ ئەو کەسانەی پێویسـتییە تایبەتییـەکانیان (ذوی الاحتیاجـات الخاصـة) هەیە بە مەبەستی یارمەتی دانیان بۆ پەرە پێ دانی توانستیان تارادەیەکی باش و دروست کردنی کەسایەتیان و گونجاندنیان و تێکەڵ کردنیان بە کۆمەڵگە.

**کەم توانا کێیە .؟**

ئەو کەسەیە کـە کـەم و کـورِی تـەواوی هەیـە یـان بەشـی هەیـە بـە شـێوەیەکی چەسـپاو لـە توانـای جەسـتەیی و دەروونـی و یـان ژیـری یـان هەسـتی تـا ئـەو ڕادەیەی توانای فێربوون و شیاندن و کارکردنی سست بێت ئەتوانیّ بە ئامـانجی خۆی بگات و نەگاتە ئاستی کەسانی کە کەم توانا نین

**جۆرەکانی کەم توانا بریتین لە :-**

- کەم توانای جەستەیی:-
- کەم توانای هەستی وەك بینین و بیستن
- گران فێر بـوون /ڕوو دەدات بـە هـۆی چـەند هۆکارێـك کـە لـە ژیـانی ئـەو کەسـەدا ڕوویـان داوە بوونەتـە هـۆی دروسـت کردنـی کێشـە و گـران فێربـوون لەوانە:- کێشـەی دەروونـی ، کێشـەی خێزانـی، کێشـەی کۆمەڵایـەتی ، ئەگـەر ئێمە توانیمـان ئـەو هۆکارانـە لابـەرین ئـەوا پێویسـتە منداڵەکـە بگەڕێتـەوە بـۆ بارێکی فێربوونی ئاسایی ئەم منداڵانە تـەنها پێویسـتیان بـە پاڵپشـت هەیـە بـۆ لابردنی ئەو هۆکارانەی کە ڕێگر بوون لە بەردەم فێر بوونیاندا.

- **کەم توانایی فێربوون**/ ئەگەر ئەو هۆکارانەی کە بوونەتە هۆی گرانی فێربوون لابرێت و هێشتا منداڵەکە توانای فێربوونی هەر لاوازە بۆ ئەم منداڵانە ژیرییان ئاساییە .. بەڵام پێویستیان بە بەکار هێنانی چەندین ڕێگای جیاواز هەیە بۆ فێر کردنیان.
- **کەم توانایی ژیری** / ئەو مانایە پێشان دەدات (بیر کۆڵ) ئەم منداڵانە توانای فێربوونیان هەیە بەڵام بە شێوەیەکی هێواشتر و هەندێ جار بەکار هێنانی ڕێگای جیاواز ئەم مندالانە پێویستیان بە چاودێری چڕوپڕ هەیە لەگەڵ بەکار هێنانی ڕێگە جیاوازەکانی فێرکردن.

پێش هەموو شتێك دەبێ ئەوە بزانین کەوا منداڵی کەم توانا مرۆڤن ..مافیان هەیە و شایەنی ڕێزگرتنن هەروەها پێویستە هەموو پێداویستیەکانیان بۆ دابین بکەین .. ئەو مندالانە بە هۆی هەرهۆ کارێك بێت دووچاری جۆری لە جۆرەکانی کەم توانایی هاتوون لەڕووی هەستی یان جەستەیی یان ژیری یان ئیفلیجی مێشك .

بەڵام وەك هەموو منداڵێکی تر ئارەزووی پێکەنین و هاورێیەتی و یاریکردن و خوێندنیان هەیە گەر چی هەندێکیان بە هۆی جۆری کەم تواناییەکەیانەوە بە شێوەیەکی ئاسایی توانای ئەوەیان نییە بەشداری هەموو چالاکییەك بکەن وە لەوانەشە هەندێکیان درەنگتر تێ بگەن کە ئەمەش لەوانەیە ببێتە هۆی گاڵتەپێکردنیان لەلایەن منداڵانی ترەوە و ئەیانەوێت یارییان لە گەڵدا بکەن و تەنیا و بێ ئومێد بمێنیتەوە وە قوتابخانە بەجێ بێلێ .. بەشداری نەکردنی ئەو منداڵانە لە پرۆسەیی خوێندن و تێکەڵ نەبوون بەکۆمەڵگا .. دەبێتە هۆی دروستکردنی بەشێکی شکاو لەناو لەشی کۆمەڵدا وە هەر کۆمەڵێك بەشێکی لەش شکاو بێت یان کەم و کوڕی هەبێت ناتوانێ پێش بکەوێت . وە ئەم جۆرە

کەسانە هەن و لەناو باری کەسانی ئاساییدا دەژین وە دەبێ ئەوە بزانین ئەوانیش وەك من و تۆ وان ئەویش ئەرکی پەروەردەکاران لە وەزارەت و پەروەردەییەکان و سەرپەرشتیاران و مامۆستایانە . چۆن هەڵسووکەوتیان لەگەڵ بکەن و چۆن تێڕوانینی کۆمەڵ بگۆڕن بەرامبەر بە منداڵانی کەم توانا و پەسند کردنیان و کارئاسانکردنی خوێندن و دابین کردنی پێداویستەکانیان لە لایەن حکومەت لە ڕووی خزمەت گوزاری تەندروستی و ڕاهێنانی دەروونی و دانانی بەرنامەی تایبەت و گونجاو لە پێناوی بەش نەکردنیان لە کردەی پەروەردەو فێرکردن .. جێبەجێکردنی بەرنامەی پەروەردەی تایبەت، کە ئەویش گونجاوترین و باشترین بەرنامەیە بۆ بەشداری پێ کردنیان لە پرۆسەی خوێندن و تێکەڵ کردنیان بە کۆمەڵگا،

(جاڕ نامەی جیهانی مافی مرۆڤ ١٩٤٨) و (جاڕنامەی جیهانی خوێندن بۆ هەمووانە ١٩٩٠) و (بەیاننامەی مافی منداڵ لە ساڵی ١٩٩٤) لەسەر پێویستییە تایبەتیەکانی پەروەردە و ڕێکەوتنامەی ساڵی ١٩٩٠ لەسەر مافەکانی منداڵ یاسا پێوانییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە سەر یەکسانی هەل پێدان بۆ کەسانی کەم توانا هەموو داوای بەشداری کەسانی کەم توانا دەکەن لە پەروەردەو خوێندن.

لە هەموو وولاتانی جیهان بەرنامەی پەروەردەی تایبەت هەیە و پایەخی زۆری پێدراوە لە وولاتە پێش کەوتووەکان لە ئەوروپا لە پێش (١٠٠) ساڵ زیاتر دەستی پێ کردووە و بە چەند قۆناغێك تێپەڕ بووە:-

١- قۆناغی بەرگری کردن و ڕەتکردن لەلایەن دایك و باوك و خێزان کەم تواناکە و بەشداری نەکردن.

٢- قۆناغی دروست کردنی قوتابخانەی تایبەت بە کەسانی کەم توانا و تێکەڵ نەبوونیان بە کەسانی ئاسایی.

٣- قۆناغی دروست کردنی پۆلی تایبەت لە ناو قوتابخانەی ئاسایی.

٤- قۆناغی تێکەڵکردن.

ئێستا لە زۆر بەی وولاتان مندالی کەم توانا تێکەڵکراوە لە گەڵ مندالی ئاسایی لەیەك قوتابخانە و یەك پۆلدا بەشداری خوێندن و فێربوون دەکەن بەرنامە و مامۆستایی تایبەتیان هەیە و تێکەڵکراون بە کۆمەڵگا. قوتابخانەو پۆلی تایبەت نەماوە پەروەردەی تایبەت لە کاتی ئێستا لە پێنج شوێن پەیرەو دەکرێ لە هەموو کوردستان (هەولێر، سلێمانی، دهۆك، هەڵەبجەی شەهید، کەرکوك) بەشێوەی جیا جیا لە هەولێرو کەرکوك پۆلی تایبەت بۆ مندالی (لەسەر خۆ فێر بوو ) هەیەلە سلێمانی و هەڵەبجەی شەهید بەرنامەی تێکەڵ کردن هەیە بە هیوایان لە هەموو کوردستان ئەم بەرنامەیە پەیڕەو بکرێ مندالی هەموو کوردستان بێ بەش نەبێ لێی .

## چینەکانی پەروەردەی تایبەت:

١- مندالی کەم توانا کە ئاماژەی پێ کراوە

٢- مندالی بلیمەت /جگە لە مندالی کەم توانا پەروەردەی تایبەت ئەو انەش دەگرێتەوە کە رێژەی ژیریان زۆر بەرزە ئەوانیش پێویستیان بە خوێندن و کەش وهەوای گونجاو هەیە بۆ ئەوەی سوودیان لێ وەربگیرێ

٣- پەروەردەی تایبەت قۆناغی دوای سەرەتایش دەگرێتەوە

بەلأم ئێستا بەرنامەکەمان لە سەرەتایی و پێش سەرەتایی پەیرەو دەکرێ لەبەر ئەوەی قۆناغی بنچینەیین ئەگەر لە بناغەوە چاك بکرێ ئەوە لە قۆناغەکانی تر

ڕەنگ دەداتەوە پەیڕەو کردنی ئاسان تر دەبێ ... لە داهاتوو دا ئەم بەڕێوەبەرایەتییە ئەم چینانە دەگرێتە خۆی .

جگە لە وەزارەتی پەروەردە، وەزارەتی کار بەشدارە لە بەرنامەی پەروەردەی تایبەت پەیمانگەی( هیوا– ئاوات –ڕووناکی) بۆ نابینایان و گوێگرانان وە ئەوانەی کەم توانای ژیریان زۆر بەرزە دەگرێتە خۆی بە پێ ی بەرنامەی تایبەت هەروەها زۆر لە ڕێکخراوەکان وەك ڕێکخراوی Acorn ی هۆلەندی Intersosی ئیتالی Oparetion mersy بەشدارن لەم بەرنامەیە بە هاوکاریکردنمان بە کردنەوەی خولی ڕاهێنان بۆ مامۆستایان و سەرپەرشتیارنی پەروەردەی تایبەت

**مێژووی پەروەردەی تایبەت لە عێراقدا : -**

وەزارەتی پەروەردەی عێراق لەساڵی ١٩٧٧–١٩٧٨ دەستی کرد بە جێبەجێکردنی بەرنامەی پەروەردەی تایبەت بۆ قوتابیانی ( هێواش فێربوو ) یان ( لە سەرخۆ فێربوو ) ( بطيءْ التعلم ) .. لە بەغدا زۆر لە شارەکانی عێراق ولە کوردستان و لە هەولێر ، سلێمانی بە تایبەتی لە ساڵی ١٩٨٠ دەستی پێ کردووە چەند مامۆستایەکی سلێمانی و هەولێر بەشداریان لە خولی پەروەردەی تایبەت کردووە لە بەغدا ماوەی خولەکە ش لە نێوان ( ١– ٢) مانگ بوو.

لەپێشا لە چەند قوتابخانەیەك (١–٣) قوتابخانە پۆلی تایبەت کرایەوە لە قوتابخانە تاکو ساڵانی ١٩٩٧–١٩٩٨ لە هەولێر گەیشتە (١٣) پۆلی تایبەت لە ناو قوتابخانەی ئاسایی . وە لە سلێمانی (٢٧–٢٨) پۆل بەردەوام بوون تاکو ڕاپەرینی مەزن (٩٢–٩٣) لە سلێمانی بەرەو کزی چوو بەڵام لە هەولێر تاکو ئێستا بەردەوامە تەنها گەیشتۆتە (١٦) پۆل بە پێ بەرنامەی پەروەردەی تایبەت بەڕێوەدەچێ بۆ منداڵانی کە ( لەسەر خۆ فێردەبن ) یان (هێواش فێربوو) (بطيءْ التعليم ) کەم تواناکانی تر هیچ جۆرە بەرنامەیەکیان بۆ نەبووە

وەئەویش بریتین لە بوونی پۆلێکی تایبەت لەناو قوتابخانەی ئاسایی لە تەنیشت پۆلە ئاساییەکان لە گەڵ بوونی چەند کەل و پەلێکی تایبەت وەك ئامێر سلاید / سینەما و تۆڤەر هێد / لەوحەی مگناتیسی / دولاب بۆ دانانی کەل و پەل و جانتای منداڵ ، کورسی و مێزی ڕەنگاو ڕەنگ و فەرشی زۆربەی ئەو ئامێرانە نەماوە.

## ڕێنمایی پۆلەکانی پەروەردەی تایبەت بۆ منداڵی (لەسەرخۆ فێر بوو) بطيئ التعلم :

**لە سەرخۆ فێر بوو:**

لە چوار چێوەی گشتی منداڵێکی ئاساییە، بەڵام لە بەر هەر هۆیەك بێت بە زەحمەت دەگاتە ئاستی هاورێ ئاساییەکانی خۆی هەروەها

لە ڕێزی - دەرکەوتووەکان لە رووی ژیریەوە - پۆلێن ناکرێت .

### ڕێنماییەکانی پۆلی پەروەردەی تایبەت :-

### پۆلەکانی یەکی سەرەتایی (ساڵی دەستنیشانکردن ) :

١ - ساڵی یەکەم لە قۆناغی سەرەتایی بە ماوەی دەست نیشان کردن و ئاراستە کردنی قوتابییە لەسەر خۆکە دائەنرێ.

لەسەر ئەم بنەمایە مامۆستایەکی پەروەردەی تایبەت لە سەر میلاکی یەك قوتابخانە دادەمەزرێ سەرپەرشتی قوتابخانەکانی- یەك ناوچەی جوگراف - دەکات بە ڕێژەی ٤-٦ هۆبە .دەستنیشانکردنی قوتابییەکە لە سەر ئەم بنەمایانەی خوارەوە:

أ- نوسینی سێ ڕاپۆرتی مانگانە لە مانگەکانی ( تشرینی دووەم - کانوونی یەکەم - کانوونی دووەم ) لە لایەن مامۆستای پەروەردەی تایبەتەوە لە بارەی ئەو قوتابییانەی کە گومانی ئەم جۆرە منداڵە لێ دەکرێ . ڕاپۆرتەکە بە دوو

وێنــە دەنووســرێتەوە ، وێنەیــەکی دەنێردرێتــە پــەروەردە ، وێنــەی دووەم لای مامۆستا دەمێنێتەوە.

ب‌-   یەك ڕاپۆرت لە لایەن مامۆستای پۆلی ئاسایی لە بارەی هەر قوتابیەك کە بەلــە ســەرخۆ دەســت نیشــان کــراوە دەنووســرێتەوە بــە مــەرجێ هــەتا (١٥ ی کانوونی دووەم) بگاتە جێ.

٢- بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانە قوتابیە دەست نیشانکراوەکان بـە لەسـەرخۆ بـە شێوەیەکی بەرایی دەنێرێتە لێژنەکانی پشکنین (الفحص) بۆ دەست نیشان کردن لەگەڵ ڕەچاو کردنی باری لەش (الجوانب الجسدیە ) وژیـری دەروونـی قوتابیە دەست نیشان کراوەکان.

لە گەڵ هەر قوتابیەك ئەم ڕاپۆرتانە ئامادە دەبێت بۆ لێژنەکە:

أ- **ڕا پۆرتەکان :**

ژمارەیان (سـێ) ڕاپـۆرت لـە نیـوەی یەکـەم ( تشـرینی دووەم — کـانونی یەکەم — کانونی دووەم ) و (سێ) ی تریش لە

نیوەی دووەم (شوبات — ئازار — نیسان ).

ب‌-   ڕاپۆرتی مامۆستای پۆلی ئاسایی لە نیوەی یەکەم و دووەم .

ج- فۆرمی خاسیەتە بنەڕەتەکان لەلایەن مامۆستایی پۆلی تایبەتەوە لە مـانگی کانوونی دووەم پڕ دەکرێتەوە.

٣- لە کۆتایی سـاڵی خوێنـدن دەگەنـە یـەکێك لـەم سـێ جێگـرە ( البـدائل) لـە بارەی قوتابییە لەسەرخۆکە بە ڕێکەوتن لە نێوان  مامۆسـتای پـۆلی ئاسـایی و لە ژێر چاودێری سەرپەرشتیاری پەروەردەیی پەروەردەی تایبەت :

**ا- قوتابیەکە بە دەرچـوونی پـۆلی یەکـەم بـۆ دووەمـی ئاسـایی دادەنـرێ ئەگەر هاتوو لە بارەی هێواش گوزەری کرد.**

ب- قوتابیەکە بە دەرچووی پۆلی یەکەم بۆ دووەمی تایبەت دادەنرێ ئەگەر دەرکەوت توانای بەردەوامبوونی لە خوێندن هەیە.

ج- قوتابیەکە بە کەوتووی پۆلی یەکەمی تایبەت دادەنرێ ئەگەر دەرکەوت توانای بەردەوام بوونی لە خوێندنی پۆلی

دووەمی تایبەت نییە.

**پۆلەکانی دووەم و سێیەم و چوارەم :**

١- قوتابیانی ئەو پۆلانە لە پۆلە تایبەتی یەکانیان دەمێننەوە لە ژێر چاودێری و فێرکردنی مامۆستایانی پەروەردەی تایبەت لەم

بابەتانەی خوارەوە :

( زمانی کوردی - زمانی عەرەبی - بیرکاری - زانیاریەکان -کۆمەلآیەتی) قوتابییە لەسەر خۆ فێربوو ەکە لەگەڵ منداڵە ئاساییەکان لە وانەکان بەشداری دەکەن وەك ( ئاین - سروود- وەرزش- هونەر).

٢- مامۆستای پەروەردەی تایبەت بەردەوام دەبێت لە نووسینی راپۆرتی مانگانە لە بارەی هەریەك لە قوتابیانی لە رووی پێشکەوتن یان دواکەوتنی لە گەڵ کۆششکردن بۆ لێکدانەوەی حاڵەتەکە لەگەڵ سەرپەرشتیاری پەروەردەی تایبەت لە هەوڵدانێك بۆ گواستنەوەی بەرەو پۆلی ئاسایی ئەگەر گەیشتە ئاستی باش .

**پرۆگرامەکان :**

هێشتنەوەی پرۆگرامی ئاسایی پەیرەو کراو لە قۆناغی سەرەتایی بێ لابردن و گۆرینی بەشێك لەو پرۆگرامانە پشت بەستن بە کۆششی بە سۆزو بەکار هێنانی بێ هاوتای هۆکارەکان لەلایەن مامۆستاوە بە کەڵك وەرگرتن لە کەمی ژمارەی قوتابیانی پۆلی تایبەت بۆ یارمەتی دانی قوتابیان لە رووی تێگەیشتنی بابەتی خوێندن و گەیشتن بە ئاستی ئاساییەکان بەپێی توانا .

**ئەزموونەکان :**

قوتابیە هێواشەکە لە گەڵ قوتابیە ئاساییەکان پێکەوە لە هەمان پرسیارەکان و بەپێ ی پەیرەوی – ڕێنماییەکان – ئەزموونەکان ئەنجام دەدەن.

**ژمارەی قوتابیان لە پۆلێکدا :**

ژمارەی قوتابیان لە پۆلی تایبەت لە (١٢) تێ ناپەڕێ و لە (٦) یش کەمتر نابێت.

دەکرێ زیاتر لە پۆلێکی تایبەت لە قوتابخانەیەکدا بکرێتەوە ( لە یەکەوە هەتا چوارەمی سەرەتایی ) سەرپەرشتیاری پەروەردەیی پەروەردەی تایبەت ئەرکی بەسەر کردنەوەی هەماهەنگی لە گەڵ لایەنە پەیوەندی دارەکان بۆ کردنەوەی ئەم پۆلانە دەگرێتە ئەستۆ .

**پۆلی تایبەت :**

١- تەمەنی منداڵی هێواش هەمان تەمەنی وەرگرتنی منداڵی ئاساییە (٦) ساڵە ئامۆژگاریەکانی دەستنیشانکردن لەسەر ئەنجام دەدرێت .

٢- ئەگەر دوو پۆلی پەروەردەی تایبەت لە دوو قوتابخانە – پێکەوە – لە بینایەکدا دەوام دەکەن کرایەوە ، هەمان ژوور و هەمان کەرەستە و ئامێر و هۆکارەکانی فێرکردن و ڕوخسار بە کار دێنن.

٣- کردنەوەی پۆلە – تایبەتەکان – ی جیاجیا لە ( یەکەوە هەتا چوار ەم ) لە قوتابخانە دراوسێیەکاندا و لە یەك ناوچەی جوگرافی دا باشترە بۆ ئاسان کردنی هاتوو چۆی قوتابیان لە نێوان ئەو پۆلانە .

٤- پێویستە قوتابیانی پۆلی تایبەت لە ژوورێکی لاتەریکدا گۆشە گیر نەکرێن لە گەڵ ڕەچاو کردنی لابردنی دەستە واژەی – پۆلی تایبەت – لە پۆلەکە و گۆرینی بە هەر زنجیرە و ژمارەیەکی پەیڕەو کراو لە پۆلە ئاساییەکان .

٥- پەروەردەی تایبەت لە قۆناغی سەرەتایی لە کۆتایی پۆلی چوارەمی سەرەتایی کۆتایی پێ دێ .

**مامۆستای پۆلی تایبەت :**

١- نابێت مامۆستای پۆلی پەروەردەی تایبەتی دابمەزرێ یان بگوازرێتەوە ئەو قوتابخانانە کە ( پەروەردەی تایبەت ) ی تێدانیە ، هەروەها ئەو مامۆستایە نابێتە مامۆستای پۆلە ئاساییکان .

٢- نابێت ئەرکی وانە بێژی لە پۆلە ئاساییەکان بخرێتە ئەستۆی مامۆستایانی - پەروەردەی تایبەت - هەروەها چاودێری و پڕکردنی وانەی بەتاڵ و هەر ئەرکێکی تر بەو مامۆستایە ئەنجام نادرێ وەکو بەڕێوەبردنی (حانوت) یان وەرزش، چونکە ئەمانە لەگەڵ پسپۆری و ئەرکی مرۆیی چڕی مامۆستای پەروەردەی تایبەت ناگونجێ ، هەموو کۆششی بۆ پۆلەکەی و قوتابیانی تەرخان دەکرێ .

**ئەرکە بنەڕەتیەکانی مامۆستای پۆلی تایبەت :**

١- پلانێکی خوێندنی ساڵانە ڕێك دەخات لەگەڵ پلانێکی مانگانە هەموو چالاکیەکانی لە گەڵ قوتابیان ( گەشتەکان - سەردان -ڤیستیڤاڵەکان ) بەخۆ بگرێتەوە هەر خۆی لە ئەنجامدانی لێپرسراوە .

٢- مامۆستا( تۆمارگە ) یەك ئامادە دەکات سەرەنجی ڕۆژانە ی خۆی لە بارەی هەریەك لە منداڵەکان و بزاوتنیان لە ژوور و دەرەوەی پۆلدا تۆمار دەکات .

٣- بە بەردەوام چاوی بە بە خێوکەری قوتابیان دەکەوێت .

**بەڕێوەبەری قوتابخانەیەك كە پەروەردەی تایبەتی تێدایە :**

١- بەڕێوەبەری قوتابخانە هەموو پێداویستەكانی سەرخستنی چالاكی مامۆستای پۆلی تایبەت دەگرێتە ئەستۆ لە ڕێگەی یارمەتی دانی لە بەجێ هێنانی ئامۆژگارییەكانی تایبەت بە چاودێری قوتابیان .

٢- ڕەخساندنی هەل بۆ مامۆستای پۆلی تایبەت بۆ بەرجەستە كردنی ئامانجەكانی پۆلەكانی پەروەردەی تایبەت و سازدانی باری گونجاو لە ڕووی ڕاگەیاندنەوە لەسەر ئاستی قوتابخانە – مامۆستایان و قوتابیان – و ئاستی باوكان و دایكان و كۆمەڵگە.

٣- سازدانی كەشی گونجاو بۆ پێكەوە ئەنجامدانی وانە نا سەرەكییەكان و چالاكیە كانی دەرەوەی پۆل لە نێوان پۆلەكانی پەروەردەی تایبەت و قوتابیانی پۆلە ئاساییەكان .

٤- بەسەر كردنەوەی ( متابعە )قوتابی – پۆلی تایبەت – ی گوێزراو بۆ پۆلە ئاساییەكان پاش بەرەو پێش چوونی ئاستی گشتی ئەو قوتابییە.

٥- لێژنەی لقی پەروەردەی تایبەتی لە گرفتەكان كە دێتە ڕێگەی مامۆستا ئاگادار بكرێتەوە .

٦- بەڕێوەبەری قوتابخانە لە ساڵێكدا (دوو جار ) ڕاپۆرت ئامادە دەكات لە بارەی دەساوەردەكانی مامۆستای پۆلی تایبەت و چەندی پابەند بوونی بە ئامۆژگارییكانی و ئاستی پۆل و قوتابیان و پرۆسەی پەروەردە .

٧- سەركەوتنی بەڕێوەبەر لەچاودێری و پێشخستنی پۆلی تایبەت لە قوتابخانەكەی دەبێتە پێوانێكی بنەرەت لە هەڵسە نگاندنی لە لایەن سەرپەرشتیارانی پسپۆر لە كۆتایی ساڵدا .

**لیژنەی دەست نیشان کردن لە نەخۆشخانە بریتیە لەم بەرێزانە :**

| | |
|---|---|
| ١- پزیشکی دەروونی | سەرۆك |
| ٢- پزیشکی منداڵان | ئەندام |
| ٣- پزیشکی چاو | ئەندام |
| ٤-پزیشکی ئێسقان | ئەندام |
| ٥- سەرپەرشتیاری پەروەردەی تایبەت | ئەندام |
| ٦- توێژەری کۆمەڵایەتی (باحثة اجتماعیة) | ئەندام |
| ٧- بەرپرسی پەروەردەی تایبەت لە وەزارەت | ئەندام |

تێبینی/ لیژنەی دەستنیشانکردن لە مانگی (ئازار) دەست پێدەکات تا کۆتایی مانگی نیسان .

**ئەرکەکانی سەر پەرشتیکردنی پەروەردەیی**

**پۆلەکانی پەروەردەی تایبەت**

١- سەرپەرشتیاری پەروەردەیی کە ئەندامی دەستەی پەروەردەی تایبەتە ڕادەسپێرێت کە سەرپەرشتی ئەو پۆلانە بکات کە پەروەردەی تایبەتی دەخوێنن.

٢- سەرپەرشتیاری پەروەردەیی بەر پرسە لە ئامادەکردنی مامۆستایەك بۆ ئەو پۆلەی کە مامۆستاکەی پشووی نەخۆشی یان ئاسایی وەردەگرێت لەو مامۆستایانەی ئارەزوو دەکەن کە ماوەی پشووەکە پۆلەکە بەرێوەببات ئەویش پاش وەرگرتنی ڕەزامەندی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە کە بە شێوەیەکی کاتی بدرێتە قوتابخانەکە .

٣- بەلای کەم مانگی جارێك سەردانی پۆلە تایبەتیەکان دەکات .

٤- جگە لە سەردانەکانی خاڵی (٣) سەردانی هەندێك قوتابخانەی ناو شار و قەزاو ناحیە و گوندەکانیش دەکات بۆ ئەوەی چاوی بە مامۆستایانی پۆلی یەکەم بکەوێت

و ئامۆژگاریان بکات لە بارەی دەسنیشان کردنی ئەو قوتابیانەی درەنگ فێر دەبن و تێروانینی بارەکەیان و چارەسەر کردنیان .

٥- سەرپەرشتی ئەو قوتابخانە و پۆلانە دەکات کە بەر سیستەمی پەروەردەی تایبەت دەکەون و بەدوای ڕێنماییەکاندا دەڕوات .

٦- هەر مانگێ ڕاپۆرتێك پێشکەشی دەستەی پەروەردەی تایبەت لە پارێزگا دەکات ، کە ئەم لایەنانە دەگرێتەوە :

أ- ئەو خاڵانەی ڕێنمایی تایبەتەکان کە مامۆستای پەروەردەی تایبەت جێبەجێ کردووە.

ب- ئەو لایەن و چالاکیانەی بەڕێوەبەری قوتابخانەی ( پەروەردەی تایبەت ) لە ڕێنماییەکان جێبەجێ کردووە .

ت- تا چ ڕادەیەك قوتابیەکانی پۆلە تایبەتیەکان لە مانگێکدا پێشکەوتوون.

پ- مامۆستا تا چ ڕادەیەك ئەم بەرنامە داوەتە قوتابیان .

ج- مامۆستا و هۆکانی فێرکردن لای خۆی بەکار هێناوە .

ح- پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی نێوان مامۆستایان و بەڕێوەبەر و قوتابیەکان و گونجاندنیان لەگەڵ بە خێوکەرانی قوتابیەکان.

٧- بەشداری کردن لە لیژنەی دەسنیشان کردن لە پارێزگادا .

٨- ئامادە بوون لە کۆبوونەوەی دایکان و باوکان .

٩- (نصاب) ی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی پەروەردەی تایبەت لە ٦٠% تێنا پەڕێت و ئەگەر لەوە کەمتر بوو بە سەردان و سەرپەرشتی مامۆستای پۆلە ئاساییەکان پڕ دەکاتەوە و باشتر وایە لەو قوتابخانانەی پڕ بکاتەوە کە پۆلی پەروەردەی تایبەت یان هەیە .

١٠- ئەمە سەرەڕای ئەرکە ئاساییەکەی تری سەرپەر شتیاری پەروەردەیی گشتی .

**ئاستی خوێندن :-**

ئەو بابەتانەی خوێندن دیار بکە کە قوتابی لێیان پێشکەوتووە یان دواکەوتووە و هێمای ( ) بەرامبەر ئەو رادەیە بکە : -

| ژ | بابەتەکانی خوێندن | نایاب | زۆر باش | باش | ناوەند | لاواز | زۆر لاواز |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | | | | | | | |
| ٢ | | | | | | | |
| ٣ | | | | | | | |
| ٤ | | | | | | | |
| ٥ | | | | | | | |
| ٦ | | | | | | | |

**چەند رۆژ نەچۆتە قوتابخانە ؟**

**بەهۆی نەخۆشی /** **بەبێ هۆ /**

**گرنگترین تێبینی دی /**

-١ -٣ -٥

-٢ -٤ -٦

**واژوو**
**مامۆستای پۆلی تایبەت**

**واژوو**
**بەڕێوەبەری قوتابخانە**

**واژوو**
**سەرپەرشتیاری پەروەردەی تایبەت**

***تێبینی :-***

لە کۆتایی هەر مانگێك لە مانگی تشرینی دووەمەوە تا کۆتایی مانگی نیسان (یەك) دانە لەم فۆرمە دەنێررێتە هۆبەی ( پەروەردەی تایبەت) لە دیوانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر

سەرکەوتنی بەڕێوەبەر لە چاودێری و پێشخستنی پۆلی تایبەت لە قوتابخانە کەی دەبێتە پێوانی بنەڕەت لە هەڵسەنگاندنی لە لایەن سەرپەرشتیارانی پسپۆر لە کۆتایساڵدا.

**پەروەردەی تایبەت لە دهۆك :**

لە (٢٠٠٤) دەستی پێ کردووە تەنها لە یەك قوتابخانە (نۆهەدرا ی سریانی) یەك پۆلی تایبەت هەیە بۆ مندالّی کەم توانا ٢ مامۆستا بەڕێوەی دەبا یەك سەرپەرشتیاریان هەیە.

**پەروەردەی تایبەت لە شاری سلێمانی بەرنامەی ( تێکەڵ ):-**

١- پەروەردەی پێش وەخت

٢- پەروەردەی بەرفراوان

دوای راپەرینە مەزنەکەلە (٩٢-٩٣) پۆلەکانی پەروەردەی تایبەت لە سلێمانی بەرەوکزی چوو نەما.. لە( ٢٠٠٢ ) بە هەوڵدانی وەزارەتی پەروەردە و هاوکاری رێکخراوی ئەکۆرنی (Acorn) ی هۆلەندی بەرنامەی پەروەردەی تایبەت دەستی پێ کردەوە بۆ دوو جۆرە تەمەن ، تەمەنی لە دایك بوون تاکو ٦ ساڵی بەرنامەی دووەم لە تەمەنی ٦ ساڵی دەست پێ دەکات واتە لە تەمەنی چوونی بۆ قوتابخانە .

دوای ئەنجامدانی رێپوێك دەرکەوت کە ژمارەی کەمتوانا زۆرە و ئینجا قوتابخانەی ئەمین زەکی هەڵبژێردرا بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی نموونەیی لێی پەیڕەو بکرێ چونکە لە هەموو ڕوویێك گونجاو بوو وە دوو ڕاوێژکاری پەروەردەی تایبەتی جیهانی بانگکران بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەکە بە شێوەیەکی پراکتیك

**بەرنامەی پەروەردەی پێش وەخت چییە ؟**

بەرنامەی پەروەردەی پێشوەخت ، واتە دابینکردنی پەروەردە بۆ منداڵانی کەم توانا لە دایك بوو، یاخود لە کاتی دەستنیشان کردنی جۆری کەم توانایی منداڵەکەوە دەگرێتەوە .

بەرنامەی پەروەردەی پێش وەخت پشت بە لێکۆلینەوەیەکی نێو دەوڵەتی سەردەم دەبەستێت ، وئەوە دەخاتە بەرچاو، کە منالأنی کەم توانا بە شێوەیەکی بەرفراوان سوود لەو بەرنامانە وەردەگرن، کەلە دایك بوونە ، یاخود لە کاتی دەستنیشان کردنی جۆری کەم توانایی منداڵەکەوە دەست پێ دەکات ، و ئەم لێکۆلینەوەیە ئەوە دەخاتە روو کە دابین کردنی پەروەردەی پێش وەخت دەبێتە هۆی بەفیرۆ نەدانی ملیۆنەها دۆلاری حکومەت ، چونکە منالەکان و خێزانەکان لە داهاتوو دا دەتوانن داهاتی خێزان زیاد بکەن و سەردانی گرانی نەخۆشخانە کەم بکەنەوە ١، هەروەرها لێکۆلینەوەکە ئەوە دەخاتە پێش چاو بۆ ئەوەی بەرنامەیپەروەردەی پێش وەخت سەرکەوتوو بێت دەبێت پێش (٦) ساڵی بێت ، چونکە لە پێنج ساڵی یەکەمی تەمەنی منداڵی مێشکی منالەکە ئەو پەیوەندییانە گەشە پێ دەدات کە تا کۆتایی ژیانی پێویستی پێیەتی ، دەرەنجامی لێکۆلینەوەکان ئەوەدەردەخات کە پەروەردەکردن لە تەمەنی شەش ساڵیدا زۆر درەنگە ٢.

چۆن پرۆگرامی پەروەردەی پێش وەخت بەرێوە دەچێت ؟

پرۆگرامی ( هەنگاو ە بچووکەکان ) لەم بەرنامەیەدا بەکار هاتووە ، کە پرۆگرامێکی پەروەردەی پێشوەختی ئوستورالیە ، ولە سەرتاسەری جیهاندا وەك هۆنگ کۆنگ ، روسیا ، ئۆکرانیا ، هۆلەندا ، تورکیا و بەنگلادیش بەکار هاتووە ٣. ئەم پرۆگرامە دەربارەی ئەوەیە کە چۆن خێزانەکان منالەکانیان

فێردەکەن، هەر لە بەر ئەو هۆیەشە مامۆستا لەم پرۆگرامە دا وەك رێبەری خێزان ئاماژەی پێ دراوە، هەموو بوارەکانی گەشەکردن بە پەیوەندیکردن ، کارامەیی جوڵەوردەکان و گەورەکان ، و کارامەییەکانی یاری و پەیوەندی کۆمەڵایەتی، و زمانی تێگەیشتن و کارامەییەکانی یارمەتیدانی خودی دەگرێتەوە. پرۆگرامەکە بە ڕاهێنانی دایك یان باوك دەستپێ دەکات و سەردانی هەفتانەی ماڵان و گرووپی یاری هەفتانەشی بەدوادا دێت. مەبەستەکانی پرۆگرامەکە بۆ پشگیری کردنی خێزانەکەو رێگەگرتن لە کەم توانایی دیکە لە منالەکەدایە ، لە کاتێکدا کە کارامەییە نوێیەکان فێری منداڵەکە دەکەیت ، خێزانەکە ورێبەری خێزانەکە بە شێوەیەکی بەرنامە بۆ دارێژراو هەڵسەنگاندن بۆ منالەکە دەکەن ، هەر لێرەشەوە ئامانجەکانی هەڵسەنگاندن هەڵدەبژێرێت بۆ کار لەسەر کردن، رێبەری خێزان یارمەتی خێزانەکان دەدات بۆ بیرکردنەوە لە چۆنێیەتی بەدەست هێنانی ئامانجەکانی ، بەگشتی هەڵسەنگاندن و شێوازەکانی فێرکردن بەشێکن لە پرۆگرامی هەنگاو ە بچووکەکان ، رێبەری خێزان پشگیری لە خێزانەکان دەکات لە گەڵ پزیشك و چارەسازدا .

مامۆستای پەروەردەی پێش وەخت کەلەم بەرنامەیەدا بەرێبەری خێزان ناودەبرێت ، پێویستە سەر بە وەزارەتی پەروەردە بێت ، هەروەرها رۆڵی رێبەری خێزان بریتیە لە

- رێکخستنی ژینگەیەکی گونجاو و سەرەنج راکێش بۆ خێزان و مندالانی بەشداربووی بەرنامەکە.
- گرووپی یاری هەفتانە بە رێوەدەبات.
- ئامۆژگاری خێزان و دارشتنی ستراتیجی گونجاو.
- هەفتانە سەردانی خێزانەکان دەکات لە ماڵەوە.

- پێدانی زانیاری بە خێزانەکان دەربارەی چۆنێیەتی گەشە کردنی منداڵەکەیان و مامەڵەکردن لە گەڵیا.

- گوێگرتن لە خێزانەکان و پشتگیریکردنیان .

- ئامادە دەبێت لە کردنەوەی خولی ڕاهێنان لە هەر کاتێکدا ئەنجام بدرێت.

- لە پشووی هاویندا گرووپی یاریکردن بەرێوەدەبات .

کاریگەریی پەروەردەی پێشوەخت و دەرئەنجامەکانی

بەرنامەی پەروەردەی پێشوەخت لەسەر پرۆگرامی هەنگاوە بچووکەکان بەندە ، هەولێداوە بۆ زیادکردنی ئاستی کارامەیی هەرمناڵێکی ناو بەرنامە کە ، ئەمەش لەرێگەی سەردانی هەفتانەی ماڵان و گروپی یاریی هەفتانە بەدەست هێنراوە ، هەروەها لە گەڵ دۆزینەوەیەکی گرنگ کەئایا ئەم پرۆگرامە بەراستی کاریگەر بووە ، دەتوانرا ئاستەکانی کارامەیی هەڵبسەنگێنرایە بەبەکارهێنانی پرۆگرامی ( هەنگاو بچووکەکان ) گەشەکردنی کارامەیی تۆمارکراو ، هەر چەندە دۆزینەوەی ئەگەری ڕوودانی هەر گۆڕانێك بە هۆی پرۆگرامەکەوە گرنگە ،نەك بە هۆی گەشە کردنی تەمەنی منداڵەکە خۆی و نەخۆشکەوتنی مناڵەکەو هەربارێکی دیکە کە بەسەریدا دێت بە گرنگ تەماشا دەکرێت .

پێوانەکردنی کاریگەریی پەروەردەی پێشوەخت کارێکی گرانە ، ئایا لێکۆلەرەوە دەتوانێت دڵنیا بێت کە مناڵەکە فێری ئەو کارامەییەنە کراوە ، کەبەبێ هیچ یارمەتییەك هەڵسەنگێنراوە ؟ مناڵەکان زۆر بەزووی دەگۆڕێن کە ئەمە بە دڵنیایەوە گەشە دەکەن بە پێی کات، تەنانەت بەبی هیچ دەست تێوەردانێك .

ڕێگە چارە لەلایەن بیرۆکەیەکەوە دۆزرایەوە، کە بیری کارامەیی فێرکراو بەراورد ناکات ، بەڵکو ڕێژەی فێربوون بەر لە پرۆگرامەکەو پاش پرۆگرامەکە بەراورد

دەکـات ، ئـەم بیرۆکـە لەلایـەن بەرنامـەی هـەنگاوە بچـووکەکانی تورکییـەوە بـەکارهاتووە ، تەمـەنی ڕاستـەقینەی منـاڵ بـەراورد کـراوە بـە ڕێـژەی گەشـە کردنیـان کـە لەلایـەن هەڵسـەنگاندنی بچـووکەکانەوە ئامـادەکراوە ، بۆیـە هـەر منالێك ڕێژەی گەشە کردوو بەدەستدەهێنێت ، ڕێژەیەك بەوەی کە هـەر منالێـك فێری کارامەییەکی نویێ بووە.

دەرئەنجام /

لەدوای چوار مانگی بەرنامەی پـەروەردەی پێشـوەخت ئـەوە دەرکـەوتووە، کـە منالەکان لـە هـەر چـوار بوارەکـەی گەشـەکردندا ئامانجیـان بەدەستهێناوە بۆ ئاشکراکردنی ئەوەی کە منالەکان ڕێژەی فێرکردنیان بەسێ بۆ پێنج جار زیادی کردووە.

ئەم ئەنجامەئەوە دەردەخات کە بەرنامـەی پـەروەردەی پێشـوەخت شـێوازێکی کاریگەر بۆ زیادکردنی کارامەیی منالەکان هـەروەها ڕێنماییـەکی بـە سـوودە بـۆ بەردەوامبوونی ئەم بەرنامەیە بە بەکار هێنانی پرۆگرامی هەنگاوە بچوکەکان .

کاریگـەریی پـەروەردەی پێشـوەخت و سـوودەکانی بـۆ خێـزان لێکۆلینەوەیـەك دەری خستووە کە یـەکێك لـە سوودە بەردەوامـەکانی پـەروەردەی پێشـوەخت ئەو پشگیرییەیە کە پێشکەشی خێزان دەکرێت ، ئەم ڕاپۆرتە سـەرەتاییە ئـەوە دەردەخات کە خێزانەکان ئامادەدەکرێن بۆ ئەوەی یارمـەتی منالـەکانیان بـدەن تاکۆتایی ژیانیان ، لێکۆلینەوەی دیکە دەریخستووە، کـە خێزانـەکان پێویسـتی زۆریان بـە زانیـاری هەیـە کەلـە ژیـانی ڕۆژانـە ی منالەکەیانـدا بـەکاری دەهێـنن لەوانە بۆ نموونە کارامەیی شێوازی هەلگرتن و لـە باوەشـکردنی منالەکـەیان ... هتـد ... پرۆگرامـی پـەروەردەی پێشـوەخت هـەولی داوە لـە ڕێگـەی سـەردانی هەفتانە ی مالآن ئەمـە جێبـەجێبکات ، لـە کاتێکـدا خێزانـەکان لـە دابینکردنـی

ئامانجە سەرەکییەکەی خۆیاندا بوون ، هەروەها لەگرووپی یاری هەفتانە لە کاتێکدا خێزانەکان بانگهێشتی ڕاهێنانی سەرەتایی کراون گرووپی یاری هەفتانە ئەنجامداوە لە ئەنجامی دروستبوونی پەیوەندی لەگەڵ خێزانەکاندا کە منداڵی کەم توانایان هەیە ئامادەی خۆیان نیشاندا بۆ وەرگرتنی زانیاری زیاتر دەربارەی پڕۆگرامەکە و پرسیارکردن .

زۆر لێکۆلینەوە ئاشکرایان کردووە، کەتا چ ڕادەیەك سوودی خێزان پێوانەیەکە لە باری پەروەردەی پێش وەخت ، بەشێکی مەبەستی پەروەردەی پێشوەخت بۆ بەهێز کردنی خێزانە ، هێزو کۆنترۆڵی زیاتر دەدات بە ژیانی منالەکەیان هەروەها بۆ کەمکردنەوەی فشار .

چالاکی ئەم پڕۆگرامە بۆ بەهێزکردنی خێزانەکان پێوانەیەکی گرنگە ، بەتایبەتی گرووپەکانی یاری تایبەتمەندییەکی دیارە لە کۆمەڵگا ی کوردیدا بۆ پێوانە کردنی ئەمە، هەر خێزانە وهەشت پرسی پێ کراوە، پشتمان بەستووە بە توێژینەوەیەکی بەر فراوان ، کە پێشنیاری کردووە ئەو خێزانانەی کە تۆرێکی پشتگیری بەهێزتر وکارامەیی باشیان هەبوو، کاتێك لە گەل کەسانی شارەزا کاریان دەکرد، ئەوانە هەستی زیاتریان بە خۆیان کرد و توانیان زیاتر پشتگیری لە منالەکانیان بکەن.

**چۆنیەتی زانینی ئاستی سوودمەندی خێزانەکان لە بەرنامەکەدا :**

لە دوای چوار مانگ لە دەست پێ کردنی بەرنامەکە لە ناو قوتابخانە ی ئەمین زەکی سەرەتایی ڕاپرسییەك پێشکەش بە خێزانەکان کرا دەربارەی پڕۆگرامەکە کە داوایان لێکرا بە ڕاستگۆی و ڕاشکاوییەوە وەلأم بدەنەوە بێ ئەوەی ناوی خۆیان لەسەر فۆرمەکە تۆمار بکەن .

**پرسەکانی راپرسی خێزانەکان بە گشتی ئەمانە بوون :**

- ئایا بەرنامەی پەروەردەی پێش وەخت گۆڕانی دروست کردووە لە ژیانی خێزتنەکەتدا ؟
- ئایا بەرنامەی پەروەردەی پێش وەخت گۆڕانی دروست کردووە لە ژیانی منالەکەتدا؟
- ڕات چییە دەربارەی مامۆستاکان و پرۆگرامەکە ؟
- ئایا هەست دەکەیت، کە دەتوانیت کارێکی باشتر بکەیت بۆ منالەکەت وەك دایك یان باوك ؟
- ئایا هەست دەکەیت، کە ئێستا دەتوانیت لەگەڵ مامۆستا ، پزیشك ، ڕاهێنەر سروشتی باشتر کاربکەیت ؟
- ئایا هەست دەکەیت کە ئێستا کەسانی زیاتر پشگیری لە خۆت و منالەکەت دەکەن ؟
- ئایا زیاتر گەشبینیت بە داهاتووی منالەکەت؟
- ئایا دڵ خۆشتریت ؟

وەڵامی گشت خێزانەکان بۆ هەموو پرسەکان باش بووە و بەشداری کردنیان لە بەرنامەی پەروەردەی پێشوەخت هیواو ئاواتی بەخشیوە بە خێزانەکان .

ئەم ئەنجامانە ئەوە دەخەنە پێش چاو کە پەروەردەی پێشوەخت نەك تەنها سوودی گەیاندوە بە منالەکە بەڵکو بە خێزانەکەش گەیاندووە .بەزۆر ڕێگای جیاواز ، زانیاری، کارامەیی ، پشتگیرییان لە ڕێگەی پرۆگرامە وە بەدەستکەوتووە .

**بەرنامەی قوتابخانەی بەرفراوان :**

قوتابخانـەی بـەرفراوان واتەبەشـداری کردنـی منـدالآنی کـەمتوانا لـە کـردەی پـەروەردەی ئاساییدا .

بزاوتنێکی جیهانی لە ئارادایە بەرەو قوتابخانـە بەرفراوانـەکان و بەشـداریکردنی مندالآنی کـەمتوانا لـە پرۆسـەی پـەروەردەی ئاسـاییدا ، ئـەم هەنگاوانـە لەسـەر بنەمای چەندین راگەیاندنی نێو دەولّتی هاتوونەتە مەیدان هەروەها توێژینـەوەی ئێسـتای نێودەولّـەتی و لێکۆلینـەوەکانی سـالآنی ١٩٩٠ ئـەوە دەردەخـەن، کـە قوتابخانەی بـەرفراوان بـاش بـەرێوەبراوەکان واتـە گشـت بنـەماکانی بەرنامـەی قوتابخانـەی بـەرفراوانی تێـدا پـەیرەوکرابێت ئـەوا سـوودی زیـاتری هەیـە بـۆ سـەرجەم منـدالآن لـە قوتابخانـە دا ، مامۆسـتایان و کۆمـەلّ بـە گشـتی ، لـە بناغەکانی تری ئەم جۆرە قوتابخانانـەن بـە گشـتی دەرکـەوتووە کـە فێرکردنـی منـدالآنی کـەم توانـا لـەم قوتابخانانـەدا خـەرجیی کـەمتری دەوێـت وەك لـە فێرکردنیان لە پۆل یان قوتابخانە تایبەتیەکاندا .

ئامانجی بەرنامەی قوتابخانەی بەرفراوان چییە ؟

ئامانجی پرۆگرامی قوتابخانەی بەرفراوان بریتییە لـە بەشـداری کردنـی منـدالآنی کەم توانا لە قوتابخانە و پۆلە ئاساییەکاندا و بەبەرنامەو وانە وتنـەوەی ئاسـایی و هەروەها گەشە پێدانی کۆمەلّێکی بەرفراوانی وەها، کە سـەرجەم ئەندامـەکانی بەشدار بن و تواناکانیان لە زەمینەو ژینگەیەکدا بخەنە گـەڕ، کـە تێیانـدا بـەهاو ڕێزی هەمە چەشنی بگیرێ .

چۆن بەرنامەی قوتابخانەی بەرفراوان بەڕێوە دەچێت ؟

ئەم بەرنامەیە ڕاوێژکاری پـەروەردەیی تایبـەت لـە قوتابخانەکانـدا دادەنێـت بـۆ دانانی پلان و ڕێکخستنی چۆنێیەتی کارکردن و لە دواییدا نەخشەی قۆناغـەکانی

٣– ڕۆشنبیر کردنی لایەنە پەروەردییەکان بە گشتی بە هۆی کۆڕ و سیمینارو کەناڵی تەلەفزیۆنی و میدیاکان .
٤– بوونی بەر پرسان لە قۆناغە سەرەتاییەکانەوە .

رۆڵی مامۆستای پەروەردەی تایبەت لە بەرنامەی قوتابخانە بەرفراوان

١– لەلایەن وەزارەتی پەروەردە دا دەمەزرێت .
٢– لە پۆلەکانداو شان بەشانی ئەو منداڵانەی دیاری کراون و پێویستییەکانی فێربوون یاخود کەم توانایەکیان هەیە بۆ ماوەیەك ڕاهێنان دەکەن کە بە لایەنی کەمەوە مانگێك دەخایەنێت .
٣– ڕاستەوخۆ وانەی پۆلەکان ناڵێنەوە .
٤– ڕۆڵی پشتگیری دەبینێت بۆ مامۆستایانی پۆل ئەمەش لە ڕێگای چاودێری کردنی قوتابییەکان و قسەکردن لە گەڵ مامۆستاکان و دیاری کردنی سەرچاوە یاخود پرۆگرامەکان بە پێی پێویستی قوتابیەکان .
٥– کۆبوونەوە لە گەڵ خێزانی قوتابیانی بەرنامەی قوتابخانەی بەرفراوان .
٦– هەڵسەنگاندنی ئاستی زانستی منداڵەکەو دیاری کردنی کێشەو گرفتەکانی و دیاری کردنی ڕێگە چارەی گونجاو .

سوودەکانی قوتابخانەی بەرفراوان و کاریگەرییەکەی لەسەر قوتابی

ئامانجی ڕاستەقینەی قوتابخانەی بەرفراوان ، کەم کردنەوەی کاریگەری خراپی کەم توانا یی منداڵانە لە ژیانیانداو گۆڕینی هەڵوێستەکان بەرامبەر کەم توانا یی لە کاتێکدا سوود بە سەرەتاسەری کۆمەڵ دەگەیەنێ ، بەرچاوترین قازانجی بۆ ئەو قوتابییە کەم توانایانە دەبێت کە لە ناوەندو دەوروبەرێکی ئاساییدا دەخوێنن و تێکەڵی پەیوندییەکانی هاورێیەتی دەبن، چۆنیەتی زانینی ئاستی سوودمەندی خێزان و قوتابییەکان لە بەرنامەکەدا ؟

سیستەمێك كە دەتوانین لە ڕێگەیەوە بزانین بۆ منداڵ لە هەركاتێكی دیاریكراودا دەتوانێ چی بكات ، ئەم سیستەمە پشتە بەستووە بە دەرەنجامەكان لە ولآتانی ، وەكو ئوستڕالیا و نیوزیلەندا بە مەبەستی زەمینە خۆش كردنی زانینی پێویستییەكانی تاكی منداڵ بەكاردێت ، ئەنجامەكە ئەوەیە كە منداڵ پێویستی بە چییە بۆ ئەوەی كە دوای فێركردن بیكات ، ئەم ئەمانجە لە پڕۆسەیەكی كۆبوونەوەی دایكان وباوكاندا بۆ دیاری كردنی خاڵە لە پێشترەكان و تێگەیشتن لە بەرنامەی قوتابخانەی بەرفراوان و زانینی ڕادەی گەشە كردنی منداڵ و پێداویستیەكانی هەریەك لە قوتابییەكانەوە بەرجەستەدەبن ، وەكو بەشێك لەم پڕۆگرامە ڕۆژانە بە شێوەیەكی بەردەوام چاویان پێدا خشێنراوەتەوەو زانیاری كۆكراوەتەوە تا دڵنیا بین لەوەی كە منداڵەكان دەتوانن كەڵكی چاوەڕوانكراویان لێ وەرگرن، بۆ دەرخستنی ڕێژەی سوودەمەندی بەرنامەی قوتابخانەی بەرفراوانی جێبەجێكراو لەناو قوتابخانەی ئەمین زەكی چەند نموونەیەك لە خێزان و منداڵانی بەشداربووی بەرنامەكە دەخەینە بەرچاو كە ئەمانەن:

- یەكێك لە منداڵەكانی بەرنامەی قوتابخانە ، تەمەنی (٩) ساڵەو جۆری كەم توانایيەكەی ئیفلیجی مێشكی هەیە و پێشتر هیچ جۆرە فێربوونێكی وەرنەگرتبوو ، بەڵام ئێستا ( كارامەیی پێش خوێندنەوەو دانانی وێنەكان ) فێربووە.
- یەكێكی تر لە منداڵانی بەشدار بوو كێشەی گوێگرتنی بۆ ماوەیەكی كورت هەبوو تەنها بۆ ماوەی (٣٠) چركە دەیتوانی لە پۆلدا دابنشێت بەڵام ئێستا بۆ ماوەی (٤٠) دەقیقە لە پۆلدا دادەنیشێت و ڕۆژانە (٤) وانە دەخوێنێت.

یەکێك لە گرنگترین ئەو خاڵانەی کە لە سەرەتای بەرنامەکەدا تاوتوێ کرا مەسەلەی پەیوەندیی نێوان منداڵانی ئاسایی و کەم توانایان بوو ، ئایا منداڵانی کەم توانا گاڵتەیان پێ ناکرێ ؟ ئایا منداڵانی تر پێیان سەخت نییە پەیوەندی لە گەڵ منداڵی کەم توانا دا پەیدا بکەن ؟ توێژینەوەکان پێیان وایە بەرژەوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی قوتابخانە بەرفراوانەکان زۆر بەبایەخن ، دۆستایەتی ڕاستەقینە و پەیوەندی لە گەڵ خەڵکی تر، یەکێکە لە گرنگترین بوارەکان و واتا و پێکهاتەو هاوکاری دێنێتە ژیان ، ئەو هاوڕێیەتی و تێکەڵ بوونەی کە لە ماوەی پرۆگرامدا هەستی پێدەکرا سوودی بۆ گشت منداڵەکان هەبوو ، منداڵانی کەم توانا دەرفەتیان بۆ ڕەخسا یارمەتیی یەکتر بدەن و منداڵانی کەم توانا تر لە دەستە هاوڕێکانیاندا قبوول بکەن لە ئاستی یەك میهرەبان بن ، و منداڵانی کەم توانا فێری بەهرەو لێهاتوویی نوێی کۆمەڵایەتی بوون و بەهرەی خۆیان خستە روو و گفتوگۆیان کردو هەستیان بە بەشێك لە کۆمەڵێکی فراوان کرد ، بەدوو نموونەی ڕاستەقینە دادەنرێت لە سەر کەوتنی ئەم بەرنامەیە لە سلێمانی .

دەرەنجام/

ئەو نموونانەی سەرەوە کەمێك بوون لە بەڵگەکانی سەرتاسەری ماوەی بەرنامەکە، سوودی زۆر فێربوون و هاوڕێیەتیدا بە منداڵ دەگەیەنێت،

باشترە لە ڕێگەی قوتابخانەی بەرفراوانەوە دەرفەت بە منداڵانی کەم توانا بدرێ بۆ ئەوەی ببنە بەشێك لە کۆمەڵێکی گەورەتر و ئەندامێکی ڕاستەقینەی پۆلێکی گشتیی خوێندن.

٦– گەشەی منداڵ و پەرەسەندنی

٧– تێگەیشتی منداڵ  و پەرەسەندی

بەڵام ئامانجی سەرەکی ئەم بەرنامەیە ئەوەیە ، منداڵ لە قوتابخانە هەشیار بکرێ و بزانێ کەم توانا چییە، ئەویش وەك ئەوە وایە ماف بەشداری هەیە لە خوێندن و پەروەردە بەڵام پێویستی بە یارمەتی هەیە لە چالاکی و وەرزشی..........هتد

لای هەردوو لا زۆر ئاسایی دەبێ پێکەوە ژیان و خوێندن ئەویش هۆکارێکی گرنگە بۆ سەرکەوتنی بەرنامەی پەروەردەی تایبەت بە تێکەڵ بوون.

**بەرنامەی پەروەردەی تایبەت لە کەرکوك:**

لە پەروەردەی کەرکوکدا، ئەم بەرنامەیە هەیە لە ٢٢ قوتابخانە پۆلی تایبەت هەیە بۆ منالّی لە سەرخۆ فێر بوو بە پێی  هەمان بەرنامە بەڕێوە دەچێ کە لە هەولێر پەیرەو دەکرێ .

**بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی تایبەت :**

بەمەبەستی پەرەپێدانی و بایەخ دان بە منداڵی کەم توانا و گرنگی پێدانی بەڕێز وەزیری پەروەردە بەم لایەنە بڕیاریدا لە ٢٠٠٦/١١ بە کردنەووەی بەڕێوەبەرایەتیەك  بەناوی (بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی تایبەت) لە وەزارەت و دانانی بەڕێوەبەرییەك بۆی ..وەلەگەڵ دەست پێ کردنی ئەم بەڕێوەبەرایەتیە بەکارەکانی ئەم کارانە ئەنجام دراوە :

١– کردنەوەی هۆبەی پەروەردەی تایبەت لە ناو بەڕێوەبەرایەتیەکانی گشتی پەروەردە و دانانی بەرپرسێك بۆی بەتایبەتی لە ( هولێر/ سلێمانی / دهۆك / کەرکوك /هەڵەبجەی شەهید) لەبەر ئەوەی بەرنامەی پەروەردەی تایبەتیان هەیەبۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانی بەڕێوە بەرایەتی پەروەردەی تایبەت.

٢– کۆکردنەوەی چەندەها ئامارو زانیاری دەربارەی ژمارەو جۆری منداڵی کەم توانا.

٣– دەرکردنی ڕێنمایی بۆ هۆبەکانی پەروەردەی تایبەت بۆ چۆنیەتی پەرە– پێدانی.

٤– کردنەوەی دوو خولی تایبەت بۆ مامۆستایانی پەروەردەی تایبەت:

أ– یەکەمیان لە سلێمانی لە مەڵبەندی ڕاهێنان بە هاوکاری ڕێکخراوی (Acorn) ی هۆلەندی (٢٤) مامۆستا لە هەولێرو سلێمانی و هەڵەبجە بەشداریان تێدا کرد مامۆستایەکی بیانی بانگهێشت کرابوو بە ناوی ( سندی ) بروانامەی ماجستێری هەبوو لە بواری منداڵی کەم توانا بۆ ڕاهێنانی مامۆستایان لە سەر یارمەتی دانی منداڵی کەم توانا بە پێی جۆری نەخۆشییەکە.

ب– کردنەوەیخولێکی تر لە شاری دهۆك بە هاوکاری ڕێکخراوی (Intersos) ی ئیتالی بەشداری کردنی (٢٠) مامۆستا لە سەر ئاستی عیراق و کوردستان (٤) لە هەولێر و(٤) لە سلێمانی و(٢ ) لە دهۆك و (١٠) لە عێراق .ئەوەش دوو مامۆستای بیانی بانگهێشت کرابوون بۆ ڕاهێنانی مامۆستایان بەڕێگەی تازە بۆ چۆنیەتی تێکەڵ کردنی منداڵی کەم توانا لەگەڵ منداڵی ئاسایی . بۆ ماوەی (١٤) ڕۆژ .

٥– هێنانی مامۆستایەکی نیوزیلەندی بەناوی ( Caren ) بە گرێ بەست بۆ ئەوەی قوتابخانەکانی سلێمانی و هەولێر لە سیستەمی تێکەڵ کردن فێری مامۆستایان بکات و خولی تایبەت بکاتەوە بۆ سەرجەم مامۆستایانی پەروەردەی تایبەت لە هەرێمی کوردستان بە مەبەستی پەرە پێدانی و تێکەڵ کردنی هەروەك وڵاتانی جیهان .

٦- هەولْ و تێکۆشانی ئەم بەڕێوەبەرایەتیە بەردەوام دەبێت بۆ پەرەپێدانی پەروەردەی تایبەت زیادکردنی ژمارەی مامۆستاو سەرپەرشتیاران و هێنانەوەی منداڵی کەم توانا کە خوێندنیان بە جێ هێشتووە لەبەر هۆکاری کەم توانایيان و بەرفراوان کردنیان.

٧- دابەش کردنی چەند یاری (مەلاعیب) و جانتا و قەڵەمی ڕەنگاو ڕەنگ و تۆپ و جۆرە شتی تر لەسەر منداڵانی کەم توانا.

٨- بەخشینی ئۆتۆمبێلێك جۆری پاس بۆ پەروەردەی تایبەت لە سلێمانی بۆ هاتوو چۆی منداڵی کەم توانا.

ئەوکیشەو گرفتانەی هاتوونەتە بەردەم پڕۆژەکە/

١- گران دەستکەوتنی ماموستایان، ئەویش بەهۆی گرانی ئەرکی مامۆستای پەروەردەی تایبەت و نەبوونی هیچ ئیمتیازاتێك بۆ مامۆستایان.

٢- دووری ماڵی منالانی بەرنامەی پەروەردەی تایبەت بەتایبەتی بەرنامەی پێشوەخت و بەرفراوان لەشوێنی قوتابخانەکانەوە، کەهەندێ جار دەبێتە هۆی دواکەوتنیان لەکاتی دەوامکردن.

٣- نەگونجاندنی بینای قوتابخانەکان بۆ منالانی کەمتوانای جەستەیی بۆ بەسەربردنی پشووی نێوان وانەکان.

٤- زۆری داواکاری خێزانەکان بۆ بەشداری کردنی منداڵەکانیان لە بەرنامەی پێش وەخت و بەرفراوان وە لەبەر کەمی مامۆستا نەتوانراوە پەسند بکرێن

٥- کەمی هۆشیاری لە ناو خێزان و قوتابخانە بۆ بەشداری پێ کردن

٦- کەمی زانیاری دەربارەی مافەکانی منداڵ و ماف کەم توانا و بەرنامەی پەروەردەی تایبەت .

٧− نەبوونی ئامارێکی تەواو دەربارەی ژمارەی کەم توانا و جۆرەکانی لە سەر ئاستی کوردستان .

٨− نەبوونی ئۆتۆمبێلی تایبەت بۆ هاتووچۆ کردنی منداڵانی کەم توانا .

٩− نەبوونی هیچ جۆرە پاداشتێك بۆ مامۆستایانی پەروەردەی تایبەت.

**پێشنیارو ڕاسپاردەکانی پەروەردەی تایبەت :**

١− فراوان کردنی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی تایبەت لە ڕێگەی چەند بەشێکەوە .

ا− بەشی دەستنیشانکردن و هەڵسەنگاندن/ ئەرکی ئەو بەشە دۆزینەوەو دەست نیشانکردنی ئەو منداڵ و قوتابیانەی پێویستیان تایبەتیان هەیە وەك کەم توانی ژیری و گرانی فێر بوون کێشەی بینین و بیستن و کەم توانای جەستەیی و پەشیوی ئاخا فتن لە پێناو دابین کردنی پەروەردەی تایبەت بە پێی شوێن و جوگرافیا دیارکردن .

ب− بەشی چارەسەری فێرکردن / بەهۆی بەسەرپەرشتی کردنی قوتابخانەکان و تێکەڵکردنی منداڵی کەم توانا لە گەڵ منداڵی −

ئاسایی و بەشداری کردنی مامۆستایان لە خولی ڕاهێنان بە شێوازی تازە ، ڕاکێشانی مامۆستایان بۆ ناو بەرنامەی پەروەردەی −

تایبەت هاندانیان و هۆشیار کردنەوەی خێزان و کۆمەڵ و قوتابخانەکان.

ج− بەشی منداڵی بلیمەت / ئەرکی ئەو بەشە ئەوە دەبێت دەستنیشانکردنی ئەو منداڵانەی ڕێژەی ژیریان زۆر بەرزەوە دابینکردنی خوێندنی گونجاو بۆیان .

خ- بەشی ئامادە کردنی هۆیەکانی فێرکردن / ئەرکی ئەم بەشە ئامادەکردن و دابین کردنی هۆیەکانی فێرکردنی تایبەت بە بەرنامەی پەروەردەی تایبەت بەپێ ی جۆری کەم توانایی و ڕێنمای تایبەت .




٢- کردنەوەی پسپۆری پەروەردەی تایبەت ( پەروەردەی پێشوەخت و قوتابخانەی بەرفراوان ) لە ناو پەیمانگاکانی کوردستان .

٣- پەیرەو کردنی سیستەمی تێکەڵ کردنی منداڵی کەم توانا لە گەڵ منداڵی ئاسایی لەیەك پۆل و یەك قوتابخانە .

٤- پێدانی ئیمتیازات بۆ مامۆستایانی تایبەت لە ڕووی مووچەوە .

٥- دیاریکردنی ئەرك و ڕۆڵی مامۆستای پەروەردەی تایبەت دوور لە کارەکانی تری پێویست .

٦- پێویستە لە گشت قوتابخانەکان مامۆستای پەروەردەی تایبەت دابین بکرێت بە پێی پێویست.

٧- کردنەوەی خوولی ڕاهێنانی ساڵانەی بۆ مامۆستایانی ئارەزوو مەند بۆ کارکردن لە بواری پەروەردەی تایبەت لە پێناو بە دەست هێنانی پسپۆری لە بوارەکەدا.

٨- بانگ کردنی کەسانی پسپۆر و شارەزا لە دەرەوەی عێراق لە بواری پەروەردەی تایبەت بە مەبەستی کردنەوەی خوولی ڕاهێنان .

٩- ناردنـه دەرەوەی مامۆسـتايان بـۆ دەرەوەی عێـراق لـه پێنـاو ئامـادە کردنيان بە پێشەنگ لە بواری پەروەردەی تايبەت بۆ کردنەوەی خوولی راهێنان بۆ مامۆستايانی تری ئارەزوومەند .

١٠- جێبـەجێکردنی بەرنامـەی هۆشـيار کردنـەوە بـۆ گشـت قوتابخانـە سەرەتاييەکان لە پێناو هۆشيار کردنەوەی ئاشنا کردنی منـدالآنی ئاسايی بـە مندالآنی کەم توان ئەمەش لەرێگەی پرۆگرمی مندالّ بۆ مندالّ.

١١- پێويسـتە پـەيمانگاکان هيـوا و ئـاوات و ڕوونـاکی کەسـەر بـە وەزارەتـی کاروباری کۆمەلآيەتی بخرێتە سەر وەزارەتی پەروەردە .

١٢- لە کاتی دروستکردنی بينای تازە بۆ قوتابخانـە پێويسـتە ئامـادە بـن بـۆ جێبەجێکردنی پـرۆژەی پـەروەردەی تايبـەت ڕەچـاو بکـەيت ئـەويش بـە دابـين کردنی هۆلێك بۆ بەشی بەکار هێنانی بەرنامەی پێشوەخت، هەروەها پێويستە بينايـە، کـە بـۆ منـدالّی کـەم ئەنـدام بگـونجێ بـە دروسـت کردنـی ڕەمپـە بـۆ سەرخستنی مندالّی سەر عەربانە هەروەها گونجاندنی ئاودەستەکان بۆيان .

١٣- پێويستە ئەم بەرێوەبەرايەتييە ڕاستەوخۆ سـەر بـە وەزارەت بێـت لەبـەر ئەوەی هەموو قۆناغەکانی خوێندن دەگرێتەوە .

١٤- پێشـنياردەکەين بکـرێ بـە بەرێوەبەرايـەتی گشـتی بـۆ ئـەوەی زيـاتر خزمەتی مندالّی کەم توانا بکەين.

## ٢- لێکۆڵینەوە دەربارەی گیروگرفتی قوتابیان و خوێندکاران

پێشەکی :

قوتابیان و خوێندکاران، بنەمایەکی سەرەکی پرۆسەی پەروەردەن ، ئەرکی گرنگ و بایەخدار دەکەوێتە سەرشانیان لە بواری پێگەیاندن و ڕێنماییکردنی قوتابیان و گەشە کردن بەهرە و تواناکانیان بە مەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی و پەروەردەییان . پەروەردەییەکان بەرپرسن لە دابین کردنی ئایندەییێکی گەش بۆ قوتابیان کە نیشتمان و خێزانەکانیان چاوەڕێ دەکەن بۆ ئەوەی ڕۆڵی کاریگەر ببینن لە پێشخستن و گەشە کردنی وڵات لە هەموو بوارەکانی ژیاندا .

وەزارەتی پەروەردە و کادیرانی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن بۆ ئەوەی بتوانن هەڵسن بە ڕۆڵی چاوەروان کراو لێیان ، لە بواری پێگەیاندنی نەوەیەکی پڕ چەککراو بە زانست و زانیاری ، وە بۆ ئەوەی گەشە بە پرۆسەی پەروەردە بدەن ڕۆڵی قوتابیان ببینن لەو پرۆسەیە دەبێ وەزارەت هەوڵ بدات قوتابی بە شێوەیەك پەروەردە بکریت. هەر قوتابیە کۆڵەگەی پێك هێنانی کۆمەڵە لەبواری ئابووری و شارستانی، چونکە ئەوان هێزی ڕاستەقینەی کۆمەڵن ، بۆ ئەوەی ئەو کۆمەڵە بگەیننە ئەو پەری پێشکەوتن لە شارستانیەت .

قوتابی تەوەری هەرە گرنگی بابەتن کە پەروەردەییەکان و شارەزایان باسیان ئەکەن و بایەخیان پێ دەدەن .

ئەوان هێزی نوێکەرەوەن و لەگەڵ هەموو گۆڕانکاریەك دەگونجێن . توانای پێشکەشکردن و بەرهەمهێنانیان هەیە جگە لە توانای بەرەنگاربوونەوەی کێشەو گرفتی ڕۆژانە هەر لەو ڕوانگەوە دەبێ وەزارەتی پەروەردە بایەخێکی باشیان پێ بدات بە باشی ئامادەیان بکات هەموو پێداویستی قوتابخانەیان بۆ

دابین بکات پرۆگرامێکی زانستی و بەکارهێنانی ڕێگای پەروەردەیی نوێ .
ئەمڕۆ کوردستان لە کەش و هەوایەکی باش دەژیت پێویستی بە کادیری بەتوانا و لێهاتوو هەیە دەبێ پرۆگرامێکی تۆکمە کراو دارێژراو دابنێت بگونجێ لەگەڵ توانایان و ئامێرەکانی فێرکردن وەکو تاقیگە زانستییەکان دابین بکرێت بۆ ئەوەی قوتابی لەسەر پراکتیکی فێری زانستەکان بن، هەروەها دەبێ پەیوەندی نێوان قوتابی و مامۆستا پتەو بکرێت بە شێوەیەکی خۆشەویستی و ڕێزگرتنی قوتابیان لە مامۆستایان ببێتە هاندەرێك کە قوتابیان ڕابکێشێت بۆ وانەکانیان .
ئەمە لە لایەك لە لایەکی تردەبێ بیروڕای قوتابیان لەهەر پرۆژەیەك وەربگیرێت و ئاگاداری گیروگرفتیان بن و چارەسەری گونجاو بۆ کێشەکانیان دابنێین .
هەر بۆ ئەم مەبەستە بە پێویستمان زانی لێکۆلینەوەیەك ئەنجام بدەین لەسەر ئەو گیروگرفتانەی دێتە پێش قوتابیان و بیروڕایان وەربگرین بۆ ئەوەی لە کۆنگرەی پەروەردەیی چارەسەر بکرێت.

## کێشەی لێکۆلینەوەکەو گرنگییەکەی

### ١- گرنگی لێکۆلینەوە و پێویستی :-

هەرچەندە ئەو لێکۆلینەوەی ئەنجامدراوە بە شێوەیەکی زۆر فراوان نین بەڵام تا رادەیەك ئەوەی کە لێی رەچاو دەکرا دەستنیشانکرا روون بووە.

ئامانجی سەرەکی وەزارەتی پەروەردە لەو قوتاغەدا ئەوەیە گۆڕانکاری تەواو لە سیستەمی پەروەردە و فێرکردن بکات چونکە ئانجامەکەی لە بەرژەوەندی قوتابی – خویندکار دایە بۆ وەزارەت بەم لێکۆلینەوەیە هەڵسا بۆ ئەوەی بیرورایان وەربگریت لە هەموو بوارەکانی پەروەردە فیر کردن و باری ژیانیان لە مالەوەو لە قوتابخانەو لایەنی ئابووری و کۆمەلایەتی، مامەڵە کردنی مامۆستایان لەگەڵ قوتابیان.

هۆی وەرگرتنی ئەو قوتابیانە کە وەکو نموونە وەرگیراوە ئەوەیە ئەوان لە قوتاغەی تازە پێگەیشتوون لە بارودۆخی ژیانی ماڵەوە و قوتابخانە ئاگاداری و درکی پێدەکەن زۆرتر لەو پرسیارانە دەکەن و بە وردی دەتوانن وەڵام بدەنەوە.

هەروەها لەو قوناغە ئارەزو و ئاواتی دوارۆژی زانستی و پیشەیی دەست نیشان دەکرین.

### ٢- ئامانجی لێکۆڵینەوەکە ئەوەیە :

أ– زانینی گیروگرفتی قوتابی – خویندکار لە هەموو بوارەکان ژیانی لە ماڵەوە – لە قوتابخانەوە.

ب– چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانیان بە شێوەیەکی زانستی.

جـ – رۆلی قوتابی لە گورینی سیستەمی پەروەردە وفێرکردن.

## ٣- سنووری لێکۆڵینەوەکە :

لێکۆڵینەوەکە لەسەر قوتابیان – خویندکارانی پۆلی چوارەمی گشتی – پێنج وشەشەمی ئامادەیی و قوتابیانی ئامادە پیشەییەکان – پەیمانگاکان لە هەردوو ڕەگەز لە پاریزگای هەولێر – سلیمانی – دهوك بە پەروەردەی قەزاکان سەربە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە گشتییەکان.

## ٤- نموونەی لێکۆڵینەوە :

ئەمانە نموونەی هەڵبژێردراون بە پێی ئەو خشتەیەی خوارەوە بوو:

| پەروەردە | ژ/ قوتابخانە | | ژمارەی قوتابی | | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|
| ب. گ. پ. هەولێر | ٢٥ | ١٠ | ١٦٨ | ١٤٩ | ٣١٧ |
| ب. ر. شقلاوە | ٥ | ٢ | ٥٠ | ٢٠ | ٧٠ |
| ب. ر. چومان | ٥ | ٢ | ٤٨ | ٢٢ | ٧٠ |
| ب. گ. سلیمانی | ٢٥ | ١٠ | ٢٥٠ | ١٠٠ | ٣٥٠ |
| ب. ر. دوکان | ٥ | ٢ | ٥٠ | ٢٠ | ٧٠ |
| ب. گ. پ. دهوك | ٢٥ | ١٠ | ١٣٥ | ٦٥ | ٢٠٠ |
| ب. پ. زاخو | ٥ | ٢ | ٧٢ | ٥٠ | ١٢٢ |
| ب. پ. ئامیدی | ٣ | ٢ | ٧٦ | ٣٢ | ١٠٨ |
| ب. پ. سمێل | ٢ | ٢ | ٤٠ | ٤ | ٤٤ |
| پ هەڵەبجە | ٢ | ٢ | ٧٧ | ٣٨ | ١٠٨ |
| کۆی گشتی | ٩٣٩ | ٥٢٠ | ٩٣٩ | ٥٢٠ | ١٤٥٩ |

**چونیەتی جێبەجیکردنی لێکۆڵینەوە:**

بۆ بەدیهێنانی ئامانجی لیکۆڵینەوەکە پێویستە دەستنیشانی کۆمەڵی لێکۆڵینەوەکە بکرێت ولەگەڵ ئەو نموونەی لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرێت: ئەو کۆمەڵەش پێك هاتبوو لە قوتابی – خوێندکار، لە پۆلی چواری گشتی و پێنجی ئامادەیی بە هەردوو بەشیەوە و پۆلی شەشی ئامادەیی و پیشەیی و پەیمانگاکان بە گوێرەی ئەو خشتەیەی لە پێشەوە ئاماژەی بۆکراوە. وهەروەها دەست نیشانی (١٣٧) قوتابخانە کرا پاش دەستنیشانکردنی ژمارەی قوتابخانەکان فۆرمێکی کراوە دابەش کرا بەسەر (٢٠٠٠) قوتابی کورو کچ کە پێك هاتبوو لە (٣٥) پرسیاری کە بیرورِاو باری قوتابی لە خۆی دەگرێت کەم ژمارەیە ١٤٥٩ قوتابی کوروکچ وەلامیان داوە.

**شیکردنەوە و شرۆڤە کردنی فۆرمی تایبەت بە لێکۆڵینەوە لەسەر گۆرانکاری کردن لە سیستەمی وەزارەتی پەروەردە کە تایبەتە بە قوتابیان و خوێندکارانی قۆناغی ئامادەیی و دواناوەندی و پەیمانگەکان**

١. برگەی یەکەم (ئایا باری ئابووریتان باشە؟) سەرجەم وەلامدەرەوەکانی گۆراوەکانی ئەم برگەیە (کور، کچ، تێکەلاو) لەم بەشەدا بەشێوەیەکی ئەکتیڤ وەلامدراوەتەوە وەکو :

(٤٠٪)لە کۆی گشتی وەلامدەرەوەی کوران باس لەوە دەکات ئێستا باری ئابووریان باشە تا رادەیەك نەبۆتە گرفت و دەتوانن پێداویستیەکانی خوێندن بەئاسانی دەستەبەر بکەن و باس لەوە دەکەن کە ئێستا لە دووای دەوامی قوتابخانە زۆر بەکەمی کار دەکەن واتە تەنها کاتی خۆیان بۆ خوێندن ئامادە کردووە . وە (١٤٪) کۆی گشتی دەڵێن باری ئابووریان خراپە ، ئەمەش لە وەلامدانەوەکان دەردەکەوێت کە لەم چەند ساڵەی دووای باری ئابووری زۆربەی

خێزانەکان باش بووە بۆتە هۆکاری گەڕانەوە بۆ خوێندن ، بەڵام وەڵامدەرەوەی کچەکان لە (٤٨٪) دەڵێن باری ئابووریمان باشەو و (١٥٪) دەلێن نەخێر باش نیە ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ کە کچەکان کەمتر لە دەرەوە کار دەکەن بژێوی خێزان لە ئەستۆی ئەواندانییە ، بەڵام زۆرجاریش باری ئابووری کار دەکاتە سەر وازهێنانی کچ لە خوێندن . وە لە وەلامدانەوەی گشتی (٤٢٪) دەڵێن باشە هەرچەند نیوەی وەڵامدەرەوەکان کەمترە بۆیە باری ئابووری کاریگەری سەرەکی هەیە بۆ ڕەوشی خوێندن .

٢. برگەی (ئایا ئەو ماڵەی تیادا دەژیت مولکی خۆتانە (بێ کرێیە؟)

لەم برگەیە کۆی ڕێژەی سەدی وەڵامدەرەوەکان بە بەڵێ (٧٢٪) وە بە نەخێر (٢٤٪) ئەمەش بەلگەی ئەوەیە کە زۆربەی قوتابیان و خوێندکاران گرفتی کرێی خانوو یاخود نیشتەجێبوونیان نییە بەڵام لە شرۆڤەی وەڵامدەرەوەکاندا دەرکەوتووە ڕاستە خانووەکانیان کرێ نییە بەڵام ڕەنگە زۆربەیان شیاوی ژیان و گوزەران نەبێت یاخود ژووری خوێندن نەبێت ئەمەش کاردەکاتە سەر ڕەوشی خوێندنیان ، بەڵام لە وەڵامدانەوەی کچەکان بەهەمان ڕێژە دەرچووە واتە هەردووکیان لەڕووی خانوە وەکو یەکن کە کۆی گشتی دەنگدەرەکانیش بەم شێوەیە .

٣. برگەی (ئایا ژووری تایبەتت بەخۆت هەیە کەلێی بخوێنی؟)

لە وەلامدەرەوەی ئەو برگەیە کوڕان لە (٥٨٪) دەلێن نەخێر تەنها (٣٥٪) دەلێن بەلێ وە کچان (٥٠٪) دەلێن نەخێر (٤٣٪) دەلێن بەلێ ئەمەش خالێکی نەریتی دادەنرێت چونکە بوونی ژووری تایبەت بە خوێندن واتە بوونی تایبەتمەندو پاراستنی نهێنیەکانی خۆی و بەفیڕۆنەدانی کات و تەرکیز کردن و باری دەروونی گونجاو بەلام ئەگەر نەبێت واتە هەراوشەرو ئاژاوە و زۆری

ژمارەی خێزان و نەبوونی تەرکیزو باری دەروونی رێك ئەمەش ڕاستەوخۆ کاردەکات سەر ئاستی خوێندن و زانیاری بە تایبەتی کچەکان چونکە ناتوانن لە شوێنی دیکە بخوێنن وە نەبوونی شوێنی تایبەتی وەکو (پارك و باخچە و کتێبخانە) بۆ قوتابی و خوێندکار کە تایبەت بێت بەوان بۆیە دەبینین زۆر لە کوڕان لەکاتی تاقیکردنەوە لە مزگەوت دەخوێنن ئەمەش کارێکی سلبی بۆ کچ دروست دەکات چونکە ئەگەر ژووری نەبێ مزگەوت و سەربان و پارك و شوێنی گشتی لێی قەدەغەیە بۆیە کاری کردۆتە سەر ئاستی زانیاری و مەعریفەی خوێندن بۆ کچ .

٤. بڕگەی (ئایا بەڕێوەبەری قوتابخانەکەت مامەڵەی لەگەڵت باشە؟)

لە وەڵامدەرەوەکانی کوڕ (٨١٪) بەبەڵێ وەڵامیان هەبووە (٦٪) بە نەخێر ، بەڵام لە فۆرمی کچان (٨٠٪) بەبەڵێ و (٤٪) بە نەخێر ، واتە لە فۆرمی گشتی دا (٧٩٪) بەبەڵێ و (٤٪) بە نەخێر بوو . ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە سیستەمی بەڕێوەبەرو کارگێری لە قوتابخانەکانی بەرەو گیانی لێبووردەیی و خۆشەویستی نێوان و قوتابی و خوێنکار و کارگێڕی دەگەڕێتەوە . لە لایەکی تر ئەوە دەسەلمێنێ کەوا بەڕێوەبەر کەمتر گرفت دروست دەکات بەڵکو لەسەر بنچینەی هاوکاریدا یارمەتی قوتابیان دەدات .

٥. بڕگەی (ئایا مامۆستایان مامەڵەیان لەگەڵتا باشە؟)

بۆ وەڵامدانەوەی کوڕان (٦٧٪) بەڵێ و (٩٪) نەخێر و بۆ کچان (٦٧٪) بەڵێ و (٨٪) نەخێر ئەم بڕگەیە ئەوە دەردەخات کە لە کۆی گشتی وەڵامدانەوەکان هەمان ڕێژەی بە واتای چاکبوونی پەیوەندی نێوان مامۆستاو خوێنکارو قوتابی ئەمەش لەڕووی دەروونیەوە دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی خوێندن،

چونکه بەهۆی نەمانی لێدان و سووکایەتی پێکردن و هەژموونی توندی مامۆستاو گەڕانەوەی لێك تێگەیشتن و گفتوگۆکردن لە نێوانیاندا .

٦- بڕگەی (ئایا لە شێوازی وانە وتنەوەی مامۆستاکان تێ ئەگەیت بەرێك و پێکی؟)

لەم بڕگەیەدا کوران (٤١٪) بەڵێ و (٤٥٪) تا ڕادەیەك و کچان (٤٤٪) بەڵێ و (٤٠٪) تا ڕادەیەك . کۆی گشتی وەڵامدانەوەکان لەم بڕگەیە (٤٢٪) بەڵێ و (٤٤٪) تا ڕادەیەك بوو ، ئەم بڕگەیە ئەوە دەردەخات کە شێوازی وانە وتنەوەی مامۆستا بە شێوەی کلاسیك و هێشتا گۆڕانکاری زۆری ماوە لە ئاستی داخوازییەکانی تێگەیشتنی قوتابیان نییە ، ئەمەش بۆتە هۆی سەرهەڵدانی وانەی تایبەت ، چونکە حەزی مامۆستا بۆ وانەوتنەوە کاریگەری لەسەر ئاستی تێگەیشتن هەیە ، لەم بڕگەیە وەڵامدانەوەی قوتابیان دڵەڕاوکێ پێوە دیارە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ لە شێوازی مامۆستا لەگەڵ مامۆستایەکی تر دەگۆڕێت لەیەك ماددەی خوێندندا . واتە هاوگونجانێك نییە لە نێوانیان .

٧. بڕگەی (ئایا پێویستیت بە مامۆستایانی تایبەت هەیە؟)

٨. لەم بڕگەیەدا (٣٢٪) بەڵێ و (٤٧٪) نەخێر وەڵامدانەوەی کوڕان بووە، و کچان (٤٤٪) بە (٤٤٪) بووە ، کۆی گشتی (٣٦٪) بەڵێ و (٤٧٪) نەخێر ، لە شیکردنەوەی ئەم بڕگەیە ئەوە دەرکەوت کە بەشی زۆری پێویستی بە مامۆستای تایبەت نییە قەناعەتی بەوانەی ناو پۆل هەیە ، ئەمەش ئەوە دەردەخات تەنها قوتابیانی سەنتەری شارەکان زیاتر مامۆستای تایبەت دەگرن ڕەنگە بەهۆی فاکتەری زۆری ژمارەی قوتابیان و کەمی قوتابخانە بێت .

بڕگەی (ئایا پەڕتوکەکانی خوێندن لە کاتێکی گونجاو بەدەستت دەگەن؟)

لەم بڕگەیەدا کوڕان (٤٩٪) بەبەڵێ و (٣٧٪) نەخێرەو کچان (٣٨٪) بەڵێ و (٤٢٪) نەخێرو کۆی گشتی دەنگدەرەکان (٤٦٪) بەڵێ و (٣٨٪) نەخێر،

زۆرجار پەرتوكی خوێندن گرفتێكی سەرەكییە لەم وەڵامدانەوەیە ئەوە دەركەوت كە هەموو پەڕتووكەكان بەیەكەوە ناگەن هەندێكیان بەتایبەتی كۆمەلایەتیەكان زۆر درەنگ دەكەن بەپێی وەڵامدانەوەكانیش گرفتێكە بۆ قوتابیان و مامۆستایان .

٩- بڕگەی (ئایا پەڕتووكەكان لەبارەی چاپ و پێشاندانی بابەتەكان سەرنجت رادەكێشن؟)

وەڵامدانەوەی كوڕان (٣٤٪) بەڵێ و (٣٥٪) نەخێر و (٢٩٪) تا رادەیەك و كۆی گشتی وەڵامدانەوەكان (٣٣٪) تا رادەیەك و كۆی گشتی وەڵامدانەوەكان (٣٣٪) بەڵێ و (٣٦٪) نەخێرە ئەمەش بڕگەیەكی ئەرێنی یە كە كتێبەكانی خوێندن لە ڕۆژگاری تەكنۆلۆژیای كۆمپیوتەر كتێبەكان بەم شێوازە چاپ بكرێن، كە دەبێتە هۆی ئەوە حەزو مەیلی قوتابی كەمدەكاتەوە بۆ خوێندن و سەرنجی راناكێشێت تەنانەت شێوازی نووسین و گەورەو بچووكی وشەكان قوتابی و خوێندكار بێزار دەكات و توانای خوێندنی نامێنێ ئەوان باس لەوە دەكەن لەو هەموو بودجە زۆرە دەبووایە بە باشترین شێواز چاپ بكرێت . بەشێك لە پاڵنەری خوێندن ، بەڵام شێوەی كتێبەكان لە مەلزەمە دەچێت .

١٠- بڕگەی (ئایا ناوەرۆكی پەڕتووكەكان یان بە مانایەكی دیكە پرۆگرامەكان لەگەڵ ئاستی تۆ دەگونجێت؟)

لە وەڵامدانەوەی كوڕان بۆ ئەو بڕگەیە (٢٩٪) بەڵێ و (٣٧٪) نەخێرو (٣٠٪) تا رادەیەك و وەڵامی كچان (٢٦٪) بەڵێ و (٣٩٪) نەخێرو (٣٣٪) تا رادەیەك ، كۆی گشتی (٢٨٪) بەڵێ و (٣٨٪) نەخێرو (٣١٪) تا رادەیەك ، بەر لەوەی داتایەكان شیكار بكەین ئەگەر ئەم بڕگەیە ئەرێنی ئیجابی بووایە ئەوا پێویستی بەگۆرینی پرۆگرامەكانی خوێندن نەدەكرد ، بۆ بڕگەیەكی نەرێنی سلبی ئەمەش

ئەوە دەسەلمێنیّ کە پێویستی بە گۆڕانکاری هەیە چونکە پڕۆگرامەکان لەگەڵ داخوازیەکان و مەیل و بۆچوونی قوتابی نییە و داخوازیەکانی هەنوکەیی ناهێنێتە دیّ لەژێر گۆڕانکاری تەکنۆلۆژیای زانیارییەکان ئەمەش دەلالەتێکە بۆ هەنگاونانی بەپەلەی گۆڕانکاری پڕۆگرامەکان چونکە زۆربەی قوتابی و خوێندکاران لەگەڵ ئەو پڕۆگرامەنین لە خوێندندا .

١١- بڕگەی (ئەگەر لە قوتابخانەکەت تاقیگەو هۆیەکانی فێرکردن هەبوو ئایا سوودیان لیّ وەردەگری؟) بۆ وەلامدانەوەی کوڕان (٦٧٪) بەبەلیّ و (٢٤٪) نەخێر بۆ کچان (٦١٪) بەلیّ و (٢٦٪) نەخێر . لەم پرسیارەدا پرسیار ئاراستەی خودی خوێندکارو قوتابی کراوە ئەگەر لە قوتابخانەکەت ئەم پێداویستییانە هەبێت بەکاری دەهێنیّ واتە خودی خوێندکار حەزو پالنەری هەیە لە ژووری بچووکی خوێندن بچێتە دەرەوە لە هۆلی تاقیگە بە پراکتیکی بدرێت بۆ زیندوو کردنەوەی حەزی قوتابی ، دیارە خووی قوتابی و خوێندکار لە رووی دەروونییەوە هەست بە بێزاری و هەراسانی دەکات لە ژوورە بچووکەکانی خوێندن، حەز دەکات ئەو وزەیەی هەیەتی لە تاقیگە بەکار بهێنیّ و زیاتر کتێبەکانی تیّ دەگات.

١٢- بڕگەی (ئەگەر لە قوتابخانەکەت بنکەی کۆمپیوتەر هەبێت ئایا بەشدارییت کردووە لە ڕاهێنان و سوودمەند بووی؟) وەلامدانەوەی ئەم بڕگەیە بۆ کوڕان (٤٧٪) بەلیّ و (٣٩٪) نەخێر ، بۆ کچان (٥٠٪) بۆ بەلیّ و (٣٦٪) نەخێر، وکۆی گشتی (٤٩٪) بەلیّ و (٣٨٪) نەخێر لەم بڕگەیە هەمان وەلامدانەوەو شرۆڤەی بڕگەی (١١) چونکە قوتابیان و خوێندکاران حەزو مەیلیان زۆرە بۆ فێربوونی تەکنۆلۆژیای زانیاری وەکو وانەیەکی زانستی پراکتیکی ئەمەش نیشانەیەکە بۆ بێزاربوون و مەلەل لەوانەی کلاسیکی بایەخ

دان بەو بوارە هۆکاری سەرکەوتنی پرۆسەی خوێندنە بۆیە دەبێ بەشێوەیەکی گشتی بایەخ بە زانیاری تەکنۆلۆژیا بدرێت لە هەموو خوێندنگایەك هۆلی کۆمپیوتەر هەبێت بۆ خوێندن . ئەمەش سیستەمی نوێی خوێندنە.

١٣- برگەی ( ئایا ئەزموونەکان لە کاتی گونجاو وئەنجام دەدرێن؟ ).

وەلامدانەوەی ئەو برگەیە لای کوڕان (٦٥٪) بەڵێ و (١٤٪) نەخێر وەلای کچان (٧٤٪) بەڵێ و (١١٪) نەخێر و کۆی گشتی وەلآمدانەوەکان (٦٨٪) بەڵێ و (١٣٪) نەخێر ، بە پێی وەلآمدانەوەکان کات بۆ ئەنجامدانی ئەزموونەکان گرفتێکی گەورەنیە نەبۆتە کێشەیەکی ڕۆتینی.

١٤- برگەی ( ئایا پرسیارەکانی ئەزموونەکان ڕوون و ئاشکران لە ماناو لە چاپ کردندا ؟) وەلآمدانەوەی کوڕەکان (٦٤٪) بەڵێ و (١٣٪) نەخێرە ، بۆ کچەکان (٥٩٪) بەڵێ و (١٤٪) نەخێرە ، و کۆی گشتی (٦٣٪) بەڵێ و (١٣٪) نەخێرە .

برگەیەکی ئەرێنیە لە وەلآمدانەوە بەلآم دەکرێت لەم شرۆڤەدا ئەوە بڵێین ئەزموونکردن گرفتێکی سەرەکی نییە بۆ خوولی خوێندکارو قوتابی تەنها ئەوە نەبێت ئەرکێکی ڕۆژانە یە لەوانەیە کەوە بۆ وانەیەکی دیکە دەگۆڕێت بەلآم چاککردنی سیستەمی تاقیکردنەوە ، هۆکارێکی سەرەکییە کە قوتابی بۆ تێگەیشتن و زانیاری بخوێنێت نەك بۆ نمرەو ڕکابەری نمرە کۆکردنەوە .

١٥-برگەی ( ئایا جۆری پرسیارەکان لەگەڵ پرۆگرامەکانی خوێندن دەگونجێن ؟ )

وەلآمدانەوەی کوڕان بۆ ئەو پرسیارە بەو شێوەیە بوو (٥٤٪) بەڵێ و (١٦٪)نەخێر و (٢٩٪) تارادەیەك ، وەبۆ کچان (٥٦٪) بەڵێ (١٧٪) نەخێر و (٢٥٪) تارادەیەك ، لەم برگەیە ئەوە دەردەخات کە زۆر بەی مامۆستایان لە

پرسیار هێنانەوە پشت بە ناوەرۆکی پرۆگرامی خوێندن (پەرتووکی خوێندن ) دەبەستن نەك زانیاری گشتی و دەرەکی واتە زیاتر پابەندی ناوەرۆکی پەرتووکی خوێندنن .بۆیە وەڵامدەرەوەکان لە سنوورێکی بچووك و داخراو ئەو برگەیان وەڵامداوەتەوە

١٦- برگەی ( ئایا مامۆستا پرسیاری ئاسان دادەنێ ؟)

جیا لە برگەکانی تر کە پەیوەستە بە شێوازی تاقیکردنەوە لەم برگەیە کوران (١٧٪) بەڵێ و (٣١٪) نەخێر و (٤٨٪) تارادەیەك و کچان (٢١٪) بەڵێ و (٢٥٪) نەخێر و (٤٨٪) تارادەیەك و کۆی گشتی وەڵامدەرەوەکان (١٨٪) بەڵێ و (٣٠٪) نەخێر و (٤٨٪) تارادەیەك . زۆر جار لە قوتابخانەکانی ئێمەدا مامۆستا پرسیار بۆ تۆ لە سەندەوە یاخود پێوەری تورەیی بەکار دەهێنێت وادەزانێت ئەگەر لە تاقیکردنەوەکان پرسیاری قورس و گران بهێنێت ئەوا قوتابی و خوێندکار ناچار دەبێت بخوێنێت ، ئەمەش شێوازێکی پەروەردەی هەڵەیە بۆیە بەردەوام قوتابی و خوێندکار لە خوێندن دەترسێن نەوەك لە تاقیکردنەوە سەرنەکەون و باش بەپێ ی پێویست وەڵام نەدەنەوە ، زۆر جار قوتابی تاقیکردنەوە دەکاتە پێوەری پەیوەندی خۆی و مامۆستا یەکەی چونکە بەردەوام تاقیکردنەوە تووشی دڵەراوکێ ی دەکات ، دەبێت مامۆستا واز لەو جۆرە شێوازانە بهێنێت بۆ تاقیکردنەوە .

١٧- برگەی ( ئایا بینایەی قوتابخانەو شوێنە تەندروستیەکانی ( المرافق الصحیە ) ناو قوتابخانە ئاو کارەبا گونجاون ؟ ) .

لەم برگەیەدا وەڵامدانەوەی کوران (١٧٪) بەڵێ و (٥٩٪) نەخێر و کچان لە (١٧٪) بەڵێ و (٥٦٪) نەخێر و کۆی گشتی لە وەڵامدەرەوەکان (١٧٪) بەڵێ و (٥٨٪) نەخێرە، ئەم برگەیە ئەوە دەسەلمێنێ کە بینایەی قوتابخانەکان شوێنی

گونجاو نییه بۆ خوێندن و لەگەڵ ستایلی سەردەم ناگونجێ سەرجەم قوتابی و خوێندکارەکان لە بینایەی قوتابخانە بێزارن کە شێوازی مۆدرێن نین و هیچ مەرجێکی تەندروستی و ئاسوودەی دەروونی تێدانییە بۆیە ماوەی قوتابی و خوێندکار لەو قوتابخانەیە ئازاری دەروونی پێ دەگەیەنێت لە رووی تەندروستی و بەدەنی گونجاو نییە و زۆربەی قوتابخانەکان لە شوێنە قەرباڵغەکانە کە کاریگەری زۆر دەکاتە سەر هێمنی و بێ دەنگی ژوورەکانی وانە وتنەوە واتە شوێن و بینایە گونجاونیە .

١٨- برگەی ( ئایا هۆیەکانی سارکردن و گەرم کردن لە قوتابخانە دا هەن؟) .
وەلامدەرەوەی کوران (١٦٪) بەلێ و (٦٠٪) نەخێر و (٢٣٪) تارادەیەك وەلامدەرەوەی کچان (٢٣٪) بەلێ و (٤٨٪) نەخێر و (٢٨٪) تارادەیەك و کۆی گشتی وەلامدانەوەکان (١٩٪) بەلێ و (٥٦٪) نەخێر (٢٤٪) تارادەیەك .

لەم برگەیە جگە لەوەی شوێنی جوگرافی و ئاوهەوا کە لە هاوین گەرم و زستان ساردە لەم برگە یە زۆر بەی خوێندکار و قوتابیان هەست بەوە دەکەن کە ژینگەی قوتابخانە لە بارنیە بۆ خوێندن بە تایبەتی لە رووی خزمەتگوزارییەوە ئەمەش راستەوخۆ کاردەکاتە سەر رەوشی خوێندن و پەیوەندی نێوان مامۆستا و قوتابی .

١٩- برگەی (ئایا رەحلەو تەختە رەش و قرتاسییە باشە و زۆرە ؟)

لەم برگەیەدا وەلامدەرەوەی کوران (٢٥٪) بەلێ و (٣٥٪) نەخێر وە کچان (٢٥٪) بەلێ و (٤٢٪) نەخێر و کۆی گشتی وەلامدەرەوەکان (٢٦٪) بەلێ و (٤٠٪) نەخێر و (٣٢٪) تارادەیەك .

ئەم برگەیە وەکو برگەکانی تر پەیوەستە بە پێداویستییەکانی قوتابخانە کە دەلیلی کەمی و نەبوونی پێداویستی یە بۆ ئەوەی قوتابی بتوانێت بە شێوەیەکی

حەوانەوە بەکاری بهێنێت و هەست بە بێزاری نەکات . لەو ماوەی لە قوتابخانە بەسەری دەبەن هەست بە دڵەراوکێ و تەنگە دەروونی دەکەن . تووشی چەپاندنی وزەی دەروونی دەبن .

٢٠- برگەی ( ئایا ژوورەکانی خوێندن دەگونجێ لەگەڵ ژمارەی قوتابیان ؟) ڕێژەی وەڵامدانەوەی کوڕان (٣٩٪) بەڵێ و (٤٢٪) نەخێر و کچان (٤٢٪) بەڵێ و (٤٠٪) نەخێر و کۆی گشتی (٤١٪) بەڵێ و (٤١٪) نەخێر لێرە دەردەکەوێت وەڵامدانەوەکان بەرامبەر یەکترن لەڕووی ڕێژەی سەدییەوە بەڵام دەردەکەوێت ئەو قوتابخانانەی لە دەرەوەی سەنتەری شارن ژوورەکانی خوێندن تارادەیەك گونجاون بەڵام لە ناو شاردا لەبەر زۆری ژمارەی دانیشتوان و کۆچی بەردەوامی خەلك لە لادێوە بۆ شار فشارێکی زۆر کراوەتە سەر قوتابخانەکان ئەمەش بۆ هۆی زۆری ژمارەی قوتابی لەناو پۆلدا کە کاریگەری ئەرێنی هەیە لەسەر تێگەیشتنی قوتابی بۆ وانە وتنەوەدا . جۆرێك لە قەربالغی ماف زۆربەی قوتابیان لە تێگەیشتن و بەشداری کردن دەفەوتێنێ.

٢١- ( ئەگەر لە قوتابخانەکەت پەڕتووکخانە هەیە ئایا سوودی لێ وەردەگریت) وەڵامدانەوەی ئەو برگەیە بۆ کوڕەکان (٤٠٪) بەڵێ و (٤١٪) نەخێر بۆ کچەکان (٤٦٪) بەڵێ و (٣٦٪) نەخێر ، وە کۆی گشتی (٤٢٪) بەڵێ و (٤٠٪) نەخێر لەم برگەیەدا دەرکەوتووە ئەگەر پەڕتووکخانە هەبێت ئەوا قوتابی و خوێندکار سوودی لێ دەبینێت واتە مەرج نییە لە هەموو قوتابخانەیەك هەبێت بۆیە دەبێ پەڕتووکخانە هەبێت وببێتە بەشێکی لە پێك هاتەی قوتابخانە و هەموو قوتابییەك و خوێندکارێك بە تایبەتی لە دەرەوەی سەنتەری شار سوودی لێ ببینن .

٢٢- برگـەی ( ئەگـەر فرۆشـگا لـە قوتابخانەکـەت هـەبوو ئایـا سـوودی لـێ وەردەگـری نرخـەکانی دەگـونجێ لەگـەڵ ئـەو پـارەی ڕۆژانـە لـە ماڵـەوە وەردەگرێـت؟) وەلاَمدانـەوەی کـوڕان (٣٥٪) بـەڵێ و ( ٣٧٪) نـەخێر ( ٢٩٪) تاڕادەیەك وەلاَمدانەوەی کچان ( ٣٢٪) بەڵێ و (٤٢٪) نـەخێر (٢٤٪) تاڕادەیـەك و کـۆی گشـتی وەلاَمدانـەوەکان (٣٤٪) بـەڵێ و ( ٣٩٪) نـەخێر و (٢٥٪) تاڕادەیەك.

هەموو قوتابیان و خوێندکاران بە تایبەتی لە سەرەتاییدا سوود لـە فرۆشـگای قوتابخانەکان دەبیـنن بـەلاَم جـۆرە ئاراسـتەیەك لـە دەرەوەی قوتابخانـە هەیـە بەتایبەتی لە ماڵـەوە دژی فرۆشـگا کـە شـتەکانیان کاتیـان بەسـەر چـووە و لـە ڕووی تەندروستیەوە نەشیاوە هیچ مەرجێکیان نییە خواردەمەنیـەکانیان پیسـن و لە ڕووی مادەوە گرانترە لە شوێنەکانی تر بۆیە زۆربەی بۆچـوونەکان ئەرێنیـە لەسەر فرۆشگای قوتابخانە .

٢٣- برگەی ( دەوامی قوتابخانە گونجاوە ؟) .

وەلاَمی ئەو برگە یە بۆ کـوڕان (٧٢٪) بـەڵێ و (١٧٪) نـەخێر بـۆ کچـان (٧٦٪) بـەڵێ و (١٤٪) نـەخێر و وەلاَمـی کـۆی گشـتی (٧٣٪) بـەڵێ و (١٦٪) نـەخێر . ئەمـەش گرفـت نییـە چـونکە لـەم ولاتـە قوتـابی و خوێنـدکار هـیچ کارێـك پابەندییـەکی تـری نییـە تـەنها دەوام کردنـی قوتابخانـە نـەبێت وە زۆربـەی دەوامەکانیش دوانەیە واتە پێش و پاش نیوەڕۆ دەبێت گرفت دروست نەبێت .

٢٤- برگەی ( قوتابخانەکەت دوورە لە ماڵەکەتان ؟)

وەلاَمی کوڕان (٥٦٪) بەڵێ و (٢٧٪) نەخێر وە بۆ کچـان (٤٧٪) بـەڵێ و (٣٤٪) نەخێر وە کۆی گشتی وەلاَمدانەوەکان (٥٣٪) بەڵێ و (٢٩٪) نەخێر بۆ ئەم برگە یە دەبێ دابەشکردنی قوتابخانەکان بە پێ ی چڕی ژمارەی دانیشـتوان بێـت بـە

شێوەی ناوەندی (سەنتەری) لە شوێنی ستراێژی بێت ، لە زۆر ولآت ئەم گرفتی دووری لە ڕێگای پاسی ( ئۆتۆمبێلی ) هاتوو چۆ چارەسەر کراوە .

٢٥- بڕگەی ( ئایا بەشداری لە جموجۆڵی وەرزشی دەکەیت ؟)

وەلآمی کوڕان (٣٨٪) بەلێ و (٥٠٪) نەخێر ، بۆکچان (٣٥٪) بەلێ و ( ٤٩٪) نەخێر و کۆی گشتی ( ٣٧٪) بەلێ و (٥٠٪) نەخێر شرۆڤەی ئەم بڕگەیە ئەوە دەگەیەنێت کە قوتابیان و خوێندکاران بەگشتی حەزو مەیلیان لە وەرزشە وەکو چالاکی بەدەنی و رووی دادەنێت بەلآم لەبەر هەندێك هۆکار جموجۆڵی ئەو بەشە کەمترە :-

یەکەمیان : نەبوونی مامۆستا تایبەت بە وەرزش .

دووەمیان : نەبوونی گۆڕەپان و شوێنی تایبەت بە وەرزش کردن .

سێ یەمیان : نەبوونی پێداویستی وەرزشی .

چوارەمیان : بایەخ نەدانی کارگێڕی بەوانەی وەرزش بە تایبەتی ئەو قوتابخانانەی سێ دەوامی و دوو دەوامین .

نەبوونی لە خشتەی هەفتانەو خستنە شوێنی وانەی دیکە . بۆیە دەبێ ئەو شێوازە بگۆڕدرێت .

٢٦- بڕگەی ( ئایا بەشداری لە جموجولی هونەری دەکەیت ؟)

وەلآمی گۆڕاوەکانی ئەو بڕگەیە بۆ کوڕەکان (٢٤٪) بەلێ و (٦٣٪) نەخێر وەلآمدانەوەی کچان ( ٢٨٪) بەلێ و (٥٥٪) نەخێر . وەکۆی گشتی (٢٥٪) بەلێ و ( ٦٠٪) نەخێر ، ئەمەش بڕگەیەکی ئەرێنیە هەمان گرفتی خاڵی (٢٥) هەیە نەبوونی وێنگەو مامۆستا و کەرەستەی وێنەکردن و بایەخ نەدان بەوانەی هونەری و بە چاوێکی سووك سەیرکردنی وانەی هونەری .

٢٧- بڕگەی ( ئەگەر لە بەشی ناوخۆ نیشتەجێی ئایا هەموو پێداویستی تێدایە و گونجاوە ؟) .

وەلامی کوڕان (١٦٪) بەڵێ و (٤١٪) نەخێر و وەلامی کچان (١٩٪) بەڵێ و ( ٣٦٪) نەخێر و کۆی گشتی (١٧٪) بەڵێ و (٣٩٪) نەخێر وە (٢٨٪) بەتاڵ . زۆر کەم قوتابی و خوێندکار لە سەرەتایی و ناوەندی لە بەشی ناوخۆ دەبن ئەو ژمارەی کە لە بەشی ناوخۆ دەژیت هیچ مەرجێکی حەوانەوە و تەندروستی تێدانییە تەنها چەند ژوورێکی بێ کارەباو سووتەمەنی و ئاو کە قوتابی هەست بە سووکایەتی خۆی دەکات لە بەشە ناوخۆییەکاندا .

٢٨- بڕگەی ( ئایا سوود لە پرۆگرامەکانی تەلەفزیۆنی یا پرۆگرامی پەروەردەیی لە سەتەلایت وەردەگریێ ؟)

وەلامی کوڕەکان بۆ ئەم بڕگەیە (٤١٪) بەڵێ و ( ٣٢٪) نەخێر و (٢٥٪) تارادەیەك بۆ کچان (٣٨٪) بەڵێ و (٣١٪) نەخێر و (٢٨٪) تارادەیەك وە کۆی گشتی (٣٩٪) بەڵێ و (٣٢٪) نەخێر و (٢٦٪) تارادەیەك .

تارادەیەك قوتابیان و خوێندکاران دەتوانن سوود لە تەکنەلۆژیای زانیارییەکان و بەرنامەکانی تەلەفزیۆنی پەروەردەیی ببینن ئەگەر هەبێت ، بەلام نەبوونی و کەمی پرۆگرامی پەروەردەیی بۆتە هۆی ئەوەی سوود لەو دەرفەتە وەرنەگرن . واتە ڕاگەیاندن و میدیای کوردی لە ئاستی پێویست دا نییە بۆ بواری پەروەردەدا .

٢٩- بڕگەی ( ئایا یەکێتی قوتابیانی کوردستان و کۆمەڵەی خوێندکاران چ خزمەتی پەروەردە یان کۆمەلایەتییان ئابووری یان رۆشنبیرییان پێشکەش بە قوتابیان و خوێندکاران کردووە ؟) .

لەم بڕگەیەدا وەلآمدانەوەی کوڕان (٢٩٪) بەڵێ و (٤٠٪) نەخێر و (٢٥٪) تاڕادەیەك و کچان (٢٦٪) بەڵێ و (٤٥٪) نەخێر و (٢٥٪) تاڕادەیەك و کۆی گشتی (٢٨٪) بەڵێ و (٤٢٪) نەخێر و (٢٥٪) تاڕادەیەك . ئەم بڕگەیە نەرێنییە چونکە زۆر بەی قوتابی و خوێندکارەکان سەرجەم ڕێکخراوەکان بە پاشکۆی حزبی دادەنێن بە جۆرێك لە دەست تێوەردان دادەنێن لەکاری کارگێڕیو خوێندن بۆیە سەرجەم خوێندکاران و قوتابیان بە ئاگاییەوە مامەڵەیان لە گەڵ ئەو ڕێکخراوانە کردووە و خودی ڕێکخراوەکانیش زیاتر گردبوونەوەیەکی حزبی پێوە دیار بووە نەك ڕێکخراوی پیشەیی خوێندن بۆیە زۆر جار کارکردنیان لە ناو قوتابخانە بۆتە کێشەو گرفت و لاواز بوون لە ئاست چالاکیەکانیان و جێبەجێکردنی داخوازیەکانی قوتابیان .

٣٠- بڕگەی ( ئایا دایك و باوکت سوودیان لە کۆبوونەوەی دایك و باوکان و مامۆستایان لە قوتابخانە وەرگرتووە ؟) وەلآمدانەوەی ئەو بڕگە یە بۆ کوڕەکان (٥٤٪) بەڵێ و (٢٧٪) نەخێر بووە بۆ کچەکان (٥٤٪) بەڵێ و (٢١٪) تاڕادەیەك. ئەم بڕگەیە ئەوە دەگەیەنێت هەموو پەیوەندیەکی نێوان قوتابخانەو دایك و باوکان کاریگەری باشی هەیە بۆ شارەزا بوون و ئاشنا بوون لە نێوان دایك و باوکان ، باشترین پەیوەندی و تێکەڵاو بوون لە نێوان هەردوولا کۆبوونەوە وسەردانی بەردەوامە لە نێوانیاندا ئەگەر هەردوولا دایك و باوکان و قوتابخانە هاوکاری یەکتر بکەین ئەوا هەردوو ژینگەی ماڵەو قوتابخانە لە یەکتری نزیك دەبێتەوە، ئەوکاتە گرفتەکانی قوتابیان و خوێندکاران بەئاسانی چارەسەر دەکرێت و دەبێتە هۆی ئەوەی دایك و باوکیش هاوکاری قوتابخانە و دەستەی مامۆستایان بکەن بۆ دروست کردنی ژینگەیەکی ئارام بۆ قوتابیان .

٣١- بڕگەی ( ئایا لە پاش دەوامی قوتابخانە کاری دەرەکی دەکەیت ؟)

وەلامـی کورەکـان (٣٣٪) بـەڵێ و (٥٧٪) نـەخێر وە کچـەکان (٢٦٪) بـەڵێ و (٦٤٪) نەخێر و کۆی گشتی دەنگەکان ( ٣٠٪) بـەڵێ و (٥٩٪) نـەخێر . بـەهۆی گۆڕانی باری ئابووری و چاك بوونی گوزەرانی خێزان ئێستا کـەمتر قوتابیـان لـە دوای دەوامی قوتابخانە کاردەکەن بەڵکو زیاتر خـەریکی خوێنـدنن ، بـەلام ئـەو کەسـانەی کاردەکـەن کاردەکاتـە سـەر ئاسـی خوێنـدن و بەدەسـت هێنـانی نمرەیەکی سەرکەوتو.

٣٢- بڕگەی ( ئایا گیروگرفتی دەروونیت هەیە ؟)

وەلامی کورەکان (٢٠٪) بەڵێ و (٦٩٪) نەخێر و وەلامی کچەکان (١٩٪) بـەڵێ و (٦٩٪) نەخێر . ڕەنگە زۆربەی وەلامدەرەوەکانی ئەو بڕگەیە بە تـەواوی نـەزانن گیروگرفتی دەروونی چییە بۆچی تووشی هاتووە ئەوان زیاتر تووشی گیروگرفت و کێشەی کۆمەلایـەتی هـاتوون زیـاتر لەگـەڵ خێـزان کێشـەیان هەیـە هـەر ئـەو حاڵەتـە یـە بۆتـە هـۆی دروسـت بـوونی گـرفتی دەروونـی واتـە زیـاتر فشـاری کۆمەلایـەتی و خێزانـە کـە ڕەنگدانـەوەی لەسـەر بـاری دەروونـی قوتـابی و خوێندکار کردووە .

٣٣- بڕگەی ( ئایا گیروگرفتی کۆمەلایەتیت هەیە ؟) .

وەلامدانـەوەی کـوڕان (٢٧٪) بـەڵێ و (٥٩٪) نـەخێر وە وەلامدانـەوەی کچـان (٢٤٪) بەڵێ و (٦١٪) نەخێر بووە ، کۆی گشـتی (٢٦٪) بـەڵێ و (٦٠٪) نـەخێر بووە . هەمان ڕەنگدانەوەی بڕگـەی (٣٢) ی هەیـە کـە گیروگـرفتی کۆمەلایـەتی دوو جـۆرن ئەوانـەی کـە کۆمـەڵ و خێـزان بـۆ خـودی خوێنـداران و قوتابیـان دروستی دەکات کە ڕاستەوخۆ کاریگەری نەرێنی لەسـەریان دروسـت دەکـات وە لە گەڵ ئەو کێشەو گیروگرفتەی کە کۆمـەڵگا و دەوڵـەت و سیاسـەت بـۆ خێـزان دروستی دەکات واتە خێزان بەشێك نییە لـەو گیروگرفتانـە بـەڵکو ئـەو قوربـانی

ئەو سیستەمەیە، دەکرێ هەموو کێشەکان چارەسەر بکرێن بەڵام کاتی دەوێت. ئەمەش گرفتە بۆ قوتابیان و ڕەوشی خوێندن.

٣٤- برگەی (ئایا گیرو و گرفتی ئابووریت هەیە).

وەڵامدانەوەی کوڕەکان (٣١٪) بەڵێ و (٤٦٪) نەخێر و (١٩٪) تا ڕادەیەك بۆ کچان (٢٨٪) بەڵێ و (٥٤٪) نەخێر و (١٢٪) تا ڕادەیەك، شرۆڤەی ئەم برگەیە لێکدانەوەی هەیە لەبرگەی یەکەم (ئایا باری ئابووریتان باشە) واتە ئابووری نەك بۆ قوتابی و خوێندکار بەڵکو بۆ خودی خێزان و دەوڵەت گرفتێکی سەرەکییە بەتایبەتی بۆ قۆناغی پەیمانگە.

٣٥- برگەی (ئایا ئامێری مۆبایل کاری کردۆتە سەر باری خوێندنت؟)

وەڵامدانەوەی کوڕان (٢٨٪) بەڵێ و (٥٥٪) نەخێر و (١٤٪) تا ڕادەیەك وەڵامدانەوەی کچان (٢٠٪) بەڵێ و (٦٤٪) نەخێر و (١٢٪) تا ڕادەیەك، بەکارهێنانی مۆبایل مافی هەموو تاکێکە کە سوود لەو ئامێرە بۆ خزمەتی خۆی ببینێ بەڵام بەشێوەیەکی دروست بەکاری بهێنێت، نەبوونی هۆشیاری بەکارهێانی مۆبایل و خراپ بەکارهێنانی گرفت دروست دەکات بۆ تاك و کۆمەڵگا، بۆیە کار دەکاتە سەر ڕەوشتی خوێندن و بەفێرۆدانی کا، دەکرێت لەڕێگای چەند وانەیەکی زانستی و ئەوانی دیکە سوودی بەکارهێنانی ئەو ئامێرە باس بکرێت و قوتابی و خوێندکار هۆشیار بکرێتەوە، بۆ ئەوەی گرفت دروست نەبێت لەکۆتایی شیکردنەوەی ئەو توێژینەوەدا بۆمان دەرکەوت کە برگەکان (٣، ٧، ١٧، ١٨، ١٩، ٢٠، ٢١، ٢٥، ٢٦، ٢٧، ٢٩، ٣١، ٣٢، ٣٣، ٣٤، ٣٥) وەڵامدانەوەکەیان (کوڕ/ کچ/ کۆی گشتی) بە شێوەیەکی نەرێنی سلبی بووە واتە گرفت و ئاستەنگ لەبەردەم پرۆسەی پێشکەوتنی پەروەردە و فێربون

دەبێ لەکۆنفرانسی گشتی ئەم خاڵانە قسەو گفتوگۆی لەسەر بکرێت بەشێوەیەکی جدی چارەسەر بکرێت.

**ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە :**

لە نێوان وەلامدانەوەی ئەوانەی لێکۆڵینەوەیان لەسەر ئەنجامدرا ئەنجامەکەی لە چوارچێوەی ئەمانەی خوارەوە بوو :

**باری ئابووری :**

باری ئابووری کاریگەری زۆری هەیە لەسەر قوتابی. خوێندکار ئەو قوتابیەی باری ئابووری خێزانەکەی باش بێت بیر لە پێداویستیەکانی ناکات بەڵکو بە پێچەوانە ئەو بارە خراپەی کە خێزانەکان بەرەنگاری دەبنەوە بەهێزترین هۆیەکە قوتابی تووشی گیروگرفت بێ و نەتوانی ئامانجەکانی جێبەجێ بکات.

**٢- بەڕێوەبەری قوتابخانە :**

کەسایەتی بەڕێوەبەری قوتابخانەو خووڕەوشتی و شێوازی جێبەجێکردنی کاری بەڕێوەبەرایەتی کاریگەری هەیە لەسەر قوتابیان دەبێ بەڕێوەبەر لێهاتوو بە توانا و زیرەك بێت و هەڵس و کەوتی لەگەڵ ئەوانەی لە قوتابخانەن باش بێت و خۆشەویست بێت لە لایەن قوتابیان و مامۆستایان جگە لەوەی بڕوای بەو ئەرکەی لەسەر شانیەتی بێت و ئارەزوومەند بێت.

## ٣- پرۆگرامەکان :

لە نێوان شیکردنەوەی لێکۆڵینەوەکە بەدیار کەوت پرۆگرامەکان دەبێ لایەنی داهێنان و نوێ کردنەوە لە لایەن قوتابیان گەشە پێبدات و بگونجێ لەگەڵ توانایان تاوەکو سوود مەند بێت .

١٠- دابینکردنی بودجەیەکی تەواو بۆ دروستکردنی قوتابخانەو بەشەکانی ناوەخۆ بۆ کەم کردنەوەی ڕێژەی قوتابیان لەناو پۆلەکانی خوێندن. لەسەر شێوازی نوێ و شارستانیەت وە هەموو مەرجێکی پەروەردەیی تێدابێت وەکو ئاو - کارەبا - هۆیەکانی ساردی و گەرمی.

١١- دروستکردنی قوتابخانە لە شوێنە گونجاوەکان بە گوێرەی چڕی دانیشتوانیان و نزیك بێت لە شوێنی نیشتەجێی قوتابیان .

١٢- بەشدار کردنی زۆرترین ڕێژەی قوتابیان لە چالاکی وەرزشی و هونەری و بەهێزکردنی پەیوەندی نێوان ماڵەوە و قوتابخانە لە ڕێگەی ئەنجوومەنی دایبابان - مامۆستایان .

١٣- پتەوکردنی پەیوەندی نێوان قوتابیان - خوێندکاران لەگەڵ کۆمەڵەی فیدڕاسیۆنی .

١٤- پێویستە لەهەر قوتابخانەیەك ڕابەری پەروەردەیی یان لێکۆڵینەری کۆمەڵایەتی هەبێ یان دەروونناسی و خولی تایبەتیان بۆ بکرێتەوە بۆ ئەوەی بە ئەرکی پەروەردەیی خۆیان هەڵبستن و پاداشت بکرێن بۆ یارمەتیدانی قوتابیان و دانانی چارەسەری گونجاو بۆ گیروگرفتەکانیان.

١٥- هاندانی کارگێڕی قوتابخانەکان بە ئەنجامدانی چالاکی کۆمەڵایەتی و بەشداری بوونی قوتابیان- خوێندکاران وەکو (پێشبرکێی زانستی وێژەیی - سەفەرکردن بۆ ڕابواردن سەفەری زانیاری- ئاهەنگ گێران- ڤیستیڤاڵ) .

وەڵامدانەوەکەیان (کوڕ/ کچ/ کۆی گشتی) بە شێوەیەکی سلبی بووە واتە گرفت و ئاستەنگ لەبەردەم پرۆسەی پێشکەوتنی پەروەردە و فێربون دەبێ لە کۆنفراسی گشتی ئەم خاڵانە قسەو گفتوگۆی لەسەر بکرێت بەشێوەیەکی ڕاستینە (جدی) چارەسەر بکرێت.

# کۆی ئەنجامی وەڵامی پرسیارەکانی قوتابییان و خوێندکاران / کوڕان

| پرسیار | بەڵێ | نەخێر | تارادەیەک | بەتاڵ | کــۆ | پرسیار | بەڵێ | نەخێر | تارادەیەک | بەتاڵ | کــۆ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ٣٢٨ | ١١٥ | ٢٨٨ | ١١٠ | ٨٤١ | ١ | ٣٩ | ١٤ | ٣٤ | ١٣ | ١٠٠٪ |
| ٢ | ٥٩١ | ٢١٠ | ٢٥ | ١٥ | ٨٤١ | ٢ | ٧٠ | ٢٥ | ٣ | ٢ | ١٠٠٪ |
| ٣ | ٢٨٢ | ٤٩٠ | ٢٩ | ٤٠ | ٨٤١ | ٣ | ٣٤ | ٥٨ | ٣ | ٥ | ١٠٠٪ |
| ٤ | ٦٥٧ | ٢٨ | ١٣٥ | ٢١ | ٨٤١ | ٤ | ٧٨ | ٣ | ١٦ | ٣ | ١٠٠٪ |
| ٥ | ٥٦٢ | ٧٧ | ١٨٥ | ١٦ | ٨٤١ | ٥ | ٦٧ | ٩ | ٢٢ | ٢ | ١٠٠٪ |
| ٦ | ٣٤٦ | ١١٠ | ٣٧١ | ١٤ | ٨٤١ | ٦ | ٤١ | ١٣ | ٤٤ | ٢ | ١٠٠٪ |
| ٧ | ٣٦٥ | ٢٨٧ | ١٣٧ | ٥٢ | ٨٤١ | ٧ | ٣٢ | ٤٦ | ١٦ | ٦ | ١٠٠٪ |
| ٨ | ٣٩١ | ٣٢٩ | ١١١ | ١٠ | ٨٤١ | ٨ | ٤٦ | ٣٩ | ١٣ | ١ | ١٠٠٪ |
| ٩ | ٢٧٠ | ٣٠٦ | ٢٤٩ | ١٦ | ٨٤١ | ٩ | ٣٢ | ٣٦ | ٣٠ | ٢ | ١٠٠٪ |
| ١٠ | ٢٣٩ | ٣٢٥ | ٢٥٠ | ٢٧ | ٨٤١ | ١٠ | ٢٨ | ٣٩ | ٣٠ | ٣ | ١٠٠٪ |
| ١١ | ٥٦٦ | ١٩٨ | ٥٦ | ٢١ | ٨٤١ | ١١ | ٦٧ | ٢٤ | ٧ | ٢ | ١٠٠٪ |
| ١٢ | ٣٧٧ | ٣٤٩ | ٩٨ | ١٧ | ٨٤١ | ١٢ | ٤٥ | ٤١ | ١٢ | ٢ | ١٠٠٪ |
| ١٣ | ٥٣٧ | ١١١ | ١٣٢ | ٦١ | ٨٤١ | ١٣ | ٦٤ | ١٣ | ١٦ | ٧ | ١٠٠٪ |
| ١٤ | ٥٢٩ | ١٠٩ | ١٥١ | ٥٢ | ٨٤١ | ١٤ | ٦٣ | ١٣ | ١٨ | ٦ | ١٠٠٪ |
| ١٥ | ٤٤٥ | ١٣٤ | ٢٤٨ | ١٤ | ٨٤١ | ١٥ | ٥٣ | ١٦ | ٢٩ | ٢ | ١٠٠٪ |
| ١٦ | ١٣٣ | ٢٦٤ | ٤٠٧ | ٣٧ | ٨٤١ | ١٦ | ١٦ | ٣١ | ٤٨ | ٤ | ١٠٠٪ |
| ١٧ | ١٣٨ | ٤٩٩ | ١٩١ | ١٣ | ٨٤١ | ١٧ | ١٦ | ٥٩ | ٢٢ | ٢ | ١٠٠٪ |
| ١٨ | ١٣١ | ٥٠١ | ٢١٠ | ٩ | ٨٤١ | ١٨ | ١٤ | ٦٠ | ٢٥ | ١ | ١٠٠٪ |
| ١٩ | ١٩٩ | ٣٣١ | ٢٨١ | ٣٠ | ٨٤١ | ١٩ | ٢٤ | ٣٩ | ٣٣ | ٤ | ١٠٠٪ |
| ٢٠ | ٣١٤ | ٣٦٨ | ١٢٩ | ٣٠ | ٨٤١ | ٢٠ | ٣٧ | ٤٤ | ١٥ | ٤ | ١٠٠٪ |
| ٢١ | ٣٢٤ | ٣٤٨ | ١١٧ | ٥٢ | ٨٤١ | ٢١ | ٣٩ | ٤١ | ١٤ | ٦ | ١٠٠٪ |
| ٢٢ | ٢٩٥ | ٣١٠ | ٢١٦ | ٢٠ | ٨٤١ | ٢٢ | ٣٥ | ٣٧ | ٢٦ | ٢ | ١٠٠٪ |
| ٢٣ | ٦٠٢ | ١٤٧ | ٧٩ | ١٣ | ٨٤١ | ٢٣ | ٧٣ | ١٧ | ٩ | ١ | ١٠٠٪ |
| ٢٤ | ٤٦٨ | ٢٣٣ | ١٢٤ | ١٦ | ٨٤١ | ٢٤ | ٥٦ | ٢٨ | ١٥ | ٢ | ١٠٠٪ |
| ٢٥ | ٣١٤ | ٤١٩ | ٨٨ | ٢٠ | ٨٤١ | ٢٥ | ٣٧ | ٥٠ | ١٠ | ٢ | ١٠٠٪ |
| ٢٦ | ٢٠٤ | ٥٢٩ | ٧١ | ٣٧ | ٨٤١ | ٢٦ | ٢٤ | ٦٣ | ٨ | ٤ | ١٠٠٪ |
| ٢٧ | ١٣٩ | ٣٤٨ | ١٣٩ | ٢١٥ | ٨٤١ | ٢٧ | [illegible] | ٤١ | ١٧ | ٢٦ | ١٠٠٪ |
| ٢٨ | ٢٥١ | ٢٦١ | ٢٠٤ | ٢٥ | ٨٤١ | ٢٨ | [illegible] | ٣١ | ٢٤ | ٣ | ١٠٠٪ |
| ٢٩ | ٢٥٧ | ٢٢٨ | ٣٠٨ | ٤٨ | ٨٤١ | ٢٩ | [illegible] | ٢٨ | ٢٥ | ٦ | ١٠٠٪ |
| ٣٠ | ٤٥٣ | ٢٢٠ | ١٣٧ | ٣١ | ٨٤١ | ٣٠ | ٤٤ | ٣٦ | ١٦ | ٤ | ١٠٠٪ |
| ٣١ | ٢٨٢ | ٤٧١ | ٦١ | ٢٧ | ٨٤١ | ٣١ | ٣٤ | ٥٦ | ٧ | ٣ | ١٠٠٪ |
| ٣٢ | ١٧٢ | ٥٨٠ | ٧٠ | ١٩ | ٨٤١ | ٣٢ | [illegible] | ٦٩ | ٨ | ٢ | ١٠٠٪ |
| ٣٣ | ٢٣٥ | ٤٨٨ | ١٠٧ | ١١ | ٨٤١ | ٣٣ | ٢٨ | ٥٨ | ١٣ | ١ | ١٠٠٪ |
| ٣٤ | ٢٦٥ | ٣٧٦ | ١٦٢ | ٣٨ | ٨٤١ | ٣٤ | ٣١ | ٤٥ | ١٩ | ٥ | ١٠٠٪ |
| ٣٥ | ٢٤٠ | ٤٥٦ | ١١٩ | ٢٦ | ٨٤١ | ٣٥ | [illegible] | ٥٤ | ١٤ | ٣ | ١٠٠٪ |
| کۆ | ١١٨٩٣ | ١٠٧٥٥ | ٥٥٨٥ | ١٣٠٢ | ٢٩٤٣٥ | | | [illegible] | ١٩ | ٤ | ١٠٠٪ |

# کۆی ئەنجامی وەڵامی پرسیارەکانی قوتابیان و خوێندکاران / کچان

| ٣٢<br>پرسیار | ٨٩<br>بەڵێ | ٣٢٢<br>نەخێر | ٤٤<br>تارادەیەک | ١١<br>بەتاڵ | ٤٦٦<br>کۆ | ٣٢<br>پرسیار | ١٩<br>بەڵێ | ٦٩<br>نەخێر | ٩<br>تارادەیەک | ٢<br>بەتاڵ | ١٠٠٪<br>کۆ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٣٣<br>١ | ١١٠<br>٢٢٦ | ٢٨٢<br>٧٧ | ٥٩<br>١٦٢ | ١٥<br>١ | ٤٦٦<br>٤٦٦ | ٣٣<br>١ | ٢٤<br>٤٨ | ٦١<br>١٧ | ١٣<br>٣٥ | ٣<br>- | ١٠٠٪<br>١٠٠٪ |
| ٣٤<br>٢ | ١٢٢<br>٢٢٧ | ٢٥٣<br>١٠٥ | ٦٤<br>٢١ | ١٧<br>٣ | ٤٦٦<br>٤٦٦ | ٣٤<br>٢ | ٢٨<br>٧٢ | ٥٤<br>٢٣ | ١٤<br>٥ | ٤<br>١ | ١٠٠٪<br>١٠٠٪ |
| ٣٥<br>٣ | ٩٣<br>٢٠١ | ٢٩٨<br>٢٢٥ | ٥٨<br>٢٤ | ١٧<br>٦ | ٤٦٦<br>٤٦٦ | ٣٥<br>٣ | ٢٠<br>٤٢ | ٦٤<br>٥٠ | ١٢<br>٥ | ٤<br>١ | ١٠٠٪<br>١٠٠٪ |
| کۆ<br>٤ | ٦٧١٣<br>٢٧٨ | ٥٩٢٥<br>٢٠ | ٣١١٠<br>٥٣ | ٥٥٣<br>٥ | ٤٦٦<br>٤٦٦ | ٤ | ٤١<br>٨١ | [illegible]<br>٦ | ١٩<br>١١ | ٣<br>١ | ١٠٠٪<br>١٠٠٪ |
| ٥ | ٣١٣ | ٣٩ | ١٠١ | ١٤ | ٤٦٦ | ٥ | ٦٧ | ٨ | ٣٢ | ٣ | ١٠٠٪ |
| ٦ | ٢٠٧ | ٦٥ | ١٨٨ | ٦ | ٤٦٦ | ٦ | ٤٤ | ١٤ | ٤٠ | ١ | ١٠٠٪ |
| ٧ | ٢٠٧ | ٢٠٧ | ٤٢ | ١٠ | ٤٦٦ | ٧ | ٤٤ | ٤٤ | ٩ | ٣ | ١٠٠٪ |
| ٨ | ١٧٦ | ١٩٧ | ٨٨ | ٥ | ٤٦٦ | ٨ | ٢٨ | ٤٢ | ١٩ | ١ | ١٠٠٪ |
| ٩ | ١٤٥ | ١٧٣ | ١٣٨ | ١٠ | ٤٦٦ | ٩ | ٣١ | ٣٧ | ٣٠ | ٢ | ١٠٠٪ |
| ١٠ | ١٣٠ | ١٨٠ | ١٥٣ | ١٣ | ٤٦٦ | ١٠ | ٣٦ | ٢٩ | ٣٣ | ٢ | ١٠٠٪ |
| ١١ | ٢٨٣ | ١٣٣ | ٤٣ | ٩ | ٤٦٦ | ١١ | ٦١ | ٢٨ | ٩ | ٢ | ١٠٠٪ |
| ١٢ | ٢٢٥ | ١٦٩ | ٤٢ | ١٩ | ٤٦٦ | ١٢ | ٥٠ | ٣٦ | ٩ | ٤ | ١٠٠٪ |
| ١٣ | ٢٤٣ | ٥٢ | ٥٩ | ١٢ | ٤٦٦ | ١٣ | ٧٤ | ١١ | ١٣ | ٣ | ١٠٠٪ |
| ١٤ | ٢٧٣ | ٦٧ | ١٢٠ | ٦ | ٤٦٦ | ١٤ | ٥٩ | ١٤ | ٢٦ | ١ | ١٠٠٪ |
| ١٥ | ٢٦٢ | ٨٠ | ١١٦ | ٨ | ٤٦٦ | ١٥ | ٥٦ | ١٧ | ٢٥ | ٢ | ١٠٠٪ |
| ١٦ | ١٠٠ | ١١٨ | ٢٢٥ | ٢٣ | ٤٦٦ | ١٦ | ٢١ | ٢٥ | ٤٨ | ٥ | ١٠٠٪ |
| ١٧ | ٧٩ | ٢٥٩ | ١٢٠ | ٨ | ٤٦٦ | ١٧ | ١٧ | ٥٦ | ٢٦ | ٢ | ١٠٠٪ |
| ١٨ | ١٠٥ | ٢٢٥ | ١٣١ | ٥ | ٤٦٦ | ١٨ | ٢٣ | ٤٨ | ٢٨ | ١ | ١٠٠٪ |
| ١٩ | ١١٨ | ١٩٨ | ١٤٤ | ٦ | ٤٦٦ | ١٩ | ٢٥ | ٤٣ | ٣١ | ١ | ١٠٠٪ |
| ٢٠ | ١٩٦ | ١٨٥ | ٦٩ | ١٦ | ٤٦٦ | ٢٠ | ٤٦ | ٤٠ | ١٥ | ٢ | ١٠٠٪ |
| ٢١ | ٢١٣ | ١٦٧ | ٥٩ | ٢٧ | ٤٦٦ | ٢١ | ٣٢ | ٣٦ | ١٣ | ٦ | ١٠٠٪ |
| ٢٢ | ١٤٧ | ١٩٥ | ١١٠ | ١٤ | ٤٦٦ | ٢٢ | ٧٦ | ٤٣ | ٢٤ | ٢ | ١٠٠٪ |
| ٢٣ | ٢٥٣ | ٦٧ | ٣٩ | ٧ | ٤٦٦ | ٢٣ | ٤٧ | ١٤ | ٨ | ٢ | ١٠٠٪ |
| ٢٤ | ٢٢٠ | ١٥٧ | ٧٥ | ١٤ | ٤٦٦ | ٢٤ | ٢٥ | ٢٤ | ١٦ | ٢ | ١٠٠٪ |
| ٢٥ | ١٦٤ | ٢٢٩ | ٦١ | ١٢ | ٤٦٦ | ٢٥ | ٢٨ | ٤٩ | ١٣ | ٢ | ١٠٠٪ |
| ٢٦ | ١٣٢ | ٢٥٤ | ٦١ | ١٩ | ٤٦٦ | ٢٦ | ١٩ | ٥٥ | ١٣ | ٤ | ١٠٠٪ |
| ٢٧ | ٨٧ | ١٧٠ | ٥٨ | ١٥١ | ٤٦٦ | ٢٧ | ٢٨ | ٣٦ | ١٢ | ٢٢ | ١٠٠٪ |
| ٢٨ | ١٧٥ | ١٤٥ | ١٣٠ | ١٦ | ٤٦٦ | ٢٨ | ٥٤ | ٣١ | ٢٨ | ٢ | ١٠٠٪ |
| ٢٩ | ١٣١ | ٢٠٨ | ١١٧ | ٢٠ | ٤٦٦ | ٢٩ | ٢٦ | ٤٥ | ٢٥ | ٤ | ١٠٠٪ |
| ٣٠ | ٢٥٢ | ٩٩ | ٩٨ | ١٧ | ٤٦٦ | ٣٠ | ٥٤ | ٣١ | ٢١ | ٤ | ١٠٠٪ |
| ٣١ | ١٢٢ | ٢٩٦ | ٣٧ | ١١ | ٤٦٦ | ٣١ | ٢٦ | ٦٤ | ٨ | ٢ | ١٠٠٪ |

**وەزارەتی پەروەردە**

**لێژنەی باڵای کۆنگرەی پەروەردەیی :**

## " فۆرمی تایبەت"

**بە لێکۆڵینەوەلە سەر گۆڕانکاری کردن لەسیستەمی وەزارەتی پەروەردە کە تایبەتە بە قوتابیان و خوێندکارانی قۆناغی ئامادەیی و دواناوەندی وپەیمانگاکان .**

**قوتابیان و خوێندکارانی ئازیز :-**

وەزارەتی پەروەردە بەنیازە کۆنگرە یەکی پەروەردەیی ببەستێ بۆ لێکۆڵینەوە و گۆڕانکاری کردن لە سیستەمی وەزارەتی پەروەردەو دەست نیشان کردنی گیروگرفتەکانی پەروەردە و فێرکردن و دانانی چارەسەی گونجاو بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندە بە قوتابییان بۆیە ئەم فۆرمەتان پێشکەش ئەکەین بۆ زانینی بیرو بۆچوون و پێشنیارتان تکایە وەڵامێکی وردو ڕێك بدەنەوە لەگەڵ ڕێزماندا .

١- ئەم زانییارانەی خوارەوە بنووسە:-

پۆل/ ........... تەمەن /...........ڕەگەز/..........

قۆناغی خوێندن/..............

ژمارەی ئەندامانی خێزانەکەت .................

٢- تێبینی:-

١- نیشانەی (      ) بەرامبەر بەو پرسیارەی ڕات لەسەرە دابنێ.

٢- ئەگەر چ پێشنیار یان تێبینیت هەیە لە سەر هەر بڕگەیەك یان پرسیارێك لە خانەی (تێبینی بنووسە).

| ژ | پرسیارەکان | بەڵێ | نەخێر | تارادەیەك | تیبینی |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ئایا باری ئابووریتان باشە ؟ | | | | |
| ٢ | ئایا ئەوماڵەی تیادا دەژیت مولکی خۆتانە (بەبێ کرێیە)؟ | | | | |
| ٣ | ئایا ژووری تایبەت بە خۆت هەیە کە لێی بخوێنی؟ | | | | |
| ٤ | ئایا بەڕێوەبەری قوتابخانەکەت مامەڵەی لەگەڵت باشە ؟ | | | | |
| ٥ | ئایا مامۆستایان مامەڵەیان لە گەڵتا باشە؟ | | | | |
| ٦ | ئایا لە شێوازی وانە وتنەوە ی مامۆستاکان تێ ئەگەیت بەرێك و پێکی ؟ | | | | |
| ٧ | ئایا پێویستیت بە مامۆستایانی تایبەت هەیە ؟ | | | | |
| ٨ | ئایا پەرتووکەکانی خوێندن لە کاتێکی گونجاو بەدەستت دەگەن ؟ | | | | |
| ٩ | ئایا پەرتووکەکان لە بارەی چاپ و پێشاندانی بابەتەکان سەرنجت رادەکێشن ؟ | | | | |
| ١٠ | ئایا ناوەرۆکی پەرتووکەکان یان بەمانایەکی تر پرۆگرامەکان لەگەڵ ئاستی تۆدەگونجێن؟ | | | | |
| ١١ | ئەگەر لە قوتابخانەکەت تاقیگەو هۆیەکانی فێرکردن هەبوو ئایا سوودیان لێ وەردەگری ؟ | | | | |
| ١٢ | ئەگەر لە قوتابخانەکەت بنکەی کۆمپیوتەر هەبێت ئایا بەشداریت کردووە لە ڕاهێنان و سوودمەند بووی ؟ | | | | |
| ١٣ | ئایا ئەزموونەکان لە کاتی گونجاو ئەنجام دەدرێن ؟ | | | | |
| ١٤ | ئایا پرسیارەکانی ئەزموونەکان ڕوون و ئاشکران لە ماناو لە چاپ کردندا ؟ | | | | |
| ١٥ | ئایا جۆری پرسیارەکان لە گەڵ پرۆگرامەکانی خوێندن دەگونجین؟ | | | | |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٦ | ئایاماموٚستا پرسیاری ئاسان دادەنێ؟ | | | | |
| ١٧ | ئایا بینایەی قوتابخانەو شوێنە تەندوستیەکانی (المرافق الصحیه)ناوقوتابخانە ئاو کارەبا گونجاون ؟ | | | | |
| ١٨ | ئایا هۆیەکانی ساردکردن و گەرم کردن له قوتابخانەدا هەن ؟ | | | | |
| ١٩ | ئایا رەحلەو تەختە رەش و قرتاسیە باشەو زۆرە ؟ | | | | |
| ٢٠ | ئایا ژوورەکانی خوێندنی دەگونجێ لەگەڵ ژمارەی قوتابیان ؟ | | | | |
| ٢١ | ئەگەر لە قوتابخانە کەت پەرتووك خانە هەیە ئایا سوودی لێ وەردەگریت؟ | | | | |
| ٢٢ | ئەگەر فرۆشگا لەقوتابخانەکەت هەبوو ئایا سوودی لێ وەردەگری نرخەکانی دەگونجێ لە گەڵ ئەو پارەی رۆژانە لە ماڵەوە وەردەگریت؟ | | | | |
| ٢٣ | دەوامی قوتابخانە گونجاوە ؟ | | | | |
| ٢٤ | قوتابخانەکەت دوورە لە ماڵەکەتان ؟ | | | | |
| ٢٥ | ئایا بەشداری لە جمووجوڵی وەرزشی دەکەیت ؟ | | | | |
| ٢٦ | ئایا بەشداری لە جموجوڵی هونەری دەکەیت ؟ | | | | |
| ٢٧ | ئەگەر لە بەشی ناوخۆ نیشتەجێ ی ئایا هەموو پێداویستی تێدایەو گونجاوە ؟ | | | | |
| ٢٨ | ئایا سوود لە پرۆگرامەکانی تەلەفزیۆنی یا پرۆگرامی پەروەردەیی لە سەتەلایت وەردەگری ؟ | | | | |
| ٢٩ | ئایا یەکێتی قوتابیانی کوردستان – کۆمەڵەی خوێندکاران چ خزمەتی پەروەردە یان کۆمەلایەتی یان ئابووری یان رۆشنبیریان پێشکەش بەقوتابیان وخوێندکاران کردووە ؟ | | | | |
| ٣٠ | ئایا دایك وباوکت سوودیان لە کۆبوونەوەی دایك و باوکان و ماموٚستایان لە قوتابخانە وەرگرتووە؟ | | | | |
| ٣١ | ئایا لە پاش دەوامی قوتابخانە کاری دەرەکی دەکەیت ؟ | | | | |
| ٣٢ | ئایا گیروگفتی دەروونیت هەیە ؟ | | | | |
| ٣٣ | ئایا گیرو گرفتی کۆمەلایەتیت هەیە ؟ | | | | |
| ٣٤ | ئایا گیروگرفتی ئابووریت هەیە ؟ | | | | |
| ٣٥ | ئایا ئامێری مۆبایل کاری کردۆتە سەر باری خوێندنت ؟ | | | | |

## ٣- را پۆرتی رابەرێتی و گرنگییەکەی:

بێگومـان رابــەرێتی کاریگــەری گرنگــی هەیــە لــە ژیــانی کۆمەڵایــەتی ، بۆیــە وەزارەتی پەروەردە بایەخی پێداوە بۆ ئــەوەی خزمــەتگوزاری رابــەرایێتی و پرۆگرامــی پەروەردەی پێشکەش بە هاوکاری یــەکتر هاوکــاری قوتابیــان و خوێنــدکاران بکــات، هەروەها نەوەیەکی باش و بەرهەمهێنەر بنیات بنێت بۆ کۆمەڵەکەی.

لێرە نامانەوێ بە درێژی بچینە ناو قولایی فەلسەفەی رابەرێتی چونکە زۆرینــەی پسپۆران و شــارەزایان پێناســەیان کــردووە کــە رابەرایــەتی گرنگــی لــەژیانی تــاك و کۆمەڵدا هەیە. رابەرێتی کارێکی هاریکاری تاکە بۆئەوەی لە باری ئێستای بگــات و ئامادە بکرێت بۆ دوا رۆژ بۆ ئەوەی لە شوێنێکی گونجاو دابنــدرێت، بۆخزمــەتکردنی خۆی و کۆمەلەکەی، هــەروەها یاریــدەدەر بێــت بــۆ جێبــەجێکردنی رێــك و پێکــی کەسایەتی و پەروەردەیی و دەروونی و پیشەیی ، بۆ ئەوەی ژیانێکی بەختــەوەر بباتــە سەر بێگومان رابەرێتی تەنیا لە بواری پــەروەردە نابێــت بــەڵکو لایــەنی دەروونــیش دەگرێتەوە کە بایەخ بە خوو رەوشت و کەسایەتی مرۆڤــ لە قۆناغەکانی گەشەپێدانی جیاجیا دەدات . هەروەها رابــەرێتی پیشــەییش دەکــات. بــۆ یارمەتیــدانی تــاك بــۆ هەڵبژاردنی پیشەیەکی گونجاو کە بگونجێ لەگەل تواناو ئارەزوو ئامادە باشی تاك.

### ئامانجەکانی رابەرێتی

رابەرێتی زۆر ئامانجی هەیە لەوانە :

١- جێبەجێکردنی خۆ راهاتنی راست و دروست وەکــو خۆراهــاتنی کەســایەتی بــە خۆشی و رازی بوون لە خودی خۆی هەڵبژاردنی پیشەیەکی گونجاو ،دەستنیشــانکردنی ئەو بابەتە پەروەردەیانەی لەگەڵ تواناو هەست و ئارەزووی دەگونجێن ، راهاتن لەگــەڵ داب و نەریتی کۆمەڵ بۆ پێشکەشکردنی کاری چاك و سوودمەند.

٢- هێنانه دی تەندروستی دەروونی بۆئەوەی بتوانی ڕووبەڕووی گیروگرفتی جیاجیا ی ژیان ببێتەوە کە دەبنە هۆی دڵە ڕاوکێ و بێزاری . بۆ دۆزینـەوەی ڕێگـە چـارەیەك بۆ زاڵ بوون لە سەر ئەو گیروگرفتانە .

٣- هاوکاریکردنی تاك بۆ گەشە پێدانی خودی تاك .

٤- توانای هەبێت ئەرکی پەروەردەیی بە ڕێکوپێکی جێبەجێبکات .

هەر لەم ڕوانگەوە دەبێ بایەخ بەکاری ڕابـەڕێتی بـدرێت لـە هـەموو قۆناغـەکانی خوێندن بۆ ئەوەی قوتابی و خوێندکار گرنگی فێرکردن بزانن هۆی دوواکەوتنیان چـییە تاوەکو چارەسەری بۆ بکرێت .

## باری ئێستای ڕابەرێتی پەروەردەیی

بە مەبەستی جێبەجێکردنی سیسـتەمی ڕابـەرێتی لـە قوتابخانـەو خوێندگـەکان بەشێکی زۆر لـە قوتابخانـە سـەرەتایی و دواناوەندییـەکان ڕابـەری پـەروەردەیی لـێ دامەزراوە بە ئەرکە پەروەردەییەکان هەڵدەستن وەزارەتـی پـەروەردە هـەوڵ دەدات لـە هەموو قوتابخانەکان ڕابەرێکی پەروەردەی هەبێت بە مەرجێك دەبێ ڕابـەر هـەڵگری بڕوانامەی زانکۆ بێت بەتایبەتی بەکالۆریۆس لـە بەشـی دەروون ناسـیی و ڕابـەرێتی پەروەردەیی . ئـەو ڕابەرانـەی لـە قوتابخانـە سـەرەتاییەکان کـار دەکـەن زۆرینـەیان دەرچووی زانکۆ نین . لە خوارەوە هەندێ زانیاری ئاماری لەسەر ژمـارەی قوتابخانـە و ژمارەی ڕابەری پەروەردەیی لەو خشتانەی خوارەوە بەدیار دەکەوێت :

## یەکەم : بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر

١- قۆناغی سەرەتایی :

ژمارەی قوتابخانەکان : ٤٤٢

ژمارەی ڕابەری پەروەردەیی : ٤٤٢ ڕابەر بڕوانامەیان بەم شێوەی خوارەوەیە

| کوردی | عەرەبی | ئینگلیزی | کۆمەلایەتی | کارگێری | زانست | هونەر | رابەر | گشتی | بیرکاری | وەرزش | دەروونناسی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٣٧ | ٢٢ | ٧ | ١٧ | ٤ | ٧ | ٩ | ٣ | ٣١٤ | ٨ | ٣ | ٤ |

٢- قۆناغی ناوەندی :

- ژمارەی قوتابخانەکان : ١١٢
- ژمارەی ڕابەری پەروەردەیی : ١١٢ڕابەر بڕوانامەیان بەم شێوەی خوارەوەیە

| دەروناسی | کۆمەلایەتی | کۆمەڵناسی | فارسی | مێژوو | کوردی | فیزیاو | فەلسەفە | بیرکاری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٥٠ | ١٠ | ٢٩ | ١ | ٢ | ٣ | ٢ | ١ | ٢ |

| زیندەوەرزانی | کارگێری | کیمیا | جوگرافیا | رابەری پەروەردەیی |
|---|---|---|---|---|
| ٣ | ٢ | ٢ | ١ | ٤ |

## دووەم : بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی دهۆك

١- قۆناغی سەرەتایی :

- ژمارەی قوتابخانەکان : ١٨

- ژمارەی ڕابەری پەروەردەیی : ڕابەر بڕوانامەیان بەم شێوەی خوارەوەیە :

| بەکالوریۆس | پ.مەلبەندی | دبلۆم | هونەر | خانەی ماموستایان |
|---|---|---|---|---|
| ٢ | ٩ | ٢١ | ٤ | |

٢- قۆتاغی ناوەندی :

- ژمارەی قوتابخانەکان : ٥

- ژمارەی ڕابەری پەروەردەیی : ٥ ڕابەر بڕوانامەیان بەم شێوەی خوارەوەیە

| بەکالوریۆس | ئامادەیی |
|---|---|
| ٤ | ١ |

## سێیەم : بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی

١- قۆناغی سەرەتایی :

- ژمارەی قوتابخانەکان : ٥٩

- ژمارەی ڕابەری پەروەردەیی : ٥٩ ڕابەر بڕوانامەیان بەم شێوەی خوارەوەیە

٢- قۆناغی ناوەندی :

- ژمارەی قوتابخانەکان :٥٤

- ژمارەی ڕابەری پەروەردەیی : ٥٤ ڕابەر

- بڕوانامەی هەریەکەیان : بکالۆریوس

یەکێك لە هەرە گرنگەکانی ڕێگا بۆ زانینی هەڵوێستی قوتابی یان هەر کەسێك کە هەندێ شت فێربێ لە خودی خۆی و ئاوات و ئارەزووەکانی ئەو کەسانەی لە دەوروبەری ئەژین (چاوپێکەوتنە)، ڕابەریّتی دەروونی بەشی زۆری هەیە لەوانە

ڕابەرێتی پەروەردەیی و پیشەیی، پێکهێنانی خێزان، ڕابەرێتی گەنجەکان و منـدالآن و ڕابەرێتی گەنجەکان و بەهرەدارەکان.

بەرەو ڕوو کردن ( چاوپێکەوتن) :-

چاوپێکەوتن : واتە پەیوەندی کۆمەلآیەتی پیشەیی ڕوو بە ڕوو نێوان ڕابەرو قوتـابی لە کەش و هەوایەکی گونجاو لە بریتی یە کە متمانە پێکردن نێوانیان بۆ کۆکردنـەوە زانیاری بۆ چارەسەری کێشەکە.

ئـەو چـاوپێکەوتنیە تـەوەری بنەڕەتیـە کـە کـارای ڕابـەرێتی و ئاراسـتەکردنی پەروەردەیی و پیشەیی لەدەوری ئەسورێ.

## ئەرکەکانی ڕابەری پەروەردەیی :-

١- ئاراستە کردنی قوتابیان بۆ ئەوەی کە تۆ بە گیرو گرفتی کۆمەلآیـەتی تایبـەت نەبن.

٢- پێداگرتن لەسەر ڕوونکردنەوەی ئەنجامی تاقی کردنەوەکانی دەروونی قوتابییـان هەر یەکە بەتەنیا.

٣- کارکردن لە گەڵ دەستەی مامۆستایان بە هۆی چاوپێکەوتن لەگەڵ قوتابیان بـۆ ئەوەی پەیوەندی نێوانیان باش بێت تاوەکو کێشەکانیان بزانین .

## جۆرەکانی چاو پێکەوتن :

دەتوانین چاوپێکەوتن بە شێوەیەکی گشتی دابەش بکەین :

١- چاوپێکەوتنی بەرایی.

٢- چاوپێکەوتنی کورت.

٣- چاوپێکەوتنی بە کۆمەڵ.

٤- چاوپێکەوتنی تاك.

٥- چاوپێکەوتنی سەربەخۆ

٦- چاوپێکەوتنی بەستراو.

* * * * * * * * * * * * * * * * * * * * *

**١- چاوپێکەوتنی بەرایی :-**

ئەوە یەکەم چاوپێکەوتنە لەگەڵ قوتابی ، بەو هۆیەوە ڕابەر دەست نیشانی پێویستی قوتابی بکات و چی ئەوێت مێژووی کێشەکەی بزانێ و چی خزمەتێکی بۆ دابنێ ؟

٢-چاوپێکەوتنی کورت :-

ئەو جۆرە چاوپێکەوتن کورتەو دەتواندرێ لە قوتابخانە بکرێت و ئەوە پێشەکییە بۆ چاوپێکەوتنی تر . لەسەر کێشەییەکی ئاسان دەکرێت .

٣- چاوپێکەوتنی کۆمەڵ :-

ئەو جۆرە چاوپێکەوتنە لە گەڵ کۆمەڵێك قوتابی کە کێشەکانیان وەکو یەکە . لێرە ڕابەری دەروون ناسی خزمەتی دەروونی و کۆمەلآیەتی بە یەکەوە کۆ دەکاتەوە .

٤- چاوپێکەوتنی تاکی :-

ئەو جۆرە چاوپێکەوتنە لە نێوان ڕابەر و یەك قوتابی.

٥- چاوپێکەوتنی سەربەخۆ :-

لەو چاوپێکەوتنە قوتابی سەربەخۆیە چی لە بیرو مێشکی دابێت بۆ ڕابەر باس دەکات ، هەرچی خاوەن کێشەکە بڵێ ڕابەر بە گرنگی سەیری ئەکات و وەری ئەگرێت. بەلآم پێویستی بە شارەزایی تایبەت و ڕاهێنانی دوورو درێژ هەیە .

## جۆرەکانی چاوپێکەوتن بە گوێرەی ئاما نجەکان

١- چاوپێکەوتنی ڕابەرێتی :مەبەست لەم چاوپێکەوتنە ئەوەیە قوتابی لە خوو و توانا و هەستکردن بە گیروگرفتی و زانینی لایەنی بە هێزو بێ هێزی خۆی تێدەگات .

٢- چاوپێکەوتن و دەستنیشانکردن: مەبەست لەو چاوپێکەوتنە ئەوەیە دۆزینەوەی ئەو هۆکارانە چین کار دەکەنە سەر خوو ڕەوشتی ئەو کەسە.

٣- چاوپێکەوتن و چارەسەر کردن: مەبەست لەو چاوپێکەوتنە ئەوەیە تاك هەست بە خودی خۆی و خوڕەوشتی و پاڵدەرەکانی بکات بۆ ئەوەی ڕزگار بێت لەو شتانەی کە بیرو هۆشی دەشێوێنن.

٤- چاوپێکەوتن و لێکۆڵینەوە: ئەو چاوپێکەوتنە بۆ ئەوەیە زانیاری لەسەرئەو گۆڕانگاریانەی دەکرێن لە هەر بابەتێك لە بابەتەکان.

٥- چاوپێکەوتنی پیشەیی: واتە لێکۆلینەوە لە سەر دانانی پیاوی گونجاو بۆ شوێنی گونجاو.

## ئامانجی چاوپێکەوتن

١- بەدەستهێنانی زانیاری لە سەر تاك دەربارەی بیروباوەری خووڕەوشتی هۆکارەکانی کێشەکانی

هەروەها رابەر ئاراستەی چی کردووە، بۆ ئەوەی بزانی ئەو زانیارییانە ڕاست و دروستن.

٢- گەیشتن بەو ئەمانجانە و چۆن کردار لەگەڵ ئەو هۆیانەکە کێشەکەی دروست کردووە دەکرێ.

٣- بەستنی پەیوەندییەکی پیشەیی نێوان ڕابەر و قوتابی لەسەر بنجینەی لێك تێگەیشتن و ڕێزلێنان .

٤- ڕوونکردنەوەی زانیارییەکان و ڕوونکراوەکان (بەیانات) کۆکردنەوەیان.

٥- یارمەتیدانی قوتابی (تاك) بۆ ئەوەی هەست خۆی و کێشەکەی بۆ ڕابەر روون بکاتەوە.

## شێوازی چاو پێکەوتن

ڕابەر دەتوانێ بە دوو شێواز چاو پێکەوتن لەگەڵ قوتابی بکات:

یەکەم- شێوازی ڕاستەوخۆ:

١- دەبێ شوێنێکی گونجاو دەست نیشان بکات.

٢- زانیاری لە سەر قوتابی (تاك) کۆکرابێتەوە.

٣- پلانێکی تەواوی دارِشتبێ.

٤- بەیاناتی تەواوی هەبێ.

٥- کاتی دیاری کراوی دەستنیشان کردبێ.

٦- جۆری چاوپێکەوتنەکە بە گوێرەی زانیاری بێت.

٧- ئامانجی چاوپێکەوتنەکە دیار بکات.

٨- پرسیارەکان دەست نیشان کرا بێ.

دووەم- شێوازی ناڕاستەوخۆ:

ئەوە شێوازێکی ترە لە چاوپێکەوتن کردن دەبێ پەیوەندی نێوان ڕابەر و ئەوەی چاوپێکەوتنی لەگەڵ دەکرێ پەیوەندی نێوانیان سروشتی بێت وا هەست بکات ئەو کێشەیە کێشەی خۆیەتی بەرپرسیارەتی چارەسەری ئەوکێشەیە لە سەر ئەستۆی ڕابەر دەبێت.

بۆ نموونە ئەگەر ڕابەر لێکۆڵینەوە لە سەرباری یەکێك لەو قوتابیانەی کێشەی هەیە کۆمەلایەتی یان دەروونی دەبێت ئەو فۆرمە بەکار دێنێت:

پارێزگا :-                - شوێنی نیشتەجێ                شار                گوند

- ناوی قوتابی خوێنکار تەواو ..............................................

- رەگەز                نێر

مێ

- جۆری خوێن

مێژووی لە دایك بوون

-زنجیرەی لە دایك بوونی نێوان براو خوشکی .

- ناونیشانیماڵەوە ................

- کێ بەخێوی دەکات ................ پیشەی ............ پەیوەندی

چییە بە قوتابی خوێنکار ................

- پیشەی باوکی .................. ئایا لە ژنێك زیاتری هەیە

.......................

- ناوی دایکی ....................

- پیشەی دایکی ....................

- دایکی ماوە ...............

## ئەو قوتابخانەی قوتابی دەوامی تێدا کردوە

| ناوی قوتابخانە | پارێزگا | مێژووی پەیوەندی | ژمارەی قوتابی | | مێژووی گواستنەوە | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | |

**٤- ئەو توێژینەوەو لێکۆڵینەوانەی لە لایەن دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی و سەنتەری توێژینەوەی کۆمەڵایەتی تاوان ئامادەکراوە**

**أ- لێکۆڵینەوە لەسەر توندو تیژی مامۆستا بەرامبەر قوتابی لە قوتابخانە سەرەتاییەکاندا.**

**پێشنیارەکان:**

ئەم پێشنیازانەی لای خوارەوە دەخەینە ڕوو بە مەبستی کەمکردنەوەی دیاردەی توندوتیژی لە قوتابخانەکاندا.

١. دامەزراندنی ژمارەیەکی زۆر لە توێژەری کۆمەڵایەتی لە قوتابخانەکاندا بۆ کەمکردنەوەی ڕادەی توندوتیژی.

٢. کردنەوەی خولی تایبەت بە فێرکردنو چۆنیەتی شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ منداڵان، کە زۆربەی ستافی قوتابخانەکان بەشداری تێدا بکەن، چونکە شێوازی مامەڵەکردنی خراپ و توندوتیژی لێ دەکەوێتەوە.

٣. کردنەوەی خولی (ART) کە گرنگی بە نەمانی توندوتیژی دەدات بۆ سەرجەم مامۆستاو خانەوادەی قوتابییەکان.

٤. کەمکردنەوەی ژمارەی قوتابیان لەناو پۆلەکاندا، لەبەر ئەوەی زۆری ژمارەی قوتابیان هۆکارێکە بۆ زیادبوونی توندوتیژی.

٥. گرنگی زیاتر بەیەلایەنی پەروەردەیی بدرێت، نەک تەنها فێرکردن، چونکە قوتابخانە جێگای پەروەردە و فێرکردنە بەیەکەوە.

٦. هۆشیارکردنەوەی دایکان و باوکان لە ڕێگەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و کۆبوونەوەکانی دایك و باوکان، لە ڕووی پەروەردەییە و کۆمەڵایەتی، هەروەها هۆشیارکردنەوەشیان بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی منداڵ دیاریکردنی وەچە (تحدید النسل)، واتە هەر خێزانێك لە دوو یان سێ منداڵ زیاتر نەبێت. بۆ ئەوەی بتوانن بایەخی تەواو بە منداڵەکانیان بدەن لە ڕووی پەروەردەیی و

تەندروستی و کۆمەڵایەتی....هتد، وەك لە سەرەوە ئاماژەی پێدراوە زۆری ژمارەی منداڵ کاریگەری بەسەر زیادبوونی توندوتیژییەوە هەیە.

**ب- لێکۆڵینەوە لەسەر کاریگەری ژینگەی قوتابخانە لە سەر کەمکردنەوەی توندو تیژی قوتابیان.**

## پێشنیارو ڕاسپاردەکان

١- بوونی بۆردی سپی لە قوتابخانەکان جگە لە دیمەنێکی شارستانی کە لە ئێستادا بۆتە پێداویستییەکی دەروونی قوتابیان، چونکە ژیان بەردەوام لە گۆڕانو نوێبوونەوەدایە.

٢- گرنگیدان بە باخچە و یاریگا و کافتیریا و کتێبخانەی تایبەت بۆ قوتابیان تا بتوانن لە کاتی دەست بەتاڵی و پشووەکان سوود لە کاتانە وەربگرێت هەروەها زیادکردنی ماوەی پشووی نێوان وانەکان بۆ ئەوەی قوتابی بتوانێت کەمێك ئارامی بەخۆی بدات و توانای وەرگرتنی زیاتر بێت و بتوانێت پێداویستییە بایۆلۆژی و دەروونییەکانی جێبەجێ بکات.

٣- دەرکردنی بڕیارێك لەلایەن وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە قەدەغەکردنی دانانی چاودێری نهێنی یاخود ئەو قوتابیانەی ڕادەسپێردرێن کە ئەرکی ناونووسین کردنی هاورێ و هاوپۆلەکانی خۆیان بگرنە ئەستۆ، ئەم دیاردەیە شوێنەواری نەرێنی نێگەتیڤ جێدەهێڵێت لەسەر کەسایەتی قوتابی و پچڕانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و بەدەر لەوەی ئەم دۆخە درێژەپێدانی کلتووری حزبی بەعسە، چونکە بەعس بە درێژایی کارکردنی لە کۆمەڵگا ئەرکی چاندنی تۆوی دووبەرەکی و دروستکردنی گومان بوو لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگە.

٤- قەدەغەکردنی قوتابی لەکارپێکردنو خاوێنکردنەوەی قوتابخانەکەیان، چونکە ئەم دیاردەیە شوێنەواری دەروونی جێدەهێڵێتو ڕەنگدانەوەی دەبێت

لەسەر توندوتیژی قوتابی، بەو واتایەی کەسایەتی قوتابی بەدەر نابێت لە هەڵسوکەوتی توندوتیژی چونکە لە کەشوهەوایەکی ئارام و تەندروست پەروەردەنەکراوە، ئەمە لە کاتێکدا ئەم کارە هیچ پەیوەندییەکی بەقوتابییەوە نییە جگە لە ڕێنماییکردنی قوتابی بەوەی گرنگی بە پاك و خاوێنی قوتابخانەکەی بدات.

٥- کەمکردنەوەی ژمارەی قوتابیان لە پۆلدا بە جۆرێك بێت کە ژمارەیان لە (٢٠) قوتابی تێپەڕنەکات لە هەر پۆلێکدا، چونکە کەمی ژمارەی قوتابیان لە پۆلێکدا ڕێژەی توندوتیژی قوتابیان کەمدەکاتەوە کاریگەری نەرێنی پۆزەتیڤی دەبێت، لەبەرەوپێش چوونی پرۆسەی خوێندن و فێربوون، ئەمەش بەوە دەکرێت بە کردنەوەی قوتابخانە و پۆلی زیاتر لەو گەڕەکانەی کەوا ژمارەی قوتابییان لە پۆلدا زۆرە.

٦- بەمەبەستی ڕەخساندنی بارودۆخی لەبارو بەرەوپێشچوونی پرۆسەی خوێندن و فێرکردن. پێویستە ڕەچاوی باری دەروونی قوتابی بکرێت لە هەڵبژاردنی ڕەنگی بۆیەی پۆل و یەکانگیر بێت لەگەڵ ئەو ڕەنگەی لە بواری پەروەردە و فێرکردن بەکاردەهێنرێت.

٧- گرنگیدان بە خوێندنی وانە بە شێوازی گرووپ گرووپ، لە نێو قوتابیاندا، چونکە خوێندنی وانە بە شێوازی گرووپ زیاتر متمانە دروست دەکات لە نێوان قوتابی و مامۆستا، قوتابی بەهۆی گفتووگۆی نێوانیان زیاتر تێکەڵاوی یەکتر دەبن و دەبێتە هۆی دروستی گونجاوی لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوانیان بەمەش ڕاستەوخۆ دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی توندوتیژی نێو قوتابیان.

٨- زیاتر کردنی شوێنەکانی ئاو خواردنەوە ئاودەستخانەی قوتابخانەکان، چونکە بەهۆی زۆری ژمارەی قوتابیانو کەمی ئەم شوێنانە دواجار توندتیژی نێوان قوتابیانی لێدەکەوێتەوە.

**ج - لێکۆلینەوە لەسەر ئاستی خوێندن لە قوتابخانەدا لەنێوان بەرز بوونەوەو دابەزیندا**

## پێشنیارو ڕاسپاردەکان

١- کردنەوەی خوولی بەسوود و پڕ بایەخ سالآنە لە پشووەکاندا بۆ مامۆستایان لە گشت بوارەکانی مەعریفیدا.

٢- بایەخدان بە وانەکانی وەرزش هونەر مۆسیقا و کارە دەستییەکان...هتد، گشت ئەو وانانەی کە بۆ ماوەیەکی کاتی قوتابی لە بێزاری وانەکانی تر دوور دەخاتەوە و کەمێك چالاکییان دەکاتەوە ئەو وانانە لە کاتی خوێدا بخوێنرێت، وەکو سەرجەم وانەکانیتر وپشتگوێ نەخرێ.

٣- هەولبدرێت مامۆستا لە تەمەنێکی گونجاو ڕەگەزی گونجاو بۆ شوێنێکی گونجاو هەلبژێردرێت کە ئەمەش بێگومان کاری بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەیە.

٤- چاودێریکردنی قوتابیان لەلایەن دایك وباوك و کەس و کاریان بۆ ڕێگەگرتن لە کارکردنیان دوای دەوامی قوتابخانە.

٥- هەولبدرێت لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەو وەزارەتی ڕۆشنبیری و گشت لایەنە پەیوەستدارەکان بەو گۆڕان و دەستکارییانەی کە دەکرێت لە پرۆگرامەکانی خوێندندا با گۆڕانەکان گۆڕانێکی ئەکادیمیانەو سەردەمانە و پڕ سوود مەعریفەت بن.

٦- بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی هەولێر و دەووروبەر ناوەند هەولبدەن مامۆستای پسپۆر بۆ وانەی تایبەت بە خۆی دابمەزرێنن و هەروەها پێش هاتن و دەستپێکردنی دەوامی قوتابخانە سیستەمی کارگێڕی ئیدارەی قوتابخانەکان ڕێکبخرێتو مامۆستا بەبێ کەموکوڕی و بەپێی پێویست دابین بکرێت.

٧- دروستکردنی قوتابخانە بە شێوەیەکی گشتی لە پارێزگای هەولێر بە تایبەتی لە دەشتی هەولێر و دەوروبەر بەشێوەیەکی گونجاو سەردەمانە بۆ ئەوەی ڕێژەی قوتابیان کەم دەبێتەوە لە قوتابخانەکان بە گشتی و تایبەتی لە پۆلدا.

**د - لێکۆلینەوە لەسەر کاریگەری ئاکامی تێکەلاوی نێوان کوڕو کچان لە قوتابخانە ناوەندییەکاندا.**

## پێشنیارو ڕاسپاردەکان

١. هەوڵدان بۆ ئاسایی کردنەوەی پەیوەندی نێوان هەردوو ڕەگەز، بە تێگەیاندنی قوتابیان لەمەڕ پەیوەندی خۆشەویستی سۆزداری بەتایبەتیش لە قوناغی هەرزەکاریدا، لە ڕێگەی توێژەری کۆمەلایەتی یا ڕابەری پەروەردیەوە، ئەمەش بەرێگەی تەرخانکردنی وانەیەکی تایبەت لە قوتابخانەکان لەمەڕ ئەو بابەت و باسانە، هەروەها بە ئەنجامدانی کۆڕو سیمینار لەسەر بابەتی تایبەت بە قۆناغی هەرزەکارییەوە.

٢. گرنگیدانی زیاتر بەوانەکانی(وەرزش و هونەری) چونکە قوتابیان بەتایبەتیش هەرزەکاران زیاتر لەم قۆناغەدا سوود لەبەهرە و تواناکانیان وەردەگرن.

٣. کردنەوەی خولی هۆشیاری لەمەڕ چۆنییەتی ڕەفتارکردن لەگەڵ قوتابی هەرزەکارو سروشتی قۆناغی هەرزەکاری...هتد، ئەمەش بۆ سەرجەم مامۆستا و فەرمانبەرانی قوتابخانەکان بە تایبەتی و قوتابیان بە گشتی.

٤. گرنگیدانی زێتر بە ڕاگەیاندن و هۆکارەکانی، ئەمەش بە زیاتر کردنی پرۆگرامی تایبەت لەسەر ئاراستەکردنی قوتابیانو ئەرك و ڕۆلیان بەتایبەتیش لە تەمەنی هەرزەکاریدا.

٥.  گرنگیـدانی زیـاتر و سـەرقاڵکردنی زیـاتری قوتابیـان بـە وانەکانیانـەوە، ئەمەش لەڕێگەی پڕۆگرامی زانستی و پەروەردەیەوە.

٦.  دامەزراندنی (توێژەری کۆمەڵایەتی و ڕابـەری پـەروەردەیی) لـە سـەرجەم قوتابخانەکان، بە مەبەستی لێکۆڵینـەوەو دانـانی ڕێگـە چـارەی تەندروست بۆ کێشە و گرفتـەکانی قوتابیـان، ئەمـەش بـە پێـی ژمـارەی قوتابیـان، چـەندێتی کێشە و گرفتەکان.

٧.  زیاتر ڕوونکردنەوەی خۆشەویسـتی و پەیوەنـدی خۆشەویسـتی سـۆزداری لە تەمەنی هەرزەکاری و لایەنی نێگەتیڤی لەسەر کەسایەتی، پڕۆسەی خوێنـدن و چەندین کێشە و گرفتی تر.

٨.  دروستکردنی بینایە بـەپێی پێویسـتی ژمـارەی قوتابیـان و بەشـێوەیەکی گونجاو لەگەڵ ئاستو تەمەنی قوتابیان و پێویستیەکانیان.

٩.  جیاکردنەوەی قوتابیانی کوڕ و کچ بـە تایبـەتیش لـە قۆنـاغی ناوەندیدا، بەهۆی نەشیاوی تەمەن و قۆناغەکەیانەوە، لە قوتابخانە تێکەڵاوەکاندا.

# بڕیاردان لەسەر پێشنیارو ڕاسپاردەکانی کۆنگرەی پەروەردەیی ٢٠٠٧

## بەشی پێنجەم:

# بڕیاردان لەسەر پێشنیارو راسپاردەکانی کۆنگرەی پەروەردەیی پیشەکی

یەکێك لە جیاکەرەوەکانی ئەم سەردەمەمان، گۆڕانکارییە، گۆڕانکاری لە هەموو بوارە جیاجیاکانی ژیاندا، بەتایبەتی لە زانست و تەکنەلۆژیا.

لە هەموو بوارێکیش زیاتر، ئەم گۆڕانکارییە، بواری پەروەردەو فێرکردن دەگرێتەوە، بۆیە پێویستە پەروەردە خۆی لەگەڵ ئەم گۆڕانکارییە خێرایانەدا بگونجێنێت، دەبێ ئەوەش ڕەچاوبکەین کە سیستەمی پەروەردە لە کوردستاندا، سیستەمێکی چەقبەستووی کۆنەو لەبەر ڕۆشنایی فەلسەفەیەکی نادیموکراتیدا دارێژراوە ولە هەموو ڕووێکەوە پێویستی بە گۆڕانکاریی هەیە و لەگەڵ فەلسەفەی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا ناگونجێت وەڵامی داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان ناداتەوە. هەربۆیە، وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان وەك ئەرکێکی بنەڕەتی خۆی، بۆ ئەنجامدانی ئەم گۆڕانکارییە بە پێویستی زانی بوار بۆ شارەزایان و پسپۆران بڕەخسێنێت بۆ ئەوەی بیروڕا و بۆچوونەکانیان لەمەڕ کێشەو گرفتەکانی بواری پەروەردە و فێرکردن بخەنەڕوو، چونکە کێشەکانی پەروەردە پەیوەندییەکی ئەندامی ئۆرگانی بە تەواوی ژیانی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی ئێمەوە هەیە، کێشەکەش گشتییەو پێویستە تەواوی کۆمەڵگە ڕاو بۆ چوونی لەسەر هەبێت.

هەر لەم ڕوانگەیەوە بە پێی فەرمانی وەزاری ژمارە ٢٥٢ لە ٢٠٠٦/٧/١٦ لیژنەیەکی باڵا بۆ ئامادەکاریی کۆنگرەی پەروەردەیی پێکهات و لیژنەکە ئەو بوارانەی دەستنیشانکرد کە پێویستیان بە تاوتوێکردن و گۆڕانکاری هەیەو کە خۆی لە (١٦) تەوەری جیاوازدا دەگرێتەوە.

زیاتر له (١٠) مـانگ کـار لەسـەر ئـەم تەوەرانـە کـراو چـەندین کـۆنفرانس و کۆبوونەوەی خۆجێی سـازدران و ژمارەیـەکی زۆر لـە مامۆسـتایان شـارەزایانی بواری پەروەردە و فێرکردن لە ناوەوەو دەرەوەی کوردستاندا بەشداریان تیادا کـرد بەمەبەسـتی گەڵاڵـەکردنی پێشـنیازو بـۆ چـوونی لـەبارو ڕێکوپێـك، جگـە لەمەش داوا لە تەواوی وەزارەت و ڕێکخراوە حکومی و نـاحکومی و جـەماوەری و میـدیاکان و گشـت دامودەزگـا سـەربەخۆو کەرتـە تایبەتیـەکان و کەسـانی ڕۆشـنبیرو پـەروەردەیی کـرا بـۆ ئـەوەی ڕەوشـی پـەروەردەو فێرکـردن لـە کوردسـتان بخەنـە ژێـر گۆشـەنیگای هەڵسـەنگاندن و لـە دواجاریشـدا بـیرو بـۆ چوون و تێبینیەکانیان بنێرن.

دواجـاریش بـە بەشـداربوونی (٤٨٥) ئەنـدام لـەناوەوەی کوردسـتان و(١٠) ئەندامیش لەدەرەوەی کوردستان، کە لە مامۆستایان و شـارەزایانی وەزارەتـی پـەروەردە و ئەنـدامانی لیژنـەی پـەروەردە لـە پەرلـەمانی عێـراق و پەرلـەمانی کوردستان و بەڕێز وەزیری خوێندنی بـالاّ و سـەرۆکی زانکـۆی سـەلاحەددین و نوێنەرانی زانکۆکـانی تـری کوردسـتان کـۆنگرەی پەروەردەیـی لـە هـەولێری پایتەخـت لـە ماوەی نێوان ٢٢-٢٤/٥/٢٠٠٧ لە ژێر دروشـمی ((گـۆڕینی دیـدی فەلسـەفیمان بـۆ مـرۆڤ، بنـەمای گۆڕانکارییەکانـە لـە سیسـتەمی پـەروەردەو فێرکردندا)) بەسترا.

لیژنەی بالاّی کۆنگرەکە، (٣٣) نامەی لە کەسانی پسپۆڕوشارەزاو ڕۆشنبیر ڕێکخراوەکـانی خوێنـدکارو قوتابیـان بەدەسـت گەیشـت، کـە بـیرو بۆچـوون و پێشنیازەکانی خۆیانیان لە مەڕ کێشە پەروەردەییەکاندا خسـتبووە ڕوو، جێـی ئاماژە پێکردنە ناوەڕۆکی ئەم نامانە بوونە هۆکاری دەوڵەمەنـدکردنی ڕاپـۆرتی کۆنگرەکە.

لەکۆنگرەکەدا وتاری بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بـەڕێز جێگری سەرۆکی حکومـەت و بـەڕێز وەزیـری پـەروەردەو، لیژنـەی پـەروەردەو

فێرکردنی باڵا لە پەرلەمانی کوردستان و، یەکێتی مامۆستایانی کوردستان و کۆمەڵەی فیدراسیونی ڕێکخراوە (قوتابی و خوێندکارییەکان) خوێنراوە، هەموویان چەختیان لەسەر پێویستی گۆڕینی ریشەیی لە سیستەمی پەروەردەییدا کرد و پشتگیریی خۆیان بۆ ئەم گۆڕانکارییانە ڕاگەیاند.

لەمیانەی ڕۆژانی کۆنگرەشدا کارەکانی دابەش کرابوو بەشێوەی گروپ لە یەکەم ڕۆژ. لەدانیشتنێکی چوار کاتژمێریدا ئەومێوانە بەڕێزانەی کە لە دەرەوە هاتبوون هەریەك بابەتی ئامادەکراوی خۆی پێش کەش بەسەرجەم ئەندامانی کۆنگرەکە کرد.

لە ڕۆژانی دووەم و سێیەمدا بابەتی تەوەرەکان گفت وگۆی تێرو تەسەلیان لە لایەن ئامادە بووانەوە لەسەر کراو ڕاسپاردەو پێشنیاریان پێشکەش بە لێژنەی باڵای کۆنگرە کرد لە دوا دانیشتنی کۆنگرەشدا ڕاسپاردەی تەوەرەکان خرانە بەردەست سەرجەم ئەندامانی کۆنگرەو خوێندرانەوە بە تێکڕایی دەنگ پەسند کران و داوا لە وەزارەتی پەروەردە کرا بەرنامەی جێبەجێکردنی بۆ دابڕێژرێت.

ئێستاش ئەو ڕاسپاردەو پێشنیارانە پێشکەش بە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین بۆ ڕەزامەندی و بڕیاردان. بۆ ئەوەی دەست بەجێبەجێکردنی ڕاسپاردەو پێشنیارەکان بکەین.

**یەکەم: قۆناغی باخچەی ساوایان :-**

قۆناغی باخچەی ساوایان یەکێکە لە قۆناغە هەرە گرنگەکانی ژیانی منداڵ بۆیە پێویستە پاڵپشتی بکرێتوبایەخی پێبدرێت بەئامادەکردنی هۆیەکانی پێویستو گەشە پێدانی، بۆ ئەوەی منداڵ ئامادە بکرێت بۆ قۆناغی تەوزیمی،

هەروەها بوار بۆ دایکان و باوکان بڕەخسێت بۆئەوەی بایەخ بەمنداڵەکانیان بدەن و گەشە بەتواناو لێهاتووییان بدرێت.

١- **سیستەم :-**

ا- قۆناغی باخچەی ساوایان لە (٢) ساڵی فێرکردن پێك دێت .

ب- منداڵ کەلە ٩/١٥ تەمەنی چوار ساڵیی تەواو کرد لە قۆناغی باخچەی ساوایان وەردەگیرێت.

ج- وا بەباش دەزانرێ دەوامی باخچەی ساوایان لە کاتژمێر (٨) ی بەیانی هەتا (٤)ی ئێوارە بەردەوام بێت و ئەو پێداویستانەی بۆ دابین بکرێت:-

١- چاودێرو بەردەست .

٢- ژووری حەسانەوە .

٣- جەمێکی خواردن .

٤- دابینکردنی پاس .

٥- دابینکردنی ئامێری کومپیوتەر .

٢- **دەستەی مامۆستایانی باخچەی ساوایان :-**

ا- دەبێ هەموو مامۆستایانی باخچەی ساوایان هوشیاری لە بارەی ئامانجەکانی باخچەی ساوایان هەبێت، بە تایبەتی سیستەمی باخچەکان و دەربارەی کاروباری پەروەردەیی و ڕێکخستنی چالاکی کۆمەڵایەتی.

ب- ئامادەکردنی مامۆستایانی باخچەی ساوایان بە کردنەوەی بەشی باخچەی ساوایان وەکو بەشێکی تایبەت لە پەیمانگە و کۆلێژەکان.

د- کردنەوەی خولی بەهێز کردنی ئەو مامۆستایانەی کە لە باخچەکانن بۆ زیاتر شارەزاکردنیان لەسەر ئەو زانیارییانەی تایبەتمەندییان هەیە بە باخچەکان.

هـ- ئەو مامۆستایانەی بەشداریان کردووە لە خولی شیاندنی باخچەی ساوایان و نابێت بگوازرێنەوە بۆ قوتابخانەکانی سەرەتایی.

و- بەرزکردنەوەی توانا و لێهاتوویی مامۆستایانی باخچەی ساوایان و گەشەپێدانیان لە کاتی خزمەت کردن بە:-

١- کردنەوەی خولی شیاندن و تەواو کردنی شیاندنی ئەوانەی بێ توانان و دانانی بەرنامەیەکی بەردەوام بۆ ڕاهێنانیان.

٢- خولی چالاکی و نوێ کردنەوەی زانیارییان.

ز- هەوڵدان بە دانانی کارگێرییەکی پەروەردەیی بە توانا و لێهاتوو لەو مامۆستایانەی کە شارەزاو بە توانا و پسپۆرن لە بواری پەروەردە کردنی منداڵ و دانانی مەرجی تایبەت بۆ سەرکەوتنیان.

**پرۆگرامەکانی باخچەی ساوایان :-**

بە سوود وەرگرتن لە پرۆگرامە نوێ و سەرکوتوەکانی ولأتانی پێشکەوتوو، پرۆگرامی نوێ بۆباخچە کان دابنرێت ولە دوتوێی کتێب و پەڕتووکی ڕەنگاو ڕەنگ وسەرنج ڕاکێش ئامادە بکرێت و هۆیەکانی فێرکردنی منالأن دابین بکرێت.

**دووەم: قۆناغی فێرکردنی تەوزیمی :-**

سیستەمی فێرکردن لە کوردستاندا، پشتبەستە بە سەرەتا دیموکراتییەکان . خوێندن و پەروەردە لە قوتابخانەکانی کوردستاندا دەبێت بە شێوەیەك پێڕەو بکرێت کە بەهر بنەمایەکانی قوتابخانە، ببنە بەهابەرزەکانی قوتابی و خوێندکار ، تابتوانن بە شێوەیەکی سەربەست و لە ژێر بەرپرسیاریدا بەشداری لە ژیانی کۆمەڵدا بکەن.

بەهابنەماییەکانی قوتابخانە بریتین لە بەرزڕاگرتنی ژیانی مرۆڤ ، یەکسانی ژن و پیاو، سەربەستی تاکەکەس، بەرامبەری نرخی مرۆڤ و پشتگیری ئەوانەی پێویستیان بە یارمەتی هەیە . ڕێزگرتنی یاسا، دڵفراوانیی ، لێبووردن و بەرپرسیاریی ئەو پرنسیپانەی کە قوتابخانە و قوتابی پێ پەروەردە دەکات.

هیچ جۆرە سەرکوتکردن و بێزارکردنێکی قوتابی و خوێندکار، فیزیکی یا دەروونی، لە ناو سیستەمی فێرکردن لە کوردستاندا ڕێگەی پێنادرێت و لە کاتی سەرهەڵدانیدا قوتابخانە لە بنبڕکردنی بەرپرسیارە.

سیستەمی پەروەردە لە کوردستاندا سیستەمێکی کراوەو ڕوونە ، ڕێگە دەدات بە هەبوونی بیروبۆچوونی جیاواز و قوتابی پەروەردە دەکات کە خاوەن هەڵوێست بێت ، هەست بە بەرپرسیاری بکات و بەشداری لە ژیانی کۆمەڵدا بکات .

سیستەمی پەروەردە ڕێز لە هەموو تاکی قوتابی و خوێندکار دەگرێت و خوێندنەکە لە گەڵ ئاست و پێویستی قوتابیدادەگونجێت . قوتابی ناوەندەو هەموو سیستەمەکە لە پێناوی گەیاندنی بەهابەرزەکان و زانست بە قوتابیان کاردەکات .

ئەرکی قوتابخانە گەیاندنی زانستە بە قوتابی وخوێندکار ، پەروەردەکردن و ئامادە کردنی قوتابیە بە پشتیوانی دایك و باوك بۆ ژیانی گەورە ساڵی بۆ

ئەوەی بە شێوەیەکی سەربەست لە ژێر بەرپرسیاریدا بەشداری کاریگەر لە ژیانی کۆمەڵدا بکات .

خوێندن و پەروەردە بریتییە لە گەیاندنی زانست ، کلتور ، زمان و بەهابنەماییەکان لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر. قوتابخانە لە گەیاندنی بەرپرسیارێتیدا هاوکار و پشتگیری ماڵەوەیە .

قوتابخانە دەرگای بیرکردنەوە، ڕاهێنان و دەستپێشخەریی، بۆ قوتابی ئاوەڵا دەکات و بواری ژیانێکی سەربەخۆی بۆ دەرخسێنێت

زانست واتە ئاشنا بوون بەڕاستییەکان ، وەرگرتنی زانیاری ، تێگەیشتن و توانای چارەسەرکردنی گرفتە ، نەك لەبەرکردن. وانەوتنەوە هەموو شێوەکانی کاری تەنیا و گروپ و پرۆژە دەگرێتەوە. قوتابی بەشدارێکی چالاکە، مامۆستاش بەڕێوەبەری گەیاندنی زانستە. ئەزموونەکان پێوەری کۆنترۆڵ کردن نین ، بەڵکو یەکێکن لە پێوەرەکانی هەڵسەنگاندن و بەدواچوندا لە پێناوی گەیاندنی قوتابی بە ئامانجەکانی.

لەبەر ڕۆشنایی ئەو بەهابنەماییانەی سەرەوەدا، بەشداربوانی تەوەری سیستەمی پەروەردەیی لە کۆنگرەی پەروەردە لە ڕۆژانی ٢٢-٢٤ مانگی پێنجی ساڵی ٢٠٠٧ دا لە سەر ئەم چاکسازییە بنەڕەتییانە ڕێك کەوتن:

**ڕاسپاردەکان :**

١- پۆلی یەکەم بۆ نۆیەم . واتە قۆناغی ناوەندی نامێنێت و قۆناغی سەرەتایی دەبێت بە نۆ ساڵی خوێندنی تەوزیمی (ئیلزامی) تێکەڵاو (واتە هەموو پلەکان تێکەڵاو دەبێت لە هەردوور ڕەگەز ، کچ و کور ) . لە ساڵی خوێندنی ٢٠٠٨/٢٠٠٧ دەستپێدەکات .

٢- پۆلی یەکەم و دووەم و سێیەم تاقیکردنەوەو مانەوەیان تیادا نییە . لە ساڵی خوێندنی ٢٠٠٨/٢٠٠٧ دەستپێدەکات .

٣- ئەزموونەکانی بە کالۆریای پۆلی شەشەمی سەرەتایی نامێنێت . لە ساڵی خوێندنی٢٠٠٨/٢٠٠٧ دەستپێدەکات

٤- ڕێژەی نمرەی گشتی پۆلی نۆیەم بەم شێوەیە دەبێت :

* ڕێژەی نمرەی پۆلی حەوتەم لە ٢٠٪ وەردەگیرێت

* ڕێژەی نمرەی پۆلی هەشتەم لە ٢٠٪ وەردەگیرێت .

* ڕێژەی نمرەی ئەزموونەکانی وەزاری پۆلی نۆیەم لە ٦٠٪ وەردەگیرێت .

ساڵی خوێندنی ٢٠٠٨/٢٠٠٧ تەنیا پۆلی حەوت دەگرێتەوە .

ساڵی خوێندنی ٢٠٠٩/٢٠٠٨ تەنیا پۆلی حەوت و هەشت دەگەرێتەوە .

ساڵی خوێندنی ٢٠١٠/٢٠٠٩ پۆلی حەوت و هەشت و نۆ دەگرێتەوە .

٥- منداڵ کە تەمەنی (٦) ساڵیی تەواو کرد، دەبێ بچێتە قوتابخانە واتە لە ٩/١ ساڵی خوێندندا، دەبێ (٦) ساڵیی تەواو کردبێت .

**سێ یەم :- قۆناغی ئامادەیی :-**

پۆلی دەیەم بەسەر ئەم لقانەی خوارەوە دا دابەش دەبێت :-

١- زانستیی گشتی .

٢- وێژەیی گشتی .

٣- پیشەیی .

**١- زانستی گشتی :-**

پۆلی دەیەمی زانستیی گشتی دەستنیشانکەری ئارەزووەکانی قوتابییە خوێندکار لە بوارە زانستییەکاندا .

له پۆلی (یانزهەمدا) بەشی زانستیی دەبێتە دووبەش :−

ا− بەشی زانستە ژیارییەکان .

ب− بەشی زانستی سروشتییەکان.

نموونەی ئەو کۆلێژانەی دەرچووانی زانستە سروشتییەکان یان زانستە ژیارییەکان وەردەگرێت.

− لە زانستە ژیارییەکانەوە بۆ پزیشکی.

بەشەکانی پزیشکی :−

* پزیشکی:
* دەرمانسازیی .
* پزیشکی ددان .
* پزیشکی ئاژەڵ .پەیمانگاکانی پیشەیی تەندروستی .

− زانستەکان (علوم)

* بایەلۆجی .
* کیمیاء.

کشتوکاڵو پەیمانگاکانی زانستی

− لە زانستە سروشتیەکانەوە :−

* ئەندازیاریی .
* زانستەکان .
* ماتماتیك .
* کۆمپیوتەر.
* فیزیا.
* پەیمانگەکانی بواری زانستیی ئەندازیاریی.
* هەر پسپۆرییەکی تر.

## ٢- بەشی وێژەیی :-

پـــۆلی دەیـــەمی وێـــژەیی گشـــتی دەستنیشـــانکەری ئارەزووکـــانی قوتـــابی وخوێندکارەلە بواری زانستە وێژەییەکانەوە .

– لە پۆلی یانزهەمدا بەشی وێژەیی دەبێتە دووبەش :–

أ– بەشی زانستە مرۆییەکان .

ب– بەشی زمان و ئەدەب .

– زمانی ئینگلیزی و کۆمپیوتەر لـە هـەموو بەشـەکانی ئامـادەیی بەشـێوەیەکی فراوان دەخوێندرێت .

## ئەزموونەکان :-

ئەزموونەکانی پۆلەکانی دەیەم ، یانزهەم، دوازدهەم. بەم شێوەیە دەبێت :–

* ڕێژەی نمرەی پۆلی (دەیەم) لە ٢٠٪ وەردەگیرێت .

* ڕێژەی نمرەی پۆلی ( یازدەهەم ) لە ٢٠٪ وەردەگیرێت .

* ڕێـــژەی نمـــرەی ئەزموونـــەکانی وەزاری پـــۆلی ( دوازدەهـــەم) لـــە ٦٠٪ وەردەگیرێت .

* ساڵی خوێندنی ٢٠٠٧/٢٠٠٨ تەنیا پۆلی (دەیەم) دەگرێتەوە .

* ساڵی خوێندنی ٢٠٠٨/٢٠٠٩ تەنیا پۆلی دەیەم و پازدەهەم دەگرێتەوە .

* ساڵی خوێندنی ٢٠٠٩/٢٠١٠ پۆلی دەیەم ، یازدە هەم، دوازدەهەم دەگرێتەوە.

لێژنەیەکی تایبەت لە شارەزاو پسپۆرو مامۆستایانی لێهاتوو پێکدەهێنـدرێت بـۆ دیـاری کردنـی ئـەو بابەتانـەی لـەم بەشـانەدا دەخوێنـدرێن لـە گـەل دانـانی بەشەوانەی هەر بابەتێك .

- ڕاسپاردەکانی تر :-

١- هەوڵبدرێت زمانی خوێندن لە بەشی زانستی بە ئینگلیزی بێت .

٢- بە بەردەوامی دەبێ دەرچوانی ( کۆمەڵناسی - دەروون زانیی ) لە قوتابخانە دواناوەندییەکاندا وەك توێژەری کۆمەڵایەتی دابمەزرێنن بۆ یارمەتیدانی قوتابیان وخوێندکاران بۆ چارەسەرکردنی ئەو گیروگرفتانەی کەتووشی دەبن چ کۆمەڵایەتی یان ئابووری یان پەروەردەیی بێت، چارەسەری گونجاویشی بۆ دابنێ .

٣- ساڵانە ژمارەی قوتابخانە نموونەییەکان زیاد بکرێت تاوەکو لە دوا ڕۆژدا خوێندگاکانمان هەمووی ببنە نموونەیی بێ فەرامۆش کردنی قوتابخانە ئاساییەکان .

٤- لە کوردستاندا قوتابخانەیەکی تایبەت بە ( بەهرەداران) بکرێتەوە و هەموو پێداویستییەکانی دابین بکرێت بۆ نموونە ، پرۆگرامی تایبەتیان هەبێت جگە لە پۆلەکانی (سێیەمی ناوەندیی- شەشەمی ئامادەییی ) خوێندنیان بە زمانی ئینگلیزی بێت، بۆ ئەوەی جیا بکرێتەوە لە قوتابخانە ئاساییەکان بە هاوکاری کردن لە گەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵا.

٥- کردنەوەی تەلەفزیۆنی پەروەردەیی لەو شارانەی لێی نەکراوەتەوە.

٦- دەرماڵەیەك دیاری بکرێت بۆ ئەو مامۆستایانەی پۆلی شەشەمی ئامادەیی دەڵێنەوە بۆ کەمکردنەوەی دیاردەی وانەی تایبەتی ( دروس خصوصیە).

٧- پێویستە مامۆستا لە قۆناغی ئامادەییدا بە هاوکاری لە گەڵ بەڕێوەبەری قوتابخانە، ڕاپۆرتێك ئامادە بکات سەبارەت بەڕەوشی خوێندن، ئەو گیروگرفتانەی کەهەن.

٨- ساڵانە بەڕێوەبەرەکان سەردانی بەڕێوەبەرە سەرکەوتووەکان بکەن ئەگەر لە دەرەوەی شاری خۆیان بن یان لە دەرەوەی هەرێمیش بن.

**چوارەم:- پیشەییەکان :-**

١- دروستکردنی بالاخانەیەکی تایبەت یان کۆمەڵگایەکی تایبەت بە ئامادە پیشەییەکان

٢- دابینکردنی بودجەی ساڵانەی تایبەت بە ئامادە پیشەییەکان و بەشی پەروەردە پیشەییەکان بۆ هەڵسوراندن و ئەنجامدانی کارەکانیان .

٣- وەرگرتنی دەرچوانی ئامادەپیشەییەکان لە زانکۆ و پەیمانگاکان بەم شێوەی خوارەوە :-

أ- وەرگرتنی دەرچووانی (یەکەم و دووەم و سێیەم) (لە هەر پسپۆرییەکی ئامادەییە پیشەسازییەکان لە زانکۆکان لەسەر ئاستی هەموو قوتابخانە پیشەییەکان ، هەروەها قوتابی و خوێندکارانی ئامادەییە کشتوکاڵیەکان.

ب- وەرگرتنی دەرچووانی ئامادەپیشەییەکان لە پەیمانگە تەکنیکیەکان بە هەماهەنگی لە گەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵا.

٤- داوا لە وەزارەتەکان بکرێت کە مۆڵەت بە خاوەن پیشە نەدرێت ئەگەر دەرچووی ئامادەیی پیشەیی نەبێت، با دەرچوویەکی ئامادەیی پیشەیی لەگەڵ کار نەکات .

٥- داوا لە ئەنجوومەنی وەزیران بکرێت ، کە بڕە پارەیەك وەك پێشینە (سلفە) بدرێت بە دەرچووانی ئامادەیی پیشەیی بۆ کردنەوەی دەزگایەکی پیشەیی تایبەت .

٦- زیاد کردنی بەشەکانی پەروەردەی پیشەیی لە قوتابخانە ناوەندییەکاندا.

٧- گەڕانەوەی دەرماڵەی ترسناکیی بۆ مامۆستایانی پیشەیی .

٨- جیاکردنەوەی قوتابخانە ئەکادیمییەکان لە قوتابخانە پیشەییەکان لە بینایەدا.

٩- دابینکردنی بەشی ناوخۆیی قوتابیان و خوێندکارانی پیشەیی.
١٠- زیاد کردنی بەشەوانەی کومپیوتەر لە بەشی وێنەی ئەندازەیی یەك بەشەوانە لە هەفتەیەکدا لە قۆناغی یەکەم و دووەم ، هەروەها لە بەشەوانەی ئابووریدا لە ئامادەییە بازرگانییەکان، یەك بەشەوانە لە هەفتەیەکدا لە قۆناغی سێیەمی خوێندن، وەیەك بەشەوانە لە قۆناغی یەکەم و دووەمی خوێندن.
١١- کردنەوەی بەشی تازە بە گوێرەی پێویستی هەرێمی کوردستان لە ئامێری ساردکەرەوەو گەرم کەرەوە. - پێپلکەی کارەبایی - کومپیوتەر و چاك کردنەوەی - بیناو دروستکردن - کاری بۆیە کردن.
١٢- پێدانی (٣) نمرە لەسەر تێکرای نمرەکانی قوتابی هەروەك لە خوێندنی ئاکادیمی زانستی و وێژەیی پەیڕەو دەکرێت .
١٣- گۆرینی پرۆگرامی خوێندنی پیشەیی بە جۆرێك لەگەڵ گۆڕانکاری تەکنەلۆژیای سەردەمدا بگونجێت.
١٤- وەرگرتنی دەرچووانی ئامادەییە پیشەییەکان لە کۆلێژی سەربازیی - پۆلیس.
١٥- گەڕانەوەی ئەزموونی گشتی لە بابەتی مەشق بۆ ٣٠٪ لە کرداری ٧٠٪ لە تیۆری .
١٦- پێکهێنانی لیژنەیەکی باڵا بە سەرۆکایەتی وەزیری پەروەردە و ئەندامێتی نوێنەری وەزارەتی پلان و وەزارەتی خوێندنی باڵا وئەوکەسانەی سەرۆکی لیژنە دەستنیشانیان دەکات لە شارەزاو پسپۆران بۆ لێکۆڵینەوە لەسەرباری قوتابخانە پیشەییەکان و چۆنیەتی گەشەپێدانیان بۆ ئەوەی شان بەشانی ئەو گۆڕانکارییە تەکنەلۆژیانە بڕوات وهەموو پێویستییەکانی هەرێم جێبە جێ بکات لە کارمەندی ناوەندی لە هەموو بوارەکاندا، ئەم لیژنەیەش دەسەڵاتی

پێکهێنانی لێژنه لقییەکانی هەبێت و داوای هاوکاری له هەندێ شارەزایان بکات بۆ دانانی پڕۆگرامی بابەتەکان بەتێرو تەسەلی بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٠٧/٢٠٠٨ .

**پێنجەم: پڕۆگرام :-**

١- چاو خشاندنەوە بە پڕۆگرامی خوێندن و کاراکردنی لایەنی پراکتیکی و کرداریی و کارکردن لەسەر لابردنی دووبارە بوونی چڕی و پڕی بابەتەکانی وبۆ لابردنی دووبارە کردنەوە لە ناو کتێبەکان و، داڕشتنیان بە شێوەیەك کە ڕەچاوی سروشتی ژیانی تاك بکات لە کوردستاندا ولە ئاستی گۆڕانکارییە زانستییەکان دا بێت و، هەروەها ڕەچاو کردنی یەکسانی جێندەریی (ڕەگەزیی) لە پڕۆگرامەکانی خوێندن وبۆ ئەوەی ببێتە فاکتەرێك بۆ چەسپاندنی خۆشەویستی خاك و وڵات و، کارو ڕێنووسی هەموو کتێبەکان ڕێك بخرێت و هاندانی کەرتی تایبەت بۆ بەشداری کردن لە هەموو چالاکییەکانی بواری پەروەردە

٢-پەروەردەی ئاینی گرنگی پێبدری و لەلایەن پسپۆر و شارەزایانەوە پڕۆگرامی نوێ و زانستی بۆ سەرجەم قۆناغەکانی خوێندن دابندرێت.

٣- گرنگیدان به چاپکردنی پەرتووکی خوێندنی ڕەنگاو ڕەنگی پڕ لە وێنەو نەخشەو هێلکارییە زانستییەکان.

٤- فەرهەنگێکی کوردی -عەرەبی - ئینگلیزی بۆ قوتابیان هەبێت بە پێی قۆناغەکانی خوێندن.

٥- گۆڕینی خشتەی وانەکانی هەفتە و دابەشکردنی سەر لە نوێ بە پێی پڕۆگرامە بەکار هاتووە نوێیەکان.

٦-چەخت کردن لەسەر پەیوەندی پڕۆگرامەکانی خوێندن بەیەکترییەوە لە هەموو قۆناغەکاندا.

## شەشەم : ئەزموونەکان :-

## ڕاسپاردەکانی کۆنگرە سەبارەت بە تاقیکردنەوەو ئەزموونەکان

١- لابردنی تاقیکردنەوەی نیوەی ساڵ.

٢- لەکۆتایی وەرزی یەکەمدا یەك تاقیکردنەوە ئەنجامدەدریت نمرەکەی لە٢٠٪ دەبیت، تاقیکردنەوەی دووەم لە کۆتایی وەرزی دووەمدا دەکرێت و نمرەکەی لە٢٠٪ دەبیت وەتاقیکردنەوەی کۆتایی ساڵ لە ٦٠٪ و ئەو سێ نمرەیە کۆ دەکریتەوە ، دەرئەنجامی نمرەی کۆتایی بۆ قوتابی دەژمێردرێ و ئەمە لە پۆلی چوارەمەوە هەتا پۆلی هەشتەم پەیڕەو دەکرێت.

٣- ئەو وانانەی کە پێشبرکێی تێدا دەکرێت لە پۆلی حەوتەم وەکو بیرکاری - کیمیاء - زیندەوەرزانی - ئینگلیزی - کوردی - عەرەبی - کۆمەڵایەتی .

٤- لە پۆلی چوارەمەوە هەتا نۆیەم تاقیکردنەوە لەم وانانەدا ناکرێت: وەرزش- هونەر - پەروەردەی نیشتمانی وئایین.

٥- تاقیکردنەوەکانی قوتابی لە پۆلی یەکەم و دووەم و سێیەمی سەرەتایی.زارەکی دەبن.

## هەڵسەنگاندن :-

* ساڵانە لێژنەی دەرهێنانی پێوانەیی لە دیوانی وەزارەت پێك دێت بۆ ئەنجامدانی ئەم

کارە جێبەجێکردنی بە گوێرەی ڕێنماییەکان پێش ١٠/١٥ ی هەموو ساڵێك.

* هەموو ساڵێك لیژنەی بەدوادا چوونەوەی ئاستی زانستیی پاش دەرچوونی ئەنجامەکانی خولی دووەم پێك بێت لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەکان ، بە گوێرەی ئەو کارە مامۆستایان پاداشت و سزای خۆیان وەربگرن، نەوەك بە گوێرەی ئامارەی بنکەکانی پشکنین .

* پێویستە هەموو ساڵێك پرسیارەکانی کۆتایی ساڵ بۆ هەموو قۆناغەکانی خوێندن بە دوادا چوونی بۆ بکرێت و هەڵسەنگێنرێت، لەلایەن لێژنەیەکی تایبەت لە بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەکان بە گوێرەی بەرنامەیەکی تایبەتی ئەنجام بدرێت وێنەیەکی بدرێتە مامۆستای وانە.

* دیاری کردنی ئەنجام و هۆیەکانی دواکەوتن یان بەرەوپێش چوونی ڕێژەی دەرچوون.

* پێویستە هەموو قوتابخانەکان ساڵانە لەگەڵ ڕاپۆرتی کۆتایی ساڵ وێنەیەك لە بە دوادا چوونەوەی ئاستی زانستی ڕێژەکان بۆ پەروەردە کانیان ڕەوانە بکەن، پەروەردەکان بۆیان هەیە پوختەی ڕێژەکان ڕەوانەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بکەن.

**لە کاتی هەڵسەنگاندنی بەڕێوەبەری قوتابخانە و مامۆستایانی دواناوەندی و ئامادەییەکان ئەم ڕێنمایە پەیڕەو بکەن:-**

دەرهێنانی نمرەی پێوانەیی .

* پێویستە نمرەی پێوانەیی لە هەر بابەتێك و بۆ هەر بەڕێوەبەرایەتییەك لە (+١) کەمتر نەبێت.

* سزادانی مامۆستا و بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانە ئەگەر نمرەی پێوانەیان لە (-١) کەمتربێت.

پاداشتکردنی مامۆستا و بەڕێوەبەرایەتی ئەو قوتابخانانەی نمرەی پێوانەییان لە (+١) زیاترە.

**بڕوانامەکان :-**

* گشتاندنی نووسراوێك لە لایەن سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە بۆ گشت دام و دەزگاکانی هەرێم بۆ ناردنی بڕوانامەی ئەو کەسانەی دادەمەزرێن بۆ وەزارەتی پەروەردە بۆ وردبینی کردنیان و دڵنیا بوون لە ڕاستی و دروستیان، ئەمەش دەبێتە هۆیەك بۆ بنبڕکردنی ساختەکاریی.

* داوا لە وەزارەتی داد بکرێت ئاگاداری سەرجەم دادگاکانی سەر بە وەزارەتی داد بکرێت بە وەگەڕ خستنی ئەو داواکارییانەی کە لە لایەن وەزارەتی پەروەردەوە کراون بە لێکۆڵینەوەو دادگاکردنی ساختەکارەکان.

* لەبەر مەترسیی و وردیی و گرنگیی کارکردن لەبەشی بڕوانامەکاندا دەبێ بڕی (١٥٠٠٠) دینار لەو قوتابییانانەی لە دەرەوەی وڵات دێنەوە و یان دەچن بۆ دەرەوەی وڵات وەربگیرێت بۆ ڕێکخستنی بڕوانامەکانیان و ئەو بڕە پارەیە بە پسوولە بکرێت بە داهات ولە (١٥٪)ی بۆ پاداشتی فەرمانبەرانی بڕوانامەکان و هەڵسەنگاندن بێت.

* دەرچووانی پەیمانگەکان ئەگەر لەسەر میلاکی پەروەردە بڕوانامەیان برد بۆ دەرەوەی هەرێم یان بۆ هەرشوێنێکی تر، پێویستە دەستەبەرییەکی (کە فالەتێکی) ١٥٠٠٠٠٠ دینار بدەن.

**حەوتەم: ئامادەکردن و ڕاهێنانی مامۆستایان**

١- درێژ کردنەوەی ماوەی جێگیرکردن مامۆستایان بۆ ماوەی (٢) ساڵی تەواوی خوێندن لە جیاتی ساڵێك بۆ دیاریکردنی ئاستی زانستی ولێهاتوویی .

٢- دەبێ هەموو مامۆستایەك لە كۆتایی ساڵ ڕاپۆرتێك بنووسێت لەسەر بابەتەكەی دەربارەی گیروگفتەكانی، پێشكەوتنەكانی و، لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەكانەوە بگاتە وەزارەت تا گشتاندن بكرێت.

٣- دانانی هاندەر بۆ مامۆستایانی ناوچە دوورەكان بەهەژماركردنی ساڵانی خزمەت بە دوو هێندەو ڕەچاو كردنیان لە كاتی دابەشكردنی زەوی لە كاتی گواستنەوەدا.

٤- دەبێ هەماهەنگی لە نێوان وەزارەتی پەروەردەو وەزارەتی خوێندنی باڵا وە هەبێت بۆ ئامادە كردنی مامۆستایانی قۆناغی سەرەتایی — ناوەندی .

دەبێ بۆ ئەم مەبەستە لێژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردەو وەزارەتی خوێندنی باڵا و وەزارەتی پلان پێك بهێندرێت بۆ لێكۆلینەوە و ئامادەكردنی پێشنیارەكان و میكانیزمی جێبەجێكردنی ئەو خاڵە بۆ ماوەیەكی زۆر كورت.

٥- ڕێكخستنی خولی شیاندن بۆ مامۆستایانی تازە دامەزراو بۆ ئەوەی بتوانین ئەركی خۆیان بەرێك و پێكی جێبەجێ بكەن

٦- ڕێكخستنی خولی پسپۆرییەتی لە بابەتەكانی خوێندن بۆ هەموو مامۆستایان.

٧- ڕێكخستنی خولی ڕۆشنبیری بۆ بەرزكردنەوەی ئاستی زانستی مامۆستا و گەشە پێدانی توانایان.

٨- نابێ بە هیچ شێوەیەك دەرچووانی ئامادەیی و پیشەییەكان و پەیمانگە هونەرییەكان بە مامۆستا دابمەزرێن.

٩- كردنەوەی خولی تایبەت لە (٣) مانگ كەمتر نەبێت بۆ ئەوانەی لە زانكۆ كان دەردەچن و دەیانەوێ ببن بە مامۆستا.

## دانانی سەنتەرێکی پیداگوگی

پێشنیار دەکرێت بۆ دامەزراندنی سەنتەرێکی پیداگوگی بۆ پێشخستنی توانای مامۆستایان لە پرۆسەی پەروەردەدا کە لەم خالانەی خوارەوە خۆی دەبینێتەوە:

١- دامەزراندنی سەنتەرێك بۆ زانستی پێداگوگی هەنگاوێکی گونجاوە، کە لەگەل سیستەمی نوێی پەروەردەیی لە هەرێمدا هاوجووت دەبێت و پێویستییەکی هەنوکەیی ئەم قۆناغەیە.

٢- سەنتەر کەسایەتی واتایی خۆی هەبێت و ڕاستەو خۆ سەربەدیوانی وەزارەت بێت.

٣- ئامانج لە دامەزراندنی ئەم سەنتەرە ئەوەیە:

أ-ڕاهێنانی مامۆستایانی قوتابخانەکانی هەرێم، لە سەر ڕێگەی پێداگوگی لەوانە گوتنەوەدا.

ب- بە دیموکراسی کردنی قوتابخانە و لە ڕێگەی قوتابخانەو خوێندنگەکانەوە بە دیموکراسی بکرێت.

ج- سوودوەرگرتن لە ئەزموونە پێشکەوتووەکانی ولاتانی تر لە بارەی پێداگوگی و پراکتیزەکردنی لە هەرێمی کوردستاندا.

د- دەستەی مامۆستایانو کارمەندانی کارگێری قوتابخانە فێری مامەلە کردن دەبن لەسەر سیستەمی مەدەنی - دیموکراسی.

هـ- سەنتەر هەولدەدات کە خەلك بەشدار بێت لە دورستکردنی بڕیارو دەسەلات، وەکو نموونە ئەم هەرەمە لە قوتابخانەوە جێبەجێ دەکرێت.

و- ئەنجامدانو ئامادەکردنی لێکۆڵینەوەی بەردەوام لەسەر کارو ئەرکەکانی قوتابخانەو خوێندنگەکان لەسەر بنچینەیەکی زانستی و دەست نیشانکردنی ڕێگە نوێیەکان.

ز- ئەم سەنتەرە هەول دەدات کە پرۆگرامی پیداگوگی لە دەزگاکانی ئامادە کردنی مامۆستایانیشدا بخوێندرێت بە وەرگرتنی (٥+٥) پوینت کەقۆناغی یەکەم وەکو ئەزموونێکی کرداری بێت.

ی- کارکردن بۆ بەستنی پەیوەندی لەگەڵ سەنتەرەکانی دەرەوە، کە هاوشێوەو هاوکاربێت بۆ گۆڕینەوەی شارەزاییو زانیاری لە نێوانیاندا و سوودوەرگرتن لە ئەزموونی یەکتری.

٥- پەیکەر بەندی سەنتەرەکە لەم بەشانەی خوارەوە پێك بێتو بە پێی پێویست گۆڕانکای تێدا بکرێت:

أ- دەستەی کارگێری کە لە بەرێوەبەرو یاریدەدەرەکانی پێکهاتووە.

ب- بەشی پەرەسەندنی پیداگوگی.

ج- بەشی لێکۆڵینەوەو پلاندانان.

د- بەشی کارگێڕی و خۆیەتی.

هـ- بەشی ژمێریاری و تەرازووکاریی (موازنە).

و- بەشی کۆمپیتەرو ئینتەرنێتو پەیوەندییەکان.

٥- پرۆگرامی کۆرسەکان هەوڵدەدەن کە ڕۆڵی قوتابی لە (Subject) ەوە بگۆردرێت) بۆ Object واتە قوتابی بیروبۆچوونەکانی بەئازادی لەگەڵ هەڤالانو مامۆستاکانی بۆ ئالوگۆربکات. زانستی پیداگوگی وەك زانستێکی سەربەخۆ شێوەو میتۆدی جۆراو جۆر لە ڕەوشی وانە وتنەوە و پەیوەندی قوتابیو دەرس و پەیوەندی کۆمەڵو قوتابخانە بەشێوازی نوێ و

پێشکەوتوو دیاری دەکات. ئامانجی دیکە لەم کۆرسانە ئەوەیە کە دیموکراتی لە ژووری خوێندن و قوتابخانەدا پەیڕەو بکرێتو پەیوەندی نێوان مامۆستاو قوتابی لە سەر بنەما دیموکراتیەکان پتەوتر بکات هەروەها بەڕێوەبەران فێری شێوەی ئۆرگانیزەکردنو ڕێکخستنی قوتابخانەکان دەکات و ئەرکەکان بەشێوەیەکی مۆدێرن دابەش دەکرێتو، هەول دەات دەسەلاتی قوتابخانەو مامۆستاو بەڕێوەبەر بەشێوەیەکی پێشکەوتووتر ڕێك بخرێت بە چەشنێك ناوەندی هزرو بۆچوونەکانو پێش خستنو گەشەکردنی قوتابی، بێت هەروەها سەنتەری پیدا گوگی پرۆگرامێك دادەنێت بۆ لێکۆلینەوە لە سەر ئەو گۆڕانکایانەی کە لەناو ئەو قوتابخانانەدا دەکرێت، کە پەیوەستن لە گەلّ سەنتەری پیداگوگی، بەهاوکاری پسپۆرە بیانییەکان و زانکۆکانی کوردستانیش و چاودێریو هاوکاری قوتابیانی ماستەرو دکتۆرا دەکەن لە سەر ئەو قوتابخانانەدا کەسەنتەری پیداگوگی بە پێی ڕۆشنایی پیداگوگی تازەوە گۆڕانی بەسەردادێت.

**هەشتەم: سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی :-**

١ / پەیکەری ڕێکخستنی ب.گ.سەرپەرشتیکردنی (پێشنیازکراو)

↓

ب.گ.سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی

↓

ئەنجومەنی سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی

سەرەتایی

دواناوەندی

ب.سەرپەرشتیکردنی دواناوەندی

ب.سەرپەرشتیکردنی سەرەتایی

( دواناوەندی و پیشەیی )

و سەرەتایی)

ب.سەرپەرشتیکردنی دواناوەندی

کردنی سەرەتایی

بەرپرسانی سەرپەرشتیارانی پسپۆری

سەرپەرشتیارنی پسپۆری

یەکەی سەرپەرشتیکردنی دواناوەندی

سەرپەرشتیکردنی سەرەتایی

(باخچەی ساوایان

ب.سەرپەرشتی

بەرپرسانی

یەکەی

*** سەربەخۆیی دەزگای سەرپەرشتیکردن :-**

مەبەست لە پەیکەری پێشەوە بەستنەوەی ئاراستەکانی سەرپەرشتیکردنە لە ڕووی کارگێری و داراییەوە بە یەکترییەوە تا سەربەخۆیی سەرپەرشتیکردن مسۆگەر بکات، واتە بە یەکتر بەستنەوەکە لە هەردوو بواری ئاماژە پێکراو لە پێشەوە بە شێوەیەکی ستوونی بێت ( لە قەزاوە تا وەزارەت ) . بەمانایەکی تر لە ڕووی کارگێری و داراییەوە سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی پەیوەندی نەبێت بە بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەروەردەی قەزاکان و ( ب.گ.)ییەکان لە پارێزگاکان بە مەبەستی مسۆگەر کردنی هەڵسەنگاندنێکی ڕاست و دروست و دوور لە هەر هۆکارو کاریگەرییەك .

بەڵام لە رووی هونەرییەوە ( تەکنیکی ) پێویستە پەیوەندی دەزگای سەرپەرشتیکردن زۆر بەهێز بێت لەگەڵ یەکەکانی کارگێڕیی پەروەردەیی هەر یەکەو لە ئاستی خۆیدا بە مەبەستی پاڵپشتی و بەشداریکردن لە پێشخستنی پرۆسەی پەروەدەو فێرکردندا .

**هەڵسەنگاندن :-  ٢-**

**ا- هەڵسەنگاندنی سەرپەرشتیاران : -**

ساڵانە بە پێی فۆرمێکی تایبەت ئەنجام دەدرێت کە ئامادە دەکرێت وە ئەم بوارانەی خوارەوە لە خۆدا دەگرێت .

١- کەسایەتی لەڕووی پەروەردەیی و کۆمەڵایەتیەوە.

٢- شارەزایی لە بواری پسپۆری خۆی و توانای لە بەدوادا چووندا.

٣- توانای کارگێڕیی و ڕادەی پابەندبوونی بە ڕێنماییەکان .

٤- پەیوەندی سەرپەرشتیار لەگەڵ دەستەی کارگێڕیی قوتابخانە و مامۆستایان و هەموو لایەنەکانی پەیوەندیدار بە بواری پەروەردەوە.

٥- توانای لە بەرزکردنەوەی ئاستی پیشەیی مامۆستایان.

٦- توانای لە داڕشتن و جێبەجێکردن و بەدواچوونی پلانی ساڵانەی .

٧- ڕادەی بایەخدانی بە چالاکییە پەروەردەییەکان و کۆڕ و کۆبونەوە و سیمینارە گشتییەکان.

٨- ڕادەی بایەخدانی بەهەستی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەریی و مافی مرۆڤ و ژینگە پارێزییەوە.

٩- ڕادەی بایەخدانی بە هەڵسەنگاندنی مامۆستایان لە کۆتایی ساڵی خوێندندا .

١٠- پێشنیار و بۆچوونەکانی لە ماوەی ساڵی خوێندندا بۆ پێشخستنی پرۆگرامەکان و پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن بە شێوەی : بلاوکراوە، نووسین لە میدیاکان ، توێژینەوە و لێکۆلینەوەی پەروەردەیی ...هتد .

١١- ڕادەی بایەخدانی بە ئامار و تۆمار گەی زانیاری ( تایبەتە بە قوتابخانەکانی سنووری سەرپەرشتییەکەی ) و تۆماری سەردانی سەرپەرشتیاران.

**هەڵسەنگاندنەکە بەم شێوەیە دەکرێت :-**

یازدە خاڵی سەرەوە دەکرێتە (دە) خاڵ و هەر خاڵێك ( بوارێك) (١٠) نمرەی لە سەردەبێت و لە کۆتاییدا بە (مەزندە) ڕادەگەیەنرێت و کەمترین نمرەی دەرچوون (٦٠٪) دەبێت و (مەزندەکانیش) بەم شێوەیە دەبن :-

أ- ٦٠-٦٩ (ناوەند)

ب- ٧٠- ٧٩ (باش)

ج- ٨٠-٨٩ (زۆر باش)

د- ٩٠- ١٠٠ ( نایاب)

ئەوانەی لە (٦٠) کەمتر بەدەست دەهێنن (لاوازن)

ئەگەر سەرپەرشتیار لە ئەنجامی هەڵسەنگاندن پلەی (لاواز)ی وەرگرت ئەوا چاو دەخشێنرێتەوە بە پلەکەی و ئەگەر تازە دامەزراوبوو جێگیرکردنی دوادەخرێت.

نمرەکانی هەڵسەنگاندنی سەرپەرشتیاران دابەش دەکرێن لە نێوان سەرپەرشتیاری یەکەم لە قەزا و ب. سەرپەرشتیکردن لە پارێزگا بەم شێوەیە :-

٦٠٪ لە لای سەرپەرشتیاری یەکەم لە قەزا دەبێت.

٤٠٪ لە لای سەرپەرشتی کردن دەبێت لە پارێزگا

نمرەکانی سەرپەرشتیاری یەکەمیش بە نهێنی دەردێتە ب. سەرپەرشتیکردن لە پارێزگا.

ئەنجامی کۆتایی هەڵسەنگاندن بەشێوەی (مەزەندە) ڕادەگەیەنرێت و لەرێی سەرپەرشتیاری یەکەمەوە ( لە قەزا) سەرپەرشتیاریی لێ ئاگادار دەکرێتەوە و ڕاسپاردەی پێویستی بۆ دەنووسرێت، کە تیایدا ئەو خاڵانەی کە پێویستە بایەخی زیاتر یان پێ بدات یان توانا کانی تیایدا بەرزکاتەوە ڕوون دەکرێتەوە. ئەگەر جیاوازی لە نێوان هەردوو هەڵسەنگاندنیش جیاوازییێکی زۆر بوو پێویستە ب.گ.سەرپەرشتیکردن بەدواچوونەوەی بۆ بکات.

**ب- هەڵسەنگاندنی مامۆستایان :**

ساڵانە مامۆستایان لەلایەن سەرپەرشتیارانەوە هەڵدەسەنگێندرێن و بۆ ئەم مەبەستەش فۆرمێکی تایبەت ئامادەکراوە (پێشنیازکراوە)، کە چەند بوارێك لە خۆدا دەگرێت لەوانە (پلاندانان – شێوازەکانی وانە وتنەوە – کەسایەتی

– پابەنـدبوون بـە ڕێنماییـەکان – ئەنجامـدانی کـاری هەڵسـەنگاندن – کاریگەری لەسەر قوتابیان و خوێندکاران)

هەروەها فۆرمێکی تایبەتیش بۆ هەڵسەنگاندنی بەرێوەبەرو یاریدەدەرانی قوتابخانەکان ئامادەکراوە کە بوارەکانی :

پلان دانان – سیستەمی قوتابخانە – هەڵسو کەوت لەگەڵ کۆمەڵگای قوتابخانە و کۆمەڵگای خۆیەتی – بینایەی قوتابخانە – ئاستی خوێندنی قوتابیان وخوێندکاران – کارمەندانی قوتابخانە – دیدەنی و سەردان و بەسەرکردنەوە – پابەند بوون بەرێنماییەکان .

هەر یەکە لەو بوارانەی سەرەوە ورد دەکرێنەوە بۆ خاڵی ترو بەپێی گرنگییان نمرەیان بۆ دیاری کراوە.

ئەگەر هەڵسەنگاندنی مامۆستا (لاواز) بوو ، پێویستە بخرێتە (خولی دووبارە شیاندن ) و ئەگەر لە ساڵی دووەمیشدا پلەی ( لاواز ) ی بەدەست هێنا پێویستە لەکاری مامۆستایەتی بەردەوام نەبێت .

ئەگەر مامۆستا پلەی (پەسەند ) بەدەست هێنا پێویستەخولی بەهێزکردنی بۆ بکرێتەوە.

پلەکانی (باش) و ( زۆرباش) بەئاسانی لە قەڵەم دەدرێن .

ئەگەر مامۆستا پلەی (نایاب) ی وەرگرت لە ئەنجامی هەڵسەنگاندن ، بە نووسراو رێزو سوپاسی ئاراستە دەکرێت ، وئەگەر سێ ساڵ لەسەر یەك هەمان ئەنجامی هەبوو بڕوانامەی رێزلێنانی پێ دەدرێت.

لەکۆتاییدا بەپێویست زانرا ئەم دوو پسپۆرییەی خوارەوە لەسەرپەرشتیکردن نەمێنن:-

١- تاقیگەکان .

٢- فێرکردنی گەوران .

**مەرج و پێوەرەکانی بوون بە سەرپەرشتیار :-**

١- پێویستە سەرپەرشتیار بە لایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی :-

ا- (دبلۆم) بێت لە بواری پەروەردە بۆ سەرپەرشتیارانی قۆناغی سەرەتایی .

ب- (بەکالوریۆس) بێت بۆ سەرپەرشتیارانی قۆناغی دواناوەندی .

٢- پێویستە خاوەن ڕابردوویەکی پاك و ڕەوشتێکی بەرزو ئەزموونێکی سەرکەوتو کەسایەتییەکی کۆمەڵایەتی بێت .

٣- پێویستە خزمەتی کرداری (فعلی) لە (١٥) ساڵ کەمتر نەبێت لە بواری پەروەردەدا و لەوانەش :

ا- (٥) ساڵ کارگێری قوتابخانەی کردبێت بۆ سەرپەرشتیارانی پسپۆری کارگێری .

ب- (٣) ساڵ وانەی وتبێتەوە لە پسپۆرییەکەی بە شێوەیەکی سەرکەوتوو لە قۆناغی ئامادەییدا بۆ سەرپەرشتیارانی پسپۆرە جیاوازەکان ( جگە لە کارگێری ) لە قۆناغی دواناوەندیدا .

٤- تەمەنی لە (٥٠) ساڵ زیاتر نەبێت .

٥- هیچ جۆرە سزایەکی بەرزەفتی (انضباطي) لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە دا ئاراستە نەکرابێت.

٦- پێویستە بەسەرکەوتوویی لە خولی شیاندنی سەرپەرشتیاران دەربچێت ( کە ماوەکەی لە دوو مانگ کەمتر نەبێت) پێش دەست بەکار بوونی .

٧- شارەزایی سەرەتایی هەبێت لە بەکارهێنانی کومپیوتەر و ئەنتەرنێت بەتایبەتی بەرنامەکانی (ویندۆز و وێرد) .

٨- نمرەی دەرچوونی لە تاقیکردنەوەی سەرپەرشتیاریی دا لە ٦٠٪ کەمتر نەبێت.

**ژمارەی ئەو مامۆستایانەی بەر سەرپەرشتیاران دەکەون**

**تێکرای ئەو مامۆستایانەی بەر سەرپەرشتیاران دەکەون بۆ هەڵسەنگاندنیان بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:**

١- قۆناغی سەرەتایی:

ا- بۆ پسپۆرییەکانی (کوردی – ئینگلیزی – زانستەکان –بیرکاری ) (٦٠) مامۆستا .

ب- بۆ پسپۆرییەکان : ( کارگێری – کۆمەلأیەتیی _هونەر _ وەرزش – باخچەی ساوایان – پەروەردەی تایبەت – عەرەبی) (٥٠) مامۆستا .

٢- قۆناغی دواناوەندی :

ا- بۆ پسپۆرییەکانی (کوردی- عەرەبی- ئینگلیزی – کۆمەلأیەتی ) (٦٠) مامۆستا .

ب- بۆ پسپۆرییەکانی : ( کارگێری – بیرکاری –کۆمپیوتەر –وەرزش – فیزیا – کیمیا- بایلۆجی – هونەر) (٥٠) مامۆستا .

**تێبینی :**

لەپەروەردەی قەزاکاندا بۆ سەرپەرشتیارانی نیشتەجێی قەزاکە لە هەر پسپۆرییەکدا ئەگەر بەشە مامۆستای تەواو نەبێت دەکرێت سەرپەرشتیارێك هەبێت بە مەرجێك ژمارەی مامۆستایانیان بگاتە ٥٠٪ بەشەوانە بریار لەسەر دراو ، بەلأم بۆ سەرپەرشتیاری دووەم پێویستە بەشە وانەی مامۆستای (نصاب) تەواو ببێت.

## نۆیەم :چالاکی وەرزشی و هونەریی

راسپاردەکان :

١- داڕاشتنی پرۆگرامی هاوچەرخ کە ساکاریی و شەفافیەتی تێدابێت بە تایبەتی لە قۆناغی باخچەی ساوایان و فێرکردنی تەوزیمی بۆ فێرکردن بێت وبایەخ بدات بە یارییەبچووکەکان و جموجوڵی ئازادو ساکار بە پێی ئاوازی مۆسیقا لە ئاسانەوە بۆ گران.

٢- کردنەوەی خولی بەردەوام بۆ سەرجەم مامۆستایانی پەروەردەی وەرزشی بە بەشداریەکی زانستی بە گوێرەیی پسپۆری یارییەکانی وەرزشی ٠

٣- وانەی پەروەردەی وەرزشیی لەلایەن مامۆستای پەروەردەی وەرزشیی بووترێتەوە نەك مامۆستایانی تر و کارگێریی٠

٤- پێکهێنانی لێژنەیەك بۆ کاروباری وەرزشی هەرێم لە نێوان دەزگاکانی وەرزشی وەزارەتی ( پەروەردە — وەرزشیی و لاوان — خوێندنی بالاو ئەنجومەنی ئۆلۆمپی) بۆ گەشە پێدانی وەرزش ٠

٥- دامەزراندنی ئەنجومەنی بالای دیدەوانی سەر بەوەزارەتی پەروەردە ٠

٦- گەشەپێدانی پێشبرکێی پۆلەکانی قوتابخانەکان و خوێندنگاکان بۆ پێشکەوتنی رەوتی وەرزشی و تەرخانکردنی بودجەیەك بۆ ئەم مەبەستە٠

٧- پێك هێنانی لێژنەیەکی هاوبەش لەسەرجەم پەروەردەکان بۆ دامەزراندن و گواستنەوە و ڕێکخستنی میلاکی مامۆستایانی بەڕێوەبەرایەتی چالاکی وەرزشی و دیدەوانی پەروەردەکان کە پێك هاتبێ لە

ا) بەرێوەبەری چالاکی وەرزشیی و دیدەوانی ٠

ب) سەرپەرشتیاری پسپۆری وەرزشی ٠

ج) سەرپەرشتیاری پەروەردەی وەرزشی ٠

٨- دارشتنی پەیکەرێکی ڕێکخستن بۆ بەڕێوەبەرایەتی چالاکی وەرزشی و دیدەوانی کە بەشێوازێکی یاسایی و زانستی کە ژمارەی کادیرانی لە ز ١ – دوو کادیری پەروەردەی وەرزشی لە کوڕ و کچ ٠

٩- تاقیکردنەوە هەبێت بۆ وانەی پەروەردەی وەرزشی بۆ هەڵسەنگاندنی قوتابی و خوێندکار کە بەم شێوەیە بێت:

ا) نمرە دانان بۆ تاقی کردنەوەی تیوری (نەزەری ٢٥٪) ٠

ب) نمرە دانان بۆ پراکتیکی بە ڕێژەی (٧٥٪) بێت ٠

١٠- تەرخانکردنی پارچە زەوی کە لە (١٥) پانزە دۆنم کەمتر نەبێ بۆ بەڕێوەبەرایەتی چالاکی وەرزشیی و دیدەوانیی بۆ دروستکردنی کۆمەڵگای وەرزشیی بۆ پەروەردەکان ٠

١١- پێکهێنانی ئەنجومەنی باڵای دیدەوانی لە هەرێمی کوردستاندا٠

١٢- ساڵانە بۆ پەرەپێدانی ئاستی مامۆستایانی پەروەردەی وەرزشی خولی دیدەوانیی سەرکردایەتی بۆ مامۆستایانی پەروەردەکانی هەرێم سازبدرێت ٠ چادرگایەکی گەورە بە شێوەیەکی یاسایی وەك چادرگەیەکی هەمیشەیی (بەردەوام) لە شارەکانی کوردستاندا بێتە دروست کردن هەروەها بۆ پەروەردەکانی تر بەڕوبەری (١٠ – ١٥) دۆنم چادرگەیەکی ئاسایی دروست بکرێت ٠

١٣- بۆ ئاشنا بوون و شارەزایی کردنیان بەزانستەکانی دێدەوانیی پێویستە کادر و دیدەوانان ڕەوانەی دەرەوەی وڵات بکرێن بۆ ئەوەی لە خولی پێگەیاندن و پەرەپێدان بەشداربن٠

١٤- کۆنفرانسی هەفتانەی قوتابخانەکان بۆ ماوەی نیو کاتژمێر بۆ کێشەی قوتابی وخوێندکارلە قوتابخانەکان هەبێت٠

١٥- كۆنفرانسی ساڵانەی هەموو قوتابخانە و خوێندنگاکان بۆ یەك ڕۆژ بکرێت بۆ تاوتێکردنی گیروگرفتی پەروەردەیی وکارگێڕی قوتابخانەکە ئەو ڕۆژە قوتابی وخوێندکار دەوام ناکەن.

**ڕاسپاردەکانی چالاکی هونەریی:**

١- دەرچووانی پەیمانگای هونەرەجوانەکان و کۆلیژی هونەر تەنها وانەی پسپۆڕی خۆیان بڵێنەوە ٠

٢- پێویستە هەر بەشێکی چالاکی قوتابخانەکان گروپی (موزیکی و شانۆ و شێوەکاری ) هەبێت بۆ بەشداریکردن لە چالاکی و جموجۆڵە هونەرییەکان ٠

٣- دامەزراندنی دەرچووانی پەیمانگای هونەرەجوانەکان و کۆلیژی هونەر تەنها لە وەزارەتی پەروەردە بێت٠

٤- سازکردنی گەشتی هونەریی بۆ ناوەو دەرەوەی هەرێمی کوردستان بە تایبەت ئەو گروپە هونەرییانەی زۆر چالاکن ٠

٥- ناردنی کارمەندانی هونەری پسپۆڕ و کارامە بۆ دەرەوەی هەرێمی کوردستان و بەشداریکردنیان لە خولی هونەریدا ٠

٦- کردنەوەی بەشێك لە پەیمانگا و کۆلیژی هونەرە جوانەکان بۆ خوێندنی پەروەردەی هونەری ٠

٧- گرنگیدان بە خولی هاوینەی هونەریی بۆ قوتابیان و خوێندکاران بۆ بەهێز کردنی توانای هونەرییان ٠

٨- دروستکردنی باڵاخانەیەکی شیاو بۆ بەڕێوەبەرایەتی چالاکی و هونەریی قوتابخانەو خوێندنگاکان کە هۆڵێکی گەورەو ژووری نوستنی تێدابێت بۆ میوانان (قوتابی و خوێنکار و مامۆستا) و لەکاتی ئەنجامدانی کار و چالاکییەکانی فیستیڤاڵی ساڵانە لەسەرجەم پەروەردە گشتییەکان ٠

٩- دانانی پرۆگرامی هونەریی وەك میتۆد بۆ سەرجەم قۆناغەکانی خوێندن، پراکتیکی و تیۆری ٠

١٠- گرنگیدان بە ستۆدیۆی هونەریی و تەرخانکردنی بودجەی تایبەت بە خۆیەوە بۆ ئەنجامدانی کاری هونەریی دەنگ و ڕەنگ، وەهەماهەنگی لە نێوان ستۆدێوکان و تەلەفزیونی پەروەردەیی و تەلەفزیونەکانی تر بۆ تۆمار گردنی بەرهەمە هونەرییەکان٠

١١- ڕێکخستنی میلاکاتی ناو چالاکییە هونەرییەکان بەپێی پسپۆریی هونەرییان٠

١٢ – گەڕانەوەی وانەی پەروەردەی هونەریی بۆ سەرجەم قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندیی.

١٣- بایەخدان بەچالاکی هونەریی باخچەی ساوایان ٠

**دەیەم: پلانی پەروەردەیی**

پلانی پەروەردەیی وەکو چالاکییە هەوڵدانە بۆ چۆنیەتی جێبەجێکردنی ئامانجە گشتییەکان .

لێرە چەند هەنگاوێکی بنەڕەتی هەن، پێویستە ئاگاداریان بین لەو بوارەدا.

- دەستنیشانکردنی ئامانجەکانو بڕیار لەسەردانیان.

- دەستنیشانکردنی ئەو هۆیانەی دەتوانن ئەو ئامانجە گشتییانە بەدی بێنن

- هەنگاوی پێویست بۆ جێبەجێکردنی ئامانجەکان و کاراکردنیان پێش هەڵسەنگاندن.

- هەڵسەنگاندنی بەردەوام بۆ ئەوەی بزاندرێت ئامانجەکان جێبەجێکراون یان نا؟

پلانی پەروەردەیی ڕۆڵی بنەرەتی هەیە لە چاکسازیکردنی سیستەمی فێرکردن لەو بوارانەی خوارەوەدا:

١- گەشەپێدانی پرۆگرامەکان
٢- نەخشەسازیی و ئامادەکردن و هەڵسەنگاندنی هۆیەکانی فێرکردن و رێگای وانە وتنەوە
٣- راهێنان و دووبارەکردنەوەی شیاندنی مامۆستایان و بەڕێوەبەرو ئەوەی پێویستە بۆ بەرنامەی چاکسازی.
٤- دورستکردنی ژینگەیەکی گونجاو بۆ پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن و ئەوەی پەیوەندە بە بینای قوتابخانەو پێداویستی بنەڕەتی بۆ جێبەجێکردن و سەرپەرشتی و چاودێری و میلاکات.

لەسەر وەزارەتی پەروەردە پێویستە بایەخێکی گرنگ بدات بەدورست کردنی دەزگایەکی پلان دانانی بەتواناو شارەزاو لێهاتوو بۆ هەڵگری بەرپرسیاریەتی لە دانانی ستراتیژیەتی گۆڕانکاری لە سیستەمی فێرکردن جێبەجێکردنی بەرنامەی چاکسازی و بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە سوود لە توانای کادیرەکانی ناو خۆ شارەزایانی دەرەوەش وەربگیرێت.

## یازدەم: کارگێریی قوتابخانەکان:-

بەڕێوەبەر بە پێی مەرج و رێنماییەکان دەستنیشان بکرێت، کە پێویستە کەسایەتییەکی دیارو بەرچاوی هەبێت، رێزی لەناو کۆمەڵگادا هەبێت و هیچ لێکۆڵینەوەیەکی سزای لەسەر نەبێت و نیشتمان پەروەر بێت و خزمەتی لە مامۆستایەتی لە (٦) ساڵ کەمتر نەبێت و لەوانە(٢)ساڵ یاریدەدەرایەتی کردبێت .

بەڕێوەبەر خاوەن دەسەڵات بێت لە چوار چێوەی قوتابخانەی خۆیدا بۆ بنبر کردنی کێشەو گرفتەکان بە پەلە و بە ئاگادار بوونی بەرپرسانی پەروەردەیی و بۆ بەهێز کردنی ئەو دەسەڵاتە پلەیەکی وەزیفی پێ بدرێت.

داهاتی فرۆشگەی قوتابخانە کان بۆ خەرجکردن لە پێداویستی قوتابخانەو پاداشت کردنی قوتابی وخوێندکاران و دیاریکردنی پارەیەکی گونجاو بەپێی ژمارەی قوتابیان و خوێندکاران لە ژێر دەستی لێژنەیەکی ژمێریاریی لە ناو قوتابخانە دەبێت .

بەڕێوەبەر دەبێ ڕەچاوی ئەوخالانە بکات .

* بڕوای بەگۆڕانکاری هەبێت .

*توانای پلان دانانی هەبێت و پڕۆگرامی تایبەتی بۆ دابنێن .

*توانای هەبێت پەیوەندی لەگەڵ دەورووبەرو کۆمەڵگا بکات .

*توانای هەبێت لەگەڵ کێشەکاندا خۆی بگونجێت .

*توانای بەدواچوونی هەبێت و ئەوەی پەیوەندی بەکارمەندانی قوتابخانەکەی هەبێت ئامادەی بکات.

* گرنگیی بە پلانی ساڵانەی کارگێریی بدات و خاڵەکانی لە کاتی خۆیدا جێبەجێ بکات بۆ بەدوا چوونەوەی لەگەڵ سەرپەرەشتیاراندا .

* پەیڕەوکردنی سیستەمی ناوەندی لەبەرامبەر بۆجێبەجێکردنی کارەکان لەسەر پێوەری ژمێریاریی یەکگرتوو. (الحسابات الموحد) بەڕێوەبەردا.

گاتی هەربژارکردنی بەڕێوەبەری قوتابخانە

* دەبێ یەکسانی ( ڕەگەزیی ) ڕەچاو بکرێت لەکاتی هەڵبژاردنی بەڕێوەبەردا .

* تەرخانکردنی داهاتی فرۆشگای قوتابخانەکان بۆ خەرجکردن لە پێداویستییەکانی قوتابخانەو پاداشت کردنی قوتابی وخوێندکار لەلایەن لێژنەیەکی ژمێریاری ناو قوتابخانە بۆ خەرجکردنی ئەم بڕە پارەیە.

لـه کـاتی پەیـدابوونی پلـەی بۆشـایی لـه پلـەی بەڕێوەبـەری قوتابخانەکانـدا بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە گشتاندن لـه نـاو قوتابخانـەکانـدا دەکـات یـان بـەداواکردنی ئـەو کەسـانەی کـە مـەرجی پێویسـتیان تێـدا هەیـە ئـەم داواکردنه دەنێردرێت بۆئەو کەسانەی ئارەزوویان هەیە ببنه بەڕێوەبـەر. بـۆ ئـەم مەبەسـتە لێژنەیـەك لـە (ب.گ.پ.) پێـك دێـت لـە نوێنـەری یـەكێتی مامۆستایان. نوێنەری وەزارەتی پەروەردە بۆ دەستنیشانکردنی چوار لەمانـە پاشـان چـاوپێکەوتن لـە گـەڵیان بکرێـت، کامیـان بـە توانـا و بـوون دەبێتـە بەڕێوەبەر.

★ کردنـــەوەی خـــولی گەشـــەپێدانی کـــارگێڕیی بـــەردەوام بـــۆ بەڕێوەبـــەرو یاریدەدەری بەڕێوەبەر له بوارەکانی کارگێڕیی و ژمێریاریی – کومپیوتەر – پەیوەندی نێوان قوتابخانەو خێزان وە دەروونناسی.

★ پێکهێنانی لێژنەیەك بۆ بەڕێوەبردنی قوتابخانه لەم کەسانەی خوارەوە

بەڕێوەبەری قوتابخانه .

یاریدەدەر .

(٢) مامۆستا .

(٢) دایبابان.

(١) له دەرەوەی قوتابخانه.

**ئەرکی ئەم لێژنەیە بەم شێوەی خوارەوە دەبێت :-**

بەدوا چوونی ئیش و کارەکانی قوتابخانه .

١- لێکۆڵینەوە دەربارەی گەشەپێدانی قوتابخانه .

٢- بەهێزکردنی پەیوەندی نێوان قوتابخانه و کۆمەڵگە.

٣- دانـــانی پلانـــی ســـالآنەی قوتابخانـــە بـــۆ چـــالاکی وەرزش وهونــــەریی و چالاکییەکانی تر .

٤- هاندانی باوکان و دایکان بە یارمەتی دانی قوتابخانە لە کاتی پێویستی بۆ چاکردنەوەی قوتابخانە پێداویستییەکانی تر.

٥- داوا لـە وەزارەتـی تەندروسـتی بکرێـت بـۆ دانـانی خشـتەیەك بـۆ سـەردانی قوتابخانــەکان لــە لایــەن تیمـی پزیشـکی بـۆ ڕوانـین و چارەسـەرکردنی ئـەو قوتابی وخوێندکارانەی پێویستیان بە چارەسەرکردن هەیە ئەم سەردانانەش لە دووجار کەمتر نەبێت لەساڵێکدا.

٦- لەســەر هــەر بەڕێوەبــەرێك پێویســتە کــارتی تەندروســتی بــۆ هــەموو قوتابیــەك وخوێنــدکارێك دروســت بکــات بــە هەماهــەنگی لەگــەڵ وەزارەتــی تەندروستی بۆ ئاگادار بوون لە باری تەندروستی قوتابیان.

٧- پێویسـتە بەڕێوەبـەری قوتابخانـە لـە کۆتـایی سـاڵی خوێنـدنـدا ڕاپـۆرتێکی تێـرو تەسـەل لەسـەر هـەموو مامۆسـتاکان ئامادەبکـات و ئاگاداریـان بکاتـەوە دەربارەی باشی وخراپیان لەگەڵ هەموو مامۆستاکان بکات دەربـارەی باشـی و خراپییان وپێشنیارکردنی گەشـە پێـدانی ئاسـتی ئەومامۆسـتایانە لـە هـەموو لایەکەوە .

٨- سیسـتەمی یـەك بـەرگیی (الـزی الموحـد) پـەیڕەو بکرێـت لـە قوتابخانـەکان وئەمەش لە ڕێگەی لێژنەی کارگێڕیی قوتابخانەکان دەستنیشان دەکات.

٩- دانانی پلانی ساڵانەی ڕێك و پێك و داڕێـژاو بـۆ قوتابخانـە هـەرکارێکی تـر دابنرێت.

١٠- لـە کـاتی هەڵبـژاردنی بەڕێوەبـەری قوتابخانـە دەبـێ سـاڵی یەکـەم لـەژێر چاودێری بێت.

ئەگەر هات توانا و لێهاتوویی تێدا بەدی نەکرا لە پۆستەکە لادەبردرێت و هەر چوار ساڵ جارێك بەڕێوەبەری قوتابخانە هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت.

١١- یەککردنی تۆمارەکانی قوتابخانە لە ڕووی زنجیرەی بابەتەکان و بە کوردی کردنی تۆماری گشتی لەگەڵ بۆردو کارت و تۆماری نمرەی مامۆستایان ...

١٢- پابەند بوونی بەڕێوەبەر بەڕێنماییە پەروەردەییەکان و بە دوا داچوونی سەرپەرشتیاران و پابەندبوونیان و پاداشتکردنی بەڕێوەبەری سەرکەوتوو سزادانی سەرپێچیکەر بە پێی یاسا.

**دوازدەم : میلاکات**

١- تەنها ئەو مامۆستایانە دابمەزرێن، کە ئامادە کراون بۆ کاری مامۆستایەتی لەپەیمانگاو زانکۆکان نەك بڕوانامەی تر .خانەنشین کردنی ئەومامۆستایانەی ، کە سوودیان لێ وەرناگیرێ بۆ کاری مامۆستایەتی بەهۆی کەم توانایی و نەخۆشی درێژ خایەن و تەمەنەوە، بە مووچەیەکی گونجاو کەبژێوی ژیانیان دابین بکات و لە مووچەی ئێستایان زیاتربێت .

٢- ڕەچاو کردنی هەموو مەرجە جەستەیی ودەروونیی و تەندروستییەکان لە کاتی وەرگرتنی خوێندکاران لەو پەیمانگاو کۆلێژانەی کە مامۆستایان ئامادە دەکەن.

٣ -ا- ڕێگەنەدان بە وەزارەتەکانی ترجگە لە وەزارەتی پەروەردە بە دامەزراندنی دەرچووانی کۆلیژو پەیمانگاکانی مامۆستایان لەفەرمانگەکانی خۆیان .

ب- وەرگرتنی بەڵێننامە لەخوێندکاران لە لایەن کۆلیژو پەیمانگاکان کە دەرچووانی ئەو پەیمانگاو کۆلێژانە بەلایەنی کەم دوو هەندەی ماوەی

خوێنـدنیان بەلایـەنی کەمـەوە دەبێت ڕاژە بکـەن لـەوەزارەتی پـەروەردە بـە پێچـەوانەوە بەرپرسـن لـە گەڕاندنـەوەی ئـەو خەرجیانـەی کـە لـە زانکـۆو پەیمانگەکاندا بۆیان سەرف کراوە.

ج- بژێوی ژیانی مامۆستا چاك بکرێت بۆ ئـەوەی ببێتـە هانـدەرێك بـۆ خـۆ دامەزراندنی دەرچووانی پەیمانگاو کۆلیژەکان.

٤- هەماهـــەنگی(تەنسـیق) بکرێـــت لـــەنێوان کـــارگێڕی پـــەیمانگاکان و بەڕێوەبەرایەتیـــە گشـــتییەکان پـــەروەردە بـــۆ کردنـــەوەی ئـــەو بـــەش وپسپۆرییانەی کە لەقوتابخانەکان و ناوچەکانیاندا پێویستییانە.

٥- پێکهێنـــانی لیژنەیـــەکی هەمیشـــەیی بـــۆ ڕێکخســـتنی مـــیلاك لـــە بەڕێوەبەرایەتییـەکانی پـەروەردە بەمەبەسـتی دیـاریکردنی شـاغیرەکان و هـەموو پێداویسـتیەکی میلاکـی قوتابخانـەکان سـالآنە و، دانـانی پـلان بـۆ چارەسەرکردنیان وپشت بەسـتن بـە ئامـاری سالآنە کـە ژمـارەی مامۆسـتایان وقوتابحانەکان و هۆبەکان دەستنیشان دەکات .

## سێزدەم : بیناسازی

هـەروەك ئاشـکرایە سیسـتەمی ئێسـتای خوێنـدن بـەم ڕەوشـەی ئێسـتای لـە کێشەیەکی گەورە دایە لە گەڵ ئەو ژینگەیەی کە خوێندنی تیایدا بەردەوامە هەر لە کەمیی ژمـارەی قوتابخانـەکان و نـەبوونی پێداویسـتییە سـەرەکیەکان بـۆ ئەنجامـدانی چالاکییەکانی خوێنـدکار لـە (هـۆڵی وەرزشـی، کۆمپیوتـەر، هونەر، تاقیگە) و دەیەها کێشـەی تـر کـە هـەموومان ڕۆژانـە تووشـی دەبـین. ئـەنجامی ئـەم کۆنگرەیـەش گۆڕانکارییـە لـە سیسـتەمی خوێنـدن و ئـەم گۆڕانکارییە بەرجەستە نابێت بـەبێ گۆڕانکاری لـە ژینگـەی خوێنـدن بۆیـە

ئەنجامەکانی ئەم گۆڕانکارییانەی کە دەکرێت لە سیستەمی پەروەردە ئـەبێت ژینگەیە کی نوێی بۆ ئامادەبکرێ.

١- بـوونی ماسـتەر پـلان بـۆ شارۆچـکەکان واتـە نەخشـەی بنـەڕەتی شـارەکە تیایدا گەشەکردنی شار بۆ ماوەی بەلایەنی کەم بۆ (٢٠ ساڵ) دیاری دەکرێت بە هۆی نەخشەی بنەڕەتییەوە شوێن و ژمارەی قوتابخانەی پێویست دیـاری دەکرێت بۆ ئەو ناوچەیە و، لە مەترسی نەبوونی جێگە ڕزگارمان دەکات بـۆ قوتابخانە (سەرەتایی، ناوەنـدیی، دواناوەنـدیی). کـار خزمـەت گوزارییـەکانی تریش.

٢- بوونی پلانێکی ساڵانە بۆ دیاریکردنی ژمارەی ئەو پرۆژانەی کـە پێویسـتن بـەپێی ئەولـەویاتی پڕۆژەکـان بۆئـەوەی بودجـەی بـۆ دیـاری بکرێـت و بێتـە جێبەجێکردن. و ئەم پلانەش لە گەڵ بوونی ماستەر پلان کارەکە باشـتر بـە ئـەنجام ئەگەیـەنێت و پێویسـتیمان، بـە ئامـارێکی ورد دەبێـت بـۆ بڕیـاردان لەسەر ئەولەویاتی پڕۆژەکان. لەگەڵ نۆژەنکردنەوەی قوتابخانەکان.

٤- بوونی نەخشەسازی مۆدرێن لە بواری:

ا- نەخشە سازی تەلار سازیی ( التصميم المعماری ) کە تیایدا شێوەی گونجـاوو پلانێکی دروست دادەنرێـت کـە لەگـەڵ ئـەرکی نـوێی سیسـتەمی پـەروەردە دا بگونجێت، بەشێوەیەك

هۆڵی پێویست هەبێت بۆ تاقیگـەی فیزیـا، کیمیـا، هتـد وتایبەتمەنـدی خـۆی هەبێت.

ب- رەچاوی بەشی کارگێریی بکرێت وەك بەشێکی سەربەخۆ و تایبەت .

پ- هـۆڵی پێویسـت هـەبێت بـۆ ( کۆمپیوتـەر، دەنـگ ، وەرزشـیی ، وێنـە، ئەزموونەکان ، چالاکییەکان، مەلتی میدیا، مۆسیقا ، وێنەگا ... کتێبخانە).

ج- بایەخێکی تەواو بدرێت بە ناوچەی سەوزایی لە قوتابخانەکان.
چ- گرنگی تەواو بدرێت بە ڕووناکی.
د- ڕەچاوی شوێنی تایبەت بکرێت بۆ کەم ئەندامان.
ت- بەرزی پۆلەکان لە ٣,٦٠ م کەمتر نەبێت.
٥- باشتر وایە بینایەکە پەیکەری بێت بۆ ئەوەی زیاتر بواری گۆڕانکاری بدرێت لە ئاییندەدا.
٦- بەکارهێنانی کەرەستە کەتوانایەکی باشی هەبێت بۆ ئەوەی ژینگەی قوتابخانە پارێزراو بێت لە وەرزە جیاوازەکاندا .
٧- لە بینایە کۆنەکاندا بە تایبەتی لە پەنجەرەکان بە (PVC) و شووشەی دەبل گلاس بەکاربێت.
٨- دانانی ڕەنگی پێویست بە شێوەیەك لەگەڵ قۆناغی خوێندندا بگونجێت و کاریگەری دەروونی باشی هەبێت.
٩- دانانی کەل و پەلی گونجاو لەگەڵ داواکارییەکانی قوتابی بێتەوە.
١٠- بەکارهێنانی کەرستەی باش بە جۆرێك پاك و خاوێنی و پێداویستی تاقیگەکان دابین بکات.
١١- بە مەبەستی پاراستنی پرۆژەکە و بەردەوام بوونی لە کاردا بەشێوەیەکی باش پێویستە گرنگی تەواو بدرێت بە تەمەن درێژی و پارێزگاریکردنی (ادامە و صیانە) پرۆژەکە بۆ ئەم مەبەستەش پێویستیمان بە کادیری هونەری بەهێز هەیە کە شارەزایی باشیان هەبێت لەو تەکنەلۆژیانەی کە بەکارهاتوون لە پرۆژەکەدا.
١٢- هوشیار کردنەوەی گشتی بەتایبەتی قوتابی وخوێندکار کە قوتابخانە و کەرەسەکانی ناوی بۆ خزمەتی ئەوان دانراوە و فێری پاراستن و خۆشەویستی قوتابخانە کە بکرێن بەشێوەك موڵکی خۆی بزانێت.
١٣- جێبەجێکردنی پرۆژەکە، لە لایەن بەڵێندەری تایبەتمەند بەکارەکە بێت و، کاری تەندەری بدرێتە وەزارەتی پەیوەندیدارەوە و جێبەجێکردنی لە کاتی پشوودا بێت، بۆ ئەوەی کار لە پرۆسەی خوێندن نەکات .
١٤- پەیوەندیکردن بە ڕێکخراوەکانی (UN) بە تایبەتی یونسکۆ بۆ هاوکاریکردن لە گەڵ وەزارەتی پەروەردە.

١٥- دروستکردنی کۆمەڵگای قوتابخانەکان ( مجمعات مدرسیە ) لە ناوچە تازە (دروست کراوەکان) ئیفرازەکان.

**چواردەم: تـوێژینەوەو لێکۆڵینەوەی پەروەردەیی**

توێژینـەوەی پـەروەردەیی بنەمایـەکی سـەرەکییە لـە بنـەماکانی پێشخستنی سەرکەوتوو کە هەر سیستەمێکی پەروەردەو فێرکـردن پشتی پێ دەبەستێ، ڕۆڵێکـی گرنگـی هەیـە لـە پێشخسـتنی پێکهاتـەی هـەر سیسـتەمێك کـە بـە شێوازێکی پرۆگرامی دروست کاریی بۆ دەکرێت، لەبەرئـەوە پێویسـتە پلانـی گونجاو هـەبێت بـۆ توێژینـەوەکانی پـەروەردەیی بـە شـێوەیەك کـە بگونجێت لەگـەڵ پێویسـتییەکانی وەزارەتو ئـەو پرۆژانـەی کـە پێـی هەڵدەسـتێت، بـە ئامـانجی ڕێکخسـتنی کارەکـانو سـوود وەرگـرتن لـە توانـاو شـارەزاییەکانی بەردەست لە هەندێك لە دەزگاکـانی زانسـتی لـە وڵاتـدا. دەبـێ توێژینـەوەکان شـێوازی مەیـدانیو پراکتیکـی بگرنـە بـەر بـە شـێوەیەك یارمـەتی بـدەن لـە دەستنیشـانکردنی کێشـەکانی بـواری پـەروەردەو فێرکـردنو ڕێگەچـارەی گونجاویشیان بۆ بدۆزێتەوە کـە لـە کۆتاییـدا بەشـداری دەکـات لـە پشتگیریو بـەهێزکردنی بڕیارەکـانی پێشخسـتنی پـەروەردەیی، کـە لەگـەڵ گیـانی سەردەمی نوێدا بگونجێت.

١. کردنـەوەی ناوەنـدێکی توێژینـەوەو لێکۆڵینـەوەی پـەروەردەیی لـە دیـوانی وەزارەت، سـەرۆکایەتی بدرێتـە کەسـێك بـە پلـەی بەڕێوەبـەری گشـتی کـە هـەڵگری بڕوانامـەی بـەرزبێت لـە بوارەکـانی پـەروەردەیی، هـەروەها

شارەزاییەکی تەواوی هەبێ لە جێبەجێکردنی توێژینەوەو لێکۆڵینەوەی پەروەردەیی و چەند توێژینەوەی ئەنجام دابێت.

ئەو ناوەندەش هەڵدەستێ بە ئەنجامدانی توێژینەوەو لێکۆڵینەوە لە هەموو لایەنە جیاجیاکانی پەروەردە.

٢. هەموو کارمەندانی پەروەردە لە مامۆستایان و سەرپەرشتیاران دەتوانن بەشداری لەو ناوەندە بکەن و دەوڵەمەندی بکەن بە پێشکەشکردنی لێکۆڵینەوەو پێشنیارو دەستنیشان کردنی گیروگرفتەکانی پەروەردە.

٣. بەڕێوەبەری ئەو ناوەندە کارمەندەکانی لەوانەی شارەزاو پسپۆڕن و خاوەن توانان لە جێبەجێکردنی لێکۆڵینەوە بە تایبەتی لە زمانی ئینگلیزی.

٤. بەستنی پەیوەندی لەگەڵ بنکەکانی توێژینەوەو لێکۆڵینەوە لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە هەرێم بۆ سوود وەرگرتن لە شارەزایی و لێکۆڵینەوەکان.

٥. کردنەوەی پەڕتووکخانەی تایبەت بە توێژینەوەکان بە شێوەیەکی گشتی و پەروەردەیی تایبەتی و دەوڵەمەندکردنیان بە هەموو جۆرە پەڕتووکێك لە پسپۆرییە جۆراو جۆرەکان و گۆڤارو بڵاوکراوەو نامەکانی ماستەرو دکتۆرا .... هتد.

٦. بڵاوکردنەوەی توێژینەوە باشەکان لە گۆڤار یان بڵاوکراوەیەکی تایبەت بە توێژینەوەی پەروەردەیی و ڕێکخستنی کۆنفرانسێکی ساڵانە بۆ خستنە ڕووی توێژینەوەکان.

٧. کردنەوەی خولی فراوان بۆ سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی و پسپۆڕیی لەسەر پرۆگرامی زانستی توێژینەوەی پەروەردەیی.

٨. هۆشیارکردنەوەی کارمەندانی بواری پەروەردەو مامۆستایانو تەنانەت خوێندکارو قوتابیانیش لەبارەی گرنگیو پێویستی توێژینەوەی پەروەردەیی لە ڕێی کۆڕو سیمینارو وانەو دەزگاکانی ڕاگەیاندن.

٩. ئەنجامدانی توێژینەوەو لێکۆڵینەوە لە بواری تایبەتمەندی بە ئەرکێك لە ئەرکەکانی ڕاژە دابنرێت.

١٠. تەرخانکردنی دیاری مادیو واتایی بۆ باشترین توێژینەوە لەسەر ئاستی ناوچەو پارێزگاو هەرێمو بەشداری پێکردنی خاوەنی لە دیدارو کۆنگرەکانی پەروەردەیی لە ناوەوەو دەرەوەی وڵات.

١١. پابەند بوون بە جێبەجێکردنی ڕاسپاردەو ئەنجامەکانی توێژینەوە باشەکانو ئەوانەی مەرجە زانستییەکانیان تێدایە لە بواری پەروەردەدا.

١٢. دەستەبەر کردنی خزمەتی ڕاوێژکردنی ئاماریو شیکردنەوەی ڕوونکردنەوەکانی ئاماریی لە بەشەکانی توێژینەوەی پەروەردەیی بۆ ئەو توێژەرانەی پێویستیان پێیەتیو دروستکردنی بانکی زانیارییەکان.

١٣. دانانی کتێبێکی ڕابەر (دلیل) بۆ توێژەر بۆ ئەوەی بە تەواوی ئاشنا بێت بە ڕێگاکانی توێژینەوە.

١٤. کردنەوەی (Website)ێکی تایبەت بە توێژینەوەکانی پەروەردەیی.

١٥. ئاسانکاری بکرێت بۆ توێژەرەکان لە کاتی ئەنجامدانی کارەکانیان (وەزارەت نووسراوی پشتگیری بکات بۆ ئەو مەبەستە بۆ سەرجەم لایەنە پەیوەندیدارەکان).

١٦. مسۆگەرکردنی سەربەخۆیی ناوەندی توێژینەوەی پەروەردەییو دوور ڕاگرتنی لە هەموو جۆرە کارتێکردنو دەست تێوەردانێك.

٢- كردنـــەوەی خـــولی شـــیاندن و ڕاهێنـــان بـــۆ کارمەنـــدانی ڕاگەیانـــدنی پـــەروەردەیی کـــە لـــە حەفتەیـــەك کـــەمتر نـــەبێت بەهەماهـــەنگی لەگـــەڵ بەڕێوەبەرایەتی مەشق و ڕاهینانندا.

٣- تـــەرخانکردنی کورســـی خوێنـــدن لـــە کۆلیـــژەکان و زانکۆکـــان- بەشـــی ڕاگەیانـــدن بـــۆ کارمەنـــدانی ڕاگەیانـــدنی پـــەروەردەیی مۆڵەتێپـــدراو لەســـەر ئەرکی وەزارەتی پەروەردە.

٤- لەهـــەر شـــاندێکی پـــەروەردەیی تـــەکنیکی کـــە ڕەوانـــەی دەرەوەی هـــەرێم دەکرێت کارمەندێکی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی تێـدا ئەنـدام بێـت، بەتایبـەتی ئەگەر ژمارەی ئەندامەکانی لە(٥) کەس زیاتر بێت.

٥- دەستنیشـــانکردنی مامۆســـتایەك لەهـــەر قوتابخانەیـــەك بـــۆ کارەکـــانی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی و سەرپەشتێکردنی (یانـەی داهێنـان) کە پێویستە لەهەر قوتابخانەیەك دابمەزرێت و دەرکردنی ڕێنمایی تایبـەت بۆڕاپەڕانـدنی کاروباری ئەم یانەیە.

٦- بـــەهیزکردن و گەشـــەپێدانی ڕاگەیانـــدنی پـــەروەردەیی لـــە ناوچـــە تـــازە ئازادکراوەکانی کوردستان.

٧- دامەزرانـــدنی کـــەناڵێکی تەلـــەفزیۆنی ئاسمـــانیی پـــەروەردەیی لـــە گـــەڵ دابینکردنـــی مـــیلاك و پێداویستییەکانیدا.لـەم ڕووەوە پێشـنیار دەکـەین کـە نیـوەی مـاوەی پەخشـی کـەناڵی ئاسمـانیی تەلـەفزیۆنی نـەورۆز ، کـە بڕیـارە وەزارەتـــی ڕۆشـــنبیری بیکاتـــەوە ،بـــە شـــێوەیەکی کـــاتی بـــۆ کردنـــەوەی بەرنامەپەروەردەیەکانی وەزارەتی پەروەردە تەرخان بکرێت.

٨- فراوانکردنـــی پـــەخش‌و مـــاوەو مـــەوداو کـــاری تەلـــەفزیۆنی پـــەرورەدەی سلێمانی.

٩- دامەزراندی ئێستگەیەکی ڕادیۆی پەروەردەیی کەپەخشەکەی سەرتاسەری بێت

١٠-زیادکردنی تیراژی گۆڤارو ڕۆژنامەی پەروەردەیی (ئاسۆی پەروەردەیی، ئاسۆی مندالان، ئاسۆی فێرخوازان.(افاق تربوية) بەتایبەتی گۆڤاری ئاسۆی مندالان بەرێژەی ٧٥٪ بگاتە باخچەی ساوایانو قوتابخانە سەرەتاییەکان تەرخانکردنی بودجەیەکی هەمیشەیی.

١١- چاپکردنی بەرهەمی پەروەردەیی مامۆستایان پاداشتکردنی خاوەن بەرهەمەکان.

١٢-پێکهێنانی لیژنەیەکی گەلالەکردنی عەقلو هزرە پەروەردەییەکان، بەمەبەستی کۆکۆدنەوەی ناوی ئەو ئەدیبونووسەرە پسپۆرە پەروەردەییانەی لە بواری ڕۆشنبیریو ڕاگەیاندی پەروەردەییدا کاردەکەنو پێشنیاریان هەیە ئەوکەسانە بەرەسمی بانگ هێشت بکرێن لە ڤیستیڤالەکانیش بەشداربن.

١٣-کاراکردنی کتێبخانەی قوتابخانەکانو کتێبخانەی مندال، لە پێناو گەشە پێدانو خزمەتکردنی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی.

١٤- هەماهەنگی لەگەل ناوەندەکانی ڕاگەیاندنی هەرێم بۆ ئامادە کردنو پەخشکردنی بەرنامە پەروەردەیەکان.

**شازدەم: ڕاسپاردەکانی کۆنگرە سەبارەت بە نەهێشتنی نەخوێندەواری**

١- دانانی (بەڕێوەبەرایەتی نەهێشتنی نەخوێندەواری و فێرکردنی گەورە). لە جیاتی بەڕێوەبەرایەتی نەهێشتنی نەخوێندواری.

٢-گۆڕینی ماوەی قۆناغەکانی خوێندن بۆ (٣) قۆناغ و هەر قۆناغێك بە ساڵێکی خوێندن تەواو بکرێت، قۆناغی یەکەم بەرامبەر بە چوارەمی سەرەتایی ، قۆناغی دووەم پرۆگرامی چوارەم و پێنجەمی سەرەتایی و قۆناغی سێیەم پرۆگرامی شەشەمی سەرەتاییە.

٣- کاروباری بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی تەوزیمی بخرێتەوە سەر بەڕێوەبەرایەتی فێرکردنی سەرەتایی۰

٤- پرۆسەی هەڵمەتی نەهێشتنی نەخوێندەواری ئارەزوومەندانەیە ، داواکارین بکرێتە تەوزیمی بۆ فەرمانبەران و کارمەندانی حکومی و پێشمەرگە و هێزی ناوخۆ و دامو دەزگاکان۰

٤- ناردنی بەڕێوەبەر و مامۆستا و کادیرانی ئەم بوارە بۆ دەرەوەی وڵات بۆ بینینی ئەزموونی وڵاتان ، هەروەها هێنانی شارەزایان لە دەرەوەی وڵات بۆ مەشق و ڕاهێنانی پەروەردەکارانی ئەم بوارە ۰

٥- دانانی میکانیزمێك بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی بنکە و قوتابخانەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواری و فێرکردنی گەورە ، وەك ئەوەی لە ئامار و نەخشەی قوتابخانە سەرەتاییەکاندا ئاماژەی پێبکرێت۰

٦- بەرزکردنەوەی مووچەی وانەبێژیی مامۆستایانی بنکەکان لە (٦٠٠٠٠) هەزار دینارە وە بۆ (١٥٠٠٠٠) هەزار دینار۰

٧- کردنەوەی پاشکۆ لە قۆناغی ناوەندیی و دواناوەندیی بۆ فێرخوازان ئەوانەی ئارەزووی تەواوکردنی خوێندیان هەیە لە شار و شارۆچکەکاندا ۰

٨- پێداچوونەوە و گۆڕانکاری لە یەکخستنی پرۆگرامەکانی خوێندنی قۆناغەکان ۰

٩- بەڕێوەبەری قوتابخانەکان لەسەرەتای ساڵی خوێندن ئاماری گشت نەخوێندەواران و دابڕاوانی خوێندن لە سنووری جوگرافی قوتابخانەکەی خۆی ئەنجام بدات و دانەیەکی ئەو سەر ژمێرییە بنێرێتە وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکان.

١٠- خوێندنی مەلزەمەیەك یا چەند وانەیەك لە کۆلێژ و پەیمانگاکانی مامۆستایان لەسەر نەهێشتنی نەخوێندەواری و فێرکردنی گەورە و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ گەوراندا.

١١- بنکە و قوتابخانەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواری لەلایەن بەڕێوەبەر و مامۆستایانەوە بە کارێکی لاوەکی دانەنرێت ، چونکە هەمان ڕێنماییەکانیان بەسەر دا جێبەجێ دەکرێت.

١٢- هەر پەروەردەیەك سەر ژمێری گوند و لادێکانی خۆی بکات ئەوانەی بنکەی لێ کراوەتەوە و ئەوانەی تا ئێستا نەکراوەتەوە بۆ ئەوەی تیایدا بکرێتەوە.

١٣- ساڵانە ڕاپرسی و هەڵسەنگاندن ئەنجام بدرێت.

١٤- چاپکردنی هۆیەکانی فێرکردنی تایبەت بەم بوارە و فێرکردنی گەورە.

١٥- هەوڵبدرێت سوود لە مامۆستایانی زیادە لەسەر میلاك وەربگیرێت لە هەمان قوتابخانە بۆ وانەبێژیی بنکەکان.

١٦- کردنەوەی چەند سەنتەرێك بۆ فێربوونی فێرخوازان لەسەر کارە دەستییەکان.

١٧ چاپکردنی پۆستەر و پروپاگەندە بۆ پرۆسەی هاندان و خۆ ناونووسکردنی فێرخوازان.

١٨- دان پێنان و گرنگیدان بە بڕوانامەی دەرچوونی فێرخوازان بە تایبەتیش لە کاتی دامەزراندنیان.

١٩- بەردەوامیدان بە دەرچوونی ڕۆژنامەی ئاسۆی فێرخوازان و پێشخستنی.

٢٠- کەناڵ و دەزگاکانی ڕاگەیاندن کاریگەری زیاتر بنوێنن بۆ هاندانی ئەم پرۆسەیە.

## حەڤدەم: پێشنیارە گشتییەکان

١- هەوڵدەدەین بۆ کەم کردنەوەی ژمارەی قوتانیان و خوێندکاران لە پۆلەکانی خوێندندا، بۆ ئەو مەبەستەش داوا لە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران دەکەین بودجەی پێویست تەرخان بکات بۆ دروستکردنی باڵاخانەی قوتابخانە لەو شوێنانەی پێویستیان پێ هەیە.

٢- گرنگدان بەوانەکانی وەرزشی و هونەر و چالاکییەکانی دەرەوەی قوتابخانە بەدابینکردنی مامۆستای کارامە و شارەزا، هەروەها دابینکردنی هەموو پێداویستییەکانی هەمە جۆر بۆ بەرەوپێشبردنی ئەو بوارە لە ڕووی هونەرییەوە.

٣- بایەخ دان بە چالاکیی قوتابخانەکان لە گەشت قوتابخانە و وەستان لەسەر شوێنەواری کەلتوری و ناوچە گەشتیارییەکان و کارگە پیشەسازییەکان.

٤- بایەخدان بە سیستەمی خوێندنی هاوبەش لە نێوان مامۆستا و قوتابی لە ڕووی خستنەڕووی بابەتەکانی خوێندن، بۆ ئەوەی قوتابی هەست بکات کە ئەویش بەرپرسە لە ناو پۆلدا.

٥- کردنەوەی کۆلێژی مامۆستایانی کراوە، بۆ ئەو مامۆستا سەرەتاییانەی کە ئیستاکە لە ڕاژەن و ئارەزووی بە دەستهێنانی بڕوانامەی بەرزترن بە

جۆرێـك بگـونجێ لەگـەڵ كـاتی دەوامكردنیـان. بـۆ ئـەوەی ئاسـتی زانسـتیان بەرزبێتەوە.

٦- لـە بـەر ئـەوەی حكومـەتی هـەرێمی كوردسـتان بایـەخ بـە كـەرتی تایبـەت دەدات بـۆ بوژانـەوەی ژێرخـانی ئـابووری كوردسـتان، ئـەوەش پێویسـتی بـە كارمەندی پسپۆر و شارەزا هەیە، بۆیە دەبێ فێركردنی پیشەیی گەشـەی پـێ بدرێت و بەرەوپێش بڕوات لە رووی تیۆری و پراكتیكیوە ئـەوەش پێویست بەوە دەكات كە سیستەمی ئینسیابیە هەبێت بۆ ئەوەی كەناڵەكانی فێركـردن پیشەیی زیندو بكرێنەوە قوتابیان بەرەو ئەو كەنالأنە بڕۆن و وەربگرین.

٧- بایەخدان بـە فێركردنـی ئـەهلی بـە هـەموو قۆناغەكانییـەوە بـۆ هانـدانی كەرتی تایبەت تاوەكو ڕۆڵی خۆیان ببینن لـە پێشخسـتنی پرۆسـەی پـەروەردە و فێركردن لە هـەرێمی كوردسـتان ئـەوەش ببێتـە هۆیـەكی پێشـبركێ لەگـەڵ قوتابخانە میرییەكان.

٨- جێبـــەجێكردنی نەخشـــەی قوتابخانـــە واتـــە( الخارطـــة المدرســـية) و بـەكارهێنانی سیسـتەمی GPS بـۆ دەستنیشـانكردنی شـوێنی قوتابخانـەو خوێنـدنگاكانی بـۆ ئـەو شـوێنانەی پێویسـتی پـێ هەیـە بـۆ ئـەوەش دەبـێ باشترین نموونەی داهاتی مرۆیی و دارایی بەكاربهێندرێ تاوەكو ئـەو نەخشـە جێبـەجێ بكرێـت بـە شـێوەیەكی تایبـەتی لـەو گونـد و دێهاتانـەی چـڕی دانیشتوانیان تێدایە و شوێنی جوگرافیان ڕەچاوبكرێت.

٩- ئـەو قوتابییانـەی لـە دەرەوە دێنـە هـەرێم دەبـێ لـە سـاڵێك زیـاتر لێ نـەبوردرێن لـە خوێنـدنی زمـانی كـوردی و پەیمانگەیـەكیان بـۆ بكرێتـەوە تاوەكو فێری زمانی كوردی بن.

١٠-زمانی خوێندن لە هەموو کوردستاندا یەك بێت، واتە خوێندن بەزمانی ستانداری کوردی بێت.

١١- لە قوتابخانە و خوێندگاکاندا لێژنەیەك پێك بهێندرێت بە ناوی لێژنەی دژی توندو تیژیی کە ئەندامەکانی لە مامۆستا و قوتابی و نوێنەری ئەنجوومەنی دایبابان شان بە شانی لێژنەکانی دیکەی قوتابخانە و خوێندگە بێت.

١٢- هەر لە سەرەتای ساڵی خوێندنەوە، ئاگاداری سەرجەم بەڕێوەبەرایەتییەگشتییەکان بکرێت دەربارەی ڕۆژانی پشووەکان، ئیتر لەو ڕۆژانە زیاتر هێچ ڕۆژێکی تر بە پشوو دانەنرێن.

١٣- گرنگیدانی زۆر زیاتر و بایەخدانێکی تەواو بە بەدوا داچوونی بواری تەندروستی بۆ سەرجەم مندالآنی قۆناغی سەرەتایی بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی.

١٤- ئەمڕو ئاو سەرچاوەی نەخۆشییە ئەگەر پاك نەبێت، لە قوتابخانە و خوێندگاکاندا سەرچاوە ئاوییەکان پیس و بێکەڵك دەبن، بۆیە دەبێ چەند لێژنەیەکی هاوبەش لە نێوان بەڕێوەبەرایەتیە گشتییەکانی پەروەردە و بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی شارو شارۆچکەکاندا دروست بکرێت بۆ پشکنینی سەرچاوەی ئاوی خواردنەوە و شوێنی ئاودەستەکان تا چەند پێویستیان بە پاککردنەوە و نۆژەنکردنەوە هەیە بۆ پاراستنی گیانی منداڵەکانمان.

١٥- دەبێت هەموو بەڕێوەبەرێکی قوتابخانە لە سەرەتای هەموو ساڵێکی خوێندندا بەرنامەیەکی کار بۆ ساڵی خوێندن دابنێت، قوتابیان و مامۆستایان بەشداری دەکەن لە ئامادە کردنی بەرنامەکەدا.

١٦- بەرنامەی کار دەکرێت بە شێوەیەکی ئاسان ئامادە بکرێت و بریتی بێت لە پێنج بەش (تاوتۆ، ئامانجەکان، چۆنیەتی گەیشتن بە ئامانجەکان، هەڵسەنگاندن و ڕێکخراوی قوتابخانە).

١٧- شێوازی وانە وتنەوە لەگەڵ هەر پەرتووکێکی خوێندن نامیلکەیەك دابنرێت بۆ مامۆستا باس لەچۆنێتی و ڕێبازی وانە وتنەوە بکات و چەند زانیارییەکی زیاتر بە مامۆستا بگرێتەوە. چونکە شێوازی وانە وتنەوە وەکو زانستێکی زۆر گرنگ بۆ گەیاندنی ئەو زانیارییانەی لە ناو پەرتووکەکاندایە بۆ قوتابی و خوێندکار و وەهەروەها کار ئاسا نیشە بۆ مامۆستا لە ڕووی تیۆر و پراکتیك و هەروەها بایەخدارتر دەبێت.

١٨- بایەخ بە خوێندنەوەی دەرەکی بدرێت و هەوڵ بدرێت مامۆستایان کاتی گونجاوی بۆ دابنێین و ببێتە بڕگەیەکی گرنگ لە وانەکانیان و بەرنامە و پلانی بۆ دابنێین، وەکو بەشە وانەیەك نمرەی لە سەربێت داوا بکرێت پەرتووك بخوێندرێتەوە لە سەر بابەتەکان و ڕاپۆرت و کورتکراوەکان داوا بکەن، ڕاو سەرنج داوا بکرێت لە قوتابیان لەسەر ئەو پەرتووکانەی کە دەیخوێننەوە و بۆ ئەوەی خوێندکار و قوتابی لەگەڵ ئاقاری خوێندنەوە ئاشنا بن و ببێتە حەز و ئارەزوویان. بۆیە پێویستە گرنگی بە پەرتووکخانەی قوتابخانە بدرێت و جێگاو شوێن و پێداویستییەکانی بۆ ئامادەبکرێت و کەسانی شارەزای بۆ تەرخان بکرێت.

١٩- پێویستە ئەو بابەتانەی کە لە قوتابخانە و خوێندنگەکاندا دەخوێندرێن کە لە پەرتووکەکانی پرۆگرامدان لەهەمان کات دا پەرتووکی ترهەبێت لەسەر هەمان بابەت خوێندکار و قوتابی شارەزاییان زیاد بکەن لەو بابەتانە،

وەكو پەڕتووكی یاریدەر و مامۆستا ڕۆڵی خۆی ببینێ بە ئاراستە كردنیان و داوای زانیاریان لێ بكات لەسەر ئەو پەڕتووكانە.

٢٠-دیاریكردنی ئەو كەسانەی كە خولی ڕاهێنانی مامۆستاو كارمەندانی پەروەردەیان پێ دەسپێرێ، وە دەبێت ئەو كەسانە خاوەن شارەزاییەكی زۆربن لە بواری ئەو بابەتانەی كە پێیان دەسپێردرێت بەشێوەیەكی زانستی نوێ و تازە ترین زانیاریان پێبدرێت كە لەو بابەتانە لە سەر ئاستی جیهاندا هەن.

٢١-بۆ جێبەجێكردنی ڕاسپاردەكانی كۆنگرە پێویستە میكانزمێكی تۆكمە دابنرێت و بخرێتە بواری كاركردن و جێبەجێكردن دەبێت لێژنەیەكی هاوبەش لە وەزارەتی پەروەردەو شارەزایانی بواری پەروەردە لە ناو خۆی وڵات و دەرەوەی وڵات و وەزارەتە پەیوەندارەكان بۆ دانانی پلانێكی نزیك خایەن و دوورخایەن بۆ جێبەجێكردنی ڕاسپاردەكانی كۆنگرە.

٢٢- بەمەبەستی تەواوكردنی پرۆگرامەكانی خوێندن بەشێوەیەكی ڕێك و پێك و دوانەكەوتن لە بابەتەكانو گونجانی لەگەڵ ئەو سیستەمەی كەلە جیهان هەیە، نابێ ساڵی خوێندن لە ٣٤ حەفتە كەمتر بێت. بۆیە وابەباش دەزانیین خشتەی دەوام لەهەموو قوتابخانەكان و خویندنگاكانی هەرێم هەموو ساڵێك بەم شێوەیەی خوارەوە بێت

أ- ٩/١/ هەتا ١٢/١ دەوام بكرێت

ب- لە ١٢/٢ هەتا ١٢/٨ پشوو بێت

ت- لە ١٢/٩ هەتا ٣/٤ دەوام بێت

پ- لە ٣/٥ هەتا ٣/٢٣ پشووی بەهار بێت

ج- لـه ٥/٢٤ هـەتا ٧/١ دەوام بـەردەوام دەبێـت و تاقیکردنـەوەکانی تیـدا ئەنجام دەدرێت.

ح- له ٧/١ هەتا ٩/١ پشووی هاوینه بێت بەمـەرجێك ئەزموونـەکانی خولی دووەمی تیادا ئەنجام بدرێت بەپێی ئەو خشتەیەی لەلایەن بەڕێوەبەڕایـەتی گشتی ئەزموونەکان دادەنرێت

٢٣- سایتێکی تایبەت بـەوەزارەتی پـەروەردە هـەبێت و هـەموو کەسێك بـۆی هـەبێت بـیرو بۆچـوون و گرفتـەکانی پـەروەردە لـە هـەرێم دەربـڕێ بەدواداچوونەوەی بۆ بکرێت له لایەن وەزارەتی پەروەردە.

نموونەی فۆرمی سەرپەرشتیاری /١

**حکومەتی هەرێمی کوردستان**

**وەزارەتی پەروەردە .....**

**بەڕێوەبەرایـــــــــەتی گشـــــــــتی پـــــــــەروەردە /**

**ژمارەی فۆرم /**

**بەڕێوەبەرایـــــــــەتی پـــــــــەروەردەی قـــــــــەزا /**

**ڕۆژی پێشکەشکردنی فۆرم/**

**یەکـــــــــەی سەرپەرشـــــــــتیکردنی ناوەنـــــــــدیی /**

**جۆری پسپۆری/**

**فۆرمی هەڵسەنگاندنی مامۆستا**

**بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٠٠/٢٠٠٠ زاینی - ٢٧٠٠/٢٧٠٠ کوردی**

**ناوی چـواریـنی مامۆسـتا.....................** **ڕەگـەز :**

**مێ ، نێر**

ناوی قوتابخانه...............                                                            شوێنی

قوتابخانە : شار ، گوند

بەرواری یەکەم دامەزراندنی : / / شوێنی

یەکەم دامەزراندنی :

بەرواری پەیوەندیکردنی بەم قوتابخانەیە : / / /

ئەو بابەتەی دەیڵێتەوە :

ساڵی لە دایکبوون :

ئەو پۆلانەی وانەی تیادەڵێتەوە :

بەشەوانەی لە هەفتەیەکدا :

| بوارەکانی هەڵسەنگاندن | | |
|---|---|---|
| جۆری بواری هەلسەنگاندن | بەشەکانی بواری هەڵسەنگاندن | پلەی هەڵسەنگاندن بە دەربڕینی زارەکی |
| پلاندانان (التخطيط) | ١- ئامادەکردنی پلانی ساڵانە لە سەرەتای ساڵی خوێندن.<br>٢- گونجانی پلانی ساڵانە لەگەڵ ڕۆژەکانی ساڵی خوێندن.<br>٣- پابەند بوون بە جێبە جێکردنی پلانی ساڵانە.<br>٤- دەوڵەمەندکردنی پلانی سالانە بە چالاکی و داهێنان .<br>٥- ئامادەکردنی پلانی (وانە) ڕۆژ بە ڕۆژ بەر لە چوونە ژووری پۆل.<br>٦- پابەندبوون بە جێبە جێکردنی بڕگەکانی پلانی (وانە).<br>٧- گونجاندنی پلانی وانە لەگەڵ ئامانجی بابەتی وانەوتنەوەکەدا. | |

| | | |
|---|---|---|
| | ٨- دەوڵەمەندکردنی پلانی وانە بە چالاکی و داهێنان٠ | |
| شێوازی وانە وتنەوە (طرق التدريس) | ١- خۆمائادەکردنی ڕۆژانە (التحضير اليومى )٠<br>٢- توانا و شارەزایی مامۆستا لە بابەتی وانەووتنەوەدا٠<br>٣- گونجاندنی شێوازی وانە وتنەوە لەگەڵ ئامانجی وانەکەدا٠<br>٤- زمان پاراوی مامۆستا لە ناو پۆلدا (السلاسة اللغوية للعلم)٠<br>٥- بەستنەوەی بابەتەکە بە ژیانی ڕۆژانە و ژینگەی قوتابی٠<br>٦- شێوازی بەڕێوەبردنی پۆل ٠<br>٧- بایەخدان بە چالاکی ناو پۆل و چالاکی ماڵەوە ٠<br>٨- ڕەچاوکردنی جیاوازیەکانی نێوان قوتابیان لە کاتی وانە وتنەوەدا ٠ | |
| هۆیەکانی فێرکردن (الوسائل التعليمية) ئامێرەکانی تاقیگە | ١- بەردەوام بوون لە بەکارهێنانی هۆی فێرکردن ٠<br>٢- بەکارهێنانی هۆیەکانی فێرکردنی جۆراوجۆر ٠<br>٣- گونجاندنی هۆی فێرکردنەکە لەگەڵ ئامانجی بابەتەکەدا٠<br>٤- شێوازی بەکارهێنانی هۆی فێرکردن.<br>٥- ڕەخساندنی بوار لەبەردەم قوتابییاندا بۆ بەشداری لە بەکارهێنانی هۆی فێرکردن | |
| کەسایەتی | ١- پێشەنگێکی چاك (القدوه الحسنه).<br>٢- گرنگیدان بە ڕەوالەتی دەرەوە ٠<br>٣- هەلسەوکەوتی لەگەڵ قوتابی دا ٠<br>٤- ئارامیی و لەسەرخۆیی ٠<br>٥- توانای بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان ٠<br>٦- پەیوەندی لەگەڵ کارمەندانی ناو | |

| | | |
|---|---|---|
| | قوتابخانه ·<br>٧- پەیوەنـــدی لەگـــەڵ کەســو کـــاری قوتابیان ·<br>٨- ئامادەیی بۆ ڕەخنە لێ گرتن · | |
| پابەندبوون بە ڕێنماییەکان | ١- ڕۆژانــە ئامــادەبوونی لــە قوتابخانــە لە کاتی خۆیدا ·<br>٢- پابەنـــدبوونی بـــە ڕێنماییـــەکانی سەرپەرشتیاران ·<br>٣- بەشداریکردن لـە لیژنـە زانستی و پەروەردەییەکان ·<br>٤- ڕادەی هاوکـــــاریکردن لەگــــــەڵ سەرپەرشتی کارگێڕی قوتابخانه · | |
| ئەنجامـــــدانی کـــــــاری هەڵسەنگاندن | ١- بـەردەوامیی لـە ئەنجامـدانی کـاری هەڵسەنگاندن لە ناو پۆلدا·<br>٢- بــــــەرفراوانی هەڵســــــەنگاندن (هەموولایەنـــــەکانی بابەتەکــــە دەگرێتەوە)·<br>٣- پـــــەیڕەوکردنی هەڵســـــەنگاندنی جۆراوجۆر · | |
| کاریگـــــەری مامۆستا لە قوتابیان | ١- ئاستی بە دەستهاتووی خوێندن.<br>٢- هاوبەشــی پێکردنــی قوتابیــان لــە بەدەستهێنانی ئامانج ·<br>٣- ڕاهێنانی قوتابی لەسەر گفتو و گۆ و لەیەك گەیشتن ·<br>٤- بـەدیهێنانی کارامـەیی (مهـارە) لـە بـە جێهێنـانی کـاری تاکـە کەسـی و کۆمـەڵدا·<br>٥- ڕوانـدنی (بـەهاکان) و ئـارەزوو لـە دەرونی قوتابیدا· | |

## ئه نجامی گشتی هه ڵسه نگاندن :-

پوختەی تێبینیەکان :

ماموٚستایەکی سەرکەوتوو داهێنەرە ، ماموٚستایەکی ئاساییە

بەشداری خولی راهێنان بکرێت ، سەرلە نوێ ئامادەبکرێتەوە ( تاهیل بکرێتەوە )

تێبینی و ڕاسپاردەکان : ئیمزای سەرپەرشتیار/

ناوی سەرپەرشتیار /

وێنەیەك بوٚ :

ب٠س٠ سەرەتایی و باخچەی ساوایان / ب٠گ٠پ / ......................

یەکەی سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی /......................

قوتابخانەی /......................................

نموونەی فۆرمی سەرپەرشتیاری/ ٢

حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی پەروەردە ...

بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە........................ بەرواری

پێشکەشکردنی فۆرم /

یەکەی سەرپەرشتیکردنی سەرەتایی و باخچەی ساوایان جۆری پسپۆری / کارگێری

## فۆرمی هەڵسەنگاندنی بەڕێوەبەر

بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٠٠/٢٠٠٠ زاینی - ٢٧٠٠/٢٧٠٠ کوردی

ناوی چوارینی بەڕێوەبەر/.................. ڕەگەز : نێر ، مێ

ناوی قوتابخانەکە ...................... شوێنی قوتابخانە : شار ، گوند

بەرواری یەکەم دامەزراندن: / / / شوێنی یەکەم دامەزراندنی :

بەرواری بوونی بە بەڕێوەبەر: / / /

ساڵی لە دایکبوون :

| بوارەکانی هەڵسەنگاندن | | |
|---|---|---|
| جۆری بواری هەڵسەنگاندن | بەشەکانی بواری هەڵسەنگاندن | پلەی هەلسەنگاندن بە شێوازی زارەکی |
| پلاندانان (التخطيط) . | ١- دانانی پلانێکی ستراتیجی بۆ بەڕێوەبردن و ڕێکخستنی کارەکان .<br>٢- پابەندنەبوون بە جێبە جێکردنی بڕگەکانی پلانە ستراتیژییەکە .<br>٣-بەدواداچوون بۆ جێبەجێکردنی بڕگەکانی پلانەکە .<br>٤- دەوڵەمەندکردنی پلانەکە بە چالاکی و داهێنان .<br>٥- گونجاندنی پلانەکە لەگەڵ سیستەمی کارگێری قوتابخانەکاندا . | |
| سیستەمی قوتابخانە ( النظام المدرسي) | ١- دابەشکردنی ئیش و کار و بەرپرسیارییەتی بەسەر یاریدەدەر و کارمەندانی قوتابخانەکەدا .<br>٢- دابەشکردنی بەشەوانە بەسەر ماموٚستایاندا بە پێی پسپۆری و شارەزاییان.<br>٣- ڕێکخستنی تاقیکردنەوەکان و هەلسەنگاندنەکان و پاراستنی بڕوانامەکان.<br>٤- بایەخدان بە تۆمارەکان و ڕێکخستنیان و بەدواداچوون لەسەر تۆمارکردنی زانیارییەکان تیایاندا .<br>٥- کاراکردنی ئەنجومەنی باوکان و ماموٚستایان و بەدواداچوون لەسەر جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان .<br>٦- بایەخدان بە ڕۆڵی (داتا) و ڕاگرتنی تۆمارێك بۆ ئامارەکان . | |
| هەڵسو کەوت | ١- رەخساندنی باروودۆخێکی گونجا و لە | |

| | | |
|---|---|---|
| هەڵسوکەوت لەگەڵ کۆمەڵگەی قوتابخانە و کۆمەڵگەی خۆجێیەتی التعامل مع المجتمع المدرسي و المحلي | پەیوەندی چاك و هاوسەنگ لەگەڵ دەستەی مامۆستایان. <br>٢-پەیداکردنی پەیوەندییەکی (پوزەتیفانە) لەگەڵ فەرمانبەر و کارگوزاران . <br>٣- پەیداکردنی پەیوەندییەکی (ئەرێنی) لەگەڵ قوتابیان . <br>٤- بەدیهێنانی بەشداریکردنێکی پەروەردەیانە لەگەڵ کەس و کاری قوتابیاندا لە رێگەی (چالاکیە پەروەردەییەکان ، بڵاوکردنەوەی هوشیاری پەروەردەیی ) . | |
| بینای قوتابخانە | ١- بایەخدان بە چاکردنەوە و خاوێن راگرتن و جوانکاری بینای قوتابخانە <br>٢- بەدواداچوون بۆ (سەلامەتی) بەشەکانی بینای قوتابخانە و گۆرەپانەکانی وەرزش و ئامێر و کەلوپەلەکانی ناو قوتابخانە . <br>٣- رواندنی گیانی هەست یە لێپرسینەوە لە ناو کارمەندان و قوتابیاندا بۆ پارێزگاری و پاراستنی بینا و کەلوپەلی قوتابخانە . <br>٤- رۆلی لە دابینکردنی کتێبخانە و تاقیگە و هۆیەکانی فێرکردن . | |
| ئاستی خوێندنی قوتابیان | ١- شیکردنەوەی ئەنجامی تاقیکردنەوەکان و راگرتنی تۆماری (بەدواداچون) بۆ رێژەی دەرچوون مانگ به مانگ . <br>بەشداری لەگەڵ دەستەی مامۆستایان بۆ دارشتنی پلان بۆ بەرزکردنەوە ئاستی خوێندن لە قوتابخانەدا . | |
| کارمەندانی قوتابخانە | ١- بەدواداچوون لەسەر گەشەی پیشەیی کارمەندانی ناو قوتابخانە . <br>٢- بەدواداچوونی ئیش و کاری کارمەندان. <br>٣- راگرتنی تۆماری تایبەت بە کارمەندان و هەلسەنگاندنی ئیش و کارەکانیان . | |

| | | |
|---|---|---|
| دیدەنی و بەسەرکردنەوە | ١- بایەخدان بە دیدەنی مامۆستایان لە پۆلەکانیاندا و تۆمارکردنی ڕاو سەرنج و تێبینیەکانی لە (تۆماری دیدەنی مامۆستایاندا) ·<br>٢- بەدواداچوونی بایەخدانی مامۆستایان بە پلانی ساڵانە و پلانی وانە· | |
| پابەندبون ڕێنماییەکان | ١- پابەندبوون بە ڕێنماییەکانی بەڕێوەبەرێتی پەروەردە ·<br>٢- پابەندبوون بە ڕێنماییەکانی سەرپەرشتیاری پسپۆڕی کارگێری ·<br>٣- بەدواداچوونی جێبەجێکردنی ڕێنمایی و راسپاردەی سەرپەرشتیاران لەلایەن مامۆستایانەوە | |

**ئەنجامی هەڵسەنگاندن**

**پوختەی تێبینیەکان :**

**بەڕێوەبەرێکی سەرکەوتو ڕاهێنەر،　　　بەڕێوەبەرێکی ئاساییە،**

**بەشداری خولی کارگێری بکرێت　　　بگوێزرێتەوە**

**لا بیرێت لە بەڕێوەبەر**

**ئیمزای سەرپەرشتیاری/**

**ناوی سەرپەرشتیار/**

**وێنەیەك بۆ :**

**ب·س· سەرەتایی و باخچەی ساوایان / ب·گ·پ / ..................**

**یەکەی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی /......................**

**قوتابخانەی /..................................**

دوا کۆ کردنەوەی نمرەکان ئەنجامی هەڵسەنگاندن بە شێوەی (مەزەندەکردن) ڕادەگەیەنرێت وێنەیەکی دەدرێتە مامۆستاکە و وێنەیەکیش لە ناو دۆسیەی کەسی هەڵدەگیرێت (مەزندەکانیش) بەم شێوەیە دەبن :-

| | |
|---|---|
| لە ٦٠٪ کەمتر | / لاواز |
| ٦٠-٦٩ | / پەسند |
| ٧٠-٧٩ | / باش |
| ٨٠-٨٩ | / زۆر باش |
| ٩٠-١٠٠ | / نایاب |

# پرۆژەی گۆڕینی سیستەمی پەروەردە وفێرکردن

## وەزارەتی پەروەردە

پێشنیار کراوی کۆنگرەی پەروەردەیی

که له ڕۆژانی ۲۲ – ۲۰۰۷/۲٤ بەسترا له هەولێری پایتەخت

# بەشی شەشەم

## پرۆژەی گۆڕینی سیستەمی پەروەردە وفێرکردن

## بەشی شەشەم/ پڕۆژەی گۆرینی سیستەمی پەروەردە وفێرکردن

**کورتەی پڕۆژەکە :**

**ئەم پڕۆژەیە پێکهاتووە لە :**

١- پێشەکی : باس لە بەها بنەماییەکانی قوتابخانە وخوێندنگە دەکات.

٢- ئامانجەکان : ئەو ئامانجانەی کە چاوەڕوانکراون، لە ئەنجامی بە پراکتیکردنی گۆڕانکارییەکان، بە دەستبهێنرێن.

٣- هۆکارەکان: بە وردی باس لەو هۆکارانە دەکرێت کە وایکردوە گۆڕانکارییەکانی سیستەمی پەروەردە وفێرکردن پێویستییەکی هەنوکەیی ئەمڕۆی خوێندن بێت لە کوردستاندا.

٤- ڕیفۆرم و گۆڕانکارییە بنەڕەتییەکان : ئەم بەشە باس لە ریفۆرم و گۆڕانکارییە بنەرەتی و پێویستییەکانی ناو سیستەمی پەروەردە وفێرکردن دەکات.

٥- هەڵسەنگاندن و بەدواداچوون.

٦- کۆتایی

# پرۆژەی گۆڕینی سیستەمی پەروەردە وفێرکردن

## پێشەکی

سەردەمی گلۆبالیزم و تەکنیکی نوێ پێویستی بە سیستەمی پەروەردەی نوێ هەیە، بەرهەمی سیستەمەکە نەوەیەکی بڕوابەخۆ بوو، دیموکرات، دڵسۆز بە خاکی کوردستان و دەروونتەندروستە.

پڕەنسیپە دیموکراتییەکانی ناو قوتابخانە توانای تاکە کەس لە نێو پۆلدا لەبەرچاو دەگرێت، بە شێوەیەك کە نەك هەر مامۆستا چالاك و قوتابیانیش تەمبەڵ (پاسیف) بن، بەڵکو تواناو ئاستی جیاوازی گەشەی قوتابیان و خوێندکاران لەبەرچاو بگرێت و خوێندن و وانە وتنەوە لە پۆلدا بە پێی ئەو توانایانە ڕێکبخرێت بۆ ئەوەی منداڵانی کوردستان ئەو ساڵانەی تەمەنیان بە سوودترین شێوە بەکار بهێنن.

لە سیستەمی نوێی فێرکاریدا کچ و کوڕ هاونرخ و یەکسانن لە هەموو ماف و ئەرکێکدا. پرس و کێشەی ژنان و ئافرەتان بە ڕاشکاوی باسی لێدەکرێت و هۆکار و ئەنجامی ئەو دیاردە تاڵانەی مافی ژیان لە کچان و ژنانی کوردستان دەسێنێ، دەخرێتەبەر ڕۆشنایی زانست.

سیستەمی فێرکاری لە کوردستان، پشتبەستە بە پرنسیپە دیموکراتییەکان، خوێندن و پەروەردە لە قوتابخانەکانی کوردستاندا دەبێت بە شێوەیەك پێڕەو بکرێت کە بەها بنەماییەکانی قوتابخانە وخوێندنگەکان ببنە بەها بەرزەکانی قوتابی و خوێندکار، تا بتوانن بە شێوەیەکی سەربەست و لە ژێر بەرپرسیاریدا بەشداری لە ژیانی کۆمەڵدا بکەن.

خۆشەویستی بۆ خاك و نیشتمان و پەروەردە کردنی منداڵانی کوردستان بە گیانی نیشتمانپەروەرێتی دەبێت لە هەموو پلەکاندا پەیامێکی زۆر گرنگی قوتابخانە بێت.

بەها بنەماییەکانی قوتابخانە و خوێندنگەکان بریتین لە بەرزراگرتنی ژیانی مرۆڤ، یەکسانی ژن وپیاو، سەربەستی تاکەکەس، بەرابەری نرخی مرۆڤ و پشتگیری ئەوانەی پێویستیان بە یارمەتی هەیە. ڕێزگرتنی یاسا، دڵفراوانی،

لێبوردن و بەرپرسیاری ئەو پرنسیپانەن کە قوتابخانە و خوێندنگە، قوتابی وخوێندکار پێ پەروەردە دەکات.

هیچ جۆرە سەرکوتکردن و بێزارکردنێکی قوتابی و خوێندکار، فیزیکی یا دەروونی، لەناو سیستەمی فێرکاری کوردستاندا ڕێگەی پێنادرێت و لەکاتی سەرهەڵدانیدا قوتابخانە لە بنبڕکردنی بەرپرسیارە.

سیستەمی پەروەردە لە کوردستاندا سیستەمێکی کراوە و شەفافە، ڕێگە دەدات بە هەبوونی بیروبۆ چوونی جیاواز و قوتابی پەروەردە دەکات کە خاوەن هەڵوێست بێت، هەست بە بەرپرسیاری و بەشداری لە ژیانی کۆمەڵدا بکات. کاری قوتابخانە بەخشینی دڵخوشییە لە خوێندن و لە کاردا بە قوتابی.

سیستەمی پەروەردە ڕێز لە هەموو تاکێکی قوتابی و خوێندکار دەگرێت و خوێندنەکە دەگونجێنێت لەگەڵ ئاست و پێویستی قوتابییاندا. قوتابی خوێندکار ناوەندەو هەموو سیستەمەکە لە پێناوی گەیاندنی بەها بەرزەکان و زانست بە قوتابی کار دەکات.

ئەرکی قوتابخانەو خوێندنگە گەیاندنی زانستە بە قوتابی و خوێندکار، پەروەردە کردن و ئامادە کردنی قوتابی و خوێندکارە بە پشتیوانی دایك و باوك بۆ ژیانی گەورە ساڵی بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی سەربەست لە ژێر بەرپرسیاریدا بەشداری کاریگەر لە ژیانی کۆمەڵدا بکات.

خوێندن و پەروەردە بریتییە لە گەیاندنی زانست، کلتور، زمان و بەها بنەماییەکان لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر. قوتابخانە وخوێندنگە لە گەیاندنی بەرپرسیارێتیدا هاوکار و پشتگیری ماڵەوەیە.

قوتابخانەو خوێندنگە دەرگای بیرکردنەوە، داهێنان و دەستپێشخەری بۆ قوتابی و خوێندکار ئاوەڵا دەکات و بواری ژیانێکی سەربەخۆی بۆ دەردەخسێنێت.

زانست واتە ئاشنا بوون بە ڕاستیەکان، وەرگرتنی زانیاری، تێگەیشتن وتوانای چارەسەر کردنی گرفتە، نەك دەرخکردن (لەبەرکردن). وانە وتنەوە هەموو شێوەکانی کاری تەنیاو گروپ و پرۆژە دەگرێتەوە. قوتابی و خوێندکار بەشدارێکی چالاکە، مامۆستاش بەڕێوەبەری گەیاندنی زانستە.

ئەزموونەکان پێوەری کۆنترۆڵکردن نین، بەڵکو یەکێکن لە پێوەرەکانی هەڵسەنگاندن و بەدواداچووندا لە پێناوی گەیاندنی قوتابی و خوێندکار بە ئامانجەکانی.

## هۆکارەکانی گۆڕینی سیستەمی پەروەردە و فێرکردن

١- ڕێژەی بەرزی نەخوێندەوار لە کۆمەڵگای کوردستاندا.

٢- شەش ساڵی خوێندنی تەوزیمی (ئیلزامی) کەمە بۆ ئەوەی ئامادەی منداڵان و گەنجان بۆ کۆمەڵگای سەردەم بکات.

٣- وازهێنانی قوتابی و خوێندکار لە خوێندن، یەکێك لەو هۆکارانەی کە قوتابی - خوێندکار واز لە خوێندن دەهێنێت، سەرنەکەوتن و دەرنەچوونە لە پۆلی شەشی سەرەتاییدا.

٤- پێویستی بوونی ژینگەیەکی دیموکرات لە ناو قوتابخانە-خوێندنگەدا.

٥- ئاستی نزمی ڕێژەی دەرچوون لە پۆلەکانی شەشی سەرەتایی، سێی ناوەندی شەشی ئامادەیی.

٦- ئاستی نزمی خوێندن و توانا لە چاو پێویستی بازاری کاری نوێدا.

٧- خوێندن لە کوردستان زۆر تیۆرییە و دوورە لە پراکتیکی کارو پێویستییەکانی کۆمەڵەوە.

## ئامانجەکانی گۆڕینی سیستەمی پەروەردە وفێرکردن

### ١- بنبڕکردنی یا کەمکردنەوەی وازهێنان لە خوێندن

ئاشکرایە کە وازهێنان لە خوێندن لە کوردستان، لە قۆناغی شەشی سەرەتایی بۆ یەکی ناوەندی بۆتە کێشەیەکی گەورە و ساڵانە ژمارەیەکی زۆر منداڵانی تەمەن ١٢-١٣ ساڵ واز لە خوێندن دەهێنن و دەکەونە بازاری کارەوە. گرنگترین ئامانجی گۆڕینی سیستەمی پەروەردە و فێرکردن لە ئەمڕۆدا کەمکردنەوە یا بنبرکڕدنی وازهێنانە لە خوێندن.

### ٢- یاسای کاری نێودەوڵەتی:

لە وڵاتە دیموکراتیەکانی جیهاندا یاسای کاری نێودەوڵەتی ڕێگە نادات کە منداڵ لە تەمەنێکی کەمدا بکەوێتە بازاڕی کارەوە و کاربکات. بە تەوزیمی (ئیلزامیکردنی) خوێندن بۆ (٩) نۆ ساڵ وادەکات کە منداڵ لە تەمەنێکی کەمدا نەکەوێتە ناو بازاری کارەوە. بەم گۆڕانکارییانە کوردستان نزیك دەبێتەوە لە یاسای کاری نێو دەوڵەتی دیموکراتیەوە و دووردەکەوێتەوە لە بەکار هێنانی منداڵ لە بازاڕی کاردا.

### ٣- بەرزکردنەوەی ئاستی توانای کادیرانی پەروەدەیی لە کوردستاندا :

کارکردن لە بواری پەروەردە و فێرکردندا پێویستی بە کارمەندی پەروەردەیی ئاست بەرز و بە توانا هەیە. سیستەمی فێرکاری سیستەمێکە هەردەم لە گۆڕانکاری و بەرەوپێشەوە چووندایە، هەربۆیە دەبێت ئاستی زانستی و زانیاری کادیرەکان لە پێشکەوتندا بێت و بوار بڕەخسێنێت بە بواری پێشکەوتن و بەرزکردنەوەی ئاستی مامۆستایاندا.

**٤- پێویستی کۆمەڵی سەردەم :**

کۆمەڵ و بازاڕی سەردەم پێویستی بە مرۆڤی بە توانا و خوێندەوار هەیە. خوێندن تا پۆلی شەشی سەرەتایی پێویستییەکانی بازاڕی کاری کۆمپیوتەر و ئەلەکترۆنیك و گلۆبالیزم پڕ ناکاتەوە. هەر بۆیە گرنگە کە خوێندنی سەرەتایی ٩ ساڵی تەوزیمی (ئیلزامی) بێت.

**٥- ئەو بەهایانەی کە منداڵانی ١٢-١٥ ساڵ پێویستە پێی پەروەردە بکرێن :**

یەکێك لە گرنگترین کات، بۆ وەرگرتنی بەها و دروستبوونی کەسایەتی لە تەمەنی مرۆڤدا، تەمەنی ١٢-١٥ ساڵییە. بۆ ئەوەی منداڵانی کوردستان ببنە ئەندامی بڕوابەخۆ بوو، داهێنەر، بە تواناو خاوەن بیروبۆچوون و پرنسیپی بەرزی مرۆڤایەتی، دەبێت لە کەشێکی وادا پەرەوەردە بکرێن کە بڕوامان بە سەروەری یاسا و خۆشەویستی وڵات و یەکسانی ژن و پیاو هەبێت، ئەم بەهایانەش لە قوتابخانە- خوێندنگەدا دەگەیەنرێت، نەك لەسەر شەقامەکان.

**٦- بە پراکتیککردنی خوێندنی سەرەتایی و ئامادەیی ونزیککردنەوەی لە بازاری کارو خوێندنی باڵا :**

یەکێك لە ئامانجەکانی گۆڕانکارییەکان بریتییە لە بە پڕاکتیککردنی خوێندن و وانەکان بۆ ئەوەی قوتابی و خوێندکار زانیاری و زانست بە شێوەی پڕاکتیکیش وەربگرن نەك هەر بە تەنها بە تیۆری بیزانن.

## ڕیفۆرم و گۆرانکارییە بنەڕەتییەکان:

لەبەر رۆشنایی بەها بنەماییەکانی قوتابخانە - خوێندنگە، ئامانج و هۆکارەکانی گۆڕینی سیستەمی پەروەردە و فێرکردن، بەشداربووان لە کۆنگرەی پەروەردە لە ڕۆژانی ٢٢-٢٤ مانگی پێنجی ساڵی ٢٠٠٧ دا لە سەر ئەم گۆڕانکارییە (ریفۆرمە) بنەرەتیانە رێککەوتن:

**یەکەم/قوناغی بنەڕەتی:**

**١- نۆ ساڵی خوێندنی تەوزیمی (ئیلزامی):**

واتە قۆناغی ناوەندی نامێنێت و قۆناغی سەرەتایی دەگۆڕێت بۆ قۆناغی (٩)نۆ ساڵی بنەڕەتی پابەند بوون خوێندنی تەوزیمی (ئیلزامی) لە ساڵی خوێندنی ٢٠٠٨/٢٠٠٧ دەست پێدەکات بۆ ئەو قوتابیانەی کە پاییزی ٢٠٠٧ دەچنە پۆلی شەش و ساڵێکی تر تاقیکردنەوەی شەشی بە کالۆری نادەن. لە ساڵی خوێندنی ٢٠٠٨-٢٠٠٩ دەچنە پۆلی حەوت، بڕوانامەی شەش نامێنێ بۆ ئەو قوتابیانەی کە لە ساڵی خوێندنی ٢٠٠٨/٢٠٠٧ لە پۆلی شەشن.

بە پێی یاسا بڕیار دەدرێت کە هەموو منداڵێکی کوردستان نۆ ساڵ بخوێنێت.

قوتابخانە - خوێندنەگە، لە پۆلی یەك بۆ پۆلی نۆ دەبێت لە ژێر لێکۆلینەوە و لێپرسینەوە و بەدواداچوون بێت. بەم کارە بازدانی دڕاماتیکی و گەورە لە شەشی سەرەتاییەوە بۆ یەکی ناوەندی نامێنێت ئەم بازدانە دڕاماتیکیە گەورەیە یەکێکە لە هۆکارەکانی وازهێنان لە خوێندن. هەنگاوەکە زۆر گەورەیە بە لای منداڵانی تەمەن دوانزە و سیانزە ساڵیەوە. ئەمڕۆ دیواری نێوان خوێندنی سەرەتایی و خوێندنی ناوەندی زۆر بەرزە. بۆ زۆر قوتابی سەرکەوتن بەسەر ئەو دیوارەدا کارێکی ئاستەنگە.

خوێندنی بنەڕەتی دەبێتە (٩)نۆساڵ و قوتابخانەو خوێندنگەکانی کوردستانیش لە پۆلی یەکەوە تا پۆلی نۆیان دەبێت. زۆر گرنگە کە قوتابی - خوێندکار، لە پۆلی یەکەوە تا پۆلی سێ ی بنەڕەتی بە پێی توانا یەك یان چەند مامۆستایەکی کەم زۆربەی زۆری وانەکانیان پێبڵێنەوە. ئەمە دڵنیاییەکی زۆر لای منداڵان دروستدەکات، لە هەمانکاتدا ئەرکی مامۆستا ئاسان دەکات، بەو شێوەیەی کە خوێندنەکە پچڕپچڕ ناکات، بەڵکۆ هەر لە سەرەتاوە منداڵ سوود و قازانجی خوێندن دەبینێت و لای خۆشەویست دەبێت، نەمانی قۆناغی ناوەندی و بوونی یەك تا نۆی بنەڕەتی دڵنیایی لای قوتابیان دروستدەکات.

مەرج نییە پۆلی یەکەم تا پۆلی نۆ لە هەر هەمان قوتابخانە - خوێندنگە دابن. دەکرێت هەندێ قوتابخانە - خوێندنگە لە پۆلی ١ — ٩ ی هەبێت. یان هەندێك قوتابخانە - خوێندنگە پۆلی ١ — ٣ لە قوتابخانەیەك - خوێندنگەیەك و ٤ — ٦ لە قوتابخانەیەك و خوێندنگەیەك و ٧ — ٩ لە قوتابخانە — خوێندنگەکی تر. بینا گرنگ نییە و بریاردەر نییە بەڵکو سیستەمەکە بریاردەرە کە ١ تا ٩ یەو ئیلزامیە.

**٢- دیاردەی مانەوە لە پۆلەکانی یەك تا سێی بنەڕەتی نامێنێ:**

پۆلەکانی قوتابخانە - خوێندنگەی بنەڕەتی گرنگیەیەکی گەورەی لە ژیانی منداڵاندا هەیەو کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆ لەسەر ژیانی گەورە ساڵی بەجێدێڵێت.

هاوکات لەگەڵ پەروەردەکردنی منداڵان لە پۆلەکانی سەرەتای قۆناغی بنەڕەتیدا لە سەر بناغەی بەها بنەماییەکان، منداڵان فێری خوێندنەوەو نووسین و ژماردنیش دەبن، ئەمەش یەکێکە لە گەورەترین هەنگاو لە ژیانی مرۆڤدا. لە کوردستان منداڵان لە تەمەنی شەش ساڵیدا دەست بە قوتابخانە -

خوێندنگە دەکەن. لە پۆلی یەکەم و دووەم و سێیەمی بنەڕەتیدا دەرنەچوون نامێنێت. ئەمەش هەنگاوێکی زۆر گرنگە بۆ ئەوەی مندالآن ئارەزوویان لە خوێندن دانەبڕێ و زیاتر بڕوا و متمانەیان لادروستببێت. هاوکات لە بڕی نمرە دانان، لە سالّی خوێندنەکەدا دووجار، بەتەنیا مامۆستای بەرپرسی پۆل (مێنتور) لە گەلّ مندالّەکە و دایك وباوکی مندالّەکەدا، لە ژێر ناوی دیداری گەشەدا کۆدەبێتەوە. پێش ئەم دیدارانە دەبێت مامۆستای بەرپرس زانیاری تەواوی دەربارەی ئاستی زانستی قوتابیەکە لەو مامۆستایانەی تر کە قوتابیەکە هەیەتی لە وانەکانی تردا کۆکردبێتەوە.

قوتابخانە- خوێندنگە سالّێ دووجار دیداری گەشە، بە ئامادەبوونی مامۆستای بەرپرسی پۆل لەگەلّ قوتابی - خوێندکار و دایك وباوکیدا، جارێك لە نیوەی یەکەمی سالّی خوێندن و جاری دووەمیش نیوەی دووەمی سالّی خوێندن ڕێکدەخات.

ئەرکی مامۆستای بەرپرسی پۆل (مێنتور):

- پشت گیریکردن و یارمەتیدانی قوتابی- خوێندکار لە خوێندندا.
- پەیوەندیکردن بە دایك وباوکی قوتابیەوە - خوێندکار هەفتەی جارێك لە ڕێگای نامەی هەفتانەوە.
- پەیوەندیکردن بە دایك وباوکی قوتابیەوە — خوێندکار ئەگەر گرفتێك یا کێشەیەك هەبوو.
- ئاگادارکردنی دایك وباوك لە ئەنجامەکانی خوێندنی قوتابی - خوێندکار.
- بینینی دایك وباوکی قوتابی - خوێندکار لە دیداری گەشەکردندا.

ئەگەرلە پۆلێکدا زانرا کە چەند مندالّێك پێویستیان بە یارمەتی زیاتر هەیە، دەبێت یارمەتییان بۆ تەرخان بکرێت لەکاتی دەوامی سالّدا، نەك بە دانانی

مۆرکی تەمەڵی بە ناوچەوانیانەوە و سزایان بدرێت، ئەم دیاردەیە لە کوردستاندا کاریگەری بۆ سەر پرۆسەی فێرکاری و وازهێنان لە خوێندن هەیە. هەڵسەنگاندن و بە دوا داچوون لە لایەن مامۆستایان جێگەی نمرە دانان دەگرێتەوە.

**٣- تاقیکردنەوەی نیوەی ساڵ لە قۆناغی بنەڕەتیدا نامینێت.**

**٤- تاقیکردنەوەی بەکالۆری پۆلی شەشی بنەڕەتی نامێنێت:**

چونکە تاقیکردنەوەی بەکالۆری لە پۆلی شەشی بنەڕەتی بۆ منداڵی دوانزە ساڵ زۆر کارێکی ئاستەنگە لە ڕووی دەروونییەوە. لە ئەمڕۆی کوردستاندا ژمارەیەکی زۆر قوتابی لە پۆلی شەشدا واز لە قوتابخانە - خوێندنگە دەهێنن. بە نەمانی تاقیکردنەوەی بەکالۆری دیواری ترس و دڵە ڕاوکێی منداڵیش بەرامبەر قوتابخانەو خوێندنگە و خوێندن دەڕوخێت و وازهێنان لە خوێندن و نەخوێندەواری کەم دەبێتەوە.

**٥- لە بڕی تاقیکردنەوەی بەکالۆری لە پۆلی شەشدا:**

تاقیکردنەوەی میللی لە پۆلی پێنجی بنەڕەتی، لە زمانی کوردی، ماتماتیك و زمانی ئینگلیزی و بابەتەکانی تر کە پێویستن جێگەی تاقیکردنەوەی بەکالۆری پۆلی شەش دەگرێتەوە.

مەبەست لە نووسینی تاقیکردنەوەی میللی لە پۆلی پێنجی بنەڕەتیدا، زوو دەرك کردنە بە ئاستی تێگەیشتن و زانینی منداڵان، چونکە تا زووتر قوتابخانە خوێندنگە درك بەو کۆسپ و تەگەرانە بکات کە لە بەردەم گەشەکردنی منداڵاندان، چارەسەرکردنیان ئاسانترە، ئەم ئەنجامەش وەك پێوەرێك بۆ بەراورد لە نێوان قوتابخانەو خوێندنگەکانی کوردستاندا بەکاردەهێنرێت.

ئەنجامی تاقیکردنەوەی میللی وەکو ئەنجامی یەك لە تاقیکردنەوە مانگانەییەکانی وەرزی دووەم دەبێت لە تەواوی بابەتەکانی خۆیدا یارمەتیدەرێکە بۆ مامۆستا، لە هەڵسەنگاندنی ئاستی زانیاری و زانستی قوتابی و خوێندکارەکاندا. قوتابی - خوێندکار بەکۆی ئەنجامی گشتی هەموو تاقیکردنەوەکان، بە تاقیکردنەوەی میللیشەوە ئەنجامی کۆتایی وەردەگرێت، دەبێت لە هەموو کوردستاندا یەك تاقیکردنەوەی میللی هەبێت، ئەویش لە سەر ئاستی پەروەردەی قەزاکان بێت واباشترە:-

أ- تاقیکردنەوەکە بکەوێتە سێ ڕۆژی هەفتەی یەکەمی مانگی نیسانی هەموو ساڵێکی خوێندن.

ب- پرسیارەکانی تاقیکردنەوەی میللی لە سەر ئاستی پەروەردەی قەزاکان بە لیژنە دەبێت.

ج- پشکنینی تێنووسە ئەزمونیەکان لە لایەن هەمان مامۆستای بابەتی قوتابخانە - خوێندکار دەبێت وەکو یەکێك لە ئەرکە پەروەردەییەکانی سەرشانی مامۆستا وە بەلیژنە دەبێت.

بەنەمانی تاقیکردنەوەی بەکالۆری پۆلی شەشدا بڕوانامەی قۆناغی سەرەتایی نامێنێت.

سیستەمی بەکالۆری لە پۆلی شەش دا، لە کاتێکدا کە تەمەنی منداڵان لە دوانزە ساڵ تێپەڕ ناکات، خەونێکی ترسناکە و دنیای بێگەردوساکاری منداڵییان دەشێوێنێت.

ئەو بڕوانامە و زانیارییانەی کە منداڵێکی تەمەن دوانزدە ساڵ هەیەتی هەرگیز مەرجەکانی بازاڕی کاری ئەمرۆ پڕناکاتەوە، هەر بۆیە بڕوانامەی قۆناغی

سەرەتایی کێشی خۆی لە دەستداوە و مانەوەی سوود بە دواڕۆژی کۆمەڵگەی کوردستان و بازاڕی کار ناگەیەنێت.

**٦- ئەزموونەکانی پۆلەکانی حەوتەم و هەشتەم و نۆیەم بەم شێوەیە دەبێت:**

* ڕێژەی نمرەی پۆلی حەوت ١٥٪ وەردەگیرێت.
* ڕێژەی نمرەی پۆلی هەشتەم ١٥٪ وەردەگیرێت.
* ڕێژەی نمرەی پۆلی نۆیەم ٧٠٪ وەردەگیرێت.

ساڵی خوێندنی ٢٠٠٧ / ٢٠٠٨ تەنها پۆلی حەوت دەگرێتەوە.

هەژمارکردنی ئەم ڕێژانە بۆ دەرچوون لە قۆناغی بنەڕەتیدا:

أ- کێبڕکێیە بۆ وەرگرتنی لە قۆناغی ئامادەییدا.

ب- هەر قوتابییەك – خوێندکارێك ڕێژەی لە ٦٠٪ بە دەست نەهێنێت مافی وەرگرتنی نابێت لە قۆناغی ئامادەیی (ئەکادیمی) زانستی و وێژەییدا، بەڵام دەتوانێت درێژە بە خوێندن بدات لە ئامادەییە پیشەییەکاندا یان پەیمانگاکانی سەر بەوەزارەتی پەروەردە.

ج- لە کاتی بەدەست نەهێنانی ڕێژەی وەرگرتنی لە ئامادەییە ئەکادیمیەکاندا مافی هەیە ساڵی دواتر بۆ بەرز کردنەوەی ڕێژەکەی بەشداری ئەزموونی دەرەکی بکات.

د- لە پۆلەکانی (چوار، پێنج، شەش، حەوت، هەشت، نۆ) دەرنەچوون لە خولی یەکەمدا نامێنێ.

**دووەم: قۆناغی ئامادەیی:-**

**١- تاقیکردنەوەی نیوەی ساڵ لە قۆناغی ئامادەیی نامینێت.**

**٢- لە قۆناغی ئامادەییدا دەرنەچوون لە خولی یەکەمدا نامێنێت.**

**٣- پۆلی دە بە سەر ئەم لقانەی خوارەوەدا دابەش دەبێت:**

ا- زانستی گشتی

ب- وێژەیی گشتی

ج- پیشەیی

**١- زانستی گشتی:**

پۆلی دەی زانستی گشتی دەستنیشانکەری ئارەزووەکانی قوتابیە لە بوارە زانستیەکاندا.

**٢- بەشی وێژەیی:**

پۆلی دەی وێژەیی گشتی دەستنیشانکەری ئارەزووەکانی قوتابیە لە بواری زانستە وێژەییەکاندا.

زمانی ئینگلیزی وکۆمپیوتەر لە هەموو بەشەکانی ئامادەییدا بەشێوەیەکی فراوان دەخوێندرێت.

ئەزموونەکانی پۆلەکانی ئامادەیی، دە، یازدە و دوازدە بەم شێوەیە دەبێت:

- ڕێژەی نمرەی پۆلی دە لە ١٠٪ وەردەگیرێت.
- ڕێژەی نمرەی پۆلی یازدە لە ١٥٪ وەردەگیرێت.
- ڕێژەی نمرەی ئەزموونەکانی وەزاری پۆلی دوازدە لە ٧٥٪ وەردەگیرێت.
- ساڵی خوێندنی ٢٠٠٧ / ٢٠٠٨ تەنیا پۆلی دە دەگرێتەوە.
- ساڵی خوێندنی ٢٠٠٨ / ٢٠٠٩ پۆلی دە و یازدە دەگرێتەوە.

- سالّی خویّندنی ۲۰۰۹ / ۲۰۱۰ پوّلی ده، یازده و دوازده دەگریّتەوە.
- قوتابی - خویّنکار مافی هەیە بوّ زیادکردنی ڕیّژەکە و وەرگرتنی لە زانکوّدا،سالآنی دواتر بەشداری ئەزمونی دەرەکی بکات.

**۳- پیشەیی:**

**أ- تاقی کردنەوەی نیوەی سالّ نامینیّت.**

**ب- خویّندنی بەشی پیشەییش سیّ سالّە، پوّلی دە، یازدە و دوازدە.**

**ت- لە قوّناغی ئامادەیی بەشی پیشەیی دەرنەچوون لە خولی یەکەمدا نامیّنیّت.**

**د- نموونەی لقەکانی بەشی پیشەیی:**

- **پیشەسازی**
- **کشتوکالّ**
- **بازرگانی**

**بەدواچوون و هەلّسانگاندن:**

پاش سالّیّك لە پڕاکتیککردنی پڕوّژەی گوّڕانی سیستەمی پەروەردە و فیّرکاری بەدواچوونیّکی هەمە لایەنە و هەلّسەنگاندنیّکی قوولّی هەموو پڕوّژەکە، لەلایەن پسپوّڕانی پەروەردەییەوە دەکریّت، بوّ دەستنیشانکردنی.

١- دەرئەنجامە ئەیّنی (پوّزەتیڤ) و بەهیّزەکانی پڕوّژەکە.
٢- دەرئەنجامە لاوازەکانی پڕوّژەکە بوّ چارەسەرکردنیان.
٣- بەردەوامی و موتوربەکردنی پڕوّژەکە بە گوّڕانکاری نویّی پیّویست، بوّ بەرەو پیّشخستنی پڕوّسەی فیّرکاری کوردستان.

## کۆتایی:

ئەمڕۆ کوردستان لە بەردەم گۆڕانکارییەکی گەورەدایە، هەنگاوی زۆر گەورە لە بوارەکانی دیموکراتی و ئاوەدانکردنەوە لە لایەن حکومەتی کوردستانەوە دەنرێت. بەردەوامی ئەو هەنگاوانە پێویستی بە گۆڕانکاری بنەڕەتی هەیە لە سیستەمی پەروەردە و فێرکردندا. ئەم پرۆژەیە هەنگاوێکی گرنگە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زانیاری و زانستی لە کوردستاندا، لە هەمان کاتدا ڕێخۆشکەرە لە پێناوی بەهێزکردنی پرۆسەی دیموکراتی و پاراستنی مافی تاکەکەسدا. بۆ ئەوەی نەوەی داهاتوومان بە زانست و ژیانێکی بەختەوەر و ئاسوودە پڕچەك بکەین.

تاقیکردنەوەی میللی لە پۆلی پێنجی بنەڕەتیدا، لە زمانی کوردی، ماتماتیك و زمانی ئینگلیزی و بابەتەکانی تر کە پێویستن دەکرێت، تاقیکردنەوەکە لە لایەك و بۆ بەراوردکردنی قوتابخانە-خوێندنگەکانی کوردستان و لە لایەك بۆ دڵنیابوون لەوەی کە قوتابی بە ئامانجەکانی خوێندنی ئەو چەند وانەیە گەیشتووە.

ئامانج و چۆنێتی کارکردن لە چەند وانەی سەرەکیدا، زمانی کوردی، ماتماتیك و زمانی ئینگلیزی، و لە پۆلی پێنج دا، وەك نموونە:

### * زمانی کوردی:

زمان یەکێکە لە بنەماکانی بوونی نەتەوە. زمانی زگماك هۆیەکە بۆ پێشکەوتنی پێناسەی خودی مرۆڤ و پێشکەوتنی توانای فێربوون، هەروەها کلیلێکە بۆ کردنەوەی کلتووری باو وباپیران و ئەدەب و کلتووری نەتەوەیی، زمانی زگماك بناغەیەکە بۆ فێربوون و پێشکەوتنی زمانی دایك و کەسایەتی و بیری تاکەکەس. زمانی کوردی ڕێخۆشکەرە بۆ هێنان و بەدەستهێنانی زانیاری لە هەموو وانەکانی تردا. بەتوانایی لە زمانی کوردیدا ئاسانکاری لە وانەکانی تردا بەدەست دێنێت.

**ئامانجی خوێندنی زمانی کوردی لە پۆلی پێنجەمدا دەبێت:**

- قوتابی - خوێندکار بە باشی بتوانێت بخوێنێتەوە، هەم بە بێدەنگی هەم بە دەنگی بەرز.
- قوتابی- خوێندکار لە پەیامی تێکست و چیرۆك، لە ئەدەبی منداڵاندا تێبگات.
- قوتابی - خوێندکار بتوانێت تێکستی جیاواز لەو بوارانەی کە کاری تێدا دەکات بنووسێت.
- قوتابی توانای گێڕانەوە و باسکردنی ئەو تێکست و چیرۆکانەی هەبێت کە دەیخوێنێتەوە.
- قوتابی - خوێندکار بتوانێت ئەو دەستوورو یاسا سەرەتاییانەی کە لە زمانی نووسین دا بەکاردەهێنرێت، بەکاربهێنێت.
- قوتابی - خوێندکار بتوانێت فەرهەنگی زمان بەکاربهێنێت.

**بۆ گەیاندن بەم ئامانجانە:**

چۆنێتی کارکردن لە وانەی کوردیدا:

دیارە هەر مامۆستایەك شێوەیەکی تایبەتی بۆ کارکردن هەیە، بەڵام گرنگترین شێواز لە کاتی وتنەوەی هەر وانەیەکدا پەیڕەوبکرێت، دەبێت هەموو قوتابییەك - خوێندکارێك لە پۆلەکەدا هەست بکات کە مامۆستاکەی گرنگی پێدەدات و دەیبینێت.

**خوێندنەوە و تێگەیشتن:**

هەر لە سەرەتای ساڵەوە، هەموو ڕۆژێك وەك ئەرکیماڵەوە، منداڵان بە لایەنی کەمەوە ١٥ خولەك بخوێننەوە، گرنگە کە لە کاتی خوێندنەوەدا یەکێکی گەورە (دایك یا باوك) گوێ لە منداڵەکە بگرێت. (دەکرێت لە سەرەتای ساڵدا

مامۆستا لەگەڵ منداڵەکاندا سەردانی کتێبخانەی گشتی بکەن و هەر قوتابی و - خوێندکارەکان کتێبێك هەڵبژێریت و وەریبگریت). زۆر گرنگە کە هەر لە منداڵیەوە ئارەزووی خوێندنەوە لە لای منداڵان دروستبکرێت، ئەمەش بە خوێندنەوە دروست دەبێت. گرنگە ئەو چیرۆك و کتێبانەی کە بۆ منداڵان هەڵدەبژێرێن، لە جیهانی خۆیانەوە سەرچاوەی گرتبێت.

بواردان بە منداڵان بۆ ئەوەی بیروبۆچوونی خۆیان (بۆ نموونە ئەو کتێبانەی کە دەیخوێننەوە)، بۆ هاوپۆلەکانیان باس بکەن.

هەموو ڕۆژێك، ١٥ خولەکی دوا وانەی ئەو ڕۆژە بەکاربهێنرێت بۆ خوێندنەوە (چیرۆك، بەسەرهات...) لەلایەن مامۆستاوە بە دەنگی بەرز.

**نووسین**

ڕاهێنانی قوتابیان - خوێندکاران بۆ نووسینی بابەتی جیاواز. دەبێت مامۆستا بابەتی تایبەتی دەستنیشان بکات بۆ نووسین هەروەها بواریش بدرێت بە قوتابیەکان - خوێندکاران خۆیان لەسەر بابەتێکی تایبەتی بنووسن.

قوتابیان - خوێندکاران ڕابهێنرێن کە فەرهەنگ بەکاربهێنن. زۆر گرنگە کە لە پۆلەکەدا چەند فەرهەنگێك هەبێت. (فەرهەنگی کوردی - کوردی). بەکارهێنانی فەرهەنگ هەم بۆ نووسینی وشەیەك بە ڕاستی، هەم بۆ لێکدانەوەی مانای وشەیەکیش.

بۆ ئەوەی منالەکان هەر لە منداڵیەوە فێربن لەبەردەم گروپی گەورەدا قسە بکەن یا پرۆژە پێشکەش بکەن و هەستی بڕوا بەخۆبوونیان لا دروست بێت، گرنگە لە سەرەتاوە بە پرۆژە کار بکەن. بۆنموونە لە پۆلی پێنجدا وڵاتێك لە کیشوەری ئەوروپا هەڵبژێرن بەشێوەی پرۆژە کاری لەسەر بکەن. لە کاری

## ئامانجی خوێندنی زمانی کوردی لە پۆلی پێنجەمدا دەبێت:

- قوتابی - خوێندکار بە باشی بتوانێت بخوێنێتەوە، هەم بە بێدەنگی هەم بە دەنگی بەرز.
- قوتابی- خوێندکار لە پەیامی تێکست و چیرۆك، لە ئەدەبی منداڵاندا تێبگات.
- قوتابی - خوێندکار بتوانێت تێکستی جیاواز لەو بوارانەی کە کاری تێدا دەکات بنووسێت.
- قوتابی توانای گێڕانەوە و باسکردنی ئەو تێکست و چیرۆکانەی هەبێت کە دەیخوێنێتەوە.
- قوتابی - خوێندکار بتوانێت ئەو دەستوورو یاسا سەرەتاییانەی کە لە زمانی نووسین دا بەکاردەهێنرێت، بەکاربهێنێت.
- قوتابی - خوێندکار بتوانێت فەرهەنگی زمان بەکاربهێنێت.

## بۆ گەیاندن بەم ئامانجانە:

چۆنێتی کارکردن لە وانەی کوردیدا:

دیارە هەر مامۆستایەك شێوەیەکی تایبەتی بۆ کارکردن هەیە، بەڵام گرنگترین شێواز لە کاتی وتنەوەی هەر وانەیەکدا پەیڕەوبکرێت، دەبێت هەموو قوتابییەك - خوێندکارێك لە پۆلەکەدا هەست بکات کە مامۆستاکەی گرنگی پێدەدات و دەیبینێت.

## خوێندنەوە و تێگەیشتن:

هەر لە سەرەتای ساڵەوە، هەموو ڕۆژێك وەك ئەرکی ماڵەوە، منداڵان بە لایەنی کەمەوە ١٥ خولەك بخوێننەوە، گرنگە کە لە کاتی خوێندنەوەدا یەکێکی گەورە (دایك یا باوك) گوێ لە منداڵەکە بگرێت. (دەکرێت لە سەرەتای ساڵدا

مامۆستا لەگەڵ منداڵەکاندا سەردانی کتێبخانەی گشتی بکەن و هەر قوتابی و - خوێندکارەکان کتێبێك هەڵبژێرێت و وەریبگرێت). زۆر گرنگە کە هەر لە منداڵیەوە ئارەزووی خوێندنەوە لە لای منداڵان دروستبکرێت، ئەمەش بە خوێندنەوە دروست دەبێت. گرنگە ئەو چیرۆك و کتێبانەی کە بۆ منداڵان هەڵدەبژێرێن، لە جیهانی خۆیانەوە سەرچاوەی گرتبێت.

بواردان بە منداڵان بۆ ئەوەی بیروبۆچوونی خۆیان (بۆ نموونە ئەو کتێبانەی کە دەیخوێننەوە)، بۆ هاوپۆلەکانیان باس بکەن.

هەموو ڕۆژێك، ١٥ خولەکی دوا وانەی ئەو ڕۆژە بەکاربهێنرێت بۆ خوێندنەوە (چیرۆك، بەسەرهات...) لەلایەن مامۆستاوە بە دەنگی بەرز.

**نووسین**

ڕاهێنانی قوتابیان - خوێندکاران بۆ نووسینی بابەتی جیاواز. دەبێت مامۆستا بابەتی تایبەتی دەستنیشان بکات بۆ نووسین هەروەها بواریش بدرێت بە قوتابیەکان - خوێندکاران خۆیان لەسەر بابەتێکی تایبەتی بنووسن.

قوتابیان - خوێندکاران ڕابهێنرێن کە فەرهەنگ بەکاربهێنن. زۆر گرنگە کە لە پۆلەکەدا چەند فەرهەنگێك هەبێت. (فەرهەنگی کوردی - کوردی). بەکارهێنانی فەرهەنگ هەم بۆ نووسینی وشەیەك بە ڕاستی، هەم بۆ لێکدانەوەی مانای وشەیەکیش.

بۆ ئەوەی منالەکان هەر لە منداڵیەوە فێربن لەبەردەم گرووپی گەورەدا قسە بکەن یا پرۆژە پێشکەش بکەن و هەستی بڕوا بەخۆبوونیان لا دروست بێت، گرنگە لە سەرەتاوە بە پرۆژە کار بکەن. بۆنموونە لە پۆلی پێنجدا وڵاتێك لە کیشوەری ئەورووپا هەڵبژێرن بەشێوەی پرۆژە کاری لەسەر بکەن. لە کاری

پرۆژەدا دەتوانرێت چەند وانەیەك پێكەوە هاوكار بن، بۆ نموونە جوگرافیا، كوردی، ماتماتیك، وەرزش، ئینگلیزی، مێژوو. لێرەدا مامۆستای هەر وانەیەك لەبەر ڕۆشنایی ئامانجەكانی ئەو وانەیە دەتوانێت پلانێك بۆ ئەو كارە بنووسێت.

*** وانەی ماتماتیك:**

ئامانجی وانەی ماتماتیك لە پۆلی پێنجدا دەبێت :

(واتە لە كۆتایی پۆلی پێنجدا پێویستە قوتابی لەم بابەتانەدا زانیاری بەدەست هێنابێت):

- قوتابی - خوێندكار لە واتای ژمارە و ژمارەكان تێبگات.
- قوتابی - خوێندكار دەبێت بتوانێت لە مێشكیدا بژمێرێت و بە نووسینیش شێوازی ژماردن بتوانێت.
- قوتابی - خوێندكار لە ژمارەی ئاسان بەشێوەی كەرت تێبگات.
- قوتابی - خوێندكار لە ژمارەی ئاسان بەشێوەی كەرتی دەیی تێبگات.
- قوتابی - خوێندكار توانای شیكار كردنی كێشە و گرفتی ماتماتیكی بەشێوەی جیاواز هەبێت.
- قوتابی - خوێندكار توانای بەكارهێنانی ئامێری بژمێرە هەبێت و تێگەیشتنی بەرامبەری هەبێت.
- قوتابی - خوێندكار توانای بەراوردكردن و پێوانی درێژی و ڕووبەری بە نزیكەیی هەبێت.
- قوتابی - خوێندكار توانای بەكارهێنانی نەخشە و وێنەی لەكاتی شیكاركردنی پرسی ماتماتیكی دا هەبێت.

دەبێت قوتابیەکان بزانن وشەکە چۆن دەنووسرێت و ماناشی چیە. لێرەدا ماموستا دەتوانێت وشەکە بە کوردی بڵێت و مندالەکان بە ئینگلیزی بینووسن.

خوێندنەوەی وانەکە لە لایەن قوتابیەکەوە بە دەنگی بەرز. وەرگێڕانی وانەکە بە کوردی. لێرەدا چەند قوتابیەك دەتوانێت بەشدار بێت، هەر قوتابیەك ڕستەیەك یا دوو ڕستە وەرگێڕێت بۆ کوردی.

پرسیارکردن لە لایەن ماموستاوە بە زمانی ئینگلیزی لەسەر وانەکە وەلامدانەوەی لە لایەن قوتابیەکانەوە هەر بە ئینگلیزی.

کار کردن لە پڕۆژەیەکدا کە لە وانەی کوردیدا باس کراوە، لێرەدا دەتوانرێت لەگەڵ وانەی زمانی ئینگلیزی هاوکاریبکرێ

## ناوەرۆك


| ت | بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- | --- |
| ١ | ڕاپۆرتی كۆتایی كۆنگرەی پەروەردەیی ٢٠٠٧ | ١ |
| ٢ | پێشەكی | ٣ |
| ٣ | بەشی یەكەم: ڕێ و ڕەسمی كردنەوەی كۆنگرەی پەروەردەیی. | ٨ |
| | – وتاری تۆماركراوی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی) سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان. | ٩ |
| | – وتاری بەڕێز عمر فتاح جێگری سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان. | ٢١ |
| | – وتاری بەڕێز وەزیری پەروەردە. | ٢٥ |
| | – وتاری لێژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا لە پەرلەمانی كوردستان. | ٣٠ |
| | – وتاری بەڕێز سەرۆكی یەكێتی مامۆستایانی كوردستان. | ٣٣ |
| | – وتاری سەرۆكی فیدراسیۆنی ڕێكخراوە قوتابی و خوێندكاریەكان. | ٣٧ |
| | – وتاری لێژنەی ئامادەكردنی كۆنگرەی پەروەردەیی. | ٤٣ |
| ٤ | چەند وێنەیەكی لایەنی كۆبوونەوەكان | ٥٤ |
| ٥ | بەشی دووەم: ئەو چالاكیانەی ئەنجام دراون دەربارەی كۆنگرەی پەروەردەیی. | ٦٣ |

| | | |
|---|---|---|
| ٦ | بەشی سێیەم: | |
| | ڕاپۆرتەکانی پێشکەش بە کۆنگرە کراون | ٨٠ |
| | ١- پرۆگرامەکان | ٨٠ |
| | ٢- دەستەی مامۆستایان | ٩٣ |
| | ٣- ئەزموونەکان- هەڵسەنگاندن - بڕوانامەکان | ١٠٤ |
| | ٤- سیستەمی قوتابخانەکان | ١٣٧ |
| | ٥- فێرکردنی سەرەتایی- باخچەی ساوایان- نەهێشتنی نەخوێندەواری. | ١٧٦ |
| | ٦- فێرکردنی دواناوەندی پیشەیی | ١٩٥ |
| | ٧- پەیمانگاکان | ٢٠٨ |
| | ٨- پلاندانان | ٢١٥ |
| | ٩- بیناسازی | ٢٥٠ |
| | ١٠- میلاکات | ٢٦٢ |
| | ١١- پێداویستی کارگێڕی دارایی | ٢٧٠ |
| | ١٢- گەشەپێدانی کارگێڕی قوتابخانەکان | ٢٧٥ |
| | ١٣- گەشەپێدانی ڕاگەیندنی پەروەردەیی | ٢٨٣ |
| | ١٤- وەرزش و دیدەوانی چالاکی و هونەری | ٢٩٦ |
| | ١٥- خوێندنی عەرەبی و سریانی و تورکمانی | ٣٢٦ |
| | ١٦- توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی پەروەردەیی | ٣٤٨ |
| | ١٧- پێشنیارەکانی دەزگای سەرپەرشتیاری | ٣٦٤ |

| | | |
|---|---|---|
| ٧ | بەشی چوارەم:<br>توێژ و لێکۆڵینەوە ڕاپۆرتانەی پێشکەش بە کۆنگرە کراوە.<br>١- پەروەردەی تایبەت<br>٢- لێکۆڵینـــەوە دەربـــارەی گیروگرفتـــی قوتابیـــان و خوێندکاران.<br>٣- ڕابەرێتی و گرنگیەکەی<br>٤- توێـــژ و لێکۆڵینـــەوەی لـــە لایـــەن دەزگـــای توێژینـــەوەموکریانی و سـەنتەری توێژینـەوەی کۆمەڵایـەتی تاوان. | ٣٧٣<br>٣٧٤<br>٤١٧<br>٤٣٥<br>٤٤٤ |
| ٨ | بەشی پێنجەم:<br>بڕیاردان لەسەر پێشنیار و ڕاسپاردەکانی کۆنگرە. | ٤٥١ |
| ٩ | بەشی شەشەم:<br>پرۆژەی گۆڕینی سیستەمی پەروەردە. | ٥١٥ |
| ١٠ | ناوەرۆك | ٥٣٦ |

حکومەتی هەرێمی کوردستان — عیراق
وەزارەتی پەروەردە
لیژنەی باڵای کۆنگرەی پەروەردەیی

لەژێر دروشمی

گۆڕینی دیدی فەلسەفیمان بۆ مرۆڤ بنەمای گۆڕانکارییەکانە لە سیستەمی پەروەردەو فێرکردندا

# ڕاپۆرتی کۆتایی

# کۆنگرەی پەروەردەیی

٢٠٠٧